# ڕۆژنامەڤانی

گۆڤارێکی وەرزییە

2

**بەندی (١٩)**

هەموو کەسێک مافی ئازادی بیروڕاو ڕادەربڕینی هەیە، ئەم مافەش هەڵگرتنی بیروڕا بەبێ خۆتێکەڵکردنی کەسێکی دیکەو وەرگرتنی هەواڵ و بیروباوەڕو بڵاوکردنەوەیان بەهەر شێوەیەک و بێ خۆبەستنەوە بە سنووری جوگرافی دەگرێتەوە.

جاڕی گەردوونیی مافی مرۆڤ -

**بەشدارانی ئەم ژمارەیە:**

جەمشید حەیدەری
جلال دەباغ
حەمە ساڵح فەرهادی
کامەران محەمەد عومەر
سۆران عیزەددین فەیزی
ڕۆستەم باجەلان
لوقمان قادر ڕواندزی
عەبدوڵڵا زەنگەنە
سۆران خۆشابا
زیرەک کەمال

## یۆبیلی زێرینی گۆڤاری نزار

## ڕەنگدانەوەی ڕۆژنامەوانی لەسەر لاپەرەکانی (ڕۆژی کوردستان)و (پێشکەوتن)دا

## دادگایی کردنی خەبات یەکەمین ڕۆژنامەی سیاسیی ڕۆژانەی کوردی

# هەر داری بەردار بەردی تێ دەگیرێ..!

**فەرهاد عەونی**

کاتێ سوقراتی فەیلەسوفی گەورەی یونانی سەر قاڵی کارە فەلسەفییەکانی خۆی بوو ئاوەناوە دۆست و قوتابییە نزیکەکانی خۆی پێیان ڕادەگەیاند کەوا لێرەو لەوێ هەندێ کەس بەندو باڵۆرەی جۆراوجۆری بۆ هەڵدەبەستن و تۆمەت دەدەنە پاڵی.

سوقرات لەسەرەتادا دەی گوت:

چی دەڵێن

قوتابی و دۆستەکانیشی لە وەڵامدا تانەو تۆمەتەکانیان بۆ باس دەکرد کەلە هەگبەی نەزانانەوە بۆی دروست دەکرا، سوقراتیش پاش کەمێ بیرکردنەوە بە زەردەخەنەیەکەوە دەی گوت:

(وازیان لێ بهێنن هەر چی دەڵێن بابڵێن)

بەڵام دۆست و قوتابییەکانی بەوەندە وازیان لە سوقرات نەدەهێنا چونکە دەیانویست ناچاری بکەن جۆرە ڕەتدانەوەیەکی هەبێت بەرامبەر بەم هەموو کارە دزێوانەی کەبەرامبەری دەکرێت بۆیە جارێکیان رووی تێکردن و زۆر لەسەر خۆ پێی گوتن:

دۆست و قوتابییە ئازیزەکانم دڵگیرمەبن، ئایا ئێوە ڕۆژانە بەچاوی خۆتان نابینن کەتەنها دارە بەردارەکان لەلایەن منداڵانەوە بەردیان تێ دەگیرێ؟ دەزانن بۆ؟ چونکە منداڵەکان بەژنیان کورتەو ناگەنە میوەی دارە بەردارەکان لە هەمان کاتیشدا ئارەزوو دەکەن لەو بەرهەمە ناسک و شیرینانە بخۆن بۆیە بەردی تێ دەگرن بۆ ئەوەی نەختێکی لێبکەوێتە خوارەوەو لێی بخۆن و لێرەدا گوناهی ئەو دارانە تەنها ئەوەیە کەبەرهەمی سوود بەخش پێ دەگەیەنن بۆیە هەمیشە (داری بەردار بەردی پێ دەکەوێ).

سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستانیش کەلە ئاکامی ئیرادەی راستەقینەی زۆربەی رۆژنامەنووسانی کوردستان هاتۆتە بەرهەم و لەماوەیەکی کورتدا توانیویەتی سەرەڕای کارە رۆژانەکانی دوو دەستکەوتی گەورە بۆ رۆژنامەنووسان بەدی بهێنێ کەیەکەمیان: دابینکردنی (٢٥٠) پارچە زەوییە وەک وەجبەی یەکەم بۆ ئەندامانی کارا و بە ئومێدی خوداو پاڵپشتی کابینەی چوارەمی حکوومەتی کوردستان وەجبەی دووەمیش بەڕێوەیە، دووەمیشیان: گەڵاڵە کردنی پرۆژەی سەندوقی خانەنیشنی رۆژنامەنووسانەو لە ئایندەیەکی نزیکدا دەکەوێتە تاوو توێکردن لە پەرلەمانی هەڵبژێردراوی کوردستان بۆ ئەوەی ئەویش ببێتە دیارییەکی دیکە بۆ رۆژنامەنووسانی ئازیز ئەویش لەئاکامی پیادەکردنی بەشی دووەمی دروشمە سەرەکییەکەی کۆنگرەی یەکەمە بە(دابین کردنی مافی رۆژنامەنووسان لە کوردستان). چەسپاندنی ئازادی رۆژنامەنووسانیش وەکو لای هەموان ئاشکرایە بەرەو ئاسۆیەکی رووناکتر دەڕواو بەو ئومێدەی لە سایەی ئەو ئەزمونەی گەلی کوردستان رۆژنامەنووسان بتوانن ئازادانە تر ئەو ئاستەنگانە نەهێڵن کە دەبنە لەمپەر بەرامبەر ئازادی ڕادەربرین.

لە کۆتاییشدا ئێمە وەکو (مەحوی)ی شاعیر نالێین ئەوەی (بەردمان تێ بگرێ بەرقی تێ دەگرین) بەڵکو ئێمە لە ئەنجومەنی سەندیکا بڕوای تەواومان بە ئازادیی ڕادەربرین هەیەو لە چوار چێوەی هەست کردن بە بەرپرسایەتی و پاراستنی ئەزموونەکەمان ئەوەی بەردمان تێ گرێ ئێمە ژمارەیەکی دیکەی گۆڤاری رۆژنامەڤانی بەدیاری بۆ دەنێرین.

# رۆژنامەڤانی

گۆڤارێکی وەرزییە

سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان

دەری دەکات

# الصحافة

مجلة فصلية

تصدرها

نقابة صحفيي كوردستان


خاوەن ئیمتیاز:

**فەرهاد عەونی**


*سەندیکا :

مەشخەڵێکی شارستانیی

سەربەخۆیە.

*سەندیکا :

ماڵی گەورەی

میقداد بەدرخانە.

*سەندیکا :

ئومێدی ئەمڕۆو دوا

رۆژی رۆژنامەنووسانە.

*پەیامی نەتەوەیی

(کوردستان)ی دایك،

هەردەم پڕ شکۆ بێ.


سەرنووسەر:

**مومتاز حەیدەری**

ژمارە(2)  هەولێر/کوردستان  ئابی 2000

پیت چنین و جێبەجێ کردنی هونەری: فەرهاد محسن/ توانا جەمال  چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە/هەولێر

برای ڕێزدار

# کاک مەسعود بارزانی

## سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان

سڵاوێکی کوردانە



بەبۆنەی بیرەوەریی (54) ساڵەی دامەزراندنی پارتە تێکۆشەرەکەتان، پارتی دیموکراتی کوردستان، لە دڵەوە، بەناوی تێکڕای ئەندامانی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان، بەگەرمی پیرۆزبایی لە جەنابتان و سەرجەم سەرکردایەتی و ئەندام و لایەنگیرانی دەکەین..

هیواداریـــــن، یادکردنـــــەوەی دامەزراندنی پارتی، زیاتر هاندەر بێت بۆ وەدەست هێنانی دەسکەوتی نەتەوەیی و بەرەو پێشەوە بردنی ئەزموونی دیموکرات خوازانەی گەلی کوردستان و سەقامگیری ژیانی تەبایی و سەرکەوتنی پرۆسەی ئاشتی و چەسپاندن و گەشەکردنی ئازادی ڕۆژنامەنووسی لە کوردستاندا..

دووبارە لەگەڵ ڕێزو سڵاو و پیرۆزباییماندا.

ئەنجوومەنی سەندیکای
ڕۆژنامەنووسانی کوردستان
هەولێر/ کوردستان
٢٠٠٠/٨/١٥

پارتی دیموکراتی کوردستان
سەرۆک

الحزب الديمقراطي الكردستاني
الرئيس

بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبانەوە

بۆ/ سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان

سڵاوێکی گەرم

بە بۆنەی (١٠٢) هەمین ساڵیادی لە دایك بوونی یەکەم ژمارەی رۆژنامەی (کوردستان) و جەژنی رۆژنامەنووسیی کوردییەوە ، پیرۆزباییەکی گەرم ئاراستەی یەکەیەکەی ئەندامانی بەرێزی سەندیکاکەتان دەکەم .

هیوادارم ئەم یادە پیرۆزە هەموو ساڵێك لە سایەی ئەزموونی دیموکراتیی کوردستاندا بە خۆشی و شادییەوە یاد بکرێتەوە و رۆژنامەنووسانی کوردستانی ئازیزیش بە بەخششێکی زۆرەوە خزمەتی وشەی رەسەنی کوردی بکەن و هەردەم هەڵگری ئاڵای بەرگری کردن بن لە مافی رەوای گەلەکەمان .

جارێکی دیکە جەژنی هەموو رۆژنامەنووسانی کوردستان پیرۆز بێت.

لەگەڵ رێزمدا .

براتان
مسعود بارزانی
٢٠٠٠/٤/٢٢

**سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان**

**ئەنجوومەنی سەندیکا**

Kurdistan Journalists' Union

رۆژ: ٣٠/٤/٢٠٠٠

ژمارە:

# زۆر بەرێز کاك مەسعود بارزانی

**سڵاویکی گەرم**

بەسوپاسێکی گەرمەوە بروسکە نامەکەی پیرۆزبایی بەرێزتان بۆ سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان، بەبۆنەی جەژنی رۆژنامەنووسی کوردییەوە، بەدەستمان گەیشت.. راستییەکەی زێدە مایەی خۆشحاڵیمان بوو.

هیواداریین هەمیشە بەرێزتان پاڵپشتێکی گەورەی تێکرای رۆژنامەنووسانی کوردستان و سندیکاکەیان بن.

ئێمەش لەلای خۆمانەوە، دووپاتی دەکەینەوە، کە هەردەم ئاڵا هەڵگری بەرگریکردن بین لە مافی رەوای گەلی کوردستان و خزمەتی وشەی رەسەنی کوردی.

دووبارە لەگەڵ سوپاس و رێزانیمان

هەر خۆش بن

ئەنجوومەنی سەندیکای
رۆژنامەنووسانی کوردستان
هەولێر/ کوردستان

Tel:
Address:

تەلەفۆن:
ناونیشان:

هەواڵنامەی کتێب



# یۆبیلی زێڕینی گۆڤاری نزار

جەمشید حەیدەری

## پێشگۆتن:

ـ کە لە سۆڤیێتی پێشوو دەمخوێند، گۆڤاری ـ نزار ـ سەرنجی راکێشام، بەلام هەموو ژمارەکانی لەلای پرۆفیسۆر کوردۆ چەنگ نەدەکەوت، بۆیێ تەنیا لە پێشەکی نامەی دکتۆراکەمدا ئاماژەم پێکرد، بەلام بەر لەوەی سۆڤیەت بەجێ بهێلم، مامۆستا کوردۆ ئەو ژمارانەی لای بوون هەمووی پێشکەش کردم کە (١١) ژمارە بوو. ئەوەی جێگەی دلخۆشی بوو لە نێو ئەو ژمارانەدا، ژمارەی یەکەم و دوا ژمارە (٢٢) تێدا بوو.. لە سالی ١٩٨٤ کە مامۆستا عەلائەدین سجادی کۆچی دوایی کرد، بەم بۆنەیەوە وتارێکم لە گۆڤاری ـ ئارمانج ـ کە لە سوێد دەردەچوو لەسەر ژمارەی (١)و(٢٢) بلاوکردەوە. لەسالی ١٩٨٨ لەیادی چل سالەی ـ نزار ـ لە سوێد کۆرێکم گێراو کورتەی باسەکەم لە گۆڤاری ـ بەربانگدا ـ بلاوکردەوە. هەرچەندە هەموو ژمارەکانی گۆڤارەکەم لەبەر دەستدا نەبوو، بەلام بریارم دا لە یوبیلی زێڕینی ـ ٥٠ سالەی ـ نزار ـ دا وتارێکی تێروتەسەل لەسەر ئەو ژمارانەی لەبەر دەستمدان بنووسم و لە دەرفەتێکی گونجاویشدا کە هەموو ژمارەکانم وەدەسکەوت لێکۆلینەوەکەم فراوان بکەم. لەو سەردانەم بۆ هەولێر ـ گۆڤاری رۆژنامەڤانی ـ داوای وتارێکی لێکردم، منیش لەبەر ئەوەی وتارەکەم لە سەر گۆڤاری ـ نزار ـ ئامادەبوو، بریارم دا بیخەمە بەردەستی خوێنەران. ئەوەی جێگای خۆشحالیم بوو، برای بەرێزم کاک مومتاز حەیدەری کۆمپلێکتی ژمارەکانی گۆڤاری ـ نزار ـ ی پێشکەش کردم کەلە سلێمانی لەلایەن برایانی دلسۆز کاک رەفیق سالح و سدیق سالح ئامادەکراون و بەچاپ گەیاندراون. دەستخۆشی لەو دوو برایە دەکەم و هیوادارم



نموونەیان زۆربێ. بێگومان ئەو زانیارییانەی لە دوو توێی پێشەکی چاپی نوێی ـ نزار ـدا گرنگی تایبەتییان هەیە لەروون کردنەوەی ژیاننامەی ئەو نووسەرانەی بەشداری نووسینی گۆڤارەکەیان کردووە، دەربارەی دوو نازناو ـ ابن خلکان ـ و ـ محمد علی ـ کەبە بۆچوونی هەندێ نووسەر یەکەمیان محمد ظاهر المعروف و ئەویتریان هەمزە عەبدوللایە، من گومانم هەیە، بەمەزەندەی من لەوانەیە ـ ابن خلکان ـ معروف جیاووك بێ، هەرچەندە هیچ بەلگەم بە دەستەوە نییە، هەروەکو بە دەستی ئەوانی تریش نی یە، بەلام دەربارەی ـ محمد علی ـ لە پێوەندییەك لەگەل مامۆستا محمد ڕەسول هاوار لە لەندەن، ئەویش لەگەل من یەك ڕایوو لەوانەیە محمد علی کوردی بێ، بەلام لەداهاتوودا، ئەگەر سەرچاوەی باوەڕپێکراومان چەنگ کەوێ، لەوانەیە ڕاستییەکە دەربکەوێ.. ئەو دوو نووسەرە، ناوی ڕاستییان چ بێت گرنگ نییە، دوو نووسەری لێهاتوو و دلسۆزی کورد بوونە، دوو سەربازی ونن لە مێژووی ڕۆشنبیری کوردیدا.

لەلاپەڕەی (١٢)ی پێشەکییەکەی کاك سدیق سالح کە باس لەوە دەکا هێشتا هەندێ نووسەر لە بەشە عەرەبییەکەی گۆڤارەکەدا بۆیان ساخ نەبۆتەوە، من پێم وایە (م.ب. المحامی)، شەهید مارف بەرزنجی یە. دەربارەی (ق.نەبەرد) لە لاپەڕەی (١٥)ی پێشەکی یەکەدا هاتووە لەسەر زمانی د.



مامۆستا قەناتی کوردۆ

عیزەدین مستەفا ڕەسول کە عبدالقادر مستەفای پارێزەرە... ئەو ق. نەبەردە لە گۆڤاری گەلاوێژ ـیش وتاری بلاوکردۆتەوە، مامۆستا محمدی مەلا کەریم ناوەکەی دەزانێ، چونکە کاتی خۆی من ناوەکەم لەو پرسیوە.. بەلام بەداخەوە لەیادم نەماوە..

خوێنەری بەڕێز

لەوانەیە وتارەکە هەندێ کەم و کووڕی هەبێ، یاخود پەلەم تێدا کردبێ، بەلام لەبەرئەوەی تەنیا ڕەشنووسی وتارەکەم لە بەر دەستدا بوو، بێ پێداچوونەوە دامە گۆڤاری ـ ڕۆژنامەڤانی ـ بەلام دوای پیتچنینی وتارەکە هەندێ دەستکاریم تێدا کردووە، لەبەشی سەر وتارەکاندا، بەتایبەتی کوردییەکەم بەڕێنووسی گۆڤارەکە بلاوکردۆتەوە، بەلام لەسەر وتارەکانی بەشی عەرەبیدا، بەکورتی کرۆکی بابەتەکەم کردۆتە کوردی.

ئەوەی لەبەردەستتانە، لێکۆلینەوەیە لەسەر (١١) ژمارەی جیاوازی گۆڤارەکە کەلە سوێد لەبەر دەستم بووە بۆ یادی ٥٠ ساڵەی ـ نزار ـ ئامادەکراوە و لەیادی سەد ساڵەی ڕۆژنامەگەری کوردی لە کۆرێکدا پێشکەش کراوە.

جەمشید حەیدەری

هەولێر ـ کوردستان

٢٠٠٠/٦/٢٦

گۆڤاری ـ نزار ـ یەکەم گۆڤاری سیاسی کوردی ڕێگادراوە لە دولەتی عێراقدا.

بەرلەوەی بچمە سەر باسی گۆڤارەکە بەپێویستی دەزانم ئەگەر بەکورتیش بێ چەند وشەیەک لە سەر مامۆستا عەلائەدین سجادی خاوەن ئیمتیازو سەرنووسەری ئەم گۆڤارە بنووسم.

مامۆستا عەلائەدین سجادی، بەر لەدەرچوونی گۆڤاری ـ نزار ـ لای خوێندەواران ناسراوبوو وەک کارگێری گۆڤاری ـ گەلاوێژ ـ کە خاوەن ئیمتیازەکەی مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەدی پارێزەر بوو. لەبەر ئەوەی گۆڤارەکە لە بەغدا دەردەچوو و برایم ئەحمەدیش، ماوەیەک حاکم بووەو ئەوەی تریش لە سلێمانی ژیاوە، بۆیێ ئەرکی سەرەکی گۆڤاری گەلاوێژ لە ئەستۆی مامۆستا سجادی بوو.

وەک دەزانرێ خزمەتی سجادی بۆ کلتووری کوردی تەنیا ئەوە نەبوو کەکارگێری (گەلاوێژ) بووە یاخود خاوەن ئیمتیازو سەرنووسەری ـ نزار ـ بووە، بەلکو ئەوە لایەنێکی بچووکە، بەلام زۆر گرنگە. مامۆستا سجادی ئەسپی خۆی لەزۆر بواردا تاو داوەو توانای خۆی خستۆتە کار بەتایبەتی لەبواری ئەدەب و مێژووی ئەدەب و زمان و فۆلکلۆر و رەخنەی ئەدەب و نەریتی کوردەواری و فەرهەنگ و مێژووی کوردا. عەلائەدین سجادی کەلە مرۆڤێکی زانای کەم وێنە بوو.

لێرەدا من تەنیا دەقی نامەکەی لەسەر ژیانی خۆی دەخەمە بەرچاو کە بەخامە رەنگینەکەی نووسراوەو بۆ منی رەوانە کردووە، بەلام دەبێ ئەوەش بلێم کەسجادی لەبەر بارودۆخی سیاسی هەندێ راستی کە پێوەندی بە خۆیەوە هەیە لە تاریکیدا هێشتۆتەوە و راستییەکەی نەدرکاندووە. سجادی لە رۆژهەلاتی کوردستانەوە هاتۆتە باشوور بۆ خوێندن و لە ئاکامدا لە بەغدا جێگیر بووە. ئەگەر سجادی ئاماژەی بەوە کردبایە کەلە رۆژهەلاتەوە هاتۆتە باشوور بێگومان تووشی چەرمەسەری و ئازارو راودوونان دەهات، بۆیێ پێی لەسەر ئەوە داگرتووە کەلە باشوور لەدایک بووە.



عەلائەدین سەجادی
١٩٥٦/٥/د

سجادی بەر لە دە سال لەوەی ببێتە مامۆستای بەشی کوردیی زانکۆی بەغدا، لەسەر لاپەڕەکانی گۆڤاری ـ نزار ـدا داوای کردنەوەی بەشی کوردی کردووە، بەلام ئەو ئاواتەی دوای شۆرشی ١٤ تەمموزی ١٩٥٨ بەدی هاتووە. لە دوای کردنەوەی بەشی کوردی لە ئامۆژگای زمانەوانییەکانی بەغدا،

مامۆستا سجادی لە تەک مامۆستایانی ئەمر جگەر خوێن ـی شاعیرو عبدوڵلا گۆرانی شاعیر مامۆستای ئەو بەشە بووە تا ساڵی ١٩٧٤ دەرسی لە کۆلێجی ئاداب بەشی کوردی داوەتەوە. لە ساڵی ١٩٦٣، دوای کودەتا شوومەکەی بەعس، ویستیان بە بیانوی ئەوەی بروانامەی زانستی ـ دکتۆرای ـنییە لەکار لایبەرن، بەڵام کە تاقییان کردەوە، ناچار وازیان لێهێناوە. عەلائەدین سجادی ئەندامی کارای کۆڕی زانیاری کوردو پاشانیش کۆڕی زانیاری عێراق بوو. لەساڵی ١٩٧٤ حکومەتی عێراق ناچاریان کرد ببێتە ئەمینداری گشتی ئەوقاف لە ئۆتۆنۆمی کوردستاندا. لەو کاتەی ئەمینداری گشتی ئەوقاف بوو، من چاوپێکەتنێکم لەگەڵ کرد. لەسەر زۆر بابەتی ئەدەبی دوایین و مەسەلەی چاپی سێیەمی ـ مێژووی ئەدەبی کورد ـمان باس کرد، مامۆستا رایگەیاند کە دەوڵەت‌و سانسۆر رێگای بەچاپی سێیەمیان نەداوە، لەبەر بەشی یەکەمی کتێبەکە و داوایان لێ کردووە کەئەم بەشە لابیات کە پێوەندی بە مێژووی کۆنی کوردەوە هەیە، ئەویش رازی نەبووە. سجادی مرۆڤێکی لەسەر خۆو قسە خۆش بوو، زانایەکی بە توانا بوو لە بواری خۆیدا. ئەوەی شایەنی باس بێت، مامۆستا سجادی لە ١٩٨٤/١٢/١٣ کۆچی دوای کرد، رەوانی شاد بێ.

مامۆستا عەلائەدین سجادی لە ١٩٧٧/١/١٨ ئەم نامەیەی بۆ نووسیوم لەسەر ژیانی خۆی. دەقی نامەکە:

**عەلائەدین سجادی***

کوری نجم الدین و لە دێی باراو لە نزیک (بەرزنجە) ولاتی سولەیمانی لە ساڵی ١٩١٥ هاتۆتە دونیاوە[ ئەوەی شایانی باس بێت لە سەر کێلی قەبرەکەی نووسراوە لە ساڵی ١٩٠٧ هاتۆتە دونیاوە ][ بروانە ـ یادی سجادی ـ بەغدا، ١٩٨٧ ل ٧]. باوکی خوێندەوارو لە ساداتی بەرزنجە بووە، باراو و بەرزنجە لەنەسەبا یەکن. لە حوجرەی مزگەوتا کتێبە وردەلەکانی پێ خوێنراوە، پاشان چۆتە فەقێتی‌و بەشوێن خوێندنی فەقێتییەوە زۆرتر لەو ولاتانە کەپێیان ئەڵێن ولاتی کوردەواری گەڕاوە، هەموو عیلمە کۆنەکانی خوێندووە لەگەڵ خوێندنەوەی گەلێ شتی‌تر.

لەپاشا لەلای شێخ بابە عەلی تەکیەیی لە سولەیمانی لە سەرەتای ساڵی ١٩٣٩ إجازەی عیلمی تەواو وەرگرتووە [ ئەوەی راستی بێت مامۆستا لە ٣٢ ساڵی إجازەی وەرگرتووە، بەپێی ساڵی لە دایک بوونی کەلەسەر کێلەکە نووسراوە، بەلام بەپێی دەقی نامەکە لە تەمەنی ٢٤ ساڵی إجازەی وەرگرتووە، کە ئەوەی پێشوو راسترە و ئەوەش دەسەلمێنێ کە مامۆستا هەندێ راستی داپۆشیوە و نەیدرکاندووە وەک لە سەرەوە ئاماژەمان پێکرد].

لە ئاخر ئۆخری ئەو ساڵەدا چوەتە بەغدا، لە بەغدا لەلای (امجد زەهاوی) (مجلە)ی خوێندووە، کە ئەم مجلەیە مجموع القوانین بووە.

هەر لەم ساڵەدا کەوتۆتە ژیانی دنیایی‌یەوە، سەرنووسەرو مودیری ئیدارەی گۆڤاری (گەلاوێژ)بووە. کە ئەم گۆڤارە، گۆڤارێکی مانگانەی ئەدەبی کوردی بووەو دە ساڵ ژیاوە، لە ١٩٣٩تا١٩٤٩، هەر دە ساڵەکە بە دەست ئەوەوە بووە. ئەم گۆڤارەش هەر لە بەغدا دەرچووە.لە ١٩٤٨ ـ ١٩٤٩ گۆڤاری نزاری لە بەغدا دەرکردووە.

ئەم گۆڤارە گۆڤارێکی سیاسی کوردی و عەرەبی و حەفتانە بووە [ گۆڤارەکە هەردوو حەفتە جارێک دەرچووە].

لە پاش دوایی هاتنی ئەو دوو گۆڤارە وەختی خۆی تەرخان کردووە بە تەواوی بۆ (دانان ـ تالیف). گەلێ کتێبی هەیە کەیەکێک لەوانە، (مێژووی ئەدەبی کوردی)یە، یەکەم مێژووی ئەدەبییە لە کوردیدا، دوو جار چاپکراوەتەوە لە ١٩٥٢ و ١٩٧١.

لە ساڵی ١٩٥٩دا لە بەشی زمانی کوردی لە زانکۆی بەغدا ـ کۆلێجی ئاداب ـ دانرا، ئەم



محەمەد ئەمین زەکی

هاوبەش بوو لە فیکری دانانیا، پاشان کە بەشەکەش دامەزراوە، ڕێککەوت لە مانگی یانزەی ۱۹۵۹ سجادی بوو بە (أستاذ) لەو بەشەدا، زروفی ڕۆژگار زۆر سەیرە، چونکە یەکەم دەرسێکی ڕەسمی کوردی لە زانکۆیەکدا ئەو وتییەوە.

لە ۱۹۷۰دا بوو بە ئەندامی کارا لە کۆڕی زانیاری کورد لەبەغدا [ ئەوەی شایانی باس بێت لە رۆژی ۱۹۷۱/۳/۱۷ کۆبوونەوەی دامەزراندنی کۆرکراو ـ گۆڤاری کۆڕی زانیاری ـ ژمارە (۱) سالی ۱۹۷۳،لاپەرە ۷۶۵ ـ ۷۶٦ ]. لە ۱۹۷٤ بووە ئەندامی ئۆتۆنۆمی لە ناوچەی کوردستان هی تەشریعی ـ یاسا دانان ـ وهی تنفیذی ـ ڕاپەراندن. ئیتر هەر لە مێژووی مانگی نۆی ۱۹۷٤ەوە بەحوکمی ئیشەکەی کەلە هەولێر بوو پەیوەندی دەرس وتنەوەی لە پاش شانزدە سال لەگەل کۆلێجی ئاداب و دەرسی وتنەوە لە زانکۆ بڕا. بەلام ئیستەش هەر ئەندامی کۆڕی زانیاری کورد بوو. خێزانی هەیە لەگەل شەش مندال: سێ کورو سێ کچ. کورەکان ناویان:(( دانا، دانش، دلێر)) کچەکانیش(( ناهیدە، نازدار، نازەنین))ە [ ئەوەی شایانی باسە بە شەهیدبوونی دانا، مامۆستا سجادی زۆر پەرۆش بوو، زۆرکاری تێکردوە، بێ نەخۆشی سەری نایەوە].

لە سالی ۱۹۵۷ بووە بە خاوەن خێزان، لە سالی ۱۹۵۸ دانای کوری هاتۆتە دنیاوە. منالەکان هەموو لە خوێندندان، جگە لە هەرە بچوکەکەیان، چونکە تەمەنی هێشتا نەگەیشتۆتە تەمەنی خوێندن.

ئەوەی شایانی باس بێت، سجادی لە ژیانیدا (۲۵) کتێبی چاپ کردووە و چەند بەرهەمی دەستنووسی ماون چاپ نەکراون.

لێرەدا لیستی بەرهەمی چاپکراو و چاپ نەکراوتان بۆ تۆمار دەکەین:

**أـ بەرهەمە چاپکراوەکان:**

۱ـ مێژووی ئەدەبی کوردی. ۱۹۵۲چ۱، ۱۹۷۱ چ۲

۲ـ رشتەی مرواری بەرگی یەکەم ۱۹۵۷

۳ـ رشتەی مرواری بەرگی دووەم ۱۹۵۸

٤ـ رشتەی مرواری بەرگی سێیەم ۱۹٦۲

۵ـ رشتەی مرواری بەرگی چوارەم ۱۹٦۸

٦ـ رشتەی مرواری بەرگی پێنجەم ۱۹۷۲

۷ـ رشتەی مرواری بەرگی شەشەم ۱۹۷۹

۸ـ رشتەی مرواری بەرگی حەفتەم ۱۹۸۰

۹ـ رشتەی مرواری بەرگی هەشتەم ۱۹۸۳

ئەوەی جێگای داخە لە دواییانەدا، هەندێ لایەنی توندرەوی ئیسلامی لە کوردستان داوای قەدەغە کردنی ئەم گەنجینە دولەمەندەی کوردیان کردووە.

۱۰ـ ناوی کوردی ۱۹۵۳

۱۱ـ گەشتێک لە کوردستانا ۱۹۵٦ ـ ئەم گەشتە وەک مستەفا نەریمان لە وتارێکیدا باسی لێوە دەکات ۱۸۱٦کم بە کوردستانا گەڕاون (یادی سجادی . ل۵۰)

١٢ـ شۆرشەکانی کورد ١٩٥٩
١٣ـ هەمیشە بەهار ١٩٦٠ ـ کۆمەڵە چیرۆکێکە لە نووسینی سجادییە.
١٤ـ دەستوورو فەرهەنگی زمانی کوردی. ١٩٦١ (١٩٦٢) لە شوێنی تردا نەریمان (١).
١٥ـ ئەدەبی کوردی و لێکۆڵینەوەی ئەدەبی کوردی ١٩٦٨
١٦ـ نرخ شناسی ١٩٧٠
١٧ـ دووچامەی نالی و سالم ١٩٧٣
١٨ـ کوردەواری ١٩٧٤
١٩ـ دەقەکانی ئەدەبی کوردی ١٩٧٨
٢٠ـ خۆشخوانی ١٩٧٨

**ب ـ بەرهەمە چاپ نەکراوەکان:**

١ـ بەرگی نۆیی رشتەی مرواری.
٢ـ بەرگی دووەمی دەقەکانی ئەدەبی کوردی.
٣ـ کتێبی زیندەوەر.
٤ـ رۆژانەی بیرەوەرییەکانی تایبەتی خۆی.

بەپێی فەرهەنگی نووسەرانی کورد ـ مستەفا نەریمان ـ وتارەکەی لە یادی سجادیدا، ژمارەی لاپەرەی ئەو کتێبانەی سجادی بلاوی کردوونەتەوە ٥٣٦٦ لاپەرەیە.

*گۆڤاری ـ نزار ـ گۆڤارێکی حەفتەیی سیاسی کوردی و عەرەبییە. خاوەن ئیمتیاز و سەرنووسەری ـ علائەدین سجادییە. بەرێوەبەرو بەرپرسیاری پارێزەر محمود السنوی بووە، ئەوەی شایانی باسە مامۆستا سجادی و محمود السنوی هەردووکیان لە گۆڤاری ـ گەلاوێژ ـ دا کاریان کردووە.

*هەرچەندە نووسراوە کە گۆڤارێکی حەفتەیی یە، بەلام بەرێکوپێکی لە دوو هەفتە جارێک دەرچووە. لە نیوەراستی مانگ و دوا رۆژی مانگدا کەتۆتە بەردەستی خوێنەران.

*ژمارەی یەکەمی لە ٣٠/ئاداری/ ١٩٤٨ دەرچووە و دوا ژمارەشی (٢٢) لە ١٥/شوبات/ ١٩٤٩دا دەرچووە. گۆڤارەکە وەک زۆربەی گۆڤارو رۆژنامە ئازادەکان لە سالی ١٩٤٩ داخران، دوای ئەوەی نوری سەعید لە ٦/١/ ١٩٤٩ وەزارەتی دامەزراند و سوودی لە بریاری حوکمی عورفی (نظـامي) وەرگرت کەلە ١٥/٥/ ١٩٤٨ راگەیاندرابوو بەبۆنەی شەری عەرەب و جوولەکە.

*گۆڤارەکە لە سەرەتادا بە(٢٤)لاپەرە دەرچوو تا دوا ژمارەشی هەر (٢٤)لاپەرە بوو.

*ژمارەی یەکەمی ١٢ لاپەرەی بە عەرەبی و ١٢ لاپەرەی بە کوردی بووە. لە ژمارەی (٤)ەوە ١٦لاپەرەی بە عەرەبی بووەو ٨ لاپەرەشی بە کوردی. بەشە عەرەبییەکەی لەپێشەوە بووە.

*هەموو ژمارەکانی گۆڤارەکە لە چاپخانەی ـ المعارف ـ دا لە بەغدا چاپ کراوە.

*نرخی (٤٠)فلس بووە.

*دیارنییە چەند دانەی لێ چاپکراوە، وەک زۆربەی گۆڤارو رۆژنامە کوردییەکان تا ئەمرۆ ئاماژە بەوە ناکەن کە چەند دانەیان لێ چاپ دەکرێ.

**بارودۆخی دەرچوونی گۆڤاری ـ نزار ـ**

لە دوای تێکچوونی حکومەتی شێخ مەحمود، کە ژمارەیەک رۆژنامەو گۆڤاری سیاسی کوردی بە ئاشکرا لەلایەن کوردەوە بلاوکراونەتەوە وەک ـ رۆژی کوردستان، بانگی کوردستان، بانگی حەق، ئومیدی ئیستقلال، تا دامەزراندنی کۆماری کوردستان لە مەهاباد گۆڤارو رۆژنامەی سیاسی کوردی بە ئاشکرا رێگا نەدراون، بەلام بەنهێنی لەتەک بلاوکراوەی سیاسیدا، هەندێ رێکخراوی سیاسی کوردی ئۆرگانی تایبەتی خۆیان لە شێوەی گۆڤاری ـ دەستنووس، بەتایپ و رۆنیۆ و لە چاپ داوە وەک ـ یەکێتی تێکۆشین، شۆرش، ئازادی، رزگاری.. هتد. وەک دەزانرێ بەر لە درووست بوونی کۆماری کوردستان، تاقە گۆڤارێک لە کوردستانی ئێران لەلایەن (ژ.ک)ەوە بەناوی (نیشتمان) چاپکراوە، بەلام دوای دامەزراندنی کۆماری کوردستان و حیزبی دیموکراتی کوردستان بە سەرۆکایەتی پێشەوا قازی محمد، ژمارەیەک گۆڤارو رۆژنامەی کوردی بلاوکراونەتەوە وەک ـ

کوردستان ــ و گرو گالی منداڵان.. هتد. لە باشووری کوردستانیش لە دوای تێکچوونی فەرمانڕەوایی شێخ مەحمود دەوڵەتی عێراق ڕێگای بەرۆژنامەو گۆڤاری سیاسی کوردی نەداوە، دەستەڵاتدارنی دەوڵەتە داگیرکەرەکانی کوردستان ئەو مافەیان بە کورد ڕەوانەبینیوە. لە کاتی شەڕی دووەمی جیهان و ململانێی نێوان ئەلمانیای هیتلەری و هاوپەیمانەکان ـ شۆرەوی و ئینگلیز و ئەمریکا و فرانسا ــ لە ڕۆژهەلاتی کوردستان بوارێک بۆ کوردی ئەو بەشە ڕەخسا کە جموجۆڵی سیاسی بە ئاشکرا بکەن تا ڕادەی دامەزراندنی کۆمار و هەڵکردنی ئاڵای کوردستان، لە باشووری کوردستانیش لەگەڵ ئەوەی پلەی خەباتی سیاسی بەرزبوود و دەکرێ بگوترێ خەباتی چەکداری بێ پسانەوە بووە لەساڵی ١٩١٩ تا ساڵی ١٩٤٥ کە شەڕی دووەمی جیهانی بە سەرکەوتنی هاوپەیمانەکان تەواو بوو، دەوڵەتی عێراق تەنیا ڕێگای بە گۆڤارێکی ئەدەبی وکلتوری ـ گەلاوێژ ـ داوە کەلە نێوان ساڵانی ٣٩ــ ٤٩ دەرچووە، لە هەمان کاتیشدا بالیۆز خانەی بەریتانیا گۆڤارێکی پروپاگەندەی بەناوی (دەنگی گێتی تازە)ی دەردەکرد کە مامۆستایان حسێن حوزنی موکریانی تۆفیق وەهبی و کەسانی تر هاوکاریان تێدا دەکرد. لە ساڵی ١٩٤٦ بە دواوە لە عێراقدا نیمچە ئازادییەکی دیموکراتی و سەربەستی حیزب و ڕێکخراوەی سیاسی هەبووە، بەڵام دیسان کورد لێی بێ بەش بوو، لە دوای ڕاپەڕینی کانوونی دووەمی ١٩٤٨ کە دژی (پەیمانی پورتسمۆت) بەرپابوو و حکومەتی ساڵح جەبر رووخا تا ڕاگەیاندنی حوکمی نظامي (عورفی) لە ١٩٤٨/٥/١٥ ئازادییێکی بەرفرەوان و جۆرە نەرمییەک لە هەڵوێستی حکومەت بەدی دەکرا، مامۆستا سجادی ئەو دەرفەتەی بەهەل زانیوەو روخسەتی (دەستووری) دەرکردنی گۆڤاری (نزاری)ی وەرگرتووە.

هەڵبژاردنی گۆڤاری (نزار)

بێگومان هەڵبژاردنی گۆڤاری (نزار) بۆ باس و لێکۆڵینەوە، هۆی بابەتی خۆی هەیە:

١ــ یەکەم گۆڤاری سیاسی کوردی یە کە دەوڵەتی عێراق بەرەسمی ڕێگای پێداوە.

٢ــ گۆڤارەکە بەر لە ٥٠ ساڵ دەرچووە، لەوانەیە زۆربەی نووسەرو روناکبیران یان بە چاوی خۆیان نەیان دیووە، یا تەنیا زانیارییەکی کەمیان لەسەر هەیە (ئەم وتارە لە ساڵی ١٩٩٨ نووسراوە، واتە بەر لە دووبارە چاپکردنەوەی نزار). لە ڕێگای ئەو سەرچاوانەی خوارەوە:

أــ مێژووی ئەدەبی کوردی ــ علاء الدین سجادی

ب ــ مێژووی رۆژنامەگەری کوردی ــ جەبار جباری

جــ رابەری رۆژنامەگەری کوردی ــ جەمال خەزنەدار

د ــ تێگەیشتنی راستی ــ د. کەمال مەزهەر ئەحمەد

گرنگی گۆڤاری (نزار) بۆ:


شاکیر فەتاح - ١٩٥١/٥/٢١

- مێژووی ڕۆژنامەگەری کوردی
- مێژووی بیری کۆمەڵایەتی کوردی
- مێژووی پێشکەوتنی زمانی کوردی چ لەبارەی ڕێنووسەوە چ لەبارەی بەکارهێنانی وشەی بێگانە.

وەک لەسەرەتادا ئاماژەمان پێکرد کە گۆڤاری (نزار) یەکەم گۆڤاری سیاسی کوردی ڕێگادراوە لەدەوڵەتی عێراقدا، بۆیێ شوێنی تایبەتی هەیە لە مێژووی سیاسی کوردیدا. بەگوێرەی ڕادەی پێشکەوتنی بیری سیاسی کورد ٥٠ ساڵ لەمەوبەر، ئاستی وتارە سیاسیەکان بەرزن و بەراشکاوی داخوازی ڕەوای کوردیان خستۆتە بەرچاو، گۆڤارەکە بوێرانە داکۆکی لەبەرژەوەندی گەلی کورد کردووە، بەتایبەت لە وتارەکانی بەشی عەرەبیدا کە ئاراستەی کاربەدەستانی دەوڵەت و گەلی عەرەبی عێراقی کردووە، بەزەقی دیارە. جگە لەوە، گۆڤارەکە گرنگی بە بیری کۆمەڵایەتی و شێوەی دەربڕینی ئەو بیرە داوە. گۆڤاری (نزار) گرنگی تایبەتی بۆ توێژەرانی زمان و ڕێنووسی کوردی هەیە، بۆ ئەوانەی بخوازن لە مێژووی پێشکەوتنی زمانی کوردی ــ زاراوەی کرمانجی خواروو ــ بکۆڵنەوە لە بیستەکانەوە تا کۆتایی چلەکان دەتوانن لە گۆڤاری (نزار) و گۆڤارەکانی پێشوودا پێشکەوتن، تێگەیشتنی ڕاستی، ژیان، ژین، ڕوناکی، زاری کرمانجی و ڕۆژی کوردستان و بانگی کوردستان و بانگی حەق و ئومێدی ئیستقلال و گەلاوێژو دەنگی گێتی تازەدا کەرەسەیەکی دەوڵەمەندو گەنجینەیەکی باش کۆبکەنەوەو ڕێچکەی پێشکەوتنی زمان وڕێنووسی کوردی دیاریکەن و مێژووەکەی تۆمار بکەن.

هەرچەندە هەموو ژمارەکانی گۆڤارەکە لە بەردەستدا نین لە کاتی نووسینی ئەم وتارەدا نەک ئێستا کە بڵاودەکرێتەوە، بەڵام بەپێی ئەو (١١) ژمارەیەی لەبەردەست دان، کە بەرێکوپێکی و لە کاتی خۆی دەرچوون، جگە لە ژمارە (١٤) کە حەفتەیەک دواکەوتووە، ژمارەکان بەم جۆرە و لەو بەروارانەدا دەرچوون (بەپێی چاپی نوێی گۆڤارەکە بەرواری ئەو ژمارانەی لەبەردەستمدا نەبوون نووسیومەتەوە).

ژمارە
١ـ ٣٠/ ئاداری/ ١٩٤٨
٢ـ ١٥/ نیسانی/ ١٩٤٨
٣ـ ٣٠/نیسانی / ١٩٤٨
٤ـ ١٩٤٨/٥/١٥
٥ـ ١٩٤٨/٥/٣١
٦ـ ١٩٤٨/٦/١٥
٧ـ ١٩٤٨/٦/٣٠
٨ـ ١٩٤٨/٧/١٥
٩ـ ١٩٤٨/٧/٣١
١٠ـ ١٩٤٨/٨/١٥
١١ـ ١٩٤٨/٨/٣١
١٢ـ ١٩٤٨/٩/١٥
١٣ـ ١٩٤٨/٩/٣٠
١٤ـ ١٩٤٨/١٠/٢٢
١٥ـ ١٩٤٨/١٠/٣١
١٦ـ ١٩٤٨/١١/١٥
١٧ـ ١٩٤٨/١١/٣٠
١٨ـ ١٩٤٨/١٢/١٥
١٩ـ ١٩٤٨/١٢/٣١
٢٠ـ ١٩٤٩/١/١٥
٢١ـ ١٩٤٩/١/٣١
٢٢ـ ١٩٤٩/٢/١٥

## هەڵسەنگاندنی گشتی بۆچوون و ڕێبازی گۆڤاری (نزار)

وەک لەسەرەتادا ئاماژەمان پێکردووە، گۆڤارەکە لەبارودۆخێکی سیاسی دیارکراودا دەرچووە، شێوەی بیرکردنەوەی نووسەرانیشی شەقڵی ئەو زەمانەی پێوە دیارە، واتە نووسەرانی چارەسەری کێشەی کورد لە چوارچێوەی یەکێتی خاک و دەوڵەتی عێراق و برایەتی کورد و عەرەب دا دەبینین، بێگومان ئەو شێوە بیرکردنەوەوە سیاسەتە ئەمڕۆش بەگشتی لە بزووتنەوەی سیاسی باشووری کوردستاندا زاڵە.

دەبێ ئەوەش لەبیر نەکەین کە گۆڤارەکە لەدوای شکستی راپەڕینی بارزان و روخانی کۆماری کوردستان‌و لە ئاکامی راپەڕینی گەلانی عێراق دژی پەیمانی بورتسموث دەرچووەو ناش کرێ سیاسەت و شێوەی بیرکردنەوەی ئەو کاتە لەروانگەی ئەمڕۆوە لێکبدەینەوە و هەڵسەنگێنین.

گۆڤارەکە وەک ئاماژەمان پێکردو بەدوو زمان دەرچووە و لاپەرەی عەرەبی زیاترە لە کوردی، ئەوەش بەلێزانی کراوە، چونکە مەبەستی دەرهێنەران ئاشکرایە کە داخوازی و کێشەکانی کوردستان بخەنە بەر چاو بەر پرسیارانی دەوڵەت وەک لە لاپەرەی ۲۳ی ژمارە ـ ۳ ـ ئاماژەی پێکراوە. هەر یەک لە بەشەکانیش ئەرک و ئامانجی خۆی هەبووە.

بەشە عەرەبییەکە گرنگی پتری بە باری کۆمەڵایەتی، ئابووری و خوێندن و زیندووکردنەوەی زمان و ئەدەب و خوێندن بەکوردی و گوتنەوەی مێژووی کوردستان و باری سیاسیی نێوخۆو دەرەوە داوەو شێوەیەتییە بەر باس و لێکۆڵینەوەو بە شێوەیەکی رەخنەگرانە مامەڵەی لەگەڵ رووداوەکانی سیاسیی نێوخۆ کردووە. بەشە کوردییەکەی گرنگی تایبەتی بە وشیارکردنی جەماوەرو پەروەردەکردنی بەگیانی نیشتمانپەروەری و شۆرشگێری و پێشخستنی ئەدەب و زمان وەک رەمزی بوونی میللەتی کورد لە ئەستۆ گرتووە. خاوەن گۆڤارەکە رەخنە لەوانە دەگرێ کە بەر لە دەرچوونی گۆڤارێکی سیاسی کوردی ئاخیان هەڵئەکێشا، ئێستە یارمەتی نادەن ـ تەنیا قسەبوو!

دەکرێ بەراشکاوی بگوترێ کە رێبازی گۆڤاری (نزار)، رێبازێکی نەتەوەیی دیموکراتی چەپە. نوسەرانیشی چ ئەوانەی لە بەشی عەرەبیەکەدا یا کوردییەکەدا نووسیویانە، دەچنە خانەی چەپەکان بەپێوانی ئەو کات و تارادەیەکیش ئەمرۆ رێبازی گۆڤارەکە دژی ئیمپریالیزم بەگشتی و ئیمپریالیزمی ئینگلیز و دارودەستەکانی بەتایبەتی ئاراستەکراوە.

شێوەی رێکخستنی هونەری و بەشەکانی گۆڤارەکە

لەهەموو ژمارەکانی گۆڤارەکەدا، سەروتار هەبووە، سەروتارەکانی بەشی عەرەبی و کوردی جیاواز بووە، جگە لە ژمارەی یەکەم کە هەردوو بەش لەژێر سەردێری (ئامانجمان)دا نووسراوە وەک یەک بووە.

لە هەموو ژمارەکاندا بەتایبەتی لە بەشی عەرەبییەکەدا گۆشەی تایبەتی هەبووە وەک: رووداوە گرنگەکانی هەفتە؛ دەنگوباسی دەرەوە، بەڵام لەبەشە کوردییەکەدا هەندێ جار لە ژێر سەردێری (نامەی شارەکان) باسی رووداوەکانی ناوچە کوردییەکان و داخوازیی خەڵک بڵاوکراوەتەوە.

ـ گۆڤارەکە پەیامنێری لە شارەکان هەبووەو پەیامنێری تایبەتی لە بواری ئابووریش هەبووە و لە دەرەوەی عێراقیش وتاریان بۆ هاتووە. ئەوەی شایانی باس بێت پەیامنێرەکانی گۆڤاری (نزار) وەک رۆژنامەو گۆڤارەکانی سەردەم نەبوون، بەڵکو کەسانێکی دلسۆز و نیشتمانپەروەر خۆیان بە پەیامنێری گۆڤارەکە زانیوە باسی رووداوو دەنگوباسیان بۆ رەوانەکردون.

ـ لە گۆڤارەکەدا ریپۆرتاژ بەرچاو دەکەوێ لەسەر ئاهەنگی نەورۆز لە بەغدا، یادی شەهیدان لە سلێمانی، جگە لەوەی گەشتی مامۆستا سجادی بۆ کوردستان کە بەشێوەی ریپۆرتاژ بڵاوکراوەتەوە.

ـ لە گۆڤارەکەدا چاوپێکەوتنی رۆژنامەنووسی بڵاوکراوەتەوە.

مامۆستا علاءالدین سجادی لە هەردوو بەشەکەی گۆڤارەکەدا بەزمانی عەرەبی و کوردی لە هەموو ژمارەکاندا وتاری بڵاوکردۆتەوەو هەروەها لە ژمارەی (۹)وە زنجیرە وتارێک لەژێر ناوی چۆن زمانی کوردی فێر دەبێ بەزمانی عەرەبی بڵاوکردۆتەوە و(۱۵) ئەلقەی لێ چاپکردووە.

بەر لە دەرچوونی ژمارەی یەکەم مامۆستا سجادی داوای لە چەند کەسایەتییێکی ناسراوی

عەرەب و کورد کردوە لە ژمارەی یەکەمدا بەشداری بکەن، ئەو کەسایەتییانەش بە سوپاسەوە بەشدارییان کردووە و پیرۆزباییان لە دەرچوونی گۆڤارەکە کردووەو وتاریان بۆ نووسیوە. ئەو بەڕێزانە: شاعیری گەورەی عێراقی محمد مهدی جەواهیری؛ پارێزەر حوسێن جەمیل (ئەندامی سەرکردایەتی پارتی نیشتمانی دیموکراتی پارتی کامیل چادرچی)؛ مامۆستا عەلی حەیدەر سلێمانی ـ کەسایەتییێکی ناسراوی کورد بوو کە چەند جار دیپلۆماسی و وەزیر بووە؛ مێژوونووسی بەناوبانگ مامۆستا محمد ئەمین زەکی و مامۆستا عەزیز شریف ـ سیاسەتمەداری ناسراوی عێراق و دۆستی گەلی کورد.

لە ژمارەی یەکەمدا، هەرسێ کەسایەتی ناوبراو بە وتاروو نامە بەشدارییان کردووە، بەر لەوەی بچمە سەر شی کردنەوەی بابەتی ئەو ژمارانەی لەبەر دەست دان، دەمەوێ ئاماژە بەو نووسەرانە بکەم کە لە گۆڤارەکەدا بەشدارییان کردووە، دیارە ئەو ناوانەی ئاماژەیان پێ دەکرێ، ناوی هەموو ئەو کەسانە نییە کە لەو ٢٢ ژمارەیەدا نووسیویانە، بەڵکو هەندێ ئەوانەی کە لە دووبارە چاپکراوی (نزار)دا هاتوون:

١ـ علاءالدین سجادی
٢ـ محمد مهدی الجواهری ـ شاعیر
٣ـ حوسێن جەمیل.ی پارێزەر
٤ـ عەلی حەیدەر سلێمان
٥ـ ق. م. بۆم ساغ نەکراوەتەوە ناوی ئەسلی چییە؟
٦ـ بەهییە فەرەجوڵلا
٧ـ محەمەد ئەمین زەکی
٨ـ رەفیق چالاک
٩ـ عەزیز شەریف
١٠ـ پەروین مستەفا
١١ـ الاستاذ محمد علي ـ لەوانەیە مامۆستا محەمەد عەلی کوردی بێت کە لە سالانی سیدا لە گۆڤاری (روناکی) هەولێر وتارو چیرۆکی بلاوکردۆتەوە. (مامۆستا هاوار دەڵێ ـ مەبەست محمد علی کوردی)یە.
١٢ـ عەتا عەبدولقادر
١٣ـ الاستاذ الخفاف ـ نووسەرێکی کوردە کەشارەزایی لە بواری کشت و کاڵ و توتندا هەبووە (محمد سعید الخفاف).
١٤ـ عەبدولعەزیز خانەقاە
١٥ـ الاستاذ محمد محمد ـ بۆم ساغ نەکراوەتەوە.
١٦ـ ظ.م ـ بۆم ساغ نەکراوەتەوە [ دەبێ ظاهر المعروف ـ بێ بەگوێرەی چاپی نوێی گۆڤاری ـ نزارـ ].
١٧ـ الاستاذ صاحب التوقیع ـ بۆم ساغ نەکراوەتەوە.
١٨ـ م.ت ـ بۆم ساغ نەکراوەتەوە.
١٩ـ ق. أ. محمود ـ دەبێ هەر هەمان ق. م. بێ کە پێشتر بێ محمود نووسیوبەتی.
٢٠ـ عمر رشادی ـ سەرۆکی کۆمەڵەی لاوانی ئەندەنووسیا لە بەغدا.


پەروین مستەفا ئەحمەد

٢١ـ پاکیزە ـ پێم وایە دکتۆرە پاکیزە رەفیق حیلمی یە.

٢٢ـ ق. نەبەرد ـ ئەو نووسەرە لە گۆڤاری گەلاوێژیشدا وتاری لەسەر ئەدەب بلاوکردۆتەوە.

٢٣ـ علی کمال ـ پێم وایە شاعیری بەناوبانگ علی کمال باپیرە.

٢٤ـ ن. ت. ـ نهاد التکرلی.

٢٥ـ دکتۆر ئەکرم فاضل ـ زانایەکی گەورەی عێراقە لە بواری ئەدەب و رۆشنبیریدا.

٢٦ـ ب. ع. دلێر ـ پێم وایە بکر عمر دلێری ئەندازیارە.

٢٧ـ ش. دەربارەی مەلاکانی نووسیوە.. لەوانەیە خۆشی هەر مەلا بێ.

٢٨ـ ئەمین ـ بۆم ساغ نەکراوەتەوە.

٢٩ـ پەیامنێری گۆڤارەکە لە قاهیرە ـ دەبێ یەکێک بێ لە خوێندکارە کوردەکانی ئەوسای ئەزهەر.

٣٠ـ ف. ع. ـ پێم وایە فایق عقراوی یە، چونکە لە شوێنی تردا بەو ناوە وتار بلاوکراوەتەوە.

٣١ـ ئەحمە شالی.

٣٢ـ محرم محمد ئەمین.

٣٣ـ نهاد التکرلی ـ رەخنە گرێکی بەنێوبانگی عێراقەو، برای رۆماننوس فوئاد التکرلی.

٣٤ـ عەبدولسەمەد خانقاە ـ نووسەرێکی بەنێوبانگی کوردە، خەلکی کەرکووکە.

٣٥ـ پارێزەر م. ب. ـ پێم وایە شەهید مارف بەرزنجی یە.

٣٦ـ ابو جهاد ـ یەکێکە لە ئازادیخوازانی عەرەب لە بەغدا

٣٧ـ ذنون ایوب ـ نووسەرو سیاسەتمەدارێکی پێشکەوتنخوازی بەنێوبانگی عێراق.ە

٣٨ـ دکتۆر ت. ب. مەریوانی ـ تاهیر مەریوانی لە ئەمریکاوە.

٣٩ـ شاکر علی التکریتی.

٤٠ـ عراقي مخلص.

٤١ـ فتاح رەشید

٤٢ـ الدکتور عبدالوهاب العسکری

٤٣ـ دکتور یوسف عبو

٤٤ـ محمد سعید السید مەنسور

٤٥ـ حقوقی

٤٦ـ رەشید احمد

٤٧ـ درویش الحیدری

٤٨ـ عمانوئیل عیسائی

٤٩ـ محامی ئازاد

٥٠ـ حبیب جاماتی

٥١ـ جلال خەیلانی

٥٢ـ شێرکۆ

٥٣ـ شاکر فتاح.

لەو ٥٤ نووسەرانەی لە گۆڤارەکەدا وتاریان بلاوکردۆتەوە، یاخود وتاریان کراوەتە زمانی کوردی و عەرەبی، ٢٨ یان بەپێی زانیاری من کوردن.

ئەوەی شایانی باس بێت، ژمارەیەک لەو نووسەرانەی سەرەوە بەتایبەتی (ابن خلکان و محمد علی) لە زۆربەی ژمارەکانی (بەشی عەرەبی)دا وتاریان هەیە، هەندێک لەو نووسەرانە لە دوو ژمارەدا یاخود پتر وتار یا شعیر یا چیرۆک .. هتد بلاوکردۆتەوە وەک ئاماژەم پێکرد مامۆستا سجادی لە هەموو ژمارەکاندا وتاری هەبووە.

**گەشتێک بەناوەرۆکی گۆڤاری ـ نزار ـدا**

**بۆ ئەوەی باشتر لە رێبازی سیاسی و کۆمەلایەتی گۆڤارەکە شارەزا بین، بە باشمان زانی لە روانگەی بابەتەکانەوە باسیان لێوە بکەین، نەک ژمارە بە ژمارە، یاخود هەر تەک بەشێک بە تەنیا شی بکەینەوە (بەشی عەرەبی بە تەنیاو بەشی کوردی بەتەنیا).**

هەرچەند لە رۆژنامەگەرییدا باوە کە سەروتار رەنگدانەوەی رێبازی سیاسی گۆڤار یاخود رۆژنامەکە دیار دەکات، بەلام مانای ئەوە نییە، کە وتارەکانی تر تەنیا بۆچوونی نووسەرەکانیانن،

تەنیا ئەگەر دەستەی نووسەران کە وتارێک لەگەڵ بۆچوونی ئەوان یەک نەگرێتەوەو، لە پەراوێزدا ئاماژە بەوە بکەن کە ئەم وتارە بۆچوونی خاوەنەکەیەتی.

بێگومان گۆڤار یا ڕۆژنامەیەکی سەربەخۆ، واتە سەر بە حیزب و لایەنێکی سیاسی ڕێکگادراو نەبێ و لە چوارچێوەی قانوونی چاپەمەنی نادیموکراتی دا دەرچێ، زۆر جار لەسەر وتاردا، کێشەی زەق بڵاوناکرێتەوە، بەڵکو هەولدەدرێ پارسوونگی باری سیاسی بپارێزی، بەلام لەگەڵ ڕەخسانی بواری ئازاددا، شێوەی بابەت و زمانی نووسین گۆڕانیان بەسەر دادێ، گۆڤاری (نزار)یش بەپێی بارودۆخی سیاسی و هەل و مەرجی ئەوکات ڕاستەوخۆ لەسەر کێشەی سیاسی کوردی نەنووسیوە، بەڵکو لە دەروازەی وتاری سیاسی گشتی ئاراستە کراودا، بۆ مەسەلەی کوردیش ڕۆیشتووە، بەلام لە وتارەکانی تری نێو گۆڤارەکەدا، ڕاستەوخۆ ئاماژەی بۆ کێشەکان کردووە. دەکرێ بگوترێ ئەو ڕێبازە لە لەلایەن ڕۆژنامەو گۆڤارە کوردییەکان کە لەلایەن دەوڵەتی عێراق بڵاوکراونەتەوە پیادە کراوە، ئەگەر


تاهیر بەهجەت مەریوانی

چاوێک بە گۆڤارەکانی (کاروان، ڕۆشنبیری نوێ، ڕۆژی کوردستان و ڕۆژنامەی هاوکاری) بخشێنین، گۆڤارەکان چەند لاپەڕەی پێشەوەیان بۆ سیاسەتی دەوڵەت تەرخان کردووە، بەلام سەرجەم بابەتەکانی تر لە خزمەتی کلتوری نەتەوەیی کورد بوون، بێگومان ئەمەش شێوەو تاکتیکێک بووە بۆ وەرگرتنی سوود لە هەموو دەرفەتێک، ئەو تاکتیکە گۆڤاری (سروە)ش پیادەی دەکات لە کۆماری ئیسلامی ئێراندا.

وەک لەسەرەوەدا ئاماژەم پێکرد، سەروتار جەخت لەسەر ڕێبازو سیاسەتی ڕەسمی گۆڤارەکە دەکا، بۆیێ بەپێویستی دەزانم سەروتارەکانی ئەو ژمارانەی لەبەر دەست دان لە بەشەکانی تری گۆڤارەکە جیا بکەمەوە. سەر وتاری ژمارەی یەکەمی گۆڤارەکە بە هەردوو بەشیەوە بەپێنووسی مامۆستا علاءالدین سجادی‌یە کە لەژێر سەردێری (ئامانجمان) بلاوکراوەتەوە. سەروتاری ژمارەی یەکەم پێ لەسەر سێ خالی گرنگ رادەگرێ:

١ـ بەهێزکردنی برایەتی کوردو عەرەب و پێشخستنی عێراقی نیشتمان.

٢ـ پرکردنەوەی ناتەواویی میللەت و ولات لەڕووی دین و سەقافەت و سیاسەت و اجتماعەوە.

٣ـ سەرزەنش کردنی ئەو کەسانەی کەنیازیان خراپە بەرامبەر بە عێراق و دانیشتوانی‌و لە پێناوی مەنفەعەتی شەخسیدا چاو لە مەنفەعەتی گشتیی ئەپۆشن وە بەتەنگ ئەوەدا نین کە میللەت و ولات زبانیان پێ بگا.

هەرچەندە ناکرێ ئەو سێ خالەی سەرەوەی ئامانجی گۆڤارەکە لەروانگەی ئەمڕۆوە بە چاوێکی ڕەخنەگرانە، هەلسەنگێرێ، بەلام خالی یەکەم وەک لە شوێنی تری ئەم وتارە ئاماژەی پێکراوە، تا ئەمڕۆش لەلایەن هێزە سیاسیە سەرەکییەکانی باشووری کوردستان پێی لەسەر دادەگیرێ. لەوانەیە هەندێک دروشمی (برایەتی کوردو عەرەب) بخەنە پال کۆمۆنیستەکان، ڕاستە

ئەوان لە چلەکانەوە ئەو دروشمەیان هەلگرتووە و جەختی لەسەر دەکەن، بەلاّم لە سالی ١٩٣٥ لەلایەن کۆمەلەی لایەنگرانی (الاهالی)یەوە سەری هەلداوەو پاشان لە سالی ١٩٣٧، هێشتا حیزبی کۆمۆنیستی عێراق خۆی لەسەر پێ نەگرتبوو و رۆلێکی ئەوتۆشی نەبوو کە برایم ئەحمەدی پارێزەر نامیلکەیەکی بەو نێوە بلاوکردەوە، هەروەها لە بەرنامەی پارتی شۆڕش و رزگاری و پارتی دیموکراتی کوردو پارتی گەلدا، هەمان دروشم هاتووە. ئەمەیان لەلایەک، لەلایەکی تریشەوە گۆڤارەکە بەڕەسمی لەلایەن دەولەتی عێراق ڕێگای پێدراوە، ئەرکی سەرشانیەتی ئەم سیاسەتە پیادە بکات. من بۆخۆم چ لە کۆڕو سیمینار‌دا و چ لە زنجیرە وتارێک کە لە رۆژنامەی (رزگاری) ئۆرگانی پارتی کاری سەربەخۆیی کوردستان و (ئالای ئازادی) ئۆرگانی حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستان لەسالانی ١٩٩٤ــ١٩٩٥دا بلاوم کردوونەتەوە لە ژێر سەردێری (هەندێ زاراوە و چەمکی بەهەلە بەکار هاتوو)دا ئاماژەم بەو دروشمە کردووەو پێم وایە کە چەمکی برایەتی نێوان گەلان دروست نییە، چونکە مرۆڤ بە ئارەزووی خۆی براهەلنابژێرێ، وەک چۆن باوک و دایک و نیشتمان هەلنابژێرێ، بەلکو پێویستە ئەو دروشمە بگۆردرێ بە (دۆستایەتی).

مەسەلەی ئەوەی (عێراق) نیشتمانی کوردو عەرەبە، ئەوەش جێگای گومانە، بەلاّم دەبێ ئەو راستییە لەبیر خۆمان نەبەینەوە کە یەکێتی ئاین (ئاینی ئیسلامی) کە زۆربەی کورد ئیسلامن، دروشمی برایەتی ئیسلامی سەپاندووە و عەرەبیش وەک هەلگری پەیامی ئیسلام، ئەو دروشمەی لە باشوورو باشووری بچووک هێناوەتە کایەوە، هەروەها لکاندنی باشووری کوردستان بە دەولەتی عێراق لەلایەن ئینگلیزەوەو لکاندنی باشووری بچووک بە سوریا لەلایەن فەرەنساوە، دوور لە ویست و خواستی گەلی کورد، چارەسەنووسی گەلی کوردی بە عەرەبی ئەو دوو ولاّتە بەستۆتەوەو هەردوو میللەت لەلایەن داگیرکەرانی بێگانەو پیاوەکانیان چەوساندراونەتەوە، جگە لەوەی سیاسەتی دەولەت و پەروەردە و خوێندن و بەرنامەی سیاسی پارتە سیاسیەکانی عێراق (مەبەست لە هێزە دیموکراتیەکانە)و کوردیش جەختیان لەسەر عێراق کردووە وەک نیشتمانی هاوبەش، بەلاّم دەبێ ئاماژە بەوە بکەین خالی یەکەمی ئامانجی گۆڤاری (نزار) برایەتی کوردو عەرەب، و لە بەرنامەی حیزبە نیشتمانی و پێشکەوتنخوازەکانی کورد و عێراقدا، مەبەست یەکە ـ ئەویش یەکسانی کوردو عەرەب لە ماف و ئەرکدا، بەلاّم بەداخەوە کورد لە ئەرکدا پتر لەوەی کەوتۆتە سەر شانی ئەنجامی داوە، بەلاّم لەماف بێبەش کراوە، ئەگەر لە هەندێ قۆناخ نەبێ کە نیمچە مافێکی پێ ڕەوا بینرابێ، بەلاّم بەگشتی مافی پێشێلکراوەو لەو چەند سالانەی دواییشدا سیاسەتی قرکردنی (جینۆسایدی) بەرانبەر بەکار هاتووە.

گۆڤاری (نزار) پابەست بووە بەو خالانەی دیاری کردوون خالی دووەم و سێیەم زۆر بەراشکاوی لە نێو بابەتەکانی گۆڤارەکەدا ڕەنگیان داوەتەوە.

لێرەدا بە پێویستی نازانم سەروتارەکان هەموویان شیبکەمەوە، بەلاّم لە ئاماژەکردن بەسەردێری سەروتارەکانی ئەو ژمارانەی لە کاتی ئامادەکردنی وتارەکە لەبەردەست دابوون، راستی ڕێبازی گۆڤارەکەمان بۆ دەخاتە بەرچاو.

| سەروتاری بەشی عەرەبی ژمارە ٣ | سەروتاری بەشی کوردی ژمارە ٣ |
| --- | --- |
| لەدایکبوونی خاوەن شکۆ مەلیکی مەزندا | نامەیەکی کراوە بۆ بالیۆزی بەریتانیای مەزن کە ڕۆژ لە مولکەکانی دا ئاوا نابێ ــ علاءالدین سجادی |
| . | مامۆستا سجادی دەنووسێ کە ئەو بارودۆخەی لە عێراق هەیە، ئەو توندوتیژییەی حکومەتی عێراقی، |

| | |
|---|---|
| | دواکەوتوویی، هەمووی پێوەندی راستەوخۆی هەیە بە سیاسەتی بەریتانیاو پیاوەکانی لە دەستەلادارانی عێراق هەیە ـ دەنووسی ئەگەر ضغط زۆر بوو ئینفجار روو ئەدا.[ هەرەشەو بانگەواز لەیەک کاتدا ] |
| ژمارە(٤) بەیان و روونکردنەوەیەک. لێرەدا دەردەکەوێ کە کاربەدەستان سەرنجی گۆڤارەکەیان راکێشاوە بۆ وتاری کەسێک کە حکومەت بەناوەکەی سەخلەتە، بەقەناعەتم وتارەکەی مامۆستا عزیز شریف.ە دەربارەی کێشەی نەتەوەیی لە عێراقدا، کە لە ژمارەی سێ گۆڤاری نزار بلاوکراوەتەوە. گۆڤارەکە روونکردنەوەیەک بلاودەکاتەوە، پێ لەسەر ئەو خالانەی خوارەوە دادەگرێ و دەنووسی: | ژمارە (٤) وەلامی بالیۆزی بەریتانیا بۆ گۆڤاری نزار تەنیا رستەیەک لە وەلامەکەی سەفیری بەریتانیا دەخەمە بەرچاو (ئێمە بۆ پارێزگاری خۆمان ئەگەر هەموو جۆرە شتێک بکەین لۆمەمان لەسەر نییە، علاقاتمان ببێ، ضباطی ارتباطمان ببێ، سیاسەتی (فرق تسد)مان ببێ، هەرشتێکمان ببێ لە بەرێوەچوونی خۆمان ئەیکەین.. |

ئەم گۆڤارە ئامرازی دەربڕینی بۆچوون و ئاواتەکانی رۆلەکانی باکوورە بەتایبەتی، چونکە کوردەکان لە هەموو ئامرازێکی بلاوکردنەوەو فێرکردن و داخوازی دەربڕین بێ بەشن، هەروەها گۆڤاری عێراقییەکانە بەگشتی

ـ ئەم گۆڤارە شەری ئیمپریالیزم و نۆکەرەکانی دەکات

ـ دژی هەر بانگەشەیەکە کە مەبەستی دووبەرەکی نانەوەو دلرەنجان بێ

ـ ئەم گۆڤارە تایبەت نییە بە دەستەیەک، مولکی میللەتە بەگشتی هەر کەسێک مافی هەیە بە ئارەزووی خۆی چیی بیەوەێ بنووسێ لە چوارچێوەی قانوون و ئەخلاق و دابی گشتییدا

ئەوەی شایانی باس بێت، گۆڤاری (نزار) بە دەگمەن ناوی کوردستان دەهێنێ بەلکو بە باکووری عێراق ناوی دەبا.

| | |
|---|---|
| ژمارە (٨) هاتنی خاوەن شکۆ مەلیک عەبدوللای مەزن | ژمارە (٨) لە بەشی هودنە ـ واتە هودنەی نێوان عەرەب و جوولەکە. |
| ژمارە(٩) ئیستیعمار ـ أس ـ بنەما ـ لوتکەی نەخۆشییە (الاستعمار هو اس الداء) رۆلی ئینگلیز لە ئیسرائیل و رۆژهەلاتی نێوەراستدا | کورتی میزانیە ـ باس لە میزانیەی ـ بودجەی دەولەتی عێراق دەکا. رەخنە لە سیاسەتی ئابووری حکومەت دەگرێ و چارەسەری دیاری دەکات.. |
| ژمارە (١١) بالەوانانی بورتسموث دەگەرێنەوە سەر شانۆ بەتووندی لەسەر سیاسەتی نوری سەعید قسە دەکا: (بەرێز نوری سەعید، سیاسییێکی گەریدەو فرۆکەوانێکی بالدارە کە بە ئارەزووی ئیستیعمار رەفتار دەکا.. بەرێز نوری سەعید و هاوکارەکانی (دەستەکەی) کۆنەپەرستی چالاکن و هاوکاری کۆنە پەرستانی جیهان دەکەن. خەلک دەتانناسی، ریسوا بووینە، چەک دانێن، واز بێنن بێ مەرج، مەیدان چۆل بکەن.. | ژمارە (١١) سیاسەتی ئینگلیز لە توبکلە گوێزێکدا |
| ژمارە(١٤) لەژێر گۆشەی ـ سەکۆی ئازاد لە نێوان تاک رەوی و کاری کۆمەل. (لەسەر ئابووری ـ دەست تێوەردانی دەولەت لە کاری ئابووریدا. ـ دەست تێوەرنەدانی | ژمارە (١٤) لە سولەیمانی ـ ریپۆرتاژێکی مامۆستا سجادی یە لە سەر أـ ئاو؛ ب ـ کارەبا؛ جـ بلدیە دـ رەسیف؛ و ـ نرخ، سوالکەر، سەگ، پاکو پوختی کۆلانەکان، ئەوقاف |

دەولەت لەکاروباری فەرد — دەست تێوەردانی ڕەهایی دەولەت بەنێوی بەرژەوەندی گشتی Totalism

و خوێندن و نەخۆشخانەکان.

ژمارە (١٩)

دەست درێژی لەسەر بووکی ئازادی ئەم وتارە دەربارەی داگیرکردنی ئەندونیسیایە لە لایەن هۆلەنداوە.

ئەوەی سەرنج ڕاکێشە، مامۆستا کە باسی بووکی ئازادی دەکاو باسی داگیرکەران دەکا، ڕاستەوخۆ باسی کوردستان ناکات، بەلاّم باسی زولم و ستەمی داگیرکەر دەکات و کە بەرگری لە مافی میللەتی ئەندوسیا دەکات، ئاماژەیەکی نا ڕاستەوخۆیە بۆ باری گەلی کورد. ئەو شێوە ڕێبازەش لە گۆڤاری گەلاوێژ و لە چیرۆکەکانی برایم ئەحمەد کە لە سالانی چلدا نووسراون پیادە کراوە و لەو سالانەی دوایی لە باشووری کوردستان لەلایەن ڕۆژنامەو گۆڤار و ڕۆشنیران پیادە کراوە، بۆ نمونە بۆیان نەدەکرا، ڕاستەوخۆ باسی خیانەتی ڕژێمی بەعسی عێراق بکەن، بە توندی سیاسەتی کۆماری ئیسلامیان بەرانبەر بە کوردی ڕۆژهەلاتی کوردستان مەحکوم دەکرد. شاعیران، شیعرە ئاگرینەکانیان پێشکەش بە تێکۆشەرانی کوردستان ئێران دەکرد. بەلام لە هەمان کاتدا،

ژمارە (١٩)

بۆچی سەرمایەداری نامینێ — لە نووسینی ئەحمەد شالی، ئەوەیان بەشی دووەمی ئەم وتارەیە، جا نازانم بەشی یەکەمی لە ژمارەی پێشوودا بلاّوکراوەتەوە، یاخود بەر لە چەند ژمارەیەک؟ نووسەر لەم وتارەیدا، باسی قۆناخەکانی پێشکەوتنی کۆمەلاّیەتی دەکا یاخود ئەو قۆناخانەی کۆمەلّگای مرۆڤایەتی پێیاندا تێدەپەرێ لەسەر شێوەی ئابووری و جۆری سیستەمی ئابووری وپێوەندی بەرهەم، وادەردەکەوێ نووسەر لە روانگەی فیکر و ئابووری مارکسییەوە بارەکە شی بکاتەوە لەم وتارەدا باس لە لامەرکەزی ئیداری لە کۆمەلّگای دەرەبەگی؛ پێک هێنانی تەبیعی — الانتاج الطبيعي — بەرهەم هێنانی سروشتی؛ وبەندایەتی زەوی.

بۆچونی خۆبان بەرانبەر بە پێشمەرگەی کوردستان دەردەبڕی.

ژمارە (٢٠)

کۆنگرەی حکومەتەکانی ڕۆژهەلاّت بۆ یارمەتی ئەندەنوسیا.

لەم وتارەدا، نووسەر دەگاتە ڕاستییەک دەربارەی کۆمەلّەی نەتەوە یەکگرتووەکان کە تا ئەمڕۆش نرخی خۆی لە دەست نەداوە، بەلّکو ئێستاش زۆربەی میللەتان و دەولّەتانی جیهانی سێیەم بەم شێوەیە دەربارەی کۆمەلّەی نەتەوە یەکگرتوەکان بیردەکەنەوە، لەگەلّ ئەو گۆرانکارییانەی لە ماوەی ئەو پەنجا سالّە بەسەر کۆمەلّگای جیهانیدا تێپەریوە، بلۆکانی دژ بەیەک و شەری سارد نەماوە. نووسەری وتارەکە دەنووسێ: نەتەوەکانی ڕۆژهەلاّت، لە واتەکانی سیاسەتی درۆ و تەلّەکەبازی بەنێو ئەنجومەنی ئاسایشی نێو دەولّەتییان بۆ دەرکەوت کە ئەو ئەنجومەنە، تەنیا بەرژەوەندی و تەماعی دەولّەتە کۆلونیالیەکان دابین دەکات و ڕەوایان پێ دەبەخشێ.

ژمارە (٢٠) بەشی کوردی.

کوردو ئەمریکا

وەلاّمی شارەزایەکی ئەمریکی بەنێوی ئورشادو لیسلی دەداتەوە کە ڕایگەیاندوە، کە ڕووسەکان نیازیان هەبو بۆ کورد دەولّەتێک دامەزرێنن و ڕووس نیازی هەیە دەست بەسەر کانی نەوتەکانی کەنداو دابگرێ.

دەلّێ مەبەست ئەوەیە کە: بەم جۆرە قسە پروپووچانە ئەیخاتە بەرگوێی ئەم حکومەتانەوە (ئێران، تورکیا، عێراق، سوریا) کە لەبەرئەوە کورد فیکرێکی وای هەیە ایوە ئاگاتان لە خۆتان بێت، نەتیجەی ئەم ئاگاداریەش دلّرەنجاندنی ئەم حکومەتانەیە لە کورد کە دەرکەوتنی هۆی ناحەزییە.

پاشان نووسەر دەپرسێ: ئەگینا کوردێک کە خۆی بەژیان و بەنیشتمانی لەم ڕۆژهەلاّتەدایە بۆچی ئەبێ ئاگای لەو شتانە نەبێ کەیەکێتی سۆڤیەت بۆی نەکا!

پاشان دەلّێ: وادیارە (ئەمریکا) کەسی لە کوردی بێ‌هێز و بێ دەسەلاتتر نەدۆزیوەتەوە کە هەرجارێ بەبارێکا قسەیان بۆ ڕێکبخا!!

پاشان نووسەر دێتە سەر حکومەتەکانی ناوچە دەنووسێ: ((لەگەلّ ئەوەشا

| | |
|---|---|
| | ئەم حکومەتانە کەلەم وڵاتانە دان جۆرە حکومەتێکن کەلەسەر ئارەزووی موستەعمەرەکان پێک هاتوون و گەلێک دوورن لەرەغبات و ئامانجی میللەتەوە)) پاشان نووسەر دەڵێ ئەگەر ئەمریکا ڕاست دەکا لە جیاتی قواعد و پروپاگەندە و جاسوس، پیاوانە بێتە مەیدانەوە و بینی لەگەڵ دەوڵەتەکانی تردا پەیمانی ئەتلەنتیک، ئەو شتانە کەلەم شەڕەدا بۆ ڕزگارکردنی میللەتان دانرابوون بەکار بهێنێ و عالەم بحەسێنێتەوە، ئەو وەختە هەم خەڵکەکە ڕزگاری ئەبێ لەناهەمواری هەم خۆیشی لەو چورتوومە ئەخەلەسی کەهەر ڕۆژە بەیەکێکیان بکا. |
| ژمارە (٢١) لەپشت چاویلکەوە. ڕووداوە سیاسیەکانی جیهان ١ـ مەسەلەی چین، ئەندەنوسیاو فەلەستین. ـ باسی سەرکەوتنی کۆمۆنیستەکان و ڕاکردنی چان کای چێک دەکا. ٢ـ باسی کۆنگرەیەک دەکا لە نیودەلهی بۆ پشتگیری ئەندەنووسیا و وتارەکەی نەهرۆ کە داوا دەکات بنەماکانی بەرنامەی کۆمەڵەی نەتەودیەکگرتووەکان دەربارەی ئەندەنووسیا جیبەجێ بکرێ. ٣ـ فەلەستین ـ ئەوەی شایانی باسە، باسی | ژمارە (٢١) بەشی کوردی ئەندەنووسیا و هۆڵەندە ـ بەشی یەکەم ـ باسی مێژوو و جوگرافیای و ژیانی، ئابووری سیاسی ئەندەنووسیاو.. |

| | |
|---|---|
| ڕەفتاری عێراق دەکات، بەڵام وا دیارە سانسۆر (ڕەقابــة) بەشێکی لابردووە.. لە کۆتایی وتارەکەدا هاتووە، بەڵام ئاگری ئازادی کەلە شوێنێک هەڵگیرسا، ئەوەی بکەوێتە بەری دایدەگرێ..! | |

ئەوەی شایەنی باسە، لەو ژمارەیەدا هەست دەکرێ کە سانسۆر (ڕەقابة) لە سەر گۆڤارەکە بەهێز دەبێ لە چەند وتارێکدا، هەندێ دێری لابراوە و خاوەنەکەی بە بەتاڵی بەجێی هێشتوون.

| | |
|---|---|
| ژمارە(٢٢) بەبۆنەی ڕووداوەکانی فەلەستین. ئەم وتارە بە قەڵەمی مامۆستا محمد علی نووسراوە. وتارێکی توندەو ڕەخنە لەسەرانی عەرەب دەگرێ، دە دێر لەوتارەکە لەلایەن سانسۆرەوە لاچووە. تێدا هاتووە: وڵاتانی عەرەب سیاسەتی دروست و یەکگرتوویان لە دەستداوە. | ئەندونسیا و هۆڵندە ـ بەشی دووەمی ـ باسەکەی پێشووە. |

لەبەر ئەوەی بابەتەکانی گۆڤارەکە هەمەرەنگن و پۆلینی جیاواز بەخۆوە دەگرن، دەکرێ چەند بوارێک دیاریکەین وەک بواری سەرەکی، بەڵام لەتەک ئەوانشدا هەندێ بابەتی بچووک کە بە خێرایی بەسەریان دا تێ دەپەڕین.

١ـ بواری سیاسی وکۆمەڵایەتی.
٢ـ چەمکی جۆراوجۆر.
٣ـ زمان و ئەدەبیات و مێژوو.
٤ـ ڕووداوەکانی دەرەوەو ناوەوە.
٥ـ پێناسە بە زاناو نووسەرانی کورد و جیهان.
٦ـ بابەتی تر..

# المشكلة البارزانية

منذ أربع سنوات والشعب العراقي يلح بانهاء قضية البارزانيين المظلومين ، وقد عبر الشعب عن طلبه العادل بالتظاهرات الصاخبة ، وببرقياته وعرائضه التي تواردت من انحاء العراق كافة الى الجهات المسؤولة مطالباً فيها وضع حد لهذه المأساة المصطنعة . وحين اشتد الضغط على المسؤولين أشيع عن قرب الافراج عن البارزانيين واصدار العفو العام عنهم . وقد أكدت المصادر الموثوق بها هـذه الاشاعة بصورة لا تقبل الشك في صحتها . وبينما كان الشعب في انتظار هذه البشرى السارة فوجيء بتمديد محكوميات البارزانيين سنة أخرى . لقد أحتار الناس في تعليل السبب الدافع بالحكومة الى الأقدام على هذا الباعث على سخط الرأي العام الذي بادر الى استنكاره بشدة ، وقد قامت مظاهرات كبرى في الشمال وأضربت عن العمل ، مدن با كملها وأمطرت الجهات المسؤولة بسيل من البرقيات والاستنكارية ، وقد أسرع بارسال الوفود الى العاصمة لبيان خطورة هذا العمل .

انا نرى من واجب الحكومه ان تراعي شعور هذه الجماهير الغفيرة الصارخة بوجه الظلم اللاحق بالبارزانيين وعليها الا تلتفت الى الدعايات المغرضة الكاذبة .

وفي أدناه صور من البرقيات والعرائض المرفوعة الى الحكومة من أجل البارزانيين ووصف التظاهرات الصاخبة التي قامت من أجلهم بايجاز : — المحرر —

بواری سیاسی و کۆمەلایەتی

ئەو بابەتانەی لە چوارچێوەی ئەم بەشەدا ئاماژەیان پێ دەکەین و تیشکیان دەخەینە سەر زۆر فرەوانن و زۆر وتاری تایبەتییان بۆ تەرخان کراوە، دەکرێ ژیانی رۆژانەی گەلی کورد و داخوازییەکانی لە:

١. چارەسەری باری ئابووری و کێشەی کشت و کاڵ بەتایبەتی تووتن گرنگی تایبەتی پێدراوە.
٢. خوێندن و خوێندەواری.
٣. تەندروستی.
٤. کێشەی ژنان.

أ. لێرەدا باس لە دواکەوتوویی باری ئابووری و نزمی ئاستی ژیانی لادێ و شارەکان دەخرێتە بەر باس و لێکۆڵینەوە، وەک دەزانرێ لە تەک کێشەی جووتیاران و زەوی لە کوردستان کە پێویستییان بە چارەسەرێکی عادیلانە هەیە، مەسەلەیەکی گرنگ کە ئەو کات و لام وایە تا ئێستاش چارەسەرێکی عادیلانەی بۆ نەدۆزراوەتەوە، ئەویش مەسەلەی تووتن و تووتنەوانییە، چونکە کوردستان یەکێکە لە ولاتە بەخێرو بەرەکەتەکانی بواری چاندن و پەروەردەکردنی تووتن، بەڵام ئەوانەی لەم بوارەدا کار دەکەن، پاش ماندووبوونێکی زۆر، زۆر جار بە مایە پووچ دەردەچن. لەو ساڵانەی گۆڤارەکە دەردەچوو، پرۆژەی تووتن کە پێوەندی هەیە بە چاندن و پۆلێنکردن و فرۆشتن و پێداویستەکانی پاراستن لە عەمبارەکان و پەرەپێدانی تووتنەوانی لە کوردستان لە ئارادابووە، بۆیێ گۆڤاری ـ نزار ـ چەندین وتار و لێکۆڵینەوەو ریپۆرتاژی لەلاپەرەکانی خۆی بۆ ئەم کێشەیە تەرخان کردووە.

لە ژمارە (٤)ی گۆڤارەکەدا لە ژێر سەردێری (لە کێشەکانی باکوور) پرۆژەی ئینحیساری تووتن. مامۆستا خەفاف پێم وایە مامۆستا محەمەد سەعید خەفافە، چونکە لە ژمارەی (٩) لە چاوپێکەوتنێکدا دەردەکەوێ کە هەمان کەسە، وتارێکی نووسیوە و دەڵێ داهاتی تووتن، تاقە داهاتە بۆ رۆڵەکانی باکوور و داهاتێکی گرنگیشە

بۆ دەوڵەت. داهاتی دەوڵەت لە تووتن و گمرگی تووتن لە ساڵانی ١٩٤٥ـ١٩٩٦ گەیشتۆتە (٣,١٠٪).

نووسەر ناوچەکانی چاندنی تووتن دیار دەکا و دەنووسێ: چاندنی تووتن لە سلێمانی و هەڵەبجەو شارباژێر و کۆیە و رانیە و رواندوز و شەقلاوەو ناوچەی هەولێر، کەمێکیش لە ناوچەی مووسل و کەرکووک دەچێنرێ. دەڵێ وەک دەزانرێ حکومەت لە ساڵی ١٩٣٩ قانوونی ئینحیساری تووتنی دەرکرد، بەرواڵەت بۆ رزگارکردنی جووتیارەکان لە تەماعی بازرگانەکان و چاککردنی جۆرەکانی تووتن، بەڵام بەداخەوە بووە بەڵا بەسەر خودی تووتنەوان و تووتن دا، چونکە بەڕێوەبەرایەتی ئەو دەزگایە خۆی شوێنی بازرگانەکانی گرتەوە لەگەڵ مانەوەی بازرگانەکان.. بەم شێوەیە دوو شێوە بازرگان جووتیارەکان دەچەوسێننەوە. یەکیان حکوومەتە و ئەوی تریان بازرگانەکان.

نووسەر لەدرێژەی وتارەکەیدا باسی ئەوە دەکات کە ئەو دەستگایە چۆن یاری بە داهاتی ئەو تووتنەوانانە دەکات، جارێ بەهەرزان لێیان دەکرێ، پاشان لە رادە بەدەر نرخی بەرز دەکاتەوەو، هەندێ جار کە زۆر لەوانەی تووتنەوانیش نین خەریکی تووتن چاندن دەبن و پارەیەکی زۆر خەرج دەکەن، لەناکاو نرخی کیلۆگرام دادەبەزێنێ، کە مایەی خەرجەکەی دەرناهێنێ، یاخود لە کاتی پۆلین کردن و پشکنینەوە، دوا دەخرێ، بەر لە ساڵی ١٩٤٦ لە ناوەندی قەزاکان وەک قەڵادزێ، کۆیە کارەکە ئەنجام دەدرا، بەڵام ئێستا ئەو دەستگایە داوا دەکات لە ناوەندی شارەکان واتە هەولێرو سلێمانی، ئەوەش بارێکی گران دەخاتە ئەستۆی سەرشانی فەلاحەکان، بیانوی پروپووچ بۆ ئەم هەڵوێستەیان دەهێننەوە. جووتیار ناچار دەبێ چەند رۆژێک لەشار چاوەڕوانی نۆرەی خۆی ببێ، پارەیەکی زۆر خەرج دەکا، هەندێ جار تا دوو هەفتە چاوەڕوان دەبێ، پاشان ناچار دەبێ بە پارەیەکی هەرزان بە بازرگانەکانی بفرۆشێ یاخود لەڕێگای قاچاغ رەوانەیان بکات، بەمەش نەمیللەت سوود وەردەگرێ و نەخەزێنەی دەوڵەت، بەڵکو:

١. تووتنەوانی هەژار ـ هەژار تر دەبێ.
٢. هاندانی قاچاغی دەدەرێ.
٣. دەرفەت بۆ بازرگانەکان دەخرێتە سەر پشت کە بەشێوەیەکی خەراپتر جووتیارەکان بچەوسێننەوە.

لەبەر ئەوەی ژمارە (٥)ی گۆڤارەکەمان لەبەردەستدا نییە، نازانین لەبەشی دووەمی وتارەکە چی هاتووە، بەڵام لە ژمارەی (٨)ی گۆڤارەکەدا دیسان لەسەر ئەم پرۆژەیە وتارێک لەلایەن پەیامنێری ئابووری گۆڤارەکە بڵاوکراوەتەوە. لەم وتارەدا رەخنە لە دەوڵەت دەگیرێ کە باشترین پسپۆری عێراقی (ئەحمەد رەفیق)ی وەلاناوەو کابرایەکی ئینگلیزی لە شوێنی ئەو بە مووچەی ١٧٥ دینار دامەزراندووە. باس لە نەزانی پسپۆرەکە دەکات لەم وتارەدا دەردەکەوێ لە کاتی پاککردنەوەو پۆلینکردنی تووتن تەنیا لە سلێمانی ٥٠٠ کرێکار کار رۆژی هەشت سەعات دەکەن ، کرێی رۆژانەشیان لە نێوان (٨٠ ـ ١٢٠) فلسە.

هەروەها لە ژمارەی (٨)ی دا چاوپێکەوتنێک لەگەڵ وەزیری ئابووری و لەگەڵ حەمە زیاد ئاغای کۆیی ئەندامی پەرلەمانی ئەوسا کراوە. حەمە زیاد ئاغا دەڵێ، قانوونەکە بە چاکی جێبەجێ نەکراوەو بوویتە هۆی نارەزایی تووتنەوانەکان، جۆری تووتن بەر لەو قانوونە زۆر باشتر بوو، پاشان چەند پێشنیار بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشەیە دەکا:

١. حکومەت دەست بەسەر کارگەی جگەرەدا بگرێ.
٢. کارگەی جگەرە لەو شوێنانە بکرێتەوە کە تووتن بەرهەم دێنن.
٣. دابینکردنی بازاری دەرەوە بۆ فرۆشتنی تووتن.
٤. یارمەتی لەلایەن بانکی کشت و کاڵ بدرێتەوە ئەوانەی تووتن دەچێنن ـ تووتنەوانەکان.

هەواڵنامەی کێڵێی

لە ژمارەی (٩)دا چاوپێکەوتنێک لەگەڵ هەندێ لەوانەی شارەزایی ئەم بوارەن کراوە لەوانە.. بەڕێزان عەبدوللا لوتفی، میرزا فەرەج شەریف و محەمەد سەعید خەفاف.

هەرسێکیان لەسەر ئەو باوەڕەن، کە جۆری تووتن بەر لە دامەزرانی ئەو دەستگایە باشتر بووە، چونکە شێوە پێشبرکێیەک هەبووە، بەڵام ئێستا ئەوە نەماوە لیژنەی پشکنین لە کاتی پۆلین کردن دەستکاری دەکات، تووتن ئێستا ئەو مەرجانەی تێدا نییە کە بۆ بازاری دەرەوە ڕەوانە بکرێ، هەروەها هەموویان لەگەڵ ئەوەن کە ئەو پرۆژەیە درێژەی هەبێ، بەڵام ئەگەر لەسەر بنەمای


موحەڕەم محەمەد ئەمین

ئابووری ئیدارە بکرێ دوور لە سیاسەت و دەستێوەردان، دەکرێ لە داهاتوودا ڕۆڵی گرنگی هەبێ.

هەر لەم بارەیەوە لە ژمارەی (١٩)ی گۆڤارەکەدا یاداشتێک لەلایەن پەرلەمانتەرە کوردەکانەوە دراوەتە سەرۆک وەزیران، دەربارەی هەڵەکانی ئیدارەی دەزگای ئینحساری تووتن.

لەم یاداشتەدا حەوت خاڵ دیارکراوە:

١. دابەزاندنی نرخ.

٢. گۆڕینی شوێنی پشکنینی تووتن بۆ ناوچەکان ـ واتە ناوەندی قەزاکان.

٣. پۆلینکردنێکی عادیلانە.

٤. بەعەدەلات ئیجازە ـ روخەستی ـ چاندنی تووتن بدرێ و زەوی بۆ دیار بکرێ.

٥. عەمباری فەنی (بۆ ئامادە بکرێ) بۆ پاراستن.

٦. ناردنی نێراو بۆ وەرگرتنی پسپۆری لە بواری چاندنی تووتن و تووتنەوانیدا.

٧. لیژنەیەک لە ژمارەیەک لە تووتنەوەکان و ئابووری ناسەکان و پسپۆران دامەزرێ بۆ پێداچوونەوە بە قانوونی (ئینحیساری تووتن) یاخود هەڵوەشاندنەوەی.

لە ژمارەی (٨)دا هەروەها وتارێک دەربارەی پیلانی پەرەپێدان بە سامانی نیشتمانی بڵاوکراوەتەوە، لەگەڵ گۆشەیەک لە ژێر سەردێری ـ ئەزانیت ـ کە تێدا هاتووە: ئەزانیت کە جەوهەری جووڵانەوەی نیشتمانیمان حەلکردنی قەزییەی فەلاحە.

هەروەها لە ژمارە(٩)دا وتارێک لەلایەن پەیامنێری گۆڤارەکە لەسەر ئامادەکردنی بودجەی ساڵانەی دەولەت بڵاوکراوەتەوە، باس لە شێوەی ئامادەکردنی بودجەو پەسندکردنی و قۆناخەکانی دەکات و بەپێی یاسای ئەساسی (دەستوور) و کەم و کوورییەکان دەخاتە روو و ئەزموونی ئامادەکردنی بودجە لە وڵاتانی تر دەخاتە بەرچاو.

هەر لەم ژمارەیەشدا وتارێک دەربارەی پرۆژەی دامەزراندنی شەریکەی تەئمین (بیمە) بەسەرمایەیەکی عێراقی بڵاودەکاتەوە، بۆچوونی خاوەن پێشنیارەکە و ژووری بازرگانی بەغدا لەلایەن پەیامنێری ئابووری رەت دەکرێتەوە و داوا دەکات، کە پێویستە لە جیاتی شەریکاتی بێگانە کە پارەی زۆر قازانج دەکەن، شەریکەیەکی عێراقی دامەزرێ، بەقسەیەکی تر بۆچوونی گۆڤارەکە لە روانگەی بەرژەوەندی گشتی دایە، نەک بێگانە.

لە ژمارەی (١٨)دا بەشی دووەمی وتاری ئەحمەد شالی بلاوکراوەتەوە دەربارەی قۆناخەکانی پێشکەوتنی کۆمەلگای مرۆڤایەتی و بنەما ئابوورییەکەی لە ژێر سەردێری (( بۆچی سەرمایەداری نامێنێ)) وا دەردەکەوێ کەوتاری یەکەم لە ژمارەی (١٧)دا بلاوکرابێتەوە، هەروەها بەشی سێیەمی ئەم وتارە لە ژمارەی (٢٠)دا بلاوکراوتەوە، و بەشی (٤) لە ژمارەی (٢١) و بەشی (٥) ژمارەی (٢٢)دا بلاوکراونەتەوە، بەلام ئەم زنجیرە وتارە لەبەر داخستنی گۆڤارەکە تەواو نەبوو. بێگومان ئەم وتارە بابەتێکی تیورییە و لە روانگەی بیری سۆسیالیستییەوە نووسراوە، باسی پێوەندییەکان بەرهەم و بەرهەمهێنان و فۆرماتی ئابووری و گۆرانەکانی لە هەر قۆناخێکدا دەکات. هەر لەو روانگەیەشەوە دەگاتە ئەو ئەنجامە کە سەرمایەدارییش دوارۆژی نییە، دەبێ فۆرماتێکی تر جێگای بگرێتەوە، کۆیلەیەتی، دەرەبەگایەتی، سەرمایەداری..

هەروەها لە ژمارەی (١٤)دا دوو وتار لە ژێر سەردێری (لە نێوان فەردیەت بە کۆمەل) و (پێشکەوتنی سیستەمی کۆمەلایەتی) بلاوکراوەتەوە، یەکەمیان نووسینێکی خۆمالییە، گۆڤارەکە ئاماژەی بەوە کردووە کە ئەو وتارانەی لە گۆشەی (سەکۆی ئازاد)دا بلاودەکرێنەوە، بۆچوونی گۆڤارەکە دەرنابرن، بەلکو بۆچوونی خاوەن وتارەکانە. ئەم وتارەیان باس لە دوو شێوە بۆچوون دەکا لە بواری ئابووریدا:

أ. دەست تێوەرنەدانی دەولەت لە کاری indi و ئەوەی تریان دەستێوەردانی دەولەت بەمەبەستی پاراستنی پەرژەوەندی گشتی. باس لە ئابووری و بازاری ئازاد و بەکۆمەل کراوە. وتاری دووەم کە لە زمانێکی بێگانە کراوەتە کوردی لەلایەن ب. ع. دلێر ـ کە پێم وایە (بەکر دلێر).ە کە لە کتێبی Story of Humanity چیرۆکی مرۆڤایەتی ـــ وەرگێردراوە. کە بەشی دووەمە، دەبێ بەشی یەکەمی لە ژمارە (١٣)دا بلاوکرابێتەوە. وتارەکە پروپاگەندە بۆ بیرۆکەی سۆسیالیزم دەکاو باسی خەباتی چینی کرێکار دژی سەرمایەداری دەکات.

ب ـ کێشەی سیاسی: بێگومان کێشەی سیاسی لە گۆڤارەکەدا لە چەند خالێکدا کۆدەبنەوە:

١ـ سیاسەتی دەولەتی عێراق لە ناوەوەو دەرەوە.

أ. کێشەی کورد و چارەسەرکردنی کێشەی نەتەوایەتی.

ب ـ کێشەی عەرەب ـ فەلەستین ـ بەتایبەتی.

ج ـ سیستیمی سیاسی و کۆمەلایەتی عێراق.

د. هەلوێست لە سیاسەتی ئینگلیز بەتایبەتی بەرانبەر بە عێراق و سیاسەتی ئیستیعمار لە جیهاندا بە گشتی.

ئەم خالانەی سەرەوە لە سەر رووپەری گۆڤاری (نزار)دا رەنگیان داوەتەوە.

مەسەلەی کێشەی کورد بەشێوەیەکی راستەوخۆ و زەق باس نەکراوە، بەلکو نووسەرانی لە روانگەی بەردەوامبوون و پێشکەوتنی دەولەتی عێراق و پاراستنی یەکێتی خاک و پێوەندی نێوان کورد و عەرەب و هاوبەشی لە دەولەتی عێراقدا و مافی یەکسانی و برایەتی خراونەتە بەرباس و لێکۆلینەوە، هەندێ جار لە روانگەی چارەسەرکردنی کێشەی نەتەوەیی لە عێراق یاخود پاراستنی مافەکانمان چ لە بواری خوێندن بەزمانی کوردی، چ مێژووی کورد و مافەکانی تر، بۆیێ وەک لەسەرەتادا باسمان کرد کە عەلائەدین سوجادی، بەر لەدەرکردنی گۆڤارەکە پێوەندی بەهەندێ کەسایەتی ناسراو کردبوو بۆ بەشداری لە ژمارەی یەکەم، بۆیێ بە پێویستی دەزانم هەر بە وتاری ئەو بەرێزانە کە رەنگدانەوەی سیاسەتی ئەو رۆژە نیشان دەدەنو هەلوێستی سیاسی لایەنە سیاسییەکانی گۆرەپانی خەباتی ئەو رۆژەمان بۆ تۆمار دەکەن، تا وتارەکان و بابەتەکان بخەمە بەرچاوی خوێنەرانی بەرێز.

لە ژمارەی یەکەمدا، مامۆستایان، محەمەد مەهدی جەواهیری شاعیری پایە بەرزی عێراق و پارێزەر حوسێن جەمیل لە وتارەکانیان جەخت لەسەر برایەتی کورد و عەرەب و هاونیشتمانی هەردوو نەتەوەو خەباتیان لە پێناو ئازادی و سەربەخۆیی (عێراق) دەکەن.

لە هەمان ژمارەدا، بەبۆنەی (نەورۆز) باسێکی مێژووی کوردستان کراوەو هەروەها دەقی وتاری مامۆستا سالح روشدی لە ئاهەنگی نەورۆزی سالی ١٩٤٨ لە بەغدا بلاوکراوەتەوە، ئەوی شایانی باس بێت سالح روشدی کەسایەتییەکی دیارە و لە ئەندامانی پارتی دیموکراتی کورد بوو.. وتاکەی سالح روشدی، باس لە خەباتی گەلی کورد لە مێژووەوە دەکا تا دەگاتە ئەمڕۆ، واتە تا سالی ١٩٤٨لەبەر داخستنی گۆڤارەکە باسی راپەڕینی کانوون و لە سێدارەدانی شەهیدان (عزت عبدولعەزیز و مستەفا خۆشناو و خەیروللا عەبدولکەریم و محەمەد مەحمود قودسی) دەکا، باسی گرتن و زیندانی کردن و دەربەدەری بارزانییەکان دەکا و پێ لەسەر درێژەدان بە خەبات دەدات. هەر لەو ژمارەیەدا ریپۆرتاژێکی درێژ دەربارەی ئاهەنگی ماتەمینی شەهیدان دەکا کە خوێندکارانی کورد لە ١٩٤٨/٣/١٩ لە (مەلهای ئەلجەواهیری) سازیان کردووە. جەژنی نەورۆزیان بکەن بە شێوەن بۆ شەهیدەکانی رێی ئازادی لەو کۆڕە ماتەمینەدا ئەو چەند داخوازییانە بەرزکرابونەوە: (نامان ئەوێ بۆ گەل، داوای بەربوونی بارزانییەکان و گیراوە سیاسییەکان ئەکەین، رووخاندنی پەیمانی ١٩٣٠مان ئەوێ، هەلوەشاندنەوەی پەیمانی تورکی ــ عێراقی و ئەردەنی ـ عێراقیمان ئەوێ، هەلبژاردنی ئازادمان ئەوێ).

لە ژمارەی (٤)دا مامۆستا سوجادی وتارێک بلاودەکاتەوە لە ژێر سەردێری (پێداچوونەوە بە وتنەوەی بابەتی مێژوو. داوا دەکات کە مێژووی کوردیش لە قوتابخانەو خوێندگا بالاکان بخوێنرێت، چۆن کورد ئاگای لە مێژووی عەرەب هەیە، بەم



پاکیزە رەفیق حیلمی

جۆرەش عەرەب ئاگاداری مێژووی کورد بێ، هەر لەو وتارەدا، مامۆستا سوجادی بەرپەرچی هەندێ کەسی عەرەب دەداتەوە کە کورد بە (شعوبی) دادەنێن و دەنووسێ: هەندێ لە عەرەب کورد بەوە تاوانبار دەکەن کە (شعوبی)نە، ئایا مافی کوردیش نییە، ئەو کەسانە لە عەرەب بە ئەنانی دابنێت، دیارە ئەگەر ئەمڕۆ بوایە ــ شوڤینی و رەگەزپەرست حیساب دەکران ـ داوا لە وەزارەتی زانیاری دەکەین کە مێژووی کورد لە قوتابخانەکان بخوێندرێ، پیاوانی وەزارەتی زانیاری لە خەو رابن، کاتی کارو بەهێزکردنی یەکێتی و برایەتیمانە..

هەر لەم ژمارەیەدا مامۆستا (ابن خلکان) وتارێکی لەسەر کۆڕی زانیاری عێراق بلاوکردۆتەوەو ئەو هیوایەی لێی دەکرێ.. نووسەر رەخنە لە پێڕەوی ئەو کۆڕە دەگرێ و دەنووسێ: ئەوەی شایانی باس بێت لە پێڕەوی کۆڕی زانیاری عێراقدا، هیچ رستەیەک و بیرکی ئاشکرایی تێدا نەهاتووە کە ئاماژە بە گرنگی زمانی کوردی بدات کە زمانی خەلکی باکوورە، و لە وتارەکەدا چەند

پێشنیارێک بۆ چارەسەرکردنی ئەم کەموکورییە خراوەتە بەرچاو:

أ- دامەزراندنی بەشی زمانی کوردی و گرنگی دان بە ئەدەبەکەی بە هاوکاری لەگەڵ بەشی عەرەبی.

ب - هەڵبژاردنی ئەندام لە زانایانی کورد بۆ بەشی کوردی بە پێی ئەو پۆلینەی لە پێڕەوی ناوخۆدا هاتووە (ئەندامی کارا، یارمەتیدەر، فەخری).

ج - گرنگی دان بە دانانی فەرهەنگ بە زمانی عەرەبی و کوردی بۆ ئاسان کردن و لێکۆڵینەوەی زمانەکانی عەرەبی و کوردی.

د- یارمەتی دان و دابەشکردنی پاداشتی مالی بۆ توێژەر و نووسەرانی زمانی کوردی.

هـ - دەرهێنانی گۆڤارێک لە لایەن کۆڕەوە، بەشێکی تایبەت بێ بۆ زمانی عەرەبی و ئەوەی تریش بۆ زمانی کوردی.

لە کۆتایی وتارەکەدا (ابن خلکان) دەنووسێ:

داوا لە زاناو ئەدیبانی عەرەب و کورد دەکەین کە گرنگی بەو بابەتە بدەن و رووبکەنە سەر لایەنە سەرچاوە بەرپرسیارەکان و ئیلحاحیان لێ بکەن بۆ جێبەجێ کردنی ئەو بیرۆکەیە، بەتایبەتی زمانی کوردی کەمتەرخەمی لەگەڵ کراوە و بایەخی پێ نەدراوە..

لە ژمارەی (١١)ی گۆڤارەکەدا مامۆستا ئیبن خولەکان (ابن خلکان) وتارێکی بلاوکردۆتەوە لە ژێر سەردێری (بۆ بەرچاوی سەرپەرشتکارانی دامەزراندنی زانکۆی عێراقی) دامەزراندنی کورسی( لێرەدا بەمەبەست بەشی زمانی کوردی و ئەدەبیاتی).

دوای ئەوەی نووسەر ئاماژە بە بیرۆکەی دامەزراندنی زانکۆیەکی عێراق دەکاو کە هەندێ لایەن دژی ئەو بیرۆکەیەن و هەندێکیش بە پێویستی دەزانن، بۆچوونی دەستەی دووەم لە رێگادایە پیادە بکرێ بە پێی راگەیاندنێکی وەزیری معارف (زانیاری) بۆچوونی.. دیارە زانکۆش لەسەر بنەمای ئەو کۆلێج و ئامۆژگایانەی هەن دێتە ئاکام.. نووسەر ئاماژە بەوە دەکات کە کۆلێجی ئاداب بنەمای زانکۆ دەبێ و دەنووسێ:

کۆلێجی ئاداب بۆ زانکۆ پێویستە وەک ئاو بۆ مرۆڤ.. بێگومان کۆلێجی ئاداب دەبێتە تەوەری زیندووکردنەوە و توێژینەوەی زمان و ئەدەبیاتی کوردی.. پاشان نووسەر دەنووسێ چەند جارێک لەسەر لاپەڕەی ئەم گۆڤارەدا داوامان کردووە کە پێویستە گرنگی بە زمانو ئەدەبی کوردی بدرێ، چونکە زمانی بەشێکی دانیشتوانی ئەو وڵاتەیە، ناکرێ کۆلێجی ئاداب تەنیا توانای خۆی بۆ زیندوو کردنەوەی زمانی عەرەبی تەرخان بکات، بەڵکو پێویستە هەندێ هەولیش بۆ زیندووکردنەوەی زمانی کوردی و گوتنەوەی لەسەر بنەمایەکی زانستی بدرێ.

نووسەر چەند پێشنیارێک دەخاتە بەرچاوی بەرپرسیاران، دەکرێ لەو سێ خاڵەدا کۆیان بکەینەوە:

١- دامەزرانی بەشی زمانی کوردی و ئەدەبیاتی، وەک پێویستی لێک نزیکردنەوەی بۆچوونی عەرەب و کورد و رێکخستنی ژیانیان لەسەر بنەمای دۆستانەو دلسۆزانە و لێک تێگەیشتن و رێزلێک گرتن.

٢- زمانی کوردی ئەدەبێک و مێژوویەکی دەولەمەندی هەیە، لە عەرەبی و تورکی و فارسی و ئینگلیزی و فەرەنسی کەمتر نییەو، کە لەو بڕوایەداین کە ئەو زمانە جێی خۆیان لە کۆلێجی ئاداب دەدۆزنەوە.

٣- بەلگەش بۆ ئەوەی زمانی کوردی شوێنی شیاوی خۆی هەیە، بۆیێ زانکۆیێکی کۆن وەک سۆربوون لە پاریس، کە لە جیهاندا ناودارە، بەر لە چەند سالێک بەشی کوردی کردۆتەوە.

ئەوەی شایانی باس بێت ئەو هیوایە لە دوای شۆڕشی ١٤ تەمووزی ١٩٥٨ هاتەدی، واتە دوای دەساڵ لەو وتارە، بەلام کۆڕی زانیاری کورد، دوای ٢٢ ساڵ ئەمیش، ئەگەر تا سەریش نەبوو، بەلام هاتەدی، هەرچەندە لە ساڵی ١٩٧٨، کرا بە بەشێک لە کۆڕی زانیاری عێراق بەنێوی (دەستەی کوردی).

هەواڵنامەی کتێب

گۆڤارەکە گرنگی تایبەتی بە ڕاپەڕینی بارزان و لیڤەوماوانی بارزان داوە، کە ئەمەش خۆی هەر بەشێکە لە مەسەلەی چارەی کێشەی سیاسی و نەتەوەیی کورد لە عێراقدا. لە ژمارەی (٤)دا چەند لاپەڕەیەک بۆ ئەم کێشەیە تەرخان کراوە لە ژێر سەردێری ـ کێشەی بارزانییەکان ـ لە پێشەکی وتارەکەو داخوازییەکاندا هاتووە: ئەوە چوار ساڵە گەلی عێراقی ئیلحاح دەکا بۆ چارەسەری کێشەی بارزانییە زوڵم لێکراوەکان، بەدەیان خۆپیشاندانو ئاراستەکردنی برووسکە لە هەموو لایەکی عێراق بۆ کاربەدەستان ـ داوا لە حکومەت دەکەین ڕێز لە هەستی ئەو جەماوەرە زۆرە بگرێ کە دژی ئەو زوڵمانەی دەرحەق بارزانییەکان دەکرێ، دەنگ دەردەبڕن. وێنەی ئەو بروسکانەی بۆ حکومەت رەوانەکراون، بڵاوکراونەتەوە. بروسکەکان ئاراستەی سەرۆک وەزیران، سەرۆکی حیزبی نیشتمانی دیموکراتی، ئازادیخوازەکان، سکرتێری گشتی قوتابیان و ڕۆژنامەو گۆڤارەکان. لە سلێمانیەوە بروسکەیەک بە ئیمزای دوو هەزار کەس، کە پارێزەر برایم ئەحمەد رەوانەی کردووە، تییدا راستەوخۆ هاتووە: کە شۆرشی بارزانییەکان رووی نەدەدا، ئەگەر چەوسانەوەو فشارو گەندەڵی ئیدارە نەبوایە. لە کۆتاییدا دەنووسێ : لە سەر بەردی بناغەی یەکێتیی کوردو عەرەب، ئیستیعمار وردو خاش دەکەین. هەروەها برووسکەیەک لە لایەن کچانی کورد لە بەغداوە، بروسکەیەک لەلایەن جەماوەری کۆیە کە(٤٥٠) ئیمزای پێوەیە لەلایەن رۆستم فەتاحەوە رەوانە کراوە، هەروەها لە ١٩٤٨/٤/٢١ خۆپیشاندانی گەورە لەسلێمانی ساز کراوە بۆ ئازادکردنی بارزانییەکان. هەروەها شاری سلێمانی بۆ ماوەی (٥) سەعات مانی گرت دژی درێژکردنی حوکمی بارزانییەکان. شاری هەڵەبجە لە ١٩٤٨/٥/١ سی سەعاتو نیو مانی گرتو خۆپیشاندانێکی گەورە ساز کرا پتر لە دە هەزار کەس بەشدارییان تێدا کرد بۆ ئازادکردنی بارزانییەکان هەروەها لیژنەی یەکێتی قوتابیان کوڕ و کچ لە سلێمانی لە ١٩٤٨/٥/١ لە خوێندن


ئەحمەد شالی - (١٩٧٤؟)
(ورمێ)

مانی راگەیاند و داوای ئازادکردنی بارزانییەکان هەموو نیشتمانپەروەرانیان کرد. لەرۆژی ١٩٤٨/٥/٢ خۆپیشاندانێکی گەورەلەکۆیێ رێکخرا.

هەروەها لە ژمارەی ـ سێ ـ گۆڤارەکەدا وتارێک بە قەڵەمی مامۆستا محمد عەلی نووسراوە لە ژێر سەر دێری ـ میللەتی عێراق بە ئارامییەوە چاوەروانی چارەسەری کێشەی بارزانییەکان دەکات و تێیدا هاتووە: بزووتنەوەی بارزانییەکان لە ئاکامی هەڵەکانی کاربەدەستانی دەوڵەت و رەفتاری تیرۆر و فشار خستنەسەر و چارە نەکردنی کێشەکان رویداوە. پێویستە حکومەت داخوازیو پێداویستەکانی گەل دابین بکەن.

لەژمارەی سێی گۆڤارەکەدا مامۆستا عەزیز شەریف وتارێکی لەژێر سەردێری ـ مەسەلەی نەتەوایەتی لەعێراق ـ دا نووسیوە. هەرچەندە ئەو وتارەی عەزیز شەریف پێ لەسەر هاوبەشی مێژوویی و شارستانی نێوان کورد و عەرەب دەکات و پێی وایە کەنشونمای نەتەوەی کورد زیان

بەعەرەب نابەخشێ و هەروەها رزگاری عەرەب لە چەنگ داگیرکەران لەخزمەت کێشەی کوردە ـ مەبەست لەعەرەب وەک عەزیز شەریف ئاماژەی پێدەکات رەگەز پەرستایەتی عەرەب نییە و دەنووسێ لە بارودۆخی ئەمڕۆدا، ئازادی کورد ئیمکان نییە، لەکاتێکدا عەرەب خۆی ژێر دەستەو بێگومان رزگاری بەرامبەر بە تەماعی بێگانە عەرەب و یەکگرتنەوەیان بەرامبەر بە تەماعی بێگانە، هۆکارێکی گرنگ دەبێ بۆ هەڵسانەوەی نەتەوەیی کورد. نووسەر پێی وایە لە رۆژی ئەورۆدا (مەبەستی ساڵی ١٩٤٨) لەبەرژەوەندی عێراق و کورد نییە، هەوڵدانی جیابوونەوە.. بەڵام مامۆستا عەزیز شەریف لەسەرەتای پەنجاکان نامیلکەیەکی لەسەر کێشەی کورد بڵاوکردەوە کە پێ لەسەر مافی چارەنووسی کورد دادەگرێ و هەڵوێستەشی روون و ئاشکراترە مامۆستا عەزیز شەریف لە ساڵانی شەستەوە تا کۆچی دوایی لەسەرەتای نۆ هەدەکان بە دۆستی دڵسۆزی کورد لە قەڵەم دەدرێ.

(تێبینی، پێم وایە ئەو وتارەی لە ژمارە (٤)ی گۆڤارەکە بڵاوکراوەتەوەو روونکردنەوەی تێداهاتووە، پێوەندی بەو وتارەی عەزیز شەریفەوە هەیە، کە کاربەدەستانی دەوڵەت لە (نزار) رازی نەبوونە).

لە ژمارە (٨)دا وتارێک لەسەر کێشەی نەتەوایەتی لە عێراقدا بڵاوکراوەتەوە، ئەم وتارە بەشی دووەمی وتارەکە کە لە ژمارەی پێشوودا بڵاوکراوەتەوە، وتاری دووەم کە لەبەردەستی ئێمە دایە ((پێویستە مافی نەتەوایەتیمان بپارێزرێ)) بەقەڵەمی مامۆستا محەمەد عەلی.

لە وتارەکەدا هاتووە: لە عێراقدا لە ملیۆنێک پتر کورد دەژی، ئەوان کەمە نەتەوایەتی نیین هاتبنە ئەم وڵاتە تا بچەوسێنرێنەوە یاخود موراعاتی هەستیان نەکرێ، خاکی کوردستان، نیشتمانی ئەوانەو خۆشەویستە لایان، چونکە لێرەدا پەیدابووینەو لێرەشدا دەمرن، ئەوە راستییەکی نەگۆڕاوە و پێویست بە موناقەشەو دەمە تەقە ناکات.. درێژە بە نووسینەکەی دەداو دەنووسێ: هەموو هەوڵێک تووشی شکستی هاتووە کە مەبەستیان لە نێوبردنی نەتەوەی کورد بووە یاخود توانەوەی بووە.. کورد میللەتە، میللەتیش لە نێو ناچێ و قووت نادرێ.. دەستە ئەنانییەکان دەتوانن تەگەرە بخەنە بەر پێشکەوتنی کورد لە شارستانیەت و گەیشتنی بە مافی نەتەوەیی سروشتی و رەوایی لە ئازادی و یەکسانی.

نووسەر دەنووسێ: دوای ئەوەی عێراق سەربەخۆیی وەدەست هێنا، کورد هەست بەوە دەکەن کە مافەکانیان لەبەر چاو ناگیرێ و فشاریان دەخرێتە سەر، تا وای لێهاتووە کە دەربڕینی هەستی کوردایەتی جنایەت بێ کە پێویستی بەسزا بێ.. کاربەدەستانی دەوڵەت لە مامەڵەیان لەگەڵ کوردا، چاو لە فارس و تورک دەکەن لە ساڵانی ١٩٣٢ ـ ١٩٤٠.

نووسەر رەخنە لە هەڵوێستی حکومەتی سوریا دەگرێ کە تەنگی بە کوردەکان هەڵچنیوە، لە کاتی داگیرکردنی فەرەنسا رۆژنامەو گۆڤاری کوردی هەبوو، ئێستا ئەوەیان لێ قەدەغەکراوە، ئێستگەی رادیۆ بەخشی کوردی هەبوو، لەوکاتەی حوکم کەوتۆتە دەست نیشتمانپەروەران، فشار دەخرێتە سەر کورد تۆمەی جۆربەجۆریان بۆ هەڵدەبەسترێ، رۆژنامەکانیان دادەخرێ.. تارادەیەک وای لێهاتووە دەیانەوێ، پەنابەرە سیاسییەکانی کورد بدەنەوە حکومەتی تورکیا.

نووسەر گلەیی لە برایانی عەرەب دەکات کە هاو دەردی کورد نین و هاوبەشی سۆزیان نین پاشان نووسەر، ئاماژە بە هۆکاری ناکۆکی نێوان نەتەوەکان دەکات لە عێراق و دەنووسێ: هۆی ناکۆکی نێوان عەرەب و کورد زۆرە، لەوانە ناوەکی و دەرەکی. هۆکارە دەرەکییەکان قووڵی نفوزی ئیستیعمارە لە عێراقدا کە لەسەر بنەمای سیاسەتی لێک جیاکردنەوەی نەتەوەکان و تایفەکان و چاندنی دژایەتی و رک و کینە لە جیاتی خۆشەویستی و هاوئاهەنگی و هەروەها

سیاسەتی ئەو دەولەتە دراوسێیە دژی ئێمەی کورد و ترسی ئەو دوو دەولەتە لە بزووتنەوەی کوردی ناوچەیی. ئەو دوو حکومەتە هاوکاری دەکەن بۆ دامرکاندنەوەی هەموو جوولانەوەیەکی کوردیش لەو دوو دەولەتە سەر هەلبدات و هەولدانیان بۆ پێکەوە کار لەسەر عێراق بکەن، چونکە ژمارەیەکی کەم کوردی تێدایە، ئەو دوو حکومەتە تارادەیەک سەرکەوتنیان بەدەست هێناوە، چونکە عەرەب لە عێراق بەلای سیاسەتی نەتەوەیی توندرەوی شکاینەوەو لە ژێر کاریگەری ئەم جۆرە پروپاگەندەیە، لاوازیی حکومەتی عێراقی ئەو کات، لە چاو حکومەتەکانی تورکیا و ئێران لەبەرچاو گیراوە.

وەک دەردەکەوێ ئەم زنجیرە وتارەی مامۆستا محەمەد عەلی لە سێ بەش پێکهاتووە، بەلام بەشی یەکەم و سێیەمان لەبەردەست دا نییە، بۆیی تەنیا دەتوانین وادابنێین کە وتارەکە نەک تەنیا بۆچوونی شەخسی مامۆستا محەمەد عەلی یە، بەلکو بۆچوونی زۆربەی کورد بووە لەو رۆژەدا و لەگەلّ بەرنامەی سیاسی پارتە سیاسییەکانی کوردی و عێراقی (دیموکراتەکانی عێراق) یەک دەگرێتەوە.

ب ــ کێشەی عەرەب بەگشتی و فەلەستین بەتایبەتی:

بزووتنەوەی کورد چ لە چلەکانداو چ لە رۆژی ئەمرۆدا، گرنگی تایبەتی بە خەباتی گەلانی عەرەب داوە، بەتایبەتی بە کێشەی میللەتی فەلەستین، تارادەیەک تا ئەمرۆش بەندێک لەبەرنامەی زۆربەی پارتە کوردییەکان مەسەلەی فەلەستینە و پشتگیری خەباتی فەلەستینییەکانە، لە کاتێکدا بەدەگمەن هەلوێستێکی مرۆڤ دۆستانە لە نێو بزووتنەوەی نەتەوەیی و دیموکراتی عەرەب دەدۆزینەوە کە راستەوخۆ پشتگیری لە خەباتی کورد کردبێ، ئەوانەی تارادەیەک دۆستایەتییان بەرانبەر بە کورد نیشان داوە، لە هەندێ کەسایەتی یاخود چەند دەستەیەک لە رێکخراوە سیاسیەکانی عێراق، دانیان بە مافی کورددا ناوە لە چوارچێوەی دەولەتی عێراق ــ یەکێتی خاک و خەلک ـ لە نێو ئەو رێکخراوانەدا حیزبی شیوعی عێراق هەلوێستی تایبەتی خۆی هەبووەو لەبەرنامەو ئەدەبیاتی ئەو حیزبەدا تۆمارکراوە (بۆ ئەم مەبەستە دەتوانن تەماشای وتارێکی خاوەنی ئەم دێرانە بکەن کە لە گۆڤاری (پەیڤ) ژمارە (٤) سالی ١٩٨٧ بلاوکراوەتەوە).

لەژمارەی (٣)ی (نزار)دا مامۆستا سجادی وتارێکی بلاوکردۆتەوە لەژێر سەردێری (فەلەستین لەگەلّ مردنا لە جەنگدایە، کوانێ پارێزەرانی) رەخنە لە سیاسەت و هەلوێستی کاربەدەستانی عێراق دەگرێ دەربارەی فەلەستین وتارەکە باسی زایۆنیزم لە جوولەکە جیادەکاتەوە و داوا دەکات کە قانوون پێویستە ئەوەی زایونی پێ سزا بدات، نەک مالّ و مندالەکانی ئەو کەسە، پاشان باس لە پێوەندی کوردو فەلەستین دەکات و دەگەرێتەوە سەرباسی سەلاحەدینی ئەیوبی و پیرۆزی شاری قودس و لە کۆتاییدا رەخنە لە هەلوێستی جامعەی عەرەبی دەگرێ و دەلێ:(جامعەی کۆنگرەو کۆبوونەوەو ئاهەنگە.. داوا دەکات کار


محەمەد سەعید خەفاف

بکەن، قسە بەسە، قسە ئێمەی کوشتوە، فەلەستین بانگێشەتان دەکات، کەس هەیە وەڵامی بانگی حەق بداتەوە؟؟!

لەژمارەی (٨)دا وتارێک لەژێر سەردێری ـ لە نێوان هودنەو شەڕراگرتن و شەڕدا ـ بڵاوکراوەتەوە پێوەندی بە شەڕی نێوان عەرەب و جولەکەوە هەیە. جگە لە سەر وتاری ژمارە (٩)کە تایبەتە بە کێشەی عەرەب ئیستیعمار.

لە ژمارەی (١٤)دا باس لە دامەزراندنی حکومەتی فەلەستین لە غەزە بەسەرۆکایەتی ئەمین الحسینی دەکات!

لە ژمارەی (٢٢)دا سەر وتارەکە لە سەر کێشەی عەرەب و سیاسەتی دەوڵەتانی عەرەبە. (لە شوێنی خۆی باسی لێوەکراوە).

ج ـ دەربارەی سیستمی سیاسی و کۆمەڵایەتی لە عێراقدا

ئەو وتارانەی پێوەندییان بەشێوەی بەڕێوەبردنی ئیداری، پەرلەمانی مافی دیموکراتی، سەربەخۆیی تەواو لە دەستێوەردانی دەرەوەو شێوەی فەرمانڕەوایی پیاوانی سەر بە ئینگلیز، دەرچوون لە پەیمانە دوو قۆڵییەکانە، دوو قۆڵیەکان لەگەڵ ئینگلیز دژی پەیمانی ساڵی ١٩٣٠، دژی سیاسەتی دەوڵەت لە پێشێلکردنی مافی مرۆڤ و کەسایەتییەکان و بەبیانووی شەڕی عەرەب و فەلەستین و هەڕەشەکردن و تاڵانکردنی جولەکەکان، هەوڵدانی ڕژێم بۆ سەرکوتکردنی خەڵک بە تۆمەتی شیوعیەت و لەژێر ئەو دروشمە (دژایەتی شیوعیەت) لێدانی هەموو دەنگێک داوای چارەسەرکردنی کێشە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکان و گەندەڵی ئیداری، مشەخۆری بکات بەتۆمەی هەڵبەستراو ـ شیوعیەت ـ سەرکوت دەکرێ. لەم بابەتانە ژمارەیەک وتار لە گۆڤارەکەدا بڵاوکراوەتەوەو، ڕاستەوخۆ ڕەخنە لە سیاسەتی حکومەت و کاربەدەستان دەگرێ و داوای گۆڕینی دەکات.

لە ژمارە(٣)ی گۆڤارەکەدا دوو وتار بڵاوکراونەتەوە، یەکیان دەربارەی کۆنگرەی پارتی ئازادیخوازان (الاحرار)و ئەویتریان بە پێنووسی (ابن خلکان) لە ژێر سەردێری ( ئاگادار و سەرنج بۆ ڕۆڵە وشیارەکانی گەل).

لەو وتارەی لەسەر کۆنگرەی پارتی ئازادیخوازان نووسراوە، گۆڤارەکە لەسەرەتادا داوای ئەوە دەکات کە پێویستە ئەو پارتانەی روخسەتیان لێ وەرگیراوەتەوەو قەدەغەکراون، رێگایان پێ بدرێ. پاشان کورتەیەک لە راپۆرتی ئەو پارتە بڵاودەکاتەوە کە باس لەوە دەکات لە کاتی شەڕی دووەمدا، قانوونەکان هەڵپەسارردرابوون و داهات و دەزگای دەوڵەت لە خزمەتی شەڕدابوو، جگە لە دەستێوەردانی بەریتانیا لە کاروباری نێوەخۆی عێراق. عێراقییەکان چاوەڕوانیان دەکرد کە دوای تەواوبوونی شەڕ، هەندێ دەستکەوتیان پێ ببرێ وەک تکامل بوونی سەربەخۆیی عێراق و دەرچوونی بەریتانیا لەو دوو بنکە سەربازییەی کە لە عێراقدا هەیەتیو دەست لە هەموو شتێک بکێشێتەوە کە پێوەندی بەسەربەخۆیی سیاسی و ئابوری و دارایی هەیە.

٢ـ جێبەجێ کردنی حوکمیی دیموکراتی بە پێی قانوونی بنەمایی، کە ئازادی گشتی دابین بکات و ئازادی پارتایەتی و زەمینە خۆشکردنی بۆ گەشەسەندنی ساز بکات.

٣ـ چاکگردنی باری نێوەخۆیی عێراق و دەزگای خاوێن ئامادە بکات و عەدالەت بەرقەرار بکات و داهاتی سروشتی ئەو وڵاتە لە پێناو بەرزکردنەوەی ئاستی ژیانی خەڵک، وەک تاکە کەس وەک کۆمەڵیش تەرخان بکات.

پاشان راپۆرتەکە ئاماژە بەوە دەکات، پارتەکەیان تووشی هەڕەشەبوون و تۆمەتی چەپایەتییان دەدەنە پاڵ، مەبەستیش لە چەپ بوون ـ شیوعیەتە ـ، لە کاتێکدا وەک دەزانرێ حزبی کرێکارانی بەریتانیا، خۆی بە حیزبێکی چەپ دەزانێ و بڕوای بە سۆسیالیزمیش هەیە، بەڵام هەڵوێستی دژی شیوعیەتە لە جیهان.

پاشان لە ڕاپۆرتەکەدا هاتووە: دەستەیەک هەیە بەنێوی حیزبی شیوعی نهێنی، هەوڵدەدات بخزێنە بزووتنەوەی نیشتمانی.. حکومەتیش ئەوان دەکاتە بیانوو بۆ سەپاندنی دەسەڵاتی خۆی و دژایەتی هەموو ئازادیخوازان دەکات و هەموو داخوازییەک پێوەندی بەسەروەری گەل و سەربەخۆیی هەبێ یاخود پێوەندی بە ڕێکخستنی باری ئابووری و کۆمەلایەتی تۆمەی شیوعیەتی دەخەنە پاڵ. پاشان ڕاپۆرتەکە ئاماژە بەوە دەکات، دژایەتی دەبێ بەشێوەیەکی ڕاست ئەنجام بدرێ، نەک بە توندوتیژی و تیرۆرو، کاتێکیش توندو زەبرو زەنگ بەکار دێ، کەبیری توندتر لە دایک دەبێ. بۆیە پێویستە هۆکاری نارەزایی لەنێو بچێ، کۆمەڵگا بەشێوەیەکی باش ڕێکبخرێ کە زۆربەی خەڵک پێی رازی بێ، نەک پیادە کردنی سیاسەتی برسی کردن و هەژاری بسەپێندرێ، شیوعیەت دژایەتی ناکرێ بە بەکارهێنانی دەستەلات و بلاوبوونەوەی بەرتیل و دزی نانی میللەت و بازرگانی کردنی بە پێداویستییەکانی، دژایەتی شیوعیەت بە دابینکردنی ژیانێکی باش بۆ فەرد و بەرزکردنەوەی ئاستی ژیانی و پیادەکردنی دادوەری دەکرێت.

وتارەکەی دووەم دەربارەی هەرەشەکردن لە جوولەکەکان و ترساندنیان بۆ ئەوەی عێراق بەجێ بهێلن، وتارەکە پیاوەکانی ئیستیعمار و سیخوڕەکانی تاوانبار دەکا کە بارودۆخێکی ئەوتۆیان دروست کرد لە ڕێگای ژمارەیەک لە پیاوەکانی خۆیان و منداڵ و گەنجی فریودراو بانگی ئەوەیان دەکرد، بروخێ جوولەکە و داوای دژایەتییان دەکردن و دوکانەکان داخران، بازار راوەستا، ترسێکی زۆر برایانی ئیسرائیلی (مەبەست جوولەکەیە) گرت نەوەک تالان بکرێن.. دەڵێ لە هەندێ سەرچاوەی باوەڕپێکراو زانیومانە کە هەندێ کەس لە بازار بە ئەنقەست دەمەقاڵێیان دروست کرد بەمەبەستی ترساندن و تیرۆرکردنی جوولەکە، بەتایبەتی هەندێ سوار ماتۆر، ماتۆڕەکانیان بەخێرایی لەشەقامان



بەکر دلێر

دەهاژوشت و خەڵکیان وشیار دەکردەوە لە (فەرهود) تالان.. بەلام گەل دژی ئەم دەستەیە وەستا، خۆپیشاندانی نیشتمانی لە ڕۆژی ١٦/٤/١٩٤٨ وەڵامێکی کاریگەرو تیرێک بوو لە دڵی گیرەشێوێنەکان و خۆپیشاندانەکە بانگێشەی دژایەتی زایونیزمیان کرد و دۆستایەتی جوولەکە.

نووسەر دەنووسی: مەبەست لەو هەراو هەرەشانە ئەوەبوو بەدەستی راست قامچی دەستەلات و بەدەستی چەپ شیری حوکمی عورفی. پاشان داوا دەکات هەموو شتێک دوابخرێ تا هەڵبژاردن، چونکە هەڵبژاردن کێشەی سەرەکی گەلە، ئەگەر هاتوو پەرلەمان لە نوێنەرانی میللەت پێکهات، ئەوسا حکومەتێک پێکدێ کە هەموو کێشەکانی میللەت چارەسەر بکات.

پاشان داوا لە عێراقیەکان دەکات، بۆ جیهان بسەلمێنن کە میللەتێکی وشیارن و دەزانن چیان دەوێ و بەدوای ئامانجێکی دیاری کراو کەوتوونە.

هەر لەم ژمارەیەدا وتارێک لە ژێر سەردێری مۆدەی نەسلی نوێ (بدعة الجيل) بلاوکراوەتەوە،

باس لە زۆر شێوە مودە دەکات، مودەی سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابووری و زانستی، بەڵام خەتەرناک تریان مودەی (بدعة) سیاسی‌یە.

دەنووسی: لەو وڵاتانەی بەشێوەی دیکتاتۆری بەڕێوە دەچێ، فەرمانڕەواکان هەر جارێ مودەیەک یاخود تۆمەیەک دەدۆزنەوە بەکاری دەهێنن دژی ئەوەی کە بەدڵیان نەبێ، چینی فەرمانڕەوا، دەسەڵات و ئیمتیازی خۆی هەیە.. پاشان دەڵێ مێژوو دەوڵەمەندە بەو جۆرە مودانە (تۆمانە) لە دادگای پشکنینەوە (محاكم التفتيش) دەست پێدەکات چۆن ئەوەی لەگەڵ بۆچوونی ئەوان نەبووایە بە (هەرتەقی) تاوانبار دەکرا لە نێو دەچوو، لە ئەسپانیا و ئەمریکا و فرانسا دەکات تا دەگاتە مێژووی ئیسلام بەتۆمەی (زەندیق) و بەنێوی دین و ئایین سەریان دەبڕاندن، ئێستاش لە سەردەمی نوێدا، لە دوای شەڕی دووەمی جیهان بەتۆمەی کۆمۆنیست ـ کۆمۆنیزم ـ هەر کاربەدەست یا کارمەندێکی دەست پاک و دڵسۆز ـ کۆمۆنیستە، هەر هاوڵاتییەکی ئازاد ـ کۆمۆنیستە، ئەوانەی داوای ریفۆرم (ئیسلاح) دەکەن، بە تێکدەر دادەنرێن، ئەوەی داوای ئەوە دەکەن بە ویژدان لەگەڵ جووتیارو کرێکار و کاسبکار بجوولێنەوە، تێکدەرن.. بۆیێ نابێ کەس داوای ویژدان و عەدالەت و ریفۆرم بکات، چونکە بەتۆمەی تێکدەر و گێرەشێوێن و کۆمۆنیست دەدرێنە قەڵەم، ئەوەش تۆمەتێکی زۆر خەتەرناکە، ئەوە بەسە کە ئەگەر ئەو مرۆڤە کتێبێکی ئابووری لەلا بگیرێ کە بە شێکیشی رەخنەبێ لە کۆمۆنیست، شوێنی زیندانە.

نووسەر درێژە بە وتارەکەی دەدا و دەنووسی: بۆیێ کاربەدەستان، هیچ خەم و کاری تریان مەدالیای نایلۆن تۆمەی شیوعیەت بە زۆر بە سینگی هەڵواسن ــ زیندانی بکەن یاخود دووریخەنەوە و راوە دووی بنێن.

وتارەکە دوو لاپەڕەی گۆڤارەکەی پڕ کردۆتەوە نووسەر دەگاتە ئەنجام کە ئەو تۆمەیە گەیشتۆتە رادەیەک لە ئەمریکا تەنیا مرۆڤێکی ناوداری خۆیان بەنێوی مستر هنری دالاس کە بۆچوونی لەگەڵ سیاسەتی دەرەوەی وڵاتەکەی یەک ناگرێ تۆمەی کۆمۆنیستی بدرێتە پاڵ، بەڕاستی شێتێش هونەرە، و ئەمریکاش وڵاتی عەجایبە

هەر لەم ژمارەیەدا وتارێکی عەتا عەبدولقادر لە ژێر سەردێری (کاروان دەڕوا) بڵاوکراوەتەوە. زۆر بە توندی رەخنە لە نۆکەرانی ئیستیعمار و کاربەدەستان دەگرێ و داوای سەربەستی سیاسی و فیکری دەکات و داوای ئەوە دەکات کە پێویستە ئەوانەی تەگەرە دەخەنە بەردەم پێشکەوتنی کۆمەڵ و ناکۆکیو دووبەرەکی دەخەنە نێو گەل ریسوا بکرێن، رێگای دەستووری و قانوونی بۆ هەموو دەستەو کەسایەتییە نیشتمانییەکان وڵا بکرێ و حیزبی گەل و یەکێتی نیشتمانی کە لەلایەن خوێنسترانەوە داخران، مافی خەباتی رەوای خۆیان پێ بدرێ.

هەر لەو ژمارەیەدا، وتارێک هەیە لەژێر سەردێری (سۆسیالیزم و کۆمۆنیزم لە ئیسلامدا) .لە نێوان لیژنەی فەتوای ئەزهەر و بۆچوونی ئیمام سەیدا جمال الدین الافغانی‌دا ئەوەی شایانی باسە ئەم وتارە دەربارەی باسێکە کە لە گۆڤاری (**الرسالة**) میسری ژمارە ٧٧١ بڵاوکراوەتەوە لە ژێر سەردێری (**الجاحظ**) کە پێوەندی بە باسێکی تر هەیە کە نووسەرێک لەسەر سەحابەی زانا (**ابي ذر الغفاري**)ی نووسیوە دەربارەی دابەشکردنی ماڵ لە ئیسلامدا و خاوەنی وتارەکە گەیشتۆتە ئەو بۆچوونە کە شیوعیەت لە ئیسلامیشدا هەیە. وەزارەتی ناوخۆی میسریش ئەو باسەی رەوانەی (جامع الازهر) کردووە کە لیژنەی فەتوا بۆچوونی خۆی لەسەر بدات. لیژنەی ئەزهەریش بەیانێکی دەرکردووە نارەزایی دەربڕیوە بەوەی کە شیوعیەت لە ئیسلامدا هەیە و هەروەها بۆچوونی ئەو سەحابەی مەحکوم کردووە و گوتوویەتی ئەو ئاینزای (ابو ذر)ە نازانرێ کەس لە ئەسحابەکان لایەنگریان کردووە.. زۆربەی زاناکانی ئیسلام بۆچوونەکانی (ابو ذر)یان رەتکردۆتەوەو رایەکەیان

به هەڵە داناوە. پاشان گۆڤارەکە دەنووسی کە ئەو نووسەرە بەنازناوی (الجـــاحظ) بلاوی‌کردبووە، وەڵامی فەتواکەی ئەزهەری داوەتەوەو دەنووسی: کە لیژنەی فەتوا (لە نێوان سۆسیالیزم و کۆمۆنیزم)جیاوازییان نەخستۆتە روو، کە جیاوازییەکی زۆر لە نێوان ئەو دوو زاراوەیەدا هەیە، بۆیێ (ابو ذر)یان بەهەڵە داناوە، بەڵام (ابو ذر) شیوعی نەبووە، بەڵام بێگومان سۆسیالیست بووەو داوای کردووە ماڵی موسلمانەکان بەسەر موسلمانەکان دابەشبکرێ. نووسەری نێو براو لە بۆچوونەکەی خۆی پشت بە بۆچوونی خوالێخۆشبوو ئیمام سەیدا جمال الدین الافغانی دەبەستێتەوە کە جارێک، توێژەر ئاینزای سۆسیالیستی و کۆمەڵایەتی پرسیاری لێ دەکەن لەسەر سۆسیالیست ئەوەیش فەتوا دەدا (**أما الاشتراكية في الاسلام فهي ملتحمة مع الدين الاسلامي، ملتصقة في خلق اهله**).. سۆسیالیزم لە ئیسلامدا، لە دینی ئیسلام جیاناکرێتەوە، بەشێکە لە رەوشتی خەڵکەکە..

گۆڤاری (نزار) لە ژمارە (٣)دا بەڵێنی بە خوێنەران دەدات کە لە ژمارەکانی تردا بگەڕێتەوە سەر ئەم باسە و ئاکامی ئەو باسە بلاوبکاتەوە و هیوا خوازیشە، نەک تەنیا زانایانی میسر بەشداری لەو رادەربڕینە بکەن، بەڵکو زانایانی ئێمەش ئەوانەی لەبنەمای ئابووری نوێ و تیئوریەکاندا ئاگادارن و شارەزایانی شەریعەتی ئیسلامیش بایەخی پێویستی پێ بدەن.

بێگومان بلاوکردنەوەی ئەو هەواڵە و بەڵێن دان بە خوێنەران خۆی لە خۆیدا راستییەک دەسەلمێنێ کەسەر نووسەر و ئەوانەی لەدەوری کۆبووینەوە، بۆچوونیان لەگەل (الجاحظ)، یەک دەگرێتەوە، هەمووشیان تارادەیەک لایەنگری بیری سۆسیالیزمین.

لەژمارە (٤)دا وتارێک لەلایەن عەبدولعەزیز خانەقا ـوە نووسراوە لەژێر ناوی ئەی داگیرکەر (ئەی ئیستیعمار) تێیدا پێی رادەگەینی کە



بەهیە فەرەجوڵا-٤/١٠/١٩٤٥

رۆژێک دێ میللەتان هەموو هەڵدەستنەوە، رۆژێکی نوێ هەڵدێ و هێزی شەڕ تێک دەشکێنرێ و دەڵێ:

ئەو کات،
من و برایانم،
پێشڕەوانی ئازادی،
روو لە جیهانی ئازادو بەختەوەر دەکەین،
جیهانی بەیانێکی نزیک،
پێکەوە سروودی نەمری و گۆرانی ئەزەل (سەرمەدی) دەڵێین،
بەیەک دەنگ..
ئازادی بۆ ئێمە و مردن بۆ داگیرکەر..
ئەو سرووده لەسەر گۆڕو جەستەی تۆ دەبێ ئەی داگیرکەر،
لە جیاتی نوێژی لێبوردن
تێم بگە ئەی کۆیلەکەری من ئەگەر پێشان لە زمانم تێ نەگەیشتووی..

هەر لەم ژمارەیەشدا وتارێک، بەقەڵەمی مامۆستا محەمەد محەمەد نووسراوە لە ژێر سەردێری ئاواتی نەتەوە لە دامەزرانی

ئەنجومەنێکی ئازادی نوێنەران ـ مەبەست نوێنەران (پەرلەمانتار ـ نائب)ە.

نووسەر ئاماژە کە بە ئەرک و رۆلی پەرلەمان لە ولاتە دیموکراتیەکاندا دەکات چییە پاشان دێتە سەر عێراق کە بە پێی دەستوور دەولەتێکی دیموکراتییە، بەلام ئایا لە مێژووی سیاسی عێراق لە وەتەی حوکمی نیشتمانی دامەزراوە تا ئەمرۆ، ئەو ئەنجومەنانەی یەک لە دوای یەک هاتوون، وەزارەتەکانیان بریاری خۆیان لە دەست خۆیاندا نەبووەو پێویست بووە هەمیشە ملکەچ بن.

نووسەر دەنووسێ: بە پێی دەستووری عێراقی ئەنجومەنی نوێنەران بە پێی مەرجی دیاری کراو هەلدەبژێردرێ، بەلام ئەو مافە بەکار نەهاتووەو ئەنجام نەدراوە، تا ئەمرۆ لەسەر کورسی پەرلەمان، هیچ نوێنەرێک بە ئازادی هەلنەبژاردراوە، هەموویان بە پێی هەندێ مەرجی تایبەتی دامەزراون کە دان بە باری مەوجود دابنێن و رەزامەندی بۆ فەرمانێک بۆیان دەردەچێ. ئەوەش لە خورا رووینەداوە، بەلکو بە تەگبیر و لێزانی کراوە ـــ سەرچاوەی دەگەرێتەوە بۆ ئیستیعمار کە سەرچاوەی نەخۆشی و خراپەکاری دیاری نائاساییە، چونکە ئیستیعمار ناخوازێ پەرلەمانێک بێتە کایەوە کە پرۆژەکانی رەتکاتەوەو تەگەرە بێت لە بەردەم پلانەکانی..

ئینگلیز لەو رۆژەی پێیان ناوەتە سەرخاکی عێراق، هەولیان داوە هەموو هەستێکی نیشتمانی دامرکێنن و هەموو دەنگێک داوای ئازادی و دیموکراتی بکات کپ کەنەوە، بۆ ئەوەش دەیان بیانوویان دۆزیوەتەوە بۆ زیندانیکردنی ئازادیخوازانی عێراق و بە خراپترین شێوە ئەشکەنجەیان بدەن.

پاشان نووسەر دەنووسێ ئەنجومەنە فالسەکەی (موزەیەف ـ ساختە) گۆرکراو خرایە ژێر خاکەوە.. میللەت ناخوازێ ئەو کارەساتانە دوو بارە ببنەوە داخوازی ئەو راپەرینە (مەبەست لە راپەرینی ١٩٤٨) قۆناخێک بێ لە نێوان دوو سەردەمی جیاواز.

لە کۆتایی وتارەکەدا هاتووە داواکارە کە هەلبژاردنی ئەمجارە، کۆپی جاران نەبێ، بەلکو رێگا بە گەل بدرێ مافی ستیووری خۆی پیادە بکات، هەلبژاردن دوور بێ لە هەر جۆرە دەستێوەردانێک.. ئایا ئەنجومەنی چاوەروان کراو ئەوە دەبێ کە ئاواتی گەلەو نەتەوەیەو چۆنی دەوێ.. ئەوە بەجێ دەهێلی بۆ دوا رۆژ، لەرۆژانی نزیکدا ئەنجومەنە چاوەروانکراوەکە ئەوە دەسەلمێنێ.

هەر لەم ژمارەیەدا لە بەشی کوردی گۆڤارەکەدا، وتارێک لەژێر سەردێری لە دیواری انتیخاباتا بلاوکراوەتەوە، ئەو وتارەی بەشە کوردییەکە، زۆر جیاوازی لەگەل وتارە عەرەبییەکە نییە کە بەکورتی بۆمان بۆ وەرگێراون، بەلام بە پێویستی دەزانین چەند برگەیەک لەم وتارە بخەینە بەرچاو کە ئاماژە بەو ئازادییە دەکات، کە خەلک وەدەستی هێناوە لە سایەی راپەرینی ١٩٤٨و لە ئەنجامی یەکێتی ریزەکانی گەل و کە چۆن پێویستە یەکێتی ئەو ریزانە بپارێزرێ بۆ ئەوەی لە هەلبژاردنی داهاتوودا، نوێنەرانی گەل بێتە ئەنجومەن.

لە وتارەکەدا هاتووە: ئەمرۆ لە لێواری ئینتخاباتداین، بەسەر پردێکا ئەرۆن کە لە موو باریکترە، ئەگەر بە زیرەکی و وریایی پیایا نەرۆن کەوتنێکی ئەبەدی ئەبێ و تازە هەلسانەوە نابێ، دەرمانی ئەم سەرکەوتنەتان ئەوەیە چۆن تا ئێستە یەک بون هەروا یەک بن، تێک نەچن، ئاژاوە نەنێنەوە، وریابن دەستە پیسەکە لە ئێوەش نەکەوێتە کار، گوێ بە بەدکار نەدەن، گوێ بە خائن نەدەن، زۆر کەس خەریکە تێکتان بدا بە ناوی ئەوەوە کە داوای مصالحتان بۆ ئەکا، لام وایە خۆتان زۆر چاکی ئەزانن ئەوانە کە بەراستی ئێوەیان ئەوێ کێن و چ جۆرە کەسانێکن؟

پارتی (مەبەست پارتایەتی تەسکە) و دووبەرەکی لە بەینی خۆتانا هەلگرن، لە کاتی انتخاباتا وریابن، ئەگەر یەکێتییەکەشتان بە دل نەبوو نەکەن مەوقف تێک بدەن و هەراو ئاژاوە

بنێنەوە، هەمووتان یەک بگرن بۆ ئەو کەسە کە دڵسۆزتانە ببێ بە نائیبتان..

لە کۆتایی وتارەکەدا هاتووە:((ئەگەر لەم مەیدانەدا سەرکەوتن لە هەموو مەیدانێکا سەر ئەکەون، ئەگەر توانیتان نائیبی مخلص و ایش کەرتان نارده مەجلس هەر شتێکتان ئارەزوو کردوە بە دەستانەوە دیت، بەڵام ئەگەر ئەو بارەکەی تری بو، ئەوانە کە کۆنەپەرست و بێگانە پەرستن، مەوقفی ئەم چەند مانگەی ایوەی لە بیر ناچی و لە پارێزایە بۆتان)).

ئەم وتارە جگە لەوە زانایی و تێگەیشتنی بارە سیاسییەکەی پێوە دیارە، لە رووی زمانیشەوە گرنگی تایبەتی خۆی هەیە.

لە ژمارەی (١٤) گۆڤارەکە بەشی دووەمی وتارێک بڵاوکراوەتەوە لە ژێر سەردێری جارێکی تریش دەربارەی کێشەی (بەغا) لەش فرۆشیی ئافرەت..

لە وتارەکەدا هاتووە کە لە بەشی یەکەمدا کورتەیەک لەسەر مێژووی ئەو کێشەیەو راستکردنەوەی تێڕامانی خەڵک بەرانبەر ئەو ئافرەتانەی تووشی ئەم پیشەیە دین. ئەوەی سەرنج راکێشە ژمارەی ئەوانەی ئەم پیشەیە دەکەن لە زۆری دایە لە بەراوردا لەگەڵ پێش داگیرکردنی ئینگلیز، ئەو کات ئەم پیشەیە هەبوو، بەڵام لە هەندێ شاری عێراقدا هەر نەبووە، کەچی ئێستا لە زۆربەی ناوچەکانی عێراقدا بڵاوە.

نووسەر لەلایەک ئەو دیاردەیە دەگەڕێنێتەوە بۆ نش و نمای شارەکان و شێوە شارستانی و رووکردنە شاری خەڵکانی لادێ، چ بۆ کار و هەندێ ئافرەت کە ناچار دەبن وەک کارەکەر لە مالان کار دەکەن پاشان دووچاری ئەم پیشەیە دێن، دیسان هۆی شەر و برسیەتی، کە پیاو دەکوژرێن، ژنەکان روو لە شارەکان دەکەن بۆ ژیان بەتایبەتی بۆ بەغدا، جوانی هەندێکیان کاریگەرو لە لایەن بازرگانانی ئەم پیشە خراپە دەقۆزرێنەوەو تووشی ئەم پیشەیەیان دەکەن.

پاشان نووسەر دەنووسێ: جگە لە هۆیەکانی سەرەوە، جیاوازیی ئاستی ژیانی شارو لادێ، ئاکامی شەری رابردوو و هاتنی ژمارەیەکی زۆر لە لەشکری بێگانە بۆ وڵات، بەرز بوونەوەی نرخی کەل و پەل و خواردەمەنی، هۆیەکیش کە پێمان وابووە، کاتی یە، ئەویش، دوور کەوتنە لە ژن هێنان بەهۆی بەرز بوونەوەی ئاستی ژیان نەگونجاوی لەگەڵ داهاتی ماڵی و چاوتێر نەبوونی باوکان، داوای مارەیی زۆر، کە وای لە گەنجەکان کردووە، لە ژنهێنان دووركەونەوە، سەر بە ماڵی ئاوا بنێن، هەروەها محافزکاری (کۆنسیرڤتیفی) هەندێ بنەماڵە و سەپاندنی پەچە پۆشی لەبەردەم خوازبێنی کار یاخود پیادەکردنی شێوەی کۆن. (واتە خۆت و شانست) ـ یانەسیبە ـ لۆتۆبە ـ یا چاک دەردەچێ، یا دەدۆرێنی، ئەوەش وا لە خوێندەواران دەکا شانسی خۆیان تاقی نەکەنەوە.

پاشان نووسەر دێتە سەر شەرع و دەڵێ ئەگەر شەرع رێگا بدات، پیاو ژن تەلاق بدات، بە بێ هۆ، ژنیشی بێ بەشکردوە لەو مافە، زاڵبوونی پیاو بەسەر ژناو تێکدانی ژیانی ئافرەت بەئارەزووی یەک لایەنە.. چاوەروان دەکرێ بەندێک بخرێتە قانوونی ئەحوالی شەخسی. کە ماف بە قازی بدات بڕیاری جیابوونەوە بدات لەسەر بنەما و ئیرادەی هەردوولا، بێگومان برسیەتی و بێ سەوادی (نەخوێندەواری) بنەمای سەرەکی ئەو کێشەیەن لە کۆتاییدا نووسەر چەند پێشنیارێک بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشەیە دەخاتە بەرچاو:

١ـ بەرزکردنەوەی ئاستی ژیان لە لادێ.

٢ـ چاککردنەوەی لایەنی تەشریعی قانوونی ئەحوالی شەخسی.

٣ـ دژایەتی کردنی پەچەو کەمکردنەوەی کەلێنی لێک جیاکەرەوە لە نێوان هەردوو جنس دا.

٤ـ دانانان بە مافی یەکسانی ئافرەت لەگەڵ پیاو لە باری کار، سیاسەت، کۆمەڵایەتی وەک هەموو وڵاتە پێشکەوتووەکان و هەندێ لە وڵاتانی



عەلی کەمال

ڕۆژهەلات. ڕێگا دان بە ژن کە شان بەشانی پیاو کاربکات.

تیۆری کۆن کە ئایین باشترین پارێزەرە بۆ ژن،تیورێکی کۆنە، لەوانەیە برسیەتی لە شەرەف بەهێزتر بێ.

لە ژمارەی (١٩) گۆڤارەکەدا وتارێک بە پێ نووسی (ابن خلکان) لەسەر ناڕێکوپێکی تەشریعی بەرەڵلایی (فەوزا) یاخود سەر لێشێواوی یاسایی یاسا دانان ئەم وتارە ڕەخنە لە زۆر بواری یاسایی و شێوەی دانانی دەکات نووسەر دەنووسی بەرەڵلایی و ناڕێکوپێکی لایەنێکی ژیانی وڵاتی ئێمەی نەگرتۆتەوە، بەڵکو لە هەموو بوارەکان دێتە بەرچاو لە سیاسەت، لە ئابووری، لە ئیدارە و ڕێکخستنی دەزگاکان تا دەگاتە یاسا دانان.

پاشان نووسەر دێتە سەر باری کۆمەڵگا، دابەشبوونی بەسەر چەند چین و توێژ، کە هەندێ لە دوا پلەی دواکەوتوویدا دەژین وەک ئەوانەی لە نێو خێوەت و ڕەشماڵدا دەژین، گوند نشینەکان لەوان شارستانی ترن، شار نشینەکان لەوانەش، بەڵام هەندێ پیوەندی لەنێو شاریشدا هەر پارێزراوە، هەندێکی تر بەتەواوی لەم پێوەندییە ڕزگاریان بووە.

پاشان ابن خلکان دەنووسێ: پێویستە یەک قانوون پیادە بکرێ بۆ هەموو نەتەوەکە و هەمووشیان لەبەردەم دادگا وەک یەک ڕەفتاریان لەگەڵ بکرێ و هەرسێ دەستەڵاتەکە ـ دەستەلاتی تەشریعی (یاسا دانان)، دەستەڵاتی دادوەری (قضاء)، دەستەڵاتی ڕاپەراندن < جێ بەجێ کردن > (تەنفیزی) لێک جیابن و وەک یەکیش هەقیان هەبێ(یەکسان بن) . ئەو پرنسیپە کۆنەو دەگەڕێتەوە سەر بنەماڵەی سیستمی ئینگلیزی و مۆنتیسکۆ لە کتێبی (ڕۆحی یاساکان)دا هاتووە و بنەمای دەستورییە لە دەوڵەتە پێشکەوتووەکاندا.

پاشان نووسەر باسی گرنگی یەکسانی و لێک جیاوازی ئەو سێ دەستەلاتە دەکات. دوایی باس لە چەند بەندێکی دەستووری عێراقی دەکات، بەتایبەتی ئەوەی پێوەندی بە دادوەرییەوە هەیە لەوانە بەندی (٧٣ــ٧٤)ی دەستوور. کە هاوئاهەنگی لە نێواندا لە بواری مافی داد و داواکردن لەبەردەم دادگای مەدەنی و سزاییدا هەیە. پاشان دێتە سەر ئەوەی کە قانوونەکان ڕۆڵەکانی میللەت دووبەش دەکەن، بەشێک ڕۆڵەکانی عەشیرەت و قانوونی تایبەتیان بۆ دانراوە بەناوی (قانوونی داوا عەشاییرەکان) کە ئەنجامدانی دراوەتە دەست دەستەلاتی ڕاپەڕاندن، لە کاتێکدا هاووڵاتیانی تر دەکەونە ژێر بەندەکانی قانوونی سزای بەغدادی، بەم شێوەیە بنەمای قانوونی لە نێو دەچێ کە دەبێ نەتەوەیەک یەک جۆرە قانوونی دەستەلاتی لەسەر پیادە بکرێ ڕەخنە لەو قانوونە دەگرێ و دەنووسێ: باری کۆمەلایەتی لە پلەی بەداوە (کۆچەری) دەهێلێتە و دەیچەسپێنێ، چونکە زۆر لەوانەی پێوەندی عەشیرەتیان پچراوە، وایان لێ هاتووە ڕوودەکەنە ئەو جۆرە قانوونانە تا خۆیان لە یاساکانی تر ڕزگار بکەن. ئەو قانوونە لەلایەن دەستەڵاتە ئیدارییەکان بەخەراپی بەکار دەهێنرێ و پیادە دەکرێ وتارەکە هەروەها ڕەخنە لە دەستەلاتدارانی باڵا دەگرێ کە

هەواڵنامەی کتێب

مافی تەحقیق و لێکۆڵینەوەیان داوەتە دەست کارمەندانی ئیدارەو پۆلیس.. لە کۆتایی وتارەکەدا دەنووسێ: کە دەستەڵاتی ڕاپەڕاندن هەموو بوارەکانی خستۆتە بەردەستی خۆی، بواری هەر دوو دەستەڵاتەکەی دیکەی تەسک کردووەتەوە. دەستەڵاتی ڕاپەڕاندن هەموو دەستەڵاتەکانی خستۆتە ژێر ڕکێفی خۆی ، دەستەڵاتی یاسادانان و دادوەری بوونەتە مەرەکەب لەسەر کاغەز بەم شێوەیەش وڵاتەکەمان ناتوانێ پێشکەوێ وەک وڵاتانی تر و گەشەبسێنێ و سەرکەوێ.

هەر لەم ژمارەیەدا، وتارێکی تر (لە ڕوانگەی پێ دانانی بەرپرسیاران) بە پێ نووسی ف. ع. پێم وایە فایق عەقراوی‌یە بڵاوکراوەتەوە. وتارێک لەسەر کۆبوونەوەکانی ئەنجومەنی نوێنەران بڵاوکراوەتەوە دەربارەی گەندەڵی دەستگاکانی دەوڵەت. نووسەر ئاماژە بەوە دەکات کە هەموو ئەو حکومەتانەی دەستەڵاتیان لەدەست بوو لەوەتەی حوکمی نیشتمانی دامەزراوە، هەموو بەڵێنیان داوە کە (ئازادی و کامەرانی و مافەکانی) کە لە دەستووردا هاتوون جێبەجێ بکەن، بەڵام هەر قسە بووە. بێگومان باری ژیان و گوزەران و مافەکان ڕۆژ بەرۆژ بەرەو نزمی و خراپی دەڕۆن و دەزگاکان گەندەڵتر دەبن، تا ڕادەیەک بەرپرسیاران ناچار بوون لەبەردەم پەیمان، دان بەو ڕاستیانەدا بنێن، باشە ئەگەر میللەت لە هۆڵی پەرلەمان گوێی لەو دانانەی بەرپرسیارانی حوکم ببایە، پرسیارێک دێتە کایەوە بۆ دەستەو ئەژنۆ وەستاون و چارەسەری ناکەن! ئەگەر ئەوان لە توانایاندا نییە چارەسەری بکەن، خەڵک داوایان لێ بکات واز لە بەرپرسیاری ئەو بارە گەندەڵە بهێنن، ئەگەر ئەو حکومەتە نوێیە نیازی چارەسەری هەیە، یا ئەو پەرژینە لە نێوان خۆی و میللەت وەلانێ کە حکومەتەکانی تر دروستیان کردبوو، بابێتە نێو خەڵکەکە بزانن ئازار و ئاواتی چیە، گوێ لە ڕۆژنامەو نوێنەرانی گەل بگرن، ئەوسا دەبێتە یەکەم حکومەت لە مێژووی حکومەتەکان کە بەراستی ڕەزامەندی میللی پێ دەبەخشرێ.

لە ژمارەی (٢٠)دا نووسەری بەنێو بانگ و سیاسەتمەدار (ذنون ایوب) وتارێکی لە ژێر سەردێری (نائومیدییێکی بکوژ) بڵاوکردۆتەوە، وتارێکی سیاسییە لەسەر نائومێدی ، یاخی بوونی تێدا هاتووە: هەندێ لەو بڕوایەدان کە بەختەوەری شتێکی خەیاڵییە و لاتی و برسیەتی لا مەحالە و باشترین چارەسەریش، هێشتنەوەی عەقڵە لە تاریکیدا، ئەوانە لە لاتی، برسیەتی ڕادەکەن و لە لەنێوچوونیش دەترسن و قینیان لە خۆماندووکردن هەیە، لە کاتێکدا دەستەیەکی تر هەیە بزە لەسەر لێویانە بۆ ڕۆژێکی نوێ، لە نێوان مردن و ژیاندا لەپێناو ئامانجەکانیان جیاوازی نابینن و لە پێناو ئامانجیاندا دەمرن و خەندە لەسەر لێویانە، پێم وایە لە ناخەوەش بەختەوەرن، نەک خۆیان فریو دەدەن.

هەر لەم ژمارەیەدا، بابەتی لاپەرەی ٩، ئاماژەی پێکراوە، بەڵام وتارەکە لەلایەن سانسورەوە لابردراوەو خاوەنی گۆڤارەکەش لاپەرەکەی بە بەتاڵی هێشتوتەوە.

لە ژمارەی (٢١)دا وتارێک لەسەر مەترسی لافاو نووسراوە، ڕەخنە لەبەڕێوەبەرایەتی ئاودێری دەگرێ کە بەهانای خەڵک نایەن و کارناکەن بۆ بەر لە لافاو گرتن، کاتێک بە ئاگا دێنەوە کە لافاو ڕوودەدات و زیان دەبەخشێ.. خۆ دەزانن هەموو ساڵێک لافاو هەڵدەستێ..؟!

داوای چارەسەری پێش وەخت دەکات بە ئامادەکردنی عەمباری کۆکردنەوەی ئاو، هەڵبەستنی بەربەستو جۆگەی دەستکرد.

د- هەڵوێست لە سیاسەتی ئینگلیز بەرانبەر عێراق بە تایبەتی و سیاسەتی ئیستیعمار لە جیهاندا بەگشتی.

لە ژمارەی (١) لە بەشی کوردیدا لە ژێر سەردێری (استعمار چیە) بەقەڵەمی ق. أ نووسراوە، پێشەکی باس لە زاراوەی ئیستیعمار دەکات واتەی بە عەرەبی و بێگانە چی دەبەخشێ،

پاشان دێتە سەر باسی دەوڵەتە پیشەسازییەکان بۆ دابینکردن و پێشکەوتنی پیشەسازی چ پێویست بوو:

١ـ بازاڕێکی فرەوان بۆ فرۆشتنی شتەکان.
٢ـ کەرەسەی خاو (مواد اولیە).
٣ـ کرێکار بۆ ئیشکردن.

ئەو سێ هۆیە وایان لە دەوڵەتە پێشکەوتووەکان کردووە، بۆ دابینکردنی هەر سێ جۆری پێویست، سیاسەتی پەلامار و داگیرکردن پیادە بکەن، بەلاّم ئەوان بەناوی ئاوەدان کردنەوەوە ئەم شوێنە داگیر دەکەن هەر چەندە ئەگەر لەو پێناوەشدا تووشی شەڕێکی گەورە ببن.

پاشان نووسەر دەڵێت: هەندێ ئەڵێن استعمار پیشەسازی ئەخاتە هەندێ وڵاتەوە، بەلاّم ئەبێ بزانین ایمە ئەڵێین ئەبێ وڵاتەکەمان لە پیشەسازیدا پێش بکەوێت مەبەستمان لەو پیشەسازیەیە کە بە سەرمایەی خۆمان پێک بێت بۆ ئەوەی قازانجەکەی بگەڕێتەوە بۆ خۆمان و ژیانی گەلی پێ بەرز دەبێتەوە و ئەو پشەسازییە چ کەڵکێکی هەیە بۆ ئێمە کە کەرەسەو ئیشو قازانجی لە خاک و گیرفانی ئێمە بێتە دەرێ و بچێتە گیرفانی بێگانەوە لە نیویورک و لەندەن بکرێت بەبەزم رەزمی و خاوەن سەرمایەکان.

نووسەر دەگاتە ئەو ئامانجە کە پیشەسازیی بێگانە رێگا گرە لە بەردەم پێشکەوتنی نیشتمانی و ((ئامانجی ئیستیعمار بە کورتی قازانج پەیاکردنە بۆ چەند سەرمایەدارێک..))

ئامانجی ئەوەیە وڵات بەدواکەوتوویی بهێڵێتەوە و سامانەکەشی تالان بکات.

لە سەروتارەکان و لە کێشەی عەرەبدا و کێشەکانی تر ئاماژەمان بەرۆڵی ئینگیلز کردووە کە لەسەر لاپەرەی گۆڤارەکەدا ریسوا کراوە، بەپێویستی نازانین ئەوەی وتراوە جارێکی تر باس بکرێتەوە، بەلاّم بە پێویستی دەزانم ئەوەی راستەوخۆ لە بابەتەکانی تردا ئاماژەیان پێ نەکراوە لێرەدا ئەگەر بە کورتیش بێ سەرنجی بۆ راکێشن.

لە ژمارەی (٨) گۆڤارەکەدا بەشی چوارەمی وتارێک لە ژێر سەردێری (تایکین) بلاّوکراوەتەوە، وتارەکە لە گۆڤارێکی سۆڤیەتی بەنێوی (سەردەمی نوێ) ساڵی ١٩٤٧ بلاّوکراوەتەوەو م. ت لە زمانی عەرەبییەوە وەرگێڕاوەتە سەر کوردی.

دیارە بەشەکانی تر لە ژمارەکانی پێشوودا واتە لە ژمارە (٤)وە دەست پێدەکات، ئەمەو لەم بەشەدا باسی هاوسەنگی هێزەکانی ئەمریکاو بەریتانیا دەکات و کە ئەمریکا ئێستا هێزی دەریایی، ئابووری و هێزی ئاسمانی و بەربەرەکانیان بۆ دامەزاندنی بنکەی لەشکری. دەنووسێ: ((ئەمریکا دەوری ئەم قواعدانەی ئینگلیزی تەنیوە و ئەیتەنێت. کاربەدەستانی انگلترەش وە نەبێ ئەم کردەوەیەی ئەمریکایان لا پەسەند بێ ئەگەرچی ناشتوانن نەیەلن)).

پاشان باسی مشتومڕی ئینگلیز و ئەمریکا دەکات لەسەر نفوسی سیاسی لە ئەمریکای لاتین، ئەوروپا، خۆرهەلاتی ناوەڕاست و هندستان و



نووری ئەمین

مالیزیا و ژاپۆن. وەدڵێ: لیستی ناکۆکی ئەم دوو دەوڵەتە ئاشکرایە. پێوەندی ئەمریکا و ئینگلیز، عناسری ئاشتی و دوژمنایەتی تێدا بەرچاوە، هەندێ ناکۆکی لەکاتی شەر وەلانرابوون، بەلام هەردووکیان یەکن بەرامبەر بە یەکێتی سۆڤیەت. وتارەکە ئاماژە بەوە دەکات کە لە نێو پەرلەمانی ئینگلیزدا دەنگ بەرز دەبێتەوە کە پێویستە لە ژێر وسایەی ئەمریکا دەربچن و دۆستایەتی لەگەڵ سۆڤیەت بکەن.

هەم دیسان لەم وتارەدا ئاماژە بە وتارێکی ئەندامی پەرلەمانی ئینگلیز دەکرێ کە ناوی گروسمانە کە لە وتارێکی دا لە ١٩٤٨/١٠/٢٢ وتوبەتی: ((ئێمە ناتوانین داو بۆ ئەمریکا بەرەلا کەین بەناوی (سەربەستی بازرگانیەوە) کە ئەویش ئەوەی ئەمریکا بە ئارەزوی خۆی بازارەکانی دنیا بگرێتە دەست خۆیو شتەکانی خۆی تیا ساغ کاتەوە بەناوی قەرزیشەوە جلەوی سیاسەتی حکومەتەکان بگرێتە دەست خۆی، ئێمە لایەنگری ئەمریکا یان روسیا بین بەتەنیا پەکمان ئەکەوێت، بەلام ئەگەر بێتو خۆمان سەربەخۆ بینو یارمەتیو دۆستایەتی لەگەڵ هەردوو لایاندا بگرین ئەوا سەر ئەکەوینو بەهێز ئەبین)).

نووسەری وتارەکە بەم شێوەیە قسەی گروسمان شی دەکاتەوە: ئێمە باش تێ ئەگەین کە گروسمان دۆستایەتی یەکێتی سۆڤیەت داوا ناکات وە بە ئاشکرا پێ لەوە ئەنێت کە لەسەر سیاسەتی تقلیدی ئینگلیزی بردن بەرێوە یەعنی لەسەر دوو پەت یاری بکەن.

سەروتاری ژمارە (٩) لەسەر ئیستیعمارەو لە شوێنی خۆیدا ئاماژەی پێکراوە.

لەهەمان ژمارەدا وتارێک لەلایەن عمر رشادی سەرۆکی کۆمەڵەی لاوانی ئەندونیسیا لە بەغدا بلاوکراوەتەوە، بەرگری لە کۆماری ئەندونیسیا دەکات دژی پیلانەکانی دەوڵەتە ئیستیعمارییەکان دەدوێ. بەتایبەتی سیاسەتی ئینگلیز و ئەمریکاو بەلچیکا و هۆڵەندە دژی کۆماری ئەندەنووسی و خۆ راگری ئەم گەلە. باس لە سیاسەتی ئابلۆقەی دەریایی و ئابووری و لەشکری دەکا، ئەگەر بێتوو وڵاتانی عەرەبیش بریارەکانی ئەنجومەنی ئاسایشی نێو نەتەوەیی جێبەجێ نەکەن بەهەمان شێوە لەگەڵیان دەجوڵێنەوە، چونکە داوای ئازادی و سەربەخۆیی لەلای سیاسەتمەدارانی رۆژاوە جنایەتە. چەند وتارێک لە ژمارەکانی تریش هەر بۆ ئەندەنووسیا تەرخان کراوە.

لە ژمارەی (١١)دا سەروتارەکە لەسەر سیاسەتی ئینگلیز نووسراوە لە شوێنی خۆیدا ئاماژەی پێکراوەو هەروەها لەسەر وتاری ژمارەکانی پێشوو ئاماژە بەو وتارانە کراوە کە راستەوخۆ پێوەندییان بە ئیستیعمار و سیاسەتی ئیستیعمارەوە هەیە.

٢- خوێندن و خوێندەواری

لە ژمارەی (٣) گۆڤارەکەدا پێشنیارێک کراوە بۆ دامەزراندنی کۆمەڵەی قوتابخانەی کوردیی ئەهلی.

وەک دەردەکەوێ لە بەغدا دوو کۆمەڵەی قوتابخانەی ئەهلی (التفیض والجعفریة) هەیە، گۆڤاری (نزار)یش پێشنیار دەکات کە دڵسۆزە خاوەن غیرەتەکانی کوردیش داوای روخسەت لە وەزارەتی نێوخۆ بکەن بۆ دامەزراندنی کۆمەڵەیەکی ئەوتۆ لە سلێمانی و پاشان لقی لە شارەکانی تر بکرێتەوە بۆ بلاوبونەوەی خوێندەواری و پەرەسەندنی ئەدەبیاتی کوردی لە کوردستان، گۆڤارەکە داوا لە خاوەن نەزەرەکان دەکا کە بۆچوونی خۆیان لەم بارەیەوە بۆ گۆڤارەکە رەوانە بکەن.

لە ژمارەی (٤) گۆڤارەکەدا، چەند پێشنیارێکی دیار لەم رووەوە لە گۆڤارەکەدا بلاوکراوەتەوە: ١- چەند کەسێک لە خوێندەوارو شارەزایانی کورد لیژنەیەک پێک بینن، ئەم لیژنەیە بەناوی (جمعیة المدارس الکردیة)، عریزەیەک بدەن بە وەزارەتی داخلیە بۆ وەرگرتنی ئیجازەی ئەم جمعیەتە، سەرنج لە شێوەو زمانی ئەم دەقە بکە کە بەر لە (٥٠) ساڵ نووسراوە،



عەبدولعەزیز خانەقا

ئەگەر بەراوردی بکەی لەگەڵ دەقێکی ئیمرۆ دەزانی زمانی کوردی چەند پێشکەوتووە.

پاشان خاوەن پێشنیارەکە دەنووسی: کە ئیجارە وەرگیرا بۆ هەڵسوراندنەکەی ئەمانەی خوارەوەی بۆ بکرێت: ١ـ باربوو، ٢ـ یانەسیب، ٣ـ یارمەتی لەلایەن دەوڵەمەندەکانەوە، ٤ـ خەلات و تەمسیل. ٥ـ لەپاش دامەزراندنی وقف کردنی مال و دوکان بۆ مانەوەو ژیاندنی.

قازانجی ئەم مەشروعە: أـ زیندوکردنەوەی زمان و ئەدەبیاتی کوردی لە کوردەواریدا. ب ـ زۆربوونی خوێندەوار و زیاد بوونی قوتابخانە لە کوردەواریدا. جـ ـ کۆشش کردن بۆ فێر بوونی زمانی بێگانە و خوێندنیان لەو قوتابخانانەدا بەهۆی تەرجەمە کردنیانەوە بۆ زمانی کوردی، دەوڵەمەندکردنی زمانەکەو کردنی بە زمانێکی عیلمی. دـ ئەم مەشروعە بکرێتە بناغە بۆ کردنەوەی (دار الطباعة) دەستگای چاپەمەنی. هـ ـ بزووتنەوەی حەرەکەی علمی و خوێندەواری لە ڕێگەیەکی فەنییەوە.

لەکۆتایی وتارەکەدا کە بەناوی ئیدارەی (نزار)ەوە نوسراوە دەڵێ: کورد زۆر پاشکەوتووە، زۆر داماوە، بێجگە لە خوێندن هیچ دەرمانێکی تر چاری ناکا.

لە ژمارەی (٨)دا مامۆستا علاءالدین سجادی دەست بە بلاوکردنەوەی زنجیرە وتارێک دەکات بەزمانی عەرەبی لەسەر چۆن فێری زمانی کوردی دەبی، ئەم زنجیرە وتارانە (١٥) ئەڵقەی لێ بلاوکراوەتەوە.

لە ژمارە (١١)دا وتارێک لەسەر لیژنەی تەرجەمە و نەشر بلاوکراوەتەوە، لەسەرەتادا هاتووە: لام وایە هەموو کەس ئەیزانی زمان سەرچاوەی هەموو پێشکەوتنێکە، هەر قەومێ زمانی نەبوو مەعنای وایە لە ژیان بێ بەشە، هەمووتان ئەمە ئەزانن کە بێگانەیەک یا اوروپاییێک کە دێتە قسە لەبارەی ایمەدا ئەڵێ: کوا خۆ هیچتان دیار نییە؟ کوا فەرهەنگتان؟ کوا دیوانی شاعیرەکانتان؟ کوا نوسراوە ئەدەبییەکان و تأریخی مۆزەخانەکانتان؟ کوا ئەو چیرۆکەو سەرگوزەشتی قەومی تان کە بەزمانی خۆتان چاپکرابێ یاخرابێتە زمانێکی ترەوە؟ ئەمانەمان پێ ئەڵێن و راستیش ئەکەن، چونکە ایمروژ مەوجودیەت ئەوە نیە کە پیاو دانیشی و سمێل بابدا، بەڵکو مەوجودیەت بە خوێندەواری و خۆپیشاندانە بە عالەم لە ناحیەی چاپ و بلاوکردنەوە.

جا گۆڤارەکە لە درێژەی وتارەکەیدا داوا دەکات لیژنەیەک بۆ وەرگێران و بلاوکردنەوە دامەزرێ هەندێ پێشنیار دەخاتە بەرچاو:

أـ ئەندامی ئەم لیژنەیە لە خوێندەوارانی کورد بن، لیژنەکە لیژنەیەکی ئەهلی ئەبی، هیچ پەیوەندیەکی بە سیاسەتەوە نییە، کاربەدەستیش ئەتوانن تیایا ئەندام بن.

لەبەر ئەوە سەرمایەیەکی زۆری ناوی ئەتوانرێ ئەم لیژنەیە لە چەند کەسێکی یاربەدەر پێک بهێترێت..

ب ـ پێویستی ئەم لیژنەیە کۆکردنەوەی شیعرو ئەدەبیات و ئاساری کوردی و لەچاپدانی..

جـ کە تۆزی سەرمایەی زیادی کرد ئەتوانێ چاپخانەیەک بکرێ.

د- کە تۆزی پێشکەوت ئەتوانێ رۆژنامەیەکی ئەدەبی بۆ خۆی وەرگریت و ببێت بە زمان و دعایە بۆی وەک چۆن گۆڤاری (الثقافة) ایستە زمانی لیژنەی تەرجەمە و تالیفی میسریە.

لە ژمارەی (١١) وتارێک بەنێوی (خیانەتی گەنجەکانمان) بلاوکراوەتەوە مەبەست خوێندەوارەکانە ((شهادە بەس نییە کە تۆ خۆت بە مثقف بزانی)).

لە ژمارەی (١٤) پێشنیار بۆ دەولەت دەکا کە چارەیەک بۆ باری ژیانی مەلایانی کوردستان بدۆزێتەوە، و پێشنیار دەکات کە حکومەت خوێندنگایان بۆ بکاتەوە بۆ فێربوونی هەندێ زانست و فن بەتایبەتی شێوەی پێ خوێندن و پێ گەیاندنی نوێ، رەوانەی گوندەکان بکرێن بۆ دوو مەبەست:

١- وەک مەلا ئەرکی ئایینی ئەنجام بدەن.

٢- وەک مامۆستا کە فێرکردنی گەورەکان و



کەمال محەمەدئەمین

نەخوێندەوارانی بەشەو بخەنە ئەستۆ.

هەر وەک لە شوێنی تری ئەم وتارەدا ئاماژەمان پێکردووە، گۆڤارەکە چەند وتاری تر دەربارەی پێویستی خوێندنی بەرز و کردنەوەی بەشی کوردی لەزانکۆو لە کۆری زانیاری عێراق و وتنەوەی مێژووی کوردی خستۆتە بەرچاوی بەرپرسان و کاربەدەستانی دەولەت.

٣- تەندروستی

لە بواری تەندروستی و باری تەندروستی و پێداویستەکانی ژیانی کۆمەلایەتی و شارستانی لە کوردستانا، گۆڤاری ـ نزار ـ چەند وتارو چاوپێکەوتن و نامەی خەلکی بلاوکردۆتەوە. لێرەدا بەکورتی ئاماژە بە هەندێکیان دەکەین:

لەژمارەی (٨) دا دەربارەی پێویستییەکانی شاری سلێمانی لە بواری کارەباو ئاو و بەلەدیە و دار چاندنی گۆیژە وتارێک بلاوکراوەتەوە.

هەروەها لەژمارەی (١١) دا دیسان دەربارەی کێشەی بێ ئاوی لە سلێمانی نووسراوە. لەژمارەی (١٤)دا چاوپێکەوتنێک لەگەل دکتۆر هاشم دوغرەمچی سەرۆکی تەندروستی سلێمانی سازکراوە، دەربارەی نەخۆشی بەربلاوەکان و خەستەخانە و ئیمکانییەتی چارەسەرکردنی نەخۆشەکان و ژمارەی دکتۆر و نەخۆشخانەو بۆ ئەوانەی بیانەوێ بەراوردێک بکەن لە نێوان سالی ١٩٤٨ لەگەلٚ ١٩٩٨ دەتوانن بزانن سلێمانی لەو ماوەیەدا چەند پێشکەوتووە؟! چاوپێکەوتنەکە (٣)لاپەرەی گۆڤارەکەی گرتووە.

بۆ نموونە لە هەموو پارێزگای سلێمانی ئەو کات (٣) نەخۆشخانەو (٢١) کلینیک (مستوصف)هەبووە. ژمارەی دکتۆرەکان بە هەر سێ نەخۆشخانە (٦) دکتۆر بووە. (٢) صیدلي و (١٣) مامان و (٢٧) برین پێچ و (١٤٠) تەخت بۆ نەخۆشەکان. یاخود ژمارەی لە دایکبووان لە هەموو سلێمانی دا لە سالی ١٩٤٦ (٦٤٣٨) بووە کە تۆمارکراون یاخود ژمارەی مردوان لە سالی ١٩٤٦ (٥٠٣) کەس بووە لەوانە (٣٤٤) ژن بووینە، بەلام لە سالی ١٩٤٧ ژمارەی مردوان

بە گشتی (٤٣٢) کەس بوو، لەوانە (١٩٢) ژن بووینە.

هەر لە هەمان ژمارە لە بەشی کوردییەکەدا دەربارەی سلێمانی دەتوانین ئەم زانیارییانە بزانین ژمارەی دانیشتوانی (٣٥) هەزار کەس، یەک قوتابخانەی دواناوەندی و ناوەندییەکی کچان و هەشت قوتابخانەی سەرەتایی کوڕان و پێنج سەرەتایی کچان هەیە.

لە هەموو ئەو ژمارانەی لەبەر دەست دان، یەک تاقە وتار لەسەر یەکێک لە نەخۆشییە کوشندەکان بلاوکراوەتەوە وەک فەرەنگی و سۆزەنەک لەلایەن دکتۆر تاهیر مەریوانی لە ئەمریکا، ئەویش لە ژمارەی (٢٢)دا هەروەها لە شوێنێکدا باسی نەخۆشیی شێرپەنجە دەکرێ کە لە ئەمریکا پارەیەکی باشی بۆ تەرخان کراوە، بەلام نووسەرەکە لە روانگەیەکی سیاسییەوە بارەکە هەڵدەسەنگێنی کە پارە بۆ لێکۆڵینەوەی شێرپەنجە تەرخان دەکرێ، لەلایەکی تر لە رێگای شەڕ بەبۆمی ئاتۆمی ئەمریکا سەدان هەزار کەس بە کوشت دەدات.

٤ـ کێشەی ژنان

لە گۆڤارەکەدا تیشکی هەمەلایەنە خراوەتە سەر کێشەی کۆمەلایەتی ژن لە کۆمەڵگای کوردەواری و عێراقدا، لەوانە مەسەلەی خوێندن، مافی یەکسانی ژن و پیاو لە بەرانبەر قانوون و شێوەی رەفتاری کۆمەڵگا بەگشتی و پیاو بەرانبەر بە ژنان و قانوون ئەحوالی شەخسی مەدەنی لە وتارێکدا کە لە بەشێکی تر ئاماژەم پێکردووە دەربارەی لەش فرۆشیی ژن و پێشنیارەکان بۆ چارەسەرکردنی ئەو نەخۆشییە کۆمەلایەتییە.

لە ژمارەی (٣)دا بەشی دووەمی وتارێکی مامۆستا شاکر فەتاح لەسەر ئافرەتی کورد بلاوکراوەتەوە، دیارە بەشی یەکەمی لە ژمارەی دوودا بلاوکراوەتەوە، ئەم وتارەی شاکر فەتاح ئەو بەشەی لەبەر دەستدایە باسی مێژووی ناودارانی ژنانی کورد دەکا، چ فەرماندەی لەشکری، کۆمەلایەتی و سیاسی و هونەر نموونەکانیش وەک: (قەرە فاطم) و (قدم خێر) و (عادلەخان) و (لەیلا بەدرخان) و (حەپسەخانی شێخ مارفی نەقیب) تا دەگاتە کچە کوردی نووسەری گۆڤاری (نزار) بەهیە فەرەج اللە. وتارەکەی مامۆستا بەسەر بابەتی جیاجیا دابەشکراوە: ئافرەتی کورد و فەرمان، ئافرەتی کوردو رونەپۆشین، ئافرەتی کوردو جووڵانەوەی پێشکەوتن، لەو بەشەدا ئاماژە بەوە دەکات کە لە ساڵی ١٩٣٠دا جولانەوەیەکی ئافرەت پەیدا بوو لە سلێمانی دا، ئامانجی پێ گەیاندن و پێ خوێندنی هەموو ئافرەتی کورد بوو، بە هەموو چین و دەستەو تەمەنێکیانەوە، کلۆڵیی ئافرەتی کورد، لێرەدا مامۆستا ئاماژە بە هەندێ رەوشتی خەراپ دەکا وەک: زۆرداری خاوەن خێزان، پۆشینی رووپۆش، بەربەست کردنی خوێندەواری ئافرەت.. داوا دەکاو دەنووسێ: ((هاوبەشکردنی لەگەڵ پیاودا لە هەموو خۆشی و تەنگانەیەکا چە لە ژینی خێزانی وە چە لە ژینی کۆمەلایەتی و سیاسیدا))، لە درێژەی ئەم وتارەدا شاکر فەتاح دەنووسێ: ((کچە کوردی خوێندەواریش وا خەریکە بڕوا بکات کە تا خێزانی لەسەر بنچینەی دڵداریی راستەقینەی هەردوولایی ژن و مێرد دانەمەزرێ بەختیار نابێ)).

شاکر فەتاح دەنووسێ: پێویستە کردەوەو رەوشتە ناپەسەندەکانی رۆژاواییەکان فرێ دا، بەلام پێشکەوتنە راستەقینەکەیان لێ وەرگرێ..

لە ژمارەی (٣)ی گۆڤارەکەدا باسێک لە ژێر سەردێری (ژنان لە نێوان رابردوو و ئێستادا) بە قەلەمی خوشکە پەروین مستەفا بلاوکراوەتەوە.

لە وتارەکەدا ئاماژە بەوە دەکرێ کە هەندێک پێیان وایە ژن خولقاوە بۆ ئەوەی لە مالەوە دانیشێ و تاقە ئەرکیشی، بەخێوکردنی مندالەو کۆیلەتی بەسەردا دەسەپێنن و دەبێ لە مندالی و لاوییەتی گوێ رایەلی کەسوکاری بێ.. وەک بۆ خۆشی و رابواردنی مێردەکەی و ئامرازێکە بۆ خزمەتی مندالەکانی.

هەوالنامەی کنیر



عەبدولسەمەد خانەقا

نووسەر داوا لە ژنان دەکا، ((ئەرکی سەر شانمانە دژی ئەو بیرو رایە راوەستین و بەرەنگاری بیرەکانیان بکەین و موناقەشەی بۆچوونەکانیان بکەین و ردیان بکەینەوە)).. و پێیان بلێین: ئەی کۆنەپەرستەکان، لە رابردوودا کچ (عالە) بوو لەسەر کەسوکاری، چونکە ئازادی ئابووری نەبووەو بێ کار بوو.. کچیان بە لاواز و (ناقص) لە قەڵەمداوە. بەلام ئەمرۆ لە رێگای چەکی زانستەوە، قەلای کۆنەپەرستیان پەلامارداوە، لە تەک کوراندا، لەسەر کورسی خوێندن لە زانکۆکان و هاتۆتە بازاری کارکردن لە تەک پیاوادا.

با چاوێک بە نەخۆشخانەکاندا بگێڕین دەبینین دکتۆرە ژنەکان چ جۆرە خزمەتێکی مرۆڤانە پێشکەش دەکەن.

پاشان نووسەر ئاماژە بە رۆڵی کچانی عێراق دەکا لە خەباتی سیاسی دا لە پێناو رزگاری نیشتمان لە ژێر چەپوکی ئیستیعمار. لە راپەرینی کانووندا ئەوەی سەلماند نازناوی تێکۆشەری پلەی یەکەمی پێ بدرێ.

.. تەجروبەی زانستی سەلماندوویەتی کە عەقلیەتی ژن، لە عەقلیەتی پیاو کەمتر نییە..

.. ژنان رێگای خۆیان بڕیوە بەرەو ئازادی و یەکسانی لە تەک پیاواندا.

هەروەها لە ژمارە (١)دا بهیە فرج اللە وتارێکی لەسەر قاسم ئەمین نووسیوە دیسان ئاماژە بە یەکسانی ژنان دەکات و رۆڵی قاسم دەخاتە بەرچاو لە بەرگری کردن لە مافی مرۆڤ.

لە ژمارەی (٤)دا بهیە فرج اللە وتارێکی نووسیوە دەربارەی شێوەی پەروەردەکردنی منداڵ دژی شەر و شەرخوازان و داوا دەکات یاری شەر وەک تانک و دەمانچە و مەدفع بۆ منداڵ نەکرن، چونکە بەگیانی رق و کینە پەروەردەیان دەکات، بەلکو پێویستە بەگیانی برایەتی و خۆشەویستی و خزمەتی مرۆڤ پەروەردەیان بکەین.

هەروەها لە ژمارە (٢٢)ی گۆڤارەکەدا، لە وتارێک کە لەلایەن نووسەر نهاد التکرلی لە ژێر سەردێری (بروایی بە مرۆڤ) نووسراوە، لەو وتارەدا نووسەر ئاماژە بەو بەندو کۆتانە دەکا کە خراونەتە سەر ژنان، بەلام ژنان ئەمرۆ ئەو زنجیرە دەپسێنن و توانایان لەگەڵ پیاودا یەک دەخەن.. نووسەر دەڵێ: ئەو خەرافەتە بەسەر چوو بەهەشتی عەدن کە ئافرەت بووە هۆی هەڵەکانی پیاو جنەتەکەی لە کیس دا. باس لە خۆراگری رۆڵی ژن دەکا کە رەوشتی زۆر بەرزی هەیە.. وتارەکە بڕوایی بە توانای مرۆڤ هەیە بۆ دوا رۆژێکی بەختەوەر، کۆتایی بە شیعرێکی سانسکریتی دەهێنێ: ئەو خۆشییەی دوێنێ خەون بوو، لە هەموو داهاتوویێکدا ئومێدی..

لە ژمارەی (٢١)دا لە ژێر سەردێری (مافی سیاسی ژنان) فایق عقراوی وتارێکی بلاوکردۆتەوە، وتارەکە رەخنە لە نووسەری بەنێوبانگی میسر تەها حسین دەگرێ لەبارەی مافی ژنان و نووسیویەتی: (دکتۆر تەها حسین وتارێکی لەیانەی کچانی موسلمان) داوە لە ژێر سەردێری (مافی سیاسی ژنان) داوای کردوە مافی سیاسی بدرێتە ژنانی ولاتانی عەرەبی و

گوتوویەتی: من هیچ جیاوازییێک لە نێوان ژن و پیاودا نابینم کە ڕێگای ژیانی سیاسیان لێ بگرێ.. نووسەر دەلێ: تەها حسێن لەروانگەی دینەوە باس لە ئەرکەکانی ژن و پیاو دەکات چونکە دەلێ ژن نوێژ دەکا وەک پیاو و ڕەمەزان بۆ ژنان (١٥) ڕۆژ نییە و بۆ پیاوان مانگێک بۆیێ هیچ جیاوازییێک لە نێوان پیاو و ژن دا نییە.

دیارە دکتۆر توانای سیاسی فەرد بەسیستمی ئایینی دەبەستێتەوە، مادامەکی ژن وەک پیاو ئەرکەکە ئەنجام دەدات، وەک پیاویش مافی سیاسی هەیە.. دکتۆر مافی سیاسی لەو سەردەمەدا کە بارێکی سروشتی پێشکەوتنی سیاسی و کۆمەلایەتی هێناویەتە گۆڕێ، تەک سیستمی ئایینی نەگۆڕاو..

نووسەر دەلێ باشە ئەگەر یەکێک لە دکتۆری پرسی ئەگەر ڕەمەزان بۆ ژنان (١٥) ڕۆژ بوایە، ئەو کات مافی سیاسی نەدەبوو؟

دکتۆر دەنووسێ: کە پیاو لە کاری سیاسەتدا تووشی شکستی هاتووەو لەخۆبایی بووە، بۆیێ ئەو مافەی بەخۆی داوە، و ژنی لە کونجێک دا لەبیر کردووە؟ سەیرە لەوە دکتۆر وەک پێی شکستی پیاو لەبەر ئەوەیە کە خۆی لەژن جیاواز ڕاگرتووە؟ وەک بلێی کامەرانی و ئازادی و بەختەوەری لە جیهان دابین بوایە، ئەگەر ژن بەشداری پیاویان لەسیاسەتدا بکردایە؟

عقراوی دەنووسێ، نازانم دکتۆر پشت بە چ تیوری و بنەمای زانستی بەستووە بۆ ڕۆشنایی بڕیارەکەی؟

لە چ ولاتێکدا ژنان کاری سیاسییان ئەنجامداوەو ئاشتی و بەختەوەری زال بووە؟

نووسەر پرسیار دەکا ئایا بەڕاستی ئەوەی تووشی عالم هاتووە لەبەر ئەوەیە کە ژن بەشداری سیاسەتیان نەکردووە؟

هەرچەند نووسەر لەگەل ئەوەیە کە ژن لەبواری سیاسی دا کاربکەن، بەلام زۆریش پێی ناخۆشە کە دکتۆر تەها حسێن بەم شێوەیە بیر دەکاتەوە، بۆیە دەلێ ئەگەر هاتوو ژن گوێیان لێ بوو کە بەم شێوەیە دکتۆر بەرگریان لێ دەکا..

دوکتۆر تەها حسین لەو ڕوانگەیەوە هەولی داوە، داوای مافی سیاسی ژنان بکات، بۆ ئەوەی لە ژێر پەردەی ئایینی دژی ئەو مافە نەوەستن، بەلام فائق عقراوی دژی بۆچوونەکانی ئەوە لە ڕوانگەی لۆژیکی بنەمای قسەکانی دکتۆر تەها حسین.ە.

## ٢ـ چەمکی جۆراوجۆر لە گۆڤاری (نزار)دا

لەلاپەرەی گۆڤارەکەدا، لە گۆشەی تایبەتی یاخود لە وتاری سەربەخۆ، یاخود لە نێو دووتوێی وتارێکدا زۆر جۆرە چەمکی بیری کۆمەلایەتی و فەلسەفی و تیۆری بلاوکراوەتەوە کە دەکرێ بگۆترێ هەمووی لەپێناوی وشیارکردنەوەی خوێنەرو پەروەردەکردنی بە ڕێبازی دیموکراتی و بیرکردنەوەی زانستی بۆ بەرەوپێشچوونی کۆمەلگادایە.

لێرەدا ئاماژە بەو وتارانە دەکەین کە ڕاستەوخۆ دەچنە خانەی ئەم چەمکانە:

- دیموکراتیەت و کیانی فەرد، نووسینی علی حیدر سلێمان، ژمارە یەک.
- استعمار چیە، نووسینی ق.أ، ژمارە یەک.
- ئیشتراکیەت و شیوعیەت لە ئیسلامدا، لە گۆڤاری (الرسالە) میسری، ژمارە ٣ی نزار.
- کێشەی نەتەوایەتی لە عیراقدا، عزیز شریف، ژمارە ٣.
- کێشەی نەتەوایەتی لە عیراقدا، مامۆستا محمد علی، ژمارە ٧ و ٨.
- نووستن لە ئەشکەوتی سیاسەتدا، چەمکی سیاسەت و ریفۆرم، نووسینی خاوەن ئیمزا، ژمارە ٨.
- لە نێوان کەسایەتی (فردیە) کۆلێکتیڤی، ژمارە ١٤.
- پێشکەوتنی سیستمی کۆمەلایەتی، وەرگێر، ب. ع. دلێر، ژمارە ١٤.

ـ سەرمایەداری و قۆناخەکانی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی، ٥ زنجیرە وتار لە نووسینی احمد شالی، ژمارە ١٨ـ٢٢.

ـ تیوری نەتەوە، (چۆن نظرية به کردەوە تطبيق دەکرێ)، نووسینی محرم محمد أمين، ژمارەکانی ١٩ـ٢٠.

(لە شوێنێکی تر بەتێکرایی باسی لەسەر دەکەم).

ـ مەبەست لەبوون (غاية الوجود) (لەسەر بیری مثالي و مادي)، نووسینی ابن خلکان، ژمارە ٢٠.

ـ بۆ ئەوەی نیشتمان پەروەرێکی ڕاست بین پێویستە دیموکراتی بین، ق. نەبەرد. ڕەوانەکراوە.

ئەم وتارەی ق.نەبەرد. باس لەوە دەکات کە جیاوازی لە نێوان نیشتمانپەروەری و دیموکراتخوازەکان نییە و دەنووسێ: نیشتمانپەروەرە ڕاستەکان، ئەوانەی کە بەڕاستی تێ ئەکۆشن بۆ ئازادی وڵات، هیچ ڕێگەی تێ ناچێت کە جگە لە بەهێنانی نیزامێکی دیموکراتی نەبێت کە خۆشیو کامەرانی بۆ بەشی زۆری میللەتەکەمان جێ بەجێ بکات، واز ناهێنن.

پاشان نووسەر ڕوو لە خوێنەوارانی دەکات و دەنووسێ: کە زۆر چاک بزانێت میللەت داوای سەربەستی و سیادەی نیشتمانی ناکات لەبەر ئەوەی کەرامەتی نیشتمانەکەی قبولی ناکات، بەڵکو هێزێکی گەورەتر و بەسام تر هەیە کە پالی پێوە ئەنێ بۆ ئەو ئامانجەی ئەویش ئەوەیە (کە ئەیەوێ لە نیشتمانەکەیدا بە سەربەستی و بەخۆشی و کامەرانی بژی لەگەڵ میللەتەکەیدا، میللەتە لە وشەی سەربەستی و سیادەی نیشتمانی، هیچ تێ ناگات ئەگەر وەضعی ژیانی مادیش لەگەڵ ئەوەدا نەگۆڕێت، وەضعی ژیانی مادیش هیچ ناگۆڕێ ئەگەر باوەر بە مەبدەئی دیموکراتی نەهێنێت، و هەوڵ نەدەین بۆ ئەوەی تووی دیموکراتیەت بچینین.

تیۆری نەتەوە (دەربارەی زنجیرە وتارەکانی محرم محمد أمين). ئەوەی سەرنج ڕاکێشە کۆمۆنیستەکانی دونیاو وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستیش هەموو تیۆری ستالین دەربارەی (نەتەوە)یان پیادە دەکرد کە چەند مەرجێک بۆ نەتەوە دادەنێ، ئەگەر هاتوو ئەو مەرجانە لە هەر نەتەوەیەکدا، یان مەرجێک لەو مەرجانە نەهاتەدی، ئەوا ئەو میللەتە یاخود نەتەوەیە بە بۆچوونی ئەوان هێشتان تەکاملی نەکردووە، مەرجەکانیش، زمان، خاک، مێژوو باری دەروونی و یەکێتی بازار (ئابووری).. لەسەر ئەم بنەمایە لەلایەن زۆربەی کۆمۆنیستەکانەوە نە (عەرەب) و نە (کورد) نەتەوەنین، دیارە ئەم بۆچوونە کێشەیەکی زۆر ئالۆز و توندی لە نێوان ناسیونالیستەکانی عەرەب و کورد لەلایەک و کۆمۆنیستەکان لەلایەکی تر خولقاند. لە عێراقدا، لە ساڵانی سی کە حیزبی شیوعی عێراق دامەزرا، دروشمی سەربەخۆیی کوردستان لە ساڵی ١٩٣٥ لە لاپەرەی یەکەمی ڕۆژنامەی (کفاح الشعب)دا بلاوکرابووەوە، بەڵام لە ساڵانی دوای چلەکان و لە



رەفیق چالاک-١٩٦١

کۆنفرانسی یەکەم و کۆنگرەی یەکەمی حیزبی شیوعی (کورد) وەک کەمە نەتەوایەتی حیساب کراوە.. ئەو بۆچوونەش نەک دەمەقالی فیکری و سیاسی لە نێوان کۆمۆنیستەکان و ناسیونالیزمەکاندا دروست کردبوو، بەڵکو لە نێوان خودی کۆمۆنیستەکانیشدا مشت و مر هەر هەبوو، بەتایبەتی لە نێوان کۆمۆنیستەکانی کوردو نەتەوەکانی تر.. لەسەرەتای پەنجاکاندا مامۆستا عزیز شریف نامیلکەیەکی بەنهێنی لەسەر (کێشەی کورد) بلاوکردەوە دان بە نەتەوەی کورد دادەنێ و مافی چارەنووسی بۆ دیار دەکا و لە سالی ١٩٥٣ لەبەرنامەی تازەی حیزبی شیوعی کە بە بەرنامەی ـ باسم ـ بهاءالدین نوری ـ ناسراوە، دان بە مافی چارەنوسی کورددا دەنرێ.. ئەوەش خۆی لە خۆیدا هەر کێشە لەگەڵ عزیز شریف پەیدا دەکا و هەمیش لە نێو حیزبی شیوعی عێراق لەسەر بەرنامەی باسم کێشە دروست دەبێ، بەلام لە سالی ١٩٥٦، دوای یەکگرتنەوەی هەردوو بالی حیزبی شیوعی ـ القاعده ـ و ـ الشغیله ـ لە کۆنفرانسی دووەم لە ئەیلولی ١٩٥٦دا بە راشکاوی ئەو کێشەیە یەکلا دەکرێتەوەو کورد وەک یەک نەتەوە تەماشا دەکرێ و کوردستانیش وەک یەک ولات، بەلام ئەوەی جێگای سەرنجە چیرۆکنوسی کورد، شەهید محرم محمد امین، پەنجا سالّ لەمەوبەر لەسەر لاپەرەی گۆڤاری (نزار)دا بەدوو وتار بەرپەرچی بۆچوونی کۆمۆنیستەکان دەداتەوەو بەرگری لە یەکێتی نەتەوەی کورد دەکا و بابزانین محرم محمدامین چۆن بۆ مەسەلەکە دەچێ:

لەسەردتادا محرم باس لە دوو تاقم دەکا کە یەکیان لە بۆچوون و هەلوێستی پێشوویان پەشیمان دەبنەوەو دژایەتیشی دەکەن بەنێوی (تطور)، ئەوەی تریان بێ هیوا دەبن لەسەرکەوتنی میللەتەکەیان، پاشان دێتە سەر ئەو باوەرە کە ئەوانەی تاقمی یەکەم هەلپەرست بووینە، هیچ بروایان بە فیکرەکەیان نەبووە، بەلکو بەپێی سوودی تایبەتی خۆیان مامەلەیان لەگەڵ فیکر کردووە کە تووشی زیان دەبن ئەو رێگایە بەردەدەن، لەرێگایەکی تر دەگەرێن، کە بە کەمترین نرخ، گەورەترین قازانجیان دەستکەوێ، محرم دەلێ: پێویستە مرۆڤ دەست لەو جۆرە کەسانە بشوات و ئەوانە (خەتەرناک)ن بۆ سەر بزووتنەوەی نیشتمانی لەوانەشە هەر لەو تاقمەی یەکەم، هۆی تر هەبێ بۆ لادانیان، ئەویش ئەو (ئەو نظریەی لەسەری ئەرۆن ، نازان چۆن تطبیقی بکەن) لێرەدا مەبەستی محرم ئەوەیە بلێ یاخود راستەوخۆ دەلێ: چونکە وەنەبێ نظریەکەیان لە تجاربی خەباتی میللەتەکەیانەوە هەڵ قولابێ و لەسەر بنەمای تێکۆشانی خۆیان دامەزرابێ، بێگومان ئەوە تەنیا بۆچوونی محرم نییە، بەلکو زۆربەی ئەوانەی لەژێر هەر چەترێکدا دژایەتی بیرکێیان کردبێ، ئەو تۆمەتەیان داوەتە پال ئەوانی تر.. بەتایبەتی ئەوانەی دژی بیری شیوعی خەباتیان کردبێ، ئەم جۆرە بیانوویان دارشتووە.

بەلام گرنگ ئەوەیە محرم هەموو نظریەکە رەتناکاتەوە وەک ئەوانی تر، بەلکو دەنووسێ: ئەوانە ئەیانەوێ هەروەکو خۆی، بەبێ شت خستنە سەرو دەستکاری کردن بەسەر میللەتەکەیاندا تطبیقی بکەن، لەبەر ئەوەی لەگەڵ حالەتی واقعی میللەتەکەیان رێ ناکەوێ و تووشی کۆسپێک ئەبن کە ناتوانن بەسەریا زال بن، کە دەبێتە کۆسپ و سەبەبێکی نەفسی وا دێتە پێش چاویان کە نظریەکە چەوتە.

ئەوجا محرم دەنووسێ: ئەو نظریەیەی کە لە کتێبەوە وەری‌ئەگرین پێویستە لەگەڵ واقعی ژیانی کۆمەلایەتیماندا رێکی بخەین، ئەو شتە کە بەکەلکی ایستای ایمە نایە، پێویستە جارێ بیخەینە ئەو لاوە، ئەو شتەی کە پێویستمان پێی هەیە و لە نظریەکەدا باس نەکراوە پێویستە بیخەینە سەری تا ئەیخەینە قالبێکی وا کە بتوانین تطبیقی بکەین، چونکە ئەو نظریة علمیە نظریەیەکی گشتی (عام)یە وە رۆژ بەرۆژ لەگەلێ

سەرچاوەوە نظریاتی تری تێکەڵ ئەبێ وە ئەو نظریاتانەش لە خەباتی رۆژانەی میللەتانەوە پەیدا ئەبن محرم تیۆریەکە رەت ناکاتەوە، بەڵام پێی وایە، کە پێویستە ئەوەی دەگونجێ ئەمرۆ پیادە بکرێ.. محرم ئامانجەکان رەت ناکاتەوە، بەڵام پێی وایە کەرەسەکە پێویستی بەگۆران هەیە لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر. محرم پشت بە وتەیەک دەبەستێ کە لەوانەیە ( مارکس و انجلس) پێی دەڵێن: ئەو رێگایەی کە میللەتێک لەمەوپێش پیا رۆیشتوە جارێکی کە بۆ میللەتێکی تر دووبارە نابێتەوە ـ دیالێکتیکە، هەروەها ئاماژە بە وتەیەکی تر دەکا بۆ سەلماندنی قسەکەی، ئەم نظریە بناغەیەکە و هیچی تر هەر کەسە بەپێی تواناو ظروفی خۆی ئەبێ دیواری خۆی لەسەر دابمەزرێنی).

جا محرم دەلێ: ئەوانە لەوانەیە زۆر دلسۆز و خۆبەختکەر بن، بەڵام وەک ئەوەی : میللتەکەیان هێشتا گرانەتا لە لەشیایە ئەوان دەرمانی قەلەوی ئەدەنێ..).

لەبەشی دووەمی وتارەکەدا کە ژمارەی (٢٠)ی گۆڤاری نزاردا بلاوکراوەتەوە، محرم محمد أمین دێتە سەر باسی کورد و دەنووسێ: .. ئەڵێن کورد میللەت نییە (لێرەدا مەبەست نەتەوە ..امة)یە، چونکە یەکێک لە خاوەن بیرە گەورەکان تعریفی میللەتی کردووەو چەند شروتێکی بۆ داناوەو لەبەر ئەوەی کورد نیشتمان و اقتصادیاتی مشترک نییە یعنی دوو شەرتی لەو شەرتانە نا تەواوە کەوا بوو میللەت نییە، پاشان محرم وەڵامی ئەو بۆچوونە دەداتەوە: بەڵام ئاخۆ کوردستان نیشتمانی کورد نییە: وە کوردی عێراق و ایران و ترکیا هەموویان هەر لە زەوی یەکدا ئاژین کە پێی ئەڵێن کوردستان: وە ئاخۆ دەریایەک یاخود سنورێکی خوایی ئەم کوردستانەی لەیەک جیاکردۆتەوە: پاشان دێتە سەر سنوورە دەستکردەکان، کە سنوری سروشتی نین بەلکو بۆ مەرامێکی سیاسی دانراوە، کە ئەو مەرامە نەما ئەو سنوورەش نامێنێ.

ئەو سنوورانەش نەیانتوانیوە، هاتووچۆکردن لەناو کوردستاندا لە بەینی کوردی هەرسێ پارچەکەدا ببرن.. پاشان دەپرسێ: انسانێکی ازادی خوا چۆن ئەبی قەناعەت بە کردەوەی استعمار بکاو بروای بە شتێکی خیالی ببێ، دەربارەی مەرجی دووەمیش محرم بەم جۆرە وەڵام دەداتەوە: کە ئەڵێن لە کورد وانییە وەکو حالەتێکی اقتصادی مشترک بێ. بۆ وەڵامی ئەمە، ئەوانە ئەتوانن لە چەرچیەکان و بازرگانەکانی لای خۆمان بپرسن بزانن ئاخۆ ئالوگۆرکردنی کوتال و دەغلو دان لە بەینی کوردستانی عێراق و ایراندا براوە؟ وە هەروەها لە بەینی کوردستانی عێراق و تورکیادا وە لە بەینی کوردستانی تورکیا و ایراندا؟ وە لە هەمو شت سەیرتر ئەوەی بۆ اثباتی ئەوەی کە کورد اقتصادیاتی مشترک نییە مثال ئەهێنێتەوەو ئەڵێن گوایە ئەگەر اقتصادیاتی مشترک بوایە لە بەینی عشائرەکانی حدودا شەرو شۆر نەئەبو،

پاشان محرم محمد أمین دەڵێ وەک دەگوترێ، ئەگەر کۆمەلە ئادەمیزادێک زەوییەکی مشترکی نەبێ پێ ناگوترێ (امة) بەڵام چۆنیەتی ئەو زەویە و دەرەجەی اشتراکیان وە ئەو ظروفەی کە کورد میللەتێکی بێ هێزو وە دابەشکراوە، بەڵام ناتوانین بڵێین ئەو صفاتەی تیا نەماوە کە لە میللەتاندا هەیە).

پاشان دەپرسێ: ئاخو استعمار بەو مەرامە کورستانی پارچە پارچە نەکردووە کە مناهجێکی چەوت لەناو میللەتی کورددا بلاوبکاتەوە، وە بەزۆر تێبگەینی کە میللەت نییە، بەلکو لە حالەتێکی عشایری دایە بۆ ئەوەی لە امانجی خۆی دووری بخاتەوە.

پاشان نووسەر رەخنە لە هەلوێستی کۆمۆنیستەکان بەرانبەر بە کورد و فەلەستین دەگرێ و دەنووسێ: .. تا چ رادەیەک ئەمانە (کۆمۆنیستەکانە) بە هەلە چوون وە موقفیان

بەرامبەر بە مەسەلەی فەلەستین و کورد گەلێ شتی تر هەمووی لە نتیجەی تێ نەگەیشتنی ئەو نظریەیەوە پەیدابووە).

لە کۆتاییدا محرم محمد أمین دەنووسی: لەبەر ئەوە لە پێش هەموو شتێکدا پێویستە حالاتی واقعی میللەتەکەمان بە دوورو درێژی و قولی لێک بدەینەوە وە بزانین چ توانایەکی تیایەوە ئەو توانایانە لەبەر رۆشنایی نظریەیەکی علمی کە بە کەلکی ایستای ایمە دیت بەکار بهێنین وە پێویستە بزانین کە هەر قۆناغە وە هەر پلەیە جۆرە نظریەیەکی تایبەتی هەیە و هەر میللەتە تواناو ظروفێکی تایبەتی هەیە..

هەروەها رینوینی دەکا کە پێویستە لەسیاسەتدا هەلسوکەوتمان نەرم بێ و بزانین کەی توند بین و کەی نەرم و دەنووسی: پێویستە لەکردەوەماندا مرونەمان بێ بزانین کەی کشان بە کەلک دێ و کەی گرژبوونەوە بەکار ئەهێنرێ بەم جۆرە ئەتوانین نظریەکەمان لەگەڵ کردەوەماندا رێک بخەین و لە رێ راست نەچینە دەرەوە).


بەدیع باباجان

٣ـ زمان و ئەدەبیات و مێژوو

بێگومان گرنگی دانی گۆڤارەکە بە لایەنی زمان و ئەدەبیات لە روانگەی پێویستی پەرەپێدانی ئەم دوو لایەنە لەلایەن دەستگاکانی دەولەتەوە، لە بواری خوێندنی زمانی کوردی و بەرەسمی ناسینی و گەشەپێکردنی لەتەک زمانی عەرەبیدا وەک لەو وتارانەی راستەوخۆ ئاراستەی بەرپرسانی وەزارەتی زانیاری کراون، هەروەها دەربارەی کردنەوەی بەشی زمانی کوردی کۆلێجی ئەدەبیات و کۆری زانیاری عێراق کە لە شوێنی تری ئەم وتارە ئاماژەیان پێ کراوە، جگە لەوە لە ژمارەی (٢١)ی گۆڤارەکەدا، بەبۆنەی دەسالەی دەرچوونی گۆڤاری گەلاوێژ، وتارێکی پر بایەخی مامۆستا ئیبن خەلەکان بلاوکراوەتەوە و تێیدا چەند خالێکی دیارکردووە کە پێوەندییان بەزمان و ئەدەبەوە هەیە:

أ ـ دانانی فەرهەنگێک بۆ یەکخستن و کۆکردنەوەی وشەکانی دیالێکتە جیاوازەکانی کوردی.

ب ـ ئەلف و بێی عارەبی دەریخستووە کە ناتوانێ دەنگی کوردی دەربری (نووسەر داوا دەکات کە پێویستە ئەلف و بێی لاتینی لە شوێن ئەلف و بێی عەرەبی بەکار بێت) نووسەر هەنگاوی کوردەکانی سوریا بە لاتینی کردنی نووسینی کوردی بە چاک دەزانێ و بۆیەش داوا دەکا لە عێراقدا ئەم رێچکەیە بگرن.

لە ژمارەی (٩،٨،٧)دا وتارێکی مێجەرسۆن بەناوی (زمانی کوردی) لەلایەن ئیبن خەلەکانەوە کراوەتە عەرەبی و بلاوکراوەتەوە، نازانرێ چەند بەشی تری ماوە. وەک لە شوێنێکی تری ئەم وتارەدا ئاماژەی پێکراوە مامۆستا سجادی (١٥) زنجیرەی لە چۆن فێری زمانی کوردی دەبین بلاوکردۆتەوە.

هەروەها لە ژمارەی (١١) گۆڤارەکەدا بەشی یەکەمی وتارێکی ڤاسیلی نیکتین دەربارەی مێژووی کورد کراوەتە عەرەبی، وەرگێری دیار نییە لە کام زمانی بێگانەوە وەرگێردراوە.

بێگومان لە بەشی کوردی گۆڤاری (نزار)دا نە چیرۆک و نە شیعر بڵاونەکراوەتەوە، هەروەها تەنیا وتارێک لەسەر کتێبی مامۆستا شاکر فەتاح بەناوی (هاورێی منداڵ) بڵاوکراوەتەوە، بەڵام گرنگی زمانی گۆڤارەکە لەوەدایە کە زمانی کوردی لە بواری بیری کۆمەڵایەتی و ئابووری، سیاسی و تەندروستی و مێژوودا خستۆتەکار و بە دەیان وشەو و رستەی تێدایە ئێستاش دوای ٥٠ ساڵ لەم بوارانەدا بەکاردێن، بەڵام لە بواری ئەدەب و لق و پۆپەکانی دا دیارە، گۆڤارەکە لە بەشی عەرەبییەکەدا ئەسپی خۆی تاوداوە، گۆڤارەکە تەنیا بۆ سیاسەت تەرخان کراوە، چونکە لە بواری ئەدەبی کوردیدا گەلاوێژ، ژین دەردەچوون، ئەوان پتر گرنگیان بەو بوارانەدا، بەڵام بۆ تۆمارکردنی مێژوو دەمەوێ تەنیا ئاماژە بە چیرۆک و شیعر و رەخنە و بابەتە ئەدەبییەکانی تر بدەم کە لە بەشی عەرەبیشدا بڵاوکراونەتەوە.

| ژ | بابەت و ناوی سەردێر | ناوی نووسەر | ژمارەی گۆڤارەکە | بەزمانی کوردی |
|---|---|---|---|---|
| ١ | شیعر ـ علمتني الحياة | پاکیزە (پاکیزە رەفیق حیلمی) | ٩ | ژیان فێری‌کردم |
| ٢ | چیرۆک الذباب | جان پۆل سارتر ـ و.ق.ت | ١١ | مێش |
| ٣ | رەخنەی ئەدەبی الكوميديا البشرية | للشاعر اكرم فاضل ـ نقد عن الكتاب من قبل المجلة | ١١ | رەخنە لەسەر کۆمیدیای بەشەری شاعیر ئەکرەم فازل |
| ٤ | رەخنەی ئەدەبی لەسەر کتێبی اليد والارض والماء | ذنون ايوب | ١٩ | دەست و خاک ناو |
| ٥ | چیرۆکی ژمارە صديقان | گی. دی. موپاسان | ١٩ | وەرگێر گۆڤاری نزار لە گۆڤاری نزاردا مامۆستا نهاد التكرلي کاری دەکرد، ئەویش فەرەنسی دەزانی لەوانەیە وەرگێرانی ئەوبێ و نزاری لەسەر نوسیوە. |
| ٦ | لەسەر کتێبی هاورێی منال | شاکر فەتاح | ١٩ | تاقە بابەتە بەزمانی کوردی لە بواری چیرۆکدا بڵاوکراوەتەوە |
| ٧ | دمعة على (بێ کەس) شیعر | پاکیزە (رەفیق حلمی) | ٢٠ | فرمێسکێک لەسەر بێکەس (بۆ بێکەس) |
| ٨ | نبذة عن الشاعر الفرنسي شارل بودلير | نهاد التكرلي | ٢١ | دەربارەی ژیانی شاعیر شارل بودلیر |
| ٩ | دعوة الى تفكير دقيق | برتراند رسل ـ باسێکی فەلسەفییە | ٢٢ | بانگێشە بۆ بیرکردنەوەیەکی وورد |
| ١٠ | چیرۆکی ژمارە ـ افكار حمقاء تكلف دينارا | ظ.م | ٢٢ | |
| ١١ | شعر ـ قصيدتان لالفونس دولامارتين | وەرگێر . ن. ت (نهاد التكرلي) | ٢٢ | دوو شیعری لامارتین |
| ١٢ | پەخشان ـ الادب بين العبيد والاحرار | عبدالصمد خانقاه | ٢٠ | دژی چەمکی ئەدەب بۆ ئەدەب نووسراوە. |

٤ـ رووداوەکانی دەرەوەو ناوەوە

أ ـ رووداوەکانی دەرەوە لە هەردوو بەشەکەدا بەشی عەرەبی لە ژێر گۆشەی دەنگوباسی دەرەوە ـ دەنگوباس بەم شێوەیە دابەشکراوە:

أـ رۆژهەڵاتی نێوەڕاست

ب ـ ئەورووپا

جـ ـ وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا

چەند نموونەیەک لەهەر بەشێک دەخەمە بەرچاوی خوێندەواران

ژمارە ـ ١ـ

أ/ ١ ئەمریکا پێشنیار دەکات کە فەلەستین بخرێتە ژێر ویسایەی نێودەوڵەتی.

أ/ ٢ سەرۆکی ئەمریکی ترومان بەیانێکی گرنگی دەربارەی فەلەستین راگەیاند.

ب/ ١ رادیۆی یۆنانی ئازاد رایگەیاند کە هێزەکانی حکومەت گازی ژەهراوییان دژی شۆرشگێرەکان بەکارهێناوە، بالیۆزخانەی یۆنان لە پاریس بە درۆی خستەوە.

ب/ ٢ کرێکارانی چاپەمەنی رۆژی پێنج شەمەی رابردوو کۆتاییان بە مانگرتنی خۆیان هێنا.

ج/ ١ دەستەلاتدارانی ئەمریکا مسیو لویس سایان ـ ی سکرتێری یەکێتی سەندیکایانی جیهانیان گرتووە، ئەوەی شایانی باسە، مسیو سایان هاونیشتمانی فەرەنسی یە.

ج/ ٢ پیتچنەکانی ٢٧٠ چاپخانە لە نیویۆرک دەستیان بە مانگرتن کردو داوای زیادەی کرێ و دیاری کردنی کاتی کاری رۆژانە دەکەن.

لە بەشی کوردیدا: مادام کوری ژنە عالمە بەناوبانگەکەی فەرەنسا کە جائزەی نۆبلی عالەمی لە کیمیادا پێ دراوە لەبەر ئەوەی وتارێکی لەبارەی ئەوکەسانەبوو کە شەر هەلئەگیرسێنن.. لە ئەمریکا اعتقالیان کرد، شیوعیەکان لە مەنشوریادا شاری (فولا ذلا نشان)یان گرت، هەروەها تەنگیان بە (مکدن) و (شانغشان)یش هەلچنیوە.

لەبەشی عەرەبیدا هەوالی دەرەوە نەبووە، بەلام تەنیا لە بەشە کوردیەکەیدا بلاوکراوەتەوە.

ژمارە ـ ٣ ـ

ـ علی اکبر وەزیری تەربیەی نیشتمانی ایران لە ایشەکەی خۆی استقالەی کرد.

ـ ١٥ کەس لە حیزبی اشتراکی ئەسپانی لە پاریسا کۆبوونەوە بریاریاندا کە بە ئەسپانیەکان بلێن بۆ لابردنی نیزامی فرانکۆ وە دانانی نیزامی دیموکراسی.

ـ خاوەن شکوە شای ئیران لەگەل امبراتۆرە فەوزیەدا بەتەواوی دەستیان لێک بووەوە..

ژمارە ـ٤ ـ هەوالی دەرەوەی تێدا نییە.

ژمارە ـ٨ـ١١ـ١١ـ

ژمارە ـ ٩ ـ

أـ راگەیاندنی ئاگربەست لە ١٩٤٨/٧/١٦ لە فەلەستین.

ب ـ هەولی تیرۆر کردنی زعیمی شیوعی ایتالی، ئەوەی لەم خەبەرەدا سەیرە لە فاتیکان نوێژکراوە بۆ چابوونەوەی تولیاتی. شیوعییەکان ئەو هەلەیان قۆستەوەو ٧ ملیۆن کرێکار بۆ دەربرینی نارەزایی، مانگرتنیان راگەیاندوە.

ج ـ حیزبە سیاسییەکانی ئەمریکا خۆ بۆ هەلبژاردنی سەرۆک کۆماری ئامادە دەکەن.

حیزبی کۆماری ترومانی پالاوتووە بۆ سەرۆک کۆمار، حیزبی دیموکراتی مستر (دیوی) حاکم نیویۆرک و حیزبی پێشکەوتن مستر هنری والاس، گۆڤارەکە دەنووسی هەلوێستی دوو حیزبەکە (کۆماری و دیموکراتی) وەک یەک پێیان وایە تەنیا هێز دەتوانی بەرانبەر تەوژمی شیوعیەت رابوەستێ، بەلام حیزبی سێیەم پێی وایە پێویستە لەگەل سۆڤیەت چار بکرێ، بۆ دوورخستنەوەی تارمایی شەر.

ژمارە ـ ١١ـ بەشی عەرەبی

أـ حکومەتی لوبنان قانونێکی دەرکرد، بەگوێرەی ئەو قانوونە رۆژنامە تەنیا لەلایەن دادگاوە رادەگیرێ، بەمەش حکومەتی لوبنان دەست پێشخەری کرد بۆ ئازادی رۆژنامەگەری لە رۆژهەلات.

ب/ ١ راپەرینی حکومەت و گەلانی ئاسیا دژی سیاسەتی بەریتانیا، چونکە گەلانی ئاسیا بە تەجروبە لە سیاسەتی مەکربازی بەریتانیا گەیشتوون و نرخی سەربەخۆیی حکومەتەکانیان زانیوە، بۆیێ خەباتیان راگەیاندوە لە پێناو ئازادیدا.

ج/ ٢ دەربارەی هەلوێستی کۆمۆنفۆرم و یۆغۆسلاڤیا خەبەری بلاوکردۆتەوە، دەنووسی لەبەردەم تیتۆدا دوو رێگا هەیە أـ هاوکاری لەگەل دەولەتانی رۆژئاوا و پێوەندی لەگەل سۆڤیەت ببرێ، ئەوەش بە خیانەت دەژمێردرێ یاخود خۆی و جەماعەتەکەی دەست بکێشنەوەو کەسانێک بێن کە

کۆمۆنفۆرم لێیان ڕازی بێ، بە بۆچوونی گۆڤارەکە بۆ پاراستنی یۆغۆسلاڤیا لە شۆرش و ڕاپەرین، لە شۆرش ڕێگای دووەم راسترە ، واتە تیتۆ واز بهێنێ.

بەشی کوردی ـ دەنگوباسی قانوونی چاپەمەنی لوبنان و دەستکەوتەکانی لەشکری دیموکراتی یۆنان و داواکاری نیقابەی کرێکارانی ئەندونوسیا بۆ هەڵوەشاندنەوەی مستعمەرەکان و ئاشنایەتی لەگەڵ سۆڤیەت و دەوڵەتەکانی رۆژهەلاتی ئەوروپا.

ژمارە ـ١٤ ـ

أ ـ دامەزراندنی حکومەتی عمومی فەلەستین بەسەرۆکایەتی ئەمین الحسینی.

ـ هەرەسی شۆرشی کۆمۆنیستەکان لە ئەندونسیا بەسەرۆکایەتی (موسو).

ـ هاوکاری نێوان ئەمریکا و یۆنان دژی شۆڕشگێران.

ـ یارمەتی ئەمریکا بۆ چان کای شیک، دەکەوێتەدەست کۆمۆنیستەکان.

ـ سەرۆکی مەجلیسی ئەمن ئەندامانی مجلیس کۆکردەوە بۆ قسەکردن لەبارەی شکاندنی هودنە لە فەلەستیندا.

ـ مەسەلەی بەرلین و ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی.

ژمارە ـ ١٩ ـ هەواڵی دەرەوە نییە.

ژمارەی ـ ٢٠ ـ لەبەشی کوردیدا چەند هەواڵێک بلاوکراونەتەوە:

ـ فەرەنسە لەبەر مانگرتنی کرێکارەکان، حکومەت لەماوەی دوو مانگدا نزیکەی چوار ملیۆن تەن خەڵوزی لەکیس چووە.

ـ گوهانیورنگ ـ یوهانسبورگ، جنوبی ئەفریقا ـ دانیال مالان، سەرۆکی حکومەتی نیشتمانیی ئەفریقیا وای فەرمو کە ئەبی قولەرەشەکانی ئەم ولاتە لە هەڵبژاردنی نائب یاساخ بکرێن و نابێ هیچ دەنگێکیان لە حکومەتدا بێ، بەلام ئەم زاتە رەنگبێ موافقەی مجلس شیوخی دەست نەکەوێ.

ژمارە ـ ٢١ ـ هەواڵی دەرەوەی تێدا بلاونەکراوەتەوە.

ژمارە ـ ٢٢ ـ هەواڵی دەرەوەی تێدا بلاونەکراوەتەوە.

٤ـ ب ـ ڕووداوەکانی ناوەوە لە هەردوو بەشەکەدا.

ژمارە ـ ١ـ ریپۆرتاژێک لەسەر ئاهەنگی نەورۆز لە بەغدا کە لە باخچەکانی هۆڵی مەلیک فەیسەلی دووەم لە رۆژی ١٩٤٨/٣/٢١ کراوە،

ـ لێبوردنی حکومەت لە بارزانییەکان، وەزارەتی داد پێشنیاری وەزارەتی بەرگری کردووە کە لێبوردن بۆ بارزانییەکان کە لەلایەن ئەنجومەنی عورفی حوکم دراون دەربخات وەزارەتی بەرگری رەزامەندی پیشانداوە بۆ ئەنجومەنی وەزیران بەرزکراوە.

ـ لە رۆژی ٤٨/٣/٢١ لە هەولێر ئاهەنگی نەورۆز لەلایەن لاوانی کوردەوە کراوە.

ـ ئەنجومەنی وەزیران لە کۆبوونەوەی ٤٨/٣/٢٢ بریاریدا هەڵبژاردنی گشتی لە عێراقدا ئەنجام بدرێ.

ـ لە رۆژی ٤٨/٣/١٩ لاوانی کورد ئاهەنگیان لە ملهی الجواهری رێکخست.

ـ کرێکارانی رێگای ئاس مانگرتنیان لە رۆژی ٣/٢١/ رێکخست بۆ زیادەکردنی کرێ و جێبەجێ کردنی قانوونی کار.

ـ وەفدی هەولێر و رواندوز لە ٣/١٨ گەیشتوونەتە بەغدا بۆ بەشداری لە ئاهەنگی ماتەمینی شەهیدان. هەندێ دەنگوباسەکان وەک یەکن، بەلام لە کوردییەکەدا باسی هەلگرتنی بتاقە لەسەر شەکر هاتووە و هەروەها لە مانگی نیسانیشدا شەکری سپی ئەدرێت.

پەیامنێری گۆڤارەکە لە سلێمانیەوە ریپۆرتاژێکی نووسیوەکە لە رۆژی ٤٨/٣/٩ کۆمەڵەی یەکێتی قوتابیان لە مزگەوتی گەورە ئاهەنگی ماتەمینی شەهیدانیان کردەوە.

هەروەها دەقی وتارێک بلاو دەکاتەوە لەسەر راپەرینی کانوون و پاشان باس لە هەرەشەوگرتن، مانگرتنی قوتابیان و کرێکارانی کۆمپانیای نەوتی کەرکوک لە گاورباغی دەکاو، باس لە سیاسەتی

ئیستیعمار، دەکات و ئاماژە بە ((شۆرشی سالی ١٩٢٠ی عێراق بۆ ازادبوون بوو و دامالینی تەوقی بێگانە)) پاشان دێتە سەر سیاسەتی ئینگلیزو ئەمریکا بۆ گۆرینی پەیمانی سالی ١٩٣٠ بەنێو دفاعی مشتەرەک و دەنووسێ:

استعماری انگلو امریکان تەماشای کرد مشروعی گۆرینی پەیمان زۆر ستەم وەترسناکە لەبەر ئەوە دەستی کرد بە جێ بۆ خۆشکردن بەلابردنی وەزارەتی سویدی وە هێنانی وەزارەتی ارشد العمری کۆنەپەرست بۆ بەربەست کردنی جوولانەوەی نیشتمانی وەزبر گەیاندن بە نیشتمان پەروەرەکان و خنکانی سەربەستیی دیموکراتی و پەلاماردانی ژیانی حیزبی و وەستانی رۆژنامەکانی وە سپاردنی سەرکردەکانیان بە محکمە).

- نەورۆز لە سلێمانی

لەرۆژی ٤٨/٣/٢١ لە سلێمانی لە کاریزی شێخ محمود جێژنی نەورۆز کرا، ریپۆرتاژێک لەسەر نەورۆزی سلێمانی بلاوکراوەتەوە:کە لەلایەن رەفیق چالاکەوە رەوانەکراوە.

- کردنەوەی کۆبوونەوەکە بە مۆسیقایەکی خۆش دەستکرا، لە پاشا محمد احمد تەها(کامەران موکری ج) وتارێکی نایابی خوێندەوە تا نزیکەی سەعات و نیوێکی خایاند، خوتبەو شیعر لەلایەن گەنجەکانەوە ئەخوێنرایەوە، لە بەبینیان گۆرانی و مۆسیقا و هەموو جۆرە هەلپەرکێیەک، هەروەها کچەکەی دکتۆر هاشم(هاشم دوغرەمەچی-ج) شیعرێکی بەرزی خوێندەوە لە مەلاکانیشا شێخ رەئوفی شێخ سعید وتارێکی بەرزی بە مەعنای خوێندەوە.

ـــ لە رۆژی ٤٨/٣/٢٢ وەفدێک لە سلێمانیەوە هاتنە بەغدا ئەو ئامانجانە کە هەیانبوو لەسەر کاغەز دایان بە فخامتی رئیس الوزراء و مراجعی مختصە و احزابەکان، ئەو خالانەی لە داخوازیەکاندا هاتبوو: لە شوێنێکی تر ئاماژەمان پێکردوون.

ژمارە-٣-

لە رۆژی ٤٨/٤/١٦ مظاهرەیەکی زۆر گەورە لە کۆیە کرا لەسەر گیرانی (محمد توفیق ووردی) کە لەلایەن قائمقامەوە ادارەتا دوو سال و نیو حکم درا، داوا کرابو:

أ- بەردانی (ووردی).

ب- نقلی قائمقام.

جـ- زۆرکردنی نان بۆ میللەت.

د- بەردانی ئازادی خواهانی دیموکراسی.

هـ- بەرەللاکردنی بەرزانیەکان.

و- هەلبژاردنی سەربەست.

ف- هەلوەشاندنەوەی پەیمانی ٩٣.

ژمارە -٤- زۆربەی هەوالەکانی ناوەوە لەم ژمارەیەدا بۆ مەسەلەی بارزانییەکان تەرخان کراوە لە شوێنێکی تری ئەم باسەدا ئاماژەیان پێکراوە، بەلام هەندێ هەوال هەن لەوانەیە نوێ بن:

- رووداوەکانی هەولێر: بەشەو لە تاریکیدا هێرش کراوەتە سەر هەندێ لە نیشتمانپەروەران، سێ کەس دراونەتە بەر گوللە، کەس بریندار نەبووە، وەک بروا دەکرێ پیاوانی استعمار بەو کارە هەلساون.

((لێرەدا بە پێویستی دەزانم چەند راستییەک دەربارەی ئەم رووداوەی هەولێر بخەمە بەرچاوی خوێنەران.

ئەوەی شایانی باسە، لەسەرەتای مانگی مایسی ١٩٤٨ بەفیتی هەندێ لە کۆنەپەرستان لەوانەی سەر بە دەولەت بوون و لە ژێر پەردەی ئایینداد دژایەتی کوردایەتی و شیوعیەتیان دەکرد، بۆ دەلیم کوردایەتی و شیوعیەت، چونکە نەورۆز کە لەلایەن هێزەکانی ناسیونالیست و کۆمۆنیست پێکەوە دەکرا، لەژێر ناوی مەجوسیەت، هەندێ لە پیاوە ئاینەکان وەک شێخ محی الدین و داروودەستەکەی لە قەسابەکان خۆیان خۆش کردبوو و دەولەتیش هانی دەدان، ئەوە بوو لە هەولێر سێ مال کەوتنە بەر دەست درێژکردن لەلایەن داروودەستەکانی نێو براوەوە ئەو مالانە ، مالی پارێزەر عەونی یوسف و مالی ئەنوەر محمد امین

دزەیی و مالی عاصم و جمال حیدری، بەڵام بەخۆشیەوە کەس زیانی نەهێنا، نووسەری ئەم دێڕانە ئەو ئێوارەیەی لەبەر چاوە کە ڕووداوەکە ڕووی دا)).

- تاڵان زۆر بوو لەباکووری موسل لەبەر بێ کاری و برسیەتی.

- ئەوەی شایانی باسە لە هەواڵی ناوەوە دەربارەی خۆپیشاندانی شاری کۆیێ بڵاوکراوەتەوەو لەو بەشەدا شیعرێک لەسەر بەرزانییەکان بڵاوکراوەتەو بەبۆچوونی من هی روستم حەویزی یە کە دەڵێ:

شعوری میللەتە نانوی بەرامبەر زولمی استعمار
لەبۆ بەردانی بەرزانییان بە جارێکی دەکەین هاوار
بەجارێکو بەدووجار ایمە ناوەستین هەتا ئاخر
لە بەندی و برسیەتی خۆیان و خێزانیان ئەکەین رزگار

- ژمارە -٨- هەواڵی کۆچی دوایی مامۆستا ئەمین زەکی بلاوکراوەتەوە و دەنووسی: ڕۆڵەکانی سلێمانی و سەرەخۆشی.- ڕۆژی شەمووی بەرواری ٤٨/٧/١٠ کۆچی عەلامە مامۆستا محمد ئەمین زەکی وەزیری کۆن و مێژوونووسی بەنێوبانگی کوردی کرد، نەتەوەی کورد بە مردنی، زانایەک لە زانایەکانی کە کاتی زۆری بۆ تۆمارکردنی مێژووی کورد تەرخان کرد لە دەستدا.

- هەر لەم ژمارەیەدا باسی باری کارەبا و ئاوو بەلەدیە و گرانی دانەویڵە و چاندنی گوێژەکراوە.

- باسی نەبوونی ڕێگا و بانی پێویست بۆ ماشێن لە بەرواری بالا.

- سەفری سەرۆکی حیزبی ئەحرار سعد سالح بۆ سویسرا بۆ شفاء (چاکبوونەوە).

- هەروەها لەلاپەرەی دواییدا لە ژێر سەردێری کۆس کەوتووی لەسەر ژیانی مامۆستا ئەمین زەکی وتارێک بڵاوکراوەتەوە کە تێدا ئاماژەی پێکراوە، کە ئاواتەکەی هاتەدی لە چ شوێنێ لەدایکبووە لەو شوێنەش بمرێ، هەموو شوێن گەرا و هاتەوە لە سلێمانی کۆچی کرد.

ژمارە - ٩ - لە سلێمانییەوە راگەیاندنێک لەلایەن بەڕێوەبەری معارفی سلێمانی عبدالمجید حسن ولی هاتووە کە ڕۆژی ٤٨/٨/١٥ چلەی مامۆستا ئەمین زەکی لە سلێمانی دەکرێ، داوا لە دۆستانی خوالێخۆشبوو و شاعیر و نووسەران دەکات کە بەشداری ئەم یادە پیرۆزە بکەن.

لە بەشی کوردییەکەدا، مامۆستا عەلی کەمال لە ژێر سەردێری شینی ئەمین زەکی بەگ پارچە پەخشانێکی بڵاوکردۆتەوە.

ژمارەی -١١- هەواڵی دامەزرانی علی حیدر سلێمان بە وەزیری کاروباری کۆمەڵایەتی ڕاگەیاندراوە.

- بەپێی هەواڵێک لە کۆبوونەوەی بەڕێوەبەرانی معارف لە بەغدا کراوە، مەشقی سەربازی لە قوتابخانە (متوسطة و ثانوي)یەکان بەکار بهێنرێ وە بۆ (ابتدائي)یەکانیش نیزامی کشافە.

ژمارەی -١٤- بەپێی هەواڵێک کە مدیریەتی گشتی زراعە بڕیاری داوە کە (٨) هەزار تەن (تۆ)ی گەنم بەپێی ئەم لیستە بەسەر جووتیارەکان بڵاوبکرێتەوە، کرکوک (٢٥٠٠) تەن، هەولێر (١٠٠٠) تەن و بەغدا (٧٠٠)تەن و موسل (١٥٠٠) تەن.

ژمارەی -١٩- هەواڵی ناوەوەی تێدا بڵاونەکراوەتەوە.

ژمارەی -٢٠- هەواڵی ناوەوەی تێدا بڵاونەکراوەتەوە.

ژمارەی -٢١- تەنیا نامەی کوبسنجق - کاغەزی کوبسنجق پەیامنێر باس لە کۆی دەکا کە نفوسی (٩) هەزار کەسە، بە زراعەتی تووتن ناسراوە.

- ئەم شارە تائێستا چاوی بە کارەبا و جادە نەکەوتووە.

- لە حقوقی شارستانی تەواو بێبەش کراوە.

- هەژاری بەجاری ڕووی تێکردووە.

- بازار هەموو ڕاوەستاوە ڕێی کەسابەت گیراوە.


نزار
مجلة اسبوعية سياسية جامعة تصدر باللغتين العربية والكردية
NIZAR
A Weekly Political Review
Published in Baghdad in Arabic and Kurdish
بدل الاشتراك عن كل سنة
فلس دينار
٠٠٠ ٢ داخل القطر
٥٠٠ ٢ خارج القطر
أجرة الاعلانات عن العقد الواحد
لكل عامود ٢٠٠ فلس
الاعلانات الدائمية
تراجع بشأنها الادارة
٥٢٢٦
عدد ـ ١ بغداد الثلاثاء ٣٠ آذار ١٩٤٨ — الموافق ١٩ جمادي الاول ١٣٦٧ السنة الأولى

ــ ئـەوەی داوای نـانیش بکا بـە پیـاو خـەراپ نـاو ئەبرێ.

ــ ضریبـە ڕۆژ بەڕۆژ لە زیـادی دایـە، جـاران ضریبەی پاسەوانانو اصنافانـە نەبوو ایستا ئەویش زیادی کردوە.

ــ زۆر لـە ئەهالی ڕۆژ بەڕۆژ کـۆچ دەکـا و ڕو ئەکەنە شارەکانی تر.

ژمارەی ـ٢٢ـ هەوالی تێدا بلاونەکراوەتەوە.

٥ـ پێناسە بە زاناو نووسەرانی جیهان و کورد

گۆڤاری (نـزار) لـە ژمـارەی یەکەمـەوە، بـە ئەرکی خۆی زانیوە خوێنەرانی گۆڤارەکە لە کوردو عەرەب بـە ژیـان و بەرهـەم و خـەباتی زانایـانی بەرەچەلـەک کورد، مەبەستم ئەوانەیە کە لـە نێو عەرەب بە کورد نەناسراون کە ژمارەیان بەتایبەتی لـە میسرو سوریا و لوبنان زۆرن بـە خوێنـەرانی عـەرەب بناسێنێ، بـۆ ئـەوەی بزانـن کـە کورد و ڕۆشنبیرانی ئەو نەتەوەیە چ ڕۆلێکیان هەبووە لـە بنیاتی شارستانی عەرەب و ئیسلامدا، هەرچەندە گۆڤارەکە تەمەنی کورت بوو، ئەگـەر درێژ بوایـە لەوانەبوو ژیانی کەسانی تریشی لەسەر لاپەرەی گۆڤارەکـەدا بهاتبایـە زمـان، بـەلام ئـەم میراتـە لەلاپەرەی گۆڤارەکانی تری کوردیا درێژەی هەبووە.

لەژمارەی ـ١ـدا وتـارێک بـە قەلـەمی کچـە کورد بەهیە فەرەجوللا لەسەر ژیانی قاسم ئەمین ـی هزروان ـ مفکر ـ ناوداری سەرەتای سـەدەی بیستـەم لـە میسـر، کـە ناوبـانگی دەرکـردوە بەلایەنگرو خوازیاری یەکسـانی و ئـازادی ژنـان، جگـە لـەوە قاسم ئـەمین یـەکێ بـووە لـە دامەزرێنەرانی زانکۆی میسر و هەروەها یەکێک لە هاورێیانی سەرکردەی بەنێو بانگی میسر سەعد زەغلول بووە.

ژمارە ـ٨ـی گۆڤارەکە وتارێکی بەنرخی لەسەر ژیانی (تەها حسین) نووسیوە بەقەلـەمی ظ.م ، دیارە وتارەکە لە ژمارەکانی تر درێژەی هەیە، بەلام لەو ژمارانەی لەبەردەست دان، نییە. لە ژمارەی ـ٩ـ دا بەبۆنەی کۆچی دوایی مێژوونووسی گەورەی کورد مامۆستا ئەمین زەکی بەگ وتارێک لـە سەر ژیـان و بەرهـەم و کارەکـانی بلاوکراوەتـەوە کەلـە پێشـەکی بـەرگی یەکـەمی مێـژووی کـورد و کوردستانی نووسەردا هاتووەو لـە گۆڤاری گەلاوێژ بەکوردی بلاوکرابووەوە.

لـە ژمارەی ـ١٩ ـ دا بەبۆنەی کۆچی دوایـی شـاعیری نیشـتمانپەروەری کـورد فـایق بێکـەس وتارێک لەگەڵ چەند پارچە شیعرێک کە لە زمانی ئینگلیزیەوە کراوەتە عەرەبی، نەک لـە کوردییـەوە، ئەوەش لەوانەبێ، نووسەری وتارەکە یاخود ئەوەی ئەو وتاردی ئامادەکردووە، یا شیعرەکانی بێکەسی لەبەردەست نـەبووبێ لـەکاتی نووسینی وتارەکـەی یـاخود ئـەو شـیعرانەی کراونەتـە ئینگلیزی بـەدڵ بووبـێ وەرگیراوەتـە سـەر عـەرەبی و ئامـاژەی پێکردووە، یەک لەو شیعرانەی کراوەتە عەرەبی:

ئەی مانگ: من تۆ هەردوو هاودەردین

هەردوو گرفتار یەک ئاهی سەردین
تۆ وێڵ و ڕەنگ زەرد بە ئاسمانەوە
منیش دەربەدەر بە شارانەوە

هەروەها لە ژمارەی ـ٢١ـ دا ژیاننامەی شاعیری بەنێوبانگی فەرانسا، شارل بودلێر و شیعرێکی شاعیر بڵاوکراوەتەوە.

٦ـ هەندێ بابەتی تر کەلە بەشەکانی تر ئاماژەیان پێ نەکراوە

لە ژمارەی ـ٩ـ وتارێک لەسەر ڕێکخراوی ـ برایانی موسڵمان (الاخوان المسلمين) بڵاوکراوەتەوە کە لەلایەن پەیامنێری گۆڤارەکە ڕەوانە کراوە.

لە وتارەکەدا هاتووە: ئەو کۆمەڵەیە دامەزرا بەمەبەستی ئایینی و کۆمەڵایەتی، بێ دیاری کردنی ئامانجی سیاسی، بەڵام دوایی لە چالاکیەکانی دەرکەوت ئامانجیان گۆڕینی ڕژێم و وەرگرتنی دەسەڵاتە، رووی فاشی و نییەتە خراپەکەی دەرکەوت بۆ ڕۆڵەکانی گەل و حکومەت، وتارەکەدا ئاگادارمان دەکا کە حکومەت ئەمریدا کە هەموو دەستگاکانی ئەو ڕێکخراوە دابخات و دەست بەسەر کەل وپەلەکانی داگرێ، پەیامنێر بە کارێکی باشی دەزانی، ئەوەی شایانی باسە، لە وتارێکی تر یاخود لە هەواڵێکی تر دێتەوە سەر باسی (برایانی موسلمان) لە ژمارەی ـ٢٠ـ دا لە ژێر سەردێری (مەدفەکان و چەکەکان و زەخیرە) باس لەوە دەکا کە ڕۆژنامەی (المصري) میسری بڵاوی کردۆتەوە کە لە ڕۆژی ١٩٤٨/١٠/٢٢ وەزارەتی ناوخۆ چەند چەک و ئازوقەو جەباخانە (و جۆرەکانی لەوتارەکەدا دیارکراوە) لە لای ئەندامانی ڕێکخراوی (برایانی موسلمان) دەستی بەسەردا گیراوە بۆ نموونە: (١١)مدفع و مورتارو (١٥)سندوق دینامیت و (٣٨٤٠)فیشەک (جۆری جیاواز) هەروەها لە ١٩٤٨/١٠/١٥، (٢٧) دەمانچەو مدفع ، هەروەها لە ١٩٦٦/١١/١٦، (٤٦٦)پارچە لە مادەی دینامیت کە نزیکەی نیو (ڕەتل).

گۆڤاری (نزار) بە قەناعەتی من زۆر بە خۆشحالییەوە هەواڵی لێدانی کۆمەڵەی برایانی موسلمانی بڵاوکردۆتەوە.

## ئەنجام:

هەرچەندە ئەم لێکۆڵینەوەیە لەسەر هەموو ژمارەکانی گۆڤاری((نزار)) ئەنجام نەدراوە، بەلام لەگەڵ ئەوەشدا، ڕۆلی دیاری ئەو گۆڤارە سیاسییە کوردیەی بەر لەپەنجا ساڵ، ئاوێنەی هوشیاری و لێهاتوویی و هەستی بەرپرسی مێژوویی نووسەرانی ئەو سەردەم و خاوەنی گۆڤارەکەمان بۆ دەسەلمێنێ و گۆڤارەکە ئەو ئامانجەی پێکاوە کەلە پێناوی‌دا لە دایکبووە. نووسەرانی گۆڤارەکە بوێرانە هاتوونەتە مەیدان، کێشەی ڕۆژیان خستۆتە بەرچاو و داکۆکییان لەبوونی نەتەوەیی و مافی ڕەوای گەلی کورد کردوە، کێشە جۆر بەجۆرەکانی کۆمەلگای کوردستانیان خستۆتە بەرباس و لێکۆڵینەوە.. زۆر کێشەو بابەت کەلە گۆڤارەکەدا بلاوکراونەتەوە تائەمڕۆش گرنگیان لە دەست نەداوە، بەلکو نووسەرانی گۆڤارەکە لەخستنەرووی کێشەی یەکسانی و ماف ژنان و ریسواکردنی دەستەلاتدارانی کۆنەپەرست و ڕەخنەی توندو بنیاتنەرانەی ئەوتۆیان نووسیوە، ئەگەر ئێستا بنوسرێ لەوانەیە هیچ کام لەڕۆژنامەو گۆڤارەکانی ئەمڕۆمان بلاوی نەکەنەوە، یاخود نووسەرانی بخرێنە لیستی تیرۆرکردن و ڕەشەکوژی.

گۆڤاری ـ نزار ـ لەتەک ڕۆژنامەو گۆڤارەکانی سەردەمی خۆی گەنجینەیەکی گەورەی کلتوری کوردی پێک دەهێنێ و سەرچاوەیەکی گرانبەهایە بۆ لێکۆڵینەوەی بیری سیاسی و کۆمەڵایەتی کوردی.

---

*دەستکاری ڕێنووسی سجادی نەکراوە.

تێبینی: ئەو (١٩)وێنەیە لە ئەلبومی گۆڤاری نزار، ئەوەی دووبارە لەلایەن برایانی بەڕێز: ڕەفیق ساڵح و سەدیق ساڵح چاپکراوەتەوە وەرگیراون. جێی خۆیەتی دەست خۆشی لەو دوو برا بەڕێزە لەبری ئەو کارە ڕۆشنبیرییە مەزنە بکەین. (ڕۆژنامەڤانی)

# اليوبيل الذهبي لمجلة نزار

جمشيد الحيدري

يتطرق الكاتب في البداية إلى كيفية حصوله على بعض أعداد مجلة (نزار) التي صدرت باللغتين العربية والكردية في عام ١٩٤٨-١٩٤٩ ثم تعرضت إلى الغلق مع مجلة گەلاويژ الكردية والتي صدرت منذ ١٩٣٩ وواصلت الصدور إلى عام ١٩٤٩، عام وأد الحريات في العراق، وقد لعب المرحوم الأستاذ علاءالدين السجادي دورا هاما في اصدارهما، وخاصة مجلة نزار.

ثم يشير الدكتور جمشيد الحيدري إلى حياة المرحوم السجادي من ولادته التي يكتنفها الغموض، وقد تقصد المرحوم ذلك، وذكر في مناسبات عديدة وخاصة في الرسالة التي بعث بها إلى الدكتور الحيدري ذكر فيها أنه ولد في قرية باراو التابعة لناحية بەرزنجە وذلك تحسبا للمشاكل التي قد يتعرض له لوذكر أنه ولد في كردستان الشرقية، ثم يشير الكاتب إلى دوره الهام في مسيرة الأدب الكردي وتأليفه العديدة في ميادين الأدب المختلفة، ثم تعيينه ــ إكراها ــ أمينا عاما للأوقاف بعد إنفراد النظام العراقي بتشكيل مؤسسات الحكم الذاتي عام ١٩٧٤.

ثم يذكر الكاتب الكتب الخمسة والعشرين التي قام المرحوم السجادي بتأليفها وثمة كتب مخطوطة أخرى تنتظر الصدور ومن الكتب المطبوعة على سبيل المثال لا الحصر تأريخ الأدب الكردي - طبعت مرتين - وثمانية أعداد من (رشتەى مروارى ـ عقد اللؤلؤ) والأسماء الكردية وجولة في كوردستان وعدد آخر من الكتب.

ثم يعود الدكتور الحيدري إلى ظروف صدور مجلة نزار، والصحف والمجلات التي صدرت في عهد حكمدارية الشيخ محمود الحفيد، ثم صدور الصحف والمجلات في فترة حكومة كردستان الديموقراطية بزعامة القاضي محمد.

وفيما يخص أهمية المجلة من حيث كونها أول مجلة كوردية سياسية مجازة يشير الدكتور الحيدري إلى المقالات السياسية المنشورة قبل نصف قرن من الآن، وخاصة العربية منها حيث يتضح جليا عرض المطاليب الكوردية بكل جرأة.

ويشير إلى أعداد المجلة وتواريخ صدورها ويؤكد أن نهج المجلة كان نهجا تقدميا وكان كتابها يدعون إلى الأخوة العربية الكردية والنضال المشترك في إطار عراق موحد.

وكانت المجلة كما أشرنا إليها آنفا، تصدر باللغتين العربية والكوردية وكانت المقالات الكوردية تدور حول اللغة الكوردية الأدب والتأريخ الكورديين وتوعية الجماهير، وكان المقال الأفتتاحي في القسم الكوردي يختلف عن القسم العربي إلا في العدد الأول حيث يدور المقال حول (أهداف المجلة) وساهم في الكتابة، شخصيات عربية بارزة وثم يسرد الكاتب عددا آخر من الأسماء اللامعة ممن أغنوا المجلة بكتاباتهم الثرة.

وكانت أغلبية المقالات تنصب على التآخي القومي، ذلك الشعار الذي رفعه التقدميون في الأربعينات، إلا أن هذا الشعار رفعه المحامي ابراهيم احمد(المرحوم) سنة ١٩٣٦ في دفتي كتيب

صغير. ويتطرق الدكتور الحيدري على أن الكورد قاموا بواجباتهم على الوجه الأكمل نحو العراق، إلا انهم لم ينالوا الحقوق التي يناضلون من أجلها.

ويستعرض الكاتب المقالات التي كانت توجه النقد اللاذع والتي أزعجت الحكومة والسفارة البريطانية في بغداد كلتيهما ويلاحظ في الأعداد القادمة تحرك مقص الرقيب لبتر الفقرات التي تقرص السلطة، وبالأضافة إلى القضايا الأخرى، تطرقت المجلة إلى الناحية السياسية والاجتماعية بالنسبة لحياة الكورد اليومية مثل : الناحية الأقتصادية وخاصة مشاكل التبغ و التعليم والصحة وقضية المرأة.

وركزت المجلة في كثير الأحيان على مشكلة التبغ والأضرار التي تلحق بالمزارعين وأخذت آراء عدد من مختصي هذا الحقل الأقتصادي واقترحت حلولا لها. وبالأضافة إلى ذلك فقد حفلت المجلة بعدد من القضايا الفكرية والسياسية، وخاصة القضية الكوردية وحل القضية القومية، القضية العربية، وخاصة القضية الفلسطين والنظام السياسي والأجتماعي العراقي والموقف من سياسة الانگليز وخاصة تجاه العراق. وطالب بجرأة بأطلاق سراح البارزانيين والسجناء السياسين وعددا أخر من المطاليب. كما كتب المرحوم السجادي مقالا حول مطالب الكورد الثقافية وطالب كاتب آخر باسم (إبن خلكان) بضرورة فتح فرع كردي في المجمع العلمي العراقي وتدريس الأدب الكردي وتأريخه في كلية الأداب.




ثم يستعرض الدكتور الحيدري مقالات بعض الكتاب و منهم السيد محمد على كوردي بوجه خاص، حيث يعاتب الأخوة العرب على تعاونهم مع الدول الاقليمية على ضرب الكرد وحجب حقوقهم المشروعة عنهم. ومن جهة أخرى يشير من اخلال مقال بقلم المرحوم السجادي إلى عطف الكورد على إخوانهم عرب فلسطين الذين شردوا عن ديارهم ويدافع عن حقوقهم رغم أن احدا من الأخوة لم يلتفت إلى القضية الكردية وينحى باللائمة على الجامعة العربية لتقاعسها في القيام بدفاع مستميت عن الفلسطينيين ويستعرض بعض المقالات في أعداد أخرى دافع فيها كتابها عن الحرية والاحرار وأدانوا فيها سياسة الحكومة الرجعية التي تتهم بالشيوعية كل من ينادي بالأصلاح وإزالة الفوارق.. وغيرها وفي محور أخر من محاور الحديث عن الناحية الأجتماعية، يستعرض الكاتب مقالات معينة حول التميز بين الرجل والمرأة وضعف الأخيرة أمام الرجل، وأنتشار ظاهرة البغاء في المدن ويرجع ذلك إلى عدة أسباب، كالفقر، وغلاء المهور، وبعض العادات الأجتماعية البالية.

ومن خلال أستعراض مجمل ما جاء في مجلة نزار يصل الدكتور الحيدري إلى هذه النتيجة.

لعبت هذه المجلة دورا متميزا في ميدان الصحافة الكردية قبل خمسين سنة وكانت مرآة للوعي والشعور بالمسؤلية وأستقطبت عددا كبيرا من الكتاب المرموقين عربا وكردا الذين سخروا أقلامهم للدفاع عن الشعب والديموقراطية ودافعوا عن حقوق الشعب الكردي وان ما جاء فيها من مقالات، ربما لن تفسح صحفنا اليوم صدرها لمثلها.

# چاوگێرانێک بە مێژووی رۆژنامەگەریی کوردیی حزبی شیوعیدا



جەلال دەباغ

حزبی شیوعی عێراق هەر لە سەرەتای دامەزراندنییەوە (١٩٣٤/٣/٣١) لەو راستییە گەیشتووە کە رۆژنامەگەری و راگەیاندن، رۆلێکی گرنگیان هەیە بۆ بلاوکردنەوەی بیروباوەڕو راگەیاندنی رێبازو دامەزراندنو فراوانکردنی رێکخراوی حزب، بەتایبەتی رۆژنامە کە نەخشێکی گرنگ لەو کارانەو لە پروپاگەندەو جوولاندندا دەبینێ. دیارە ئەمەش بەبەکار هێنانی هەموو ئەو زمانانە دەبێ کە رۆلەکانی ئەو گەلانەی ناو قەوارەی دەولەتەکە قسەی پێ دەکەن.

لەم قەوارەیەدا کەکوردستانی باشووری پێوە لکێنراوبوو، گەلی کوردستانیش مافی بڕیاردانی چارەنووس و هێنانەدی مافە نەتەوەییە رەواکانی لەڕووی مەبدەئییەوە لەلایەن سەرکردایەتیی هاورێ فەهدەوە دانی پێدانرابوو، ئەوەش کە ماوەی دە ساڵ رێگر بوو لەرێگەی سەرهەلدانی چاپەمەنی کوردی لەناو حزبدا، ئەو بارو زروفە گرانە بوو کە شیوعییەکان خەباتیان تێدا دەکردو، بە هەموو شێوازێکی یاسایی و بێ یاسای بەربەرەکانی دەکران و لە قوولایی زیندانەکان توند دەکران و دووچاری داپلۆسین دەبوون.

لە سالانی ١٩٣٤ ـــ ١٩٤٤دا، حزب لە تێکۆشانێکی سەختدا بوو بۆ فراوان کردنی بنکەی حزبی و بەرینکردنی رێکخراوەکان لەناو خوێندکاران و کرێکاران و بەشەکانی تری گەل، لە ناوچە جۆربەجۆرەکاندا. پێش ئەوەی بێینە سەر باسی یەکە یەکەی رۆژنامە کوردییەکانی حزب دەبێ ئەوەش بلێین کەرۆژنامەی ((یەکێتیی تێکۆشان)) یەکەمین رۆژنامەیەکی مارکسیی نهێنی بوو کە چەند ژمارەیەکی لێ دەرچوو، شایانی باسە لەم سالانەی دواییدا، ژمارەکانی لە بەرگێکدا کۆکرانەوەو بە چاپ گەیەندران.

پاشان((دەنگی میللەت)) کە زمانحالی کۆمەلەی میللەت بووەو، ئەمیش رێکخراوێکی مارکسی بوو، کە حزبی(شۆرش)ی لێ کەوتەوە.

**ئازادی:**

بێگومان بەستنی یەکەمین کۆنفراسی حزب لە شوباتی ١٩٤٤داو، پاشان بەستنی یەکەمین کۆنگرەی حزب لە شوباتی ١٩٤٥دا، بوونە خالێکی وەرچەرخان لە مێژووی تێکۆشانی حزبداو، هەر لەدوای کۆنگرەی یەکەمی حزب لە شوباتی ١٩٤٥دا کۆمیتەی ناوەندی حزب توانی، بەو توانا کەمو سنووردارەی یەکەمین رۆژنامەی

# با هەرچی بەرز کرێتەوە ئازادی بەرزی برایەتی ی کرێکارانی جیهان!

# ئازادی

روژنامەیەکی روژانەی سیاسی یە

ژمارە ۱ سالی ۱ هەینی ۹ ی ئەیاری ۱۹۵۹ نرخی ۲۰ فلسە

## بەرنامەی روژنامەکەمان

## سلاوی ئازادی بو قارەمانی شورشەکەمان



کوردیی حزب بە نهێنیوبەناوی (ئازادی) دەربکات.

(ئازادی) ڕۆژنامەیەک نەبوو کەدەستەی نووسەرانی تایبەت و توانای زۆری لەژێر دەستدابێ، بەڵکو هەر لەژێر چاودێری ناوەندە حزبییەکەدا دەردەکرا، بە پەیوەندی لەگەڵ دامەزراندنی لقی کوردیی حزبدا کە هاوڕێ (مەلا شەریف عوسمان ـ هەولێری) ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی، بەرپرسی بوو، لێرەشەوە بووە بەرپرسی ڕۆژنامەکە، کەناو بەناو دەرچووەو زمانی لقی کوردی حزب بووە.

ئازادی لە مێژووی تازەی کوردستاندا، بە یەکەمین ڕۆژنامەیەکی نهێنی حزبێکی چەشنی نوێی چینی کرێکارو جووتیارو ڕۆشنبیرانی شۆڕشگێڕ دادەنرێ کەتا ئەو کاتە تەنانەت حزبەکانی تریش ڕۆژنامەیەکی لەو بابەتەیان نەبوو.

(ئازادی) لە هەلومەرجێکی سەختو دژواردا دەرکراوە، ئەگەرچی زۆر بەفراوانی بلاونەکراوەتەوە، بەلام ڕۆلێکی پێشەنگی گێڕاوە بۆ بلاوکردنەوەی بیروباوەڕی مارکسیزم ـ لینیزم لە کوردستانداو، دەربڕینی سیاسەتی حزبی شیوعی عێراق لە مەسەلە سیاسی و کۆمەلایەتییەکانی ئەو سەردەمەداو، بۆ ڕیسواکردنی سیاسەتی کۆنەپەرستانەی ڕژێمی پاشایەتی و سەرانی ڕژێم، بەتایبەتی لەو کوردانەی کە لە خزمەتی ڕژێمدا بوون و پشتیان کردبووە بزاڤی ڕزگاریخوازی گەلەکەی خۆیان.

ئازادی ڕۆلێکی باشی گێڕاوە لە بلاوکردنەوەی بابەتی جەماوەریداو، دەربڕینی داخوازییەکانیان و ئاشکراکردنی پیلانەکانی ئیمپریالیزم و ریسواکردنی نەخشەو پیلانەکانی فاشیزم و بەتایبەتی فاشیزمی هیتلەری و پشتگیریی

یەکێتی شوورەوی و بڵاوکردنەوەی بابەت لەو رووەوە.

لەگەڵ بەستنی دووەمین کۆنفرانسی حزب لە ساڵی ١٩٥٦داو، هەڵبژاردنی سەرکردایەتی حزب و چارەسەرکردنی هەندێ گیروگرفتی ناوخۆو یەکگرتنەوەی هەندێ لە لابالەکانی حزب و هەڵبژاردنی هاورێ سەلام عادل بە سکرتێری حزب و، جەمال حەیدەری بە ئەندامی مەکتەبی سیاسی، ئازادی بە هەنگاوێکی گەورە بەرەو پێش چوو، چەند ژمارەیەکی رێکوپێکتری لێ دەرچوو، بەتایبەتی لە ساڵی ١٩٥٧دا، بەناوی (ئازادی کوردستان)ەوە چەند ژمارەیەکی دەرچوو کە بەرێزان مامۆستا ساڵح حەیدەری و حەمید عوسمان بەشداری دەرکردنی بوون و لە ماڵی مامۆستا سەعید ناکام بە نهێنی چاپکراوە.. هتد، پاشان ناوەکەی کرایەوە بە (ئازادی) و دیارە ئەم ئاڵوگۆرە لە ئەنجامی کێشەیەکی ئایدیۆلۆژیی ناو حزبدا بووە، جا ئەگەر لە سەردەمی پێش کۆنفرانسی دووەمدا، هاورێیانی وەک مەلا شەریف عوسمان و عەبدولواحید نوری و محەمەد محەمەد ئەمین (کاکەی فەلاح)و ئەندامانی دیکەی حزب کاریان تێدا دەکرد، لە دوای کۆنفرانسیش کادیرو ئەندامانی دیکەی حزب و، بەشێوەی گشتی رێکخراوە ناوخۆییەکانی حزب سەرچاوەی وتارو هەواڵ و نووسین و بڵاوکردنەوەی بوون. ئەم شێوەیە تا بەرپابوونی شۆڕشەکەی ١٤ی تەمووزی ١٩٥٨ درێژەی کێشا..

سەرکەوتنی شۆڕشەکەی تەمووز دەرگایەکی فراوانی لە پێش رۆژنامەگەری کوردیدا ئاوالە کرد، بەتایبەتی رۆژنامەی (ئازادی) کە حزبەکەی رۆڵێکی کاریگەری لە تەقینەوەی شۆڕشەکەدا گێڕا، چ لە رێگەی رێکخراوی ئەفسەرانی ئازادەوە کە شیوعیەکان و دۆستەکانیان رۆڵێکی گرنگیان تێدا هەبووە، یان لە رێگەی کۆمەڵانی خەلکەوە کە لە هەموو کونجێکی ولاتدا رژانە سەر شەقامەکان بۆ پشتگیریی شۆڕشەکە.

لە رۆژی یەکی ئایاری ١٩٥٩دا بەشێوەی رەسمی رێگەی دەرچوونی ئاشکرای (ئازادی) درا کە لە سەرەتادا لە کەرکوک دوانزە ژمارەی لێ دەرکراو پاشان گواسترایەوە بەغدای پایتەخت تا لە نزیک ناوەندی حزبەوە دەربکرێ، بەتایبەتی کە بەغدا توانای هونەریی زیاتری تێدا بوو، هەر لە سەرەتای دەرچوونیەوە هاورێ نافیع یونسی پارێزەر سەرنووسەری بوو.

راستە لە ماوەی دەرچوونی (ئازادی) تا داخستنی لە ١٩٦٠دا، هەندێ هاورێ رۆڵێکی چالاکانەیان لە دەرکردنیدا گێڕا وەک ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی و سەرنووسەری رۆژنامەکە هاورێ نافیع یونسی پارێزەرو نووسەرانی رۆژنامەکە. هاورێیان (گۆران و ئەحمەد غەفورو ئەحمەد دلزارو محەمەدی مەلا کەریم و عیزەدین مستەفا رەسوول و حسێن عارف)و چەندانی تری وەک هاورێ غەفووری میرزا کەریم کە پەیامنێری رۆژنامەکە بوو لە سلێمانی و دوای ئەویش نووسەری ئەم وتارە. لە هەولێریش مومتاز حەیدەری یەکەم پەیامنێری رۆژنامەکە بوو، چەندانی تریش..هتد، بەلام لە راستیدا رێکخراوەکانی حزب و هاورێیانی کادیرو ئەندام و دۆستانی حزب لاپەرەکانی ئازادییان دەولەمەند کردبوو، ئەمەش یەکێکە لە خەسلەتەکانی رۆژنامەی شیوعی کە نابێ ببێتە مەیدانی بڵاوکردنەوەی تەنیا چەند قەلەمێک و






پەیامنێرێک، بەلکو دەبێ کۆمەلانی فراوانی خەلک پشتگیریی بکەن و بەشداری تێدا بکەن و تۆڕێکی فراوانی نووسەران و رۆشنبیران و پەیامنێران تێیدا بنووسن.

(ئازادی) لە ماوەی دەرچوونی ئاشکرایدا رۆلێکی گەورەی گێڕا بۆ پشتگیریی شۆرشەکەی تەموزو پەردەلادان لە رووی پیلانگێرانی دوژمنان و بەرگری لە داخوازییەکانی جەماوەری گەل و لە مافە نەتەوەییە رەواکانی گەلی کوردو بلاوکردنەوەی چەندان بابەتی بیروباوەڕی مارکسیزم ـ لێنینیزمو، ئەدەبو هونەرو بابەتی دیکەی هاوپەیوەند لەگەل بزووتنەوەی کرێکاریو جووتیاریو یاسای ئیسلاحی زراعیو دەنگوباسی نەقابەکانو..هتد.

داخستنی رۆژنامەی (ئازادی) لەگەل داخستنی ـ اتحاد الشعب ـدا سەرەتای دەرکەوتنی رێبازی لادان لە دیموکراسیو رەوتێکی دیکتاتۆری تاکەکسی بوو کە قاسم پەیرەوی کردو بەوەش زەمینەی خۆشکرا بۆ کەلا خستنەوەی رژێمەکەو لە دەست چوونی دەستکەوتەکانی شۆرشەکە.

لەم سالانەی دواییدا مانگی دەرچوونی (ئازادی) لە رۆژنامەگەری حزبماندا بەهەلە بە نیسانی ١٩٤٤ دەستنیشان کراوە، نازانم لەم دیاریی کردنەدا پشتیان بەچی بەستووە. لە کاتێکدا لە نیسانی ١٩٤٥دا دەرچووەو لەم بارەیەشەوە هەندێ بەلگەمان بەدەستەوەیە. بۆ نموونە: لە ژمارەی یەکەمی (ئازادی) ئاشکرادا لە رۆژی ١/ ٥/ ١٩٥٩دا ئەم بانگەوازە بلاوکراوەتەوە کە ئەمە دەقەکەیەتی:(( لە ئازادییەوە بۆ ئازادیخوازان! تکایە ئەوی ژمارەکانی ئازادیی لایە هەر لە ١٩٤٥ـەوە، تاپێش شۆرشی پیرۆز، هەروا هەر بلاوکراوەیەکی حزب بە عەرەبیو کوردی بۆمانی بنێرێ)).

هەر لە ژمارەی یەکەمدا (ئازادی) لە لاپەرەی یەکەمدا بەناونیشانی (بەرنامەی رۆژنامەکەمان) نووسیوبەتی دەلێ:((ئەو شاپلیتەیەی کە چواردە سال لەمەوبەر، دەستەیەک لە خاباتکەرانی حزبی شیوعی عێراقی پالەوان، لە رۆلە دلسۆزەکانی چینی کرێکاری عێراق، لەولاوە شۆرشگێرەکانی نەوەی کوردی بەشەرەف، بەسەرۆکایەتی قارەمانی نەمری گەل هاورێ فەهد، هەلیان کرد لە ئاسمانی کوردستانی پڕ هەورە تریشقەی زۆرداریدا..))

بەم جۆرە دەبینین لەوێشدا (١٤ سال)ناوبراوە کە بەو پێیەش دەرچوونی (ئازادی) دەکاتە سالی ١٩٤٥. ئەمە لە کاتێکدا نووسراوە کە هاورێیان مەلا شەریف عوسمانو جەمال حەیدەریو نافیع یونسو کاکەی فەلاحو، گەلێک لە هاورێیانی دێرینی حزب هێشتا لە ژیاندا بوون، کەسیان پێچەوانەی ئەوەیان رانەگەیاندووە.

هەروا رۆژی یەکی ئایار کراوەتە رۆژی رۆژنامەگەری کوردیی حزب کەلە راستیدا باشتر وایە مانگی نیسان بێ کە یەکەم ژمارەی ئازادی تێدا دەرچووە، تەک ئەو رێکەوتەی ئێستا دانراوەو، رۆژی رۆژنامەگەریی شیوعی دەبێ بەژێر رۆژە پیرۆزەکەی جەژنی یەکی ئایاری کرێکارانەوە.

**رێگای کوردستان:**

دوای داخستنی (ئازادی)ی ئاشکرا، دیسان رۆژنامەی نهێنی لەلایەن رێکخراوی لقی کوردستانەوە دەرکرایەوە، بەلام ناوەکەی کرا بە (رێگای کوردستان) کەلەگەل ئامانجەکانی خەباتی نەتەوایەتیو چینایەتی لە قۆناغی ئایندەدا بگونجێ. ئەمەش لە سالی ١٩٦٢دا بوو، لەو رۆژانەدا چاپخانەکە لە مالی هاورێ فاخیری حەمەد ئاغای مێرگەسووری بوو لە کەرکوک، کاک مومتاز حەیدەری ئەرکی چاپکردنی لە ئەستۆ بوو.

(رێگای کوردستان) لە هەلو مەرجی سەختی تێکۆشاندا دواتر بەتەواوی رێگەی دەرچوونی لێ تەنراو کۆسپو تەگەرەکانی زیاتر بوون، بە تایبەتی دوای کودەتا شوومە فاشیستەکەی شوباتی ١٩٦٣ کە بەهەزاران شیوعی و نیشتمانپەروەر شەهید کراںو سەدان هەزار کەس لە قولای زیندانەکانی رژێمی کودەتا گیران توندکرانو سەرنووسەری (ئازادی) هاورێ نافیع یونس شەهید کرا، بەلام لە ماوەیەکی زوودا رێکخراوەکانی حزب خۆیان گرتەوەو بزوتنەوەی پێشمەرگە شیوعییەکانو دۆستەکانیان لە کوردستان دامەزراو، لە شۆرشەکەی ئەیلولی کوردستاندا بە سەرۆکایەتی بارزانی مستەفا بەشدارییەکی چالاکانە کرا. هەر لە چیاکانی کوردستانو لە شارەکانیشدا بە نهێنی


کارگەران

رۆژنامەی لیژنەی لیوای سلیمانی حزبی شیوعی عیراق

ژمارە ٢ سالی ٢ ئابی ١٩٦٨ نرخی ٥ فلس

خۆپیشاندانێکی گەورەی شیوعییەکانی سلیمانی لە پیناوی چەسپاندن وبەهێزکردنی یەکێتی حزبمان!

(رێگای کوردستان) بە زمانی کوردیو هەندێ جار بەعەرەبیش دەردەکرا، دوای کودەتای بەدناوی شوباتی ١٩٦٣ بۆ یەکەمین جار (رێگای کوردستان) لە ئاوەگرد- چیای سەفین- دەرکرایەوە. هاورێیان حسێن عارفو حەمە کەریم فەتحوللاو چەند هاورێیەکی تر دەوریان تێدا دەگێرا. ئەم قۆناغەی دەرچوونی (رێگای کوردستان) تا رێکەوتنەکەی ١١ی ئاداری ١٩٧٠ درێژەی کێشا.

بەهۆی سەختیی رۆژگاری تێکۆشانەوە، (رێگای کوردستان) کە ئۆرگانی رێکخراوی لقی کوردستانو پاشان هەرێمی کوردستانی حزب بوو، بارێکی ئاسایی بەخۆیەوە نەدیو، لەلایەن هاورێیانی سەرکردایەتی رێکخراوەکەو کادیرانی پێشکەتووی حزبەوەو بە هاوکاری رێکخراوەکانی حزب لە هەموو لایەکی کوردستانەوە، دەردەکرا.

هاورێیانی وەک حەمە کەریم فەتحوللاو حسێن عارفو ئەحمەد دلزارو جەلال دەباغو مومتاز حەیدەریو کەسانی تر بەشدارییان لە دەرکردنیدا کردووە، ئەمە سەرەرای دەیان و سەدان نووسەرو پەیامنێرو لایەنگر کە بەشداریی کاریگەریان کردووە.

لەم قۆناغەدا چەند ژمارەیەکی لە چیاکانی کوردستان و هەروا لە گوندی دەرگەلەو، لە مالی نیشتمانپەروەرو شیوعیی دلسۆز هاورێ عوسمان دانش دەردەکرا کەنووسەری ئەم وتارە بەشداریی چالاکانەی تێدا دەکرد. من لە سەردەمی دەرگەلەدا لەگەل هاورێ دلزاری شاعیر بەشداربم لە دەرکردنیدا کردووەو یەکێک بووم لە نووسەرە سەرەکییەکانی.

لە پێشدا بە تایپو رۆنیۆ و لە پاشدا دەزگایەکی چاپی دەستی کە پیتەکانی بۆ رێکدەخران چاپ دەکرا. لە هەندێ ژمارەی رێگادا بۆ چاپکردن و کاری هونەری هاورێیان نەجیب حەناو ئەبوو شاخەوان کارێکی باشیان تێدا کردووە.

کە باسی کاری رۆژنامەگەریی و حیزبی ئێمە لە گوندی دەرگەلەی سەر بە(رەواندوز) دەکرێ،

دەبێ باسی دەورگێڕان و پشتگیریی هەمە لایەنەی مام سلێمان بەگی دەرگەلە و هاوڕێ زرارو تەواوی بنەماڵەکەیان بە چەشنێک بکرێ کە لەگەڵ ئەو سەروەرییە گەورەیاندا بۆخزمەتی حزبو گەل بگونجێت.

لەیادم دێ کە حزب توانی مەکینەی چاپەکەی گوندی دەرگەلەی دەستکەوێ و ئەو هەموو تیپانەی پەیدا کردن خۆشحالیەکی گەورە دایگرتن. لە سەرپەرشتی رۆژنامەکەدا هاوڕێیان عومەر عەلی شێخ و کەریم ئەحمەدو ئەحمەد بانیخێلانی دەوریان تێدا گێراوە و هەندێ جار سەر وتاریشیان تێدا نووسیوە، لە یادمە جارێکیان شەهیدی نەمر هاوڕێ (عایدە یاسین) ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حزب کە بەکارێکی حزبی هاتبووە دەرگەلە لە چاپکردنی ژمارەیەکی (رێگای کوردستان)دا چەند سەعاتێک لەسەر مەکینەی چاپەکە کاری کرد.

لە ماڵی هاوڕێ عوسمان دانش، تایپو رۆنیۆکەمان هەبوو کەلە جێگایەکدا شاردبوومانەوە لە کاتی پێویستدا دەردەهێنراو کارمان لەسەر دەکرد. هاوڕێ دانش بابەتەکانی بەتایپ دەنووسی و ئێمەش راستمان دەکردەوەو بەرۆنیۆ رامان دەکێشا، ئەمە سەرەڕای بەشداریمان لە نوسین و وەرگێرانی بابەتەکاندا. بابەتەکانی (رێگای کوردستان) جۆر بەجۆر بوون، لەسەر وتارەکاندا رێبازی حزبو سیاسەتەکەی لە گرنگترین بابەتەکانی کوردستان و مەسەلەکانی رۆژدا دەخرانە روو، وێڕای ئەوە بیرەوەرییە نیشتمانی و نەتەوەییەکان زیندوو دەکرانەوەو دەنگوباسە گرنگەکان بلاودەکرانەوەو گەلێک بابەتی رۆشنبیری و هۆشیاریی چینایەتی و سەرکەوتن و رێبازەکانی ئەو سەردەمانەی ولاتانی سۆسیالیستی و حزبە شیوعی و کرێکارییە براکان و ژیانی کرێکاران و جووتیارانی کوردستان و عێراق..هتد بلاودەکرانەوە.

**بیری نوێ ــ الفکر الجدید:**

لەگەڵ سەرکەوتنەکەی رێکەوتنی ١١ی ئاداری ١٩٧٠دا، کە بەرهەمی خەباتی گەل و هێزە نیشتمانپەروەرو نەتەوە پەروەرە دیموکراسییەکانی بوو، هەلومەرجێکی نوێ هاتە کایەوەو تا رادەیەک ئازادیی رۆژنامەگەری دەستکەوت، لەبەر ئەوە حزب داوای مۆلەتی دەرچوونی ئاشکرای (رێگای کوردستان)ی کرد، بەڵام رژێم بە هیچ جۆرێک قایل نەبوو ئەو مۆلەتە بدات، چونکە وشەی (کوردستان) لە ناوی رۆژنامەکەی حزبدا بوو، لەبەر ئەوە بە نەرم و نۆلییەکی مەبدەئییەوە حزب ناوی (بیری نوێ ـ الفکر الجدید)ی بڕیارداو بەو ناوەوە داوای مۆلەتی کرد، کاربەدەستانیش بڕیاریاندا بە مەرجێک رۆژنامەیەکی هەفتانەی رۆشنبیریی گشتی بێ نەک سیاسی و بەزمانی عەرەبیش دەربچێ و کوردییەکە پاشکۆی عەرەبییەکە بێت.



لە رۆژی ١٨ی حوزەیرانی ١٩٧٢دا یەکەمین ژمارەی (بیری نوێ) دەرچوو، تا سەرەتای ١٩٧٩ بەردەوام بوو، خاوەنی ئیمتیازی رۆژنامەکە هاوڕێ (فەخری کەریم زەنگنە) بوو. سەرنووسەریش دەبوو دەرچووی زانکۆ بێت. لەبەر ئەوە تەنها بەناو هاوڕێ (د. حسین قاسم عزیز) بووە سەرنووسەر، ناوبراو مامۆستایەکی بەڕێز و تێکۆشەرێکی شیوعی کورد بوو، لە زانکۆی بەغدا مامۆستای

مێژوو بوو، نووسەری چەندان کتێبی بەنرخ بوو، جار جار بە سەردان دەهاتە بارەگای ڕۆژنامەکە.

سەرنووسەری ڕاستیی ڕۆژنامەکە هاوڕێ حەمە کەریم فەتحوڵلاو جێگری سەرنووسەر جەلال دەباغ بوو هاوڕێیان تەحسین محەمەد خەلیل و ڕەفیق سابیرو د. جەوهەر شاوەیس و حسێن محەمەد سەعید و هاشم کۆچانی و مامۆستا کەمال غەمبار و مامۆستا ڕەشید هەورامی و جەلالی حاجی مەحمود کە بە (حاجی جەمال) ناسرابوو، لە ڕۆژنامەکە کاریان دەکرد، سەرەڕای چەندان ڕۆژنامەنووس و ئەدیبی تر لە بەشە عەرەبییەکەیدا.

لاپەڕەکانی ئەم ڕۆژنامەیە ئاوالە بوو بۆ قەلەمە پێشکەوتنخوازەکانی کورد، وێڕای جیاوازیی بیروڕایان. لەم ساڵانەی دواییدا هاوڕێیەک لە وتارێکیدا ڕەخنەی لە (بیری نوێ) گرتبوو کە نووسی بووی:

((.. وەک پێویست ڕۆڵی خۆی لە گۆڕەپانی داکۆکی کردن لە مافە ڕەواکانی گەلی کوردستان و داخوازییەکانی کرێکارو جووتیارو زەحمەتکێشان نەگێڕاوە..!، ((.. ئەم هەفتەنامەیە بەم ئەرکەی وەک پێویستە هەڵنەستاوە، لەم بوارەدا کەم و کوڕی هەست پێکراوی هەبووە، دیارە بۆ پاراستنی بەرەی نێوان حزبەکەمان و حزبی فەرمانڕەوا هەندێ جار چاوی لەو پێشێلکارییانە نووقاندووە کە دژی گەلی کوردستان دەست پێ کرابوو لەلایەن حزبە شۆڤینییەکەی بەعس بەتایبەتی گواستنەوەی زۆربەی ئەو خێزانە کوردانەی دوای نسکۆی ١٩٧٥ لە ئێران گەڕانەوە بۆ خوارووی عێراق، هەروا ڕاگواستنی زۆرەملێی دێهاتە سەر سنوورییەکانی کوردستان و دەستکاری کرنی بەرنامەکانی خوێندنی کوردی.

لە هەمووشی ترسناکتر ئەوە بوو کە دام و دەزگا کارتۆنییەکەی بەعس کە حزبیشمان بەشداربوو تیایدا، بەهیچ شێوەیەک لەلایەن هەفتەنامەی (بیری نوێ) ڕەخنەی لێ نەگیراوە، ئەمەش کەو کورییەکی زەق بوو. بۆیە بە ڕاشکاوییەوە ئاماژەم پێ کرد کە ببێتە پەندێک بۆ ڕۆژنامەگەریی ئایندەمان..))، (بڕوانە: ڕێگای کوردستان ـ ژمارەی ٢٩٣ ڕۆژی ١٨/٣/١٩٩٨).

بەلام ئەم ڕەخنە سەختە دروست نییە چونکە، وا دیارە ئەو هاوڕێیە سەرنجی ئەوەی نەداوە کە یەکەم ڕۆژنامەکە ڕۆشنبیری بوو، وێڕای ئەوەش ژمارە نەبوو بابەتی سیاسی تێدا بڵاونەکرێتەوەو ناشکرێ ڕۆشنبیری و سیاسەت بەتەواوی لێک




هەولێرنامەی کتێب

جودا بکرێنەوەو هەر بەو هۆیەشەوە چەند جارێک بەرەسمی سەرنجی ڕۆژنامەکەیان ڕاکێشا بۆ ئەوە کە ڕۆشنبیرییەو لەوە لانەدا!، دووەم: لە زۆر کاتدا دەبوو بابەتەکان بنێرین بۆ چاودێری و لە سنووری خۆر لانەدات. سێیەم: ئەو بابەتانەی هاوڕێی ڕەخنەگر باسیان دەکات جێگایان ڕۆژنامەی (طریق الشعب) بوو نەک بیری نوێ کە ڕێگەی بڵاوکردنەوەی لەوێدا نەدەدرا. چوارەم: لە ڕاستیدا نەک تەنیا چاوی لەو پێشێلکارییانە نەنووقاندووە کە دژی گەلی کوردستان دەستی پێکرابوو، بەڵکو ئەو پێشێلکارییانە حزبیشی گرتبۆوە. بۆ نموونە: تەنیا لە ساڵی ١٩٧٧دا پتر لە سێ هەزار کەس بەتاوانی شیوعێتی و پەیوەندی لەگەڵ حزب گیران و بانگ کران بۆ دەزگاکان و، یەک ڕۆژ نەبووە کە هێرش بۆ سەر حزبمان ڕاوەستابێ.

بیری نوێ ئەو کاتە لەو هەلومەرجەدا ڕێگەی ئەوەی نەدەدرا ئەو داوایەی ساڵی ١٩٩٨ی ئەو هاوڕێیە پەیڕەو بکات!، بەلام وێڕای ئەوەش هێندەی بۆی کرابێ و توانیبێتی ڕەخنەی لە سیاسەتی ڕژێم گرتووەو لە بواری دەستکاری بەرنامەکانی خوێندنی کوردی دا ڕەخنەی گرتووەو چەندان وتارو بەرهەمی لەسەر زانکۆی سلێمانی و باری ڕۆشنبیری و خوێندنی کوردی و پێویستیی نووسین بە ئەلفوبێی لاتینی و زیندووکردنەوەی بیرەوەرییە نیشتمانییەکانی کوردستان و.. هتد بڵاوکردۆتەوە. هەندێ ڕەخنەش کە دەگیرێ ڕووی حزب خۆی دەگرێتەوە کە ئەوانەش لە هەڵسەنگاندنەکانی سیاسەتی حزبدا باسیان هاتووە.

دیسان لەگەڵ پەلاماری دەزگا داپڵۆسێنەرەکانی ڕژێم بۆ سەر ڕێکخراوەکانی حزبی شیوعی ڕۆژنامەکانی حزبیش کەوتنە بەرهێرشی ئەو دەزگا فاشییانەو، ڕۆژنامەنووسی لاو حسێن محەمەد سەعید کرا بەژێر ئۆتۆمبیلەوەو تیرۆر کراو کارمەندان ڕاونران و ڕۆژنامەکە داخراو دەست بەسەر ئەرشیف و شتومەکەکانیدا گیراو لە بری بەرگری لێکردن، نەقابەی ڕۆژنامەنووسانی عێراق ئێمەی لە نەقابە دەرکرد.

دوای دەست پێکردنی شەڕی پارتیزانی لەلایەن ڕێکخراوەکانی حزبمانەوە لە کوردستان و بەشداریی لە شۆڕشی نوێدا، جارێکی تر بیری نوێ لە بەرگی گۆڤاردا لە ساڵی ١٩٨٤دا لەلایەن ڕاگەیاندنی ناوەندیی حزبەوە دەرکراو تا ١٩٨٨، (١٣) ژمارەی لێ دەرچوو، هاوڕێیان هاشم کۆچانی و ڕزگار محەمەد خەلیل (هۆگر) و ئاسۆ کەریم و کاروان عەبدوڵلا و سەرۆ قادر گەلێکی تر بەشدارییان لە دەرکردنیدا دەکرد.

لە ساڵی ١٩٩٠دا، دوو ژمارەی لێ دەکراو، دوای ڕاپەڕینیش ژمارەی شانزە چاپ و بڵاوکرایەوە.

## گۆڤاری بیری نوێ:

دوای ڕاپەڕینە شکۆدارەکەی ئاداری ١٩٩١ بەتایبەتی دوای هەڵبژاردنی یەکەمین پەرلەمانی کوردستان لە ساڵی ١٩٩٢داو دامەزراندنی حکومەتی هەرێم و ئەو کەش و هەوا دیموکراسییەی لە سایەی تێکۆشانی گەل و ڕاپەڕینەکەیەوە هاتە دی، بە ڕەسمی داوای ڕێگەدانی دەرچوونی ئاشکرای (بیری نوێ ـ الفکر الجدید) کراو لەو کاتەوە تا ئێستا لەسەر ژمارەی شانزەوە درێژەی دەرچوونی پێدراوەو تا نووسینی ئەم وتارە ژمارە ٢٤ی لێ چاپکراوەو بەردەوامە.

## ڕێگای ئاشتی و سۆسیالیزم:

لە ئاداری ١٩٨٥دا لە دیمەشق یەکەمین ژمارەی لێ بڵاوکرایەوە. گۆڤاری (ڕێگای ئاشتی و سۆسیالیزم) چاپی کوردیی گۆڤاری (مەسەلەکانی ئاشتی و سۆسیالیزم) بوو، کە گۆڤاری حزبە شیوعی و کرێکارییە براکان بوو لە پراگ و بە ٧٩ زمانی گەلان دەرچوو. دەمێک بوو سەرکردایەتی حزبی شیوعی عێراق کۆششی دەکرد کە بە کوردیش دەربکرێ تا لە ئەنجامدا بڕیاردراو

لەم بوارەدا ڕێکەوتنێک مۆرکرا، بەم جۆرە بە کوردییەوە بوو بە (٨٠) زمان.

هاوڕێیان (عەزیز محەمەد و کەریم ئەحمەد) و ئەوانی تر بایەخێکی باشیان پێ دەدا. هاوڕێ (حەمەدەمین سیراجی) هاوڕێی حزبی تودەی ئێران بوو، بەهۆی بوونی لە دیمەشق لە میوانداریی حزبی ئێمەدا، لە ژمارەی یەکەم و دووەمی گۆڤارەکەدا هاوکاریی باشی کرد، بەڵام لە دوای ژمارەی دووەمەوە من بووم بە بەرپرسی گۆڤارەکەو بە (سکرتێری نووسین) چونکە (سەرنووسەر) لە پراگ دەژیاو هاوڕێ (زەرادۆڤ) ئەندامی پێشکەوتووی حزبی شیوعی سۆڤیەت بوو. بڕیاریش وابوو ئێمە نزیکەی ٣٠٪ی بابەتەکانی گۆڤاری (مەسەلەکانی ئاشتی و سۆسیالیزم) بکەینە کوردی و ٧٠٪ی پتریش خۆمان لە حزبی شیوعی عێراق بابەتی تێدا بڵاوبکەینەوەو سەربەست بین و جاری لە دیمەشق ــ سوریە دەربکرێ و دابەش بکرێ.

من بەسەرپەرشتی حزب دەستەیەکی نووسەرانم پێکهێنا لەم هاوڕێیانە پێکهاتبوو: (جەلال دەباغ، پەخشان زەنگەنە، مامۆستا دلزار، ڕەفیق سابیر، مامۆستا ڕزگار، ئەبو شاخەوان ــ بۆ کاروباری هونەری، مەحمود خدر کەبە م.گۆران ناسراوە)، پاشان هاوڕێ ناهیدەی بانیخێلانی و دواتریش هاوڕێ ئەستێرە سەعید ئەمین کاریان تێدا کردووە، بەڵام ئەندامی دەستەی نووسەران نەبوون لە دوا ژمارەدا ئەستێرە ناوی خۆی لەسەر نووسیبوو گوایا (سەرنووسەرە)ە کەئەمەش ڕاست نەبوو، ماوەیەکیش هاوڕێ د.ڕفیق سابیر بووە ئەندامی دەستەی نووسەرانو دەرکردنی گۆڤارەکەی خرایە ئەستۆ، بەتایبەتی لەو کاتەدا کە ئێمە لە دیمەشق - سوریە نەمابووین.

(ڕێگای ئاشتی و سۆسیالیزم) ڕۆڵێکی باشی هەبوو بۆ بڵاوکردنەوەی بیروباوەری مارکسیزم ــ لینینیزم و ، بۆ بەرگری لە مەسەلەی ڕەوای گەلی کوردو مافی مرۆڤ و ئەدەب و هونەرێکی پێشکەوتنخوازو بڵاوکردنەوەی بەیاننامەو بەڵگەنامەکانی حزب بەکوردی و لە دوای ڕاپەڕینیش بۆ باسی ڕاپەڕینەکەو ڕەوە ملیۆنییەکەو ریسواکردنی سیاسەتی جینۆسایدی ڕژێمی دیکتاتۆریی بەغداو، پێش ئەوەش بەکار هێنانی چەکی کیمیایی لە هەڵەبجەو گەلێک بابەتی گرنگی نەتەوایەتی و چینایەتی و بزووتنەوەی شۆڕشگێڕیی و کرێکاریی جیهانی.

(ڕێگای ئاشتی و سۆسیالیزم) لاپەڕەکانی ئاوالە بوون لە ڕووی قەڵەمە نەترس و پێشکەوتنخوازەکانی کورددا، وێڕای جیاوازیی بیروڕای سیاسییان کە بابەت و بەرهەمی تێدا بڵاوبکەنەوە، بەڵام ئەمیش وەک تەواوی ڕۆژنامەو گۆڤارەکانی ئەو سەردەمەو هەلومەرجی تێکۆشانی نهێنی کەوتبووە ناو کۆمەڵێک گیروگرفتی جۆربەجۆر، بەتایبەتی لەبارەی دابەشکردن و فرۆشتنی کە بێگومان خەرجیی خۆی دەرنەدەهێنایەوەو، لە هەموو دنیادا، چ جای کوردستان، خانەیەکی بڵاوکردنەوە ــ دار النشر نەبووەو نییە کە ئەو ئەرکی دابەشکردنە لە ئەستۆ بگرێ.

ئەم گۆڤارە تا ژمارە (٢٨)ی ساڵی حەوتەمی لێ دەرچوو، ئیتر ڕاگیراو هیوادارم لە ئاییندەدا دنیای ڕۆژنامەگەریی کوردی بە ڕێبازی پێشکەوتنخوازانەی ڕۆشن بکاتەوەو دیسان دەرچێتەوە.

### ئاڵای کارگەران:

کۆمیتەی ناوخۆی سلێمانی هەمیشە بیری لەوە دەکردەوە کە بڵاوکراوەیەکی مانگانە، یان ناو بەناو دەربکات ئەوە بوو بڵاوکراوەی (دەنگوباس) و (هەواڵەکانی کوردستان) و شتی وای بڵاودەکردەوە، تا لە ساڵی ١٩٦٧دا من گەڕامەوە سلێمانی و لە گەرمەی جیابوونەوەکەی دەستەی (سەرکردایەتی ناوەندی ـ القیادة المرکزیة)دا بوو.

پاش ماوەیەکی کەم هاوڕێیانی کۆمیتەکە بە چاکیان زانی بڵاوکراوەیەک دەربکرێ و لەو بوارەدا منیان ڕاسپارد کە ئەندامی (ملمس ـ مەکتەبی

لیژنەی محلی سلێمانی) بووم کە بیریکی لێ بکەمەوە، ئەوە بوو ناوی (ئاڵای کارگەران)م بۆ هەڵبژاردو ئەوانیش پەسندیان کردو، خۆم یەکێک بووم لە بەرپرسەکانی و بە هاوکاریی چالاکانەی هاوڕێیان شەهیدی نەمر شێخ عەلی بەرزنجەیی و ئەحمەد حامد قادرو ئەفراسیاب شاوەیس و نائب عەبدوڵڵاو تایپ و رۆنیۆش لە ماڵی هاوڕێی نەمر عوسمان دانش دەکرا کە ماڵەکەی بۆ کاروباری چاپەمەنیی حزب تەرخان کردبوو، لەبەر ئەوەی خۆی عەریزەنووس بوو لەبەر سەرای سلێمانی و چاپی دەکردو خاوەنی چەند تایپ بوو، کەس گومانی لێ نەدەکرد.

شایانی باسە یەکدوو ژمارەی رۆژنامەکە لە دەرگەڵە بە چاپخانە کۆنەکە چاپکراو بە قەبارەیەکی گەورەتر، دەرکردنی ئەم رۆژنامە مانگانەیە لەسەر بڕیاری کۆمیتەی ناوخۆی سلێمانی بوو، ئەمەشمان بۆ بووە کێشەیەک کە وایان لێکدەدایەوە ناوەکەی (ئاڵای کارگەران — رایە العمال) دەبێ مەبەست (رایة الشغیلة) بێت! کە ساڵانی کۆن رۆژنامەی ئەو تاقمە شیوعییە بوو کە هەر بەو ناوەوە ناسرا بوون ساڵی ١٩٥٦ لەگەڵ حزب یەکیان گرتبۆوە. بە هەر حاڵ تا کۆتایی ١٩٧٠ دەرچوو، ئیتر بە داوای سەرکردایەتی هەرێمی کوردستان راگیرا.

### رێبازی پێشمەرگە — نهج الانصار:

بەکوردی و هەندێ جار بە عەرەبی لەلایەن مەکتەبی عەسکەریی ناوەندیی (حشع)ەوە، لە سەرەتای ساڵی ١٩٨٠ دا لە چیاکانی کوردستان دەرکراو تا ناوەڕاستی ١٩٨٨ درێژەی کێشا. بە یارمەتی و کۆمەکی راستەوخۆی راگەیاندنی ناوەندی حزبی شیوعی عێراق دەردەکرا کە هەردوو بەشەکەی (بەشی کوردی و بەشی عەرەبی) هاوکارییان دەکرد.

ئەم گۆڤارە مانگانەو ناوبەناو دەردەکرا، هاوڕێیان رەفیق سابیرو شاخەوان و ئاسۆ کەریم و گەلێک لە هاوڕێیانی تر کە لە چیاو پێشمەرگایەتیدا بوون، رۆڵێکی باشیان تێدا دەگێڕا. زیاتر بابەتی پێشمەرگایەتی‌و رۆشنبیریی و دەنگوباسی چالاکییەکانی پێشمەرگە شیوعییەکان و دۆستەکانیانی دەگرتەخۆ، بەتایپ و رۆنیۆو ئۆفسێت چاپ دەکراو بە نهێنی و ئاشکرا لەلایەن پێشمەرگەکان و رێکخستنەکانی حزبەوە بڵاودەکرایەوەو دەگەیەندرایە دەرەوەی وڵاتیش و، شان بەشانی رۆژنامەو بڵاوکراوەکانی حزبە هاوپەیمانەکانی شۆڕشی نوێمان لە کوردستان رۆڵێکی ئاشکرای هەبوو، لە دژی رژێمی دیکتاتۆریی بەغداو شەڕی عێراق — ئێران و بۆ بەرگری لە داخوازییە رەواکانی گەلی کوردستان.

### دوا وتە:

حزبی شیوعی عێراق لە مێژووی پڕ لە شانازیی خۆیدا چەندان بڵاوکراوەی دیکەی کوردیی بڵاوکردۆتەوە، وەک (دەنگی داس) ١٩٥٠ ١٩٥١ لە ناوچەی دەربەندیخان و هەڵەبجە. (دەنگی قوتابیان) ١٩٤٨ — ١٩٤٩ کە بە دەستخەت دەردەکرا. (دەنگی جووتیاران) لە هەولێر کە ئەویش بە دەستخەت دەردەکراو ئەمڕۆش حزبی شیوعی کوردستان لەسەر بڵاوکردنەوەی (رێگای کوردستان) و (بیری نوێ) و (گۆڤاری هەندرێن) و (دەنگی جووتیاران)و..هتد بەردەوامەو رۆڵی کاریگەریی خۆیان بینیوە بۆ بڵاوکردنەوەی وشەی پێشکەوتنخوازی کوردی لە ناو جەماوەری کرێکارو جووتیارو رۆشنبیرانی شۆڕشگێڕی کوردستاندا.

باشە لێرەدا ئەوەش دووپات بکەینەوە کە شەهیدانی قارەمان فەهدو سەلام عادل و جەمال حەیدەری و مەلا شەریف و نافیع یونس و عەبدولواحید نوری و عەبدوڵڵا گۆران و دەیان لە شەهیدان و زیندوان و سەربازی ون گەشەدارترین رۆڵیان لە رۆژنامەگەریی کوردیی نهێنی و ئاشکرای حزبی شیوعیدا گێڕاوەو ناویان لە کاروانی رۆژنامەگەریی کوردیدا ئەستێرەی پرشنگدارە.

# نظرة خاطفة بتأريخ صحافة الحزب الشيوعي العراقي الكردية

## جلال الدباغ

لقد تفهم الحزب الشيوعي العراقي منذ تأسيسه الحقيقة التي مفادها ان الصحافة والإعلام لهما دور هام في نشر مبادىء وتوسيع منظمات الحزب، ومن المعلوم ان ذلك يتم بنشر مبادىء الحزب بكل اللغات التي يتحدث بها أبناء الشعوب التي تضمهم تلك الدولة ومن الناحية المبدئية فأن حق تقرير مصير الشعب الكردي قد أقر من قبل الرفيق فهد في الحزب. وعلى هذا الأساس فأن أصدار صحف باللغة الكردية كان من احدى مهام الحزب الذي ناضل الشيوعون من اجلها.

وقبل التحدث عن صحف الحزب الكردية، ينبغي أن نشير إلى أن صحيفة (يەكیتی تیكۆشین ـ وحدة النضال) التي كانت أول صحيفة ماركسية سرية صدر منها بعض الاعداء ثم (دەنگی میللەت ـ صوت الشعب) لسان حال جمعية (میللە‌ت) التي كانت هي الاخرى منظمة ماركسية .

### ئازادی:

شكل عقد المؤتمر الأول للحزب الشيوعي العراقي في شباط ١٩٤٥ نقطة تحول في تأريخ نضال الحزب وبعد عقد المؤتمر استطاع الحزب بأمكانيته القليلة والمحدودة أول صحيفة سرية كوردية باسم (ئازادی).

وتابعت الصحيفة صدورها بصورة سرية إلى ما بعد ثورة ١٤ تموز، ثم صدرت بصورة رسمية وعلنية بتأريخ ١٩٥٩/٥/١ و واصلت ئازادی حضورها إلى يوم اغلاقها في عام ١٩٦٠.

### ریگای كوردستان:

بعد اغلاق ئازادی أصدرت منظمة كوردستان للحزب صحيفة ریگای كوردستان عام ١٩٦٢. كانت المطبعة في بيت الرفيق فاخر حمد اغا میرگەسوری في كركوك وأخذ الاخ ممتاز الحيدري مهمة طبعها على عاتقه. وأخذت الصحيفة بالصدور رغم العراقيل التي سدت الطريق عليها وخاصة انقلاب الثامن من شباط المشؤوم.

### بیری نوێ:

استجدت ظروف مناسبة بعد اتفاقية ١١آذار ١٩٧٠. وطلب الحزب إجازة لأصدار (ریگای كوردستان) إلا أن النظام لم يمنح الأجازة، لذا طلب الحزب بمرونة مبدئية صحيفة (بیری نوی ـ الفكر الجديد) ووافق النظام بشرط أن تكون الصحيفة أسبوعية وثقافية وليست سياسية.

وقد تعرضت الصحيفة إلى بعض الأنتقادات من قبل بعض الرفاق فيما يخص عدم تصديها لممارسات السلطة الشوفينية،



پاشكۆی ئەدەب و هونەری هەفتەنامەی ریگای كوردستان
مانگی دوو جار دەردەچێت

ولكن كون الصحيفة ثقافية لم تكن قادرة على خوض معركة مناهضة ممارسات السلطة الفاشية، إلا أن هذا لم يمنع الصحيفة من تعرية تلك الممارسات في مناسبات عديدة تعرضت الصحيفة فيها إلى توجيه الأنذار إليها من قبل النظام. هذا وقد صدرت صحف و مجلات عديدة أخرى، فيها مجلة (بيرى نوى ـ الفكر الجديد) التي صدرت بعد انتفاضة أذار ١٩٩١ ولا تزال تواصل الصدور إلى الآن وقد صدر منها ٣٤ عددا ومجلة (ريگای ئاشتی و سوشياليزم ـ طريق السلم و الأشتراكية) التي كانت تصدر بـ ٧٩ لغة، وحين نشر العدد الأول منها باللغة الكوردية في أذار ١٩٨٥ في دمشق أصبح عدد اللغات (٨٠) لغة.

ثم صدرت نشرة (ئالای كارگەران ـ راية العمال) التي أصدرتها اللجنة المحلية في السليمانية. وأخيرا وليس أخرا، صدرت مجلة (ريبازى پيشمەرگە ـ نهج الأنصار) باللغة الكردية وأحيانا باللغة العربية من قبل المكتب العسكري المركزي للحزب الشيوعي العراقي. صدرت هذه المجلة في جبال كوردستان منذ ١٩٨٠ الى أواسط عام ١٩٨٨.

## (كلمة ختامية)

أصدر الحزب الشيوعي العراقي خلال تأريخه الحافل بالفخر والاعتزاز عدة نشرات في منطقة حلبجة و دربنديخان منها (دەنگی قوتابیان ـ صوت الطلبة) ١٩٤٨ ـ ١٩٤٩ بالكتابة اليدوية ـ خط اليد و (دەنگی جوتیاران ـ صوت الفلاحين) في أربيل بخط اليد أيضا، اليوم يصدر الحزب الشيوعي الكردستاني عدة صحف و مجلات مثل (ريگای كوردستان)و(بيرى نوى)و(گۆڤاری هەندرین)و(دەنگی جوتياران).

ويجب أن نؤكد مرة أخرى دور الشهداء الأبطال فهد و عادل و جمال الحيدرى و ملاشريف و نافع يونس و عبدالواحيد نورى و عبدالله گوران و عدد أخر من الشهداء والأحياء الجنود المجهولين في الصحافة الكوردية السرية و العلنية.

# رۆژنامەنووسیی منداڵان لە کوردستاندا



حەمە ساڵح فەرهادی

## پێناسە و تایبەتمەندییەکان

گۆڤاری منداڵان: کۆمەڵە بابەتێکی هەمەجۆری تایبەت بە منداڵان بە زنجیرە لە کات و شوێنی دیاریکراودا دەردەچێت.سەبارەت بەتایبەتمەندییەکانی گۆڤاری منداڵانیش، دەتوانین ئەو چەند خاڵە سەرەکییە دەستنیشان بکەین:

١ــ لەگەڵ یەکەمین سەرنجدانی گۆڤارەکە، منداڵان بەهی خۆیانی بزانن.

٢ــ بابەتەکانی لەبارەی وردی و درشتیی پیتەکانیانەوە لەگەڵ قۆناغی منداڵ بگونجێ.

٣ــ ئەگەر بکرێ بۆ تەمەنێکی دیاریکراوی منداڵ بێت.

٤ــ بابەتەکانی وێنەی ڕەنگاوڕەنگ و جوانیان لەگەڵدا بێت.

٥ــ بابەتەکانی هەمەجۆر بن: پەروەردە، چیرۆک، شیعر، سیناریۆ، زانست، هونەر، شانۆ، سینەما، وەرزش، مێژوو، خافڵاندن و زاخاوی مێشک هتاد.

٦ــ نرخی گونجاو بێت و بەئاسانی بگاتە دەست منداڵان.

## رۆژنامەنووسیی منداڵان لە کوردستاندا/

ئەگەر بەهاری ساڵی ١٨٩٨ سەرەتای سەرهەڵدانی رۆژنامەنووسیی کوردی بێت، ئەوا رۆژنامەنووسیی منداڵان تا(٤٨) ساڵ دوای ئەو مێژووە سەری هەڵنەدا..ئەوە بوو لە بەهاری ساڵی ١٩٤٦و لەژێر ئاڵای کۆماری کوردستان لەمەهاباددا یەکەمین گۆڤاری تایبەت بە منداڵان لە دایک بوو، ئەویش گۆڤاری(گڕوگاڵی منداڵانی کورد) بوو..!

هەرچەندە لەبەر تەمەنی کورتی کۆماری کوردستان ئەو گۆڤارە لە سێ ژمارە زیاتری لێ دەرنەچووە، بەڵام گرنگیی گۆڤارەکە لەوەدایە کە:

١ــ یەکەمین گۆڤاری منداڵانە لەمێژووی رۆژنامەنووسیی کوردیدا.

٢ــ ئەو گۆڤارە (٢٦) ساڵ تەمەنی رۆژنامەنووسیی منداڵانی پێش خست، چونکە دووەمین گۆڤاری تایبەت بە منداڵان، کە گۆڤاری(ئەستێرە)یە لە سلێمانی لە ساڵی ١٩٧١ دەرچووە.

٣ــ گۆڤارەکە لەلایەن دەستەڵاتدارییەکی نیشتمانییەوە دەرچووە نەک لەلایەن رژێمێکی داگیرکەری کوردستاندا..!

هەر لە دەرچوونی ئەو گۆڤارەشەوە هەتا راپەڕینی بەهاری ساڵی ١٩٩١ چالاکیی رۆژنامەنووسیی منداڵان لە کوردستان زۆر کزو لاواز دێتە بەرچاو، ولە هەموو ئەو ماوەیەدا




ژمارەی گۆڤارەکانی تایبەت بە منداڵ لەژمارەی پەنجەکان یەک دەست تێناپەڕێ و هیچ کامێکیشیان لە (٣) ژمارە زیاتری لێ دەرنەچووە[1].

دوای ڕاپەڕینیش لەگەڵ شالاوی ڕۆژنامەو گۆڤارە کوردییەکان ڕۆژنامەنووسیی منداڵانیش کەوتە سەرپێ و لە ماوەی ئەم (٩) ساڵەی دوای ڕاپەڕین نزیکەی (٢٤) بڵاوکراوەی تایبەت بە منداڵان دەرچووە، و هەرچەندە هەندێک لەو بڵاوکراوانە لە چەند ژمارەیەک زیاتریان لێ دەرنەچووە، بەڵام هەندێکیان ماوەیەکی باش بەردەوام بووینەو پاشان وەستاون‌و، هەندێکیان تا ئێستاش هەر بەردەوامن[2].

لێرەدا پرسیارێک دێتە پێش، ئەویش ئەوەیە ئایا ژمارەی ئەو گۆڤارانە لەگەڵ ژمارەی منداڵانی کوردستان دەگونجێ و ئایا ژمارەیان لەگەڵ ڕێژەی سەرجەم ڕۆژنامەو گۆڤارە کوردییەکان نزیکە؟

بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە بەهەردوو بەشییەوە با ئەم ئامارە بخەینە بەرچاو هەرچەندە ئەگەر لە ١٠٠٪یشی ڕاست نەبێت زۆر لە ڕاستییەوە نزیکە:

ئەگەر لەدوای ڕاپەڕین تا ئێستا زیاتر لە (٦٠٠) ڕۆژنامەو گۆڤارو بڵاوکراوەی کوردی دەرچوو بێت، ئەوا لەو ژمارە زۆرەدا نزیکەی (٢٤)یان تایبەتن بە منداڵان، کەواتە نزیکەی ٣٠/١ی بڵاوکراوەکانی دوای ڕاپەڕین بۆ منداڵانن، ئەمەش بە هیچ جۆرێک لەگەڵ ڕێژەی منداڵاندا ناگونجێ کە نزیکەی ٤/١ی کۆمەڵن[3].

لایەنێکی دیکەی گۆڤارەکانی منداڵان کە پێویستە لێی بکۆڵینەوەو حیسابی بۆ بکەین ئەوەیە کە زۆربەی گۆڤارەکان بە تیراژێکی کەم دەردەچن، تیراژەکە بە هیچ شێوەیەک لەگەڵ ژمارەی منداڵانی کوردستان ناگونجێ.. بۆ نموونە گۆڤاری (هەنگ) کە مانگانە بە ڕێکوپێکی و تیراژێکی تاڕادەیەک زۆر دەردەچێ، مانگانە (٢٥٠٠) دانەی لێ بڵاودەکرێتەوە، لێرەدا ئەگەر ژمارەی منداڵانی کوردستان یەک ملیۆن بێت ئەوا هەر (٤٠٠) منداڵ یەک دانەیان لە گۆڤارەکە بەردەکەوێ، دیارە ئەو ڕێژەیەش زۆر کەمە.

سەبارەت بە نووسەرو هونەرمەندانی تایبەت بە منداڵانیش، ئەگەر ڕێژەی منداڵان بەرانبەر بە ڕێژەی سەرجەم دانیشتوانی کوردستان ٤/١بێت، دەبێ ٤/١ی نووسەرو هونەرمەندانیش، نووسەرو هونەرمەندانی منداڵان بن، دیارە ئەمەش بەو شێوەیە نییەو ڕێژەی نووسەرو هونەرمەندانی تایبەت بە منداڵان ناگاتە ٥٠/١ی سەرجەم نووسەرو هونەرمەندانی کوردستان.

## ناوەڕۆکی گۆڤارەکانی منداڵان

ئەگەر چاوێک بە لاپەڕەکانی ئەو گۆڤارانەدا بخشێنین کە تایبەتن بە منداڵ دەبینین چیرۆک و شیعر بەشی زۆری لاپەڕەکانی ئەو گۆڤارانەیان گرتووەتەوە.

هەرچەندە گومان لەوەدا نییە کە چیرۆک و شیعر زۆر لە دنیای منداڵەوە نزیکن و منداڵ بە پەرۆشەوە دەیانخوێننەوە، بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێ




کە گۆڤاری منداڵان تەنیا هەر چیرۆک و شیعر بێت.

سەبارەت بە چیرۆک دەتوانین ناوەڕۆکی گۆڤارەکانی منداڵان بەم جۆرە دابەش بکەین:

١- چیرۆکی دانراو (نووسراو).
٢- چیرۆکی ئامادەکراو لە فۆلکلۆرەوە.
٣- چیرۆکی وەرگێڕدراو لە زمانە بیانییەکان.
٤- چیرۆکی بەسیناریۆ کراو.

بۆ شیعریش، زۆربەی شیعرەکانی تایبەت بە منداڵان شیعری دانراو و شیعری وەرگێڕدراو لە زمانە بیانییەکان کەم بەرچاو دەکەن، راستییەکیش کە بەراشکاوی لە شیعری منداڵاندا لە دوای راپەڕین هەستی پێ دەکرێ ئەوەیە کە شیعرەکان زۆربەیان ناگەنە ئاستی شیعرەکانی حەفتاکان و هەشتاکان.

زاخاوی مێشکیش، بەشێک لە گۆڤارەکانی بۆ تەرخان کراوە، بابەتەکانی زاخاوی مێشک بریتین لە: مەتەڵ، پەند، قسەی نەستەق، بۆ زانین، وشەی یەکتربڕ، جیاوازی، نیگار رەنگ کردن، خۆ خەریک کردن، رێگا نیشاندان..هتد.

بابەتەکانی دیکەی گۆڤاری منداڵان بریتین لە: زانست، ئەدەب، هونەر، وەرزش، مێژوو، ناودارانی کورد، ناودارانی جیهان، بەرهەمی منداڵان، یەکتر ناسین و وێنەی منداڵان..هتد.

شایانی باسە زۆربەی بابەتەکانی بەوێنە رازاونەتەوە، وێنەکانیش لە هەندێک گۆڤاردا رەنگاورەنگن و لە هەندێکیشیان رەنگاورەنگ و رەش و سپین.

## گیروگرفتەکانی رۆژنامەنووسیی منداڵان

رۆژنامەنووسی خۆی لە خۆیەوە پیشەیەکە پڕ لە گرفت و تەنگوچەڵەمە، رۆژنامەنووسیی منداڵانیش، جگە لە گیروگرفتە گشتییەکان گیروگرفتی تایبەتیشی هەیە.

دەتوانین گرنگترین گیروگرفتەکانی رۆژنامەنووسیی منداڵان بەو شێوەیە دەستنیشان بکەین:

١- کەمی ژمارەی بڵاوکراوەکان و تیراژی دەرچوونیان.

٢- کەمی ژمارەی نووسەرو رۆژنامەنووسی شارەزا و خۆتێ ئاخنینی هەندێک کەس وا کە لە بنەڕەتەوە لەگەڵ کارەکەدا نامۆن و ناتوانن وەکو پێویست ئەرکی سەرشانیان جێبەجێ بکەن.

٣- خۆ بە زل زانینی هەندێک نووسەرو شاعیرو رۆژنامەنووس کە لایان وایە ئەگەر بۆ منداڵان بنووسن لە پایەیان کەم دەبێتەوەو باڵایان پێ دەشکێتەوە، ئەو جۆرە کەسانە پێیان نەنگییە کە بەناوی راستەقینەی خۆیان شت بۆ منداڵان بنووسن، ئەگەر ناوە ناوەش شتێک بنووسن ئەوا بەناوی خواستراوو دەمامکدراو دەنووسن.

٤- کەم هۆشیاریی خێزانی کورد لەڕووی رۆشنبیرییەوە، زۆر خێزانی کورد هەن پێیان ئاساییە زۆربەی پێداویستییەکانی منداڵەکانیان دابین بکەن، بەڵام بیر لەوە ناکەنەوە مانگانە گۆڤارێک بۆ منداڵەکانیان بهێننەوە بۆ ماڵ.

٥ــ گیروگرفتی گەیاندن و بڵاوکردنەوە، ئەمەیان بەربەستێکی گەورەی رۆشنبیرییە، بڵاوکراوەکانی منداڵان تەنیا لە شارە گەورەکانی کوردستاندا بڵاودەکرێنەوە، تا ئێستاش دەزگایەکی وا لە کوردستاندا نییە بتوانێت بڵاوکراوەکان بگەیەنێتە هەموو شوێنێک بە شوێنە دوورو سەرنووسەرەکانیشەوە.

٦ـ گرفتی هونەری، لەوانە کەمیی ژمارەی هونەرمەندان و گرانیی کارە هونەرییەکان.

٧ـ گیروگرفتی دارایی و گرانیی پێداویستییەکانی چاپەمەنی.

### چۆن رۆژنامەنووسیی منداڵان پێش بخەین؟

هەروەکو لەمەوپێش ئاماژەمان پێ کرد کە رۆژنامەنووسیی منداڵان لە ئاستی پێویستدا نییەو پێویستە هەوڵی تەواوی بۆ بدرێ بۆ ئەوەی بەرەو پێشەوە بچێت.

بەرای ئێمە جێبەجێ کردنی ئەو خاڵانەی خوارەوە تەکانێکی باش بە رۆژنامەنووسیی منداڵان دەدات و تارادەیەکی هەست پێکراویش بەرەو پێشەوەی دەبات:

١ـ زیادکردنی ژمارەی گۆڤارەکانی منداڵان و تەرخان کردنی هەر گۆڤارێک بۆ تەمەنێکی دیاریکراو.

٢ـ دامەزراندنی دەزگایەکی باڵای تایبەت بە رۆشنبیریی منداڵان و تەرخان کردنی بودجەیەکی شیاوی ساڵانەو راپەراندنی کارەکانی بەپێی بەرنامەیەکی پێشکەوتووی نەخشە بۆ کێشراو.

٣ـ زیادکردنی تیراژی هەموو چاپەمەنییەکی تایبەت بە منداڵان و کەم کردنەوەی نرخیان.

٤ـ ئاسان کردنی گەیاندنی چاپەمەنییەکان بۆ هەمو شوێنێک.

٥ـ دەستنیشان کردنی کارمەندانی ئەو بوارە لەسەر بنەمای کارامەیی و شارەزایی و خەمخۆریی بۆ پیشەکە.

٦ـ هەوڵدان بۆ رۆشنبیرکردنی خێزانی کورد چونکە خێزانی رۆشنبیر زیاتر هانی منداڵەکانی دەدات بۆ خوێندنەوەی گۆڤارو بڵاوکراوە.

٧ـ پتەوکردنی پێوەندیی نێوان گۆڤارەکان و رێکخراوو دەزگاکانی تایبەت بە منداڵان.

٨ـ هاوبەشی کردنی وەزارەتی پەروەردە بە دەرکردنی گۆڤارو بڵاوکراوەی پەروەردەیی تایبەت بە منداڵان.

٩ـ دەرکردنی گۆڤارێکی تایبەت بە منداڵان بۆ گەورە بۆ ئەوەی ئەوانیش بزانن چۆن هەڵسوکەوت لەگەڵ منداڵەکانیان بکەن و بەرێکوپێکی ئاراستەیان بکەن.

١٠ـ پێشکەش کردنی بەرنامەی رۆشنبیریی ئاراستەکراو بە دوو جۆر، بۆ گەورەو بۆ منداڵان.

١١ــ سوود وەرگرتن لە ئەزموونی گەلانی پێشکەوتوو و وڵاتە دراوسێکانی کوردستان لەبارەی رۆژنامەنووسیی منداڵانەوە.

١٢ـ دامەزراندنی کتێبخانەی تایبەت بە منداڵ لە شارو شارۆچکەکانی کوردستان.

١٣ــ بڵاوکردنەوەی لێکۆڵینەوەو رەخنەی رۆژنامەنووسیی لەبارەی رۆژنامەنووسیی منداڵانەوە.

١٤ـ هاندانی منداڵە بەهرەدارەکان و سوود وەرگرتن لێیان و پەرەپێدانی بەهرەکانیان بەهۆی بڵاوکراوەکانی منداڵانەوە.

### پەراوێزەکان:

١ـ گۆڤارەکانی پێش راپەرین: گۆڤاری گروگاڵی منداڵانی کوردی، ئەستێرە لە سلێمانی، ئەستێرەی بەغدا، ئەستێرەی شاخ، کاروانی منداڵان.

٢ـ ئەو گۆڤارانەی ئێستا مانگانە بەرێکوپێکی دەردەچن و ماوەیەکی شیاویشە بەردەوامن: گۆڤاری هەنگ لە هەولێر و جگەرگۆشەکان و پەپوولە لە سلێمانی و سڤورە لەدهۆک.

٣ــ بەپێی بەندی یەکەمی رێککەوتننامەی مافەکانی منداڵان: (منداڵ ئەو مرۆڤەیە کە تەمەنی لە هەژدە ساڵ تێنەپەریوە مەگەر یاسای وڵاتەکەی تەمەنێکی دیکەی بۆ دیاریکردبێت).

# صحافة الأطفال في كوردستان

حمه صالح فەرهادی

مجلة الأطفال: تحتوي على مجموعة مواضيع خاصة بالأطفال تصدر في مكان وزمان معينين ويمكن أن نشير إلى بعض تخصصات مجلة الأطفال مثل: أن يحسبها الطفل أنها مجلة وتنسجم مواضيعه مع مرحلة الطفولة وتكون مواضيعها ملونة.. إلى غير ذلك.

وأذا كان ربيع عام ١٨٩٨ يعتبر عام ميلاد الصحافة الكردية، فأن مجلة الأطفال قد تأخرت حوالي ٤٨ سنة، حيث صدرت أول مجلة كوردية للأطفال عام ١٩٤٦ في عهد حكومة كوردستان الديموقراطية في مهاباد. ثم صدرت ثاني مجلة للأطفال في السليمانية باسم(ئەستیرە ـ النجمة) ما بعد الأنتفاضة، تحبو ثما استطاعت أن تقف على قدميها فصدر عدد لايستهان به من صحافة الأطفال، صحفا ومجلات.

إلا أن مايؤسف له، هو أن عدد مجلات الأطفال لاينسجم وعدد نفوس الأطفال في كوردستان ثم أنها لاتصدر بعدد كاف يشبع رغبات الأطفال.. وعلى سبيل المثال، فأن مجلة(هەنگ ـ النحلة) ينشر منها(٢٥٠٠) نسخة، ورغم أن هذا العدد كبير مقارنة بباقي المجلات، إلا أنها قليلة بالنسبة إلى عدد الأطفال التواقين إلى مجلة خاصة بهم.

ثم يشير الكاتب الأستاذ حمه صالح فەرهادی إلى محتويات صحف الأطفال التي تتركز على القصص سواء كانت مؤلفة أو معدة من الفولكلور أو مترجمة وغيرها بالأضافة إلى الشعر والمعلومات العامة البسيطة وفن والرياضة والتسلية..الخ.

ثم يستعرض الكاتب المشاكل التي تعترض صحافة الأطفال من قلة العدد الكتاب المختصين بثقافة الأطفال وتدني مستوى وعي العوائل الكردية وشعور بعض الكتاب بالمهانة إذا ماهم نزلوا إلى مستوى الكتابة إلى الأطفال.. الخ.

ثم يستعرض الكاتب عددا من المقترحات بغية تطوير صحافة الأطفال ويقودها خطوات إلى الأمام، كزيادة الأعداد المطبوعة وتشكيل مؤسسة عليا خاصة بثقافة الأطفال وتسهيل إيصال المطبوعات إلى كل مكان في كوردستان..الخ.



# شێوازەکانی سیستەمی رادیۆیی



نووسینی: د. ئیبراهیم داقوقی
وەرگێرانی: کامەران محمد عومەر

**یەکەم ـ دەسپێك**

بەڕێوەبردن و ڕێکخستنی دامەزراوە رادیۆییەکان بەگوێرەی رژێمە سیاسی و سەرچاوەی دارایی و بارودۆخی کۆمەلایەتی و جوگرافیی جیاجیا لە هەر ولاتێکدا دەگۆرێت.

سەرەرای ئەوەی شێوازی جۆراوجۆری دامەزراوەی رادیۆیی لە جیهاندا هەیە، بەلام لەگەڵ ئەوەشدا ئەگەر بارودۆخی سیاسی و ئابووری و بەرێوەبردن لەبەرچاو گیرا، ئەوا دەتوانرێت ئەم دامەزراوانە لەگرووپی جیاجیادا پۆلێن بکرێن.

شێوازی جیاجیای دامەزراوەی رادیۆیی وای کردووە کە بیرو بۆچوون و تێروانین لە نێوەندەکانی راگەیاندن لە گۆشەی جیاجیادا سەر هەڵبدات، بەلام لەگەڵ ئەوەشدا ئەوانەی لەو نێوەندەدا کار دەکەن زۆربەیان لەسەر ئەوە کۆکن کە وەلامدانەوەی ئەم دوو پرسیارەی خوارەوە شێوازی سیستەمی رادیۆیی هەر ولاتێک دیاری دەکەن.

١ـ ئایا دەسەلات ئەو دامەزراوە هەلدەسورێنێ؟

٢ـ چۆن دارایی ئەو دامەزراوە دابین دەکرێت؟

**دووەم ـ شێوازەکانی سیستەمی رادیۆیی**

ئەوانەی لە رۆژئاوا لە نێوەندەکانی راگەیاندندا کاردەکەن لەسەر ئەوە کۆکن کە چەندین شێوازی رادیۆیی لە جیهاندا هەیەو بەپێی هەندێک پێوەری تایبەتی ئەم شێوازانەیان دیاری کردووە.

أـ کۆنترۆڵی دەولەت و سەرچاوەی دارایی.

ئەم شێوازەی دامەزراوەی رادیۆیی پێنج جۆری لێدەبێتەوە.

١ـ سیستەمی نەتەوەیی National System.

سیستەمی رادیۆییەکانی ئەم شێوازە، دامەزراوەی سەر بە دەولەتن و لە پێناوی بەرژەوەندی گشتی و بە بێ لایەنی و راستگۆیانەو بۆ رۆشنبیرکردنی کۆمەلگا بەرنامەکانیان پەخش دەکەن، بۆیە ئەم جۆرە دامەزراوانە رێگە بە پەخشی رێکلام نادەن لە رادیۆکانیاندا چونکە داراییان لەلایەن دەولەتەوە بۆ دابین دەکرێت، ناوەندەکانی راگەیاندن نمونەی ئەم، بە دەستەی رادیۆی بەریتانیا B.B.C و دەستەی رادیۆی کەنەدا C.B.C و دەستەی رادیۆی ئوسترالیا A.B.C دەهێننەوە وەک نمونەیەک بۆ ئەم شێوازەی دامەزراوەی رادیۆیی.

٢ـ سیستەمی بازرگانی Commercial System

دامەزراوە رادیۆییەکانی نێو ئەم سیستەمە هیچ پەیوەندییەکیان بە دەولەتەوە نییە، تەنیا ئەوە

نەبێت کە ملکەچی هەندێک یاساو رێسای هونەرین کە دەوڵەت بۆ بەڕێوەچوونی کارەکانی ئەو دامەزراوانە دایاندەنێت، بۆیە هەر تاکێک، دامەزراوێک، کۆمپانیایەک، دەستەو کۆمەڵەیەک، هەر کاتێک رەچاوی ئەو یاساو رێسایانەی کرد دەتوانێت رادیۆو تەلەفزیۆن بۆ خۆی دامەزرێنێت.

هەرچی سەرچاوەی داهاتی ئەو دامەزراوە رادیۆییانەشە لەرێگەی پەخشی ریکلام و فرۆشتنی کاتەکانی پەخش و بەرهەمهێنانی بەرنامەی بازرگانی و بەرنامەی رادیۆیی تری پەخش نەکراو بۆ فرۆشتنی و ناردنە دەرەوە، دابین دەکرێت، لەم رێگەیەشەوە ئەم دامەزراوانە قازانجێکی زۆر بەدەست دێنن کە خۆی لە چەندان ملیۆن دۆلار دەدات.

ئەم دامەزراوە رادیۆییانە لەلایەن کەرتی تایبەتییەوە هەڵدەسوڕێنرێن، ئەمەش دوای ئەوەی دەوڵەت مۆڵەتییان پێدەدات و شەپۆلی پەخشی رادیۆکەییان بۆ دیار دەکات، ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لە پێشەوەی ئەم ولاتانەیە کە بەم سیستەمە رادیۆییە کاردەکات، بەهەمان شێوەش لە هەر یەک لە ئوستراليا و تایلاند و فلیپین و هەندێ ولاتانی ئەمەریکای لاتینی ئەم سیستەمە بەدی دەکرێت.

### ٣ـ سیستەمی بازرگانی نەتەوەیی National Commercial System

ئەم سیستەمە تێکەلەیەکە لە هەردوو سیستەمی نەتەوەیی و بازرگانی، و دەولەت کۆنترۆلی دامەزراوە رادیۆییەکان دەکات و دەیکات بەدامەزراوێکی گشتی بۆ خزمەتی کۆمەلگا، لە هەمان کاتیشدا رێگەی پێدەدا رێکلام پەخش بکات، ئەمە جگە لەوەی کە داراییەکەی دابین دەکات، هەندێک رسومیش بەسەر دەزگای وەرگری رادیۆییدا دەسەپێنێ، سیفەتی نەتەوەیی لکێنراو بەم دامەزراوانە لەوەوە هاتووە کە کاری هۆشیارکردنەوەو پەروەردەو فێرکردنی جەماوەری ئەنجام دەدات، ئەمە جگە لە پەخشکردنی هەوالی راست و دروست و بەرنامەکانی رۆشنبیرکردن و کات بەسەر بردن و دلخۆشکردن. ئەم شێوازەی دامەزراوەی رادیۆیی لە هەریەک لە نیوزلەندەو ندو پاکستان و سەریلانکا و تورکیا بەرچاو دەکەوێ.

### ٤ـ سیستەمی حکومەتی Convermental System

دوای ئەوەی هەندێک رژێمی سیاسی بەتایبەتی لە ولاتە سۆسیالیست و تازە گەشەسەندووەکاندا لەمەترسی و گرنگی رادیۆوە ئاگاهاتن دەستیان بەسەر ئەم دامەزراوە داگرت بەپێی هەندێ پرەنسیپ کە بۆ ئەم مەبەستە دایان نا، دەستیان کرد بە هەلسووراندن و رێکخستن و وەگەرخستنی و ئینجا چاودێریکردنی وریایانەی بەڕێوەچوونی کاری ئەم دامەزراوەو ئاراستەکردنی بەپێی بارودۆخی سیاسی و ئابووری و کۆمەلایەتی.

هەرچەندە دەولەت دارایی ئەم دامەزراوە دابین دەکات، کەچی بەشێکیان ریکلامیش پەخش دەکەن، هەرچی بەرێوەبردنی ئەم سیستەم بەگوێرەی گۆرانی ئەو سیستەمە سیاسییەی کەدەسەلات بەدەستە لە ولاتێکەوە بۆ ولاتێکی تر دەگۆرێت، بۆ نموونە: لە ناوەندێتیەکی توند وەک یەکێتی سۆڤیەت گۆرین بۆ ناناوەندێتییەکی نەرم وەک یوگۆسلافیای پێشوو و خۆ بەرێوەبردن وەک جەزائیر، بەلام هەر چۆنێک بێت ئەم دامەزراوە رادیۆییانە بەم سیستەمەیانەوە زمانحالی حکومەت و دەسەلاتدارانن لەو ولاتانەدا، ئەگەر ئەم سیستەمە لە هەموو ولاتە کۆمۆنیزمەکان و سۆسیالیستەکاندا لە نارادابووە، ئەوا گەلێک ولاتی تازە گەشەسەندوو لاسایی ئەوانەیان کردۆتەوە وەک هەندێک ولاتی عەرەب و کۆنگۆو تایلاند.

### ٥ـ سیستەمی دامەزراوەی رادیۆیی Institutional Broadcasting System

لە تەک ئەو چوار دامەزراوە رادیۆییە سیستەمێکی رادیۆیی دیکە لە ولاتە جۆراجۆرەکاندا خۆی دەنوێنێ و ئامانجی پێشکەش کردنی خزمەتگوزارییەکی دیاریکراوی

رادیۆییە، بۆیە کاری ئەو سیستەمە رادیۆییە وەک تەواوکەری کاری دامەزراوەکانی رادیۆییەکانی دیکەیە.

سیستەمی دامەزراوی رادیۆیی بە دەولەت و حکومەتەوە بەستراوە لە چوارچێوەی ئەو خزمەتگوزارییەی کە ئەنجامیان دەدات و لەبەر ئەوەی رێکلام پەخش ناکات دەولەت هەر خۆی دارایی بۆ دابین دەکات.

بۆ ئەم سیستەمەش دەکرێ نموونە بەرادیۆو تەلەفزیۆنی پەروەردەیی و ئێستگەی رادیۆی پۆلیس (بەتایبەتی بۆ رێنمایی کردنی هاتوچۆ و وریاکردنەوە لەرووداوی هەمەجۆر) و ئێستگەی تایبەتی بۆ کەش و هەوا، بهێنینەوە.

ب- لەرووی دابەشبوونی جوگرافییەوە

هەردوو زانای ئەمەریکایی رۆبێرت سۆمەرزو هاکۆن سۆمەرز فاکتەری دابەشبوونی جوگرافیایان بۆ شێوازەکانی دامەزراوی رادیۆیی بە بنەما وەرگرت بەتایبەتی لە دوو کیشوەرەی کە بۆ یەکەم جار پەخشی رادیۆییان تیادا لەدایک بوو کە ئەورووپاو ئەمەریکان، بە جۆرێک (هەردوو سۆمەرز پێیان لەسەر ئەوە داگرت کە سەرجەم سیستەمە رادیۆییەکان دابەش دەبنە سەر دوو گروپو هەریەک لە دوو گروپانەش دەکەونە یەکێک لەم دوو کیشوەرە، هەرچی سیستەمە رادیۆییەکانی تری جیهانیشن ئەوا هەر شتێک بن لەوە بەدەرنینە کە لاسایی کەرەوەی یەکێ لەو دوو گرووپە بن کە بریتین لە:

١- سیستەمی ئەوروپایی حکومەتی:

لەگەڵ ئەوەی زۆربەی ئەو سیستەمە رادیۆییانەی کە لە ئەورووپادا هەن لەلایەن دەستەی رەسمی و نیمچە رەسمی و سەربەخۆ هەلدەسورێنرێن، بەلام لە هەمان کاتیشدا گشتیان لە ژێر سەرپەرشتی حکومەت و دەولەت دان.

ئەو سەرپەرشتی کردنەش لەلایەن حکومەتەوە لە دەولەتێکەوە بۆ دەولەتێکی تر دەگۆرێت، لە کاتێکدا ئەم سەرپەرشتیکردنە لە دەولەتانی ئەورووپای سۆسیالیستی پێشوو توندو ناوەندێتی تێدابوو کەچی لە ئەورووپاو رۆژئاوادا سەرپەرشتی کردنەکە راستەوخۆیە.

پاشان هەردوو سۆمەرزی زانا کورتەی خاسیەتەکانی سیستەمی ئەوروپایی حکومەتی لەم خالانەدا کۆ دەکەنەوە.

١- توانا رادیۆییەکان لە ئێستگەو تۆرو ستۆدیۆ پێک دێن ئەوەش یان راستەوخۆ لەژێر کۆنترۆلی حکومەتی ناوەندیدایە یان ئەوەتا تەنیا چاودێری دەکات.

٢- پاوەنکردنێکی رادیۆیی لەو سیستەمەدا هەیە بەجۆرێک لەرێگەی دامەزراوەیەکی حکومەتیەوە نەبێت سیستەمی رادیۆیی پێک نایە و هیچ دامەزراوەیەکی رادیۆیی رکابەریش لە ئارادا نییە.

٣- ناوەندێتی لەبەرهەمهێنانی بەرنامەدا هەیە بەجۆرێک زۆربەی بەرنامەکان لەرادیۆی ناوەندییەوە وەبەرهەم دێن و پاشان دابەش بەسەر ئێستگەکانی تر دەکرێن و بەرهەمە رادیۆییە ناوچەییەکانیش تا ئەو پەرِ کەمەو باسی ناکرێت.

٤ـ ئەو رادیۆبانەی کە بەو سیستەمە کاردەکەن رادیۆی بازرگانی نین، تەنیا هەندێکیان جار جار رێگە بە پەخشی رێکلام دەدەن بۆ ئاگادارکردنەوەو بەدەستهێنانی برێک داهات.

٥ـ باجی سەپێنراو بەسەر دەزگای وەرگری (رادیۆیی و تەلەفزیۆنی) داهاتی سەرەکی ئەو سیستەمەیە.

دوای ئەمە هەردوو سۆمەرزی زانا زیاتر بەدوایدا دەچن و دەڵێن (هێنانەوەی ئەو خاسیەتانەی سیستەمی ئەوروپایی حکومەتی مانای ئەوە نیە سەرجەم ئەو خاسیەتانە لە دامەزراوێکی رادیۆیی ئەوروپاییدا هەبن، تەنیا بوونی چەند خاسیەتێک لەمانە بەسن بۆ ئەوەی دامەزراوەی رادیۆیی هەر دەوڵەتێک بخرێتە چوارچێوەی ئەو سیستەمە ئەوروپایی حکومەتیە، نموونەش بۆ ئەمە: بارودۆخی سیاسی تایبەت بە ئەلمانیای فیدرالی لە ئاکامی بوونی حکومەتی ویلایەتەکان وایکردووە بەرهەمهێنانی بەرنامەی رادیۆیی نا ناوەندی (لامرکزی) بێت، جگە لەمەش ئەلمانیای فیدرال و ئیتالیا هەردووکیان، رێگە بە پەخشی رێکلام دەدەن لە دامەزراوە رادیۆییەکاندا.

سیستەمی ئەوروپایی حکومەتی هەر بە تەنها لە کیشوەری ئەوروپادا نییە، بەڵکو لە زۆربەی وڵاتەکانی ئاسیاو ئەفریقیا و ئەمەریکای لاتینیدا کە لە رابردوودا لە ژێر دەستی داگیرکەرە ئەوروپاییەکانی وەک بەریتانیا، فەرەنسا، هۆڵەندا، بەلجیکا، ئیسپانیادا بوون.

سیستەمی ئەوروپایی حکومەتی دەبێتە دووبەش:

أـ سیستەمی حکومەتی کە وەک دامەزراوێک لەلایەن دەستەی گشتی هەڵبژێردراوەوە هەڵدەسورێنرێت هەروەک ئەوروپای رۆژئاوا.

بـ سیستەمی حکومەتی راستەوخۆ کەخۆی لە سیستەمە رادیۆییەکانی دەوڵەتانی ئەوروپای رۆژهەڵاتدا دەنواند.

٢ـ سیستەمی بازرگانی ئەمەریکایی رکابەر

ئەم سیستەمە جیاوازییەکی لەگەڵ سیستەمی بازرگانی تایبەت کە لە دابەشکردن پێنج لایەنیەک بۆ شێوازەکانی سیستەمی رادیۆیی لە جیهاندا باسیکرا، بۆیە ئەو سیستەمە تەواو جیایە لە سیستەمی ئەوروپایی حکومەتی و بگرە دوو سیستەمی پێک ناکۆکن.

کەسانی (راستەقینەو مەعنەوی) لەم سیستەمەدا دامەزراوە رادیۆییەکان بەدەست دەهێنن، بۆیە چاودێری و رکابەرییەکی زۆر دەکەوێتە نێو ئەو دامەزراوانەوە، چونکە خاوەنی ئەو ئێستگە رادیۆیی و تەلەفزیۆنییانە هەوڵ دەدەن داهاتی دارایی و گوێگرو بینەری بەرنامەکانیان بەدەست بهێنن، کە ئەم دوو توخمەش بایەخێکی گرنگیان هەیەو بەردەوام بوونی ژیانی ئەو دامەزراوانەیان لەسەر بەندە بۆیە رازیکردنی بینەرو گوێگر لەیەک کاتدا ئامانجی ئەو دامەزراوانەیەو هەرچەند ژمارەیەکی زیاتریان لێ بەدەست بێنێن ئەوا لە کاتی خۆی کاتژمێرە زیاتر بەکار دێنێ بۆ فرۆشتن و رێژەی رێکلامەکان زیاتر دەکەن، ئەمەش دەبێتە سەرچاوەی داهاتی داراییەکی زیاتر.

ئەم دوو زانایە خاسیەتەکانی ئەم سیستەمە بەم شێوەیە کورت دەکەنەوە:

١ـ دەوڵەت چاودێری و سەرپەرشتی پەخشی رادیۆیی ناکات.

٢ـ رکابەری و پێشبرکێ لە نێوان ئێستگەی رادیۆو تەلەفزیۆنە خۆیی و تۆڕەکانی پەخشی رادیۆییدا بە گشتی هەیە.

٣ـ رێکلام بنەماو ئامانجی ئەو سیستەمەیە.

٤ـ ناوەندێتی لە بەرهەمهێنانی بەرنامەدا نییە بەهەمان شێوەش چاودێری ناوەندی لەسەر ئەو دامەزراوانە نییە.

٥ـ رێکلام داهاتی سەرەکی ئەو سیستەمە پێک دێنێ.

جـ لەڕووی مولکدارییەوە

جگە لە دابەشکردنی پێنج لایەنی و دوو لایەنی شێوازەکانی سیستەمی رادیۆیی لە جیهاندا، زانایانی تری ئەمەریکا وەک کنگستۆن



هەوراز نامەی کتێب

و کارجیل و ڕۆلف لیفی لەسەر بنەمای (موڵکداری) دامەزراوە ڕادیۆیی یەکان، دابەشکردنێکی چوار لایەنەیان ئەنجامدا بەم شێوەیە:

١ــ موڵکداریی تایبەتی تەواوی ئێستگەکە یاخود زۆربەی:. ئەم سیستەمە سیستەمێکی ئاسایی ئەمەریکاییە، ئەگەر چی لە ٣٪ی ئێستگەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لەلایەن زانکۆو قوتابخانەو ئەنجومەنەکانی شارەوانییەوە داراییان بۆ دابین دەکرێت و بەگەر دەخرێن، لێرەشدا بەلای کەمەوە تەنیا ئێستگەیەک هەیە کە بریتییە لە ئێستگەی KPFA لەشاری بروکسلی ویلایەتی کالیفۆرنیا لەلایەن گوێگرەکانی و لە ڕێگەی پیتاکەوە تاڕادەیەک ڕاستەوخۆ دارایی دابین دەکرێت.

لەمەکسیک ٢٠٦ ئێستگەی کەرتی تایبەت هەیەو داهاتیان لە ڕێگەی ڕێکلامەوە دەستەبەر دەکرێتو لە هەمان کاتیشدا هەر لەو ولاتە ٨ ئێستگەی حکومەتی هەیە، هەروەها لە شیلی ٧٨ ئێستگە هەیەو سەرچاوەی داراییەکەیان ڕێکلامە، لە پاراگوای ٨ ئێستگەی بازرگانی و دوو ئێستگەی حکومەتی هەیە، و ٥٤ ئێستگەی بازرگانی و ٩ ئێستگەی حکومەتی فیدراڵی و هەرێمایەتی و زانکۆ ئەهلییەکان هەیە، کەچی لە ئەوروپا ئێستگەیەک نییە لەڕێگەی موڵکداریی تەواوەوە کاربکات تەنیا لە مۆناکۆ نەبێت و لە فلیپینیش هەندێک ئێستگە هەن موڵکدارییەکەیان لە نێوانی خاوەنی ئێستگەو جەماوەرەکەدا هاوبەشە.

٢ــ موڵکداریی حکومەتی بۆ ڕادیۆو بەڕێوەبردنی:. ئەم شێوازە لە یەکێتی سۆڤیەت و ولاتە سۆسیالیستەکانی جاران پەیڕەو دەکراو لەم شێوازەدا دەوڵەت خاوەنی ڕادیۆکەیەو بەڕێوەی دەبات و سەرپەرشتی بەرنامەکانی دەکات و ڕێگە بە هەندێ ڕێکلامیش دەدات کە داهاتەکەیان دەچێتە خەزێنەی دەوڵەت.

٣ــ موڵکداریی دەوڵەت لەسەر بنەمای وەگەڕخستن لەلایەن هەندێک دەستەی گشتییەوە:. ئەم سیستەمە لە سوێد و سوێسراو هۆڵەندا پێڕەوی لێدەکرێ کە سەرجەم ئێستگەکان و ئێستگەکانی ناردن و هێڵە ڕادیۆییەکان موڵکی دەوڵەتن و هەندێک دەستەی سەربەخۆش بەرنامەکانی ئەو ئێستگانە ئامادە دەکەن و دام و دەزگاکانی حکومەت ئەم کارە ئەنجام نادەن، بۆ نموونە لە هۆڵەندا پێنج توێژی ئاینی و ڕۆشنبیری و سیاسی لە کاتی پەخشی ڕادیۆییدا بەشداری دەکەن و ئەم دەستەیە بەناوی (یەکێتی ڕادیۆکانی زەوییە نزمەکان) دەناسرێ و پشت بەو باجە دەبەستێت کە دەیخەنە سەر ئامێرە وەرگری ڕادیۆیی، هەروەها ڕادیۆکان لە سوێد داهاتیان لە کرێی مۆڵەتی ڕادیۆیی بەدەست دێنن و لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی تەلگراف بەشی دەکەن، ئەو بەڕێوەبەراتییەش لەگەڵ حکومەت بەرپرسیارن لە پرۆسەی ناردنی شەپۆلەکان و، دەستەیەکی سەربەخۆش کە بەڕادیۆ ترانست Radio Transit دەناسرێ بەرنامەکان ئامادە دەکات و ڕێگە بە حکومەتیش نادرێت سەرپەرشتی بکات.

٤ــ موڵکداریی دەستە گشتییەکان کە وەگەڕخستنی دامەزراوەکە لە ئەستۆ دەگرێ:. نموونەی ئەمەش دەستەی ڕادیۆی بەریتانیایە، ئەمەش دەستەیەکی گشتییە لە داهاتیدا پشت بە مۆڵەتی دەزگا وەرگرەکان دەبەستێت و لەبەردەم پەرلەمان بەرپرسیارە و هەروەها کارگەرەکارایەکانی ملکەچ نین بۆ یاسای کارگەرە مەدەنیەکان لەدەوڵەت، ڕێگەش بە حکومەت نادرێت چاودێری بخاتە سەر بەرنامەکان و خزمەتگوزارییە تەلەفزیۆنیەکانیش تاڕادەیەک پشت بە داهاتی تایبەتی فلیمە درێژەکان دەبەستن.

هەروەها کنگستن و هاوڕێکانی بیانوویان بۆ ئەم دابەشکردنە ئەوەیە کە (ئەو سیستەمانەی کە ئێستگەکانی ڕادیۆو تەلەفزیۆن لە دەوڵەتانی جیهان کاری پێدەکەن جیاوازن، لەبەر ئەوە لەڕووی موڵکدارێتییەوە لەنێوان موڵکداریی

تایبەتی و مولکداریی تەواوی دەولەتەوەن و هەندێک دەولەت هەردوو سیستەم بەیەکەو گرێ دەدەن و هەندێ ئێستگەش لەلایەن دەستەی میللییەوە هەلدەسورێترێن یاخود مولکداریتییەکان لە نێوان دەستە میللییەکان و مولکداریی تایبەتییەوەیە.

جیاکردنەوەش لە نێوان مولکداریی حکومەتی و مولکداریی میللییەوە بایەخی خۆی هەیە، چونکە ئەگەر دەزگای رادیۆیی سەربە وەزارەتێک یان لایەنێکی حکومەتییەوە بێت ئەوا لە بەشێک لە داهاتەکەی پشت بەو بەخششە دەبەستێت کە لە خەزێنەی گشتییەوە بۆی تەرخان دەکرێت، بۆیە بە دەزگایەکی سەر بە حکومەت دەژمێردرێت، هەرچی دەستە میللییەکانیشە بەدوای هیچ دەزگایەکی حکومەتیەوە نین، بەلام لەگەل ئەوەشدا لەبەرامبەر حکومەت بەرپرسیارن بێ ئەوەی هیچ داهاتێکیان لەخەزێنەی حکومەتەوە هەبێت یاخود یارمەتی بدرێن بەلکو داهاتەکانیان لەرێگەی کرێی مۆلەتی دەزگا وەرگرەکان (ارسال) و پەخشی رێکلامەکان بەدەست دێنن.

ئەو دەستە میللییانە بەپێی یاسا مافی خۆ بەرێوەبردنیان هەیەو هەر کاتێکیش لە خەزێنەی گشتییەوە دارایی تایبەتیان بۆ تەرخان نەکرێت ئەوا ئەو دەستە میللییانە زیاتر سەربەخۆ دەبن، دەستەی رادیۆ میللییەکان لە داهاتی خۆیاندا زیاتر پشت بە گوێگرەکانیان و ئەوانەی کە سودیان پێ دەگەیەنن دەبینن، ئەمەش لەرێگەی رسومی مۆلەتی دەزگای وەرگر بەشێوەیەکی راستەوخۆ یان ئەوەتا لە رێگەی سەپاندنی باج بە شێوەیەکی راستەوخۆ بەسەر ئەوانەی دەزگای وەرگر بەکار دەهێنن.

د- لەرووی شێوازی پەخشەوە

ئەم دابەشکردنەش ولتەر ئیمری زانای ئەمەریکایی گرتیەبەر شێوازەکانی سیستەمی رادیۆیی لەسەر بنەمای ئەو جەماوەرەی کە پەخشەکەی ئاراستە دەکرێت و کردی بە دوو بەش:

١- رادیۆیە نیشتمانییەکان:

ئەو رادیۆیانەن کە بەرنامەکانیان بۆ جەماوەری خۆیی (نیشتمانی) پەخش دەکەن و ئامرازی دەستی دەسەلاتن بۆ بەدیهێنانی بەرنامەکانی گەشەپێدانی نەتەوەیی و هەلمەت بەرێوەبردن بۆ ئەنجامدانی گۆرانکاری کۆمەلایەتی و ئابووری لە ولاتدا.

٢- رادیۆ بەنێو دەولەتییەکان:

ئەو رادیۆیە ئاراستەکراوانەن کە دەولەت وەک ئامرازێک بەکاریان دێنێ بۆ پروپاگەندەی سیاسی و ناردنە دەرەوەی ئایدیۆلۆژیا بۆ جەماوەری دەرەکی، ئەم رادیۆیانە وەک زمانحالی حکومەت وان و هۆکارێکن بۆ بەیەکەوە گرێدانی ئەو کەمایەتییە هاوولاتییانەی کە لە دەرەوە نیشتەجێن لەگەل دەسەلاتی ناوەندی بۆیە مەودای پەخشی ئەم رادیۆیانە دوورتر و بەرفراوانترە لە رادیۆیە نیشتمانییەکان.

**سێیەم/ هەلسەنگاندنی جۆرەکانی دابەشکردنی شێوازە رادیۆییەکان:**

پێوانەکانی زانایانی راگەیاندن لەمەر جۆرەکانی دابەشکردنی شێوازە رادیۆییەکان لە گۆران دان بەگۆرانی گۆشەی تێروانینیان لە هەریەک لەو شێوازانە، بەلام لەگەل ئەوەشدا ئەو پێوانانە بەتەواوی پربە پێستی ئەو شێوازانە نین لەبەر ئەوەی بەیەکداچوونێکی روون لە نێوانیاندا دەبینین.

بۆیە ئەوانەی کۆنترۆلی دەولەت لەسەر ئەو سیستەمانەو رێگەی دابین کردنی دارایی بەپێوەر وەردەگرن بۆ دابەشکردنە پێنج لایەنییەکەیان، نەیانتوانیوە خۆیان لە بەیەکداچوونی چەمکە رادیۆییەکانی نێو ئەم سیستەمانە دەرباز بکەن، کاتێک پای (سیستەمی نەتەوەیی) دەکەن پێ لەسەر ئەوە دادەگرن کە ئەو دامەزراوە رادیۆییانەی سەر بەو سیستەمەن رێگە بە پەخشکردنی رێکلام نادەن هەروەک دەستەی رادیۆی بەریتانیا B.C.C و دەستەی رادیۆی کەنەدا C.B.C و دەستەی رادیۆی ئوسترالیا A.B.C، کەچی دامەزراوەی

رادیۆیی تر لەتەک ئەو رادیۆیانەی کە باسمان کردن لەو وڵاتانەدا هەیە ریکلامی بازرگانی پەخش دەکات وەک دامەزراوەی رادیۆی سەربەخۆ I.B.A لە ئینگلتەراو دامەزراوەی رادیۆی بازرگانی لە هەریەک لە کەنەداو ئوستراڵیا کە هەردووکیان بەسیستەمی تێکەڵاو (بازرگانی و حکومەتی لەیەک کاتدا) کاردەکەن.

کاتێک دەوڵەت دارایی دامەزراوە رادیۆییەکانی سەر بە سیستەمی نەتەوەیی دابین دەکات لە هەمان کاتدا داراییش بەو رادیۆیە بازرگانیانە دەکات کە ریکلامی رەسمی لەسەر هەندێک خزمەتگوزاری پەخش دەکەن، هەروەها هەندێک جار دەستە گشتییەکانی دەوڵەت یارمەتی پێشکەش بەو دامەزراوە رادیۆییانە دەکەن، ئەمە جگە لەوەی لەرێگەی پێدانی مۆڵەت یاخود نوێکردنەوەی مۆڵەت دەوڵەت دەست لەو ئێستگە بازرگانییانەی رادیۆ وەردەدەن.

ئەو زانایانەی کە ناویان هێنرا لە چوارچێوەی ئەو چەمکەیان بۆ سیستەمی رادیۆیی وەکو دامەزراوەی گشتی، ئەو ئێستگە تایبەتییانەیان دەستنیشان نەکردووە کە حکومەت راستەوخۆ هەڵیدەسوورێنێ لە پێناوی خزمەتگوزارییەکی تایبەتی لە تەک بوونی سیستەمی تری رادیۆیی لە هەمان وڵاتدا، بۆ نموونە دەنگی ئەمەریکا (VOA) دامەزراوێکی رادیۆیی سەر بە دەوڵەتە لەلایەن دەزگاری هەواڵگری ئەمەریکاوە هەڵدەسوورێنرێت و تایبەتە بە پروپاگەندەکردن بۆ سیاسەتی رژێمی ئەمەریکایی و بەدیهێنانی هەندێک خزمەتی تایبەت لەبواری شەڕی دەروونی لە دژی بزووتنەوە رزگاریخوازەکانی جیهانی سۆسیالیزم (لەمەوبەر) بەڵام لە هەمان کاتیشدا هەر لەو وڵاتە سیستەمی رادیۆیی تر لە ئارادایە.

هەروەها مەرج نییە ئەو رادیۆیانەی کە هەندێک خزمەتگوزاری تایبەتی ئەنجام دەدەن هەمیشە هەر دەستەیەک بەرێوەی ببات، لەوانەیە کەسێک ئەم کارە ئەنجام بدات هەروەک لە رادیۆ تایبەتییەکانی ئارەزوومەندان و رادیۆکانی قەراغ دەریاو ئێستگە چەتە گەرییەکاندا هەیە.

هەرچی دابەشکردنی دوو لایەنەی شێوازەکانی سیستەمی رادیۆییشە کە لەسەر بنەمای جوگرافیەوە ئەنجام دەدرێت، سیستەمە رادیۆییە تێکەڵاوەکانی پشت گوێ خستووە کە لە چەندین وڵاتی جیهاندا هەین وەک کەنەداو ئوستراڵیاو یابان و لوبنانی بەر لە ١٩٧٥ کە لە هەمان کاتدا هەردوو سیستەمی رادیۆیی بازرگانی و حکومەتییان تیادا بەدی دەکرێت.

سەرباری ئەو خاسیەتانەی کە هەردوو سۆمەرزی زانا دیاریبیان کردووە، ئەم دابەشکردنە نە بەسەر سیستەمە رادیۆییەکانی ئەوروپایی و حکومەتی و نە سەر سیستەمی بازرگانی ئەمەریکایی جێبەجێ دەبێت. سەبارەت بە سیستەمی ئەوروپایی هەر دوو زانا ئەوە دووپات دەکەنەوەکەوا دامەزراوەی رادیۆیی تایبەت وەک رکابەر بۆ دەزگا حکومەتییەکان لە ئارادا نییە کەچی لە ئەوروپادا چەندین دامەزراوەی رادیۆیی رکابەری دامەزراوە حکومەتیەکان لە ئارادایە وەک دامەزراوەی رادیۆ سەربەخۆی I.B.Aی بەریتانیا و چەندین دامەزراوەی رادیۆیی بازرگانی لە ئیسپانیا کە لەلایەن دامەزراوەکانی کەرتی تایبەتەوە هەڵدەسورێنرێن، هەروەها هەندێک دامەزراوەی رادیۆیی تر هەر لە ئەوروپا بۆ مەبەستی بازرگانی دامەزراون وەک رادیۆی مۆنتی کارلۆو رادیۆی لۆکسەمبۆرگ.

هەردوو سۆمەرز ئەوە دووپات دەکەنەوەکە بەرنامەی دامەزراوە رادیۆییەکانی سیستەمی ئەوروپایی بەرنامەی ناوەندین (مرکزی)، کەچی دەبینین بەرنامەی دامەزراوە رادیۆییەکانی یۆگۆسلافیا بەرنامەی ناناوەندین بگرە بەرنامەی دامەزراوە رادیۆیەکانی هۆلەندا لەلایەن دامەزراوە رادیۆییە ئاینی و سیاسی و رۆشنبیرییە جیاجیاکانەوە ئامادە دەکرێت، تەنیا ئەوەندە نەبێت حکومەتی ناوەندی هەندێک جار ئەم دامەزراوە

رادیۆییە یان ئەوی تر ئاگادار دەکاتەوە بۆ وەستاندنی بەرنامەیەکی دیاریکراو.

هەرچی دابەشکردنی سێیەمیشە کە مولکداریی تیادا بە بنەما وەرگیراوە کە کنگستون و ئەوانی تر ئەنجامیان دا، ئەوا ئەم دابەشکردنەش بەدەرنەبووە لەوەی چەمکەکان بەناو یەکدا بچن و هەندێک جار ناکۆک بن، ئەوەتا چەندین نموونە یان هێناوەتەوە لەسەر ئەو سیستەمە رادیۆییانەی کە لەسەر بنەمای مولکدارییەوە بنیات نراون کەچی ئەمەیان لەسەر جێبەجێ نابێ چونکە دەولەت

سەرباری ئەوانەش کنگستون و هاورێکانی دیسان ئەوە دوویات دەکەنەوە کە مولکداریی حکومەت بۆ رادیۆ بەتایبەتی لە ولاتە سۆسیالیستەکانی (پێشوو) رێگە بەو دامەزراوە رادیۆییانە دەدات هەندێک رێکلام پەخش بکەن لە کاتێکدا رێکلامی ئابووری ولاتانی سۆسیالیست بەشێک لە پەیامی راگەیاندن پێک دێنێت لەو ولاتانەدا، لە کاتێکدا ئەو رێکلامە ئابوورییانە تەواو جیان لەو رێکلامە بازرگانییانەی کە سیستەمی رادیۆیی بازرگانی پەخشی دەکەن.

ئێمە پێمان وایە ئەو تێکەلکردنەی نێوان سیستەمە رادیۆییەکان و بەیەکداچوونی چەمکەکان لەلایەن کەسانی نێو راگەیاندنەوە بۆ ئەم هۆکارانە دەگەرێتەوە:

یەکەم: سیستەمی رادیۆیی تێکەلاو کە سیستەمێکی سەربەخۆیەو لە چەندین ولاتی جیهاندا هەیە، جارێک لەگەڵ سیستەمی رادیۆیی بازرگانی تێکەڵ دەکرێت و جارێک لەگەڵ سیستەمی حکومەتی، چونکە سیستەمی رادیۆیی تێکەلاو خاسیەتەکانی هەردوو سیستەمی بازرگانی و حکومەتی تێدایە.

دووەم: لەبەرچاونەگرتنی ئەو خزمەتگوزارییانەی کە سیستەمە رادیۆییەکان پێشکەشی دەکەن لە کاتی دابەشکردنی سیستەمەکان، ئەگەر دابین کردنی دارایی و کۆنترۆلکردنی دەولەت و شوێنی جوگرافی و لەتەک چەندین کەس خاوەنی ئەو دامەزراوە رادیۆییانەیە، هەروەکو لە مەکسیک کە لەتەک (٢٠٦) ئێستگەی رادیۆیی سەر بە مولکداریی تایبەتی (٨) ئێستگەی رادیۆیی حکومەتی هەیە، بەمەش کنگستون و هاورێکانی کەوتوونەتە نێو ناتەباییەک کە خاوەنانی دابەشکردنە پێنج لایەنی و دوو لایەنیەکەش بەهەمان شێوە تێی کەوتوون، لەبەر ئەوەی هەردوو سیستەمی رادیۆیی بازرگانی و سیستەمی رادیۆیی تێکەلاویان تێکەڵ بەیەک کردووە کە لە راستیدا بەتەواوی لەیەکتر جیان.

شێوەی مولکداریی بە پێوەر وەرگرتن بۆ دابەشکردنی پێنج لایەنەو چوار لایەنەو دوو لایەنەی سیستەمەکان چ شتێک هەیە رێگەمان لێ بگرێت لەوەی (خزمەتگوزارییە تایبەتیەکان) لەبەر چاو نەگرین کە هەندێک سیستمی رادیۆیی پێشکەش دەکەن کە دەتوانین ناوی بنێین (سیستەمی رادیۆیی تایبەت) چونکە ئەوەش خاسیەت و سیمای خۆی هەیەو لە سیستەمی بازرگانی و حکومەتی و تێکەلاو جیای دەکاتەوە کە لە چەندین ولاتی جیهاندا هەن، هەروەکو رادیۆ قوتابخانەیی و پەروەردەییەکان و رادیۆکانی راگەیاندنی کەش و هەواو هاتووچۆ و تەشویش و هەروەها ئەو ئێستگە رادیۆییە رەسمییانەی کە لە سیستەمی رادیۆی بازرگانی رێنمایی دەکرێن و ئێستگەنهێنییەکانیش بە هەموو جۆرەکانیانەوە.

ئەگەر گۆرانکاری سەرەکی لە شیکردنەوەی سیستەمە رادیۆییەکان لە شێوازەکانی کۆنترۆلکردن و سەرچاوەی دارایی و ئامانج و جەماوەر چرپێتەوە، ئەوا دەتوانرێت رۆلی جۆری خزمەتگوزارییەکە دیاری بکرێت لەو گۆرانکارییەدا بەمەش دەتوانین سیستەمە رادیۆییەکان پۆلین بکەین بۆ چوار سیستەم:

١ـ سیستەمی رادیۆیی بازرگانی.
٢ـ سیستەمی رادیۆیی حکومەتی.
٣ـ سیستەمی رادیۆیی تێکەلاو.
٤ـ سیستەمی رادیۆیی تایبەتی.

هەروەها بەم شێوەیەی خوارەوەش دەتوانین ئەو گۆڕانکارییە بنچینەییانەی کە ناومان بردن و شێوازەکانی سیستەمی رادیۆیی و ئەو دەوڵەتانەی کە ئەو شێوازانەیان تیادا پیادە دەکرێت، پۆلین بکەین وەک لەم لیستەیەدا هاتووە:

**چوارەم: ئەنجام**

ئەو پۆلێن کردنەی کە پێشنیارمان کرد ئەوە بە دوور نازانێت لە یەک سیستەم زیاتر لە دەوڵەتێکدا هەبێت، یاخود بەیەک داچوون لە نێوان سیستەمەکاندا نەبێت، بەڵام ئەو پۆلێن کردنە پێشنیارکراوە لایەنی کەمی بەیەکداچوون بەخۆوە دەگرێ، ئەمە جگە لەوەی لە واقیعی ئێستای سیستەمە رادیۆییە جیاجیاکان سیمای بە ئاشکرا دەردەکەوێت چونکە زۆربەی دابەشکردنەکانی رابردوو کە (سیستەمی رادیۆیی تایبەتە) و بەچەندین سیماو خاسیەت لە سیستەمە رادیۆییەکانی تر جیادەکرێتەوەو وای لێدەکات وەک سیستەمێکی رادیۆیی تایبەت خۆی بسەپێنێ ئەمە جگە لە رادیۆ تایبەتییەکانی فێرکردن و کەش و هەوا.

* ئەم وتارە کورتەی عەرەبی لەگەڵدا نییە لەبەر ئەوەی لە عەرەبییەوە وەرگێڕدراوە

**شێوازەکانی سیستەمی رادیۆیی لە جیهانداو گۆڕانکارییە بنچینەییەکان لە شیکردنەوەیاندا**

| شێوازی سیستەمی رادیۆیی | لایەنی کۆنترۆلکار | جۆری خزمەت | ئەو دەوڵەتانەی ئەو سیستەمەیان تێدایە | شێوەی دابینکردنی دارایی | ئامانج لە دامەزراندنی سیستەمی رادیۆیی | زانینی رادەی کاریگەری بەرنامە لەسەر گوێگر |
|---|---|---|---|---|---|---|
| بازرگانی | تاک، کۆمپانیاکان، دامەزراوە بازرگانییەکان | بازرگانی | ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و ئێستگە بازرگانیەکان لە دەوڵەتانی تر | رێکلام | فرۆشتن خۆشی و کات بەسەربردن | راپۆرتی رەخنەگران و دابین کەرانی دارایی بەرنامەکان خاوەن رێکلامەکان |
| حکومەتی | دەوڵەت یان دەستەی گشتی | خزمەتگوزاری نیشتمانی | زۆربەی دەوڵەتانی جیهان | یارمەتی دەوڵەت، باج، رسوم، رێکلامی ئابووری | خۆشی و کات بەسەربردن هۆشیارکردنەوە و رۆشنبیرکردنی سیاسییانە | راپۆرتی مەیدانی لە رێکخراوو یەکێتییە جەماوەرییەکان |
| تێکەڵاو | دەوڵەت و دەستەی گشتی و تایبەت و تاکەکان | پرۆژەی بازرگانی و خزتەگوزاری | کەنەداو ئوسترالیا یابان و مەکسیک | پیتاک رێکلام و یارمەتی دەوڵەت، رسوم و باج | خۆشی کات بەسەربردن، فێرکردن، رۆشنبیرکردن | ریفراندۆمی گشتی |
| تایبەت | تاکەکان و رێکخراوە نهێنی دەستە حکومەتییەکان | خزمەتگوزاری تایبەتی | زۆربەی دەوڵەتانی جیهان | بودجەی تایبەتی | راگەیاندن، بڵاوکردنەوەی ئایدیۆلۆژیای فێرکردن | رێکخستنی بەرنامەکان بە گوێرەی کات و بایەخ |

# ڕەتدانەوەی ڕۆژنامەوانی لەسەر لاپەڕەکانی (ڕۆژ کوردستان) و (پێشکەوتن)دا

**ڕۆژنامەگەری وەك کۆڵەکەیەکی ڕۆشنبیری، وەك دەربڕینێکی ڕاستەقینەی خەم و ئاواتی جەماوەر، وەك دەنگێکی ڕەسەن و ڕاست و چاو نەترس، وەك هەڵسەنگێنەرێکی تەرازووییانەی هەڵسوکەوت و هەڵوێست و کردەوەکانی خاوەن بڕیاران، لە دوایشدا وەك دەسەڵاتی چوارەم لە هەر کومەڵگەیەکی دیموکراسی و گەشەسەندو خۆی سەپاندووە. بە پێچەوانەشەوە هەندێ جار وەك داردەستێکی داگیرکەرو زۆرداران، وەك تێکدەری ڕیزەکانی میللەت، وەك ئاوێنەیەکی تەڵخ بۆ تیشکدانەوەی قەڵەمی خۆفرۆش و تەسك بین سەری خۆی لە کولانکەکانی ڕێڕەوی ڕۆژنامەگەریدا دەرکردووە.**



سۆران عیزەددین فەیزی

سەرهەڵدانی یەکەم ڕۆژنامەی کوردیش لە دووره وڵات بووەتە کلیلی ڕێگای سەربەرزی و سەردانەواندنی ڕۆژنامەگەریمان بۆ دەسەڵاتی داگیرکەران و هەردەم لەگەڵ خواست و ئامانجەکانی ئەم میللەتە تێکەڵ بووە و دروشمی ڕزگاریخوازی و خزمەتی زمان و ئەدەب و کلتووری نەتەوەییمانی کردووەتە نیشانەیەکی هەرەزۆری کاروانە بێ گەردەکەی، تەنیا لە چەند قاوغێکی تەسکدا نەبێت کەڕۆژانی ڕەش توانیویانە چەند لاپەڕەیەکی بێ تام وبۆ بخەنە ناو گوڵستانی ڕۆژنامەگەریمان، بەڵام لە ئەنجامدا ئەوانیش وەک کەفی سەر ئاو بەچەند بڵقێک بوونی لەرزۆکی خۆیان ون کردووە. لێرەدا دەتوانین ئەم پێشەکییە یاخود بڵێین ئەم ڕاستییانەی ئاماژەم بۆ کردن بکەین بە بەڵگەیەک بۆ دیاری کردنی هەڵوێستی نەتەوە پەروەری و ڕاستیخوازی نووسەران و ڕۆشنبیرە پێشەنگەکانمان لە چوار یەکی یەکەمی سەدەی بیستەم کە بوێرانە چەندین ڕێگەی تێکۆشانیان تاقی کردۆتەوە و ڕۆژنامەگەریشیان کردبووە کاریگەرترین چەک بۆ بەدیهێنانی مافە ڕەواکانی نەتەوەکەمان و سڵ نەکردنەوە بەرامبەر پیلانەکانی دوژمنان، بەتایبەتیش ئەو هەموو گوتە ناڕەواو نابەجێ و شۆڤینییانەی ڕۆژنامەکانیان بلاویان دەکردنەوە، بۆیە ڕۆشنبیرانمان شێوازێکی شارستانییانەیان هەڵبژارد بۆ بەرپەرچ دانەوەی و پووچەڵ کردنەوەی بۆچوونەکانی ناحەزان ئەویش بە ڕێگەی شی کردنەوەی وتارە چەواشەکەرەکان و وەڵام دانەوەیان لەسەر لاپەڕەکانی ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی خۆمانەوە، ئەمەش بابەتی سەرەکیی ئەم لێکۆڵینەوەیەمانە. بێ گومان پێداچوونەوەی گشت هەڵوێستەکان، دەرگای تۆژینەوەیەکی فراوانمان لەبەردەم دەکاتەوە، لەبەر ئەمە تەنیا دوو ڕۆژنامەی سەرەتاکانی کاروانی ڕۆژنامەگەریم هەڵبژارد، تاوەکو ڕووی گەشیان لەم بارەیەوە بخەمە بەرچاوی خوێنەرانی ئازیزەوە، ئەوانیش یەکەمیان ڕۆژنامەی (ڕۆژی کوردستان)ە (١٩٢٢ـ١٩٢٣)، کەلەبەر ئەو بارو زروفەی تیایدا سەری هەڵدا زێتر ڕەتدانەوە کەوتووەتە سەر لاپەڕەکانی، دووەمیشیان(پێشکەوتن)ە کە لەسالانی

(٩٢٠_٩٢٢)دەرچووەو لە چەند لاپەڕەیەکیدا ئەم مەبەستەی پێکاوە.

بەم بۆنەیەوە ئەو پەڕی ڕێزو نوازشم پێشکەش بە هەولی هەرە دلسۆزانەی ئەدیبی ناسراو کاک جەمال خەزنەدار دەکەم بۆ کۆکردنەوەی گشت ژمارەکانی رۆژنامەی رۆژی کوردستان لە دوو تویی کتێبێکی سەربەخۆدا کەلە سالی ١٩٧٣ بەرێوەبەرایەتی گشتی رۆشنبیری کوردی لە بەغدا بە چاپی گەیاند. هەروەها بۆ کۆششی برایانی پایەدار کاک عەلی ناجی کاکە حەمە ئەمین عەتتار و کاک سیروان بەکر سامی بۆ کۆکردنەوەی گشت ژمارەکانی رۆژنامەی پێشکەوتن و دووبارە لە چاپدانەوەیان لە کتێبکدا لە سەر ئەرکی وەزارەتی رۆشنبیری هەرێمی کوردستان و لە یادی سەد سالەی رۆژنامەگەریی کوردیدا. هەر لە رێگەی ئەم دوو کتێبە بەنرخەشەوە توانیم بە دەقەکانی ئەم دوو رۆژنامەیەدا بچمەوەو ئەم دوو باسە بێتە کایەوە.

* * *

شتێکی ئاشکرایە رەتدانەوەی دەمەتەقێی رۆژنامەوانی لە گشت بابەتەکانی دیکەی ئەم بوارە سەرنج راکێشترەو زێتر خوێنەر بۆ خۆی رادەکێشێت، بەتایبەتیش گەر هەندێ لایەنی گەرم و توند و پەیوەندیدار بەمەسەلە بنەڕەتییەکانی بوونی نەتەوەیی و کۆمەلایەتی و ئایدیۆلۆژی بەخۆوە بگرێت. نموونەش لە مێژووی نزیکمان زۆرە، تەنانەت زۆر جار بووە دانە رۆژنامەیەک لەبەر وەلامدانەوەی لایەنێک یابۆچوونێکی کاریگەر چەندین ئەم دەست و ئەو دەستی کردووەو خەلک بەپەرۆشەوە خوێندنەویانەتەوەو خالە سەرەکییەکانیان تاو توێ کردۆتەوە و لە کۆڕو کۆبوونەوە ئاسایی ونائاساییەکان دووبارە و سێ بارەکراونەتەوە. وەک بیرەوەرییەک:

ئەو مندالە رۆژنامە فرۆشەم هەرگیز لەیاد ناچێت کەلە سالی ١٩٧٣ لەناو شەقامێکی هەولێر پڕ بەدەم هاواری دەکرد(تەئاخی زدی سەورە)، واتە رۆژنامەی (التآخي) رۆژنامەی




(الثورة)ی رەتداوەتەوە، ئەم کارەشی هەر بۆ ئەوەبوو سەرنجی خەلک رابکێشێت وبازاری ئەو رۆژنامەیەی دەیفرۆشت گەرم بکات. لە راستیدا دەمەتەقێی نێوان ئەم دوو رۆژنامەیە، یاخود فراوانتری بکەین و بلێین رەتدانەوەکانی تەئاخی بۆ رۆژنامەگەری حکومەتی مەرکەزی و لایەنەکانی دیکەی ناو عێراق و دەرەوە لە سالانی ١٩٧٠_١٩٧٤ باشترین و دەولەمەنترین سەرچاوەن بۆ لێکۆلینەوە لەتاقی‌کردنەوەکەی سالانی ناوبراو، وەک تۆمارگەیەکیشە هەلوێستەکانی هەر لایەنەک بە روونی دەخاتە بەردەم نەشتەری توێژەری وردبینەوە بۆ ئەوەی خال لەسەر پیتەکان دابنێت و زانستییانەو روناکبیرانە مێژووی تازەمان دابڕێژێت.

هەروەک لەمەو بەر گوتم بۆ ئەم لێکۆلینەوەیە لە گشت ژمارەکانی هەردوو رۆژنامەی رۆژی کوردستان و پێشکەوتن بابەتی رەتدانەوەی رۆژنامەوانیم هەلبژارد. جابەر لەچوونە ناو بابەتەکە پێویستە وەک بەبیر هێنانەوەیەک تیشکێک بخەمە سەر چەند لایەنێکی ئەم دوو


پیشکوتن
( سال ٢ زمارە ٨٦ ) — ( روز پنجشنبە ١٥ ربیع الاخر ١٣٤٠ ١٥ دیسمبر ١٩٢١ ) —

رۆژنامەیە، لەچ کەش و هەوایەکدا دەرچوون و کێ سەرپەرشتی کردوون و زمانحالی کێ بوونە و چەند ژمارەیان لێ دەرچووە؟ لەگەڵ دیاری‌کردنی هەندێ تایبەتمەندیی ورد دەربارەی هەر یەکێکیان، تاوەکو بە تەواوی بتوانین ئەو چەند لاپەڕەیەی تێیاندا وەرمانگرتوون بە گوێرەی ئەو رۆژگارەی تیایدا دەردەچوون هەڵیانسەنگێنین و لەگەڵ باری ئەمرۆشماندا بەراوردیان بکەین، دەمەوێ ئەوەش بدرکێنم کە بەپێداچوونەوەم بە بابەتەکانی ئەم دوو رۆژنامەیە تووشی سەرسامییەک یاخود بلێم دڵ تەنگییەک بووم، چونکە زۆربەی ئەو گیروگرفتانەی لە سەرەتای سەدەی رابردوودا تەنگیان بەکورد هەڵچنیبوو، هێشتا یەخەی بەرنەداون و نەیارانیشمان لە هەمان ئاستی تەسک بینی و دان نەنان بەمافە رەواکانمان.

رۆژنامەی پێشکەوتن کەدەسەڵاتداریتی ئینگلیز لە شاری سلێمانی دەری دەکردو (میجەرسۆن)حاکمی سیاسی ئینگلیز لەو شارە سەرپەرشتی دەکرد. رۆژنامەیەکی سیاسی و ئەدەبی بوو. لەنێوان(٢٩)ی نیسانی ١٩٢٠ تاوەکو (٢٧)ی تەموزی ١٩٢٢ سەدو هەژدە ژمارەی لێ دەرچوو. خاوەن و سەرنووسەری رەسمی ناویان لەسەر رۆژنامەکە تۆمار نەکرابوو. ئەمە یەکەم رۆژنامەی کوردی بووە لە کوردستانی عێراق ـ لە سلێمانی دەربچێ و قەوارەکەی(٣٣×٢١) سم بوو تا ژمارە(٩٦)ی رێکەوتی(٢٣)ی شوباتی ١٩٢٢ چوار لاپەڕە بوو، لەژمارەی (٩٧)ەوە لە (٢)ی مارتی ١٩٢٢ بووەتە شەش لاپەڕەی (٣٢×٢٠)سم(١).

وەک گوتمان رۆژنامەیەکی هەفتانەبوو، لە چاپخانەی حکوومەت لە سلێمانی چاپ کراوەو دەرگایەکی چاکی لە بەردەم رۆشنبیری و رۆژنامەنووسیی و پەخشانی کوردی کردووەتەوە.

((گەشتێک بە لاپەڕەی هەموو ژمارەکانی ئەم رۆژنامەیە هەفتانەیە گرنگەدا دەمانگەیەنێتە ئەنجامی ئەوەی کە ناوەڕۆکی کەرەستە چاپکراوەکانی لە چوار چێوەی ئەم مەبەستانەی لای خوارەوە ناچنە دەرەوە: وتار نامە، وردە هەواڵ سیاسی، شیعر، ئیعلان)) (٢). گومانیش لەوەدا نییە کەراستەوخۆ یا ناراستەوخۆ هەولی چەسپاندنی دەسەڵاتداریی ئینگلیز لە عێراق و کوردستاندا داوە، زۆر جاریش پڕوپاگەندەی دژ بە ناحەزانی ئینگلیز لە جیهان کردووە.

دەربارەی رۆژنامەی (رۆژی کوردستان)یش، کە ئۆرگانی حکومداریتی شێخ مەحموودی نەمربوو، رۆژنامەیەکی سیاسی وئەدەبی و کۆمەڵایەتی و رەسمی بووەو هەفتەی جارێک لەسلێمانی دەرچووە. خاوەن ئیمتیازو بەرێوەبەریشی م.نوری بووەو عەلی کەمالیش تیایدا نووسەر بووە. لە نێوان (١٥)ی تشرینی دووەمی ١٩٢٢ تا (٣)ی

ئازاری ١٩٢٣ پازدە ژمارەی لێ دەرچووە. هۆی تەمەن کورتییەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ دووبارە داگیرکردنەوەی سلێمانی لەلایەن ئینگلیزەوە.(٣)

شایانی باسە لە سەرەتادا ئینگلیز ڕاستەوخۆ شاری سلێمانی بەڕێوە دەبرد، بۆیە ڕاپەڕینەکەی شێخ مەحمودی حەفید لەسالی (١٩١٩) سەری هەلدا، بەلام ئینگلیزەکان توانیان شێخ دەستگیر بکەن و بۆ هیندستان دووری بخەنەوە، کەچی لە سالی ١٩٢٢ باری ولاتەکە وای خواست شێخ بهێننەوەو بەڕێوەبردنی ناوچەکە بخەنە بەر دەستی، ئینجا ڕاپەڕینی دووەمی شێخ مەحمود دەستی پێکردەوەو بەشۆڕشگێڕایەتی لە سالانی ١٩٢٢ـ ١٩٢٧ بەردەوام بوو، حکومەتی عێراقیش بە پشتگیریی هێزی ئاسمانی بەریتانی توانی دیسانەوە دەست بەسەر سلێمانیدا بگرێتو شێخی لێ وەدەربنێ و ناچاری بکات لە سالی ١٩٢٧ بەرەو ئێران بڕوات. ئینجا بۆ جارێکی دیکەش و لەئەنجامی کارتێکردنی پەیماننامەی چوارەمی نێوان عێراقو بەریتانیا بەسەر کوردو ڕووداوەکانی ئەیلولی ١٩٣٠، شێخ لەسالانی ١٩٣٠ـ١٩٣١ دیسانەوە ڕاپەڕینێکی دیکەی هەلگیرساند، بەلام دووبارە بە ئامانج نەگەیشت، بۆ جاری چوارەمیش لەسالی (١٩٤١) هەولی ئەنجامدانی بزووتنەوەیەکی دیکەشی دا بەلام بۆی نەلواو نەگەیشتە ئاستی ڕاپەڕینەکانی پێشوو.

لێرەدا ئەوەی مەبەستمانە ئاماژەکردنە بۆ ئەوەی کە (ڕۆژی کوردستان) لە میانەی شۆڕشی دووەمی شێخدا دەرچوو. شایانی باسە کە دەزگاکانی حکومداریتی شێخ مەحمود توانییان چوار ڕۆژنامەی سەرکەوتووی کوردانە پێشکەش بە کاروانی ڕۆشنبیری نەتەوەکەمان بکەن ئەوانیش: (بانگی کوردستان ـ چواردە ژمارە)، (ڕۆژی کوردستان ـ پازدە ژمارە)، (بانگی حەق ـ سێ ژمارە)، (ئومێدی ئیستقلال ـ بیستو پێنج ژمارە)یان لێ بلاوکراوەتەوە.(٤)

(ڕۆژی کوردستان) بە قەوارەو ڕوخسار بچووک بووە(٥) بە چوار لاپەڕەی قەوارە (٣٤×٢١,٥)سم دەرچووە، بەلام بە ناوەڕۆک گەورەبووەو هەموو هیواو ئامانجی ئەو سەردەمەی نەتەوەی کوردی گرتۆتە خۆی. هەموو دەنگ وباسی هەوال و بەیاننامەیەکی ڕەسمی حکومەت، بەتایبەتی فەرمان و ئیرادەکانی مەلیک مەحمود لەسەر لاپەڕەکانی بلاوکراوەتەوە. کەواتە ڕۆژنامەیەکی سیاسی دیپلۆماسی بووە و گەلێ بیروڕای ئەو سەردەمەی بۆ چاککردنی باری خەباتی نەتەوەی کورد لەسەر نەخش کراوە. جگە لەمانەش ڕۆژنامەیەکی کۆمەلایەتی و ئەدەبیش بووەو سەرچاوەیەکی ئەدەبی و مێژوویی گرنگە بۆ ژیانی ئەو سەردەمەی کوردستان بەگشتی و ناوچەی سلێمانی بەتایبەتی، لەم باسەماندا چەند هەلوێستێکی کورد پەروەرانەو حەق ویستانەی ئەم ڕۆژنامەیە(ڕۆژی کوردستان) بەشێوەیەکی سەرەکی، ئینجا ڕۆژنامەی (پێشکەوتن) بەپلەی دووەم دەخەینە بەرچاو، کەلە ڕەتدانەوەی هەندێک لەوبۆچوونانەی لەسەر لاپەڕەکانی ڕۆژنامەکانی ئەو سەردەمی عێراق و ولاتانی دەوروبەرماندا ڕەنگیان دەدایەوە، وەک هەستیشمان پێ کردووە زۆر لەو بابەتانەی لەلایەن ئەم دوو ڕۆژنامەیەوە ڕەتدراونەتەوە لەلایەن ڕۆژنامەی (العراق)ی بەغدادییەوە بلاوکراونەتەوە بۆیە وای بەچاک دەزانم بەکورتی لە مێژووی ئەم ڕۆژنامەیە بدوێم. دەسەلاتداریێتی ئینگلیز لە بەغداد، لەسەرەتای داگیرکردنی ئەم شارە ڕۆژنامەی (العرب)ی دەرکرد، بەلام لە ئەنجامی ویستی ئەم دەسەلاتدارێتییە بۆ دامەزراندنی ڕژێمێکی شارستانی لە جیاتی دەسلاتداریێتی داگیرکاری ڕاستەوخۆدا و بۆ ئەوەی بڕوای خەلکەکە وەدەست بێنێت ولەلایەکی دیکەشەوە ببێت بە مایەی بەردەوام بوونی داگیرکەرییەکەی، ڕۆژنامەی(العرب)ی داخست و ڕۆژنامەی (العراق)ی لەجێگای ئەو دەرکرد. بەپێی ئەمەوە لەیەکی حوزەیرانی سالی ١٩٢٠ یەکەم ژمارەی ئەم ڕۆژنامەیە بەچوار لاپەڕەی بچووک دەرچووە، خاوەنەکەشی ڕەزووق غەننام بوو، هەرچەندە

ڕۆژنامەی (العراق)سیاسەتێکی سەربەخۆی پیشان دەداو بابەتی مێژوویی و رامیاری نەتەوەیی و کۆمەلایەتی بلاو دەکردەوە ولەکێشەی هزری و ئابوورییەکانیشەوە دەکۆلییەوە، بەلام لەهەمان کاتیشدا لە خانەی نیشتمان پەروەرو رزگاریخوازەکاندا دانەدەندرا، ئەگەر چی هەندێ نووسەری رزگاریخوازیش لەلاوانی(نەتەوەو نیشتمان)پەروەر لەبەر نەبوونی ڕۆژنامەی دیکە خۆیان تیادا دیتەوە، بەلام سیاسەتی ڕۆژنامەکە نەبوو بەسیاسەتێکی بەرهەلستکاری راستەقینە دژی داگیرکەران. لە نووسەرەکانیش شوکریل فەزلی، حەسەن غەسیبە، عوتەی ئەمین، روفائیل بەتی، محەمەد عەبدول حوسێن.(٦)

هاتنی ناوی بەرێز شوکریل فەزلی لە ناو نووسەرانی (العراق) کە بەهۆی هەندێ وتار بەرۆژنامەیەکی نەیاری کورد دادەنرێت، لە پایەی ئەم پیاوە کەم ناکاتەوە، چونکە جێ پەنجەی لە خزمەتی ڕۆشنبیری کوردی دیارەو هەر خۆیشی پر بەدەنگ ڕێزنایی شێخ مەحموود دەکات و دەلێت: (ئیش کە رووی لە هەورازە سەرەو لیژی نەکەی)، بۆیە ژیان و هەلوێست و نووسینەکانی ئەم زاتە پێویست بە لێکۆلینەوەیەکی تایبەتی دەکات، چونکە بەشێکە لە کاروانی ڕۆشنبیریمان لەسەرەتاکانی سەدەی رابردوواو هەرگیز نابێت فەرامۆش بکرێت؟.

گەشتی باسەکەمان بە ڕەتدانەوەیەکی ڕۆژنامەوانی دەست پێدەکات کە بە ئیمزای نووسەری سیاسی بەرێز (عارف سائیب)ە و لە ژمارەیەکی (ڕۆژی کوردستان) لە ڕێکەوتی (١٥)ی تشرینی دووەمی سالی ١٩٢٢ بلاوکراوەتەوە. نووسەر بە وردەکارییەوەو بەهێمنانە بەرپەرچی بەیاننامەیەکی (حزب الحر العراقی) داوەتەوە کە لە ڕۆژنامەی (العراق) بلاوکراوەتەوە، گوایا حزبی ناوبراو داوای پاراستنی سنووری سروشتی حکومەتی عێراقی کردووە واتە، حکومەتی کوردستانی بەشتێکی ترسناک لە قەلەم داوە، کەچی لە وەلامدانەوەکەدا بە ئاشکرا ئاماژە بۆ ئەوە کراوە کە سەربەخۆیی عێراق بە بوونی حکومەتی کوردستانەوە لکاوەو کوردیش لە مافی وەوای خۆی زیتر هیچی داوا نەکردووەو منەتباریی کوردیشی بۆ سیاسەتی بەریتانیا دیاریکردووە، ئەمەی خوارەوەش بەشێکە لە دەقی وتارەکە، کە


صاحب امتیاز و مدیر مسئول
م . نوری
محرر
علی کمال
اعلانات بدریك
٣ آنه دە سیطریت
بدل آبونه
٣ مانك یك ٦ مانك دو
سالیکی چوار روپیه یه
بو هموشتیك مراجعت
به مدیر مسئول اکری
بو خارج اجرت پوسطه
علاوه دەکری
روژی کوردستان
تاریخ انتشار
١٥ تشرین ثانی ١٩٢٢
سلیمانی
سیاسی ، ادبی ، اجتماعی ، فنی یکی رسمی یه
هفتة جاریك دردچی
نسخه یه آنه یك
نسخه یه آنه یك
سال ١ ژماره ٧ [ چوارشمه ] ١٦ جمادی الاول ١٣٤١ . ٣٠ تشرین اول ١٣٣٨

بە هەمان شێوە دارشتنی خۆی و بە ڕێنووسی ئێستا دەیخەینە بەرچاو: (غەزەتە العراق، نوسخە ٧٣٨دا بە عینوانی (منشور حزب الحر العراقی)و لە ٧٣٨دا بە عینوانی (مجلس إدارة كردستان) چەند شتێکی نووسیبوو کەوتە بەرچاومان گۆیا حزب حورِ عیراقی طەلەب موحافەظە هەموو حقووق و حدوود طەبیعیەی عێراق لە حکومەتی خۆیان کردووە. کوردستانیش بەناوی لیوای سلێمانی داخل کردووە چونکە مەربووطیەت تیجارەت و ئیقتیصادیاتی لەگەڵ بەغداد زۆرە. وە هەم مەجلیس روئەسای کوردستان بەناوی مەجلیس ئیدارەت کوردستان داوەتە قەلەم. ئەم موطالەعاتە کە لەم غەزەتەدا درمیان کراوە راستی جای تەعەجوبو تەئەسوفە چونکە بە خەیالی هیچ ئەربابی وجدانێکدا نایێ کە شەخصیکی منەوەر ئەمەندە لە حەق و حەد خاریج بێ. ئێمە هیچ ئومێدمان نەئەکرد کە دراوسێیەکی موحتەرەم خۆمان، پێ لە هەموو حقووق و موناسەبات هەزار سالە ئەم دوو حکومەت و میللەتە بنێ ـ راسیمە موبارەکایی و تەرویج ئامال و ئەفکارمان تەجاوز حدود و حقوقمان بکات. ئەو کەسانە کە ئەم نەوعە قصانە ئەکەن بێ شوبهە دوشمن وطن و میللەت عەرەبیەو حەضرەت جەلالەت مەلیک عیراقن. چونکە ئەم قصانە لەم رۆژەدا کە مەسئەلەیەکی حەیات و مەمات بەدەستەوە دلی دۆست و برادەرێکی وەکو ئێمە پێ رەنجیدە ئەبێ، ئەگەر بە نەظەر ئینصاف تەماشای راست و چەپ و ئیستیقبالی خۆیان بکەن لێیان مەعلووم ئەبێ کە تەشەکولی حکومەت کوردستان لە هەموو خصووصیکەوە صەد هەزاران خێرو خۆشی بۆ عێراق تێدایەو بەلکە دەوام ئیستقلال بەقای مەوجوودیەتی عیراق هەر بە واسطە بەقای حکومەتی کوردستانە .

لەلایەکی دیکەی وتارەکە دەڵێت: (باوەر ناکەم لە بیستەمین عەصر مەدەنیەتدا کەس بتوانێ بچێتە سەربەشی کەس، بە کەمال ئیفتخارەوە عەرض ئەکەین ئێمە قەومێکی پاک و بێ باکین. دەربەست نین سەربەستین. زەمانێک کە سائقەی قەضاو قەدەر مەعروض فەلاکەت و مصیبەت بووین لەگەڵ ئەو هەموو تەشەبوثات و ئیقدامانە کە لە عەلەیهی ئەم خاکە پاکەو ئەم میللەتە خۆش بەختە کرا، دیسان زوو لە فروفێڵ تێ گەیشتین. گەردن کە چ دەسیسەو طەمەع نەبووین و بەهیچ کلۆجێ لە شیرازەی حدوود حقوق مەشروعەی خۆمان دەرنەچووین و بە ئارەزوو و دلشادی ماینەوە. ئێستاکە صەد شوکر خودا شەومانی رۆژ کردووەتەوەو بە واسطە معاونەتەت و موساعەدەت حکومەت فەخیمە بریتانیاوە ئافاق سیاسەتمان پاک و رووناکە، سەروەرو سەردارێکی موعەظەم وەکوو مەلیک کوردستان یەعنی مەلیک (مەحموود ئەوەل) عادەتەن وەکو ئیعجاز بۆمان زیندوو بۆتەوەو نەتیجە فیداکاری ئەم چەند سالەمان بە ئارەزووی خۆمان دەست کەوتووە، چۆن دوای کلاوی بابردوو ئەکەوین . لە کۆتاییشدا دەڵێت: (بۆ مشتێ خاک پاک کوردستان، بۆ سەعادەت فەردێ لە ئەفرادی ئەم میللەتەش هەرچی لەوازم خدمەت و فیداکاری بێ قصوورو فتووری لێ ناکەین).

وەک بە دەرکەوت، ئەم رەنگدانەوەیەی بەشێکمان لێ خستە بەرچاو، وەڵامدانەوەیەکی هەلوێستی (حزب الحر العراقی)یەو لەبەر ئەوەی ناوی ئەم حیزبە لەم باسە دووبارە دەبێتەوە، بۆیە وام بە چاک زانی کورتە پێناسەیەکی ئەو حیزبەو چۆنییەتی دروست بوونی بخەمە دووتوێی ئەم لێکۆڵینەوەیە، چونکە لەوانەیە ژمارەیەکی زۆر لە خوێنەران زانیارییەکی ئەوتۆیان دەربارەیەوە نەبێت. لە ئابی ١٩٢٢ ڕێگا بە محەمەد جەعفەر ئەبولتمەن درا بە دامەزراندنی (الحزب الوطني



العراقي)، هەروەها لە هەمان مانگدا ڕێگا بە محەمەد ئەمین ئەلچەرچەفی درا بە دامەزراندنی (جمعية النهضة العراقية)، بەڵام بەر لەوەی ئەم دوو حیزبە چ جموجۆڵێکی ئەوتۆ پیشان بدەن، دەسەڵاتدارێتی ئینگلیز بیری لە لەناوبردنی ئەم دوو حیزبە دەکردەوە، بۆیە یەکسەر هەلی پێشکەش کردنی ئەم یاداشتەی قۆزتەوە کە ئەم دوو حیزبە خستیانە بەردەم شا فەیصەلی یەکەمو سەرنجیان بۆ هەندێ داواکاری گەل ڕاکێشابوو، لەمانەش تێکەڵ نەبوونی بەریتانیا لە کاروبارەکانی بەڕێوەبردن، سپاردنی پایەی وەزارەتەکان بە پیاوی ڕاستگۆو ڕەوشت بەرز، بەسەربەستی هەڵبژاردنی ئەندامانی ئەنجومەنی دامەزراندن (المجلس التأسيسي). لە ئەنجامی ئەمەدا نوێنەری باڵای ئینگلیز لە عێراق ئەم دوو حیزبەی داخست و داوای لە مەحمود ئەلنەقیبی کوری عەبدولرەحمان ئەلنەقیب (سەرۆک وەزیرانی ئەو سەردەمی) کرد حزبێک بۆ لایەنگیری کردنی وەزارەتەکەی باوکی دابمەزرێنێت. بەم جۆرە لە (٣)ی ئەیلوولی ١٩٢٢ ئەم (حزب الحر العراقي)یە پەیدابوو. داواش لە ڕاوێژکارە بریتانییەکان و فەرمانبەرەکان لە لیواکان (واتە پارێزگاکان) کرا پیاوە دیارەکان بخەنە ناو ریزەکانی ئەم حیزبەوە. شایانی باسە بۆ ماوەیەک ئەم حیزبە کە بەم شێوەیە دامەزرابوو تاقە حیزب بوو لە گۆڕەپانی سیاسی عێراقیدا، تاوەکو وردە وردە حیزبەکان وەک (الأمة) لە بەغداو (الاستقلال الوطني) لە موصل ڕێکخران (٧).

لە وەڵامدانەوەیەکی هەمان ئەو بابەتەی لە (العراق)دا بڵاوکرابووەوە، لە ژمارەی (٣)ی ڕۆژی کوردستان لە ڕێکەوتی ٢٩ی تشرینی دووەمی ١٩٢٢ بە ئیمزای نووسەرێک بەناوی (قالە) وتارێک نووسراوەو تیایدا ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە ناکرێت لە دوو نەتەوەی جیاواز نەتەوەیەکی تازە دروست بکرێت، واتە تاواندنەوەی کورد لەناو میللەتێکی دیکە مەحالە. ئەمەش بەشێکی وتارەکەیە: (لە غەزەتە العراقدا ژمارە ٧٣٨ بە عینوانی مەنشوور الحزب الحر العراقي و ژمارە ٧٤٣ لە عینوانی مجلس إدارة كردستان. بەیاناتێکمان دی و لە طرف عارف صائب ئەفەندییەوە لە ژمارە (١) ڕۆژ کوردستاندا جەوابێکی باش درابووەوە.

بەڵام ئەم بەیاناتانە چونکە عائید بە کوردو کوردستانە لەسەر هەموو کوردی وەطەنپەروەری لازمە بەرامبەر بەم ئەفکارەی (حزب الحر)ە حسیات وەطەنییەی خۆی بەیان بکا، چونکە وەطەن مادو موشتەرەکەی هەموومانە وەهەم ئیستیرحام لە حزب الحر العراقي ئەکەم کەلەم بەیاناتە سووء تەلەقی نەفەرموون، چونکە مەقصەدمان بەیان حەقیقەت و مودافەعەی حقووق مەشروعەی خۆمانە، مەعلومە هەر قەومێ کە فەهم و ئیدراکێکی هەبێ ئارەزووی حوریەت و

سەعادەتی هەیە، ئێمەش بیل فیعل ئەم ئارەزووەمان ئیثبات کردووە.

حزب الحر العراقي ـ لە پێش ئەوەی کە دراوسێکیان بە بەیانات غەزەتە رەنجیدە بکەن، ئەگەر بۆ ئیتیحاد عەرەبیەت و بۆ تەنظیم ئیدارەی خۆیان سەعی بکەن هەم بۆ عێراق و هەم بۆ عالەم ئیسلامیەت نەفعیان زیاتر ئەبوو.

هیچ دەر خاطر ناکەن؟ کە ئەمرۆ عەصر ملیبیەتە و ئێمەش بۆ ئەم رۆژە موقەدەسە زۆر فیداکاریمان کردووەو ئەیکەین، عەجەبەن نازانن کە کۆمەڵێکی غەیر موتەجانیش هیچ وەقتێ قەومیەتێکی موتەحیدە تەشکیل ناکات. بە کەمییەت ریاضییەش موثبەتە دوو شت کە لەعەین جنس نەبێ جەمعی قابیل نییە و ئەگەر قابیل بێ حاصل جەمعەکەی هەر ئەو دوو شتەیە. کەوابێ کورد هەر کوردەو عەرەبیش هەر عەرەبە).

لە چوارەم ژمارەی رۆژی کوردستاندا، کە بە هەڵە دیسان ژمارە (٣)ی لەسەر تۆمار کراوەو لە رێکەوتی (٩)ی کانوونی یەکەمی ١٩٢٢ دەرچووە. لەم ژمارەیەدا بەرێز عارف سائیب رەتدانەوەیەکی ژیرانەی بەناونیشانی (دیسان حزب حر عراقی) نووسیوە دیارە وەڵامی ئەو کەسانەی داوەتەوە کە سنووری کوردستانیان تەسک کردووەتەوەو تەنیا بە ناوچەیەکیان لە قەڵەم داوە و پروپاگەندەی ئەوەشیان کردووە کە کورد بەشداری لەو هەڵبژاردنەدا کردووە کە لەو سەردەمیدا لە عێراق ئەنجام دراوە، ئەمەش بەشێکی وتارەکەیە: (٨)

(دیسان حزب حور عیراقی: بە تەئریخ رەبیعولئەوەل ٣١٦ ژمارە جەریدە دجلە لە نەجمەوە ئیقتباسێکی کردووە ..).

ئینجا دەڵێت: ( شایانی حیرەتە، لە هەموو عیراقدا کە بە ئیعتبار نفووس و طەبیعەت نزیکی نیوە کوردە تەنها سلێمانی بە کوردستان قەید کردووە، کەچی خۆی گوایە ئەزانی کە حدوود طەبیعیە کوردستان لە کوێوە تا کوێ داگیر کردووە. نازانم ئەم نەوعە کەسانە بە چە دڵ و دەروون و بە چە وجدانێکەوە ئەتوانن ئەم موطالەعاتە لە غەزەتەدا بنووسن، چونکە غەزەتە تەرجومان حسیات و زبان حالەتەو هەزاران ئەرباب مەعریفەت و مەعلوومات ئەیخوێنێتەوە.

خۆ لە سایەی جەرەیان سیاسی و خەدەمات پر گوزیدانەی وەطەن پەروەرەکانمانەوە ئەمرۆ لە شوانێکی لادێی بپرسی چۆن سنوورو چوار لای خانووەکەی خۆی ئەزانی بەو تەحرە حدوود طەبیعیەی کوردستانی لەبەر کردووە.

بەڵێ ئێمە حدوود و حقووق خۆمان ئەزانین. ئەبێ خەلکیش حەق و حەد خۆی بناسی ).

هەروەها دەڵێت: (مەسئەلەی ئینتخابات نزیکی دوو ساڵە لە عێراقدا جەرەیان ئەکات، ناشکوری نەبێ هێشتا مەبعوثیکی عەرەب لە مەجلیس مەبعوثاندا نەچووە سەر کورسی خیطابەت بەیاناتێ بدات، باوەریش ناکەم هیچ کوردێک دڵ و دەروونی قبوول بکات واز لە وەطەن و میللەت خۆی بێنێ کە ئەمرۆ چاوەروان و موحتاج هیممەت ئەون بچێ گوێی لە حیص و بیص عەرەبی بگرێ).

هەروەها لە شوێنێکی دیکەی وتارەکە دەڵێت: (واقیعەن کوردستان و عەرەبستان مەربووطیەتی دینی و ئیقتیصادیان پێکەوەیە. لاکین ئەمین بن ئەم مەربووطیەتە موتەقابیلە، ئەوەندەش ذەلیل و زەبوون نین کە خەلق بتوانی طەمەع بکاتە لاشەمان).

لە ژمارەی (٦)ی رێکەوتی (٢٧)ی کانوونی یەکەمی ١٩٢٢، لە رۆژی کوردستاندا وتارێک بە ئیمزای م. نوری و بەناونیشانی ولایەتی موصل نووسراوە، کە بەدواداچوونێکی گشتییە بەو نووسراوانەی لەم بارەیەوە لە رۆژنامەکانی بەغدای ئەو کاتی بلاوکراونەتەوە، وتاری ناوبراو تەنیا کورد بە خاوەن مافی بریاردان دادەنێت بۆ دیارکردنی دوا رۆژی ئەم ولایەتە، بە پێی ئەوەی

کە نیشتمانی خۆبەتی، شایانی ئاماژە پێ کردنیشە هەر وەک لە وتارەکە دەردەکەوێت کە نوێنەری عیراق لە ئەنجوومەنی لۆزان جەعفەر عەسکەری ولایەتی موصلی بە مولکی کورد داناوەو پەیماننامەی سیڤەریشی کردووە بە پێوەر بۆ مافی کورد. ئەمەش چەند دێڕێکی وتارەکەیە: (لە طەرەف غەزەتەکانی بەغداوە تا ئێستا موختەلیف مەقالات نووسراوە

لە جەواب ئەم ئیدعایانەدا جەعفەر پاشای مەندووب عیراق ئەلێت ئەم ئیدعایانە باطیل و بێ دەلیلە. بەلێ مولحەقاتی ولایەتی موصل کامیلەن مولک کوردو میللەتی کوردە، موافیق موعاهەدەی سەور کە لە بەین دووەل حولەفادا کراوە ئیستیقلالییەت و ئیدارەیەکی سەربەخۆیی دراوە بە کوردستان، ئێستا خۆیان حکومەتێکی مونتەظەمیان تەشکیل کردووە ).

لەوانەیە ئەم گوتانەی جەعفەر عەسکەری بە گوێرەی بنەمای (گەر بۆ من نابێت بۆ دوژمنیشم نەبێت) گوترابێ، نووسەری وتاریش لە کۆتایی نووسینەکەیدا چەند ئامۆژگارییەکی پێویست ئاراستەی کورد دەکات، منیش چەند دێڕێکم لێ هەلبژاردووە: (ئێمەش کە صاحێب حەقین و ئەم مولک وەطەنە حەق مەشرووع و صەریح ئێمەیە لە عالەم بێ خەبەر بە هیچ صورەتێ مودافەعەی حەق خۆمان ناکەین ئەمڕۆ ڕۆژێکە کە ئەگەر بە غەفلەت ڕابیوێرین موقابیل هەموو ثانیەیەکی ئەبێ دە ساڵ عەذاب و ئەسارەت بکێشین کەوا بێ حەق خۆمان بۆ دەست خۆمان نەدرێ؟ مەسئەلەیەکی مەشهووری کوردییە، تا ماڵ ڕاوەستابێ مزگەوت حەرامە، فانتبهوا).

دیارە ناحەزانی کورد هەر لە کۆنەوە ویستوویانە تۆوی دووبەرەکی و ناتفاقی بخەنە ناو ڕیزەکانی ئەم میللەتە، بەتایبەتیش لە نێوان سەرکردەو خاوەن دەسەلاتەکان. بۆیە هەمەجۆرە پرۆپاگەندەی پروپووچ و بە هەمە ڕێگای ڕاگەیاندن دەربارەی ناکۆکییەکانی نێوان سەرکردەکانیان بلاوکردووەتەوەو تا ئێستاش لە تیژکردن و قوول کردنی ڕکابەری و ململانێی نێوانیان بەردەوامن، بە دەرک کردنی ڕۆژی کوردستانیش بۆ ئەم ڕاستییە، بەشێکی زۆری لە ژمارە شەشی ئەم ڕۆژنامەیە بە کوردی و بە تورکی بۆ بەرپەرچدانەوەی بۆچوونی ڕۆژنامەیەک تەرخان کردووەو تیایدا دەقی ئەو نامە دۆستانەیییانەی لە نێوان شێخ مەحموودی نەمرو چەند ناودارێکی کورد ئالوگۆڕ کراون، بلاوکردووەتەوە. منیش بە پێویستی دەزانم دەقی ئەم چەند نامەیە وەک پەندو عیبرەتێک بۆ نەوەی نوێ بخەمە دووتوێی ئەم باسە، چونکە بەتەواوی ئاستی بەرزی بیرکردنەوەی شارستانێتی شێخ دەردەخەن. ئەمەش دەقی ڕەتدانەوەکەیە:

(بە تەئریخ (٩)ی ڕەبیعولئەوەل ٣٤١ و ژمارە (٧٠) غەزەتە ستارەی ئیران موخالیف حەقیقەت بەعضی نەشریاتی کردبوو، بۆ تەصحیح ئەفکار عموم سەرداران و منەوەران کورد مەجبوور بووین



موخابەراتێ کە لە بەین حەضرەت مەلیک کوردستان و جەناب سمکۆ و سەید تەهادا جەرەیانی کردووە دەرج و نەشری بکەین:

سلێمانی ـ بۆ حضور حوکمدار ئەعظەم کوردستان

ئەمرۆ موقەدەرات کوردستان تەودیع دەست موبارەکتان کراوە. موناسبی نازانین هیچ ئیشێک بێ ئەمر ذات حوکمدارانەتان بکرێ بزەویتان نایێتەوە بە ئێمەمانان کە میللەت کوردو مەغدوورین. ئیسترحام ئەکەین لە هەموو خصووصیکەوە معاوەنەت بفەرموون بۆ ئیستیخلاص ئەم وەطەنەمان.

سمکۆ

١٤ کانونی ئەوەل ٣٣٨

ئەربیل ـ قەهرەمان کوردستان حەضرەت ئیسماعیل ئاغا

ج: ئەلبەتە تەقدیری ئەفەرموون کە بەتاق تەنیا لە ڕێگای سەندنی حقووق میللەت کوردا لە پێش هەموو کەسێکەوە بە چە دەرەجە فیداکارییەکم کردووەو بەو نیسبەتەش فەلاکەتم دیوە. ئەمرۆش بە ئیتیفاق قەهرەمانێکی وەکو ذات وەطەنپەروەرانە ئێوە بۆ گەیشتن بەعەین غایە دەرەجە ئارەزووم ئیحتیاج بە ئیضاح ناکات حەوالەی تەقدیر ویجدان جەنابتانی ئەکەم. لاکین ئەبێ بو مودافەعەی حەقی بێ، کە بێ قووت، بێ باڵ، بێ معاوەنەت، بێ حەق خۆمان بهاوینە ناو جیدال و مەعرەکەی شەڕو شۆڕو بۆ سەندنی غایەی میللەتی کورد بێ کە حەیاتی ئەم قەومە سووق قینا بکەین. ئەمرۆ حەقێکی ڕەسمی نەدراوە بە میللەت کورد ئێمە کە ببینە سەبەب جنبش و مودافەعە دوشمنان خارجی. وە هەر چەند ئێمە داوای لوطف و حقووقمان کردبێ بە نەوع وەعدو بەهانە ئیمهال کراوە.

٣ مانگ لەمەو پێش حکومەت فەخیمە بریتانیا ئەو معاوەنەتە کە وەعدی فەرمووە ئەصەد یەکێکی بەجێ نەهێناوە تاوەکو منیش میللەت کورد بە ئیستقبالەوە طماعداریان بکەم. بۆ حەقی شەڕوشۆڕم پێ خۆشە. بەلام بۆ ناحەقی پێم خۆش نییە کە خوێنی موسلمانانی کورد بڕێژم. ئەگەر لوطفەن حەق خۆمان پێ ببەخشرێ حاضرین بۆ هەموو فیداکاری و دەفع ودوور خستنەوەی موعتەریضەکانمان. ئەگینا هەر بۆ ئیطاعەت موطلەقەی حکومەت فەخیمە بەقەطعی قەول ئەدەم کەبێ طەرەف و صادق ئەمینمەوە بەرامبەر دەولەت موعەظمە بریتانیا.. ئەگەر لەمە زیاتر لزووم بە موزاکەرە هەیە تەشریف فەرموونتان رجاو تەئیید ئیحتیرام ئەکەم.

مەحموود

١٤ کانون ئەوەل ٣٣٨

سلێمانی ـ بۆ حچور حکومدار ئەفخەم

لە حکومەت ئینگلیس بەولاوە کەس نییە حقووق بەئێمە ببەخشێ. وە موقابیل ئەو لوطفەی کەلەگەلمان

ئەکات چاوەڕوانی خدمەت ئێمەیە. ئەم حقووقە بێ شوبهە ئەتوانین بیسەنین. ئەگەر هەر لە جانیب حکومداریتانەوە ئیرادەیەکی دەرکردنیان ببێ بە عەون خودا بێ خوێن رشتنی موسلمانان لێرە دەریان ئەکەم. وە حقووقیشمان بە هەموو نەوع وەرئەگرین. وا مەصلەحەت ئەبینم کەبەیەکەوە دوشمن لەناو خۆمان دەرکەین و حقووقیشمان هەر بەیەکەوە لە حکوومەت بریتانیا و عەرەب وەرئەگرین.

ئەربیل ـ قەهرەمان کوردستان حەضرەت ئیسماعیل ئاغا

ج ـ حەقیقەتەن بەو هەموو نیعمەتە ئیختیار زەحمەت، وەبۆ هەموو لوطفی عەرض تەشەکور لازمە. لاکین بۆ لوطفی کەرەوانەبینرێ ئیختیار کلفەت کردن لەوە ئەچێ کەفیدای مەوجوودیەت بکرێ بۆ منافیع خەلقی تر. غەیری حکوومەت بریتانیا ئەوەی حەق حەیاتمان بداتێ و ئومێدو

سەعادەتی لێ بکرێ کەس شک نابەم. وەکوو قیام کردن لە موقابیل موعتەریض ئەو حقووقەمان کەبەمەرحەمەت پێمان ئەبەخشرێ بە مەشروعی نازانم. هەموو میللەتی کورد بێ تەرەدود حاضرە بۆ دەفع دوشمنی خۆی بەشەرطی وەکو حکوومەت بریتانیا وەعدی داوە وەعدەکەی بەجێ بێنێ ئیعتراف بەمیللەتمان بکات و مەرحەمەت تەقدیر حقووقمان بفەرموێ و لە حەرەکەتێکدا کە بەرامبەر دوشمنان ئەکرێ ماددەتەن یاریەمان بدات بەڵام ئەمرۆ موعتەریض وەطەن دوشمن میللەتم ناناسم کێ حەقمان ئەداتێ و چە حکوومەتێ تەعەروض حەقمان ئەکات. بێ بزانین سەبەب بێ چاوپێکەوتنی حەق موجادەلە بۆچی بکەین، بۆ مەنفەعەت کێ خوێن بڕێژین. ئەگەر بەم حالە ڕاضی بین موعاونێکی کورد لەدوای خۆمانەوە نابینین. چونکە بپرسن بۆ چەحەقێک مودافەعەو خوێنی میللەت فیدائەکەن؟ جوابمان نییە بیدەینەوە ئیتر لە جیاتی دوشمانایەتی غەیر ڕەسمی ئیطاعەت کردن حکوومەت و بێ طەرەفانە لە ماڵی خومدا دانیشتن بە موناسبتر ئەزانم.

موحموود ١٤ منە

سلێمانی - بۆ حضور عالی
حوکمدار

دەستتان ماچ ئەکەم مەظهەر تەوەجوهتان بم خۆم بەبەختیار ئەزانم. مەعرووضاتم بۆ حەضرەت ئیسماعیل ئاغا تەرک کرد ئەفەندم.

سەید طە
١٤ منە

ئەربیل - بۆ حەضرەت برای موحتەرەم خۆم
سەید تەها ئەفەندی

بێ قەیدو شەرط تەشەکور ئەو لوطف و تەوەجوهات داعی نوازانەتان ئەکەم کەلە حەقم ڕەوا بینراوە. جەواب ئەمرەکان ئیسماعیل ئاغام تەقدیم کردووە. من کوردم. چونکە بەکوردی ژیان بە



جەعفەر عەسکەری

سەعادەت ئەزانم مەفتوون سویەی میللەت پەروەرانەی هەموو قەهرەمانێکی کوردم.

مەحموود
١٤ منە

ڕۆژی کوردستان لە بەرەنگاربوونەوەی ئەو بیروڕا چەوتانەی بەمەبەستی دژایەتی کردنی کورد لە ڕۆژنامەکانی وڵاتانی دراوسێدا بڵاودەکرانەوە بەردەوام بوو. ئەوا لە ژمارە (١٠) ی ڕێکەوتی (٢٤)ی کانوونی دووەمی ١٩٢٣، بە ئیمزای بەڕێز (م.نوری)وتارێک بە ناونیشانی (قسەی ناحەق ڕەد ئەکرێتەوە)، تیادا شی کردنەوەیەکی زانستییانەی هەندێ درۆ و دەلەسەی ڕۆژنامەیەکی کردووە دەربارەی ژمارەی دانیشتوانی کورد و کەمەنەتەوەییەکان لەویلایەتی مووصل (واتە کوردستانی عێراق).جالەبەر گرنگی وتارەکە بەشێکی دەخەینە بەرچاو:

(هەرچەند تێ ئەفکرم و ورد ئەبمەوە لە غەزەتە دراوسێکاناندا مەعە لتەئەسووف تەصادوف مەقالەی هیچ موحەررێکی حەق حەقیقەت پرستم

هەولاتی کتێب

نەکرد کەبێطەرەفانە بنووسی و حەقیقەت ئیهمال نەکا.)

١ـ لە غەزەتەیەکی نەجمەدا کەتاریخی ٥ کانوونی ثانی ٢٣٩ بوو دیم ئیقتیباس لە غەزەتە ئەلعیراقەوە کردبوو، لەولایەتی مووصلدا کوردستانی تەنها بە سلێمانی داوەتە قەلەم.

٢ـ وتوویەتی لەولایەتی مووصلدا ٦٠٠٠٠٠ نفووس عەرەبی تێدایە و جنووب مووصلیش کامیلەن عەرەبە.

٣ـ ئەو تورکمانەی کەلە ولایەتی مووصلدایە زۆر کەمن و عیلاقەیان بە کوردو کوردستانەوە نییە و بەلکو کوردەکانیش ئەصلەن تورکن.

٤ـ سلێمانی کە ئەلێن بەیعەتی بە مەلیک فەیسەل نەکردووە تەکزیبی ئەکەین. ئینجا نووسەری وتارەکەی ڕۆژی کوردستان خال بە خال وەلامی ئەم بۆچوونانەی دەداتەوە:

١ـ لەولایەتی مووصلدا کوردستان کەبەتەنها سلێمانی دراوەتە قەلەم، وانیە بیلعەکس غەیری قەصەبە مولحەقات مووصل کامیلەن کورد و کوردستانە. عەقرە، زاخۆ، دهۆک، بارزان، عمادیە، ئەربیل، کەرکووک، کفری، سائیرە مولحەقاتی ئەمانە و عەشایر ئەطرافیان چین و بەچ زبانێک قصە ئەکەن؟

٢ـ غەیری قەصەبە موصل کەلە چاو ئەم ویلایەتەدا ئەقلیەت تەشکیل ئەکا هیچ مەوقعێکی تر شک نابەم کەکورد نەبی و غەیر حوریەت و ئیستقلالیەت خۆی ئارەزووی تەبەعیەتی هیچ قەومێکی تر بکا.

٣ـ ئەو تورکمانەی کەلە ویلایەتی مووصلدا ساکینن و بەتورک ناوبراون، عورفەن ئەخلاقەن طەبیعەتەن داخیل خەریطەی کوردستانن. لەبەر ئەوە عیلاقە و مەربووطیەت موحیطیەیان لەگەل کوردستاندا هەیە هیچ قووەتێ جیای ناکاتەوە.

٤ـ لەوەقتێ خۆیدا بۆ تابعیەت و عەدەم تابعیەت سلێمانی بەعێراق لەسەر ئەوراق مەطبووع ڕەسمەن لە طەرەف حکوومەت فەخیمە بریتانیاوە لەهەموو ئەفراد ئەهالی پرسیارکرا هیچ کەس ئەم بەیعەتەی لاباش نەبوو، لەپاشا بۆ ئەم موختاریەتە دوو سال مۆلەت بەسلێمانی درا دیسان لەپاش ئەم موودەتە هەر لامان باش نەبوو و ئەم کەیفییەتە لە حکوومەت عێراق مەعلوومە، زۆر تەعەجووب ئەکەم ئەو موحەریرانە چۆن تەکزیب حەقیقەت قەلەمیان ئەم نەوعە شتانە ئەنووسێ .)

بەم جۆرە دەبینین کەڕۆژی کوردستان لەبەر ئەو بارو زروفەی تیایدا سەری هەلداو لەبەر ئەو بەرپرسیارێتییەی پێی ڕاسپێردرابوو کە ئۆرگانی ڕەسمی حکوومەتی شێخ مەحموود بوو، ڕووبەڕوی چەندین بەرەنگاربوونەوەو پڕۆپاگەندەی پڕوپووچ و تێکدەرو ناحەزەوە هاتووە. لە ڕاستیدا ئەویش تا ڕادەیەک لە ئاستی بەرپرسیارێتیەکە بوو، لەم چەند نموونانەی کەلەم باسەدا دەبینرێن دەردەکەوێت کە ئەم ڕۆژنامەیە بە هیچ شێوەیەک لە پیشاندانی ڕاستی و بەدرۆخستنەوەی بۆچوونی ڕۆژنامە ناحەزەکاندا سلی نەکردۆتەوە. بەلام لەبەر تەمەن کورتی و دەرچوونی تەنیا پازدە ژمارە نەیتوانی دەوری خۆی لە هۆشمەندکردنی نەتەوەیی جەماوەر بەبەردەوامی ببینێت. بەلام لەگەل ئەوەشدا دەتوانین بلێین هەزار ئافەرین بۆ نووسەرانی ئەم ڕۆژنامەیە بۆ هەلوێستی مەردانەیان لە داکۆکی کردن لە مافە ڕەوایەکانی ئەم میللەتە کەبە دیهێنانیان خەم و هیوای سەرەکیی ڕابردوو و ئێستامانە.

لەناو نیشانی ئەم باسە ناوی ڕۆژنامەی پێشکەوتنیش لەتەک ڕۆژی کوردستاندا هاتووە، بەلام شێوازی ڕەتدانەوە لە (پێشکەوتن)دا کەمتر دەکەوێتە بەرچاو، تەنیا لەچەند وتارێکدا نەبێت کەلەم چەند دێرە داهاتوون ئاماژەیان بۆ دەکەین. وەک لەمەوپێش باسمان کرد پێشکەوتن لە ژێر چاودێری ڕاستەوخۆی ئینگلیز لە سلێمانی

دەردەچوو، بەلام ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کەچ دەورێکی لە پێشخستنی باری سیاسی یا رۆشنبیری و ئەدەبی کورددا نەدیبێت، بەلکو وەک یەکەم رۆژنامەی کوردی لەناو خاکی کوردستان دەرچووبێت، وابوو بەبەردی بناغە بۆ رێرەوی نەپساوەو بەرەو پێشەوە چووی رۆژنامەگەریی کوردی لە کوردستان . لێرەشدا پێویستە ئاماژە بۆ دەوری خودی حاکمی سیاسی ئینگلیز لە سلێمانی (مێجەرسۆن) بکەین لە دەرکردنی ئەم رۆژنامەیەدا، کە زۆر ژیرانە لە پێناوی سیاسەتی داگیرکاری ئینگلیز کاری دەکرد و لە هەمان کاتیشدا بە گوێرەی هەستو نەستی کۆمەلگەی کوردەواری لە سلێمانی دەدواو دەجوولایەوە. ئەم ئەفسەرە بەر لەشەری یەکەم بەناوی میرزا حوسێن غولامی شیرازی هاتە کوردستان، لە هەموو ئینگلیزی ئەو سەردەمە بگرە پێش ئەو سەردەمەش زیاتر شارەزایی کوردو ولاتی کوردو زمانی کوردیش بوو، هەروەک گوتمان بەر لەشەری یەکەم بەچەند سالی هاتبووە ناو کوردو لە نزیکەوە دیراسەی نیشتمان و نەریتی کردبوون و پەیوەندی لەگەل زۆر لە ناودارانیان بەستبوو، بەرهەمی گەورەو بایەخداری دەربارەیان بلاوکردۆتەوە، هەر خۆیشی بوو رۆژنامەی (تێگەیشتنی راستی) لەسالی ١٩١٨ لە بەغداد دەرکرد.(٨)

هەروەک لەمەو بەر ئاماژەمان بۆ کرد، مێجەرسۆن بۆ چەسپاندنی سیاسەتی دەولەتەکەی خۆی زیرەکانە بەگوێرەی دەروون وبۆچوونی دانیشتوانی کوردستان بە تایبەتیش سلێمانی دەدوا، ئەوا لە ئیعلانێکدا بە ئیمزای خۆی لە ژمارە (١)ی رێکەوتی (٢٩)ی نیسانی ١٩٢٠ نووسیویەتی: ( حکوومەت شاگردی ئەوێت بۆ ئەمە کەفێر ئیش ئۆتۆمۆبیل بێت. عەرەب و ئەرمەن و جوولەکە لە شوێنێکی ترەوە نایەوێ بهێنێ بۆ ئێرە). هەروەها لەژمارەی (٢٥)ی سالی یەکەم لە (١٤)ی تشرینی یەکەمی (١٩٢٠) وەک زانایەکی ئاینیی شارەزا لە ئیسلام باسی دیاردەی قومارکردن لە چاپخانەیەکی سلێمانی دەکات، لە هەمان کاتیشدا بەمەبەستی راکێشانی قەلەمی رۆشنبیران بۆ رۆژنامەکەو بەدوادا چوون بەو بابەتانەی تیایدا بلاودەکرانەوە، لە کۆتایی ئەو وتارەی کەباسی قومارەکەی لێ کردووە بە تەوازووعەوە دەلێت( لەمە زیاتر نازانم حەز دەکەم لە قاضی فەندییەوە جەواب بدرێتەوە). بۆئەم مەبەستەش قاضی سلێمانی خوالێخۆشبوو ئەحمەد موختار لە ژمارەی داهاتووی رۆژنامەکەدا وەلامی دەداتەوە، بەلام نەک بەشێوەی رەتدانەوەی بەلکو بۆ پشتگیری و پالپشت کردنی بۆ چوونەکەی مێجەرسۆن، ئەمەش شتێکی ئاساییە چونکە وتارەکەی سۆن لەسەر بنەمایەکی ئیسلامییەوە نووسرابوو. قاضی لەپێشەکی قسەکانیدا دەلێ ( جەواب بۆ حاکم عالی جەناب. لە ژمارە بیستو پێنجەم نوسخە پێشکەوتن، لەبەیانات جەناب حاکمەوە زانرا کەلەم رۆژنامەدا یەکێک عەرزی کردووە کە تسکیل یاری کردن لەسەر چای قومار نییە، ئەگەر چی جەناب حاکم ئەو قسەیەی لامەقبوول ئەبووەو ..)

بەپێی ئەمانەی سەرەوە دەردەکەوێت کە ئەگەر


ديارى كوردستان
هدية كوردستان
DIYARI-YI-KOURDISTAN

رەتدانەوەیەکیش لەسەر لاپەڕەکانی ڕۆژنامەی پێشکەوتندا ببیندرێت و داکۆکی لە مافی نەتەوەیی کورد کردبێت، ئەوا شتێکی ئاسایی بووەو لە هەڵوێستی ئەم ڕۆژنامەیە دوور نابیندرێت. ئەگەر چی لەلایەکی دیکەوە بەهێمنی و ڕاستەوخۆ یاناڕاستەوخۆ خزمەتی ئامانجەکانی ئینگلیزی کردووەو بۆ چەسپاندنی سیاسەتی داگیرکردن و پێکهێنانی عێراقی نوێ لە هەر سێ ولایەتی بەغداو مووصل و بەسرە تەقەللای داوە. بائەم هەواڵەش کورتەش بخوێنینەوە کەبەناو نیشانی (لە مەجلیسی ئاشتی) لە ژمارە (٤)ی ساڵی یەکەمی ڕێکەوتی (٣٠)ی مایسی (١٩٢٠) ئەم ڕۆژنامەیە بلاوکراوەتەوە. (لە مەجلیسی ئاشتی پاریسدا دانراوە کە حوکم سوریە بە دەست فەرەنسە بێت و حوکم فەلەستین و عێراق بەدەست ئینگلیز بێت، عێراق عیبارەتە لەولایەت بەصرە و بەغدا و موصل .). بزانن ڕۆژنامەکە چۆن بڕیاری پەیماننامەی سایکس بیکۆ بەناوی ئەنجومەنی ئاشتییەوە لە مێشکی خوێنەرانی دەچەقێنێت و عێراقیش بەهەرسێ ولایەتەکانەوە وەک واقعێک دەیچەسپێنێت، کەچی چەند ساڵێکی بەسەردا تێپەڕی ئینجا ولایەتی مووصل بەرەسمی بوو بەبەشێک لە عێراق.

ئێستاش بابگەڕێینەوە سەر بابەتە سەرەکیبیەکەمان کە پێداچوونەوەیە بەو ڕەتدانەوە ڕۆژنامەوانییانەی لەسەر لاپەڕەکانی ڕۆژنامەی پێشکەوتندا بلاوکراونەتەوە.

بۆ نموونە لە ژمارە(٨٧)ی ساڵی (٢)ی ڕێکەوتی (٢٢)ی کانوونی یەکەمی (١٩٢١)، کورد پەروەرێک لە مووصلەوە بە هەڵەداوان نامەیەکی ناردووەو تیایدا بەرپەرچی ڕۆژنامەی (العراق)ی داوەتەوە، کە گوایە ڕۆژنامەی ناوبراو هەواڵی کردنەوەی قوتابخانەیەکی بۆخوێندنی عەرەبی لە سلێمانی بلاوکردۆتەوە. ئێمەش چەند دێڕێکی ئەم وتارە کەبەناو نیشانی (زمان خۆمان لە بیر نەچێ)یە دەخەینە بەرچاو :(صەدایەك لە شەهر مووصل : لەتەئریخی تشرینی ئەوەل ١٩٢١، غەزەتە(العراق) وەهای دەنووسێ بۆ تەدریسات لسان عەرەبی لەلایەن حکومەت عەرەبییەوە لە سلێمانی مکتەبێک تەشکیل دەکرێت، سەبەب بەم خەبەرە عەجەلە بۆ مەنعی ئەم مەکتەبە حسیات ملییەمان کەوتە حەرەکە) ئینجا بەردەوام دەبێت لەنامەکەدا و دەلێت:(تەئریخ وەها ئیسپات دەکات لە کوردستان چەندان مەشاهیرەمان هەبوو وەکو نالی وەکو کوردی وەکو شێخ ڕەزا ئەمانە هەموو وەختێ خۆیان ئاثار تەحصیلیان بەزمانی کوردی بوو. ئەمیستە وا لازمە لە ولاتەکەمان خۆمان تەدریسات بە زمانی کوردی ـ ئینگلیزی بکرێت، وە ئێمە چەند ڕەفیقێکین کە ساکین مووصلین و کوردیشین، تەجاوزاتی جوزئی کە حقووق و غرووری قەومەکەمان بشکێنی هیچ وەختێ قەبوولی ناکەین ).

مووصل: کۆی سنجاقی

ڕەسوول ناجی*

لە ژمارە (١١٤)ی ساڵی سێیەم، لە ڕێکەوتی (٢٩)ی حوزەیرانی ١٩٢٢، ڕەتدانەوەیەک یاخود ئامۆژگارییەک لەلایەن بەڕێز (ئەحمەد حەمدی)یەوە خراوەتە بەردەم یەکێک کە ناوی شێخ زادە ڕواندزی بووە. ئەم شێخ زادەیە لە ڕۆژنامەی (العراق)دا وای بۆ چووە کە خوێندن بە کوردی پێویست نییەو یەکبوونی کوردیشی بە خەون داناوە. بۆیە ئەحمەد حەمدی نەتەوەپەروەرو ڕۆشنبیر دەنگی لێ بەرز دەکاتەوەو ئامۆژگاری دەکات بۆ ئەوەی زۆر بخوێنێتەوەو کەمێک بنووسێ، واتا وای پیشان داوە کە نووسەرەکە نەزانەو شایانی نووسینی بابەتی وا نییە، ئەمەش بەشێکە لە وتارەکە: (بەڵێ باوە ـ لە غەزەتەدا مەقالە نووسین عیلمی، کەیفی بە زانین، بە نەزانین هەر چۆنێک بێت هەر بنووسم و بلێم بۆ تەرەقی میللەتە گوێ لە قصەم بگرن و ئیشی پێ بکەن .. وەکو جەناب شێخ زادە ڕواندزی جاری

پێشوو لە غەزەتە العراقدا لە عەلەیهی زوبانی کوردی مەقالەیەکی نووسیبوو، ئەوا منیش خۆم تەقلیدی ئەو جەنابە کرد، بەلام ئارەزوو ئەکەم تەقلیدەکەم هەر لە نووسینا بێ. جەناب شێخ ئەفەرموێ تەحصیل بە کوردی لازم نییەو مەوجوودیەت وحدەت کورد ئیحتیلامێکە).

ئینجا ئەم بۆچوونە شی دەکاتەوەو لە کۆتاییدا دەلێت: (جەناب شێخ زادە ئەگەر ئارەزوو ئەفەرمووی بیلا قەیدو شەرط ببین بە عیراق و عیراقی لازم ئەکا ئەحوال کوردو لە مەجلس ئەقوام و لە نەتایج حەرب عمومی ئاگادار نەبین. ئینقیلابات عەصر ئەقوام غەیر مەعلوومە تەولید ئەکات، فەلسەفە تەرەقی ئەم ذاتە قەومێک لە ئتنۆغرافیا خاریج ئەکات، ئارەزووی موناقەشەو ئیثباتی لزووم تەحصیل زوبانی کوردی ناکەم فەقەط من نەصیحەتی هەموو کەسێ ئەکەم ئەگەر




گۆڤاری رۆژی کوردستان، ژمارە (٤٣--٤٤) لە وتاری بەرێز د. مارف خەزنەدار وەرگیراوە.

ئارەزوو ئەکەن بۆ تەرەقی و ئیستیفادە میللەتەکەیان، تۆزێ بنووسن و زۆر بخوێننەوە، چونکە بۆ تۆزێ نووسین زۆر خوێندن لازمە).

هەر بۆ وەلامدانەوەی ئەم شێخ زادەیە، کە دیارە لە رۆژنامەی (العراق)دا لەم بارەیەوە دوو وتاری بلاوکردووەتەوە، بەرێز (مەعرووف عەلی ئەصغەر)ی ئەوقات ـ واتە پارێزەر ـ لە هەردوو ژمارەکانی (١١٥ و ١١٦)ی سالی سێیەمی رۆژنامەی (پێشکەوتن)، لە رێکەوتی (٦و١٣)ی تەمموزی ١٩٢٢. وتارێکی دوو ئەلقەیی وردو زانستییانەی نووسیوە، تیایدا خال بە خال بۆچوونەکانی شێخ زادە شی دەکاتەوەو بیرورا چەواشەکەرەکانی ئاشکرا دەکات. هەروەک لە پێشەکییەکەیدا دەلێت: (لە غەزەتە العراق مەقالەیەکم خوێندەوە بە عینوانی لوغەت مەعاریف تیجارەتەوە، پێش ئەمەیش مەقالەیەکم دی بە عینوان قەضیە کوردی هەردووکیان هی شێخ زادە رواندوز بوو. چونکە هەردوو مەقالەکە تەجاوزی حقووقی کردبوو پێویست بوو لەسەرم جوابی بدەمەوە دەلێم:

ئەوەلەن: من حەزم دەکرد ئەم بەحثە رووت بوایە لە هەموو بیرێک و نەفعی عائید بووایە بە کوردەکان. لەبەر ئەوە لەسەر کاتب واجیب بوو قەلەمەکەی نەخستایە ئەم مەیدانەوە.

دووەمیان: هەموو کەس دەزانێت واجیبە پیاو تەجاوزی حقووقی میللەتی خۆی نەکات بەلکە پێویستە لەسەری مودافەعە بکات بۆ پاراستنی قەومەکەی بە هەموو ئیقتیداری ).

ئینجا نووسەری (پێشکەوتن) یەکە یەکەی بۆچوونەکانی نووسەری (العراق) شی دەکاتەوە کە گرنگترینیان ئەمانەن: واجیبێکی زەرووریبە ئیلتیحاقی کوردەکان بە حکوومەت حەزرەت مەلیک ـ لوغەت هەر بۆ قسە کردن نییە بەلکو (مەبەستی ئەوە بووە گوایە زمانی کوردی لەگەل پێشکەوتنی زانستی و کۆمەلایەتی ئەو سەردەمیدا نەگونجاوە) ـ ناکرێت قەومێک

هەوڵ بدا بۆ تەئسیس حکوومەت ئەگەر لوغەتێکی لە ناوخۆدا موتەداویل نەبێ ـ ئایا کوردەکان شوێنێکیان هەیە دەغلی تیا بفرۆشن ـ مەسئەلە فێربوونی لوغەت کوردی و تەئسیس حکوومەتی کورد خەیالاتە.

پاش ئەوە کاک مەعرووف عەلی خاڵ بە خاڵ وەڵامی ئەم دەنگە خۆ فرۆشە دەداتەوە، لە کۆتاییدا دەڵێت: (زەینم وایە کە کاتب بەم عیبارەتانە دەیەوێت خۆڵی کوێری بڕژێنێتە ئەو چاوانە کە دەکرێنەوەو دەستی ئاسنینی کورد بنوشتێنیتەوە).

لە کۆتایی باسەکە هیوا خوازم توانیبێتم تیشکێک بخەمە سەر لایەنێک لە مێژووی ئەم دوو ڕۆژنامەیە کە بەشێک لە مێژووی ڕۆژنامەگەریمان بەلکو لە مێژووی کورد بە گشتی، ئەو دوو ڕۆژنامەیەی لەسەرەتاکانی کاروانی ڕۆژنامەگەریی کوردیدا سەریان هەڵداو دەوری سیاسی و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری خۆیان دیت و بوون بە بەردی بناغە بۆ بیناسازی ئەمڕۆکەمان. ئەم باسە تایبەت بوو بەلایەنی ڕەتدانەوەی ڕۆژنامەوانی لەم دوو ڕۆژنامەیە. لاپەڕەکانی ئەم لێکۆلینەوەیە بە زەقی سەرنجی خوێنەر رادەکێشیت بۆ ئەوە کە گشت ئەو بابەتانەی لەسەر لاپەڕەکانی ئەم دوو ڕۆژنامەیە بەرپەچیان دراوەتەوە، بابەتی نەتەوەیین، چونکە هەر لەگەڵ پەرەسەندنی گیانی نەتەوەپەروەری لەناو ئەم میللەتەو تا ئەمڕۆش، کورد دووچاری ململانێیەکی زۆر توندو تیژ بووە، ناچاریش بووە هەمە شێوەیەکی بەرەنگاربوونەوە تاقی بکاتەوە، کە دەمەتەقێی ڕۆژنامەوانیش یەکێکیان بووە.

دووەم خاڵ کە بەروونی لەم باسەدا هەست پێ دەکرێت، بەیەک چوونی خاڵەکانی بەرەنگاربوونەوەی ئەم سەردەمەمان لەگەڵ هەشتا ساڵ بەر لە ئەمڕۆمان، بەلکو هەر لە هەمان تەوەرەدا بە توندتر دەسوورێنەوە. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە هەرچەندە باری کورد کەوتووەتە قۆناغێکی لە پێشترو حکوومەتی هەرێمی کوردستانیشمان دامەزراندووە، بەڵام تا ئێستا چەسپاندنی بوونی نەتەوەییمان و قەناعەت پێ هێنانی دراوسێکانمان بە مافە نەتەوەییەکانمان خەمی گەورەو سەرەکیمانە، تێکۆشان و ئاگادار بوون و یەک بوونی بەردەوامی ریزەکانی گشت دانیشتوانی کوردستانی دەوێت.

**پەراوێزەکان:**

١ـ سیروان بەکر سامی ـ ئاوەڕدانەوەیەک لە ڕۆژنامەی پێشکەوتن (پێشکەوتن یەکەم ڕۆژنامەی سلێمانی ١٩٢٠ ـ ١٩٢٢) لاپەڕە ٦ ـ٧، ئامادەکردنی عەلی ناجی کاکە حەمە ئەمین عەتتار و سیروان بەکر سامی چاپخانەی پەروەردە ـ هەولێر ١٩٩٨.

٢ـ د. مەعرووف خەزنەدار ـ پێشەکی سەرچاوەی یەکەم.

٣ـ سۆران عیزەدین فەیزی ـ کورت کردنەوەو بەکوردی کردنی دکتۆرا نامەکەی د. محەمەد عومەر مەلوود. گۆڤاری یاسا پارێزی ژمارە ٤ ساڵی ١٩٩٩، لاپەڕە ٣٠ـ٣١.

٤ـ حەمە سالح فەرهادی ـ چەند لایەنێکی ڕۆژنامەنووسیی کوردی، لاپەڕە ٣٠ـ٣١، چاپخانەی الحوادث بەغداد ١٩٨٨.

٥ـ جەمال خەزنەدار ـ ڕۆژی کوردستان (١٩٩٢ ـ ١٩٢٣)، لاپەڕە (١١)، دار الحریە، بەغداد ١٩٧٣.

٦ـ فائق بطي ـ صحافة العراق تاریخها و کفاحها واجیالها، ص ٣٦ ـ٣٩، مطبعة الادیب البغدادیة، بغداد ١٩٦٨.

٧ـ عبدالرزاق الحسني ـ تاریخ العراق السیاسي الحدیث، الجزء الثالث، ص ، مطبعة العرفان ـ لبنان ١٩٤٨.

٨ـ د. کەمال مەزهەر ئەحمەد ـ تێگەیشتنی ڕاستی و شوێنی لە ڕۆژنامەنووسی کوردیدا، ل١٠٤ـ١٠٦، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا ١٩٧٨.

---

***ڕەسووڵ ناجی باوکی مامۆستایان: جەواد، فوئاد، حەسیب، بوو**

# الردود الصحفية على صفحات

# ڕۆژ کوردستان و پێشکەوتن

سۆران عيزالدين فيضي

الصحافة كعماد ثقافي، تعتبر معبرة لآمال و آلام الشعب، وقد فرضت نفسها، كالسلطة الرابعة، في المجتمعات الديمقراطية المتطورة و بعكس ذلك، قد تكون الصحافة المأجورة أداة تخريب في يد غاصبي حقوق الشعب ومحتلي وطنه.

ظهرت أول صحيفة كوردية في الخارج بعيداً عن أرض كوردستان، كانت صحيفة كوردستان دليل ومرشد درب الشموخ والاباء.

يشير الكاتب إلى صحيفة پێشکەوتن ـ التقدم ـ ١٩٢٠ــ١٩٢٢ وصحيفة ڕۆژی كوردستان ــ شمس كوردستان ١٩٢٢ــ١٩٢٣ ويختار عدداً من الردود التي حفلت بها الصحيفتان، وخاصة الثانية منهما، حول عدد من القضايا التي أثارها الشوفينيون على صفحات بعض الصحف كالعراق، والعرب، وحزب الحر العراقي.

صدرت صحيفة ڕۆژی كوردستان في عهد الشيخ محمود الحفيد الذي أصبح ملكا على كوردستان، أما الثانية، أي پیشکەوتن، فقد صدرت بأشراف من (ميجرسون) حاكم السليمانية.

ويقول الكاتب: لقد ساح ميجرسون كوردستان باسم تاجر شيرازى ميرزا حسين غولامى الشيرازى، وكان يجيد اللغة الكردية.

ثم يشير الكاتب إلى عدد من الرسائل التي تبودلت بين الشيخ محمود الحفيد ملك كوردستان من جهة وبين سمكو الشكاك وسيد طه النهري حول أوضاع كوردستان وعدم إيفاء الانگليز بوعودهم للشيخ الخالد التي كانوا قد قطعوها على أنفسهم.

وقد جمعت صحيفة ڕۆژی كوردستان عددا من الكتاب حولها حيث كانوا يساهمون في إصدارها وإغنائها بمقالاتهم القيمة وردودهم المفحمة على من كانوا يبيتون الشر للشعب الكوردي.

وفي أحد أعداد الصحيفة رد على كوردي ساكن في بغداد يسفه اللغة الكوردية ويدعو إلى عدم مطالبة الكورد بحقوقهم وإنشاء دولة خاصة بهم.

هذا ويشير الكاتب إلى الردود الواردة في صحيفة پیشکەوتن والتي كان ميجرسون يشرف عليها، ويقول: رغم صدور الصحيفة بإشراف من ميجرسون، إلا انها كانت تدافع عن الشعب الكوردي ولم تقف في خندق معاداة الشعب.

هەواڵنامەی کتێب



# لە بارەی گۆڤاری (هەنگ)ی منداڵانەوە،

## لە ژمارە(٣٥)ی ١٩٩٩ ـ ژمارە(٥٠)ی ٢٠٠٠

**رۆستەم باجەلان**

رۆژنامەڤانی منداڵان، رۆڵێکی گرنگی لە پێکهاتەی کەسێتی جگەر گۆشەکاندا هەیە، چونکە بەهۆی ئەوەوە دەتوانی درزو بۆشاییەکانی ناو تەنی خەیاڵ و ویستی منداڵ پڕبکاتەوە. رۆژنامەڤانی منداڵان، منداڵان بەهۆی وشەو وێنەو کرداری رەنگەوە فۆرم و حاڵەتی ناوەوەی خۆی بۆ ناو تەنی رۆشنبیریی منداڵان دەگوازێتەوەو ئەوە دەزانێ منداڵ بونەوەرێکی دیدەییە، بەهۆی کرداری هەستی بینینەوە بیر دەکاتەوەو لە دواییشدا دیوو رووخساری شتەکان دەبینێ، بۆیە هەر لەم روانگەیەوە بیر لە دەرهێنانی چاپەمەنی منداڵان دەکاتەوەو لە دووایيدا دابەشی سەر قۆناغەکانی تەمەنی دەکا..

لە وڵاتە پێشکەوتووەکاندا زۆر لە مێژە هەست بەوەکراوە، منداڵ حەز لەو جۆرە گۆڤارە دەکا کە لەگەڵ قۆناغی تەمەن و ئاستی رۆشنبیری ئەو دەگونجێ و وێنەی راستەقینەی خۆی تێدا دەدۆزێتەوە بۆیە هەر لەم روانگەیەوە نەخشە پەروەردەییەکانی خۆیان کێشاوە ئەگەر لە رووی فۆرم و حاڵەتی ناوەوەو کارە هونەرییەکانەوە بەراووردێک لە نێوان گۆڤاری منداڵی وڵاتە پێشکەوتوەکان و گۆڤاری منداڵی خۆمان بکەین، ئەوا دەبینین(نێوانیان ئاسمان و رێسمانە).. رەنگە یەکێ لە هۆکارە سەرەکییەکانی ئەم راستییەش ئەوە بێ:

ـگەورەکان هێشتا بەچاوی لە خۆبایی بوونەوە سەیری ئەو بوونەوەرە خەیاڵییە دەکەن کەناوی ـ منداڵـە. من پێم وایە هەتا ئەو فیکرەیە لە مێشکی گەورەکاندا بمێنێ، واتە منداڵ بە بچوککەرەوەی خۆمان تێبگەین، ئەوا رۆژنامەوانی منداڵانیش وەکو ئەدەب و هونەر و بوارەکانی دیکەی منداڵان پێشکەوتنی ئیبداعی بەخۆوە نابینێ..

کەواتە، با هەر لێرە بڕیار بدەین چیدیکە بە چاوی لە خۆبایی بوون و خۆ بەزل زانینەوە سەیری منداڵ نەکەین، تا بەهۆی ئەم کارەوە رۆژنامەوانی منداڵان رۆڵی ئیبداعیی خۆی لە رۆشنبیکردنی جگەر گۆشەکاندا ببینێ..

گۆڤاری ـ هەنگ ـ یەکێکە لەو گۆڤارانەی منداڵان کە توانیویەتی پێشکەوتن بە خۆوە بگرێ و دڵی جگەر گۆشەکان لە خۆی رازی بکا، بەڵگەشمان بۆ ئەم قسەیە ئەوەیە:

هەر کە ژمارەی نوێی لێ دەردەچێ، ئەوا بە ماوەیەکی کەم لە بازاڕ نامێنێ لێرەو لەوێ دەیقۆزنەوە، لەگەڵ ئەوەش دەڵێین هیچ گۆڤارێک بێ کەم وکوڕی نابێ، بۆیە لێرە هەوڵدەدەین لێکۆڵینەوە لەسەر ژمارەکانی: (٣٥ـ٥٠) بکەین و لە ئەنجامیشدا چارەسەریی بۆ لایەنە خراپەکە بدۆزینەوە. ئێستاش چاکتر وایە سەرەتای لێکۆڵینەوەکەمان بەم بیبلۆگرافیایە دەست پێ بکەین:




## وتەی ژمارە

★ ژمارە(٣٥)ی کانوونی دووەمی ١٩٩٩

ـ مانگی ڕەمەزان.. ـ سەرنووسەر/ حەمە ساڵح فەرهادی ـ پشتی بەرگی یەکەم.

★ ژمارە(٣٧)ی ئاداری ١٩٩٩

ـ منداڵە خۆشەویستەکان ـ سەرنووسەر/ حەمە ساڵح فەرهادی ـ پشتی بەرگی یەکەم.

★ ژمارە(٣٨)ی نیسانی ١٩٩٩

ـ منداڵە .. ـ سەرنووسەر/ حەمە ساڵح فەرهادی ـ پشتی بەرگی یەکەم.

★ ژمارە(٣٩)ی مایسی ١٩٩٩

ـ واساڵی خوێندن .. ـ سەرنووسەر/ حەمە ساڵح فەرهادی ـ پشتی بەرگی یەکەم.

★ ژمارە(٤٠)ی حوزەیرانی ١٩٩٩

ـ پیرۆزبێت.. ـ سەرنووسەر/ حەمە ساڵح فەرهادی ـ پشتی بەرگی یەکەم.

★ ژمارە(٤١)ی تەمموزی ١٩٩٩

ـ منداڵە خۆشەویستەکان.. ـ سەرنووسەر/ حەمە ساڵح فەرهادی ـ پشتی بەرگی یەکەم.

★ ژمارە(٤٢)ی ئابی ١٩٩٩

ـ منداڵە خۆشویستەکان.. ـ سەرنووسەر/ حەمە ساڵح فەرهادی ـ پشتی بەرگی یەکەم.

★ ژمارە(٤٣)ی ئەیلولی ١٩٩٩

ـ ڕۆشنبیری کوردی.. ـ سەرنووسەر/ حەمە ساڵح فەرهادی ـ پشتی بەرگی یەکەم.

★ ژمارە(٤٤)ی تشرینی یەکەمی ١٩٩٩

ـ منداڵە خۆشەویستەکان.. ـ سەرنووسەر/ حەمە ساڵح فەرهادی ـ پشتی بەرگی یەکەم.

★ ژمارە(٤٥)ی تشرینی دووەمی ١٩٩٩

ـ تکاو داواکاری.. ـ سەرنووسەر/ حەمە ساڵح فەرهادی ـ پشتی بەرگی یەکەم.

★ ژمارە(٤٦)ی کانوونی یەکەمی ١٩٩٩

ـ پیرۆزبێت.. ـ هەنگ/ سەرنووسەر/ حەمە ساڵح فەرهادی ـ پشتی بەرگی یەکەم.

★ ژمارە(٤٧)ی کانوونی دووەمی ٢٠٠٠

ـ سەروتار ـ سەرنووسەر/ حەمە ساڵح فەرهادی ـ پشتی بەرگی یەکەم.

★ ژمارە(٤٩)ی ئاداری ٢٠٠٠

ـ سەروتار ـ سەرنووسەر/ حەمە ساڵح فەرهادی ـ پشتی بەرگی یەکەم.

★ ژمارە(٥٠)ی نیسانی ٢٠٠٠

ـ پەنجا ژمارە ـ سەرنووسەر/ حەمە ساڵح فەرهادی ـ پشتی بەرگی یەکەم.

## پەروەدە

★ ژمارە(٣٨)ی نیسانی ١٩٩٩

ـ ڕەوشتی ئاخاوتن و گفتوگۆ ـ سۆران محەمەد ـ لا(٥).

★ ژمارە(٤٣)ی ئەیلولی ١٩٩٩

ـ ئامۆژگاری باوکێک ـ نەوزاد ڕەفعەت ـ لا(١).

★ ژمارە(٤٤)ی تشرینی یەکەمی ١٩٩٩

ـ دەرگای مەکتەب کرایەوە ـ شیعری کاکەی فەللاح و وێنەیەک ـ لا(١٢).

★ ژمارە(٤٥)ی تشرینی دووەمی ١٩٩٩

ـ کامەیان باشترە؟ ـ شوان نەورۆلی ـ لا(١).

ـ ڕێکوپێکی حەسانەوە ـ دلێر ئیبراهیم ـ لا(٣).

★ ژمارە(٤٨)ی شوباتی ٢٠٠٠

ــ خێزانێکی وەک دەسکەگول ــ کاکل محەمەد(بەهرام) ـ پشتی بەرگی یەکەم.

ـ خۆشترین لەبیر چوونەوە ـ بەختیار قاسم پیرداود ـ لا(١٢).

★ ژمارە(٤٩)ی ئاداری ٢٠٠٠

ـ وشەی دایک ــ پەپوولە/ نەجات رەفیق حیلمی ـ لا(٢).

★ ژمارە(٥٠)ی نیسانی ٢٠٠٠

ـ شیر ـ سۆران عیزەددین فەیزی ـ لا(٤).

**شیعری منداڵان**

★ ژمارە(٣٥)ی کانوونی دووەمی ١٩٩٩

ـ رەمەزان ـ کەمال ئەسعەد چەرمەگا ـ لا(٣).

ـ دیاریی باپیرە یەکبوون ــ دەریا/ رۆستەم باجەلان ـ لا(٩،٨).

ـ بەفر و ئاشتی ـ سەباح ئیسماعیل مەلا زادە ـ لا (٩).

★ ژمارە(٣٦)ی شوباتی ١٩٩٩

ـ سکاڵا ـ گرفتار کاکەیی ــ پشتی بەرگی یەکەم

ـ ئێمە چین؟ ـ کازم کۆیی ـ لا(٩،٨)

★ ژمارە(٣٧)ی ئاداری ١٩٩٩

ـ گۆڤاری هەنگ ـ کەمال ئەسعەد چەرمەگا ـ لا(٢)

ــ ئۆپەرێتی سەیرانی نەورۆز ــ عوسمان محەمەد هەورامی ـ لا(٤)

ـ کابانێکی بچکۆلەم ـ عەزیزی مەلا رەش ـ لا(٤).

ــ گۆرەپانی بەر مزگەوتێ ــ سەعدوڵلا محەمەد ئیبراهیم ـ لا(٥).

ـ درۆزن ـ محەمەد عەزیز فتاح ـ لا(٥).

★ ژمارە (٣٨)ی نیسانی ١٩٩٩.

ـ گۆران ـ حەکیم مەلا سالح ـ لا(٨).

ـ میروولە ـ خالید عەبدل ـ لا(٨).

ـ راستی و درۆ ـ وشیار ئەحمەد ئەسوەد ـ لا(٩).

ـ نواو باڵا ـ قاسم محەمەد مستەفا ـ لا(٩).

★ ژمارە (٣٩)ی مایسی ١٩٩٩.

ــ قوتابخانە ــ عەلی محەمەد ئەمین (بەختەوەر) ـ لا(٨).

ــ تەریقم مەکەنەوە ــ عوسمان محەمەد هەورامی ـ لا(٩).

ـ گورج و گۆلی ـ کازم کۆیی ـ لا(٩).

★ ژمارە (٤٠)ی حوزەیرانی ١٩٩٩.

ـ کوردستان ـ کاوەی خەسرۆ کاوانی ـ لا(٨).

ـ بووکە شووشە ـ کەمال ئەسعەد چەرمەگا ـ لا(٨).

ـ جەژنی منداڵان ـ کازم کۆیی ـ لا(٨).

ـ دەمەتەقێ ـ محەمەد فەتحوڵلا ـ لا(٩).

★ ژمارە (٤١)ی تەمووزی ١٩٩٩.

ـ منداڵی زرنگ ـ روناک محەمەد عەزیز ـ لا(٦).

ـ کار ـ جگەر سۆز پێندرۆیی ـ لا(٦).

ــ ئێمە قوتابین ــ عەبدولرەحمان پیرداود حەیدەر ـ لا(٧).

ــ سەربەستی ــ عەلی محەمەد ئەمین و بەختەوەر ـ لا (٧).

★ ژمارەی (٤٢)ی ئابی ١٩٩٩.

ـ ئاشتی ـ شەیدا خالید عەبدل ـ لا(٤).

ـ من کچە کوردم ـ کەمال ئەسعەد چەرمەگا ـ لا(٤).

ـ مۆسیقا ـ وشیار ئەحمەد ئەسوەد ـ لا(٥).

ــ هەستی منداڵێک ــ محەمەد کوردۆ ــ لا(٥).

★ ژمارە (٤٣)ی ئەیلولی ١٩٩٩.

ـ شەوێکی سەرما ـ کازم کۆیی ـ لا(٨و٩).

★ ژمارە (٤٤)ی تشرینی یەکەمی ١٩٩٩.

ـ پەڕینەوە لە شەقامدا ـ موحسین ئاوارە ـ لا(٦).

ـ رۆستەم حەویزی ـ د. کەمال مەعروف ـ لا(٦).

ـ قوتابی نوێ ـ کازم کۆیی ـ لا(٧).

ـ ئاکاری جوان ـ کەیفی سابیر کۆیی ـ لا(٧).

ـ کتک ـ عەزیزی مەلای رەش ـ لا(١٠).

★ ژمارە (٤٥)ی تشرینی دووەمی ١٩٩٩

- یەکەمین - محەمەد عەزیز فەتاح - لا(١).
- ئۆپەرێتی خەندەی پێشوازی - عوسمان محەمەد هەورامی - لا(٦).
- وەرزش - وشیار ئەحمەد ئەسوەد - لا(٦).
- پاقژی - جگەرسۆز پێندرۆیی - لا(٧).
- من منالم - نیزاڵ چەمچەمالی - لا(٧).

★ ژمارە (٤٦)ی کانوونی یەکەمی ١٩٩٩

- ئێمە و نیشتمان - لالۆ رەنجدەر - لا(٦).
- گۆرانی - هوشیار سەلام محەمەد ئەمین هێرش - لا(٦).
- هەستە هاوژین - کەمال ئەسعەد چەرمەگا - لا(٧).
- بۆ مندالی کورد - قاسم محەمەد مستەفا - لا(٧).

★ژمارە (٤٧)ی کانوونی دووەمی ٢٠٠٠

- گۆڕەپانی - کازم کۆیی - لا(٩).
- کوردستان - مەسعود پەریشان - لا(٩).
- جووجەی بچکۆل - سەیران سەلاح - لا(٩).

★ ژمارە (٤٨)ی شوباتی ٢٠٠٠

- ئالا - محەمەد حەسەن رۆژبەیانی - لا(٦).
- ئۆپەرێتی فریشتەی بالا - عوسمان محەمەد هەورامی - لا(٦).
- ئۆپەرێتی چوار وەرزی سال - زەردەشت - لا(٧).
- ددان ئێشان - سیمین چایچی - لا(٧).

★ ژمارە (٤٩)ی ئاداری ٢٠٠٠

- گۆڤاری مندالان - کازم کۆیی - لا(٦).
- بەلێن - عوسمان حەسەن رەسول - لا(٦).
- پیرە ماریک - نیزاڵ چەمچەمالی - لا(٧).
- زانست - جگەر سۆز پێندرۆیی - لا(٧).

★ ژمارە (٥٠)ی نیسانی ٢٠٠٠

- راستی - زیلان بلباس/ کەیفی کوردستانی - لا(٨).
- مامۆستا - بەختیار حەمە تایەر - لا(٨).
- گۆرانی ئەوین - سەردار جاف - لا(٩).

شیعری وەرگێردراو

- پێلاو - عەباس عەبدوللا یوسف - لا(١١).

## چیرۆکی مندالان

★ژمارە (٣٥)ی کانوونی دووەمی ١٩٩٩

- دەستە ئەژنۆ دامەنیشە - رەهێل/ موکەرەم رەشید تالەبانی - لا(٢).
- پەلە هەورێکی گەورە - باوکی بێوار - لا(٤).
- بەزەیی هاتنەوە - بە گیانداران دا - لیزان بارزان - لا(٦).
- تۆپە باغەکە - بەهائەدین جەلال - لا(٧).
- شاخە - گرفتار کاکەیی - بەرگی دووەم.

★ژمارە (٣٦)ی شوباتی ١٩٩٩

- پاشاو دارستان - یوسف لەتیف - لا(٢).
- هەنگ - نازەنین موحسین - لا(٣).
- بێچووە چۆلەکە - مامە - لا (٤و٥).
- پەرەسێلکە - پیرداود مەخموری - لا(١٠).
- نەهەنگ و ماسییە بچکۆلەکان - نالە حەسەن - لا(١١).
- لاساریی - حەسەن مەحمود رەسول - لا(١٢).
- کەڤوک و قەرەفلا سپی - سەڤان یوسفی - لا(١٣).
- کاممان باشترین؟ - قاسم محەمەد مستەفا - لا(١٤).
- بەفرە خلیسکێ (چیرۆکی بێدەنگ) - سەفوان - بەرگی دووەم.

★ژمارە (٣٧)ی ئاداری ١٩٩٩

- کاروان و هاورێکانی - هەلالە سەلاح - لا(١).
- هەنگ و ئالان - ئەرخەوان حوسێن دزەیی - لا(٦).
- مندالێکی راستگۆ - موسعەب جەلیل عەلی - لا(١٠).
- تۆبە - ئاوێستا - نەجات رەفیق حیلمی - لا(١٢).
- گورگ و پاداشت - هوشیار نوری لەک - لا(١٢).

هەواڵنامەی کتێب

★ژمارە (٣٨)ی نیسانی ١٩٩٩
ـ چلی دار بەڕو ـ کوردستان موکریانی ـ لا(١).
ـ باخچەی زمانەکان ـ سۆران عیزەددین فەیزی ـ لا(٢).
ـ سەیران ـ جەلال مەولود ئەحمەد ـ لا(٣).
ـ مێش هەنگێک و زەردەوالەیەکی تەوەزەل ـ عەلی غازی دزەیی ـ لا(٤).
ـ ڕێوی گەرمیان ـ پەری گەرمیانی ـ لا(١٠).
ـ نەینۆک یان نینۆک ـ کاکل محەمەد (بەهرام) ـ لا(١٢).
ـ نانی دەست و بازوو ـ م. ئاکۆ ـ لا(٤).
ـ چاکترین هاوڕێ ـ قانیعە سەلیم گەلالی ـ بەرگی دووەم.
★ژمارەی (٣٩)ی مایسی ١٩٩٩
ـ مێروولەیەک دەتوانێ کارێک ئەنجام بدات ـ ئاوێستا/ ن. ر. حیلمی ـ لا(٢).
ـ ئایندەیەکی روناک ـ ئەحمەد سەید عەلی بەرزنجی ـ لا (٦و٧).
ـ ماڵەکەی خۆم خۆش دەوێ ـ کوردستان عەزیز ـ لا(١٠)ز
ـ ئەو رەزڤانێ بویە وەزیر ـ پەسار عەبدولکەریم فندی ـ لا(١٣).
ـ سێ ڕاستییەکە ـ گۆران هەریری ـ لا(١٤).
ـ قوتووی زیو ـ نەوزاد رەفعەت ـ لا(١٥).
★ژمارە (٤٠)ی حوزەیرانی ١٩٩٩
ـ رۆژی منداڵان ـ سۆران عیزەددین فەیزی ـ لا(١).
ـ تابلۆی کوردستان ـ سۆران عیزەددین فەیزی ـ لا(٣).
ـ هاوڕێی خراپ ـ تاهیر عوسمان ـ لا(٧).
ـ ڕێوی و مێشوولە ـ ئەلەند ـ لا(١٠).
ـ نامانەوێ بەشەڕ ببێین ـ هیمەت کاکەیی ـ لا(١١).
★ژمارە (٤١)ی تەمموزی ١٩٩٩
ـ مامۆستا خۆشەویستە ـ کاکل محەمەد (بەهرام) ـ لا(١).



ـ بێ باوەڕی ـ کەیفی سابیر ـ لا(١٠).
★ژمارە (٤٢)ی ئابی ١٩٩٩
ـ زمناکۆ و ددانەکانی ـ د. قانیعە سەلیم گەلالی ـ لا(٩).
ـ کۆترە لاسارەکە ـ بەهادین جەلال ـ لا(٤).
ـ سوودی کلک ـ نازەنین موحسین ـ لا(٥).
ـ کەروێشکە بچکۆلەکەو تەلە ـ تەحسین موحسین ـ لا(١١)ز
ـ زەماوەندی چۆلەکەکان ـ فەرەیدوون سامان ـ لا(١٢).
★ژمارە (٤٤)ی تشرینی یەکەمی ١٩٩٩
ـ زالم زەوالت بۆ بێ ـ لیژان بارزان ـ لا(٥).
★ژمارە(٤٥)ی تشرینی دووەمی ١٩٩٩
ـ چۆلەکەکان دەجریوێنن ـ نەجات رەفیق حیلمی ـ لا(٢).
ـ سێ هاوڕێی خۆشەویست ـ عەلی محەمەد و ئەمین بەختەوەر ـ لا(١٠).
ـ ورچ و مراوی ـ مامە ـ لا(١٣).
★ژمارە (٤٦)ی کانوونی یەکەمی ١٩٩٩
ـ پاشەکەوت کردن ـ پیرداود مەخموری ـ لا(٢).
ـ شمشاڵ (چیرۆکی بێدەنگ) ـ بەمۆ ـ بەرگی دووەم.

★ژمارە (٤٧)ی کانوونی دووەمی ٢٠٠٠
- سوپایەکەی ناو خوێنمان - سۆران عیزەددین فەیزی - لا(٥).
- کەروێشک و پەپوولە - هاوار مورتکەیی - بەرگی دووەم.
★ژمارە (٤٨)ی شوباتی ٢٠٠٠
- وانەی فیلەکە - ئوسامە حوسێن ڕەسوول - لا(٤).
★ژمارە (٤٩)ی ئاداری ٢٠٠٠
- نەورۆزەکەی کاوەی ئاسنگەر - سۆران عیزەددین فەیزی - لا(١).
- فیل و کلاّ و کورە - عەبدولکەریم شێخانی - لا(٣).
- قووقەی ناوەخت - عەلی بەختەوەر - لا(٤).
★ژمارە (٥٠)ی نیسانی ٢٠٠٠
- کارکردن - شەرمین عەبدوللا ڕواندزی - لا(٣).
- پەلە هەورێکی پڕ لە باران - عەزیز ڕەشید هەریری - لا(٦).
- ئاشتبوونەوەی هەور - نەوزاد ڕەفعەت - لا(٧).

- ئەو مریشکەی بیری نەکردەوە - عەبدولخالیق قەرەداغی - لا(٧).
- کەرو سەگی بچووک - قاسم فەوزی ئەحمەد - لا(١٣).
- قەلەڕەش و گۆزەی ئاو - دانا - لا(١٤).
★ژمارە (٣٨)ی نیسانی ١٩٩٩
- هەور - محەمەد حەسەن ڕۆژبەیانی - لا(١١).
- ئێمە شانازی دەکەین - هیمەت کاکەیی - لا(١٣).
★ژمارە (٣٩)ی مایسی ١٩٩٩
- چۆلەکەیەکی لە خۆبایی - محەمەد کوردە - لا(١١).
- ڕازو نیاز - سەبیحە محەمەد - بەرگی دووەم.
★ژمارە (٤٠)ی حوزەیرانی ١٩٩٩
- شێرێکی چاوچنۆک - عەبدولخالق قەرەداغی - لا(١١).
- هێلانە - جەمال گردەسۆری - لا(١٣).
- باشترین دیاری - ئارام حەمید - لا(١٤).
- کۆنترۆلی تەلەفزیۆن - سەرکەوت پێنجوێنی - لا(١٥).
★ژمارە (٤١)ی تەمموزی ١٩٩٩
- هەلۆ و قەلەڕەش - حەکیم مەلا سالح - لا(١١).
- هەویردەو نێچیروان - ڕێگا - لا(١٢).
★ژمارە (٤٢)ی ئابی ١٩٩٩
- مەیموون و نێرە کیسەڵ - عەبدولڕەحمان فەرهادی - لا(٦و٧).
★ژمارە (٤٣)ی ئەیلولی ١٩٩٩
- دوو گولە مێخەک - عەزیز ڕەشید هەریری - لا(٢).
- ماسیگرە بچکۆلە - لیزان وریا عەسکەری - لا(٦).
- مشکێکی چاو نەترس - محەمەد حەسەن ڕۆژبەیانی - لا(١٠).

## چیرۆکی وەرگێڕدراو

★ژمارە (٣٥)ی کانوونی دووەمی ١٩٩٩
- تووتکە سەگێکی گێل - گولەر سیامەنسووری - لا(١).
- کەشتیی بێ زیان - عەلی مستەفا دۆلەمەری - لا(٣).
- خوانی پشیلە - نەوزاد ڕەفعەت - لا(١٠).
- ڕۆڤی و کیسو - ئور فیوس جەلال - لا(١١).
- تاریکی - مۆژدە محەمەد حەمە باقی - لا(١٣).
★ژمارە (٣٦)ی شوباتی ١٩٩٩
- کاتژمێری بێل بن - خەندە / گولەر سیامەنسووری - لا(٧).

هەوالنامەی کتێب

- ماسییەکی تەوەزەل ـ عەبدولڕەحمان فەرهادی ـ لا(١٤).

★ژمارە (٤٤)ی تشرینی یەکەمی ١٩٩٩

- بۆقێکی دلسۆز ـ ژالە سەباح حەبیب ـ لا(١).
- زیرەکیی کەروێشک ـ نەوزاد سلێمان ـ لا(٤).
- دو هاورێ ـ د. ئیبراهیم قادر محەمەد ـ لا(٨و٩).
- گوێدرێژێکی زیرەک ـ عەبدولخالق قەرەداغی ـ لا(١٣).
- داڵ و قرژاڵ ـ تاهیر عوسمان ـ لا(١٤).
- فیلی بەرخۆلەیەک ـ حەمە سالح فەرهادی ـ بەرگی دووەم.

★ژمارە (٤٥)ی تشرینی دووەمی ١٩٩٩

- مراویی حەوتەم ـ ئەرخەوان حوسێن ـ لا(٥).
- چۆلەکەو مام یادگار ـ بۆتان مستەفا ـ لا(٨و٩).

★ژمارە (٤٦)ی کانوونی یەکەمی ١٩٩٩

- کۆمەلە ریوی و گورگێک ـ عاتیف فەرهادی ـ لا(١).
- ئادەمیزاد ئازاترە ـ ئەحمەد سەید عەلی بەرزنجی ـ لا(٨و٩).
- کەلەشێرو کورێک ـ زیلان بەرزنجی/ ئیسماعیل ئەنوەر بەرزنجی ـ لا(١٠).
- ئەو ئەسپەی لە پێشبرکێدا دوا کەوت ـ هەمزە عوسمان گۆران ـ لا(١١).

★ژمارە (٤٧)ی کانوونی دووەمی ٢٠٠٠

- سەگێکی توورە ـ سەلام عەبدوللا ئیبراهیم ـ لا(٣).
- مراوییە قورسەکە ـ د. ئیبراهیم قادر محەمەد ـ لا(٦و٧).
- کەروێشکێکی پەشیمان ـ ڕەشاد قادر ئۆمەر ـ لا(٧).
- فیلێکی شەرمەزار ـ عەزیز ڕەشید هەریری ـ لا (١٠).
- کەس و کاری شێر ـ عەبدولڕەحمان مەعروف ـ لا(١٢).
- ورچێکی لە خۆبایی ـ چیمەن ئەمەد کاوێس ـ لا(١٣).

★ژمارە (٤٨)ی شوباتی ٢٠٠٠

- یارییەکەی پشیلە ـ نەجات ڕەفیق حیلمی ـ لا(١).
- گورگ و سەگ و بە ئازادی ژیان ـ خالید عەبدل ـ لا(٢).
- هێتی پێتی ـ مەحمود ئیبراهیم پێمالکی ـ لا (٨و٩).
- فێلبازە یان گێلە؟! ـ چرا کۆخی ـ لا(١٠).
- کەروێشکێکی زیرەک ـ جەمال گردەسۆری ـ لا(١١).
- مروارییە زیرەکەکە ـ م. ئاکۆ ـ بەرگی دووەم.

★ژمارە (٤٩)ی ئاداری ٢٠٠٠

- بەسەرهاتی کولوە بەفرێک ـ د. ئیبراهیم قادر محەمەد ـ لا(٨و٩).
- فۆتۆ و پەپوولە ـ یوسف برادۆستی ـ لا(١٣).

★ژمارە (٥٠)ی نیسانی ٢٠٠٠



ـ دوژمنی ئادەمیزاد ـ محەمەد گوێ کوری ـ لا(٢).

ـ کەلەشێرو مشک و مریشکێکی سووری بچکۆلە ـ مەحود ئیبراهیم ـ لا(١٠).

ـ گورگ لە سەگێکی گەورە دەچێت ـ کەیفی سابیر ـ لا(١٢).

## چیرۆکی ئامادەکراو

*ژمارە (٣٦)ی شوباتی ١٩٩٩

ـ تەوار ـ فەرەیدون سامان ـ لا(١).

*ژمارە (٤١)ی تەمموزی ١٩٩٩

ـ هاریکاری ـ گولەر سیامەنسووری ـ لا(٢).

ـ پێشکەو گاجوت ـ دۆتمێر عەباس ـ لا(١٢).

*ژمارە (٤٢)ی ئابی ١٩٩٩

ـ چاڤ نەترسی و لێبورین ـ سەفەر هەرکی ـ لا(٨).

*ژمارە (٤٣)ی ئەیلوولی ٢٠٠٠

ـ مەیموونە رووخۆشەکە ـ جێمس بیارۆ ـ لا(٧).

ـ ژمارە (٤٥)ی تشرینی دووەمی ١٩٩٩

ـ چیرۆک بە وێنە ـ مەریوان سەلیم ـ لا(١٢).

*ژمارە (٤٦)ی کانوونی یەکەمی ١٩٩٩

ـ ئەو رەزەڤانێ رەزیل ـ سەفەر فاخیر هەرکی ـ لا(١٢).

*ژمارە (٥٠)ی نیسانی ٢٠٠٠

ـ بۆچی ئاسمان شینە؟ ـ سەگڤان یوسفی ـ لا(٤).

ـ لە هەموو هەوران باران نابارێت ـ شیرین ئیبراهیم ـ (١٤).

## زانیاری

*ژمارە (٣٥)ی کانوونی دووەمی ١٩٩٩

ـ خەوتنی زەرافە ـ جەمال گردە سۆری ـ لا(٧).

*ژمارە (٣٦)ی شوباتی ١٩٩٩

ـ دووربینی فەلەکی ـ موحسین چینی ـ لا(٦).

ـ منداڵان هاتوچۆ رێک دەخەن ـ سۆران عیزەددین فەیزی ـ لا(١٦).

*ژمارە (٣٧)ی ئاداری ١٩٩٩

ـ نەورۆز ـ جەمال گردەسۆری ـ لا(٢).

ـ کرمی خاکی چۆن رێ دەکات ـ جەلال زەنگەبادی ـ لا(١١).

*ژمارە (٣٨)ی نیسانی ١٩٩٩

ـ جۆرەکانی مۆرو ـ گولەر سیامەنسوری ـ لا(٦).

ـ گیانداران تا چ رادەیەک بەرگەی سەرما دەگرن ـ ئالان پشتیوان ـ لا(٦).

ـ چارەسەرکردنی قەلەوی ـ پیربال مەحمود ـ لا(٧).

ـ ورچ ـ دیاری عەبدولخالق ـ لا(٧).

*ژمارە (٣٩)ی مایسی ١٩٩٩

ـ جیهانی گیانلەبەران ـ کارزان /حەمەسالح فەرهادی ـ لا(٤).

ـ هەنگ ـ رێزان عەبدولقادر ـ لا(١٢).

*ژمارە (٤٠)ی حوزەیرانی ١٩٩٩

ـ رۆژی جیهانی منداڵان لە چییەوە هاتووە؟ ـ هەنگ/ حەمەسالح فەرهادی ـ لا(٢).

ـ چۆن تەمەنی درەخت دەزانرێت؟ ـ عەبدول محەمەد ئەحمەد ـ لا(٥).

ـ چۆن جالجالۆکە تەون دەکات؟ ـ گولەر سیامەنسوری ـ لا(٥).

ـ سلاوکردن ـ مەلا ئاوارە ـ لا(٦).

چی لەبارەی بەتریقەوە دەزانی؟ ـ عەزیز هەریری ـ لا(١٢).

ـ سوودی ئالآ ـ پیربال مەحمود ـ لا(١٣).

*ژمارە (٤١)ی تەمموزی ١٩٩٩

ـ ئامێرەکانی نووسین ـ موحسین چینی ـ لا(٤).

ـ بزنە فریو ـ م. ئاکۆ ـ لا(١٣).

*ژمارە (٤٢)ی ئابی ١٩٩٩

هەواڵنامەی کتێب

- چۆن مرواری سروشتی دروست دەبێت؟ - ژاله سەباح حەبیب - لا(٢).

- رێوی - کارزان/ حەمە سالح فەرهادی - لا(٢).

*ژمارە (٤٣)ی ئەیلولی ١٩٩٩

- رێواس - نەریمان شێخانی - لا(٣).

- هێما - لانەو هانە خالید قادر - لا(١٣).

*ژمارە (٤٤)ی تشرینی یەکەمی ١٩٩٩

- پێنووس - عەبدولقەهاری شێخ - لا(٢).

- هێزی هێلکە - م. ئاکۆ - لا(١١).

- نەهەنگ - سەرکەوت پێنجوێنی - لا(١٢).

*ژمارە (٤٥)ی تشرینی دووەمی ١٩٩٩

- فیل - نەرمین محەمەد - لا(١١).

مێرووله چۆن لە یەکتر دەگەن؟ - محەمەد گوێ کوری - لا(١١).

- جیهانی گیانداران - پیربال مەحمود - لا(١٤).

*ژمارە (٤٦)ی کانوونی یەکەمی ١٩٩٩

- بەرزی و نزمی ئاوی دەریاکان - موحسین ئەحمەد چینی - لا(٤).

- چای - گولەر سیامەنسووری - لا(٥).

*ژمارە (٤٧)ی کانوونی دووەمی ٢٠٠٠

- شاری هەولێر - هۆزان/ حەمە سالح فەرهادی - پشتی بەرگی یەکەم

- ئالای کوردستان - عەبدولرەحمان پیرداود - لا(١).

- گاسن - شێروان ئیبراهیم حەیدەر - لا(٤)ی

*ژمارە (٤٨)ی شوباتی ٢٠٠٠

- پێشبڕکێی پایسکل - گولەر سیامەنسووری - لا(٣).

- لە خنکان رزگاربوون - سەلاح شەکرۆک - لا(١٢).

*ژمارە (٤٩)ی ئاداری ٢٠٠٠

- بەستی دوکان - سۆران عیزەددین فەیزی - لا(٥).

- دیک برۆنا - شۆرش محەمەد حوسێن - لا(١٠).

- چەند زانیارییەک لەبارەی رۆشنبیری منداڵانەوە - نەریمان شێخانی - لا(١٠).

- هەلەبجە - نامیق هەورامی - لا(١٢).

- پەرەسێلکە - گۆران ئیبراهیم ماوەرانی - لا(١٣).

*ژمارە (٥٠)ی نیسانی ٢٠٠٠

- بالۆن - کۆسار/ مکرم رەشید تالەبانی - لا(١٢).

- تۆپی سەبەتە - بلند/سۆران عیزەددین فەیزی - لا(١٣).

## بابەتی ئەدەبی

*ژمارە (٤٨)ی شوباتی ٢٠٠٠

- عەرەبی شەمۆ - ئارام سەلیم - لا(٥).

## هونەر

*ژمارە (٣٥)ی کانوونی دووەمی ١٩٩٩

- وێنە - دارا محەمەد عەلی - بەرگی یەکەم

- منداڵ لە بەرهەمی هونەرمەندە جیهانیەکاندا - محەمەد عارف - لا(٥).

*ژمارە (٣٦)ی شوباتی ١٩٩٩

- وێنە - دارا محەمەد - بەرگی یەکەم.

*ژمارە (٣٧)ی ئاداری ١٩٩٩

- وێنە - ئاریان عەبدولخالق سەرسام - بەرگی یەکەم.

- منداڵ لە بەرهەمی هونەرمەندە جیهانیەکاندا - محەمەد عارف - لا(٣).

- وێنەو نووسین - مەهاباد خەلیل - لا(٣).

- تیپی مۆسیقای منداڵانی خەندە - لا(١٥).

- وێنە - تروسکە عەبدولقادر - بەرگی یەکەم.

*ژمارە (٣٨)ی نیسانی ١٩٩٩

- وێنە - گرفتار کاکەیی - بەرگی یەکەم.

*ژمارە (٣٩)ی مایسی ١٩٩٩

- وێنە - دلشاد عەلی - بەرگی یەکەم.

- منداڵ لەبەرهەمی هونەرمەندە جیهانییەکاندا - محەمەد عارف - لا(٥).

*ژمارە (٤٠)ی حوزەیرانی ١٩٩٩

گوڤارەکا زارۆکانە ـ هەیڤانەیە
دەزگەها راگەهاندنا گازی دەردئێخیت
ژمارە 1 — 22 نیسانا — 1998

- وێنە ـ گرفتار کاکەیی ـ بەرگی یەکەم.
- کلارنێت ـ چیا جەعفەر عوسمان ـ لا(١٢).

٭ژمارە (٤١)ی تەمووزی ١٩٩٩
- وێنە ـ ئاریان سەرسام ـ بەرگی یەکەم.
- مندالّ لەبەرهەمی هونەرمەندە جیهانییەکاندا ـ محەمەد عارف ـ لا(٥).
- وێنە ـ دارا محەمەد عەلی ـ بەرگی دووەم.

٭ژمارە (٤٢)ی ئابی ١٩٩٩
- وێنە ـ دارا محەمەد عەلی ـ بەرگی یەکەم.
- وێنە ـ قانیعە سەلیم گەلالی ـ بەرگی دووەم.

٭ژمارە (٤٣)ی ئەیلولی ١٩٩٩
- وێنە ـ بەمۆ ـ بەرگی یەکەم.
- مندالّ لە هونەری جیهانیدا ـ محەمەد عارف سیامەنسووری ـ لا(٣).

٭ژمارە (٤٤)ی تشرینی یەکەمی ١٩٩٩
- وێنە ـ دلشاد عەلی ـ بەرگی یەکەم.

٭ژمارە (٤٥)ی تشرینی دووەمی ١٩٩٩
- وێنە ـ ئاریان سەرسام ـ بەرگی یەکەم.
- مندالّ لەبەرهەمی هونەرمەندە جیهانییەکاندا ـ محەمەد عارف ـ لا(٤).
- وێنە ـ شیروان موحسین ـ بەرگی دووەم.

٭ژمارە (٤٦)ی کانوونی یەکەمی ١٩٩٩
- وێنە ـ دارا محەمەد عەلی ـ بەرگی یەکەم.
- هونەرمەندی بچکۆلانە تیپی خەندە ـ لا(١٣).
- چۆنییەتی دروست کردنی پایسکل ـ هاورێ عەبدوللا ـ لا(١٣).

٭ژمارە (٤٧)ی کانوونی دووەمی ٢٠٠٠
- وێنە ـ بەمۆ ـ بەرگی یەکەم.
- مندالّ لە بەرهەمی هونەرمەندە جیهانییەکاندا ـ محەمەد عارف ـ لا(١).

٭ژمارە (٤٨)ی شوباتی ٢٠٠٠
- وێنە ـ ئاریان سەرسام ـ بەرگی یەکەم.
- با ئەم هونەرمەندە بناسین ـ سامان حوسێنی ـ لا(١٣).

٭ژمارە (٤٩)ی ئاداری ٢٠٠٠
- وێنە ـ دلشاد عەلی ـ بەرگی یەکەم.
- وێنە ـ پەخشان سەلیم گەلالی ـ بەرگی دووەم.

٭ژمارە (٥٠)ی نیسانی ٢٠٠٠
- وێنە ـ دارا محەمەد عەلی ـ بەرگی یەکەم.
- هونەرمەندی کورد سەید عەلی ئەسغەری کوردستانی ـ لا(٥).
- مندالّ لە بەرهەمی هونەرمەندە جیهانییەکاندا ـ محەمەد عارف ـ لا(٩).
- وێنەی گۆڤاری هەنگ ـ تریفە عەبدولقادر ـ بەرگی دووەم.

### فۆلکلۆر

٭ژمارە (٣٨)ی نیسانی ١٩٩٩
- سوودی دل و زمان ـ عەلی مستەفا دولەمەری ـ لا(١٣).

٭ژمارە (٤٢)ی ئابی ١٩٩٩
- مەتەلّ ـ گولەر سیامەنسوری ـ لا(٨).

٭ژمارە (٤٣)ی ئەیلولی ١٩٩٩
- میرووڵەو مشکێک ـ تاریق جامباز ـ بەرگی دووەم.

★ژمارە (٤٩)ی ئاداری ٢٠٠٠
ــ ڕێوییەکی فێڵباز ــ گەلاوێژ ناسیح ــ لا(١١).
★ژمارە (٥٠)ی نیسانی ٢٠٠٠
ــ مریشکە قوندە ــ عەبدولکەریم شێخانی ــ لا(١).

**مێژوو**

★ژمارە (٤١)ی تەمموزی ١٩٩٩
ــ قەڵای دمدم ــ سۆران عیزەددین فەیزی ــ لا(٨و٩).

**هەمەجۆر**

★ژمارە (٣٥)ی کانوونی دووەمی ١٩٩٩
ــ بابا نوئێل ــ مەهاباد خەلیل ــ لا(٥).
ــ پشووی هەنگ ــ هۆزان/حەمە سالح فەرهادی ــ لا(١٤).
ــ گولزاری منداڵان ــ لا(١٧).
★ژمارە (٣٦)ی شوباتی ١٩٩٩
ــ وتەی بەنرخ ــ خامۆش ــ لا(٦).
ــ گولزاری منداڵان ــ لا(٨و٩).
ــ دانایەک ــ سۆما ڕواندزی ــ لا(١٢).
★ژمارە (٣٧)ی ئاداری ١٩٩٩
ــ گولزاری منداڵان ــ لا(٦).
ــ لە بیرەوەری دەرچوونی گۆڤاری هەنگ دا ــ دارا محەمەد عەلی ــ لا(٨و٩).
★ژمارە (٣٨)ی نیسانی ١٩٩٩
ــ جل و بەرگی منداڵان و وەرزی هاوین ــ پرشنگ ــ لا(١٥).
★ژمارە (٣٩)ی مایسی ١٩٩٩
ــ زمانە شیرینەکەمان ــ محەمەد فەریق حەسەن ــ لا(٤).
ــ پەندەکانی پیرەمێرد ــ لا(٥).
ــ قسەی نەستەق ــ جەمالەدینی ئەفغانی ــ لا(١٠).
★ژمارە (٤٠)ی حوزەیرانی ١٩٩٩
ــ نەخشەدانان ــ پەپوولە/ نەجات ڕەفیق حیلمی ــ لا(٤).
ــ ئەلبوومی هەنگ ــ لا(١٧).
★ژمارە (٤١)ی تەمموزی ١٩٩٩
ــ قسەی نەستەق ــ لا(٣).
ــ زوورگە زراو ــ میدیا ــ لا(١٤).
ــ ئەلبوومی هەنگ ــ لا(١٧).
★ژمارە (٤٢)ی ئابی ١٩٩٩
ــ نامەیەک بۆ منداڵە ئازیزەکان ــ کەریم دەشتی ــ لا(١).
ــ تابلۆی سەربەرزیی ــ سۆران عیزەددین فەیزی ــ لا(١٠و١١).
★ژمارە (٤٣)ی ئەیلولی ١٩٩٩
ــ لە گولزاری شیعری کوردییەوە ــ لا(١٣).
ــ ئەلبوومی هەنگ ــ لا(١٧).
★ژمارە (٤٤)ی تشرینی یەکەمی ١٩٩٩
ــ منیش تەگەرەیەکم هەیە ــ کاکل محەمەد (بەهرام) ــ لا(٥).
ــ قسەی نەستەق ــ لا(٥).
ــ ئەم پەندانە تەواو بکە ــ هۆزان/ حەمە سالح فەرهادی ــ لا(١٤).
ــ ئەلبوومی هەنگ ــ لا(١٧).
★ژمارە (٤٥)ی تشرینی دووەمی ١٩٩٩
ــ ئەلبوومی هەنگ ــ لا(١٧).
★ژمارە (٤٦)ی کانوونی یەکەمی ١٩٩٩
ــ ئەلبوومی هەنگ ــ لا(١٧).
★ژمارە (٤٧)ی کانوونی دووەمی ١٩٩٩
ــ ئەلبوومی هەنگ ــ لا(١٧).
★ژمارە (٤٨)ی شوباتی ٢٠٠٠
ــ ئەلبوومی هەنگ ــ لا(١٧).
★ژمارە (٤٩)ی ئاداری ٢٠٠٠
ــ ئەلبوومی هەنگ ــ لا(١٧).
★ژمارە (٥٠)ی نیسانی ٢٠٠٠
ــ پەروەردەکردن و .. ــ لا(٥).
ــ منداڵ مافی باشترین .. ــ لا(١٣).
ــ هەموو منداڵێک ــ لا(١٤).
ــ ئەلبوومی هەنگ ــ لا(١٧).

**وەرزش**

★ژمارە (٤١)ی تەمموزی ١٩٩٩
- بازدان بە پایسکل - پیربال مەحمود - لا(٥).
★ژمارە (٤٥)ی تشرینی دووەمی ١٩٩٩
- یاریی گۆڕەپان و مەیدان - هاوڕێ عەبدوڵلا- لا(٤).
★ژمارە (٤٦)ی کانوونی یەکەمی ١٩٩٩
- چۆن دەبێت بە گۆڵکەرێکی چاک - بڵند/ سۆران عیزەددین فەیزی - لا(٥).

**بەرهەمی منداڵی بەهرەوەر**

★ژمارە (٣٥)ی کانوونی دووەمی ١٩٩٩
- نیگار - لانە فازیل - لا(١٧).
- نیگار - محیەددین - لا(١٧).
- (٢)نیگار - ئاریان وریا مەعروف - لا(١٧).
- نیگار - ساهی سۆران عوسمان - لا(١٧).
★ژمارە (٣٦)ی شوباتی ١٩٩٩
- هەر شتە دەنگی خۆی هەیە - ئالان پشتیوان - لا(٧).
★ژمارە (٣٧)ی ئاداری ١٩٩٩
- نیگار - لەیلا قادر - لا(١٧).
- نیگار - ڤینۆس ئەیوب - لا(١٧).
- نیگار - محەمەد موەفەق - لا(١٧).
- نیگار - ماردین فەتحی - لا(١٧).
- نیگار - فارس نوری سەدیق - لا(١٧).
★ژمارە (٣٩)ی مایسی ١٩٩٩
- باخچە - شەماڵ جەمال دیلان - لا(٨).
- نیگار - ریڤان کامەران - لا(١٧).
- نیگار - بێوار ئەمین قادر - لا(١٧).
- نیگار - سەباح محەمەد - لا(١٧).
- نیگار - هێژا جەلیل کاکە وەیس - لا(١٧).
- نیگار - شیلە محەمەد عەبدوڵلا - لا(١٧).
- نیگار - کرمانج عەبدولعەزیز - لا(١٧).
★ژمارە (٤١)ی تەمموزی ١٩٩٩
- نیگار - هیوا عەبدولعەزیز پیرداود - لا(١٦).
- نیگار - شیرین سەلاحەددین نوری - لا(١٦).
- نیگار - ناز مەعرووف عومەر - لا(١٦).
- نیگار - زنار حەمەد کەریم عارف - لا(١٦).
- نیگار - میدیا مەجید خۆشناو - لا(١٦).
- نیگار - چرا مەغدید ئەحمەد - لا(١٦).
★ژمارە (٤٢)ی ئابی ١٩٩٩
- نیگار - دلۆڤان خورشید - لا(١٣).
- نیگار - ئەیاد خالید - لا(١٣).
- نیگار - هیڤا نەوزاد - لا(١٣).
- نیگار - عیمران محەمەد - لا(١٣).
- نیگار - فەیسەڵ بارزانی - لا(١٣).
- نیگار - نیهاد عادیل - لا(١٣).
- نیگار - جیهاد جەوهەر - لا(١٣).
- نیگار - ئەلوان عەباس سلێمان - لا(١٣).
★ژمارە (٤٣)ی ئەیلولی ١٩٩٩
- نیگار - ڕەنجدەر عەبدوڵلا ڕەزا - لا(١٦).
- نیگار - ئالا شەمسەددین - لا(١٦).
- نیگار - هاوژین شەمسەددین - لا(١٦).
- نیگار - گلارە ئیبراهیم - لا(١٦).
- نیگار - هیوا خەلیل - لا(١٦).
- نیگار - هەژار ئەکرەم - لا(١٦).
- نیگار - ژاڵە دارا میران - لا(١٦).
- نیگار - ئاسیا ئیسماعیل - لا(١٦).
- نیگار - دنیا دارا میران - لا(١٦).
- نیگار - مینە حەسەن ئیسماعیل - لا(١٦).
★ژمارە (٤٤)ی تشرینی یەکەمی ١٩٩٩
- مامۆستا - چیمەن ئەبو بەکر - لا(١٦).
- قوتابخانە - زولەیخا عەلی خورشید - لا(١٦).
- منداڵێکی هەڵکەوتووم - زەینەب قاسم مەجید - لا(١٦).
- هەوراز - هەوراز عەلی - لا(١٦).
- گوڵ - ژیلە سەلاح - لا(١٦).

ـ نیگار ـ نگین فوئاد محەمەد ـ لا(١٦).
ـ نیگار ـ تارا سەباح حەبیب ـ لا(١٦).
ـ نیگار ـ سیڤەر بەهزاد وسو ـ لا(١٦).
⭑ژمارە (٤٥)ی تشرینی دووەمی ١٩٩٩
ـ نیگار ـ ژیوار ریبوار ـ لا(١٦).
ـ نیگار ـ مستەفا سەباح حەبیب ـ لا(١٦).
ـ نیگار ـ بوار ریبوار ئەحمەد ـ لا(١٦).
ـ نیگار ـ سۆلین کەنعان ـ لا(١٦).
ـ نیگار ـ لانە حوسێن ـ لا(١٦).
ـ نیگار ـ ناز عەلی عەبدولرەحمان ـ لا(١٦).
ـ نیگار ـ لەیلان عەبدولخالیق ـ لا(١٦).
ـ نیگار ـ شەهناز سەلاحەددین ـ لا(١٦).
⭑ژمارە (٤٦)ی کانوونی یەکەمی ١٩٩٩
ـ نیگار ـ محەمەد عەبدولرەحمان ئیبراهیم ـ لا(١٦).
ـ نیگار ـ راژان نەژدەت ـ لا(١٦).
ـ نیگار ـ رەوەند سیروان عیزەددین ـ لا(١٦).
ـ نیگار ـ نێرگز حەویز قادر ـ لا(١٦).
ـ کوردستان ـ گەزەنگ محەمەد ـ لا(١٦).
ـ نیگار ـ هەلۆ رەشید عوسمان ـ لا(١٦).
ـ من مندالم ـ رۆدین تالیب حوسێن ـ لا(١٦).
⭑ژمارە (٤٧)ی کانوونی دووەمی ٢٠٠٠
ـ سالی نوێ ـ رانیا ئەدیب یەحیا ـ لا(١٦).
ـ نیگار ـ ژینۆ حەکیم مەلا سالح ـ لا(١٦).
ـ نیگار ـ رەنگین سەلیم ـ لا(١٦).
ـ نیگار ـ بەلێن عەبدولخالیق ـ لا(١٦).
ـ نیگار ـ تانیا ئاژیر ـ لا(١٦).
ـ نیگار ـ سۆنیا حوسێن ـ لا(١٦).
ـ نیگار ـ ژیلە ئەبوبەکر مستەفا ـ لا(١٦).
ـ نیگار ـ سیڤەر محەمەد عەبدوللا ـ لا(١٦).
⭑ژمارە (٤٨)ی شوباتی ٢٠٠٠
ـ نیگار ـ شیرین رەسوول نەژاد ـ لا(١٦).
ـ نیگار ـ پێشرەو تەها رەسوول ـ لا(١٦).
ـ نیگار ـ مینا رەسوول نەژاد ـ لا(١٦).
ـ نیگار ـ نووشین سالحی ئەقدەم ـ لا(١٦).
ـ نیگار ـ عومەر رەشید حەمەد ـ لا(١٦).
ـ نیگار ـ ژیلا ئارام نەبی یار ـ لا(١٦).
ـ نیگار ـ هیوا ئارام نەبی یار ـ لا(١٦).
⭑ژمارە (٤٩)ی ئاداری ٢٠٠٠
ـ جەژن ـ ماردین فەتحی ـ لا(١٦).
ـ شانە زەرکەتە ـ هوما پێشەوا هیدایەت ـ لا(١٦).
ـ نیگار ـ رازان حوسێنی ـ لا(١٦).
ـ منالم ـ هەوراز عەلی ـ لا(١٦).
ـ نیگار ـ بەرزی زیاد عەبدولقادر ـ لا(١٦).
ـ نیگار ـ ئەحمەد عوسمان ـ لا(١٦).
ـ نیگار ـ مەروە سەلاحەددین مەلازادە ـ لا(١٦).
⭑ژمارە (٥٠)ی نیسانی ٢٠٠٠
ـ بەرهەمی زارویەکا کورد ژ سوریێ ـ هەکار فندی ـ لا(١١).
ـ نیگار ـ رەنج نەژاد عەزیز ـ لا(١٥).
ـ نیگار ـ سکالا فەرید ئیبراهیم ـ لا(١٥).
ـ نیگار ـ ئەژین عیماد ـ لا(١٥).
ـ نیگار ـ ژیلیا حەمەسالح ـ لا(١٥).
ـ نیگار ـ کاژین عیماد ـ لا(١٥).
ـ نیگار ـ هیوا عەبدولعەزیز پیرداود ـ لا(١٥).
ـ نیگار ـ گزنگ گەیلان ـ لا(١٥).

## کاتێکی خۆش

⭑ژمارە (٣٥)ی کانوونی یەکەمی ١٩٩٩؛
ـ ئەم نیگارە رەنگ بکە ـ مەهاباد خەلیل ـ لا(١٥).
ـ پرسیار ـ ئاریز عیماد عەبدولقادر ـ لا(١٥).
ـ وشەی بزر ـ لاجان / حەمە سالح فەرهادی ـ لا(١٥).
ـ ژمارەکان سەیرن ـ ئاری ـ لا(١٥).
ـ پازدە هەلە لەم یارییەدا ـ سۆران عیزەددین فەیزی ـ لا(١٦).

*ژمارە (٣٦)ی شوباتی ١٩٩٩
- منداڵە خۆشەویستەکان - حەمە سەعید - لا(١٥).
- وشەی بزر - دیار نانەکەلی - لا(١٥).
- خۆ خەریک کردن - هۆزان / حەمە ساڵح فەرهادی - لا(١٥).
- پەندی پێشینان - شەهرییان هەریری - لا(١٥).
- جیاوازی - قانیعە گەلاڵی - لا(١٥).
*ژمارە (٣٧)ی ئاداری ١٩٩٩
- وشەی بزر - هێڤیدار - لا(١٦).
- وشەی بزر - دەوەن کامەران - لا(١٦).
- وشەی بزر - گەزەنگ محەمەد - لا(١٦).
- کۆمەڵەی گیانەوەران - ئومێد سەلیم - لا(١٦).
*ژمارە (٣٨)ی نیسانی ١٩٩٩
- یارمەتیی ئەم کۆترە بدە - مەریوان سەلیم - لا(١٦).
- خۆت تاقی بکەوە - ئاریز عیماد عەبدولقادر - لا(١٦).
- بۆ زاخاوی مێشک - دابین کامەران - لا(١٦).
- جیاوازی - شەرمین ئەحمەد ئەسوەد - لا(١٦).
*ژمارە (٣٩)ی مایسی ١٩٩٩
- ئایا دەزانی - لاڤین بارزان کەریم شارەزا - لا(١٦).
- وشەی بزر - نەریمان شێخانی - لا(١٦).
- مام کەروێشک و.. - ئەلەند - لا(١٦).
*ژمارە (٤٠)ی حوزەیرانی ١٩٩٩
- جیاوازی - مەهاباد خەلیل - لا(١٦).
- خۆت تاقی بکەوە - لاجان / حەمە ساڵح فەرهادی - لا(١٦).
- وشەی بزر - دانا کامەران - لا(١٦).
- ئایا دەزانی - ئایشان پشتیوان - لا(١٦).
- بۆ زاخاوی مێشک - لاڤین - لا(١٦).
*ژمارە (٤١)ی تەمموزی ١٩٩٩
- بۆ زاخاوی مێشک - هۆزان/ حەمەساڵح فەرهادی - لا(١٥).
- جیاوازی - نەرمین ئەحمەد ئەسوەد - لا(١٥).
- وشەی بزر - ڕێکان - لا(١٥).
- ئایا دەزانی - ئایشان پشتیوان - لا(١٥).
- ئەم نیگارە ڕەنگ بکە - مەهاباد خەلیل - لا(١٥).
- خۆت تاقی بکەوە - نەریمان شێخانی - لا(١٥).
*ژمارە (٤٢)ی ئابی ١٩٩٩
- خۆت تاقی بکەوە - مەبەست - لا(١٢).
- وەڵامی دروست هەڵبژێرە - لیزان وریا عەسکەری - لا(١٢).
- وشەی بزر - سۆلین بارزان - لا(١٢).
- جیاوازی - هێڤیدار - لا(١٢).
- بۆ زاخاوی مێشک - لەنجە / حەمە ساڵح فەرهادی - لا(١٢).
- کاتێکی خۆش - یاسین عومەر - لا(١٢).
*ژمارە (٤٣)ی ئەیلولی ١٩٩٩
- ئەم نیگارە ڕەنگ بکە - مەهاباد خەلیل - لا(١٥).
- وشەی بزر - ڕێکان پشتیوان - لا(١٥).
- جیاوازی - نیاز خدر عومەر - لا(١٥).
- وشەو پێچەوانەکەی - ئالان پشتیوان - لا(١٥).
- بۆ زاخاوی مێشک - لاجان / حەمەساڵح فەرهادی - لا(١٥).
*ژمارە (٤٤)ی تشرینی دووەمی ١٩٩٩
- وڵات و کیشوەر - دەوەن کامەران - لا(١٥).
- جیاوازی - نەرمین ئەحمەد ئەسوەد - لا(١٥).
- ئایا دەزانیت - مەهاباد خەلیل - لا(١٥).
- بۆ زاخاوی مێشک - هوشیار نوری لەک - لا(١٥).
- تابلۆ - یوسف عوسمان موسا - لا(١٥).

هەواڵنامەی کتێب

⋆ژمارە (٤٥)ی تشرینی دووەمی ١٩٩٩
ـ خانەی ژمارەکان ـ شەهرام دەسکۆ ـ لا(١٥).
ـ بەچاو تروکانێک ـ یاسین عومەر ـ لا(١٥).
ـ گیاندارو بێچووەکەی ـ دابین کامەران ـ لا(١٥).
ـ وێنەی بزر ـ خەندە/ گولەر سیامەنسوری ـ لا(١٥).
⋆ژمارە (٤٦)ی کانوونی یەکەمی ١٩٩٩
ـ ئەم وێنەیە ـ مەهاباد خەلیل ـ لا(١٤).
ـ تۆ زیرەکی ـ تریفە عەبدولقادر ـ لا(١٤).
ـ بۆ پێکەنین ـ ژالە سەباح حەبیب ـ لا(١٤).
ـ ئەم ئالآیە چیمان پێ دەلێ؟ ـ نازەنین ـ (١٤).
ـ وشەی بزر ـ ئایشان پشتیوان ـ لا(١٥).
ـ هەوڵ بدە ـ چۆمان ـ لا(١٥).
⋆ژمارە (٤٧)ی کانوونی دووەمی ٢٠٠٠
ـ خۆت تاقی بکەوە ـ نەرمین ئەحمەد ئەسوەد ـ لا(١٤).
ـ زانیاریت تاقی بکەوە ـ تاهیر عوسمان ـ لا(١٤).
ـ ئەم دراوانە هی کامە وڵاتن ـ نەریمان شێخانی ـ لا(١٤).
ـ وێنەکێشانی تووتی بە دە هەنگاو ـ مەریوان سەلیم گەلآلی ـ لا(١٤).
ـ ناوی نەگونجاو ـ لیزان بارزان کەریم شارەزا ـ لا(١٥).
ـ جیاوازی ـ شەرمین ئەحمەد ئەسوەد ـ لا(١٥).
ـ ئایا دەزانی ـ بۆتان پشتیوان ـ لا(١٥).
ـ ئەم وێنەیە ـ مەهاباد خەلیل ـ لا(١٥).
⋆ژمارە (٤٨)ی شوباتی ٢٠٠٠
ـ بۆ زاخاوی مێشک ـ هۆزان/ حەمە سالح فرهادی ـ لا(١٤).
ـ ژمارەی بزر ـ تریفە عەبدولقادر ـ لا(١٤).
ـ مەتەل ـ جەوهەر شێخانی ـ لا(١٤).
ـ ئاوی نەگونجاو ـ لاڤین بارزان کەریم شارەزا ـ لا(١٤).
ـ وشەی بزر ـ ئالان پشتیوان ـ لا(١٤).
ـ خۆت تاقی بکەوە ـ دلخواز مستەفا محەمەد ـ لا(١٤).
ـ جیاوازی ـ شەنگە فەهمی ـ لا(١٥).
ـ بەچ ریگایەک ـ مەهاباد خەلیل ـ لا(١٥).
ـ وێنەی بزر ـ ژالە سەباح حەبیب ـ لا(١٥).
⋆ژمارە (٤٩)ی ئاداری ٢٠٠٠
ـ درەختەتی بەردار ـ تاهیر عوسمان ـ لا(١٤).
ـ بۆ زاخاوی مێشک، لا(١٤).
ـ ئایا دەزانی؟ ـ دارا کامەران ـ لا(١٤).
ـ جیاوازی ـ شەیا عەبدولهادی ـ لا(١٤).
ـ خۆت تاقی بکەوە ـ کارزان/ حەمە سالح فەرهادی ـ لا(١٤).
ـ وشەی بزر ـ ئالان پشتیوان ـ لا(١٥).
ـ مەتەل ـ خەندە/ گولەر سیامەنسوری ـ لا(١٥).
ـ ئەم وێنانە وەکو وەکو وێنەکانی دیکە.. ـ مەهاباد خەلیل ـ لا(١٥).
⋆ژمارە (٥٠)ی نیسانی ٢٠٠٠
ـ مەتەل ـ خەندە/ گولەر سیامەنسوری ـ لا(١٦).
ـ وشەی بزر پیژان سۆران ـ لا(١٦).
ـ ناوی نەگونجاو ـ ریکان پشتیوان ـ لا(١٦).
ـ ئەم نیگارە.. ـ پەخشان سەلیم گەلالی ـ لا(١٦).
ـ جیاوازی ـ مەریوان سەلیم ـ لا(١٦).

### هەنگاوەکانی لێکۆلینەوە

١ـ دیارکردنی سەرچاوە.
٢ـ دیارکردنی چەشنی شیکردنەوە.
٣ـ دیارکردنی یەکەکانی شیکردنەوە.
٤ـ خشتەی چەشن.
٥ـ حسێبی دووبارەکرنەوەی چەشن و دابەشکردنی.
٦ـ تەفسیر کردنی ئەنجامەکان.

## دیارکردنی سەرچاوە

ئەم هەنگاوە لە دووای وەستانی گۆڤار دەست پێدەکا، بەلام لەبەر ئەوەی گۆڤاری ـ هەنگ ـ تائێستا بەردەوامە بۆیە دەلێین:

١ـ ئەم گۆڤارە تائێستا (٥٢) ژمارەی لێ دەرچووە بەمەش گۆڤاری هەنگ تەمەن درێژترین (بەتەمەنترین) گۆڤاری مندالان دەژمێردرێ.

٢ـ ژمارەکانی: (٣٥ ـــ ٥٠) بەسەرچاوەی لێکۆلینەوەکەمان دەژمێردرێن.

## دیاریکردنی چەشنی شیکردنەوە

چەشن Categories لە ڕووی پرۆگرامی شیکردنەوەی ناوەڕۆکەوە بەکانزای کەرەسەکان دەژمێردرێ..

گۆڤاری هەنگ لە ڕاستیدا بۆ قۆناغێکی دیاریکراو نییە، بەلکو هەر لەسەرەتاوە بۆ هەموو قۆناغەکانی تەمەنی مندالان دەبێت.. هەر بەم پێیەش دەتوانین بلێین، هەنگ لەڕووی چەشنەوە فرە ڕووخسارو فرە دیوە.

## دیاریکردنی یەکەکانی شیکردنەوە

بابەت Item لە گۆڤاری ـ هەنگ ـدا بریتیە لە یەکەی شیکردنەوە، چونکە دەربری ناوەڕۆکی بابەتە هەلبژاردەکانە.

## خشتەی چەشن

بەها، بریتیە لە چەشنی شیکردنەوە..

دەمەوێ بلێم، فرە لێکۆلینەوە سەبارەت بەپەرژینی بەهاکان کراوە..

وەک لێکۆلینەوەکانی:

(رالف وایت، لیبرسون، سولتیر، لارسون، گرای، فۆرتس، لاسویل، کاپلان، د.محەمەد ئیبراهیم کازم..).

ئێمەش لێرە هەولدەدەین چەندین بەهای بەنرخی ئەم گۆڤارە دەستنیشان بکەین:

- پەروەردەی ڕاست و دروست.
- دەستوری خوێندنەوەو فێربوون.
- خۆشەویستیی ولات.
- زانیاریی گشتی.
- جولانەوەو چالاکییەکان.
- نەتەوایەتی.
- هەرەوەزی.
- ڕاستگۆیی.
- تەندروستی.
- پێکەنین و گالتەو گەپ.
- خاوێنی.
- قارەمانێتی و ئازایەتی.
- کۆکردنەوەی سامان.
- کارکردن.
- پەیرەوکردنی یاسا.
- سەخاوەتی.
- ئایین.
- بروا بەخۆ بوون.

حسێبی دووبارەکردنەوەی چەشن و دابەشکردنی دەرهێنانی دووبارە بوونەوە بەهاکان بەپێی ئەم هەنگاوانەی خوارەوە پەیکەری گشتیی خۆیان بەخوێنەر دەناسێنن:

١ـ خوێندنەوەی هەموو بابەتەکانی سەرچاوە.

٢ـ کۆکردنەوەی بەها لێ دەرکەوتووەکانی بابەتەکان و دەستنیشان کردنی لاپەڕەی سەرچاوە.

## تەفسیرکردنی ئەنجامەکان

تەفسیرکردنی ئەنجام لەمیانەی شیکردنەوە ناوەڕۆکەوە خۆی بەخوێنەر دەناسێنێ.

ئێستاش هەولدەدەین لەلایەنی چاک و خراپی ئەم گۆڤارە بدوێین و لە دووایشدا باری سەرنج و تێبینییەکانمان بخەینە ڕوو..

## وتەی ژمارە

(١٤) بابەتی جۆراو جۆری بەخۆوە گرتووە، بابەتەکان بە زمانێکی ڕەوان داڕێژراون بەلام ئەوانەی زیاتر سەرنج ڕاسکێشن ئەمانەن:

ـــ واسالی خوێندن..: ژ(٣٩)ی مایسی ١٩٩٩

- پیرۆزبێت: ژ (٤٠)ی حوزەیرانی ١٩٩٩
- پەنجا ژمارە: ژ (٥٠)ی نیسانی ٢٠٠٠

## پەروەردە

(٩) بابەتی پەروەردەیی بەخۆوە گرتووە، بابەتە سەرنج ڕاکێشەکان ئەمانەن:
- دەرگای مەکتەب کرایەوە: ژمارە (٤٤)ی تشرینی یەکەمی ١٩٩٩
- وشەی دایک: ژ (٤٩)ی ئاداری ٢٠٠٠

## شیعری منداڵان

(٥٨) شیعری جۆراوجۆری بەخۆوە گرتووە، بابەتە سەرنج ڕاکێشەکان ئەمانەن:
- دیاری باپیرە یەکبوون: ژ (٣٥)ی کانوونی دووەمی ١٩٩٩
- سکاڵا: ژمارە (٣٦)ی شوباتی ١٩٩٩
- ئێمە چین: ژ (٣٦)ی شوباتی ١٩٩٩
- ئۆپەرێتی سەیرانی نەورۆز: ژ (٣٧)ی ئاداری ١٩٩٩
- دەمەتەقێ: ژ (٤٠)ی حوزەیرانی ١٩٩٩
- من کچە کوردم: ژ (٤٢)ی ١٩٩٩
- مۆسیقا: ژ (٤٢)ی ئابی ١٩٩٩
- پەڕینەوە لە شەقامدا: ژ (٤٤)ی تشرینی یەکەمی ١٩٩٩
- ڕۆستەم حەویزی: ژ (٤٤)ی تشرینی یەکەمی ١٩٩٩
- قوتابیی نوێ: ژ (٤٤)ی تشرینی یەکەمی ١٩٩٩
- پاقژی: ژ (٤٥)ی تشرینی دووەمی ١٩٩٩
- گۆرانی: ژ (٤٦)ی کانوونی یەکەمی ١٩٩٩
- جووجەی بچکۆڵ: ژ (٤٧)ی کانوونی دووەمی ٢٠٠٠
- ئۆپەرێتی فریشتەی باڵا: ژ (٤٨)ی شوباتی ٢٠٠٠

## چیرۆکی منداڵان

(٦٠) چیرۆکی جۆراوجۆری بەخۆوە گرتووە، چیرۆکە سەرنج ڕاکێشەکان ئەمانەن:
- تۆ باغەکە: ژ (٣٥)ی کانوونی دووەمی ١٩٩٩
- شاخە: ژ (٣٥)ی کانوونی دووەمی ١٩٩٩
- کەڤۆک و قەرەفلاسپی: ژ (٣٦)ی شوباتی ١٩٩٩
- بەفرە خلیسکێ: ژ (٣٦)ی شوباتی ١٩٩٩
- هەنگ و ئالان: ژ (٣٧)ی ئاداری ١٩٩٩
- چلی دار بەڕو: ژ (٣٧)ی نیسانی ١٩٩٩
- باخچەی زمانەکان: ژ (٣٨)ی نیسانی ١٩٩٩
- چاکترین هاوڕێ: ژ (٣٨)ی نیسانی ١٩٩٩
- ئەو ڕەزەڤانێ بویە وەزیر: ژ(٣٩)ی مایسی ١٩٩٩
- سێ ڕاستییەکە: ژ (٣٩)ی مایسی ١٩٩٩
- تابلۆی کوردستان: ژ (٤٠)ی حوزەیرانی ١٩٩٩
- بێ باوەڕی: ژ (٤١)ی تەمموزی ١٩٩٩
- زمناکۆو ددانەکانی: ژ (٤٢)ی ئابی ١٩٩٩
- کۆترە لاسارەکە: ژ (٤٣)ی ئەیلولی ١٩٩٩
- چۆلەکەکان دەجریوێنن: ژ (٤٥)ی تشرینی دووەمی ١٩٩٩
- پاشەکەوت کردن: ژ (٤٦)ی کانوونی یەکەمی ١٩٩٩
- شمشاڵ: ژ(٤٦)ی کانوونی یەکەمی ١٩٩٩
- سوپایەکەی ناوخوێنمان: ژ (٤٧)ی کانوونی دووەمی ٢٠٠٠
- قووقەی ناوەخت: ژ (٤٩)ی ئاداری ٢٠٠٠
- پەلە هەورێکی پڕ لە باران: ژمارە (٥٠)ی نیسانی ٢٠٠٠
- ئاشتبوونەوەی هەور: ژ (٥٠)ی نیسانی ٢٠٠٠

## چیرۆکی وەرگێڕدراو

(٥٣) چیرۆکی جۆراوجۆری بەخۆوە گرتووە، بابەتە وەرگێڕدراوە سەرنج ڕاکێشەکان ئەمانەن:
- تووتکە سەگێکی گێل: ژ(٣٥)ی کانوونی دووەمی ١٩٩٩.
- گەشتی بێ‌زیان: ژ(٣٥)ی کانوونی دووەمی ١٩٩٩.

ـ خوانی پشیلە: ژ(٣٥)ی کانوونی دووەمی ١٩٩٩.
ـ تاریکی: ژ(٣٥)ی کانوونی دووەمی ١٩٩٩.
ـ کاتژمێری بیگ بن: ژ(٣٦)ی شوباتی ١٩٩٩.
ـ قەلەرەش و گۆزەی ئاو: ژ(٣٧)ی ئاداری ١٩٩٩.
ـ هەور: ژ(٣٨)ی نیسانی ١٩٩٩.
ـ ئێمە شانازی دەکەین: ژ(٣٨)ی ١٩٩٩.
ـ رازو نیاز: ژ(٣٩)ی مایسی ١٩٩٩.
ـ کۆنترۆلی تەلەفزیۆن: ژ(٤٠)ی حوزەیرانی ١٩٩٩.
ـ هەلۆ و قەلەرەش: ژ(٤١)ی تەمموزی ١٩٩٩.
ـ هەویردەو نێچیروان: ژ(٤١)ی تەمموزی ١٩٩٩.
ـ دووگولە مێخەک: ژ(٤٣)ی ئەیلولی ١٩٩٩.
ـ ماسیگرە بچکۆلە: ژ(٤٣)ی ئەیلولی ١٩٩٩.
ـ دوو هاورێ: ژ(٤٤)ی تشرینی یەکەمی ١٩٩٩.
ـ گوێدرێژێکی زیرەک: ژ(٤٤)ی تشرینی یەکەمی ١٩٩٩.
ـ دال و قرژاڵ: ژ(٤٤)ی تشرینی یەکەمی ١٩٩٩.
ـ فیلی بەرخۆلەیەک: ژ(٤٤)ی تشرینی یەکەمی ١٩٩٩.
ـ مراویی حەوتەم: ژ(٤٥)ی تشرینی دووەمی ١٩٩٩.
ـ فیلێکی شەرمەزار: ژ(٤٧)ی کانوونی دووەمی ٢٠٠٠.
ـ هێتی پیتی: ژ(٤٨)ی شوباتی ٢٠٠٠.
ـ فێلبازە یان گێلە؟!: ژ(٤٨)ی شوباتی ٢٠٠٠.
ـ بەسەرهاتی کولوە بەفرێک: ژ(٤٩)ی ئاداری ٢٠٠٠.
ـ کەلەشێرو مشک و مریشکێکی سوری بچکۆلە: ژ(٥٠)ی نیسانی ٢٠٠٠.

### چیرۆکی ئامادەکراو

(٩) بابەتی جۆراو جۆری بەخۆوە گرتووە، چیرۆکە سەرنج راکێشەکان ئەمانەن:

ـ تەوار: ژ(٣٦)ی شوباتی ١٩٩٩.
ـ چاڤ نەترسیو لێبوربن: ژ(٤١)ی تەمموزی ١٩٩٩.
ـ چیرۆک بەوێنە: ژ(٤٥)ی تشرینی دووەمی ١٩٩٩.
ـ بۆچی ئاسمان شینە؟: ژ(٥٠)ی نیسانی ٢٠٠٠.

### زانیاری

(٤٣) بابەتی جۆراو جۆری بەخۆوە گرتووە، بابەتە سەرنج راکێشەکان ئەمانەن:

ـ مندالان هاتۆچۆ رێکدەخەن: ژ(٣٦)ی شوباتی ١٩٩٩.
ـ هەنگ: ژ(٣٩)ی مایسی ١٩٩٩.
ـ رۆژی جیهانی مندالان لەچییەوە هاتووە؟: ژ(٤٠)ی حوزەیرانی ١٩٩٩.
ـ چۆن تەمەنی درەخت دەزانرێ؟: ژ(٤٠)ی حوزەیرانی ١٩٩٩.
ـ چۆن جالجالۆکە تەون دەکات؟: ژ(٤٠)ی حوزەیرانی ١٩٩٩.
ـ چی لەبارەی بەتریقەوە دەزانی؟: ژ(٤٠) حوزەیرانی ١٩٩٩.
ـ بزنە فریو: ژ(٤١)ی تەمموزی ١٩٩٩.
ـ رێوی: ژ(٤٢)ی ئابی ١٩٩٩.
ـ پێنووس: ژ(٤٤)ی تشرینی یەکەمی ١٩٩٩.
ـ مێرووله چۆن لەیەکتری دەگەن؟: ژ(٤٥)ی تشرینی دووەمی ١٩٩٩.
ـ بەرزیو نزمی ئاوی دەرباکان: ژ(٤٦)ی کانوونی دووەمی ١٩٩٩.
ـ بەستی دوکان: ژ(٤٩)ی ئاداری ٢٠٠٠.

هەواڵنامەی کتێب

- دیک برۆنا: ژ(٤٩)ی ئاداری ٢٠٠٠.
- پەڕە سێلکە: ژ(٤٩)ی ئاداری ٢٠٠٠.
- تۆپی سەبەتە: ژ(٥٠)ی نیسانی ٢٠٠٠.

### بابەتی ئەدەبی

بابەتێکی سەرنج ڕاکێشی بەخۆوە گرتووە بابەتەکەش ئەمەیە:

- عەرەبی شەمۆ: ژ(٤٨)ی شوباتی ٢٠٠٠.

### هونەر

بەوێنەی بەرگی یەکەم و وێنەی بەرگی دووەمەوە (٣٨)بابەتی جۆراوجۆری بەخۆوە گرتووە، بابەتە سەرنج ڕاکێشەکان ئەمانەن:

- وێنە(بەرگی یەکەم): ژ(٣٥)ی کانوونی دووەمی ١٩٩٩.
- منداڵ لەبەرهەمی..: ژ(٣٥)ی کانوونی دووەمی ١٩٩٩.
- وێنە(بەرگی یەکەم): ژ(٣٦)ی شوباتی ١٩٩٩.
- وێنە(بەرگی یەکەم): ژ(٣٧)ی ئاداری ١٩٩٩.
- منداڵ لەبەرهەمی..: ژ(٣٧)ی ئاداری ١٩٩٩.
- وێنە(بەرگی دووەم): ژ(٣٧)ی ئاداری ١٩٩٩.
- وێنە(بەرگی یەکەم): ژ(٣٨)ی نیسانی ١٩٩٩.
- وێنە(بەرگی یەکەم): ژ(٣٩)ی مایسی ١٩٩٩.
- وێنە(بەرگی یەکەم): ژ(٤٠)ی حوزەیرانی ١٩٩٩.
- وێنە(بەرگی یەکەم): ژ(٤١)ی تەمموزی ١٩٩٩.
- منداڵ لەبەرهەمی..: ژ(٤١)ی تەمموزی ١٩٩٩.
- وێنە(بەرگی دووەم): ژ(٤١)ی تەمموزی ١٩٩٩.
- وێنە(بەرگی یەکەم): ژ(٤٢)ی ئابی ١٩٩٩.
- وێنە(بەرگی دووەم): ژ(٤٢)ی ئابی ١٩٩٩.
- وێنە(بەرگی یەکەم): ژ(٤٣)ی ئەیلولی ١٩٩٩.
- منداڵ لە هونەری جیهاندا: ژ(٤٣)ی ئەیلولی ١٩٩٩.
- وێنە(بەرگی یەکەم): ژ(٤٤)ی تشرینی یەکەمی ١٩٩٩.
- وێنە(بەرگی یەکەم): ژ(٤٥)ی تشرینی دووەمی ١٩٩٩.
- منداڵ لەبەرهەمی..: ژ(٤٥)ی تشرینی دووەمی ١٩٩٩.
- وێنە(بەرگی دووەم): ژ(٤٥)ی تشرینی دووەمی ١٩٩٩.
- وێنە(بەرگی یەکەم): ژ(٤٦)ی کانوونی یەکەمی ١٩٩٩.
- وێنە(بەرگی یەکەم): ژ(٤٧)ی کانوونی دووەمی ٢٠٠٠.
- منداڵ لە بەرهەمی..: ژ(٤٧)ی کانوونی دووەمی ٢٠٠٠.
- وێنە(بەرگی یەکەم): ژ(٤٨)ی شوباتی ٢٠٠٠.
- وێنە(بەرگی یەکەم): ژ(٤٩)ی ئاداری ٢٠٠٠.
- وێنە(بەرگی دووەم): ژ(٤٩)ی ئاداری ٢٠٠٠.
- وێنە(بەرگی یەکەم): ژ(٥٠)ی نیسانی ٢٠٠٠.
- هونەرمەندی کورد سید عەلی ئەسغەری کوردستان: ژ(٥٠)ی نیسانی ٢٠٠٠.
- منداڵ لەبەرهەمی..: ژ(٥٠)ی نیسانی ٢٠٠٠.
- وێنەی گۆڤاری هەنگ(بەرگی دووەم): ژ(٥٠)ی نیسانی ٢٠٠.

### تێبینی:

وێنەی بەرگی یەکەم و وێنەی بەرگی دووەم لە ڕوانگەی ئاستی هونەری کوردییەوە نرخێندراون، نەک لە ڕوانگەی ئاستی هونەری جیهانی.

**فۆلکلۆر**

(٥) بابەتی هەمەجۆری بەخۆوە گرتووە، بابەتە سەرنج راکێشەکان ئەمانەن:

ــ سـودی دل و زمـان: ژ(٣٨)ی نیسـانی ١٩٩٩.

ــ مێرووله و مشـکێک: ژ(٤٣)ی ئـەیلولی ١٩٩٩.

**هەمەجۆر**

(٣٤) بابەتی جۆراو جۆری بەخۆوە گرتووە، بابەتە سەرنج راکێشەکان ئەمانەن:

ـ لەبیرەوەری دەرچوونی گۆڤاری ـ هەنگ ـدا: ژ(٣٧)ی ئاداری ١٩٩٩.

ــ زمانـە شـیرینەکەمان: ژ(٣٩)ی مایسـی ١٩٩٩.

ـ نامەیـەک بـۆ مندالـە ئازیزەکـان: ژ(٤٢)ی ئابی ١٩٩٩.

ـ تابلۆی سەربەرزی: ژ(٤٢)ی ئابی ١٩٩٩.

ـ ئەم پەندانـە تـەواو بکـە: ژ(٤٤)ی تشـرینی یەکەمی ١٩٩٩.

**وەرزش**

(٣) بابەتی جۆراو جۆری بەخۆوە گرتووە، ئەو بابەتانەی سەرنج راکێشن ئەمانەن:

ـ چۆن دەبێت بەگۆلکەرێکی چاک: ژ(٤٦)ی کانوونی یەکەمی ١٩٩٩.

**بەرهەمی مندالی بەهرەوەر**

(٩٤) بابـەتی بـەخۆوە گرتـووە، لەراسـتیدا منـدالان هـەر هـەموویان بوونـەوەری خـەیالی و هەستەوەر و هونەرمەندن، هەر بەو مەفهوومەش سەیری بابەتەکانیان دەکەین.

**کاتێکی خۆش**

(٨٩) بابـەتی جۆراو جـۆری بـەخۆوە گرتـووە، بابەتەکان خۆش و بەتام و سەرنج راکێشن، بەلام هەندێکیان:

١ـ ئالۆزو گرانن.

٢ـ خۆزیا بەرهەمی خۆمالی پتر دەبوون.

٣ـ خۆزیا ناوەکان ئەوەندە دووبارە نەدەکرانەوە.

٤ـ خۆزیـا منـدالان زیـاتر بەشداربیان تێدا دەکرد.

**ئە نجام:**

ئەوەی ئـەم قۆناغـە لەقۆناغـەکانی دیکـە جیـا دەکاتەوە ئەوەیە:

١ـ بەدەگمەن چاومان بەهەلەی چاپ دەکەوێ، لەراسـتیدا منـدالان بڕوایـەکی زۆریـان بەوشـەی چاپکراو هەیەو وەکـو خـۆی دەیخوێننـەوەو وێنـەی دەکێشن.. بۆیە پێویستە بایەخێکی زۆر بەم لایەنە بدەین و هەرگیز لێنەگەڕێن هەلە بکەوێتە ناو تەنی بابەتەکانەوە.

٢ــ لـەڕووی هونەرییـەوە، پێشـکەوتنێکی بەرچاوی بەخۆوە گرتـووە، هـۆی ئـەم کـردارەش بـۆ هـەولی دلسـۆزانەی هونەرمـەندانی گۆڤارەکـە دەگەڕێتەوە.

٣ـ کارمەندانی گۆڤارەکە لەگەلّ یەکدی ڕێک و پێکن، ئەمـەش دەبێتـە هـۆی ئـەوەی کـە کارەکـان بەجوانی بەڕێوەبچن..

٤ـ دەتوانین لەم قۆناغەدا بلێین،

هـەنگ، وێـڕای هـەموو کـەم و کورییـەکانی، هەنگوین بەخشە، بەلام تامی هەنگوینەکە بەپێی ویست و حەزەکان دەگۆڕێ.

**ئـەو سـەرچاوانەی سـوودیان لـێ وەرگـیراوە ئەمانەن:**

ـ ژمارە (٨٥)ی رۆژنامەی رزگاری، بابەت، رۆلی رۆژنامەگەریی منـدالان لـە رۆشـنبیرکردنی جگەر گۆشەکاندا، رۆستەم باجەلان.

ـ صحافـة الأطفـال في العـراق ١٩٧٩، تـأليف، هادي نعمان الهيتي.



هەولێرنامەی کتێب

# رۆڵی کۆمپیوتەر و تۆری ئەنتەرنێت

# لە رۆژنامەگەریی کوردی

لوقمان قادر رواندزی*



### پێشەکی

دوای راپەڕینە شکۆدارەکەی بەهاری ساڵی ١٩٩١، هەلێکی زێرین بۆ رۆژنامەگەریی کوردی رەخسا لە رووی زۆربوونی ژمارەی رۆژنامە و گۆڤار و دواتریش بۆ یەکەمین جار بەکارهێنانی کۆمپیوتەر، بەمەش بەشێوەیەکی رێکتر و جوانتر و بە تیچوونێکی کەمتر بەرێوە دەچێت رۆژنامەگەری لە کۆمەڵگە پێشکەوتووەکاندا بایەخێکی یەکجار گەورە و شایستە دەبینێت، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئاستی رۆشنبیری ئەندامەکانی ئەم کۆمەڵگایانە و ئەو رۆڵەی لە پێشڤەچوونی رادەی چارەسەرکردن و ئاشکرا کردنی گرفتەکانی کۆمەڵ بە رێگەیەکی شارستانی و دوور لە تەم و مژ، دەیانگێرێت.

(١)

### کۆمپیوتەر چییە:

لە سەرەتادا واچاکە بزانین کۆمپیوتەر چییە و لە چی پێک هاتووە و جۆرەکانی چین و بە چ شێوازێک خزمەت بە رۆژنامەگەری بە شێوەیەکی گشتی دەگەیەنێت و رۆژنامەگەری کوردییش بە تایبەتی، کۆمپیوتەر لە کۆمەڵە ئامێرێکی پێکەوە لکاو پێک دێت، بە زمانێکی تایبەتی کە پێی دەوترێت(MACHINE LANGUAGE)کار ئەکات کە لە (1,0) پێک دێت و بەهۆیەوە پارچەکانی یەکتر دەناسنەوە و دەتوانرێت چارەسەری ئەو کێشانە بکات کە رووبەرووی مرۆڤایەتی ئەبنەوە و وەک کۆگایەکی ئەلیکترۆنی لەقەڵەم ئەدرێت، چونکە لە توانای دا هەیە ژمارە زانیارییەکی زۆر ئەمبار بکات و لە کاتی پێویستدا زانیارییەکان بە شیکارییەوە بە خاوەنەکەی بداتەوە..بەمەش شۆڕشێکی نوی لەسەر گۆی زەوی سەری هەڵدا کە دوای شۆڕشی کشتوکاڵی و شۆڕشی پیشەسازی شۆڕشی زانیارییەکان، بە تایبەتی دوای داهێنانی مانگی دەستکرد و بڵاوبوونەوەی تۆری ئەنتەرنێت هەر رووداوێکی دڵخۆشکەر و لەهەر گۆشەیەکی رووبدات دوای چاو تروکانێک لە کەناڵە ئاسمانییەکان دەربکەوێت و مرۆڤی ئاسایی لێی بەئاگابێت و لە هەندێک بۆنەشدا بتوانێت رای خۆی بەسەربەستی دەربری و بەشداری راگۆڕینەوە بکات..

### جۆرەکانی کۆمپیوتەر

(لویس پاسکال) کە زانایەکی فەرەنسی بوو لە سەدەی شانزەهەم دەژیا کۆمپیوتەریکی سادەی بۆ ژمارە کۆکردنەوە داهینا.. دوای ئەو زانایەکی



دیکە کە ناوی (لیبنز) هات و ئامیرەکەی پاسکالی پیشخست و توانی هەر چوار کردارەکانی پێ جێبەجێ بکات ..ئینجا هەول و تەقەلا هەر بەردەوام بوو تاوەکو لە ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا یەکەمین کۆمپانیای تایبەت بەم ئامیرە دامەزراو و بە ناوی(I..B.M) ناو بانگی دەرکرد و ئەو کۆمپانیایە بە پیشەنگی دروستکردنی ئامیر و پرۆگرامەکان دائەنریت..دوای ماوەیەکی کەم کۆمپانیایەکی تر سەری هەلدا بە ناوی (MAC)کە پسپۆرە لە بواری رۆژنامەگەری لە ولاتانی جیهان و بە هۆی ئەوەوە رۆژنامە هەنگاویکی زۆر پرشکۆی هاویشت..ئەم کۆمپانیایە بۆ ئەوەی دەست بە سەر ئەو بوارە گرنگەدا بگریت هەولی دا لە زمانە نیوخۆییەکاندا بەکاربهینریت ، ئەم هۆکارە بووە هۆی بلاوبوونەوەی ئەم جۆرە کۆمپیوتەرانە، بەلام گرفتی ئەم کۆمپیوتەرە لەوەدایە نرخی گرانە و تەنها کۆمەلە پارچەیەکی یەدەگی هەیە و لە کاتی تیکچوون یاخود خراپ بوونی چاکردنەوەی زەحمەتە و جاریکی تر ئەو خزمەتە بەخاوەنەکەی ناگەیەنیت، هۆکاریکی تری بلاوبوونەوەی ئەم جۆرە کۆمپیوتەرە ئەگەریتەوە بۆ ئاسانی کارکردن و لە کاتی دروستکردنی دا هەولدراوە هەنگاوەکان کەم بکرینەوە و بە زووترین کات کارەکەت بۆ جێبەجێبکریت بە تایبەتی لە بواری رۆژنامەگەریدا..واش پیدەچیت ئەندازیار و پسپۆرەکانی ئەم جۆرە کۆمپیوتەرە لە بواری نەخشەسازی و پیتریژی و جوانکاری و بەکارهینانی شیاوترین شیواز بۆ رازاندنەوەی لاپەرەکانی رۆژنامەدا پسپۆرین.. ئەمەش بە بوونی ژمارەیەکی یەکجار زۆر هیما و وینەی دەستکرد کە هەریەکەیان بیرۆکەیەک دەرئەخەن..

هەر بۆیەش لەسەرەتای هەشتاکانی سەدەی بیستەم چەندین کۆر و کۆبوونەوەی تایبەتی لە لایەن کۆمپانیای (I.B.M)و (MICROSOFT) گریدران بۆ هەول دان بۆ چارەسەر کردنی ئەم گرفتە تا ئەم خیزانە کۆمپیوتەرە لەپال بوارەکانی تر کە سەرکەوتنی بەدەست هیناوە لە بواری رۆژنامەگەریش ئەسپی خۆی تاو بدات و رووی گەشی ئەم کۆمپیانیایانە دەربخات..لە سەرەتادا بە پرۆگرامیک دەستیان پیکرد بە ناوی (WRITE)کە هەرچەندە زۆر سادە و ساکار بوو، بەلام بە هەنگاویکی سەرەتایی دادەنریت

کۆمپانیای (صخر)کە رۆلیکی زۆر گرنگی هەبوو لە پیشخستنی بیری رۆشنبیری و تیکەل بوونی بەکارهینانی کۆمپیوتەر لە بوارە جیاجیاکانی ژیانی مرۆڤ و خزمەتی زۆری بە ئاینی ئیسلام گەیاندو، بۆ یەکەمین جار پەرتووک و رۆژنامە بە زمانی عەرەبی بە کۆمپیوتەر تایپ و چاپ کران و نەخشەسازییان بۆ کرا چونکە لەسەرەتای دروست کردنی ئەم کۆمپیوتەرە بۆ خزمەت گەیاندن بە رۆشنبیری عەرەب بوو، ئیمەی کورد هیچ سوودیکمان لەم جۆرە کۆمپیوتەرە نەدیت، چونکە بە هیچ شیوەیەک نەدەتوانرا مامەلەی لەگەل بکریت لەبەر دوو هۆ: یەکەمیان پرۆگرامەکانی بەشیوەیەکی نەهینی کلیل درابوون و پسپۆری کورد بۆی نەئەکرا بیان کاتەوە و بە دلی خۆی بیان گۆریت، دووەمیان: چونکە تەنها بۆ خزمەت گەیاندن بە زمانی عەرەبی داهینرابوو، نەتوانرا گۆرانکاری تیدا بکریت..و هەر زوو فەرامۆش کرا..هەرچەندە نرخی گونجاو بوو و بە خیراییش کارەکانی جیبەجیکرد و ئاسان بوو ولە

کاتی کارکردندا بە تایبەتی بۆ کاری رۆژنامەگەری.. و چەندین پرۆگرامی تایبەتی هەبوون بۆ بەکارهێنانی لەم بوارە گرنگەدا..

## کۆمپیوتەر و جۆرەکانی نووسین

یەکەمین هەنگاو بۆ بە کوردی کردنی کۆمپیوتەر ئەگەرێتەوە بۆ کۆتاییەکانی سەدەی بیست، کەبۆ نووسینی کوردی بشێت بە پرۆگرامی (القرطاس) کە لە هەرێمی کوردستان دەست پێکرا، دەستکاری زۆر کرا و بە تایبەتی لەلایەن نووسینگەی یادی نەورۆز ئەویش بە گۆڕینی کۆمەلە پیتێکی عەرەبی بە پیتە ناسراوەکانی کوردی، ئەم پرۆگرامەش بە ناوی (کوردستان) بلاوکرایەوە بێجگە لەوەی ئەم پرۆگرامە کۆمەلیک گرفتی هەبوو، بەلام وەک سەرەتا و یەکەمین هەنگاو کاریکی چاک و بۆ یەکەم جار نووسین بە کۆمپیوتەر نووسرا.. ئەمەش ئەگەڕایەوە بۆ ئەوەی کە پرۆگرامی ناوبراو کلیل نەدرابوو و بواری ئەوەی تیدا هەبوو کە ژیرەکانی کورد بتوانن مامەلەی لەگەل بکەن..ئەم پرۆگرامە زیاتر بۆ نامە نووسین و کاری ساکار بەکار ئەهێنرا بەلام بۆ رۆژنامەوانی نەئەتوانرا بەکاربهێنرێت چونکە دابەش کردنی ستوونی تیدا نەبوو.

## پرۆگرامی (الكاتب الدولي)

پرۆگرامی (الكاتب الدولي) کە پرۆگرامێکی گەورە لەلایەن کۆمپانیای(MICROSOTF) لە سالی(١٩٨٥) و بە (AKI) و هەمە لایەنە بوو، کۆمەلیک زمان مامەلەیان لەگەل ئەکرد، وەک زمانی فارسی و زمانی عەرەبی .هتد، ئیمەی کوردیش کە لەگەل زمانی فارسی یەک خیزانین، هەندیک پیت هەن لە زمانی کوردی و زمانی فارسی هاوبەشن وەک (گ،ژ،ڤ،پ) و بە بوونی ئەم پرۆگرامە توانرا سوودیکی زۆری بۆ بواری رۆژنامەگەری لی ببینرێت، چونکە لە زمانی فارسیشدا بەکارئەهێنرا..ئەوەی گرفت بوو لەم پرۆگرامەدا ئەمانەی خوارەوە بوون:

١ـ گرانی نرخی پرۆگرامەکە.

٢ـ پرۆگرامە کە تەنها سیجار ئەتوانرێت کۆپی بکرێت دوایی خۆی خۆی ئەخوارد و نەئەتوانرا زیاتر بەکار بهێنرێت، بۆیە لەبەر گرانی و ئەم مەرجەی دووەمی کەم بەکار ئەهێنرا تەنها دەزگا گەورەکان بەکاریان ئەهێنا. ٧

٣ـ نەبوونی ( ) لەسەر پیتی یـ و (٧) ژیر پیتی (ر) کە لە زمانی کوردی بەکارئەهێنرێت و لە زمانی فارسی بەکارناهێنرێت، ئەمە گرفتیکی زۆر گەورە بوو و بووە مایەی دلتەنگی پسپۆڕانی زمانەوانی..

٤ـ گرانی بەکارهێنانی ئەم پرۆگرامە، کە دەبێ بەکارهێن پسپۆڕییەکی چاکی لە شێوازی بەکارهێنان و چاک بوونەوەی و تیک چوونی ئەم پرۆگرامەدا هەبێ و هەتا پێشی ئەکرێت لەسەرخۆ و وریا و هێمن بێت لەکاتی کارکردندا، بۆیە ئەم پرۆگرامە نەبووە هۆی بەکارهێنانی بەشێوەیەکی زۆر بلاو لە هەرێم و هەر زوو لادرا.

٥ـ بەبێ کارتلجیک نەتوانرا نووسینەکان چاپ بکرین و ئەم کارتلجەش تەنها لەگەل یەک پاکەت هەبوو بەمەش تەنها یەک کۆمپیوتەر دەتوانرا کرداری بە چاپ گەیاندنی پی بسپێردرێت.

## پرۆگرامی (MICROSOFT WORD)

کۆمپانیای (MICROSOFT) کۆمەلە پرۆگرامیکی سەرکەوتووی خستە بەردەمی رۆژنامەوانان.. ئەم پرۆگرامانە لەسەرەتادا بە (WINDOWS) ناو ئەبران و خەزانیکی تریشی بە ناوی (OFFICE) دروست کرد. کە بۆ زۆربەی لایەنەکانی تری ژیانی رۆژانە سوود بەخش بوو،و یەکێک لەوانە پرۆگرامی (MICROSOFT WORD)کە تایبەتە بە بواری رۆژنامە و نووسین و ریک خستنی خشتەیی هەمەجۆر ئەم پرۆگرامە تا رادەیەکی زۆر توانی

بەسەرکەوتوویی لەم بوارەدا ڕۆلی خۆی بنوێنی و بەربلاویی کۆمپیوتەری (MAC)کەم بکاتەوە، چونکە ئەم پرۆگرامە شوێنێکی تایبەتی بەخۆوە گرتووە بۆ ڕێکخستن و نەخشەسازی ڕۆژنامە و گۆڤار و پەرتووک وەک (PARAGRPH) و (FONT)و (COLMUNS)، بێجگە لە بوونی (BORDERS AND SHADING)کە زیاتر بۆ لایەنە جوانکارییەکانی بابەتەکە ئەبێت لە ڕووی جۆرەها جوارچیوە هتدو. بوونی (DRAW)یش کە تایبەتە بە شێوازی جوان نووسینی ڕستە و هەلبژاردنی چەندین شێوەی ئامادەکراو لە ناو میشکی کۆمپیوتەر نەخشەساز زۆر پێویستی پێیان ئەبێت بۆ سازدانی کارەکانی وەک (WORDART) و (AUTOSHAPES)و چەندینی تر..

ئەم پرۆگرامە لەسەرەتای هاتنی تەنها مامەلەی لەگەل زمانی عەرەبی ئەکرد، بەلام لە هەرێمی کوردستان و لەسەر دەستی کۆمەلە پسپۆرێک لە شاری دهۆک بە تایبەتی لە ئۆفیسی (زانست)بۆ کۆمپیوتەر چەند جۆرە نووسینێکی تایبەتییان بە زمانی کوردی دروست کرد، ناوەکانی نیو ئەم گرووپە گشتی ناوی شوێنەوارەکانی کوردستان بوون وەک (سلێمانی و دیاربەکر و سەرسەنگ و زاخۆ .هتد) ئەمەیش بە گۆڕینی ئەو پیتانەی کە لە زمانی کوردیدا بێ سوودن یاخود بەکارناهێنرین بە جێ گۆڕینی پیتی (ذ)لە زمانی عەرەبی بۆ (ژ)لە زمانی کوردی و پیتی (ط) لە زمانی عەرەبی بۆ پیتی (گ) لە زمانی کوردی و پیتی(ظ)لە زمانی عەرەبی بۆ پیتی (ڤ)لە زمانی کوردی، و پیتی (ث)لە زمانی عەربی بۆ پیتی(پ) لە زمانی کوردی و پیتی(ض) بۆ پیتی (چ) لە زمانی کوردی، و پیتی (ؤ)لە زمانی عەرەبی بۆ پیتی (ۆ)وە بۆ چارەسەرکردنی گرفتی نیشانەی(٧)لە ژێر و سەری پیتەکان، بە داگرتنی دوو دوگمە وەک بۆ دروست کردنی ( ٧ )ی سەرەوە بە داگرتنی (SHIFT +Q)و بۆ دروستکردنی (٧)لە ژێر پیتی (ر)یقەلەو بە داگرتنی (SHIFT+A)، ئەم گروپەش بە ناوی (ZANEST) بلاوبووەوە و سەرکەوتنی چاکیشی بەدەست هێنا، بەلام گرفتی ئەم گرووپە لەوە دایە ئەگەر نووسینەکەت زۆر ورد بێت نیشانەکانی(٧)ی ژێرەوە و سەرەوەی پیتە قەلەوەکان دەرناچێت و ئەمەش بە کەم و کووری دائەنرێت لە ڕووی زمانەوانییەوە، جابۆ ئاسان کردنیو بۆ ئەوەی دووجار دەست لە کلیلەکان نەدەیت و ڕاستەوخۆ نیشانەکانت بۆ دەربچێت، لە لایەن ئۆفیسی (پاشای گەورە) لە شاری هەولێر گرووپێکی تری نووسین داهێن، واتە داهێنەری نووسین هەیە بە ناوی (PG)و جیاوازی ئەم گرووپە لەگەل گرووپی (ZANEST)لەوە دایە کە بۆ دروست کردنی پیتی قەلەو پێویست ناکات دوو دوگمە پێکەوە لێبدەیت، بەلکو پیتی (ص)یان بۆ (ێ)و پیتی (ی)یان بۆ (ڕ)گۆڕی، بەمەش توانرا هەنگاوەکان کەمتر بکرێنەوە، ئەم گرووپەش ناوەکانی (ڕەواندز و هەندرین و هەلەبجە هتد)ی بەخۆوە گرتبوو، لەم ڕووەوە هەول و تەقەلا هەر بەردەوام بوو تا گرووپی تریش دروست کران وەک گرووپی (ALI) و گروپی (ژیار) کە زیاتر خۆیان لە جۆرەکانی نووسینی (.MAC) نزیک کردۆتەوە و سەرکەوتنیان بەدەست هێناوە



دوای ئەو هەموو گۆرانکاریانەی لە پرۆگرامی(MICROSOFT WORD)دا کران، بە شێوەیەکی زۆر سەرکەوتوو لە بواری رۆژنامەوانی بەکاردەهێنرێت و بۆتە مایەی دڵخۆشی بەکارهێنەرانی کۆمپیوتەر بە رادەیەک ئەو برادەرانەی لە هەندەرانیش ئەگەڕێنەوە ئەم جۆرە نووسینانە لەگەڵ خۆیان دەبەن بۆ بەکارهینانی لە ئەوروپا و ئەمەریکا و بۆتە هۆیەکی گرنگ بۆ دەرخستنی رووی گەشی نەتەوەکەمان ئەم پرۆگرامانە ئەگەر گرفتیشیان هەبووبیت بەلام دوای داهینانی (OFFICE2000)، بە دەرنەچوونی نیشانەی(٧)ی قەلەو لە هەندیک کاتدا بە تایبەتی ئەگەر نووسینەکان زۆر ورد بن، بەلام ئیستە ئەم گرفتەش چارەسەر کراوە..ئەوەی شایانی باسکردن بیت هەولەکان لەسەرتای سالی١٩٩٣وە دەست پیکران..

بوونی چەندین پرۆگرامی تر کەبۆ کاری رۆژنامەوانی بەکارئەهینرین وەک (**الناشر الصحفي**) کە هەر هەموویان خۆنزیک کردنەوەن لە کۆمپیوتەرەکانی (MAC) بۆ زیاتر بەگەرخستنی ئەم بوارە لەم کۆمپیوتەرانە

**سوودەکانی کۆمپیوتەر بۆ بواری رۆژنامەوانی:**

کۆمپیوتەر کۆمەلیک سوود ی بۆ بواری رۆژنامەوانی هەیە وەک:

* کەم کردنەوەی کات، ئەوەی زانراوە کە بواری رۆژنامەوانی پیویستی بە خیرایی هەیە لە جێبەجێکردنی کارەکانیدا.

*رەنگ دانەوەی ریکخستنیکی شیاو و جوانکاری لە پیشخستنی رۆژنامەوانیدا بە تایبەتی دوای راپەرین.

* کەم کردنەوەی مەسرەفی تیچوونی رۆژنامە.

* کەم کردنەوەی بوونی هەلە بە تایبەتی لە زمانی عەرەبی و زمانی ئینگلیزی بە بوونی (SPELLING AND GRAMMER)کە بۆ ئەوە دروست کراوە ئەگەر هەلەیەک هەبی بۆت دەستنیشان ئەکات و پیشنیاریشت بۆ ئەکات و ئەتوانیت بیگۆری و دەشتوانی فەرامۆشی بکەیت، بەلام جیگەی داخە کە ئەم کردارە لە زمانی کوردی بەکارنایەت.

* بوونی فەرهەنگیک لە گۆرینی زمانی عەرەبی بۆ ئینگلیزی و بە پیچەوانەشەوە ئەمەش بۆ ئەو کەسانەیە کە لە کاتی نووسیندا پیویستییان بە زانینی مانای چەند وشەیەک هەیەو، کارەکانی وەرگیران ئاسان تر کراون.

(٢)

تۆری ئەنتەرنێت لە کۆمەلە کۆمپیوتەریکی پیکەوە بەستراو پیک هاتووە کە بەهۆیەوە ئەتوانریت زانیارییەکان لە نیوان خۆیان بگۆڕنەوە و زیاتر سوود لە داهینانی مانگی دەستکرد وەربگرن، واشمان پێ چاکە پیش ئەوەی بچینە نیو باسەکەمان برای خوینەر ئاگادار بکەینەوە تا بزانیت ، تۆری ئەنتەرنیت چییە؟ و کەی دروست بووە و گرنگترین هەنگاوەکانی پیشکەوتنی چین؟ بۆیە لەسەرەتادا پیناسەیەکی کورتی تۆری ئەنتەرنێت ئەکەین ئەویش دوای ئەو کۆمەلە داهێنانەی کە مرۆڤایەتی وەدەستی هێناوە .. و گۆی زەوی کردۆتە دێیەکی زۆر بچووک و بە هۆی ئەم ئەمپراتۆرییەتە دەتوانیت بە گشت جیهاندا بگەرێت و کەس داوای پەساپۆرتت لێ نەکات و لە خالەکانیش نە پشکنرێی و بە دلی خۆت گەشتی خۆت بکەیت..سنوورەکان بەبەزێنی. ئەنتەرنێت (INTERNET) کورت کراوی دوو ووشەی ئینگلیزیە (INTERNATIONAL,NETWORK) واتە تۆری نیو دەولەتی.

## میژووی ئەنتەرنێت و چۆنیەتی دروست بوونی تۆڕی ئەنتەرنێت

دوای کۆتایی هاتنی جەنگی جیهانی دووەم و دروست بوونی دوو جەمسەری لە دونیا، یەکێکیان بەسەرۆکایەتیی ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاو، ئەوی دیکەیان بەسەرۆکایەتی شورەوی جاران کە هەریەکەیان کۆمەڵە ولاتێکی لە خۆی کۆکردبووەوە ئەم جەمسەر گرتنە، بوو بە سەرەتای دەستپێکردنی جەنگی سارد لە نێوان ئەم دوو ولاتەو، چەندین جار بارودۆخەکە ئەوەندە گرژدەبوو کە جەنگێکی جیهانی ئەتۆمی بەرپابێت بۆ نموونە کێشەی رۆکێتەکانی کوبا (دورگەی بەرازەکان)، کاتێکیان شوورەوی ژمارەیەک رۆکێتی کلاوە ئەتۆمی هێنایە ئەو ناوچەیە و ترسێکی زۆری خستە نێو دڵی ئەمریکاییەکانەوە، بۆیە کەوتنە خۆ ئامادەکردن نەوەک کارەساتێک روو بدات و سەروەری ئەمریکا بەچاو تروکانێک لەناو بچێت، ئەمە وای لە سیاسەتمەداران کرد کە رێگە چارەیەک بدۆزنەوە وەک زانراویشە پێشتر شوورەوییەکان لە ساڵی١٩٥٧ وێستگەیەکی مانگی دەستکردیان بەکارخست و توانییان بۆیە کەم جار بۆ کاری سەربازی و هەواڵگری زۆر نهێنی بەکاری بهێنن..

زانا (باران) وای دانا کە لێدرانەکە وێرانکاری بێت و بنکەی سەرەکی گەیاندنی ناوەندی خاپوور بووە و هیچی بەسەر یەکەوە نەماوە سەرەتای بیرۆکەی ئەنتەرنێتی دانا بەوەی کە نامەکان چ نووسراو بێن یاخود بە کۆد لە کۆمپیوتەرێکەوە بۆ یەکێکی تر بگوازرێنەوە بە هۆی کێبلی پێکەوە بەستراو..بەمەش سەرکەوتنێکی زۆر چاکی بەدەست هێنا..ئەمجارە لەلایەن وەزارەتەوە داوا لە کۆمپانیایەکی شارەزای ئەمریکی کرا بۆ ئەوەی ژمارەیەک کۆمپیوتەر بەرهەم بهێنێت کە بتوانرێت وەک تۆڕ پێکەوە ببەسترێنەوە بۆ ئەوەی بیرۆکەی زانا (باران) جێبەجێ بکرێت..لە سەرەتا کۆمپیوتەرەکانی وەزارەتی بەرگری پێکەوە بەستران و تۆڕێکی بچووکیان پێک هێنا و ناویان لێ نا (ARPANET)، کە تەنها لایەنە سەربازیی سیخوڕی و نهێنییەکانی وەزارەتی دەگرتەوە، رێ پێدانی بۆ کارمەندانی ئەم وەزارەتە بوو سوود لەم تۆڕە وەربگرن بۆ ئەوەی پڕۆژەکە بە شێوەیەکی بەرفراوان بکەن و ژمارەیەکی زۆر زانا و توێژەرەوە بەشداری تێیدا بکەن..بۆیە پەیمانگای توێژینەوە و پێشخستنی سەر بە دەزگای دژە ئاسمانی ئەمریکی (RAND) لە مانگی ئەیلولی ساڵی١٩٦٩ تۆڕەکەی خۆیان کە تەنها لایەنی شارستانی و بواری سەربازی بەخۆیەوە نەگرتبوو، بەستەوە لەگەڵ چوار زانکۆ و مەڵبەندی ناسراو بۆ کاری توێژینەوەی زانستی وەک (زانکۆی کالیفۆرنیا لە لۆس ئەنجلۆس (UCLA) و پەیمانگای ستانفورد بۆ لێکۆڵینەوە(SRI) و زانکۆی کالیفۆرنیا لە سانتا باربارا(UCSB) و زانکۆی یوتا (UTAHA)بەمەش توانرا ئاڵوگۆڕییەکی زۆر لە بواری زانیاری و زانست بکرێت کە تەنها ئامانجیان گەیشتنە بەوەی کە شورەوییەکان نەتوانن زەبرێکی کوشندە لە ئەمریکاییەکان بدەن..ئەمەش بە سەرەتاییترین هەوڵ دائەنرێت بۆ دروست کردن و سەرهەڵدانی تۆڕی ئەنتەرنێت.. (ئەو تۆڕەی کە تەنها زانیاریی سەربازی زۆر نهێنی تێدا بوو کە بە(MILNET) ئەناسرا.

لە ساڵی١٩٧٣ لە لایەن دوو زانا یەکێکیان بە ناوی (بۆب کان) کە سەر بە (APRA)بوو و لەگەل (فینتۆن سیرف) کە سەر بە زانکۆی ستانفۆرد، ئەم پەیمان نامەیەیان ژمارەیەک خالیان خستە سەر و بە پڕۆتۆکۆڵەکانیان بانگهێشتیان بۆ کرد بۆ ئەوەی زۆرترین خەلک بتوانن سوود لەم زانیاریانە وەربگرن دوای یەکجارەکی تەواو بوونی، بیرۆکەکە بە تۆڕی ئەنتەرنێت ناوی دەرچوو.

لە ساڵی١٩٧٦ بە هۆی دەست بەکاربوون و بلاوبوونەوەی مانگی دەستکرد و بۆ ئەوەی کیشوەرەکان بە یەکەوە ببەستێتەوە ئەمە لەلایەک لە لایەکی دیکەشەوە وەک زانراوە کە (پەیمانی

ناتۆ) لە ژمارەیەک دەوڵەتی ئەوروپی و ئەمریکا پێک هاتووەو بۆ ئەوەی بتوانن لە بواری زانیاری سوود بەیەکتر بگەیەنن تۆری ئەنتەرنێتی ئەمریکا لەگەڵ تۆری ئەنتەرنێتی ئەوروپایی یەکان بە یارمەتی مانگی دەستکردی ئەوروپی (SATNET)پێکەوە بەسترا و تۆڕەکە زۆر فراوان بوو..

لەلایەن زانا (ستیف بیلوفین)دەرچووی زانکۆی (نۆرپ کارۆلاینا) کە پرۆگرامێک داب‌هێنێت بۆ پێکەوە بەسترانی تۆڕەکان و بەکارهێنانی تۆڕەکە بۆ بواری گواستنەوەی هەواڵ و دەنگوباس و ناوی لێنرا(USENET). لە لایەن کۆمپانیای (IBM)یشەوە ژمارەیەک چاکسازی لەسەر ئەم پرۆگرامە کرا و ناوەکەشی گۆردرا بۆ (BITNET) کە زیاتر لایەنی راپۆرتە هەواڵ و دەنگوباسی جیهانی دەگرتەوە. لە ساڵی١٩٨١ ژمارەی ئەو کۆمپیوتەرانەی بەشداری تۆری ئەنتەرنێت بوو بوون نەئەگەیشتە (٢٠٠) بەکارهێن..بەڵام دوای ئەو هەموو سەرکەوتنانەی کە بەدی هاتن بۆ ساڵی١٩٨٦ ژمارەی بەکارهێنەکان گەیشتە(٥٠٨٩) هەرچەندە چەندان کێشە بەرەو رووی ئەم تۆڕە هاتنەوە وەک گرانی کرینی هێڵەکە ئەمە لەلایەک وە لەلایەکی تریشەوە ئاڵۆزی و گرانی کار کردن لەسەری، بۆیە هەوڵ ئەدرا کە ئەم دوو کێشەیە چارەسەر بکرێت. لە ساڵی١٩٩١ وە لەلایەن پسپۆرانی زانکۆی (مینۆسۆتا)ژمارەیەک ئەلقەی زیاد لادران و ئاسان کاری زۆری تێدا کرا و بۆ یەکەمین جار (GOPHER)کە تایبەتە بۆ گەیشتن بە زانیارییەکان بە شێوەی لیستی ئامادەکراو داهێنرا.. لە ساڵی١٩٩٢وە لەلایەن دەزگای (SERN)کە دەزگایەکی ئەوروپایی یە بۆ توێژینەوە ئەتۆمی یەکان، بیرۆکەی (WWW)تۆری جالجالۆکەی جیهانی راگەیاندرا کە جیهانی کردە گوندێکی زۆر بچووک و لە ساڵی ١٩٩٤ ژمارەی بەشداربووانی گەیشتە ٢٥ ملیۆن بەکارهێن وبۆ ساڵی١٩٩٩ ژمارەیان گەیشتە (٧٥)ملیۆن بەکارهێن..

یەکەم: یەکێک لە شێوازەکانی خزمەت بە شارستانییەت و مرۆڤایەتی گەیاندن بە تۆری ئەنتەرنێت بوونی گروپە هەوالیەکان(News groups)ە کە زیاتر لە (١٥٠٠٠)ناونیشانی لەسەر ئاشنای یەکتر دەبن، جا هەن چالاکی و زانیاری و هەواڵ و دەنگوباسی یەکتر وەرئەگرن و بەیەکتری ئاشنا ئەبن،لەسەر تۆری ئەنتەرنێت بۆ ئەوەی بە ئاسانی بگەیتە گرووپە هەوالییەکان دەبێ بە (News server)دا تێپەریت بۆ ئەوەی کارەکەت بۆ ئاسان بکات و بە خێرایی وەلامت بدریتەوەو، بۆ بە ئەنجام گەیاندنی ئەم کارەش پرۆگرامیک ئەم ئەرکە جێبەجێ دەکات کە پێی دەگوتریت (News Readers)کە ئەوانیش لە (٢٠)بابەت پیک دیت و هەر بابەتیکیش لە چەندین بابەتی ناوەکی تر پیک دێت و سەرجەم هەوال و راپۆرت و ریپۆرتاژ ئەگریتەوە تاوەکو هاوینی ساڵی٢٠٠٠زیاتر لە (٤٠)ملیۆن بەکارهین زانیاری لەم گرووپە هەوالییەکان وەرئەگرن.

دووەم: دوای بەکارهینانی کۆمپیوتەر لە رۆژنامەگەری کوردیدا و داهینانی کورد نیت (KURDNET) بۆ کۆمپیوتەرەکانی نیو خۆی هەریمی کوردستان بە گرێ دانی هەردوو شاری(هەولیر و دهۆک و زاخۆ و ئاکرێ) ، بە شیوەکی ساکاریش بیت توانرا هەندیک سوود لەم تۆرە نیوخۆییە وەربگیریت بە تایبەتی بۆ گواستنەوەی هەوال و دەنگوباس ریپۆرتاژ بە ریگەی فاکس و پۆستی ئەلیکترۆنی و کوردنیت بگوازریتەوە کە بە خالیکی گرنگ دادەنریت

بوونی ژمارەیەک ناونیشان لەسەر تۆری ئەنتەرنیت بۆ رۆژنامەکانی هەریم بە تایبەتی

ڕۆژنامەی برایەتی و خەبات و کوردستانی نوی و ڕۆژنامەی بەهرا کە هاوپێچ ناونیشانەکانیان نووسراوە، ئێستا بەهۆی بەشداربوونی ڕۆژنامەکانی هەرێم لەگەڵ تۆڕی ئەنتەرێت و بوونی ناونیشانی تایبەت بە خۆیان ڕاستەوخۆ لە دەرەوەی وڵات بە هەڵدانەوەی لاپەرەی تایبەت بە ڕۆژنامەکان ئەتوانرێت ڕۆژ بە ڕۆژ ڕۆژنامەکان بخوێنرێنەوە و ئاگاداری پەیدا بکری هەموو چالاکییەکی ڕووی سیاسی هەرێم و بە هەمان شێوەش ئێمە ئەتوانین لەم تۆرە جیهانییە هەواڵ وەربگرین..پاش ئەوەی کۆمەڵێک ڕۆشنبیری دانیشتووی هەندەران گەڕاونەتەوە و کۆمپیوتەر و تۆڕی ئەنتەرێتیان هەیە، پێیان ڕاگەیاندووین کە زۆر بە رێکوپێکی و بە شێوەیەکی شارستانی ئەتوانن ڕۆژانە ڕۆژنامەکانی هەرێم بخوێنەوە و هەواڵیش بەهەمان ڕێگەوە دەربارەی چالاکییەکانی ئەوان بنێرن بۆ کوردستان و، لە کوردستانی دایک دانەبڕێن..گواستنەوەی جۆری پێشبردنی دۆزی ڕەوای گەلی کورد لە جۆرە کلاسیکییەکەی بۆ جۆرێکی زۆر پێشکەوتوو ئەمەیش بە بەکارهێنانی نوێترین تەکنەلۆژیای سەردەم..

گرنگترین ناونیشان لەسەر تۆڕی ئەنتەرنێت ئەمەی خوارەوەش گرنگترین ئەو ناونیشانە ڕۆژنامانەن کە هەرێم دەردەچن و ناونیشان و شوێنی تایبەتیان هەیە، وەک:ـ

١ـ لاپەرەی حکومەتی هەرێم: htt://www.krg.org

٢ـ ناونیشانی ڕۆژنامەی برایەتی: HTTP://WWW.BRAYETI.COM E-mail:brayati@axford.com

٣ـ ناویشانی هەفتەنامەی خەبات: http://www.kdp.pp.se/ Email:party @kdp.pp.se

٤ـ گۆڤاری رامان:-E-mail:kdppres@aol.com

٥ـ ناونیشانی ڕۆژنامەی بەهرا: http://hem2.passagen.se/bahra

٦ـ ناونیشانی ڕۆژنامەی میدیا: E-mail:yndkm@hotmail.com

٧ـ ناونیشانی گۆڤاری (العربي) کویتی:E-mail:alarabi@gulfweb.com

٨ـ ناونیشانی ڕۆژنامەی میدیا: E-mail:yndkm@hotmail.com

٩ـ ناونیشانی هەفتەنامەی یەکگرتوو: yakgirtonespaper@ yahoo.com

١٠ـڕۆژنامەی (الحياة): http://www:alhayat.com

١١ـڕۆژنامەی (الاهرام): www.ahram.org.eg E-mail:ahram@ahram.org.eg

١٢ـڕۆژنامەی (الشرق الاوسط): egitorial@asharqalawsat.com

١٣ـکوردستانی نوی: http:\www.puk.org

---

*مامۆستای کۆمپیوتەر
کۆلیژی دەرمانسازی

# دادگایی کردنی خەبات

# یەکەمین رۆژنامەی سیاسیی رۆژانەی کوردی



**عەبدوڵڵا زەنگەنە**

**بەشی یەکەم**

خەبات ئەو ناوە خۆش و سووک و سانایەی سەر زاران، هەر کاتەی ناویم گوێ لێ دەبێ ئەوەم بەبیر دێتەوە لە ناوەراستی شەستەکان مێرد منداڵ بووم، تازە چووبوومە دووی ناوەندی، واتە دووەم ساڵم بوو بەبێ ویست و ئارەزووی خۆم لە خوێندن بەزمانی باوو باپیران دابڕابووم و کەوتبوومە سەر خوێندن بەزمانی عەرەبی..! رۆژێکیان دراوسێیەکی چوار پێنج ماڵ خوارەوەترمان رۆژنامەیەکی بچووکم بەدەستییەوە دی دیار بوو بە خەتێکی سوور لە ناوەراستی پەڕەی یەکەمی نووسرابوو ـ خەبات ـ وەک یادکردنەوەی خوێندن بەزمانەکەمان لێم وەرگرت کە بیخوێنمەوە، دیار بوو ترس گرتی و هەر زوو ئاگاداری کردمەوە کەبە ئاشکرایی بەدەستییەوە نەگرم. پێم وایە هەر ئەو سەرەتایەش بووە دواتر وای لێکردووم زۆر لەسەر نهێنی پاراستنی خەڵک مکوڕبم و دواتر هەتا وای لێکردبووم ئەگەر رۆژنامەی حکومەتیشم بەدەستەوە ببینرێ تۆزێ لە خوێندنەوەی بە ئاگابم.

ئێستاش خولیای ئەوەم لەشوێنێک ئەو ژمارانەم دەست بکەونەوە کەئەو رۆژانە ئەم دەست و ئەو دەستیان دەکرد. بەم دوایی‌یەش کە دەستم دایە لێکۆڵینەوە لە سەر ناوەڕۆکی هەندێ گۆڤار و رۆژنامە کۆنەکان ـ دیارە ـ خەبات ـیش یەک لەم ناوانە بووە. خۆشبەختانە دەڵێم ئەویش لەبەر ئەوەبووە دەمێک بوو لێرەو لەوێ زۆربەی ئەو ژمارانەم دیبوون کەلە ساڵی ١٩٥٩ـ١٩٦٠ـ١٩٦١ بە ئاشکرایی دەرچووبوون، کاتێ ئەو ژمارانەم بینی و لاپەڕەکانیانم هەڵگێڕ وەرگێڕ کردن و خوێندومەتەوە، دەرکەوت مێژووی رۆژنامەکە زۆر لەوە فراوانترە تەنیا بە گێڕانەوەی بیرەوەری ئەم و ئەو بنووسرێتەوە، واتە مێژووی ئەم رۆژنامەیە بەچەند قۆناغێک دا تێپەڕیوە و هەر قۆناغەی دەکرێ لێکۆڵینەوەی تایبەتی خۆی لەسەر بکرێ و هەر بەهۆی رۆژنامەکەوە دەتوانرێ

چمکێکی فراوانی لاپەڕەکانی مێـــژووی نەتەوەکـــەمان هەڵبدرێتەوە.

لەم دواییانەش پێم وایە لە ساڵی ١٩٩٨بوو وتارێکم لـە رۆژنامـەی (برایـەتی) خوێنـــدەوە، دیـــار بـــوو نووسەرەکەی وای دەگێڕایەوە کـەژمارەکانی لەیـــەک لـــە کتێبخانـــەکانی ئـــەڵمانیا پارێزراون. ئومێدی خواستبوو، کەلەسەر مـایکرۆفیلم چـاپ بکرێـــن و بهێنرێنـــەوە کوردستان، ئەو کات زانیم ئەو خەزینەیەی من گەیشتوومەتە سەری و بەبێ ئەوەی بەدوایدا بچمە وڵاتانی تر وا بەهەوەستی خۆم هەڵگێر و وەرگێری دەکەم. بەڵام ئەوەندە هەبوو شوێنەکەی کەمێک دووربوو، بۆیە هەموو جارێ هەر زانیارییەکم لە بارەیەوە بویستبایە دەبا بچم مەسروفێکی چاکی لـێ بکـەم و هـەتا چەند لاپەڕەیەکی لـێ هـەڵبگرێتم. لاشتان سـەیر نەبێت ئەگەر بڵێم هەمووجار تا کارم بەژمارەکانی نـەدەما یـەکێک وەک حـەرەس بەدیارمـــەوە دادەنیشت، بۆیە ئەو کاتی بـیرم لـــەوەکردەوە بـــا هـەوڵێکی وابـدەم بـەبێ ئەوەی بۆی بچینە ئەڵمانیا ژمارەکـانی هـەر لێـــرە فۆتۆکۆپی بکرێن و لەچەند کتێبخانەیەک بپـارێزرێن. دیـار بـوو تـا ئێسـتاش لەبەرکاری لابەلا کەسێکی وا هەڵنەکەوتووە ئاورێک لەم کارە پیرۆزە بداتەوە. ئـەو زانیاریـیانـەی لێـرە دەنووسرێنەوە ئـەنجامی ئـەو هەوڵانەیـەو زۆریـش



ماموّستا ئیبراهیم ئەحمەد

لەوە فراوانترە کە بەبەشێک و دوان تەواو بن.
ئەوەی لێـرە دەیانووسمـەوە دەکـرێ لـــە دواڕۆژدا زۆر فراوانـتر بکرێن، ئەو کارەش دیارە بەبەدواداچوونی مـەیدانی دەکـرێ و هـەوڵبدرێ ئـەو کـەسانە ببینـرێن کەبەشـی خۆیان لە دروستکردنی ئەو مێژووە بەرکەوتووە.
هەقیش وایە ئەوەی هـەر زانیارییەک دەربارەیانەوە لـە سینگی ماوە بیانخاتە سـەر کاغەز، چونکە ئەوەی مـن تێبینم کـردووە ئەوانـەی دەربارەی ئـەم رۆژنامـەیان نووسیوە، بەشێکی زۆر کەمـە لـەمێژووە دوورو درێژەکەی بە تـەواو هـەقی خۆیان نەداوەتێ.
بەهـەر حـاڵ کـە تەماشـای لاپــەرە(١)ی رۆژنامەکە دەکەین دەبینین نووسراوە:
رۆژنامەیەکی سیاسی رۆژانەیە.
ژمارە(١)ی لە ١٩٥٩/٤/٤ بلاّوکراوەتەوە.
خاوەن ئیمتیـازو سـەرەک نووسـین: ئیبراهیم ئەحمەدی محامی
ناونیشـــان: شـــەقامی (المتنبی)
ئابوونـــە: لەهـــەموو شوێنێکی عێراق ٣،٠٠٠ دینار لـەدەرەوەی عێـراق ٣،٥٠٠ دینار
دانەی بە (٢٠)فلسە
لـــە چاپخانـــەی (النجاح)چاپکراوە
٨ لاپـــەرە، قـــەبارە تابلۆیدە.
سەروتاری ژمـارە (١)ی بەناونیشـــانی (لـــە



خەبات
جريدة يومية سياسية
صاحب الامتياز و رئيس التحرير
ابراهيم احمد المحامي
العنوان: بغداد - شارع المتنبي
الاشتراكات في انحاء الجمهورية: ... دينار
الاشتراك في خارج العراق: ... دينار
تلفون ٨٤٩٦٢
طبعت بمطبعة الرأي العـام

ئامانجــەکانمان) بــووە،(٣/١)ی لاپـــەڕە (١)و نیـــوەی لاپـــەڕە(٨)ی گرتـــووە و بـــەئیمزای خوالێخۆشبوو(هــەمزە عــەبدوڵڵا)ی ســکرتێری ئەوسای (پارتی)بووە.

وتارێکی تری(خاوەن ئیمتیـاز)دەبینرێ لـەژێر ناونیشـانی(سـڵاوی خـەبات بــۆ خۆشەویسـتی گەل)بووە، لەبری دەستەی نووسەران ئەو ئیمزای کردووە.

(کشانەوە لە پەیمانی بەغدا ئاواتێکی گەورەی کوردی هێنایە دی) وتارێکی خوالێخۆشبوو( نەژاد ئەحمــەد عــەزیز ئاغـــا )یــەو لەلاپــەڕەی(٨،١) بلاوکراوەتەوە.

ـ شیعری (شـینی پێشـەوا)کـە زووتـر لـە گەلاوێژی ساڵی (١٩٤٧) بڵاوکراوەتەوە، جارێکی دی لێرەدا هەر بەئیمزای (بلە) لەلاپەڕە چواری ئەم رۆژنامەیە شوێنی خۆی گرتــووە. دیـارە (بلــە)ش لەناوە نهێنییەکانی زووی خوالێخۆشبوو(ئیبراهیم ئەحمەد)بووە، شیعرەکەش بەبۆنەی بیرەوەری دوانزە ساڵەی هەڵواسینی قـازی محەمــەدی شــەهید دووبارە بلاوکراوەتەوە.

لەم رۆژنامەیەو هەر لــەم ژمارەیــەوە وادیـارە ویستوویانە بایەخێکی تایبەتی بەلاوان بدەن، هەر بۆیە زوو گۆشەیەکیان بەناونیشـانی (لاپــەڕەی لاوان)تــەرخانکردووە، وتـاری یەکــەمی تیــایدا بــەناوی (ئیجـازەی یــەکێتی لاوانــی دیموکراتــی کوردسـتانی عێـراق یەکێکـە لـە داخوازیــەکانمان) بووە.

دیارە هەر زوو کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەورووپا پاڵپشـتی هــەموو هــەنگاوێکی کومــاری عێراقیان کردووە. هەر بۆیە لەم ژمارەیەدا(گەلی کــورد پێشــمەرگەیە بــۆ پاراسـتنی جمهوریــەتی عێراق) نامەیــەکی لیژنــەی بــەڕێوەبردنی گشـتیی کۆمەڵــەی قوتابییــە کوردەکـــان لـــە (ئـــەورووپا) بلاوکراوەتەوە.

لەم رۆژنامەیــەدا هـەر لەسەرەتاوە ویسـتوویانە هەموو هونەرەکانی رۆژنامەنووسی تیـایدا رەنـگ بداتــەوە، ئــەوەتا (بەســەر هـــاتی پیلانـــە



خەبات

رۆژنامەیەکی سیاسی رۆژانەیە

ژمارە ١١١ ـ چوارشەمە ٢ی کانونی کەم (١٩٥٩) نرخی ١٤ فلس

خەبات داوا لە سیادەتی ئاکە پێشەوا ئەکات کە هێزە نیشتمانییەکان لەدەوری پەیمانێکی نیشتمانی کوبکاتەوە

لەکاتێکدا کە گەلی عێراق لەسەرتاسەری وڵاتدا ... کۆتەکانەوە بوجەژنی لەخەستەخانە دەرچوونی پێشەوای رزگارکەری وەهەموو بەبێ سەرەوت دەرچوونی پێشەوای زرگارکەری و ... بەبێ سەرەوت چاوەڕوانی ئەوکارانە ئەکەن کە

ژمارە (١١١) ئوا ژمارەی رۆژنامەکەیە بە زمانی کوردی و تا ئەو ژمارەیە (٤٢) ژمارەی بە زمانی کوردی دەرچووە.

گوناهکارانەکەی ـ ناسر ـ شــەواف لــە مووسـڵی نەبەز) ریپۆرتاژێکە(خەسرەو تۆفیـق) نووسیویەتی ئەویش یەکێک بووە لە ئەندامانی ئەو وەفدەی ئەو کاتە چۆتە مووسل و بەشداری لەو میهرەجانــەدا کردووە کە لــە ١٩٥٩/٣/٨، ئـەو هەرایـەی تیا روویدا کەلە نێو کوردەواری بە(هەرای شـەواف) بەناوبانگە..

ـ (مــەلا مسـتەفای بـارزانی پیرۆزبـایی لــە سەرۆک ئەکات) بروسکەیەکی پیرۆزبایی‌یە جەنابی بــارزانی بـەناوی خۆی وجــەنابی شــێخ ئەحمــەدی بارزانی برای بەبۆنەی کشانەوەی عێراق لە پەیمانی بــەغدا بــۆ پێشــەوای ولاتــی نــاردووە، لەگــەڵ بروســکەکەدا وێنەیــەکی دەگمــەنی(بــارزانی و عەبدولکەریم) بلاوکراوەتەوە و هەر لەم ژمارەیەش ، دیارە کە عێراق لە ١٩٥٩/٣/٢٤، لەم پەیمانـە کشاوەتەوە.

ئــەوەی لــەم ژمارەیــەدا زۆر ســەرنجی مـنی راکێشاوە ئەم ئاگاداریەیە:

(لەبەرنەبوونی چاپخانەیەکی تایبەتی داخمان ناچێ، کە ناتوانین هەموو رۆژێک ـ خەبات ـ دەربکەین بۆیە بە ناچاری هەتا ئەم تەنگو چەڵەمەی چاپە بەسەر ئەچێ رۆژی شەموان و سێ شەموان دەرئەچێ).

دیارە ئەو کات تا ئێستاش نەبوونی چاپخانەیەکی تایبەت لە عێراق جگە لەکوردستان هۆیەکی بەرچاوی دوا کەوتنی رۆژنامەنووسی کوردی بووە، ئەگەر هەرنا ئەو چاپخانانەی بلاوکراوە کوردییەکانیان چاپ دەکرد کرێکارەکانیان کوردی زان نەبوون. زۆر جار بووە هەموو چاپخانەیەک بلاکراوەی کوردی چاپ نەکردووە.

دیارە (خەبات)یش زووتر مۆڵەتی دەرچوونی دراوەتێ بۆیە رۆژنامەی (ژین) لە سەرەتای شوباتی ١٩٥٩ نووسیویەتی:

(وەزارەتی ئیرشاد ماوەی دا بەمامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد محامی کە رۆژنامەیەکی سیاسی هەموو رۆژێک دەربکات بەکوردی و عەرەبی بەناوی ـ خەبات ـەوە و خۆی سەرەک نووسەری بێت، بێگومان دەمێکە چاوەرێی دەرچوونی ئەم رۆژنامەیە ئەکەین وە هیوامان وایە بەم زووانە دەربچێت. چونکە پێویستمان بەرۆژنامەی وا هەیە کە خزمەتی گەلەکەمان بکات)

هەر(ژین) هەفتەی دواتر نووسیویەتی:

( رۆژنامەی ـ خەبات ـ کەسەرەک نووسەری مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەدە بەدەستەوەیە کەلەم رۆژانەی دواییدا دەربچێت و ئێستا خەریکی رێکخستنی کاروباری چاپکردنێتی)

ئێمەش لە شوێنێکی دی خوێندوومانەتەوە کەلەبەر تەنگوچەڵەمەی چاپ تا کۆتایی ئاداری ١٩٥٩ (خەبات) دەرنەچووە.

دیارە رۆژنامەی (ژین)ی ئەوسا هەواڵی دەرچوونی ـ خەبات ـ ی زۆر لاگرنگ بووە بۆیە جارێکی دی نووسیویەتی:

(ئەو جووتە ئەستێرەی چاوەروانتان ئەکرد لە ئاسۆی کوردستانی خۆشەویست هەڵبێت مژدەتان لێبێ بەم زووانە پرشنگیان پەخش ئەبێتەوە. سەرەک نووسەری خەبات مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد وەسەرەک نووسەری رزگاری مامۆستا ساڵح حەیدەرییە).

چەند هۆیەکی تریش هەبووە وای کردووە رۆژنامەکە تا کۆتایی لە دەرچوون بە زمانی کوردی بەردەوام نەبێ، ئەگەر لەم بەشەی بابەتەکە جێگەی بووەوە یەک بەیەک دەیانژمێرین.

ژمارە(٢) لەچوار شەممە ٨ی نیسانی ١٩٥٩ دەرچووە (١٠)لاپەرەیە.

ئەوەی لەم ژمارەیە زۆر سەرنج رادەکێشێ بانگێکی پارتییە بەناونیشانی (بانگی پارتی دیموکراتی یەکگرتووی کوردستان لە ناوچەی کەرکوک) دەربارەی بەرگری گەل.

ژمارە(٣)ی لە رۆژی هەینی (١٧)ی نیسانی ١٩٥٩ دەرچووە.

بەڵام ژمارە(٤)ی کەوتۆتە رۆژی چوارشەممەی ٢٢ی نیسانی ١٩٥٩.

ئەو ژمارەیە زۆربەی بابەتەکانی تایبەت بووە بەریپۆرتاژو هەواڵ وچالاکی دەربارەی گەرانەوەی




ژمارە (١٦٧) یەکەم ژمارەیە لەناو تەرویسەکەی نووسراوە (لسان الحزب الديمقراطي الكردستاني)،
لەبەر ئەوەی تا ئەو کاتە ئیمتیاز هەر بە ناوی (ئیبراهیم ئەحمەد محامی) بووە.
دیارە ئەو کاتە یاسا رێگر بووە، بۆیە دواتر دەیاننووسی (جريدة الحزب الديمقراطي الكردستاني)
تا ئیمتیازەکە بە رەسمی خرایە سەر ناوی (پارتی).

یاوەرانی بارزانی کەلە ڕێگەی بەسرەوە گەڕاونەتەوە. هەر لەژێر ناونیشانی (بەخێر بێنەوە قارەمانانی ڕێگەی ئازادی) کەلە ڕۆژنامەکە بڵاوکراوەتەوە.

هەر لەم ژمارەیەدا لەبری (سەروتار) بەناونیشانی (وتاری تێکۆشەری ناسراو مامۆستا بارزانی). بەبۆنەی گەڕانەوەی یاوەرانی بەرچاو دەکەوێ.

لە هەمان ژمارەداو بە هەمان بۆنە بەناونیشانی (وتەی تێکۆشەر هەمزە عەبدوڵڵا هاوکاری نێوانی عێراق و یەکیەتی سۆڤیەت ئەکەینە بنکەی دارشتنی ژیانێکی بەختیار) بەرچاو دەکەوێ.

لاپەڕەکانی تری ئەم ژمارەیە هەمووی تەرخانکراون بۆ هاتنەوەی بارزانییەکان.

ژمارە(٥) لە (١)ی ئایاری ١٩٥٩ دەرچووە. ئەوانەی مێژووی (پارتی دیموکراتی کوردستان) دەنووسنەوە بابیر لەم مانشێتە سەرەکییەی ڕۆژنامەکە بکەنەوە کەلەم ژمارەیە نووسراوە: **(سلاومان بۆ چینی کرێکاری عێراق و پێشڕەوەکەی).**

ئەوە جگە لەوەی هەر لەم ژمارەیەدا وتارێک بەناونیشانی (سلاوی پارتی دیموکراتی یەکگرتووی کوردستان بەبۆنەی جەژنی کارگەرانەوە) دەبینرێ کەبەشێکی لاپەڕە(٥،١)ی داگیرکردووە.


خەبات
النضال
جريدة يومية سياسية
(جريدة الحزب الديمقراطي الكردستاني)

(٣) حول شعار تحيا الامة العربية المجيدة

لماذا نؤيد الوحدة العراقية الصادقة ؟

**ئەم ژمارەیە چوار ڕۆژ بەر لە کۆنگرەی (٥)ی پارتی دیموکراتی کوردستان بڵاوکراوەتەوە، بتۆرە سەروتارەکەی بە (٣) ئەلقە بڵاوکراوەتەوە، ناوەرۆکی ڕۆژنامەکە زۆر وتاری بەم مانایەی تێدا بڵاوکراوەتەوە.**

سەروتاریش لەژێر ناونیشانی (بەبۆنەی کۆنگرەی یەکەمی جووتیارانی عێراقی لە بەغدا) لەلاپەڕە (١،١٠)بووە.

جگە لەوە هەر لەم ژمارەیەو لەلاپەڕە(٨)دا سوپاسنامەیەک بەناونیشانی(برا بارزانی یەکان سوپاسی ڕێکخراو و نەقابە و کۆمەلانی گەلی بەشەرەفی عێراق ئەکەن لە ڕێکەوتی ١٩٥٩/٤/١٨ بە ئیمزای (دڵسۆزتان مستەفا بارزانی) بڵاوکراوەتەوە.

ژمارە(٦)ی لە ڕۆژی (٨)ی ئایاری ١٩٥٩ دەرچووە.

یەکەم ژمارەی ڕۆژنامەکەیە بەزمانی عەرەبی دەرچووە. مانشێتی سەرەکی لەژێر ناونیشانی (بيان الحزب الديمقراطي الموحد لكردستان العراق - پارتی -)بووە.

سەر وتارەکە هەمان وتاری سەرەکی ژمارە کوردییەکەیەو بەناونیشانی (من اهدافنا)بووە. دیسان بە ئیمزای خوالێخۆشبوو(هەمزە عەبدوڵڵا) بڵاوکراوەتەوە.

هەر لەم ژمارەیەدا وێنەیەکی دەگمەنی عەبدولکەریم قاسم کە ئیمزای خۆی لەسەرە نووسراوە: (هديتي إلى الجريدة الحرة خەبات العاملة في خدمة الجمهورية العراقية الخالدة مع تمنياتي)دەبینرێ هەر لەژێرەوەی وێنەکە بەناونیشانی (تحيه خەبات الى زعيم البلاد)بە

ئیمزای خوالێخۆشبوو (ئیبراهیم ئەحمەد)ە لەبری (عن هیئة التحریر) بلاوکراوەتەوە.

لەم ژمارەیە و ژمارەکەی دواتری کەلە رۆژی هەینی ١٥ی ئایاری ١٩٥٩ هەر بەزمانی عەرەبی دەرچووە چەند بابەتێکی سەرنج راکێش دەبینرێ دەکرێ لێکۆڵینەوەی تێرو تەسەلی بۆ نووسینەوەی مێژووی (پارتی) لەم رۆژە ناسکانەدا لەسەر دابرێژرێ.

ژمارە(٨) لە رۆژی هەینی ٢٢ ئایاری ١٩٥٩ دەرچووە.


وجوب تثبیت حقوق الشعب الکردی
الثابتة فی سیاسة وزارة المعارف

فاجعة کردستان

خەبات
النضال

کیش بستفیل

شجب الاستعمار لمحاولاته اشاء

وجوب تثبیت حقوق الشعب الکردي
في سياسة وزارة المعارف

رۆژنامەکە زۆر سووربووە لەسەر خوێندن بەزمانی کوردی، ئەو کاتە تازە کارەساتێك لە (بارزان) قەومابوو، لەو نێوەدا لە کارەساتێکی دڵتەزێن شێخ سادقی بارزانی گیانی خۆی لە دەست داوە.

جارێکی تریش دەبینین رۆژنامەکە بۆتەوە کوردی.

لەم ژمارەیەشدا وتارێک بە ئیمزای (ئەیەز)و بەناونیشانی (ئیجازەدان بەحیزبە خەباتکەرەکان و بەشداریکردنییان لە حوکما ئامانجێکی ئێستای چینە نیشتمانی یەکانی گەلە).

ئەو وتارە ئەوەمان بیردێنێتەوە کەلەم چەند ژمارانەی دەرچوون رۆژنامەکە بەبەردەوامی داوای (ضروره اشتراک الحزب الشیوعی العراقی فی الحکم)ی دەکرد و زۆر بروسکە و داواکاری وا دەبینرێ و وای نیشاندەدا کە پارتی کۆمۆنیستی عێراق بەشداری لە حوکم بکا.

لە بروسکەیەکا بەناوی (١٠) لە مامۆستایانی زانکۆ و دکتۆرەکانی عێراق ناوی (دکتۆر ئەحمەد عەلی عوسمان) دەبینرێ.

ژمارە(٩)ی لە رۆژی هەینی ٢٩ی ئایاری ١٩٥٩ دەرچووە.

لەم ژمارەیەدا هەواڵی ئەوەی بلاوکردۆتەوە کە رۆژی شەمموی ٣٠ ئایاری ١٩٥٩ وەفدێکی گەلی ئەچێ بۆ وڵاتە عەرەبەکان لەنێوانیشیاندا ناوی خوالێخۆشبوو (ئیبراهیم ئەحمەد) هەیە. دیارە بە دواداچوونی ئەم هەواڵەش گرنگی تایبەتی خۆی هەیە لەسەر ئەو گۆڕانکاریبانەی دواتر لەسەر ئاستی سەرکردایەتی بە سەر مێژووی (پارتی)دا دێ، بە تایبەتی ئەگەر ئەوە بێنینەوە بەرچاومان ناوبراو بەم دوایی یە لەچاو پێکەوتنێکی کە لە نامیلکەی (چوار سەعات لەگەڵ ئیبراهیم ئەحمەددا) بلاوکراوەتەوە وای نیشان داوە گوایە ئەو ئاگای لەم گۆڕانکاریبانە نەبووە کەلەسەر ئاستی سەرکردایەتی لە کۆتایی حوزەیرانی هەمان ساڵ بەسەر زیانی پارتیدا هاتووە چونکە ئەو کات ئەو لەسەرووی ئەفریقا بووەو ئەو هەواڵەی بەرادیۆ بیستووە کەچی لە نووسینەکانی دواتری ناوبراو لەرۆژنامەکە دیارە کەهێرشی بردۆتە سەر ئەو کەسانە کەئەو کات لە پارتی دەرکراون.

لەم چەند ژمارەیە زۆر هەواڵ و دەنگوباس و بەیاننامەو چاوپێکەوتن و وتاری دی دەخوێنینەوە کە هەر هەموویان پەیوەندییان بە هاتنەوەی بارزانییەکان و باخی بوونی شێخ رەشیدی لۆلان و دامرکاندنەوەی و، یەکگرتنی لاوان و گەنجان و یاسای یەکێتی گشتیی کۆمەڵەی جووتیاران و دەقی (میثاق التعاون بین الحزب الشیوعي العراقي والحزب الدیموقراطي الکردستان الموحد والقوی الوطنیة في الکردستان العراق) دەبینرێ، دەقەکە ئیمزای رێکەوتی ١٠/١١/١٩٥٨ی بەسەرەوەیە.

هەواڵنامەی کتێب

ژمارە(١٢) لـەرۆژی سێشـەم لـە ١٦ی حوزەیرانـی ١٩٥٩ دەرچووە، بـەزمانی عەرەبیـە، تەنیا(٤) لاپەڕەیە. لە دوا لاپەڕەیدا ئاگاداربیەکی سەرنج راکێش دەخوێنینەوە کە بەتەمان ژمارەیەکی تایبـەتی بەبۆنـەی یـادەوەری شـەهیدانی (١٩)ی حوزەیرانی ١٩٤٧ بلاّودەکەنەوە.

بـەلاّم وەک دەبینـین ئـەو ژمـارە تایبەتییـە ژمارە(١٣)یـەو کەوتۆتـە (٦)ی تـەمموزی ١٩٥٩ وەک سەیر دەکەین بەراستی ژمارەیەکی تایبەتییەو بە(١٦)لاپەڕە دەرچووە نرخەکەشی(٤٠)فلسە بەلاّم ئـەوەی زۆر سـەرنجی مـنی راکێشـاوە دوو نـاو نیشان بووە یەکـەمیان(سلاّوی شەهیدەکان )کەلـە رزگـاری ژمـارە ١٧و١٨ی سـالّی ١٩٤٨ەوە وەرگیراوە تیایدا دەلّیّ:(سلاّوێک لـە گردەکـانی کوردستـانەوە کـەبۆنی خۆشی قارەمانییـان لیدێت. سلاّو لـە هاورێ پالّ کـەوتووەکانمان لەسەر گـردی سەیوان‌و لە ژێر سێبەری سنەوبەر لە ئامێدی و لە دەشتی هەولێر. گۆرچەی ئازادیخوازان مستەفا خۆشناو و محەمەد مەحمود و عـیزەت عەبدولعـەزیز و خەیرولّلا عەبدولکەریم. سلاّو لـە هـەموو ئەوانـەی بۆ ئـەو لاشە پاکانەی راکشاون لە نێو خـاکێک کـە خـۆلیّ بەسـەر بـەغداو نەجـەفی پـیرۆزدا پـەخش بـووە، سـلاّو لـە موستەفای بـارزانی سـەرکی ئازادیخوازانی کوردستانەوە بۆ ئێوە ئەی شەهیدانی ئازادی و نیشتمان.

ژیانی خۆتان کردە قوربانی ئـەو نیشـتمانەی زۆردار خـەریک بـوو زەلیلـی بکـاو بیخاتـە ژێـر پێیـەوە. ئێـوە رزگارتان کرد لـە کەسـاسی و شوورەیی و کەرامـەتتان بـۆ گـەڕاندەوەو گەیاندتانـە ئاسمانێک کە رۆژهەلاّتی چەوساوەو ژێر دەست چاوی بڕیبووە رووی گەشی و بەر پێی خۆی پـێ روناک ئەکردەوە بۆ وردو خاش کردنی پێوەندەکانی وە بۆ داکەندنی ئەو قورساییەی خرابووە سەری تا ئەویش روونـاک بێتـەوە وەک رونـاکی عێراقـی شـۆڕش کـەر، کەرامـەتدار بێـت وەک کەرامـەتی نیشتمانی شەهیدان.

خوێـنی گەشـتان لـە ئاسمـانی نیشـتمانا دەدرەوشایەوەو هـەتا هەتایـە تیشـکی سـووری ئەهاوێژێتە ناو گەل بۆ ئـەوەی رێی راستی نیشان دات.

ئێوە تێپەڕین ئێمە لە دواتانین. روو سووری بۆ ئێوەیە لە ئاسمانە بەرزەکانتان.

مان بۆ نیشتمانەو کامەرانی بۆ گەل))

وابزانم لەگەلّم دان ئەگەر هەموو جار دەلّێم داخ بۆ ئەو لاپەڕانە دەخۆم ئاوەها بەم شێوەیە بە چەند دێڕێک لایەکی مێژووی میللەتەکـەمانیان تۆمـار کـردووەو ئێسـتا دیـارنین، یـان نـازانین لـە کـوێ حەشاردراون.

ناونیشـانی دووەم (لێبـوردن)ێکـە بـە ئیمـزای (خەبات) نووسراوە:

((لەبـەر ئـەوەی ژمـارەی ئـەمجارەی رۆژنامەکـەمان دوا کەوت بەهۆی چەند شتێکەوە، تکا لە برادەرە خوێنەوارەکانمان ئەکـەین کـە لێمان ببوورن وە ئێمەش بەلێنیان ئـەدەینێ کـە جـارێکی تـر دوا کـەوتنی وا روونـەدات وە ئـەمجارەش لـە بری دواکەوتنەکـە لاپـەڕەکانمان زۆرتر کرد بۆ ئەوەی جێی ئەو دواکەوتنە بگرێتەوە)).

ئەو (چـەند شـتێکەوە)یـە مەبەستی ئەو جوولاّنەوە دەست و بردە بووە کە کۆمـەلّێک لـە کـادیرانی ئەوسـای (پـارتی)



یەکێک لە گۆشە دیارەکانی رۆژنامەکە بەناونیشانی (یومیاتی) بووە. پێوت واتە بەڕێز جەلال تالەبانی دەینووسی، لە گۆشەی ئەم جارەی وا دیارە مەرگی (شێخ سادق بارزانی) لاوانەوە.

لەگەڵ جەنابی مەلا مستەفای بارزانی لە ناو حزبەکە کردوویانەو تیایدا چەند ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی یان لە ناو سەرکردایەتی وەلا ناوە. دیارە ئەو رووداوە لە شەوی ١٩٥٩/٦/٣٠ روویداوە وەک لەپێشەوە دیاریمان کردووە خوالێخۆش بوو (ئیبراهیم ئەحمەد) بەم دواییە خۆی لێ‌بێ ئاگا نیشانداوە. ئەو کادیرانەی دوور خراونەتەوە ئەو زاتانە بوون: هەمزە عەبدوڵڵا، ساڵح حەیدەری، نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا، خەسرۆ تۆفیق، حەمید عوسمان.

ئەوەی سەرنج رادەکێشێ ئەو چوار ناوە رۆژی ١٩٥٩/٦/٢٨ لەتەک ئەندازیار نوری شاوەیس و پارێزەر شەمسەدین مفتی و سەبغەتوڵڵا مزوری (پەیمانی بەرەی یەکگرتووی نیشتمانی)یان لەگەڵ پارتی کۆمۆنیستی عێراق مۆرکردبوو.

ژمارە(١٤)ی هەر دەڵێی بە تەگبیرکردن خراوەتە رۆژی (١٤)ی تەمووزی ١٩٥٨.

مانشێتی سەرەکی بەناونیشانی (هەر بشەکێتەوە ئاڵای ١٤ی تەمووزی پیرۆز) بووە.

سەروتاری ئەم ژمارەیە بەناونیشانی (چوارەی تەموزو سەربەستییە دیموکراتییەکان) بووە.

وتارێک بەناونیشانی (هەستی تێکۆشەری بەناوبانگ بارزانی و شۆرشی گەلاویژ) بلاوکراوەتەوە.

لەم ژمارەیەدا (بروسکەی بارزانی مستەفا بۆ سیادەتی قارەمانی تاقە پێشەوا عەبدولکەریم قاسمی بەرێز) دەبینرێ.

هەر لەم ژمارەیەدا بۆ یەکەم جارە ژمارەی تەلەفۆنی رۆژنامەکە دەردەکەوێت کە(٨٤٨٦٢) بووە.

وا پێدەچێ رۆژنامەی (بەغدا) جەنابی (بارزانی مستەفا)ی زۆر توورەکردبێت بۆیە (روونکرنەوە)یەکی بە ئیمزای جەنابی (بارزانی مستەفا) لە لاپەرە ٧ نووسیوە.

لە هیچ کام لە ژمارەکانی رۆژنامەکەدا هەواڵی گەڕانەوەی خوالێخۆشبوو (ئیبراهیم ئەحمەد) رانەگەیەنراوە، بەلام واپێدەچێ ئەو ماوەیە گەرابێتەوە، بۆیە بە ئیمزای خۆی و (لە جیاتی دەستەی نووسەرانی خەبات) بروسکەیەکی بەناونیشانی (سیادەتی سەرۆکی ولات عەبدولکەریم قاسمی بەرێز) لە لاپەرە (٢)دا نووسیوە.

ژمارە (١٥)ی لە رۆژی (٢١)ی تەمووزی ١٩٥٩ دەرچووە تا ژمارە (٢٤)ی لە (٢)ی ئابی ١٩٥٩ یەک لە دوای یەک جگە لە رۆژانی شەموو کە پشووی رەسمی رۆژنامەکە بووە رۆژانە بلاوکراوەتەوەو (١٠) ژمارەیەکی لێ بەم شێوەیە بووە یەک ژمارەی بە زمانێکی تر لە نێوان نەبووە.

ژمارە ١٣ لە ١٩٥٩/٧/٦
ژمارە ١٤ لە ١٩٥٩/٧/١٤
ژمارە ١٥ لە ١٩٥٩/٧/٢١
ژمارە ١٦ لە ١٩٥٩/٧/٢٢
ژمارە ١٧ لە ١٩٥٩/٧/٢٣
ژمارە ١٨ لە ١٩٥٩/٧/٢٤
پشوو ١٩٥٩/٧/٢٥
ژمارە ١٩ لە ١٩٥٩/٧/٢٦
ژمارە ٢٠ لە ١٩٥٩/٧/٢٧
ژمارە ٢١ لە ١٩٥٩/٧/٢٨
ژمارە ٢٢ لە ١٩٥٩/٧/٢٩
ژمارە ٢٣ لە ١٩٥٩/٧/٣١
ژمارە ٢٤ لە ١٩٥٩/٨/٣

وەک دەبینین (١٢) ژمارەی رۆژنامەکە یەک لە دوای یەک بەزمانی کوردی دەرچووەو نزیکە (٨) ژمارەیەکی لێ رۆژانە دەرچووە.

تەنانەت لە ژمارە (٢١)ی رۆژنامەکە کە بە رۆژانە دەردەچوو وایان زانیوە لە تاقیکردنەوەکە سەرکەوتوو بوون، بۆیە ئابوونەکەی لە هەموو شوێنێکی عێراق کراوەتە (٥) دینار و بۆ دەرەوەی (عێراق)یش کراوەتە (٥,٥٠٠)دینار، دانەی بە (١٤) فلس بووە.

بەلام ژمارە (٢٥)ی کە لە رێکەوتی ٥ی ئابی ١٩٥٩ دەرچووەو بەهەڵە (٥)ی تەمووزی لەسەر

هەواڵنامەی کتێب

نووسراوە جارێکی تر دەبینین ئەو ژمارەیە بە عەرەبی بووەو بە (٤) لاپەڕە دەرچووە.

دوای ئەم چەند ژمارە کوردیە ئەمجارە تاقی کردنەوەی ژمارەیەک بە عەرەبی و ژمارەیەک بە کوردی رۆژانەو ناوە ناوە دووبارەکراوەتەوە.

ئەو گوربس کێشەکێی نێوان کوردی و عەرەبییەکە تا ژمارە (١١١)ی لە ١٩٥٩/١٢/٢ بەردەوام بووە، ئەوەی لە نێوان ژمارە کوردی و عەرەبییەکان سەرنج رادەکێشێ هەر وتارێک دەربارەی هەر بابەتێکی هەلایساوی ئەوکات و مێژوویەکی گرنگ کە لە ژمارە کوردییەکان بلاو دەکرایەوە لە ژمارەی دواتری عەرەبی رۆژنامەکە بە هەمان زنجیرە شوێنی خۆی دەگرت یان بەپێچەوانەوە.

دیارە زۆر هۆو هۆکار هەبوون لێ نەگەڕاون رۆژنامەکە بە زمانی کوردی بەردەوام بێت.

پێشتر باسی کێشەی چاپخانەمان کردووە.

لە ژمارە (١٩٦)ی رۆژی هەینی (٨)ی نیسانی ١٩٦٠ بە بۆنەی ساڵیادی رۆژنامەکە سەرنووسەرەکەی قسەی بۆ رۆژنامەکە کردووەو باسی ئەوەی کردووە کە کێشەی چاپ و نەبوونی پیتکاری وا کوردی بزانن هۆی ئەوە بووە رۆژنامەکەی چیتر بە کوردی بلاونەکردووەتەوە.

بەلام لە ژمارە (٤١٠)ی رێکەوتی پێنج شەممە ١٩٦٠/١/١٩ ساڵی دووەم لە وەلامی پرسیارێکی مەهدی سێکانی دەربارەی دەرنەچوونی رۆژنامەکە بە زمانی کوردی، نووسراوە:

**(ان أسباب عدم صدور خەبات باللغة الكردية فانها تعود إلى تعدد اللهجات في كردستان بالدرجة الأولى والى خطة الحزب الرامية إلى توضيح قضايا و مشاكل الشعب الكردي إلى اخواننا العرب في العراق و خارجه بالدرجة الثانية).**

باسی ئەوەش کراوە کە (پارتی) داوایەکی داوەتە لایەنە پەیوەندیدارەکان کە ئیمتیازی رۆژنامەیەکی رۆژانەی بەزمانی کوردی بەناوی (کوردستان) بدەنێ دواتر کە ئیمتیازی ئەو رۆژنامەیە دەرچووە هەر پێنج ژمارەی تاقیکردنەوەی لێ بلاوکرایەوەو ئەمیش وەکو (خەبات) دواتر رێی لێ گیراو ئەو تاقیکردنەوەیەش سەری نەگرت.

**ئا لێرەدا دەردەکەوێ رۆژنامەی (خەبات) یەکەم رۆژنامەی رۆژانەی رەسمی کوردیەو هەوڵیشی بۆ دراوە کە بە کوردی بە بەردەوامی رۆژانە دەربچێ،** بەلام دیارە ئاستەنگەکان بە گوێرەی بارودۆخی ئەوکات زۆر بەهێزتر بوون. لە ساڵی (١٩٦٨)


البارزاني يجدد للزعيم تأييد حزبنا

للموقف المشرف في مفاوضات النفط

برقية رئيس حزبنا الى الزعيم الامين

خەبات

النضال

جريدة الحزب الديمقراطي الكوردستاني

همرشولد يرجيء زيارته

لاتحاد جنوب افريقيا

جەنابی بارزانی پاڵپشتی حکومەتی کردووە لە دانووستانیدا دەربارەی بەشی عێراق لە نەوت.

دووەم تاقیکردنەوەی بە کوردی دەرچوونی ڕۆژنامەیەک بە ناوی (برایی) لە لایەن پارتی یەوە دەستی پێکرد، تەنانەت ڕۆژنامەکە خۆیشی لە یەکەم ژمارەی دەرچوونی ڕۆژانەی ڕایگەیاندبوو (برایی ڕۆژانەیە) و شانازیشی بەوە کردبوو، که بۆ یەکەم جارە کاری وا دەکرێ.



تحية الى مؤتمر الطلبة الاكراد في اوربا

خەبات

النضال

زيارات ومقابلات سيادة الزعيم الامين

تقترح حلا جديدا لمشكلة الجزائر

وەك لە ناوەڕۆکی باسەکەمان نووسیومانە ڕۆژنامەکە نێوانی لەگەڵ کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا خۆش بووە. هەموو هەواڵ و دەنگوباسێکی بڵاوەکردنەوەو بە کۆمەڵی عێراقی و کوردستانی ڕادەگەیاند.

ئەوەبوو ئەمیش بە (٢) لاپەڕە (٦٦) ژمارەی ڕۆژانەی لەگەڵ ژمارە عەرەبییەکانی بڵاودەکرایەوە تاقیکردنەوەیەکی تری (برایەتی) ئەوەبوو لە ١٩٧٤/١/١ ژمارە (سفر)ی بە ڕۆژانە دەستی بە بڵاوکردنەوە کرد. ئەگەر لێم قبوڵ بکرێ دەڵێم ئەم **تاقی کردنەوەیەش سەری نەگرت و بووە قوربانی هەڵەیەکی ئیداری کارمەندانی ئەوسای ڕۆژنامەکە،** چونکە بەبێ وەرگرتنی مۆڵەتی یاسایی ڕۆژنامەکەیان دەرکردبوو، دوای دەرچوونی (٢٧) ژمارە بە (سفریشەوە) ئەم تاقیکردنەوەیەش بە **تەلەفۆنێکی کارمەندێکی وەزارەتی ڕاگەیاندن زیندە بە گۆڕ کراو بەس،** دواتر شەڕی کورد ـ حکومەت دەستی پێکرایەوەو نێوان کوردو حکومەت ئەوەندە خۆش نەبوو تا وا بە ئاسانی مۆڵەتی یاسایی ڕۆژنامەیەکی ڕۆژانە بدەنە کورد. زۆر سەربردەو قسەی نەستەق هەن لە جەنابی ڕەحمەتی مەلا مستەفای دەگێڕنەوە، جارێکیان خۆی و پێشمەرگەکانی شەو لە بەرامبەر یەک لە شارەکانی کوردستان (بەبیرم نەماوە، شارەکە سلێمانی، ڕانیە، قەڵادزێ، یا کۆیێ بووە) دانیشتبوون ئاگری دووری، دەروونی هەندێکیانی گەرم کردبوو، دەڵێن با بچین هەر ئەم شەو ئەو شارە ئازاد بکەین. جەنابی (بارزانی)ش دەڵێ، جا ئەوە چووین و ئازادمان کرد، چ دەبێ، دەبینە حکومەت. چەند ڕۆژ ئیدارەی ئەو شارەمان پێ دەکرێ، ئایا کە ئازادمان کرد دوای دوو سێ ڕۆژی دی بەرگریمان بەرامبەر بە حکومەت پێ لێی دەکرێ؟ ئەوجا ئەو پیاوەی قسەکەی کردبوو پەنجەی خۆی گەستبووەوە و زانیبووی هۆی سەرکەوتنی ئەو پیاوەو هۆگربوونی خەڵک بۆی لەبەر چییە..!!

ئەو سەربردەیەم بۆیە گێڕایەوە دیارە لە گفتوگۆیەکم لەگەڵ برادەرێکدا دەیەویست وام تێبگەیەنێ لەبەر ئەوەی ڕۆژنامەکە مۆڵەتی یاسایی لە ڕژێمی (بەعس) وەرنەگرتووەتەوە دەها باشتر ئەوە دەبێتە شانازی، دیارە من ئێستاش هەر لەسەر قسەکەی خۆمم دەڵێم خۆزگە کورد ئەو چەند ڕۆژە بەم شێوەیە نەچووبایە کەرکوک تا قەڵاتەکەیشی ئاوا خاپوور و وێران نەکرایە، بە بەردەوامی لە دەزگاکانی ڕاگەیاندنی خۆمان بەم دواییە گوێ بیستی ڕزگارکردنی ئەو چەند ڕۆژەی شارەکە دەبین کە شانازی پێوە دەکرێ و بەڵام هەر هەمووشمان چاو لەم هەموو خاڵە ڕەشانە دەپۆشین کە لەوساوە تاوەکو ئێستا لەوێ تۆمارکراون. دەربارەی ڕۆژنامەی (برایەتی)ش هەروا، با مۆڵەتە یاساییەکەی وەرگیرابا و ئەوسا خوای دەکرد، لە دەست هەر کێ دەبوو. دە کەواتە برایانم لێگەڕێن با ڕووداوەکانی مێژووتان بەراست و دروستی تۆمار بکرێ، ئەوسا دەزانن چەندان شانازی میللەتەکەتان تا ئێستاش تۆمار نەکراون، دیارە ڕۆژانە بوونی (خەبات) وەک یەکەم

رۆژنامەی رۆژانەی کوردی یەک لەم شانازییانەیەو لەبەر هەر هۆیەک بووبێ وا لە بیر کراوە.

ژمارە (٧٢)ی لە رۆژی دووشەممە (٥)ی تشرینی یەکەم ١٩٥٩ دەرچووە.

ژمارە (٧٣) لە رۆژی هەینی (٩)ی تشرینی یەکەم دەرچووە.

خوێنەران وەک دەبینن لە نێوان هەردوو ژمارەکە (٣) رۆژیان لە نێواندا هەبووە، دیارە ئەوەش لەبەر ئەوە بووە کارمەندانی خەریکی کاروباری کۆنگرەی (٤)ی (پارتی) بوون. ئەوەی سەرنج رادەکێشی ژمارە (٧٣)یەکەی (٦) لاپەڕەیەو هەتا لە ژمارەکانی دواتریش تادوای کۆنگرەی پێنج بەتاقە وشەیەکیش باسی ئەو کۆنگرەیەی نەکردووە، ژمارەکە زۆربەی ناوەڕۆکەکەی دەربارەی ئەو تەقەلێکردنەیە کە لە کاتژمێری (٦،٥)ی ئێوارەی ١٩٥٩/١٠/٧ لە عەبدولکەریم قاسم کرابوو.

ژمارە (٧٥)ی تاقە ژمارەیە لە چاپخانەی (بەغدا) چاپکراوەو بە (٤) لاپەڕەیەو قەبارەکەی لە جاران گەورەترکراوە، هەر ئەو تاقە ژمارەیەش پێموایە تەنیا دانەیەکی لە هەموو کوردستان هەیەو ئەمیش لە پرسگەکەی دەزگای رۆژنامەگەریی (برایەتیو خەبات) لە چوار چێوە گیراوەو بە دیواردا هەڵواسراوە.

ئەوەی سەرنج رادەکێشێ ئەم رۆژنامەیە هەر لەدوای کارەساتی (کەرکوک)ەوە لە ١٤ی تەمموزی ١٩٥٩ خۆی لەناو هێنانی هەر حزبێک کە ئەوسا لەسەر گۆڕەپانی ولات هەبووە بەدوور گرتووە. تەنانەت لەبری ناوی (پارتی)ش، هەر نامەو نارەزایی و پشتگیرییەکی بلاو کرابێتەوە بەناوی (نووسینگەی خەبات) بووە.

لە وتارێکی بەناونیشانی (جیابوونەوە درۆیەکی ئیمپریالیستییە) کە لە ژمارە (٧١)ی یەکشەممە رێکەوتی ٤ی تشرین یەکەم ١٩٥٩ بلاوکراوەتەوە لە ناوەڕۆکەکەیدا ئاماژەی بۆ بیرخەرەوەیەکی (پارتی دیموکراتی یەکگرتووی کوردستان) کردووە کە لە (١٩٥٩/٩/١١) پێشکەش بە (تاقە پێشەوای ولات) کراوە و چەند بڕگەیەکی لە بیرخەرەوەکە ئاخنیوەتە ناو سەروتارەکەی.

ژمارە (٨٢)ی لە رۆژی هەینی ٢٣ی تشرینی یەکەم ١٩٥٩ دەرچووە. سەروتارەکەی بەناونیشانی (لەرێی پاراستنی جەمهوریەتە دیموکراتەکەماندا) بووە. وەک دەیزانین دەبێ نزیکەی (١٦) رۆژ بەسەر کۆنگرەی (٤)ی پارتی دا تێپەڕیبێ کە وشەی (یەکگرتوو) لە پاڵ ناوی (پارتی) بەرەسمی لەلایەن کۆنگرەکەوە هەڵگیرابوو، بەلام وەک لێی ورد دەبینەوە وشەی (یەکگرتوو)ەکە کە


مستلزمات الدفاع عن الوحدة العراقية

وزارة الخارجية تحتج على خطاب كندي

خەبات

النضال

الاتحاد السوفيتي يتهم الغرب بالتجسس

تا ئەم ژمارەیە هێشتا دەربارەی مادەی (٢) نەنووسرابوو لەناو تەرویسەکە نووسراوە
(جریدە الحزب الدیمقراطی الکردستانی) ولە ئیمتیاز هێشتا بەناوی (ئیبراهیم ئەحمەدی مەحامی) بوو.

وەک خۆی هەر لەگەڵ ناوی (پارتی) نووسراوەتەوە: (ئەو درۆو دەلەسانەی هەر لەسەرەتای شۆڕشەوە تا ئێستا بلاوئەکرێتەوە لەبابەت نەتەوەی کوردەوە کەوا گوایە کورد بە گشتی و پارتی دیموکراتی یەکگرتووی کوردستان بەتایبەتی بیری لە عێراق جیابوونەوەی هەیە. نموونەیەکی ئاشکرای ئەم سیاسەتی ریز تێکدانی دوژمنە..هتد).

لەم ژمارەیەش بەدواوە لە سەروتارو نووسینەکان ناوی (پارتی)تەنیا بە (تێکۆشەرانی پێشرەوی خەڵکی کوردستانی عێراق) بەزمانی کوردی و، (الطليعة الديمقراطية لكردستان العراق) بەزمانی عەرەبی هاتووەو زۆریش دووبارە کراوەتەوە، تەنانەت سەرەتادا من هەروام دەزانی ناوی حزبەکە دەبێ لە کۆنگرەی (٤) بەم شێوەیە گۆڕابێ.

ژمارە (٩٨) لە رۆژی دووشەممەی ڕێکەوتی ١٦ی تشرینی دووەم دەرچووە. سەروتارەکەی بەبۆنەی مۆڵەت دان بە یەکێتی گشتی سەندیکای کرێکاران لە کۆماری عێراق لە ژێر ناونیشانی (هەنگاوێکی دیموکراتی نوێ) بووە. وادیارە یەکەم ژمارەیە لە (دار مطبعة التمدن) چاپ کراوە.

ژمارە (١٠٤) رۆژی سێشەم ڕێکەوتی ٢٤ی تشرینی دووەم ١٩٥٩ دەرچووە، ٤ لاپەڕەیەو بەزمانی عەرەبییە.

ئەوەی لەم ژمارەیەدا سەرنج رادەکێشێ (إعلان)ێکە بە ئیمزای (حاکمی عەسکەری عام)ی ئەوسا (ئەحمەد سالح عەبدی) تیایدا داوای دەسگیرکردنی ئەو هەڵاتوانەی کردووە کە تەقەیان لە (عەبدولکەریم قاسم) کردبوو، لە نێوانیاندا ناوو وێنەی سەرۆک کۆماری ئێستای عێراق (سەدام حسێن ئەلمەجید) دەبینرێ کە داوا کراوە بەگوێرەی مادەی (٢٢)ی دەرووی دووەم لە (یاسای سزادانی بەغدادی) لە بەرامبەر دەستەی لێکۆڵینەوەی تایبەتی لە ماوەی (٧) رۆژان لە (مەوقعی بەغدا) ئامادە بن، لە کاتێکدا ئەگەر لەم ماوەیە ئامادە نەبن، ئەوە لێکۆڵینەوەی غیابیان لەگەڵ دەکرێ و دەدرێنە دادگای تایبەتی.

لەم (إعلان)ەدا دەردەکەوێت:

سەدام حسێن: ((خەڵکی (عوجەی)ی سەر بە تکریت بووە. قوتابی دواناوەندیی کەرخ بووە، تەمەنی نزیکەی (٢٠) ساڵان بووە، یەکی باڵا بەرزی لاوازی گەنم ڕەنگ بووە، قژی ڕەش بووە، شێوەی لوتی راست بووە. چاکەت و پانتۆلی لەبەر کردووە)).

ژمارە (١٠٦)ی لە رۆژی پێنج شەممەی ڕێکەوتی ٢٦ی تشرینی دووەمی ١٩٥٩ دەرچووە.

لەم ژمارەیەدا هەواڵی دەرهێنانی دوا گوللە لە باسکی چەپی عەبدولکەریم قاسم لە ئێوارەی رۆژی ٢٣/١١/١٩٥٩ بلاوکراوەتەوە.

وا دیارە قوتابیانی زانکۆکانیش ئەو کاتی خەریکی هەڵبژاردنی نوێنەری خۆیان بوونە، قوتابیانی کوردیش بەشداری لیستی قوتابیانی یەکگرتووی دیموکراتیان کردووە، بۆیە لەم ژمارەیەدا پڕۆپاگەندەیەکی زۆر بۆ لیستەکە کراوە، لە نێوان ناوەکاندا ناوی (مەهدی ئەحمەد ئەلحافز) لەچواری کیمیا دەبینرێ.

واباشە خوێنەران ئەو ناوەیان هەر لەبیربێ چونکە دواتر سەر ئێشەیەکی زۆر بۆ قوتابیانی کوردو پارتیو میللەتی کورد دروست دەکا.

ئەو ژمارەیەش وا دیارە دەبێتە یەکەم ژمارە لە چاپخانەی (الرای العام)ی شاعیری بەناوبانگ (محەمەد مەهدی ئەلجەواهیری) بە (٨) لاپەڕە چاپ کراوە.

ژمارە(١١١)ی لەرۆژی چوار شەممەی ڕێکەوتی ٢ی کانوونی یەکەم ١٩٥٩ دەرچووە.

ئەمە دوا ژمارەی ئەم رۆژنامەیە لەم قۆناغەیدا بە زمانی کوردی دەرچووە. سەروتارەکەی لەژێر ناونیشانی :(خەبات داوا لە سیادەتی تاکە پێشەوا ئەکات کەهێزە نیشتمانییەکان لە دەوری پەیمانێکی نیشتمانی کۆبکاتەوە).

ئەو سەروتارە لە ژمارەی پێشووتر بەزمانی عەرەبی بلاوکرابووەوە. لە کۆتایی وتارەکەدا

نووسراوە: (پێشڕەوە دیموکراتییەکەی گەلی کورد لە کوردستانی عێراق دا کەپێشمەرگەیە لە پێناوی پاراستنی کۆمارە نەمرەکەمان کۆماری عەرەب و کورددا ئەوپەڕی دڵسۆزی و فیداکاری هەیە بۆ پێشەوایی کاکە کەریم قاسم لە کاتێکدا کەئەم داواکردنە بلاوئەکاتەوە بانگی هەموو رێکخراوەکان و هێزە نیشتمانییەکان و گشت رۆڵەکانی گەل ئەکات هاوکاری بکەن لەلێکۆڵینەوەی ئەم رەئیەدا و بەهەموو سەربەستی رەئی خۆیان دەربڕن بەرامبەری).

تائێرە ئەو ژمارانەی من ژماردوومن بە زمانی کوردی دەرچووە (٤٢) ژمارە بووە دیارە ئەوەش پێچەوانەی ئەو رایەیە کە تائێستا هەر دەنووسرا (١٤) ژمارەی لە سەرەتادا بە زمانی کوردی لێ دەرچووە. تائێستا ناوی (٤) چاپخانەمان ژماردوون کە رۆژنامەکەیان تێدا چاپ کراوە.کە ئەمانەن: (النجاح، بغداد، دار مطبعة التمدن، الرأی العام)

تا ئێستاش بە (٢) قەبارە دەرچووەو نەبۆتە سێ.

ژمارە(١٣٦) لە رۆژی یەکشەمەیە رێکەوتی (٣) کانوونی دووەمی ١٩٦٠ی ساڵی نوێ دەرچووە.

ئەوەی لەم ژمارەیەدا سەرنج رادەکێشێ ژمارە(١)ی ساڵی ١٩٦٠ی (یاسای کۆمەڵەکان ـ قانون الجمعیات)ی تیادا بلاوکراوەتەوە، بەگوێرەی ئەم یاسایە بۆ یەکەم جار لە ژێر سایەی حوکمی کۆماری پارتە جیاجیاکانی عێراق بۆیان هەبووە مۆڵەتی یاسایی خۆیان وەربگرن و بە ئاشکرا کار بکەن.

سەروتاری ئەم ژمارەیەش بەناونیشانی (خطوة دیمقراطیة جدیدة) بووە. تیایدا بە یاساکەی دا هەڵگوتوەو پێی وابووە ئەو یاسایە بەجێ بەجێ کردنی دەقەکانی و مۆڵەتدانی پارتە نیشتمانییە دڵسۆزە دیموکراتییەکان کۆتایی بە(ماوەی پەڕینەوە ـ فترە الانتقال) وڵات دێنێت. هەر لەم سەر وتارەدا دوای تێپەڕبوونی پتر لە دوو مانگ لەگەڵ بەکارهێنانی زاراوەی (الطلیعة الدیمقراطیة لکردستان العراق) بۆ یەکەم جار لەسەر رووپەڕی رۆژنامەکە ناوی (الحزب الدیمقراطي لکردستان العراق ـ پارتی ـ) بە ئاشکرا بەکارهاتووە.

ژمارە(١٣٧)ی رۆژی دووشەم رێکەوتی ٤ی کانوونی دووەم ١٩٦٠ دەرچووە.

بەگوێرەی نامەیەک کەلەم ژمارەیە ئاراستەی وەزیری ئەوکاتی عێراق (فوئاد عارف)کراوە، دەردەکەوێت بنەماڵەی رۆژنامەکە لەم ماوەیەدا بریتی بوون لە (ئیبراهیم ئەحمەد، نوری شاوەیس، عەلی عەبدوڵڵا.)

هەر لەم ژمارەیەدا (پیرۆزبایی جەنابی شێخ ئەحمەدی بارزانی بەبۆنەی هاتنی ساڵی نوێوە) بەناوی خۆی و جەنابی مەلا مستەفا ئاراستەی پێشەوای وڵات کراوە.

ژمارە(١٤١) لە رۆژی یەکشەموی رێکەوتی ١٩٦٠ دەرچووە. سەروتاری بەناونیشانی (بایەخی مۆڵەتدانی پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق) بووە. تیایدا هاتووە: کەرۆژی ٩ی کانوونی دووەم مەلا مستەفای بارزانی و هەڤاڵەکانی داوایەکیان داوەتە وەزیری ناوخۆو هەواڵی دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستانی (عێراق)یان راگەیاندووە. لەگەڵ داواکە پەیرەوو پرۆگرامی ناوخۆی پارتی بەگوێرەی دەقەکانی یاسای کۆمەڵەکان ژمارە(١)ی ساڵی ١٩٦٠ هاوپێچ کراوە.

هەر لەو ژمارەیەدا دەقی داواکەی جەنابی مەلا مستەفاو ناوی (١٠) کەس لە ئەندامانی دامەزرێنەرو (٥٠)کەسی لایەنگریان و پیشەکانیان دەبینرێ.

ژمارە(١٦٧) لە رۆژی چوار شەممە رێکەوتی ١٠ی شوباتی ١٩٦٠ بلاوکراوەتەوە. مانشێتی سەرەکی بەناونیشانی (الحزب الدیمقراطي الکردستاني یظهر إلی العلن) بووە، دیارە (سەروتار)یش هەر دەربارەی بایەخی ئەو رووداوە


الانفصالية اكذوبة استعمارية

خەبات

النضال

لسان الحزب الديمقراطي الكردستاني

هەتا جەنابی (بارزانی)ش بەم مانشێتە وەڵامی تاحەزانی دەداتەوە، سەیر بکەن لەناو تەوێسەکە نووسراوە (لسان الحزب الديمقراطي الكردستاني)، دیارە ئەو کاتی ئیمتیازی ڕۆژنامەکە خرابووە سەر ناوی (پارتی).

بووەو ۱۹٦۰/۲/۹ بۆ ئەو بۆنە مێژوویی یە دیاریکراوە.

سەرنجی خوێنەران بۆ ئەوە ڕادەکێشم کە بۆ یەکەم جار لەسەر ڕووی ڕۆژنامەکە لەم ژمارەیە بەدواوە نووسراوە (لسان الحزب الديمقراطي الكردستاني).

لەژمارە (۱٥۷)ی ڕۆژی هەینی ڕێکەوتی ۲۹ی کانوونی دووەم ۱۹٦۰، (پیرۆت) گۆشەکەی خۆی بەسەر دێڕی (هذا هو اليوم الذي ناضلنا من اجله) ڕازاندۆتەوە تیایدا باسی ئەو ڕۆژانە دەکات لەماوەی چواردە ساڵ چۆن لەناو ئەم پارتەدا خەباتی کردووە، هەروەها سوپاسی وەزیری ناوخۆ (ئەحمەد محەمەد یەحیا)ی کردووە کە ڕەزامەندی لەسەر مۆڵەتدانی (پارتی) داوە.

ژمارە (۱٦۸)ی لەڕۆژی پێنج شەمموی ڕێکەوتی ۱۱ی شوباتی ۱۹٦۰ بلاکردۆتەوە، تیایدا بەیانی (پارتی دیموکراتی کوردستان) بەم بۆنەیەوە بلاکراوەتەوە.

ژمارە (۱۷۰)ی لە ۲۱ی شوباتی ۱۹٦۰ دەرچووە.

لەم ژمارەیەدا بۆ یەکەم جار بەیانێکی دەستەی دامەزرێنەر دەربارەی دوا کۆبوونەوەی بلاوکراوەتەوە.

هەر لەم کۆبوونەوەیەدا بە بەشداری جەنابی مەلا مستەفا چەند بڕیاری گرنگ دراوە، یەک لەم بڕیارانە ئەوەبووە بەڕێز (ئیبراهیم ئەحمەد) ناوی ڕۆژنامەی خەبات بۆ حزب واز لێ بێنێ تاوەکو ببێتە ڕۆژنامەی ناوەندی حزب و ڕۆژانە بەزمانی عەرەبی بێ و ڕۆژنامەکەی ئەویش بەناوێکی نوێ و بەزمانی کوردی دەربچێت.

وا دیارە هەر لەم کۆبوونەوەیەدا بڕیار دراوە لیژنەیەکی دارایی و کارگێری دابنرێ دەستەیەکی نووسەرانیش بۆ ڕۆژنامەکە دانراوەو ئەرکەکانیان بە گوێرەی یاساو دەستووری (پارتی) دابەش کردووە.

ژمارە (۱۷۸)ی لەڕۆژی چوار شەمو ڕێکەوتی ۲ی مارتی ۱۹٦۰ بلاوکراوەتەوە.

با خوێنەران جارێکی تر سەرنج بدەنەوە دەبینن لە شوێنی (لسان الحزب الديمقراطي الكردستان) نووسراوە (جريدة الحزب الديمقراطي الكردستان).

ئەو ڕۆژنامەیە هەر چەندەی لێ ورد دەبینەوە دەردەکەوێت تەوەرەی باس و بابەتەکانی ئەوەندە فراوانە بە چەند لاپەڕەیەک کۆتایی بەوەسفی نایەو دەبینین بەزۆری بایەخی داوەبە:

ـــ خەباتی کوردستان ـ گۆشەیەک بووە هەر لەژمارە (۱٥)ەوە دەست بەبلاوکردنەوەی کراوە چ بەزمانی کوردی چ بەزمانی عەرەبی چالاکی و هەواڵی بەشەکانی تری کوردستان و مەینەتییەکانی میللەتەکەمانی بلاوکردۆتەوە.

- بزووتنەوەی کرێکاران: گۆشەیەک بووە هەموو چالاکی کرێکارانی لە کوردستان و عێراق و جیهاندا تێدا بڵاودەکرایەوە.

- نرکەی جوتیار: گۆشەیەک بوو لە ژمارە کوردییەکان بەرچاو دەکەوت.

- ئەو رۆژنامەیە زۆر بایەخی بە هەقی کوردە فەیلییەکان دەداو بەبەردەوامی داوای دەکرد جنسیەی عراقیان بدرێتێ.

- زۆر بایەخی بە جوڵانەوەکانی پێشووتری بارزان بەتایبەتی جوڵانەوەی ساڵی ١٩٤٥ دەدا، لە هەموو یادەوەرییەکان دەربارەیان دەنووسی. ئەو گوتەیەی بارزانی زۆر دووبارە دەکردەوە کە گوتویەتی(من جەنگم لەگەڵ میللەتی عێراق نەکردووە. ئەو میللەتەی من تاکێکیم، بەڵکو جەنگم لەگەڵ ئیمپریالیزم و کۆنە پەرستی کردووە، وەئەشیکەم، ئەوەی خوێنی هاووڵاتییەکانم ئەمژێ‌و، کەرامەتی نیشتمانە پیرۆزەکەم دائەنوێنێ - مستەفا بارزانی).

- دەربارەی بەڕێوەبەرایەتی گشتی زانیاری کوردستان زۆری نووسیوەو ناوبەناو ئەم بابەتەی بەرگوێی کاربەدەستان خستۆتەوە.

- دەربارەی کۆنگرەکانی مامۆستایانی کورد لە شەقلاوە و خوێندن بەزمانی کوردی لە کەرکوک و بادینان هەر دریغی نەکردووە.

- زۆر پێشنیازی وای کردووە (یەکێتی نووسەرانی کورد)دابمەزرێ.

- رۆژنامەکە پەیوەندییەکی توندو تۆڵی لەگەڵ (کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا) هەبووەو بەبەردەوامی بەیاننامەو چالاکییەکانی بڵاوکردۆتەوەو هەر ئەوەش بووە دواتر بۆتە هۆی راستەوخۆی درانی رۆژنامەکە بە دادگای عورفی.

- ناوبەناو شیعر و بابەتی ئەدەبی دەربارەی کوردو کوردستان بەزمانی عەرەبی وکوردی بڵاوکردۆتەوە. لە زۆر لەژمارەکانی ناوی شاعیران، عەبدولسەلام حیلمی، جەوهەر غەمگین، هێمن(ئەوەیان هێمن مەهابادی نییە کامیل ژیرە)، سەعدی یوسف، هەژار، یوسف ئەلحەیدەری‌و هی‌تر دەبینرێ، تەنانەت لەژمارە کوردییەکان (گۆشەی ئەدەبی)شی کردبووەوە لەیەک لەژمارەکانی ئەوسای رۆژنامەی (ژین)، حسین عارف دەربارەی نووسیوەو رەخنەی لێگرتووە.

- رۆژنامەکە بایەخی بەکێشەی ئافرەتان داوەو گۆشەی تایبەتی خۆیان هەبووە.

زۆر گۆشەو کێشەی دی هەبووە دەکرا زۆری دەربارەوە بنووسین، دڵنیام کە خوێنەران لەگێڕانەوەی بێزار نەدەبوون و زۆر لایەنی مێژووی میللەتەکەیان لەلاروون دەبووەوە کەبەم دواییە لەبەر هەر هۆیەک بووبێ بەنادروستی دەربارەیان نووسراوە، هەر بۆ وێنە کتێبەکەی فازیل بەراک، باس لە زۆر رووداو دەکا کە فری بەسەر راستیەوە نییە، جارێکی تر لێکۆڵینەوە دەربارەیان دەروونی نەوەی دوا رۆژمان دەحەسێنێتەوە، هەر بۆ نموونە ناو براو باس لەوە دەکات، کە کۆنگرەی(٥)ی پارتی دیموکراتی کوردستان(٢)رۆژان لەبەر نەهاتنی جەنابی مەلا مستەفا دوا خراوە، کەچی وەک لاپەرەکانی رۆژنامەکە هەڵدەدەینەوە دەبینین زۆر بە ئاسایی کۆنگرە لە کاتژمێری (١٠)ی سەر لەبەیانی (٥)ی ئایاری ١٩٦٠ بەستراوە.

- دیارە رۆژنامەکە تا پارتی کۆنگرەی (٥)ی خۆی بەستووە هەموو چالاکییەکانی ئەو حزبەی تێدا بڵاوکراوەتەوەو ناوو تەمەن و پیشەی هەر هەموو ئەو کەسانەی تێدایە کە کاتی خۆی بەناوی لقەکانەوە داوایان پێشکەش بە موتەسەریفی لیواکان کردووە، رێگەیان بدەن لقەکانیان بکرێتەوە.

- هەر لەم رۆژنامەیە پتر لە ماوەی مانگێک ناوی هەزاران کەس‌و کۆمەڵەو گوندو شار بڵاوکراوەتەوە کەدڵخۆشیی خۆیان بە ئیجازە دانی پارتی دەربڕیوەو پاڵپشتی ئەو هەنگاوەی پێشەوای وڵاتیان کردووە.

- چونیەتی دامەزراندنی چاپخانەی سەلاحەدین و ناوی ئەو کەسانەی چاپخانەکەیان دامەزراندووەو، گواستنەوەی بارەگای حزب و رۆژنامەکەو بەستنی کۆنگرەی (٥)و بڕیارەکانی و

دواتر بەرپەچ دانەوەی هەندێک لەرۆژنامەکانی ئەوسای حیزبەکان، تەوەرەیەکی ترە جێگای بایەخ پێدانی ئەو رۆژنامەیە بووە.

وەک دواتر دەردەکەویێت واپێدەچێ رۆژنامەکە ناوەنساوە لەلایەن کاربەدەستانەوە تەنگی پێهەڵچنرابێ، ئێمە جارێ واز لە هەموو ئەو تەوەرەو باسانە دێنین، وادیارە باسەکەمان زۆر درێژ دەبێتەوە، بۆیە داوا لە خوێنەران دەکەین لێمان ببوورن کە بەسەر هەندێک لەژمارەکانیدا بازدەدەین وهەوڵ دەدەین بەزووترین کات بگەینەوە بابەتی سەرەکیمان کە ئەو باسەی لەژێر ناونیشانەکەی نووسراوەتەوە.

ژمارە(۳۱۷)ی لەرۆژی سێ شەممەی رێکەوتی ۲۰ ئەیلول ۱۹٦۰ دەرچووە.

لەم ژمارەیەدا جەنابی (بارزانی) قسەی دەربارەی بەستنی کۆنگرەی شەشەمی قوتابیانی جیهان لە بەغدای پایتەختی کۆماری عەرەب و کورد لەعێراق کردووە، تیایدا داوای کردووە پاڵپشتی قوتابیانی کوردستان لە دەرەوەی عێراق بکرێت.

لەم ماوەیەدا واپێدەچێ هەراو ئاژاوەیەک لە ناوچەی بارزان رووی دابێ، بۆیە مانشێتی سەرەکی ژمارە ۳۲٤ی ساڵی (۲) لەرۆژی چوار شەممە ۲۸ ئەیلول ۱۹٦۰ بەناونیشانی(أبناء الشعب يطالبون:بتأديب المعتدين على بارزان) بووە.

نارەزاییان دەربارەی دەستدرێژیکردنە سەر (بارزان) یان دەربریوە.

ژمارە ۳۳۰ ساڵی دووەمی کەوتۆتە رۆژی چوار شەممەی ٥ی تشرینی یەکەمی ۱۹٦۰.

مانشێتی سەرەکی بەناونیشانی(اتحاد الطلبة العام: مدعو لدعم جمعية الطلبة الاكراد)بووە.

لە(سەروتار)یش لەژێر هەمان ناوونیشاندا داوای کردووە (وا لەو رۆژانە کۆنگرەی شەشەمی قوتابیانی جیهان لە بەغدای پایتەختی کوردو عەرەب لە بەغدا دەبەسترێت و کاتێ لە کۆنگرەدا مەسەلەی چوونی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد بۆ ناو یەکێتی قوتابیانی جیهان دەکوڵدرێتەوە، بەرژەوەندی برایەتی کوردو عەرەب وا پێویست دەکات بۆ پتەوکردنی ریزەکانی یەکێتی گشتی قوتابیانی (عێراق)یش باشە پاڵپشتی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد بکاو بەگەرمییەوە هەوڵ بدات کۆمەڵە لە یەکێتی قوتابیانی جیهان وەربگیرێ).

وتارەکە وا دەگەیەنێ کە کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا کۆمەڵەیەکی تێکۆشەرەو شوێنی خۆی لە دڵی هەموو کوردان بەگشتی و قوتابیانی کوردستان بەتایبەتی کردۆتەوە.

سەروتارەکە وای پێشبینی کردووە هەندێک هەن بابەتی ئەنجامەکانی کۆنگرەی پێنجەمی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا دەوروژێنن کە پێشتر لە بەرلین بەستوویەتی دیارە هەندێکیش ویستوویانە راستی تێکۆشانی کۆمەڵەکە دژی


الشعب الكردي حقيقة واقعة
الشعب الكردي
اعترف بأصوله وتاريخه
خەبات
النضال

لەم مانشێتە ورد بنەوە، رۆژنامە شۆڤێنیستەکان زۆربەی عەشیرەتە کوردەکانیان بە عەرەب خوێندبوومەوە، دیارە وتارەکانی ئەو ژمارەیە بۆ وەڵامی ئەو کەسانە تەرخان کراوە.

سەروتاریش بەناونیشانی(حول المؤامرة الغادرة على بارزان) بووە، تاماوەیەک رۆژنامەکە وتارو بابەتی دەربارەی ئەو دەستدرێژی کردنانە نووسیوە و بروسکەی هەزاران کەس لە هەموو لایەکی کوردستان و کوردەکانی شارەکانی تری عێراقی بلاْکردۆتەوە. تیایدا

ئیمپریالیزم و کۆنە پەرستی بشێوێنن.

ژمارە(٣٣١)ی ساڵی دووەم لە ڕۆژی هەینی ٧ی تشرینی یەکەمی ١٩٦٠ بلاوكراوەتەوە.

مانشێتی سەرەکی بەناونیشانی(تحية كوردستان إلى مؤتمر الطلبة العالمي)بووە، هەر لەو ژمارەیەشدا سەروتار بەناونیشانی(واجب اخواننا العرب حيال العدوان الرجعي على بارزان)بووە، ئەو ژمارەیە(١٠)لاپەڕە بووە.

لەژمارە(٣٢٤)بەدواوە گۆشەیەک بەبەردەوامی لەژێر ناونیشانی (الجماهير تستنكر العدوان على بارزان)و ڕۆژانە بروسکەی نارەزایی هەزاران کەس لە دانیشتوانی کوردستان و عیراقی تیا بلاودەکرایەوە.

هەر لەم ماوەیەش دا دیارە مامۆستا(جەرجیس فەتحوڵڵا) هاتبووە بەغداو بەشداری نووسینی لە ڕۆژنامەکە دەبینرێ و زۆر بابەتی پڕ بایەخی لەم ڕۆژانەدا بلاوکردۆتەوەو لەم ژمارەیەدا(الديمقراطية في التطبيق)ی بابەتێکی پڕ بەپێزی بووە، زۆر لایەنی وەک یاسای کۆمەڵەکان و ئەنجومەنی نیشتمانی و دەستووری هەمیشەیی و وروژاندووە، ناوبراو بە ئیمزای(تقدمی)بابەتەکانی خۆی بلاودەکردەوە.

هەر لەم ژمارەیەدا ڕۆژنامەکە داوای کردووە دیارییەکی بەنرخ بدرێتە کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد کە هەواڵی گەیشتنیان لەژمارەی پێشووتر بلاوكراوەتەوە، لەکاتژمێری (٢,٣٠)ی نیوەڕۆ گەیشتوونەتە بەغدا.

سەرنج بدەن ئەو ژمارەیە دوا ژمارەیە لەسەر ڕووی نووسراوە(جريدة الحزب الديمقراطي الكردستاني)دوا ژمارەیشە ناوی (ئیبراهیم ئەحمەد ئەلمحامی) وەک (خاوەن ئیمتیاز)بینراوە.

ژمارە(٣٣٢)ی ساڵی دووەم لە ڕۆژی سێشەممەی ١١ی تشرینی یەکەمی ١٩٦٠ بلاوكراوەتەوە.

مانشێتی سەرەکی (الپارتی یحیي المؤتمر الطلبة العالمی).

ڕۆژنامەکە لەم ژمارەیەوە بەتەنیا بۆتە(لسان الحزب الديموقراطي الكردستاني)و (ئیبراهیم ئەحمەد ئەلمحامی)یش بەتەنیا(سەرۆک نووسەری لێپرسراو)بووە.

دەقی وتارەکەی عەبدولکەریم قاسم کەلە ئاهەنگی کردنەوەی کۆنگرەی قوتابیانی جیهان پێشکەش کراوە وەک خۆی بلاوکراوەتەوە.

ئەوەی لەبلاوکردنەوەی وتارەکانی ناوبراو بەدی دەکرێ ئەو کاتە وتارەکان دەقاودەق وەک خۆی بلاودەکرانەوە تەنانەت هەر ئەوەندە بووە دەنگی ئەو چەپلانەیان نەدەنووسییەوە کە بۆی لێدەدرا جاری وا هەبووە ناو براو لەبەر چەپلە ئەوەندە ماوەی وتاردانی نەبووەو قسەکانی زۆر دووبارە دەکردنەوە.

بابەتی ئەمجارەی




بەر لەوەی ڕۆژنامەکە بنێردرێتە بەردەم ئەنجومەنی عورفی هەر داوای خەباتی هاوبەشی لەگەڵ عارەبان ئەکرد.

مامۆستا (تقدمی) بەناونیشانی (حرية الصحافة في العهد المباد) بسووەو تیایدا هەوڵی داوە ئەوە رابگەیەنێ کەمەرسوومی چاپەمەنی ژمارە (٢٤)ی ساڵی ١٩٥٤ ئەگەر چی بەکەڵکی هیچ نایەت بەڵام کاریکی خراپی کردۆتە سەر رۆژنامەگەریی و داوای نەهێشتنی ئەو مەرسوومەی کردووە، وەک بڵێی نووسەرەکەی پێشبینی ئەوەی کردبێ رۆژێک بێت کە ئەو یاسایە کاریکی خراپ بکاتە سەر (رۆژنامە)کەی ئەوان و وەک زۆر رۆژنامەی دی کەپێشتر خرابوونە بەردەم ئەنجومەنی عورفی و یان راگیرابوون ئەویش هەمان چارەنووسی بەسەربێ.

ژمارە (٣٣٣)ی ساڵی دووەمی لەرۆژی چوار شەممەی ١٢ی تشرینی یەکەمی ١٩٦٠ دەرچووە.

مانشێتی سەرەکی و سەروتاری بەناونیشانی (المجلس الوطني ضروره وطنية) بووە.

ریپۆرتاژێکی دەربارەی بەردەوام بوونی کارەکانی کۆنگرەی یەکێتی قوتابیانی جیهان لە ئامادەکردنی (ئیبراهیم میرانی) بلاوکراوەتەوە، دەقی وتەی خوالێخۆشبوو (عەزیز شەریف)ی سکرتێری گشتی ئەوسای (بزووتنەوەی ئاشتی لە کۆماری عێراق) لە کۆنگرە کە بلاوکراوەتەوە.

ئەوەی زۆر سەرنج رادەکێشێ و پەیوەندی زۆری بەباتەکەی ئێمەوە هەیە ناوی کۆمەڵێک رۆژنامەنووس و خاوەن رۆژنامەکان بلاوکراوەتەوە کە داوایان لە سەرۆکی وەزیران عەبدولکەریم قاسم و حاکمی گشتی عەسکەری و وەزیری دادو ناوخۆو ئیرشاد کردووە کەچیتر مافی ئازادی رۆژنامەنووسیی پێشێل نەکرێ، دیارە ناوەکان کۆمەڵێک رۆژنامەنووسی کوردیان لەگەڵدایە.

دیسان هەرلەم ژمارەیەدا کۆمەڵێک داواو بروسکەی کۆمەلانی خەڵکی کوردستان و قوتابیان و رێکخراوەکانی پارتی بلاوکراونەتەوە تیایدا داوایان لە کۆمەڵەی قوتابیانی جیهان کردووە کە کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لەئەوروپا لە کۆمەڵەکەیان بەئەندام وەربگرن.

ژمارە (٣٣٥)ی رۆژنامەکە کەوتۆتە رۆژی هەینی رێکەوتی ١٤ی تشرینی یەکەم ١٩٦٠. سەروتار و مانشێتی سەرەکی لەژێر ناونیشانی (قبول جمعية الطلبة الاكراد في أ.ط.ع يعزز الحركة الطلابية العراقية العالمية).

هەرلەم ژمارەیەدا ئەمجارە بیرخەرەوەی سەندیکای رۆژنامەنووسانی عێراق بۆ پێشەوا عەبدولکەریم قاسم بە ئیمزای نەقیبی رۆژنامەنووسانی ئەوسا خوالێخۆشبوو (جەواهیری) بلاوکراوەتەوە تیایدا داوای کردووە یاسایەکی رۆژنامەنووسی دیموکراتی دەربکرێت.

بەداخەوە لە ژمارە (٣٣٥–٣٣٩)ی ئەم رۆژنامەیەم ئێستا هەموو ناوەڕۆکەکانیان لەبەر دەست نییە بۆیە ناتوانم هەموو چالاکیەکانی ئەوسای یەکێتی قوتابیانی جیهان دەور بکەمەوە کاتی خۆی لە شارێکی تری دوورە دەست هەندێ سەرە قەڵەمم لەبابەت باسە هەڵاێساوەکانی ئەوکات هەڵکڕاندووەو دەبێ ئەوەش بڵێم کەلەم


العرب والأكراد شركاء في هذا الوطن
العراقي يمارس بحث قبول جمعية الطلبة الاكراد في أوربا في اتحاد الطلبة العالمي
... في جلسة يوم ١٩-١٠-٦٠ في المؤتمر السادس لاتحاد الطلبة العالمي حول القضية الكردية
خەبات
النضال
لسان الحزب الديمقراطي الكردستاني
كوبا تقابل التدابير الاقتصادية الامريكية
قدما بمصادرة المؤسسات الامريكية الباقية

چەند ژمارانەدا دەیان بروسکەو نامەی نارەزایی بەناوی دەیان هەزار کەسی ئەوسای خەڵکی کوردستان بلاوکراونەتەوە کەدژی (مەهدی حافز)ی سەرۆکی وەفدی یەکێتی گشتی قوتابیانی عێراق لێدرابوون.

ناوبراو لە دوانەکانی ناو کۆنگرەدا لایەنگیری وەفدی باکوری ئەفەریقاو کۆماری یەکگرتووی عەرەبی کردبوو، گوایە کورد لە عێراقدا کەمینەی نەتەوەیەو حیسابی نەتەوەی بۆ ناکرێ. تائێستا هیچ بەڵگەیەکی ئەوتۆ لەبەردەست نییە و هیچ بەیاننامەو نامەیەکیشم نەدیوە کە سەرکردایەتی ئەوسای (پارتی)لەو کاتەدا کۆبوونەوەیەکی لەم بارەیەوە کردبێت و بەرەسمی نارەزایی دژی ئەو بارە هەڵایساوەی ئەو چەند رۆژە دەربربێ بەڵام بە گوێرەی ئەو (سەروتارە)ی ژمارە(٣٣٩) نووسیومەتەوە دەردەکەوێ رۆژی ١٩/١٠/١٩٦٠ لە دوای چواردەی تەمموزی ١٩٥٨ەوە رۆژێکی ئاسایی وەک رۆژەکانی پێشووتری نەبووە لەنێوان (پارتی دیموکراتی کوردستان)و هەموو هێز و لایەنەکانی تر. خەیاڵم وای بۆ دەچێت ئەو رۆژە ژمارە (٣٣٩)ی رۆژنامەی (خەبات) لەشارەکانی (کوردستان)و زۆربەی شارەکانی تری(عێراق) لە فڕکان فڕکان بووەو ئەو دەستو ئەم دەستی پێکراوە، هەر بۆیەش چەند کتێبخانە گەڕاوم ئەو چەند ژمارەیە بەئاسانی چنگ نەکەوتوون. دیارە ئەوەش لەبەر ئەو (سەروتار)ە بووە کە بەناونیشانی(الامة الكردية والمادة الثانية من الدستور) بلاوکراوەتەوە، کەم سەروتاری تری ئەو ژمارەیەی پێشتری رۆژنامەکە هەبووە وابە زەقی باسی پەیوەندی نێوان کوردو خاکی عێراق و نیشتمانی عەرەبی بکا.. سەرلەبەری سەروتارەکە بە پێچەوانەی هەموو سەروتارەکانی پێشتری رۆژنامەکە بەپیتی زۆر درشت نووسراوەو بەشێکی لەلاپەرەی(١) لە شوێنی سەروتارەو بەشەکەی تری تەواوی لاپەرەی دواتری گرتۆتەوە ناوەرۆکەکەی وا دەگەیەنێ(بەم دواییەیە لە کاتی کۆنگرەی شەشەمی یەکێتی قوتابیانی جیهانی گفتوگۆیەکی توندو تیژ دەربارەی مادەی (دوو)و(سێ)ی دەستووری کاتی عێراقی وروژێندرا.. لەبەر ئەوەی بابەتەکە لەلایەک ناوی پارتی ئێمەی بەبێ هیچ پاساوێکەوە تێوە گلاوە. لەلایەکی ترەوە بۆ زانینی بیرو بۆچوونی ئێمە دەربارەی چەمک و ناوەرۆکی هەردوو مادەکە و بۆ پتەوکردن و جێگیرکردنی پەیوەندی نێوان کورد و عەرەب لەسایەی کۆماری




ژمارە (٣٨١) کە هەواڵی بەربوونی (خەبات) و دەقی بریاری ئەنجومەنی عورفی تێدا بلاوکراوەتەوە،
سەیر کەن بە پینەکردن و دووبارە فۆتۆکردنەوەی ئێمە ئەو ژمارەیەمان پاراستووە.

عێراق، بە پێویستی دەزانین هەندێک تیشک بخەینە سەر چەمکی هەردوو مادەکە لەلایەنی بۆچوونی گەلی کوردەوە..

وەکو زانیومانە هەندێک لایەن بۆ سەلماندنی بیرو بۆ چوونی خۆیان بە مەبەستی ئینکارکردنی بوونی گەلی کوردو نیشتمانی کوردستان و دانانی ئەو کوردانە کەلە سایەی دەوڵەتی عێراق دەژین بە کەمەنتەوەو گوایە لەسەر زەوی عارەبان دەژین زۆر خۆیان بەدەقی مادەی دووی دەستوور خەریک کردووە..

ئێمە کاتی خۆی کە رەشکاری دەستووری کاتیمان دیبوو هەستمان کردبوو کەم و کورییەک لە دەربڕینەکەی مادەی دووەم هەیە، هەستیشمان کردبوو پەنهانییەک لەمادەی سێیەم هەیە، بەڵام شوێنەکە هی ئەوە نەبوو دایەلۆگ و گفتوگۆی لەسەر بکەین.. فرمانی ئامادەکردنی هەموو هێزەکان و ئاراستەکردنیان بۆ بەرگری کردن لە قەوارەی کۆماری تازەو ساوامان بەبۆ چوونی ئێمە بەسەر هەموویدا زاڵ بوو، بۆیە بابەتەکە بۆ کاتێکی گونجاوتر لێگەڕاین..

ئەو بارو زروفەش پێمان وابوو کاتی پێشکەشکردنی رەشکاری دەستوری هەمیشەیی بۆ بەردەمی ئەنجومەنی نیشتمانی دەبێ.. بەڵام ئەو خراپ لێکدانەوەی کە کەسانێک لەم دواییەدا دەربارەی هەڵوێستمان بە دەمیانەوە گرتووە دواکەوتنی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتمانی و ئامادەکردنی لائحەی دەستوور لەم زووانە و داواکاری زۆر لە ئەندام و لایەنگرانی پارتیمان، لێمان کەبیرو بۆچوونی خۆمان دەربارەی بابەتەکە بڵێین، هەموو ئەو شتانە وای لێکردین.. کە پەلە بکەین بەدرێژی رای خۆمان دەربارەی چەمکی هەردوو مادەکە لەم بۆنەیەدا بڵێین.. بەڵام بەر لەوەی دەست بەم کارەمان بکەین.. وای دەبینین و بەئەرکی خۆمانی دەزانین بڵێین بێ فروفێڵی مەرجێکی بنەڕەتییە بۆ گەیشتن بۆ حەل کردنی تەواوی هەموو ئەو کێشانەی لە نێوان چەند لایەنێک هەیە.. لەلایەکی ترەوە ئێمە وای دەبینین کە روون و ئاشکرایی و خۆ دوور گرتن لەپەنهانی لە دەقی دەستووری نێوان ئەو نەتەوانەی کە لە دەوڵەتێکی دوو نەتەوە یان پتر دەژین.. بناغەکانی پێکەوە ژیان و یەکێتی پتەوتر دەکات، دیارە ئەوەش پێچەوانەی پەنهانە.. هەر بۆیەشە ئێمە لێرەدا چارەی بابەتەکە وا دەکەین کە چەند پێویستی بەروون و ئاشکرایی هەیە.

مادەی دووەم لە دەستووری کاتی کە دەڵێ:
**(العراق جزء من الامة العربية)** لەو کاتەوەی کە دانراوە ئەوەندەی لایەنی سۆزی تێدا بەکارهاتووە ئەوەندە گوێ بە وردبینی زانستی نەدراوەو راستی مەنتیقی تێدا رەچاو نەکراوە.. وەک ئاشکرایە ئێستا عێراقیش وشەیەکە دوو چەمکی هەیە



جماهير كوردستان تنتصر لجريدتها خەبات

خەبات
النضال

**لە ژێر دروشمی ئەو مانشێتە نزیکەی ماوەی (١٥) رۆژان هەموو خەڵکی کوردستان رۆژانە بە بروسکو نامە پاڵپشتی رۆژنامەکەیان دەکرد.**

سێیەم قبول ناکا. یەکەمیان ناوێکی جوغرافی مێژووییەو شوێنێکی گەورەتری لەسەر نەخشەی عێراقی ئێستای گرتووە.. دووەمیان دەربڕینێکی سیاسی‌یە بۆ مانای (دەوڵەت)ێک بەکار هاتووە. کەدوای جەنگی یەکەمی جیهانی دروست بووەو لەبەشێکی گەورەی کەلە مێژوودا پێی دەگوترا عێراق‌و بەشێکی کوردستانی باشوور کە هەندێک جار پێی دەگوترا شارەزوور هەندێک جاریش ولایەتی موسڵ بەگوێرەی دابەش کردنی کارگێری دەوڵەتی عوسمانی بوو کەدەوڵەتی عێراقی لەسەر کەلاوەکانی دامەزرا.. ئەویش دیارە بۆ وەدیهێنانی تەماعی ئیمپریالیزمی بەریتانی و، بۆ دەست بەسەراگرتنی سەرچاوەکانی سامان لە ناوچەکەدا بەتایبەتی نەوت بووە.. هەروەها بۆ زاڵ بوون بووە بەسەر ئەوەی کەپێی دەگوترا رێگای هیند.

کەواتە(العراق جزء من الامة العربیة) لەلایەنی زانست‌و مەنتیقەوە راست نییە، لەبەر ئەوەی عێراق وەکو زانیمان یان ئەوەتە ناوێکی سیاسیە بۆ ئەو دەوڵەتەی ئێستاپێی دەڵێن(الجمهوریة العراقیة)یان ناوێکی جوغرافی مێژوویی‌یە بۆ بەشێکی زەوی ئەو دەوڵەتە، بە هەردوو چەمکەکەش نابێت ببێتە بەشێک لە (الامة العربیة)لەبەر ئەوەی (الامة)وەکو ئاشکرایەو زانراوەو لە زانستی سیاسەت کۆمەڵە خەڵکانێکی دیارن‌و لە مێژوودا لەسەر زەوی خۆیان دروست بوون.. ژیانی ئابووری هاوبەشی خۆیان دەژین..و زمانی نەتەوایەتی تایبەتی خۆیان و نەفسیەتی هاوبەشی خۆیان هەیە..

عێراق وەکو چەمکێکی سیاسی واتە وەک دەوڵەت راست نییە بەبەشێک لە(الامة العربیة) دابنرێت، هەروەها وەک چەمکێکی جوغرافیش راست نییە بەبەشێک لە(الامة العربیة) دابنرێت.

ئەوەی راست دەردەچێت بەشێک لەزەوی مێژوویی و جوغرافی عێراقی و بەبەشێک لە زەوی نەتەوەی عەرەب دابنرێت.

بەڵام بەدانانی هەمووی بەبەشێک لە(الامة العربیة) ئەوە هەڵەیەکی دیارو ئاشکرایە.

لەوانەیە هەندێک بڵێن مەبەست لەوشەی (عێراق) هەموویەتی.. ئێمە وەڵامیان دەدەینەوە، ئەو بۆ چوونەیان راست نییە، چونکە پێشتر وشەی(عێراق)بۆ میللەتێک بەکارنەهاتووە، میللەتی عێراق لەعەرەب‌و کوردو هەندێک کەمەنەتەوایەتی پێک هاتووە، ئەوانەش بەشێک لە(الامة العربیة المجیدة)نین..

ئەو قسەیەش هیچ مانای نابێ بڵێین: عەرەب و کورد لە(عێراق)دا بەشێکن لە(الامە العربیە)چونکە هەر ناوهێنانی کورد کەکۆمەڵە خەڵکانێکن وەکو عەرەب هەبوونەو کۆنن‌و لەسەر ئەم خاکە دەژین، بەڵگەیە بۆ ناراستی ئەم قسەیە.

لەوانەیە هەندێ کەس بڵێن مەبەست لەوشەکە هەموو(عێراق)دەگرێتەوە.. ئێمەش وا بەرپەچیان دەدەینەوە کە ئەم قسەیە هەر راست نییە چونکە پێشتر وشەی (العراق)بۆ میللەت بەکار نەهاتووە.

میللەتی کۆماری عێراق کەلە عەرەب‌و کوردو هەندێ لەکەمە نەتەوایەتییەکان پێک هاتووە بەشێک نەبووە لە(الامة العربیة المجیدة)، ئەو قسەیەش هیچ مانایەکی نابێ بڵێین عەرەب و کورد لە عێراق هەردووکیان بەشێکن لە(الامة العربیة)، چونکە هەر ناوهێنانی ــ کورد ــ کە کۆمەڵەیەکە وەکو عەرەب کۆنن، دەبێتە بەڵگەی ناراستی ئەو دەربڕینەمان، خۆ ناشکرێ رێگە بە خۆمان بدەین ومەزەندەمان بۆ ئەوە بچێت کەشەرع دانەری عێراقی مەبەستی ئەوە بووبێت کە کورد ــ عەرەبی چیایی بووبن وەک شۆڤینستی کوێرانەی شەرع دانەری تورک بۆی چووە، بەتورکی چیایی دانابوون.. نەک هەر ئەوەندە بەڵکو مادەی سێیەم کەدانی بەمافی نەتەوایەتی میللەتی کوردا ناوەو دان بەهاوبەش بوونی‌دا دێنێ. ئەو دەرگایەمان لێ دەگرێ و دەڵێین مەزەندەی وا گوناهە.

جگە لەوەی باسیش کرا ناتوانرێت داوای ئەوە بکرێت کەمەبەست لەو مادەیە ئەوەیە کە(العراق)

واتە هەموو زەوییەکەی کەلەژێر دەسەڵاتی دەوڵەتی عێراق دایە بەشێکە لە(الامة العربية)بەو ناوەی کە(الامة العربية) دەربڕینێکە لەبری(البلاد العربية)واتە نیشتمانی عەرەب.. دیارە ئەو بۆ چوونەش جگە لەوەی قسەی پووچە پێچەوانەی ڕاستیشە.. لەڕاستیدا دەوڵەتی عێراق ئەوەیە بەبەڵگەی بە ژمارەی بێ سنوور سەلمێنراوە لە دووبەش پێک هاتووە. یەکیان (العراق)ەو پێشتر پێی دەگوترا ولاتی نێوان دووزێ(بلاد مابين النهرين) دووەمیشیان بەشێکە لە کوردستان واتە ولاتی کوردان(بلاد الاكراد)کەلە کۆتایی جەنگی یەکەمی جیهان لە دەوڵەتی عوسمانی داماڵراوە، ئەو هەزاران بەڵگەنامەیەی کەئەو لێژنە تایبەتییەی کەکاتی خۆی کۆمەڵەی گەلان(عصبة الأمم) لەکاتی ناکۆکی لەسەر ولایەتی موسڵ بۆ لێکۆڵینەوە لەبارەی ولایەتەکەوە لە نێوان دەوڵەتی تورک لەلایەک و دەوڵەتی بەریتانی و عێراقی لەلایەکی ترەوە پێکی هێنابوو. ئەوە دەسەلمێنن کەناوی (العراق)پێشتر ولایەتی شارەزووری لەسەرنەبووە. ڕۆژێ لەڕۆژان تا ئەو کاتەی دەوڵەتی عێراق بەسنووری ئێستاوەی دروست بووە،(ولایەتی موسڵ)یشی نەگرتۆتە خۆ..

لەلایەکی ترەوە قەت نەبووە نەهەموو کوردستان و نە ئەو بەشەش کە کەوتۆتە ناو دەوڵەتی عێراق ڕۆژێ لەڕۆژان بەبەشێک لە(البلاد العربية)دانەنراوە.

لە مێژوودا زۆر جار ئەوە ڕووی داوە کوردستان یان بەشێکی وەکو زۆر لە وڵاتە ئیسلامییەکانی تر کەوتۆتە ناو دەوڵەتێکی ئیسلامی، بەڵام قەت نەبووە بە بەشێک لە (البلاد العربية) دانرابێت.

ئێمە وای دەبینین دەبێ مەبەستی ئەو مادەیە دووبارە بەروون و ئاشکرایی لە دەستووری هەمیشەیی دابڕێژرێتەوە، بەشێوەیەکی وا بێ کە کورد لە خۆیان دڵنیابن و ئارەزووی ڕۆڵەکانی نەتەوەیی عەرەب و مافەکانیشیان بێنێتەدی.

ئێمە لای خۆمانەوە باوەڕمان وایە ئەنجامدانی ئەو کارەش زۆر ئاسانە ئەویش لە کاتێکدا دەبێ ئەگەر ڕاستییە مێژووییەکان بێنینەوە بەرچاومان کە (کۆماری عێراق)ی نەمر لە بەشێک لە میللەتی کوردو ولاتی کوردستان و بەشێک لە میللەتی عەرەب و لە وڵاتی عەرەب پێک هاتووە. خۆ ئەگەر بەرژەوەندییەکانی نەتەوایەتیی ڕاستەقینەی هەردوو میللەتی کوردو عەرەب لەبەر چاوگیران و بایەخی تەواو و پێویست بە مەسەلەی جێگیرکردنی قەوارەی یەکێتی ڕاستەقینەی عێراق درا، ئێمە گومانمان نییە کە داننان بەو ڕاستی و واقعانەو دارشتنی دەق و بڕیارەکان لەبەر ڕۆشنایییان، چارەسەرییەکی ڕاست و دروستی مەسەلەکان دەکا کە لەگەڵ گیانی سەردەمی ڕزگاریخوازی دەگونجێ و ئاوات و ئارەزووەکانی هەردوو میللەتی برا ـ عەرەب و کورد ـ دێنێتە دی.

وەکو لە پێشەوەش ڕوونمان کردۆتەوە سەقامگیرکردنی تەواوی عێراقی خۆشەویست هۆکارێکە بۆ پتەو کردنی برایەتی کوردو عەرەب و یەکێتی خەباتی هەردوو لایەنەکە..

دیارە ئەوەش پێچەوانەی ئەوەیە کە دوژمنانی کۆمارەکەمان بۆی دەچن و هەر هەموو هیواو ئاواتییان ئەوەیە کە هەر پەرە بە بیروباوەڕی دووبەرەکی و لکاندن لای برا عەرەبەکانمان بدەن بۆ ئەوەی کاردانەوەی توند لای کوردەکان دروست بکەن، هەر بۆ ئەوەی یەکێتی ڕیزەکانی خەباتی نیشتمانی لە نێوان عەرەب و کورد بڕوخێنن.

لێرەدا بەر لەوەی وتارەکەمان دەربارەی مادەی دووەمی دەستووری کاتی بە کۆتایی بێنین و دەربارەی مادەی سێ دەست بە نووسین بکەین، بە پێویستی دەزانین جارێکی دی ئەوەی لە پێشەوە گوترەوانەو زۆریشمان دوویات کردۆتەوە کە میللەتی کوردمان زۆر براگەورەی خۆی میللەتی عەرەبی خۆشویستووەو ئێمەش زۆر ڕێزمان گرتووە. هەر سەرکەوتنێ کە میللەتی عەرەب بەدەستی بێنێ، سەرکەوتنێکە بۆ میللەتی کورد. میللەتی



شێخ صادق بارزانی ١٣ی ٦/ی/١٩٦٠
بەکارەساتی ئۆتۆمۆبیل گیانی لەدەستدا

کورد کە لەسەر بەشێک لە وڵاتەکەی خۆی کە کوردستانە دەژی، دەبێتە بەشێک لە میللەتی کۆماری عێراقی نەمر زۆر ئارەزوو دەکاو بە تەواویش بریاری داوە بەرگری لە یەکێتی راستەقینەی عێراق و هاوبەشی و یەکسانی کوردو عەرەب لە ماف و ئەرکەکان بکات و سوورە لەسەر پاراستن و سەربەخۆیی نیشتمان و پێڕەوی کۆماری دیموکراتی، ئەوەندەی سوور بێ لەسەر ئازیزترین شتی لە دنیا هەیەتی).

ئەو گفتەی کە لەسەروتاری پێشوو درابوو کە دەربارەی مادەی سێ بنووسرێ، دیارە کەوتۆتە رۆژی چوارشەممە، رۆژانی چوارشەموانیش لای کوردان رۆژێکی پیرۆز بووەو رۆژی سەیران و چوونە دەرەوە بووە. دیسان خەیالم وای بۆ دەچێ جارێکی دی خوێنەران لەسەرتاسەری شارەکانی کوردستان و زۆر لە شارەکانی تری عێراق زۆر بە پەرۆش بوونە ژمارەی داهاتووی رۆژنامەکە دەربچێت، ئەو رۆژە لە بەیانییەوە تا نزیک ئێوارە چاوەڕێ بوونە رۆژنامەی (خەبات)یان بگاتە دەست تا بزانن چ دەنووسێ و ئەوجارە دەبێ چۆن مادەی سێ لێک بداتەوە و باسی ناوەڕۆکەکەی بکات.. دیارە لەبەر ئەوەی حوکمی عورفی لە ئارادا بوو، کەسی نەدەبوارد، زۆر کەس هەر زوو دەیانزانی ئەو جارە (خەبات) قورتاربوونی بۆ نییە، هەر کەسەو لای خۆیەوە بە جۆرێک لێکی دەدایەوە.

کاتێک ژمارە (٣٤٠)ی رۆژی چوارشەممەی ڕێکەوتی ١٩٦٠/١/٢٠ی رۆژنامەکە گەیشتە کتێبخانەکانی کوردستان و نووسینگەکانی (خەبات) هەرزوو بەشیانەوە، دیاربوو بە

مانشێتێکی گەورە ئەمجارە لای سەرەوە نووسرابوو:

**(العرب والاکراد شرکاء في هذا الوطن)**

لە ستوونی سەروتارەکە سەرەتا دەقی مادە سێیەکەی بەم شێوەیە نووسیوەتەوە:

(یقوم الکیان العراقي علی أساس من التعاون بین المواطنین کافة باحترام حقوقهم وصیانة حریاتهم، ویعتبر **العرب والاکراد شرکاء في هذا الوطن** ویقر هذا الدستور حقوقهم القومیة ضمن الوحدة العراقیة ــ المادة الثالثة من الدستور العراقي المؤقت).

جارێ نووسینی مانشێتەکە بەم زەقییەو نووسینەوەی هەموو دەقی مادە سێیەکە هەتا هاووڵاتی کوردی ئاساییشی دڵنیاکردبووەوە کە ئێستا دەسەڵاتداران بەتەواوی دەزانن کورد چی دەوێ..

کە بەسەروتارەکەدا دەچینەوە دەبینین نووسراوە:

(زێدە رۆیی ناکەین ئەگەر بڵێین برگەی دوایی لە مادەی سێی دەستووری کاتی عێراقی کە دەقەکەی لەسەرەوە نووسراوە هەر لەو کاتەوەی بەڕێز پێشەوا عەبدولکەریم قاسم دەقی دەستوورەکەی لە ٢٧ی تەمموزی ١٩٥٨ بڵاوکردەوە. لە هەموو برگەکانی تری مادەکە لەلایەنی زمان و قەڵەمی عەرەبی بە گشتی و کورد بە تایبەتی جێی تێرامان بووە.

دیارە ئەوەش لای ئێمە سەیر نییە لەبەر ئەوەی ئەو دەقە یەکەم جارە لە مێژوودا بۆ بناغەی دامەزراندنی پەیوەندی هەردوو میللەتی کوردو عەرەب لە ناو یەکێتی عێراق دانرابوو. ئەو ئاواتانەی بۆ میللەتی کورد هێنایە دی کە دەمێک

بوو داوای دەکرد پەیوەندییەک لە نێوان خۆی و میللەتی عەرەب لەسەر بناغەیەکی توندو تۆڵ و باوەڕی روون و ئاشکرا دابمەزرێ.

ئەو برگەیە بەرهەمی جیهادێکی دووردرێژو ناخۆشییەکانی دیموکراتییە کوردەکان بووە لە دژی سیاسەتی داگیرکەران و ئەو حکومەتانەی عێراق کە سەر بە ئەوان بوون و مەرامیان بووە پەیوەندی نێوان کوردو عەرەب هەر بە پەنهانی بهێڵنەوە، رۆڵەکانی میللەتەکەمان وا لێ بکەن دەربارەی چارەنووسی خۆی هەر بە دوو دڵی بمێنێتەوە، تاوەکو ئەوان بە بەردەوامی ئەو کەلەبەرانەیان لە دەست بێت کە هەر بیانەوێ داگیرکەر بە جێبەجێکردنی مەرامەکانی ئیمپریالیزم و سیاسەتی (فرق تسد)ی نەفرەت لێکراو لێی بچێتە ژوورەوە.

ئەم دەقە بۆ یەکەم جار وەک مادەیەک خرایە ناو پرۆگرامی (حزب المؤتمر الوطني) کە چەند پارتێکی نیشتمانی و کەسایەتی سەربەخۆ بەر لە شۆڕش بە چەند ساڵێک داوایان دەکرد دابمەزرێ. دیارە (پارتی دیموکراتی کوردستان)یش وەک بەشدارێک لە پاڵپشتی کردنی ئەو حزبە نوێنەرایەتی میللەتی کوردی لە دانوستانی دارشتنی ئەو دەقە کردبوو.. ئەو دەقەش بە چاکترین حەل دانرا کە لەگەڵ باروزروفی ناوەخۆو جیهان بگونجێ بۆیە ئەو شێوە دارشتنەی بۆ دانرا.

لەسەرێشمان پێویستە بۆ راستی و بۆ مێژوو ئەوە باس بکەین کە هەردوو پارتی (الوطني الديمقراطي والاستقلال) چاکەیەکی گەورەی لەسەر دارشتنی ئەو دەقەو قایل کردنی لایەنەکان لە قبووڵ کردن و دانان لە پرۆگرامی پارتی ناوبراو هەبووە. دواتر کە ئەو شۆڕشەی رژێمی ئیمپریالیزمی مەلەکی و دەرەبەگی و دەستەی خۆفرۆشان و خاینانی عەرەب و کوردی لەناوبرد هاتە ئاراوە، هەموو رۆڵەکانی گەلی عێراق لە یەکێتی و تێکۆشان بە قایل بوون بەو دەقەو دانانی لەناو دەستوورەکە وەک بەشێک لە مادەی سێ کردە یەک و رێگەی پەرتەوازە بوونی عەرەب و کوردی لە بەردەم داگیرکەران کردە کۆسپ. ئەوەش وای کردووە کارێکی وا بکات هەموو میللەتی کورد لە چوارچێوەی کۆماری عێراق و دەرەوەی و لە هەموو لایەکی کوردستان لە دەوری کۆماری دیموکراتی، کۆماری عەرەب و کورد کۆببنەوە.

ئێمە کاتێ لەبەر تیشکی ئەو رووداوانەی لەو دوو ساڵ پترەی رابردوو چاو بەو دەقەدا دەخشێنینەوە وای دەبینین پێویستی بە هەندێک روون کردنەوە و پێناسەکردنەوە هەبێ، ئەویش لەبەر ئەوەی باوەڕمان وایە ئەو یەکێتییەی میللەتان کە لە سایەی دەوڵەتی چەند نەتەوەیی هەیە لەگەڵ یەکتر ئاشکراتر بن هەر چەندەی پەیوەندییەکان و مافی نەتەوایەتی هەر یەکەیشیان دیار کرابێ یان بۆیان دیار کرابێ پەیوەندییەکان زیاتر بەهێز دەبێت ورەگ دادەکوتێ.

ئەو دەقەی سەرەوە وەکو ئاشکرایە دووڵا دەگرێتەوە، یەکەمیان دانان بە هاوبەشی کوردو عەرەب لەم نیشتمانەو، دووەمیان بڕیاردان لەسەر هەقی نەتەوایەتی کوردان لە چوارچێوەی یەکێتی عێراقدا.

هاوبەشی لە نێوان دوو میللەت یان زۆرتر لە سایەی یەک دەوڵەتدا نموونەی لە نێو رژێمە جۆراجۆرەکانی سەردەمی ئێستامان زۆرە. ئەوەتا سویسرا نموونەیەکی دیموکراتی ئەمرۆی فرە نەتەوەو پێکەوە ژیانی برایەتی چەند میللەتێکە).

لێرەدا نووسەری سەروتار نموونەی بە یەکێتی سۆڤیاتی جاران و چیکۆسلۆڤاکیاو یۆغسلافیاو وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا هێناوەتەوە. هەموو ئەو نموونەو شێوانەی بۆ هاوبەشی نێوان نەتەوەو میللەتە جیاوازەکان کە لە چوارچێوەی رژێمی جۆراو جۆر بە بیردا دێن بەنموونە هێناوەتەوە، پاشان رۆژنامەکە دەپرسێ: (باشە دەڵێن عەرەب و کورد لەم وڵاتە هاوبەشن. ئەو هاوبەشییەی عەرەب و کورد لە کام لە هاوبەشیەکانە، ئێمە وای دەبینین ئەو خاڵەیان ئەگەر بە دەستووری هەمیشەیی

خۆیشی نەبێت. دەبێ بە یاسایەکی تایبەتی روون بکرێتەوە، پاشان هەموو یاساکانی دەوڵەتی عێراق دەبێ بە ئاشکرا شوێنی ئەو هاوبەشییەی تێدا دیار بکرێ. کە بێگومان هەردوولایان وەک دوو میللەتی ئەندام لەم هاوبەشییە، لەبەر ئەوەی یەک مافی وەک یەکیان هەیە، بۆیە هەمان ئەرکیان دەکەوێتە ئەستۆ، خۆ ئەوە شتێکی ماقول نییە تیۆری هەر لایەنەی بە گوێرەی بەشی خۆی و بە گوێرەی ژمارە لە هاوبەشی بوونی میللەتان جێبەجێ بکرێت. میللەتان ژمارەیان چەند بێ و چەند بچووک بن، مافەکانیان بەش بەشیو دابەش کردن قبوول ناکات.

دەربارەی هاوبەشی نێوان کوردو عەرەب دەبێ ماکەکان بەروون و ئاشکرایی دیاربن و لە هەموو لایەنێکی کۆمەڵی کوردستان بە تایبەتی و کۆمەڵەی عێراق بە گشتی و لە سیاسەتی کۆماری عێراق چ لە ناوەوەو چ لە دەرەوە بەم ناوەی کۆماری کوردو عەرەبە، رەنگ بدەنەوە..

بەڵام دەربارەی داننانی دەستوور بە مافی نەتەوایەتی کورد لەناو یەکێتی عێراق، ئێمە وای دەبینین و ئەوەی بۆی چووین پاڵپشتیمان دەکات لە روون کردنەوەی ئەو هاوبەشییەی کوردو عەرەب، لەگەڵ ئەوەشدا زۆر شتێکی باشە کارەکە هەر بەدەق وازی لێ نەهێنرێ، گوایە ئەو دەستوورە بڕیاری مافی نەتەوایەتیانی داوە. بۆ دەستەبەرکردنی مافەکانی میللەتی کورد وا باوە ئەو دەقە دەستوورییانە دەبێ بە یاسایەکی تایبەتی روون بکرێتەوە، بۆ زیاتر زانیاری مافی نەتەوایەتی، دەکرێت بە گەڕانەوە بۆ سەرچاوە یاساییەکانی دەستوور سنووریان دیاری بکرێت.

بەر لەوەی کۆتایی بە بابەتەکە بێنین، دەڵێین ئەو دوو سەرەتایەی شەرع دانەری عێراق لە دەستوورە کاتییەکەمان دایناوە بە کارێکی مەزنی دادەنێین، واتە باوەڕی بڕیاردان لەسەر هاوبەشی هەردوو میللەتی کوردو عەرەب لەم وڵاتەدا و باوەڕی بڕیاردان بە مافی نەتەوایەتی میللەتی کورد لە چوارچێوەی کۆماری عێراق، ئەو دوو باوەڕەی کە بەبێ ئەوان هەر یەکێتییەکی راست لە نێوان دوو میللەتی برا نایەتە دی. هەر ئەو هۆیانەشە وای کردووە بڕوا بەمە بێنین کە دوارۆژی کۆمارە نەمرەکەمان چاوەڕێی چاکەو پێشکەوتن و بەرەوپێش چوونی لێ بکرێت.

دەبێ ئەوەش لە بیر نەکەین عیبرەت لە یاساو دەستوور لە جێبەجێ کردنییەتی، بۆیە ئێمە ناتوانین بە هیچ شێوەیەک دەق و جێبەجێ کردنی دەقەکە لە یەکتر جوێ بکەینەوە. بەتایبەتی ئێمە لەسەردەمێک دەژین شۆڕشێکی لەسەر هەموو کارێکی بێ کەڵک بەرپاکردووە. لەوانەش جێبەجێ نەکردنی یاساو هەڵپەساردنی مادەی دەستوورێک کە پەیوەندی بەمافی میللەتێکەوە هەبێ. بەو ئومێدەوەین هەموو دەقە دەستوورییەکانی پەیوەندیدار بە میللەتی عێراق بە گشتی و میللەتی کورد بە تایبەتی لە کاتی دانانی دەستووری هەمیشەیی بۆ عێراق دەستەبەر بکرێن. ئەوە شتێکی بەڵگە نەویستە کە میللەت وەک مافێکی رەوای خۆی و وەک بەری بەتام و بۆی خەباتی خۆی لەسایەی دەحەسێتەوە.. دیارە بە بێ ئەوانەش ژیان تامی نابێ، بۆیە هەرشتێکی تری لە جیاتی قبوول ناکرێ).

وەکو لە ناوەڕۆکی هەردوو سەروتارەکە دیارەو ئێمەش لە سەرەتای نووسینی ئەم بابەتەمان و لە کاتی ناو هێنانی (مەهدی حافز) گوتوومانە با خوێنەران ئەو ناوە لەبیر نەکەن، وەکو ئاشکرایە هەموو کارێکی شۆڕشگێری لەناو قوتابیان و لاوانەوە دەست پێ دەکات. وا ئەو کۆنگرەی قوتابیان هەموو پەیوەندییەکی ئەوسای کوردو حکومەتی وەک دەڵێن (هێنایە سەر بەرێ) قوتابیان بوونە هۆی راستەوخۆی لێک ئاشکرابوون، وەکو لە ناوەڕۆکی رۆژنامەکە دەیخوێنینەوە کۆنگرەکەی قوتابیان تا نووسینی هەردوو سەروتارەکەش لە کارەکانی خۆی هەر بەردەوام بووە، وەفدی زۆر لایەنی تر لە جیهان وەکو ئێران و ئەمریکای لاتینی، ئەفریقیاو لوبنان و لاوس و مەدەغەشقەرو پیرۆو هاییتی و

مـارتنیک و وەفدەکـانی تـری ئـەمریکای لاتیـنی هەریەکەی بە بیروبۆچوونی خۆی بەشداری مشت و مـڕی وەرگـیرانی کۆمەڵـەی خوێندکـارانی کـوردی کردووە.

مانشـێتی سـەرەکی ژمـارە (٣٤١) وا نووسراوە: (طلبة افريقيا وامريكا اللاتينية يؤيدون حقوق الشعب الكردي و جمعية طلبة الاكراد).

هەر لەم ژمارەیەدا وتارێک دەربارەی مافەکانی میللـەتی کـورد لـە دەسـتووری هەمیشـەیی بلاوکراوەتەوە هیچی لەم دوو سەروتارە کەمتر نییە کە دەربـارەی مـادەی (دوو) و (سێ) نووسراوە.

ژمـارە (٣٦٤) لـە ڕۆژی هـەینی ١٨/١١/١٩٦٠ دەرچووە. مانشێتی سەرەکی بەناونیشـانی (الحكومـة الوطنية مدعوة إلى انهاء فترة الانتقال).



مامۆستا هەمزە عەبدوڵڵا

بـەڵام وەکـو لـە پێشـەوە گوتوومە زۆر کـەس دەیزانی ئـەوجارە خەبات قورتـاربوونی بـۆ نییـە، وا دیـارە ئەوەی خوێنەرانی کورد لێی دەترسان لەم ژمارەیە بلاوکراوەتـەوە، پێدەچـێ ڕۆژنامـەی خـەبات نەیویستبێ خۆی یەکسەر ئەو هەواڵە بە خوێنەرانی ڕابگەیەنێ، بۆیە هەواڵەکەی لە ڕۆژنامەیەکی دی وەرگرتـووەو لە لاپەڕە (٢)ی ئەم ژمارەیە زۆر بە شێنەیی لە ژێر ناونیشانی (خەبات أمام المجلس العرفي العسكري الثاني) بەم شێوەیە ڕازاندۆتەوە:

(ڕۆژنامەی ـ الفجر الجديد ـ لە ژمارەی ڕۆژی چوارشەمووی ڕابردوو ڕێکـەوتی ١٦ی تشـرینی دووەم بلاوی کردۆتەوە کە:

سیادەتی حاکمی عەسـکەری گشتی کێشـەی تۆمەتبار پارێزەر ئیبراهیم ئەحمەدی سەرنووسەری ڕۆژنامەی (خەبات) ڕۆژنامەی (پارتی دیموکراتی کوردستان)ی خستە بەردەم ئەنجومەنی عورفی عەسکەریی دووەم تاوەکو لەسەر ئەو تۆمەتەی بە گوێرەی مادە (٩)ی بە بەڵگەی مادە (٢١)ی بڕگەی چوارەم لە مەرسومی چاپەمەنی دادگایی بکرێ، ئەوەش لەبەر ئەوەیە لە ژمارە (٣٣٩)ی ڕێکەوتی ١٩/١٠/١٩٦٠ وتارێکی بەناونیشانی (الامة الكردية و المادة الثانية من الدستور) بلاوکردبـۆوە، وا لێکدراوەتـەوە کـە دەبێتـە هـۆی لێک ترازانو بلاوکردنەوەی گیانی شۆڤینی لە نێو هاووڵاتیان).

دوای ڕاگـەیاندنی هەواڵـەکـە ڕۆژنامەنووسەکەی لەمەڕ خۆمـان نووسـیویەتی: (ئـەوەبوو ڕۆژی ١١/١٧ مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد بە کردەوە پێی ڕاگەیەنراوە کە لەبەردەم ئەنجومەنی عورفی عەسکەری دووەم لـە ڕۆژی شـەمووی ڕێکـەوتی ١٩/١١/١٩٦٠ واتـە بەیانی ئامادەبێت، بۆ ئەوەی بە گوێرەی ئەم مادەیە دادگایی بکرێ).

ڕۆژی شـەموو ١٩/١١/١٩٦٠ پشـووی ڕۆژنامەکە بووە، هەتا ئەگەر ڕۆژی پشووش نەبوایە بـەوە ڕانەدەگەیشـتن هەواڵەکـە هـەر ئـەو ڕۆژە بلاوبکەنـەوە، وەک لـە بـەراورد کردنـی ڕۆژی بلاوکردنـەوەی سـەروتارەکەو ڕۆژی نـاردنی ڕۆژنامەکـە بـۆ بـەردەم ئەنجوومـەنی عـورفی عەسکەریی دووەم دیارە ماوەکە مانگێکی تەواوی نێوان بووە.

کـە ژمـارە ٣٦٥ی ڕۆژی یەکشـەممەی ٢٠/١١/١٩٦٠ ڕۆژنامەکە هەڵدەدەینەوە دەبینین هەواڵەکە لە ژێر ناونیشانی (تأجيل محاكمة خـەبات) وا ڕاگەیەنراوە کە خراوەتە ڕۆژی

بەکشەمووی ڕێکەوتی ١٩٦٠/١١/٢٧، سەر وتارەکەی ئەو ڕۆژەیشی دەربارەی (دامەزراندنی کۆڕی زانیاری کورد)، بووە واتە نە ڕۆژنامەکە نە ڕۆژنامەنووسانی، لە ڕەوتی کاری خۆیان نەکەوتبوون، ئەوەتا ڕۆژی پێنج شەممەی ١٩٦٠/١١/٢٤ لە ژمارە ٣٦٨ لەسەرەوەی ڕۆژنامەکەو بە مانشێتی گەورە نووسراوە: (**الرقابة على الفكر تتعارض مع الديمقراطية**) و (سەروتار)یش بە هەمان ناونیشان بووە، تیایدا باسی (**الحلاج**) دەکات کە پێش هەزار و چەند ساڵێک، چۆن لە پێناوی باوەڕی خۆی سەریان بڕیوە، بەڵام ئەو دواتر ناوی هەر بە نەمری ماوەتەوە، بۆیە هەرچەند حکومەتەکان سانسۆر بخەنە سەر بیروباوەڕ، ئەوا لەبەر زۆر هۆ تاسەر ئەوەیان بۆ ناچێتە سەر.

ئەو ماوەی دواخستنی دادگایی کردنەکە لە ١١/١٩ تا ١١/٢٧ بەس بووە، بۆ ئەوەی (پارتی دیموکراتی کوردستان)یش جەماوەرەکەی خۆی بۆ نارەزایی دەربڕین دژی دادگایی کردنەکە بوروژێنێ، بۆیە کە ژمارە (٣٧٠) لە ڕۆژی یەکشەمووی ١٩٦٠/١١/٢٧ دەرچووە دەبینین بە مانشێتی گەورە لەسەرەوە نووسراوە: (**جماهير كوردستان تنتصر لجريدتها خەبات**).

لە لاپەڕە (٢) بە هەمان ناونیشان گۆشەیەک کراوەتەوە کۆمەڵێک نامەو بروسکەی نارەزایی بەناوی هەزاران کەسەوە ڕۆژانە تیا بڵاوکراوەتەوە خوێنەری ئەمڕۆ هەر حەز دەکا بیانخوێنێتەوە.

بەڵام سەروتاری هەمان ژمارە لە ژێر ناونیشانی (**حول محاكمة خەبات أمام مجلس العرفي العسكري الثاني**) بووە تیایدا هاتووە: (ئەمڕۆ خەبات لەشەخسی سەرۆکی نووسینی **مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد** دەچێتە بەردەم ئەنجومەنی عورفی عەسکەری دووەم) پاشان نووسیویەتی: (ڕۆژنامەکەمان وەک دیارە تاکە ڕۆژنامەی عێراق نییە دەچێتە بەردەم ئەنجومەنی عورفی، بەڵام یەکەم ڕۆژنامەیشە کە بە زمانی پارتێکی ڕەسمی مۆڵەت پێدراو دەچێتە بەردەمیان، دیارە ئەوەش جگە لەوەی خۆی هەر ڕەوانەکردنی ڕۆژنامە بە گشتی بۆ بەردەم دادگەری ئیستیسنائی هەتا (ئاسایی)ش کارێکی زۆر دەکاتە سەر مافی رادەربڕین لای هاووڵاتییان و ئەو سەربەستییەی کە مادە (١٠) لە دەستوری کاتی بۆی دابین کردوون. بایەخی تایبەتی ڕۆژنامەی حزبی ئەوەیە کە تاکە ڕێگەیەکە پارتی سیاسی بە هۆیەوە دەتوانی ڕای خۆی کە ڕای هەموو ئەندام و دۆست و لایەنگرانێتی تیادا بدا تا گفتوگۆی لەسەر بکرێ، هەروەها شارێگەیەکیشە کە بەهۆیەوە حزب بیروبۆچوونی خۆی و سیاسەتی ناوەخۆو دەرەوەی بۆ میللەت روون بکاتەوەو تا لە دەوری خۆی کۆیان بکاتەوە. ڕۆژنامەی حزب لە ڕاستیدا موڵکی ئەندامان و جەماوەرەکەیەتی، ناردنی بۆ پێش ئەنجومەنی عورفی هەتا بۆ بەردەم دادگایەکی ئاسایی دەبێ وا سەیر بکرێ زۆر لەوە فراوانترە کە سەرۆکی نووسینی لێپرسراو یان تەنها ڕۆژنامەکە بێت.




**ژمارە (١)ی خەبات کە بە زمانی کوردی لە ١٩٥٩/٤/٤ بڵاوکراوەتەوە، سەروتار بە ناونیشانی (لە ئامانجەکانمان) بە ئیمزای خوالێخۆشبوو (حەمزە عەبدوڵڵا)یەو سلاوی (خەبات)یش بە ئیمزای خوالێخۆشبوو (ئیبراهیم ئەحمەد) بووە.**

جگە لەوەش (خەبات) لەبەر چاوی عێراقیە دڵسۆزەکان بۆ یەکێتی ڕاستەقینەی عێراق بە گشتی و لەبەر چاوی کورد بەتایبەتی گرنگییەکی دیکەی هەیە کە زمانحاڵی تاکە پارتێکی

سیاسییەکە نوێنەری دووەم نەتەوەی عێراقی و کۆمارە خۆشەویستەکەیەتی، ئەو پارتەی کە هەر لە ڕۆژی دامەزراندنییەوە بەر لە (١٤) ساڵ دروشمی یەکێتی ڕاستەقینەی عێراقی هەڵگرتووەو بەرگری لێی کردووەو لە پێناویدا زۆر خەباتی کردووەو بە دڵسۆزی قوربانی بۆ داوە.. نەک هەر ئەوەندە بەڵکو ئەو وتارەی کە بە هۆیەوە (خەبات) ئەمرۆ دراوەتە دادگا بەشێوەیەکی ڕوون و ئاشکرا ڕای هەموو کوردێکی عێراقی دڵسۆز بۆ یەکێتی ڕاستەقینەی عێراق بووەو باوەڕیشیان بە برایەتی ڕاستەقینەی کورد و عەرەب بووە کەلە سەر بناغەی ڕێزگرتن و دانان بە مافی هەردوو گەلی برا بە یەکسانی بووە.

حەزمان دەکرد جارێکی دی ئەو وتارەی بەهۆیەوە ڕۆژنامەکەمان نادراوەتە بەردەم ئەنجومەنی عورفی بۆ ئەو کەسانە بڵاوبکەینەوە کەکاتی خۆی نەیانتوانیوە بیخوێننەوە. بەڵام ئێمە ئێستا ئەو کارە ناکەین چونکە بابەتی دادگایی کردنەیە.

لە کێشەی ناردنی خەبات بۆ بەردەم ئەنجومەنی عورفی چەند خاڵێک هەیە جێگەی داخن، جگە لەوەی کارەکان هەر خۆیان لە بنچینەدا جێگەی داخ بوون. چونکە هیچ پاساوێکی وانەبووە کە ڕۆژنامەکە وا بنێردرێتە بەردەم ئەنجومەنی عورفی و هەتا بەردەم دادگایەکی ئاسایی، بەقەدەر تاڵە موویەکیش لەم پلانە بکاو لاینەداوە کەلە سەرەتاوە بۆی دانراوە، ئەویش ئەو پلانە بووە کە بەرگری لە کۆماری عێراق و خەبات لە پێناویداو پاراستنی دەستکەوتەکانی و شۆڕشی ١٤ی تەمموزی دیموکراتی ڕزگاریخواز ئاواتی بووە. ئەوەی لەکێشەکەدا جێی داخە هەندێک لایەن ویستوویانە بابەتەکە بۆ لاوازکردنی یەکێتی نیشتمانی و بەمەبەستی بڵاوکردنەوەی دووبەرەکی و پەرتەوازەیی بەناوی شەڕ لەگەڵ تێکدەران بقۆزنەوە.

ڕۆژنامەیەکی دیاریکراو چەند ڕۆژێکە شاڵاوی کردووینەتە سەر، چەند ناوو ناتۆرەیەکی خستووینەتە پاڵ. ئێمە حەز ناکەین وەڵامی بدەینەوە.. بەڵام بەمانەو ئەوانەی لەپاڵیەوەن دەڵێین ڕامان دەربارەی بابەتەکە لای هەموان تەواو ئاشکراو دیارەو پێشتیش لەسەر وتارێکمان لەژێر ناونیشانی (الدفاع عن الحقوق القومية للشعب الكردي يقضي علي عوامل التفرقة)نووسیومانە:

لێرە بەدواوە ـ خەبات ـ زۆربەی بابەتەکەی بۆ خوێنەرانی ڕاگواستووە ــ لەبەر درێژبوونەوەی بابەتەکەمان، جارێ تا کاتێکی تر لێی گەڕاین.

هەر لەم ژمارەیەدا هەواڵی داخستنی ڕۆژنامەی ـ ژین ـ ی سلێمانی بڵاوکراوەتەوە.

ژمارە ٣٧١ ساڵی دووەم کەوتۆتە ڕۆژی دووشەممە ڕێکەوتی ١٩٦٠/١١/٢٨.

مانشێتی سەرەکی ئەم ژمارەیەش بەناونیشانی (المصلحة الوطنية تقضى بأحترام الصحافة الكردية) بووە.

سەروتاریش بەناونیشانی (الصحافة الكردية) بووە.

تیایدا باس لە سیاسەتی ئیمپریالیزم دەکا کە چۆن(نەتەوەی کوردیان لە هەموو مافێکی ئازادی و دیموکراتی بێبەش کردبوو، لەوانەش هەقی دەرکردنی ڕۆژنامەی کوردی سیاسی و ڕۆشنبیریان پێ ڕەوا نەدیبوو، گۆڤارە کوردییەکانیش کەلە عێراق دەردەچوون تووشی ڕاوەدوونان و چەوساندنەوە ببوون و زۆر بەدڵرەقی دایان دەخستن. هەروەکو ئەوەی بەسەر هەردوو گۆڤاری (گەلاوێژ)ی ڕۆشنبیری و(نزار)ی نیشتمانی هاتوە.

ڕژێمی مەلەکی هاشمی بەدرێژایی مانەوەی لەسەر حوکم نەیدەهێشت هەتا ڕۆژنامەیەکی سیاسی سەر بەخۆیشیان دەربچێت.

دوژمنایەتی کردنی نەتەوەی کورد لەلایەنی سیاسی و ئابووری وڕۆشنبیری ئاکاری زەقی سیاسەتە تاوانکارو دوژمنکارەکەیان بووە. هەروەکو چۆن دوژمنایەتی کردنی جولانەوەی

ڕزگاریخوازی عەرەب و جووڵانەوەی دیموکراتی عێراقی سروشتی هەمان سیاسەتیان بووە بەرامبەر گەلی عەرەبی برا لەعێراق.

بەڵام ئەو سیاسەتی تۆقاندنە نەیتوانیوە تاسەر بەسەر کاری ڕۆژنامەنووسیدا زاڵ بێت کەلە قۆناغە جیاجیاکان بەنهێنی دەردەچوون.

گۆڤار و ڕۆژنامە نیشتمانییەکان وەکو: (ڕزگاری و شۆڕش و خەباتی کوردستان و بانگی کوردستان) و هی تر ئەم دەست و ئەو دەستیان هەر کردووە، ئەوەش بەڵگەی ئەوەیە کەدیکتاتۆریەت نەیتوانیوە میللەت و دەستە خەباتکارەکەی لە دەربڕینی بیرو باوەڕی خۆی لە ڕێگای تۆقاندن و پێشێل کردنی ئازادییەکان و بردنی مافی دیموکراتیەت لەبەین ببات.

کاتێ کە شۆڕشی میللەت و سوپا لەبەرەبەیانی ١٤ی تەمموز سەرکەوت و کۆماری ساوای عێراق، کۆماری کورد و عەرەبی دامەزراند. دوای ئەوەی دەستووری کاتی کە دەری خستووە میللەت سەرچاوەی هەموو دەسەڵاتێکە و وای پێویست کردووە پیادەی هەموو مافێک و ئازادی دیموکراتی خۆی بکات ئاشکرا کرا. هەر لە مادەی سێیەم دەستەبەری مافی کوردی کردووە لە بەشداری کردنی لەگەڵ میللەتی عەرەبی برا گەورەی لە وڵات و ڕێزی مافە نەتەوایەتییەکانی بگیرێ، دیارە ئەو کاتی ئەوە شتێکی زۆر ئاسایی و سروشتی یە کە بوار لە پێش میللەتی کورد بکرێتەوە، مافی ڕەوای خۆی لە دەرکردنی ڕۆژنامەی سیاسی و ڕۆشنبیری پیادە بکات، داوای پاڵپشتی کردنی ڕۆژنامەی نیشتمانی کوردی لە حکومەتی کۆماری نیشتمانی بکات.

هەموو ڕۆژنامە کوردییەکان هەریەکە بەشێوازو باوەڕی خۆیان بەرگری لە کۆماری عێراق و ڕێڕەوە دیموکراتییەکەی کردووە، هەموو کاتێک لە هەوڵی پاڵپشتی کردنی دەسەڵاتی نیشتمانی دابوونە.

داننانمان بەم ڕاستییە ئەوە ناگەیەنێ ئێمە لەو هەموو بابەتانە ڕازی بووینە کەلەم ڕۆژنامانەدا بڵاوکراونەتەوە یاخود شێوازی دانانی چارەسەری کێشەو کارەکانمان بەدڵ بووە. ئەوەی گومانی تێدا نییە پارتی دیموکراتی کوردستان ــ جگە لە ڕۆژنامەکانی خۆی، جیاوازی لەگەڵ ئەو ڕۆژنامانەدا هەبووەو دەبێ.

لەلایەکی دیکەشەوە ئەوە مانای ئەوە نییە کەئەم ڕۆژنامە کوردییانە هەڵەیان نەکردووە یان هەندێ جار تێیان نەپەڕاندووە، بەڵام ئەوە مانای ئەوە نییە هەڵوێستە نیشتمانییەکانی ئەو ڕۆژنامە کوردییانە دەبێ هەندێ هەڵەی بەسەردا زاڵ نەبێ و پێشێلکاری نەکات. لەسەر دەسەڵاتی نیشتمانیشە کەڕێزی ئەو ڕۆژنامانە بگرێ و مافی دەرکردنیان بداتێ با ئەوانیش تێبینی خۆیان بدەن و ڕەخنەش بگرن.

ئازادی ڕۆژنامەگەریی لە پیرۆزترین مافەکانە کەگەلی عێراق بە هەردوو میللەتەکەیەوە عەرەب و کورد خەباتی لە پێناودا کردووە و هەر ئەوەشە پێوەری دیموکراتیەتی حوکم.

لەوەش زیتر ڕۆژنامە کوردییەکان کە ئەو ئازادییە پیادە دەکەن کە دەستووری کاتی پێیانی داوەو سیادەتی سەرۆک وەزیرانیش ناوە ناوە تەئکیدی لەسەر کردۆتەوە، ئەوەیان بەشێکی کەمە لەو مافە نەتەوایەتییانەی کەمادەی سێیەم لە دەستوور دەستەبەری کردووەو بڕیاری لەسەر داوەو بۆتە هۆی ئەوەی کوردی لەگەڵ برا گەورەی کەنەتەوەی عەرەبە کردۆتە برا بەش ڕێزی یەکتر بگرن.

ئەو ڕاستیە ڕوونانەی لای هەمووان ئاشکرایە و بەبۆنەی ئەوەش کەدەسەڵاتدارەکان سەلاحیەتی ئیستیسنائیات بەکار هێناوە کەڕۆژنامەی (ژین)ی کوردی لە سلێمانی دابخەن ـ گۆڤاری ـ هەتاو ـ کەلە هەولێر دەردەچێ داخراوەو خاوەنەکەی گیوی موکریانی دوور خراوەتەوە، ڕۆژنامەی ــ دەنگی کورد ـی عومەر جەلال حەویزیی پارێزەر ڕاگیراوەو خۆیشی دەست بەسەر کراوە، ئەوەتا ڕۆژنامەی ـ خەبات ـ خۆیشی دوای دووجار ئینزارکردنی توند دراوەتە دادگا، هەموو ئەو ئیجرائاتانە بە ئومێد بووین حکومەتی نیشتمانی پێویستی پێیان نەبێ.

ئەگەر نەمانویستووە درێژە بە گێڕانەوەی ئەو ڕاستی و ڕووداوانە، دەربارەی ئازادی ڕۆژنامەگەریی بەگشتی و ڕۆژنامە نووسی کوردی بەتایبەتی بدەین، لەبەر ئەوە بووە کە ڕای گشتی عێراقی ئارەزووی خۆی بۆ ڕێزگرتنی ئازادی ڕۆژنامەنووسی وا دەربڕیوە کە حوکمی ئیستیسنائی دوور لە دیموکراتی دژی بەکار نەبا.

پارتی ئێمە لەبەر باوەڕبوون بە دیموکراتی، دەستەبەرکردنی ئازادی و دیموکراتی بۆ پارتەکان و ڕۆژنامەگەریی نیشتمانی چ عەرەبی چ کوردی، بەپێویست دەبینێ.

دەربارەی ڕۆژنامە کوردییەکان چ ئەوانەی داخراون و چ ئەوانەش بە دوایانەوەن لەکاریان بخەن، پارتی ئێمە داوا دەکات بواریان بدرێتەوە کە ئازادییە دیموکراتییەکان بەکار بهێنن و جارێکی دی دەربچنەوە. داواش دەکات خاوەنە گیراوەکانیان یان دوور خراوەکانیان بەر بەدواداچوونی عورفی دژیان ڕابگیرێ بدرێن و بگەڕێنەوە، ئەو داوایەشمان لە دڵسۆزییەو بەرژەوەندی نیشتمانی وا پێویست دەکات و برایەتی کوردو عەرەب وای دەخوازێ و دیموکراتیەت داوای دەکات.

هەر لەم ژمارەیەدا ئەو هەواڵە بڵاوکراوەتەوە کە (دادگایی کردنی ڕۆژنامەی خەبات بۆ کاتێکی تر دوا خراوە)

هەواڵەکە دەڵێ: (دوێنێ خەبات لە شەخسی سەرۆکی نووسینی لێپرسراو مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد سکرتێری پارتی دیموکراتی کوردستان چووە بەردەم ئەنجومەنی عورفی عەسکەری دووەم، بۆ بەرگری کردن لە مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد کۆمەڵێک پارێزەری کورد و عەرەب لە لیواکانی بەغداو کەرکوک و سلێمانی و هەولێر تەتەوعیان کرد و ژمارەیان تائێستا گەیشتۆتە(٢٤)پارێزەر کە ئەوانەن:

عەبدولڕەحمان فەرەج، بەهجەت محەمەد، محەمەد مستەفا، جەمال شالی، ئەنوەر دزەیی، جەلال تالەبانی، عومەر مستەفا، عەبدولحەلیم ئەلقەیم، نافع سەعید، عەبدولهادی ئەلبزرکان، عەلی مەزلوم، خەڵەف سلێمان، عەدنان جەمیل ئەسوەد، نازم حەمید، ئەمین ئەبولتمەن، حسێن عەلی ئەلسەیوانی، عومەر جەلال حەویزی، ئەمیر حەویزی، ئەحمەد زرنگ، کەمال عارف، عەزیز عەبدوڵڵا، رشدی عەزیز، کەمال ئەحمەد، ڕەئوف مستەفا.

دوای کردنەوەی دانیشتنی یەکەمی دادگاو گوێ گرتن لە پێداچوونەوەی داواکاری گشتی و پرسیار کردن لە مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد و وەڵامدانەوەی، ئەنجومەن بڕیاری دا دادگایی کردنی خەبات بۆ کاتێکی تر دوابخرێت. لێژنەیەک لە شارەزایان پێک بێت کەئەم بەڕێزانە بوون:

دکتۆر مستەفا جواد، دکتۆر عەبدولڕەزاق محیەدین، پارێزەر مەسعود محەمەد ئەویش بۆ ئەوەی ڕای خۆیان دەربارەی ئەو وتارەی بابەتی داوایەکە بدەن.

هەر لە ١٩٦٠/١١/٢٧وە خەبات ڕۆژنامە ژمارە دوای ژمارە نیو لاپەڕەو زیاتریش لە قەبارەی گەورەی خۆی لەژێر ناوی ئەو گۆشەیەی لە پێشەوە باسمان کردوە کە تایبەت بووە بۆ ئەم دادگایی کردنە، کرابووە تەنیا هەر نامەو بروسکەی نارەزایی جەماوەری بەبەردەوامی بڵاوکردەوە. تیایدا پاڵپشتی ڕۆژنامەکەیان کردووە و داوایان کردووە دەست لە دادگایی کردنی (خەبات) هەڵبگرن.

ڕۆژی ١٩٦٠/١٢/٥ جارێکی دی ئەنجومەنی عورفی عەسکەری دووەم دانیشتەوەو گوێی لە ڕاپۆرتی شارەزایەکان دەربارەی ناوەڕۆکی ئەو وتارە گرت کە بە هۆیەوە ڕۆژنامەکە خرابووە بەردەم ئەنجومەنەوە. دواتر دادگایی کردنەکە لەسەر داوای وەکیلی بەرگری کردن بۆ ڕۆژی چوار شەممە ڕێکەوتی ١٩٦٠/١٢/٧ دواخرا.

ڕۆژی ١٩٦٠/١٢/٧ جارێکی تر ئەنجومەنی عورفی دووەم دەستی بەدادگایی کردنەکە کردبووەوە دوای ئەوەی گوێی لە وەکیلەکانی بەرگری کردن گرتبوو بڕیاری دابوو بۆ ڕۆژی یەکشەممەی ڕێکەوتی

١٩٦٠/١٢/١١ دوابخرێ تاوەکو بڕیارێکی لەبارەوە دەربکرێت.

ڕۆژی ١٩٦٠/١٢/١١ ڕۆژێکی تایبەتی بوو لە ژیانی ڕۆژنامەی (خەبات)و خەباتی جەماوەری لە کوردستان.

ژمارە(٣٨١)ی ڕۆژی دووشەممەی ڕێکەوتی ١٩٦٠/١٢/١٢ کە ڕۆژنامەکە بڵاوکرایەوە دیار بوو بەمانشێتی گەورە لە سەرەوەی نووسرابوو(**نص قرار الإفراج عن خەبات**)

سەروتاریش بەناونیشانی(**قرار المجلس العرفي الثاني في قضية خەبات دعم للوحدة الوطنية الصادقة**) بووە، تیایدا نووسراوە:ئەمڕۆ دادگایی کردنی خەبات لە بەرامبەر ئەنجومەنی عورفی دووەم کۆتایی پێهات.

ئەنجومەن بڕیارەکەی خۆی دەرکرد کە تیایدا هاتووە بەڕێوەبەری لێپرسراوی ڕۆژنامەکە بەهۆی ئەو کێشەیەی کەدرا بووە دادگا بەردرا..

پاشان نووسیویەتی: دادگایی کردنی خەبات لەبەرئەوەی وەکو لە پێشەوە گوتومانە یەکەم ڕۆژنامەی زمانحاڵی پارتێکی مۆڵەت پێدراوە چۆتە بەردەم ئەنجومەنی عورفی، بۆیە لەلایەن میللەتی عێراقەوە بە عەرەب و کوردیەوە زۆر بایەخی پێدرا. هەروەها کێشەکە جێی بایەخی ڕای گشتی بووە لەبەرئەوەی پەیوەندی بەدوو کۆڵەکەی بنچینەی هەر سیستەمێکی دیموکراتی ڕاستو دروست دادەنرێن. ئەوانیش ئازادی ڕۆژنامەنووسی لەلایەکەوەو ئازادی پارتەکانو هەقیان لە جێبەجێکردنی ئەرکەکانیان و چالاکی نواندنی ئاسایی و بڵاوکردنەوەیان لەم ڕۆژنامانەی کە بیرو باوەڕیان دەردەبڕن لە لایەکی ترەوە بووە. جگە لەوانەی باسمان کردن خەبات بایەخێکی تری هەیە بەتایبەتی لای ئەو عێراقیانەی باوەڕیان بەیەکێتی ڕاستو دروستی عێراق هەیە. ئەویش ئەوەیە زمانحاڵی تاکە پارتێکی سیاسی یە کە نوێنەرایەتی دووەم میللەتی عێراقی کۆماری دەکات.

پاشان نووسیویەتی( دیارە ئەو پارتە هەر لەو کاتەوەی بەر لە(١٤)ساڵەوە دروست بووە، دروشمی ڕاستەقینەی یەکێتی عێراقی هەڵگرتووە. کاتی کەدەنگی خەباتگێری نیشتمانپەروەر مستەفا بارزانی لەو بانگەوازەی بەبۆنەی دامەزراندنی پارتی دەری کردبوو دەنگی دایەوە کەتیایا گوتبووی(**إنني اوجه ندائي هذا الي الشعبين العربي الكردي علي السواء ليتكاتفا و يوحدا نضالهما المشترك ضد العدو المشترك وهو الاستعمار واذنابه**)تائێستا پارتی بەرگری لەو دروشمەی خۆی بە دڵسۆزییەوە دەکات و لەپێناویدا خەبات دەکات و خۆی بۆ دەکاتە قوربانی.

پاشان ڕۆژنامەکە دەربارەی بابەتی دادگایی کردنەکە واتە ئەو وتارەی بەهۆیەوە سەرۆکی نووسینی خەبات چۆتە بەردەم ئەنجومەنی عورفی نووسیویەتی(دەنگدانەوەی ناردنی خەبات ـ بۆ بەردەم ئەنجومەن ـ لەناو جەماوەری کوردستان بەتایبەتی و میللەتی عێراق بەگشتی و ئەو لافاوی نامەو بروسکانەی ڕژایە سەر کارگێری ڕۆژنامەکە جارێکی دی ڕاستی بۆچوونەکانی ئێمەی سەلماند کە وتارەکەمان بۆچوونێکی ڕاستو ئاشکرای هەموو عێراقییەکانەو باوەڕدارانەیە کەلە پێناوی جێگیرکردنی برایەتیی ڕاستەقینەی کوردو عەرەب لەسەر بناغەی یەکسانیی تەواو لە مافو ئەرکەکانی دامەزراوە.

پاشان ڕۆنامەکە لەسەری دەڕواو دەڵێ: (ئێمە لە هەموو ئان و ساتێکداو بەبەردەوامی گوتوومانە لە بەرژەوەندی عەرەب دانییە کورد بەعەرەب دابنێ. ئەو داوایە تەنیا دوژمنانی برایەتی کوردو عەرەب داوای دەکەن. ئەو داوایانە سەر لەبەریان پڕوپووچن و پێچەوانەی ڕاستەیەکانن و دەبنە هۆی جوداخوازی و گیانی پەرتەوازەیی دەخوڵقێنن، لەکاتێکدا ئێمە زۆر پێویستیمان بەیەکێتی و هاوکاری و خەباتی توندو تۆڵ هەیە نەک بەو ناوەی تەنیا ئێمە لە هەستی هاونیشتمانیدا عێراقین، بەڵکو بەو ناوەی ئێمە دووبەشین

لەنەتەوەی کوردو ونەتەوەی عەرەب هەتا هەتایە براین لەسەر ئاستی کوردستان و نیشتمانی گەورەی عەرەب کۆمەڵێک ئاواتی زاتی و زۆر شتی تر کۆمان دەکاتەوە.

ئەو بڕیارە دادپەروەرانەی ئەنجومەنی عورفی عەسکەری دووەم دەربارەی کێشەی خەبات دەری کرد، ئەو ئەنجومەنەی کە ئێمە هێشتا لەسەر رای خۆمانین بەشێوەیەکی گشتی نابێ رۆژنامەی حزبی بدرێتە ئەنجومەنی عورفی، تیایدا زۆر سنگ فراوان بووە. ئاسۆیان لاروون بووە، پابەندبوون بە ئوسولی دادگایی کردن. وایان کردبوو خۆمان لەبیر بکەین کە بەرامبەر دادگایەکی ئیستیسنائی بووین.

دەڵێین ئەو بڕیارە دادپەروەرانەیەی کە ئەنجومەنی عورفی دووەم دوێنێ دەری دەکرد بەسەرکەوتنێکی گەورە دادەنرێ نەک هەر بۆ رۆژنامەی خەبات و پارتی دیموکراتی کوردستان، بەڵکو بۆ ئازادی رۆژنامەگەریش بە گشتی. بەهەقیش وەک پشتگیرییەک بۆ جێگیر کردنی قەوارەی یەکێتی راستەقینەی عێراق هەڵسەنگاندنێکی راستی برایەتی کوردو عەرەبە کەسەرچاوەی هێزی کۆمارەکەمان و جەماوەرەکەیەتی هەروەها دەستەبەری بەجێهێنانی ئەوەی کرد کە هەمووما بۆ ژیانێکی ئازادو سەر فرازانە هەوڵمان بۆ دەدا، هەر بەبۆنەی ناو هێنانی جەنابی مستەفا بارزانی لە ناوەڕۆکی سەروتارەکە دەڵێین: جەنابی، بەیانی رۆژی شەمموی ١٩٦٠/١١/٥ بەبانگهێشتی رەسمی بە فرۆکەیەکی تایبەتی سۆڤیەتی ئەوسا چوو بووە مۆسکۆ تالە ئاهەنگەکانی شۆرشی ئۆکتۆبەر ئامادەبێت بۆ زیاتر زانیاری ئەندامانی مەکتەبی سیاسی و هەندێ لە ئەندامانی لیژنەی ناوەندی و لیژنەی لقی بەغدای پارتی و لیژنەی قوتابیان و هەندێک برادەران بەرێیان کردبوو، ئیزگەکانی جیهانیش ئەوسا باسی گەیشتنی فرۆکەکەو ئەوگەشتەیان کردبوو. واتە بەرێزی ئەو کاتەی رۆیشتبوو هێشتا خەبات نەدرابووە دادگا، کەبڕیارەکەش دەرچووە ئەو هێشتا نەگەڕابووەوە.

ئەو ژمارەیەی خەبات دەقی بڕیاری ئەنجومەنەکەیشی بلاوکردۆتەوە، کە تیایدا دەردەکەوێ، دانیشتنی ئەنجومەنی عورفی دووەم لە ئوردووگای رەشید بووە، ئەندامانی ئەنجومەنەکەش پێک هاتوون لە:

العقيد شاكر مدحت السعود/ رئيس المجلس العرفي العسكري الثاني

العقيد فاضل عباس شهاب / عضو

المقدم عواد خضر / عضو

ئەنجومەنەکە بەناوی گەل بڕیارەکەیان دەرکردووە، لە بڕیارەکە دیارە پارێزەری خەبات بەرێزان(ئەنوەر دزەیی و عەبدولحەلیم قەیم) بوون. لیژنەی خەبیرەکانیش هەر ئەو بەرێزانە بوون کە لە پێشەوە ناومان هێناون.

لەبەر ئەوەی بابەتەکەمان زۆر درێژبۆتەوە و لە کاتێکی گونجاویشدا دەمەوێ دەقی بڕیارەکە وەک خۆی بەزمانی عەرەبی بلاوبکەمەوە، بۆیە هەر بەوەندە زانیارییەی ناو بڕیارەکە وازی لێ دێنم.

خاڵێکی تریش کە پێم وایە زۆر گرنگە دەقی ئەو نووسینو رایانەیە کەئەو کاتی رۆژنامەو گۆڤارە کوردییەکان دەربارەی خەبات و ئەو دادگایی کردنە نووسیویانە، پێم وایە نووسینەوەی ئەو لایەنەش زیاتر بابەتەکەی دەوڵەمەند دەکرد، بەلام وا ئەمیشیان بۆ کاتێکی تر لێگەڕام.

خاڵێکی دیکەش کەلە هەموان گرنگترە کە کاریگەری خۆی لەسەر ئەنجامی بڕیاری ئەنجومەنی عورفی هەبووە بڕیاری ئەندامانی لیژنەی شارەزایەکان بووە، وەکو لە پێشەوە ناومان هێناون ئەوانیش بەرێزان:

د. مستەفا جواد و د. عەبدولرەزاق محییەدین و مامۆستا مەسعود محەمەد بوون، ئەوەی لە بەدواداچوونەکانم بەبیرم مابێ ئەوەی دواییان، لەسەرەتای پەنجاکان لەسەر لیستی پارتی دیموکراتی کوردستان چۆتە ناو پەرلەمانی سەردەمی

مەلەکی و لە گەرمەی رووداوەکانی دوای ١٤ی تەمموزی ١٩٥٨ و لە ناوەراستی ١٩٦٠ ناوبراو چەند وتارێکی لە رۆژنامەی (الحریە) دەربارەی هەندێ چەمکی (کوردایەتی) بلاوکردۆتەوەو ئەو کاتی لە گۆڤارو رۆژنامەکانی کوردی چەند مشت و مرو بابەتێکی نوێی وروژاندووەو چەند پێنووسێکی ئەوکات وەڵامیان داوەتەوە، ئەوانیش ئەو زاتانە بوون:

١ـ مامۆستا جەمال نەبەزی (ئەوسا) و ئێستا (دکتۆر).

٢ـ مامۆستا جەرجیس فەتحوڵڵا بە ئیمزای (تقدمی) نووسیویەتی.

٣ـ نووسینێکی درێژ لە رۆژنامەی (خەبات) بە ئیمزای (پارتی).

٤ـ (پیرۆت)یش لە گۆشە تایبەتییەکەی خۆی بە ناوی (یومیاتی). دیارە ناوبراو بەرێز (جەلال تالەبانی)یەو بابزانین بەم دواییە خۆی چۆن دەربارەی ئەم رۆژانە قسەی کردووە؟. (لە رۆژنامەی خەباتی عەلەنیدا لە شەرێک لەگەڵ کاک مەسعود محەمەدی ئێستا، نووسەر، من وەڵامی ئەوم دایەوە ئەو زنجیرەیەک وتاری دەنووسی لە رۆژنامەی(حریة)ی قاسم حەمودی بەناوی هوشیارەوە بێ گومان زۆر یەمینی بوو رەخنەی لە پارتی دەگرت لە هەموو هەڵوێستێکی بەیەساری و من بەیەک وتار بێ دەنگم کردو دوایی گوتی باسولح بکەین وتم باشە وس بە، وتارەکەش عینوانەکەی ئاوابوو (هذا الولد العاق) مانای ئەوەیە ئەوکورەی نەچۆتەوە سەر باوکی ئەو رەخنەی لە رۆژنامەکەی ئێمە گرتبوو دەڵێت حەقتان چییە لەسەر باسی خەباتی مۆزەمبیق و کامیرۆن و نازانم چی و چی دەکەن و ئەوە مەسەلەی کوردەو کورد خەریکی مەسەلەی خۆی بێت منیش شیعری باوکیم بۆ هێنایەوە کەباسی هیندستان و ئەفەریقا و باشووری ئەفریقا دەکات. وتم مەلای گەورە وای نووسیوە ٢٠ ساڵ لەمەوبەر ئەمەش ئەو کوڕەیە کە خۆی بەباوکییەوە هەڵدەکێشێ بەڵام ئەوە(هذا الولد العاق)ەواتە نەچۆتەوە سەر باوکی، قسەمان نەدەکرد. وتی وەرە پیاوی چاک بە نەمن دەنووسم نەتۆ)

پێم وایە ئەو بابەتە زۆر زۆر لەوە فراوانترە کە ناوبراو بەم چەند دێرە(لە وانەیەکی دا لە خولی(٢٠٠٠)ی کوردستانی نوێ) گێڕاویەتەوە،


سلاومان بو جەژنی کرێکاری عیراق و جیهانی پێشکەوتوو
سلاوی پارتی دیموکراتی یەکگرتووی کوردستان
بە بونەی جەژنی کرێکارانەوە
خەبات
رۆژنامەیەکی سیاسی رۆژانەیە
ژمارە (٥) هەینی ١ ئایار ١٩٥٩ سال (١)

ژمارە (٥)ی خەبات لە رۆژی هەینی رێکەوتی ١ی ئایاری ١٩٥٩ دەرچووە،
کاریگەری دەستەی خوالێخۆشبوو (هەمزە عەبدوڵڵا) و
مامۆستا ساڵح حەیدەری و ئەوانیتری بەسەرەوەیە، لە مانشێتی سەرەکی دیار بێتەوە.

چونکە ئەو جۆرە وەڵام و وەڵامدانەوەیە لە مانگی(تەمموز) دەستی پێکردووە ئەوەی من بیزانم ناوبراو هەر خۆی بە لای کەم بەچوار وتار بەشداری تیا کردووە و وتارەکانیشی هەمووی لە گۆشەکەی تایبەتی خۆی بەناوی(یومیاتی) بووەو یەک لەدوای یەک ئەمە ناونیشانەکانیانە.

ـ هذا ـ الكردي ـ العاق.. أيضا

ـ أين انتم يا زارعي شجرة الحكمة؟

وأين انتم ايها المثقفون المستقلون البهاليل!؟

ـ (أما الآن،فماذا يقول المستقلون الأكراد)!

ـ (اللاقوميون الأكراد)

ـ (نحن يا ثرثار مع العرب ضد الاستعمار والصهيونية في كل زمان ومكان)

بەڵام وتارەکەی (پارتی) لە گۆشەی (ركن القراء) بڵاوكراوەتەوە بەناونیشانی(ماذا يبغي السيد ـ هوشيار ـ من وراء هجومه على البارتي)

(د. جەمال نەبەز)یش کاتی خۆی لە ڕۆژنامەی (دەنگی کورد ـ صوت الأكراد) لەبەشە عەرەبییەکەی بەسێ ئەلقە وەڵامی(هوشیار)ی داوەتەوە، ناوبراویش وا دیارە هەر لەم ڕۆژنامەیە جارێکی دی وەڵامی(د. جەمال)ی داوەتەوە بەڵام وا پێدەچێ نەیانهێشتبێ وەڵامەکانی تەواو بکات.

بەم دواییەش لە چاوپێکەوتنێکدا مامۆستا جەرجیس فەتحوڵڵا لە ژمارە ٩٢٢ ڕۆژنامەی خەبات لە ١٩٩٩/٤/٣٠ وای وەڵامی پرسیارێکی (خەبات)ی داوەتەوە کە بە وەڵامەکانی ئەو بووە، هەردوو بەڕێزان(عەبدولرەزاق محیەدین و مەسعود محەمەد) بێدەنگ بوونە.

کە بە دوای وتارەکانی ناوبراو دا چووم، دیار بوو وتارێکی درێژبوو بەناونیشانی(القومية اللاقومية في حملة تفكيك الاخاء العربي الكردي).

پێم وایە وتارێکی تریشی دەربارەی هەمان بابەت هەبووە بەڵام لەبەر پەلە کردن لە نووسینەوەی بابەتەکە نەکەوتمەوە سەری.

کاتێ زیاتر بە دوای ڕایەکانی ئەم دواییەی مامۆستا جەرجیس فەتحوڵڵا دا چووم بینیم لە ژێر ناونیشانی(محاكمة ئیبراهيم احمد صاحب امتياز خەبات) نووسیویەتی:(كان سبب تقديم سكرتير الحزب العام للمحكمة المقال الذي ظهر في صدر صحيفة الحزب الديمقراطي الكردستاني(خەبات ـ النضال) في يوم ١٩ من تشرين الأول ١٩٦٠ بعنوان (الامة الكردية والمادة الثانية من الدستور العراقي المؤقت) وهو بقلمه ايضا، ويدور حول مناقشة التناقض الواضح بين المادتين الثالثة والثانية من الدستور المؤقت. فعلي اثر نشر المقال قرر الحاكم العسكري العام بموجب صلاحياته التي يخولها له مرسوم الادارة العرفية إجراء التحقيق القضائي مع صاحب الامتياز ورئيس التحرير و تقديمه للمحاكمة بتهمة وفق المادة(٣١)من مرسوم الادارة العرفية، ومرسوم المطبوعات والمقال طويل ولا املك نصه كاملاً إلا اني احتفظت بالجزء الاهم من فقراته.

لێرەدا مامۆستا جەرجیس هەندێک لە ناوەڕۆکی وتارەکەی نووسیوەتەوە.

لەهەمان لاپەڕەشدا لە پەراوێزدا نوسیویەتی: ((لا ادري كيف عثرت علي هذه الفقرات في واحد من دفاتري وقد فقدت قسماً وسلب مني قسم لكن تبين لي اني اسعد حظا من كاتب المقال نفسه(الأستاذ ابراهيم احمد) الذي اكد لي انه لا يستطيع تزويدي بالنص الكامل وأرسل لي مقتطفات منه مترجم إلى الأنكليزيه من كتاب سعد جواد ــ العراق والقضية الكردية ـ إلا ان ماأملكه كان اكثر مما ورد في هذا الكتاب)).

دواتر مامۆستا جرجیس دەربارەی شێوەی دادگایی کردنەکە نووسیویەتی:

(إذ استدعى ابراهيم احمد إلى مقر وزارة الدفاع وخضع لاستجواب حاكم التحقيق التابع لمكتب الحاكم العسكري في الثاني و العشرين من شهر تشرين الأول أن لم تخنني الذاكرة و قد ربط بكفالة واخلى سبيله واذكر اني كنت في منزله ظهر اليوم التالي وسألته عن معالجة حاكم التحقيق للقضية، فذكر ان التحقيق كان مقتضباً وقد ايد خلاله نشر المقال بقلمه وانه اطلع عليه وهو مسؤول عن كل محتوياته.

احيلت القضية إلى المجلس العرفي العسكري، ومما كان موضع دهشة في حينه ان ذلك المجلس وربما لأول مرة في حياته واخره اتبع الأصول القانونية السليمة في سماع القضية وهي الآجراءات المعتادة في المحاكم المدنية عند نظرها في جرائم الصحافة والنشر. فقد انتدب ثلاثه من الخبراء لتدقيق المقال و فحصه من الوجهة التأريخية والعلمية فيما إذا كان ما احتواه يثير النعرات ويؤدي إلى بث الشقاق بين أفراد الشعب. واذكر أيضا ان العلامة (الدكتور مصطفى جواد) والأستاذ (احمد حامد الصراف) كانا بين اللجنة و قد غاب الخبير الثالث عن الذاكرة.

وقدمت اللجنة تقريرها فأخذت به المحكمة وبرأت(ابراهيم احمد)

ودواتر (مامۆستا جەرجيس) دەربارەی پەیوەندی عەبدولکەریم قاسم بەم دادگایی کردنەوە نووسیویەتی:

(اميل إلى الظن بان ـ عبدالكريم قاسم ـ لم يبق بعيداً عن القضية لحظة واحدة ـ لان إعداد تمثيليات مشابهة كان جزء من طبعه. أراد أن يلعب مع الحزب الديموقراطي الكردستاني لعبة العصا و الجزرة، ولم تكن علاقاته قد ساءت معه بعد كما ساءت مع (ح.ش.ع) الذي عطل جريدته واحال صاحبها إلى المجلس العرفي وسجنه. كان يريد أن يحذر الحزب الديمقراطي الكردستاني من تخطي الحدود التي رسمها له لاغير ولولا ذلك لما اخرجت تمثيلية(ابراهيم احمد) على خشبة المجلس العرفي العسكري بالشكل الذى ذكرناه)

ئێمەش دەڵێین یەکێک ئەو سەر وتارەی بەدەست خەتی ئێمە لە خۆمان وەرگرتووەو بەبێ پرس داویەتییە مامۆستا جەرجیس چاوەڕێین بزانین ئەم جارەیان ناو براو چی لەبارەیەوە دەنووسێتەوە بەڵام بە پێچەوانەی مامۆستا من وای دەبینم کە رۆژنامەکە لە کاتی دادگایی کردنی و دوای کۆتایی هاتنی دادگایی کردنەکەش زۆر لە جاران توندتر بووە و، خوێنەر ئەگەر ئێستا ئەو کۆمەڵە وتارو سەروتارانەی دواتر نووسراون بخوێنێتەوە ناچارە هەڵوەستەیەک بکاو تۆزێ بیر بکاتەوە چۆن وێراون وا بەم شێوەیە لەم باروزرووفەدا بەم زمانە زبرە بنووسن، وتارەکانی مامۆستا (جەرجیس)یش خۆی هەر لەم شێوە وتارانە بووە. جارێکی تر خوێنەر ئەگەر لە ناوەرۆکی ئەوەندە نووسینەی مامۆستا ورد بێتەوە هەست دەکا ئەو ماوەیە زۆر لایەنی بابەتەکەیش لەبیر چۆتەوە ئەوەتا ناوی(احمد حامد الصراف) هەر لە لیژنەکەدا نەبووە کە ئەنجومەنی عورفی دیاری کردوون، پاشان پێم وایە لە مادەکانی دادگایی کردنەکەش جیاوازی هەیە کە مامۆستا دیاری کردوون. خوالێخۆشبوو(ئیبراهیم ئەحمەد)یش ئەو کاتی وەک خاوەنی ئیمتیازی رۆژنامەکە نەمابوو، بەڵکو پارتی خۆی خاوەنی بووە ئەویش تەنیا هەر سەرنووسەری لێپرسراوی رۆژنامەکە بووە.

بەهەر حاڵ بۆ زیاتر شارەزاکردنی خوێنەران لە شێوەی ئەم دادگایی کردنە ئێمە ناچارین رای هەموو لایەک بگێرینەوە، بابزانین مامۆستا

مەسعود محەمەد دوای ئەوەندە ساڵە چی نوسیوە: (لە کوشندەی ئاڵۆزاوی نێوان حیزب ومندا جەریدەی حیزب بە تۆمەتی هەوڵدان بۆ نانەوەی ئاژاوەو دوو بەرەکی لە گوتارێکی بەدی کرابوو درایە عورفی دووەم. مەحکەمەی عورفی سێ خەبیری هەڵبژارد ــ عەبدولرەزاق موحیەدین و مستەفا جەواد و مسعود محەمەد. سەرۆکی عورفی کە هەرگیز نەمدیتبوو تەلوفۆنی بۆ کردم دوای موجامەلە لێی داواکردم کە ئەو خەبیرییە رەفز نەکەم پێم گوت من ئۆتۆمبێلم نییە ناگەمە مەحکەمەتان کابرا ماڵی ئاوابێ بەیانییەکەی رۆژی موحاکەمە خۆی هاتە شەریکەی مەوادی بینائی و منی گەیاندە شوێنی لێ کۆبوونەوە. دەبێ بڵێم کە دیتمی سەیری هاتەوە، چونکە دوای خوێندنەوەی نووسینە بەهێزو پێزەکەی من کە لە(الحرية)دا بڵاوکرابووەوە بە تەمابوو پیرەمێردێکی سمێڵ سپی دووکەڵاوی ببینێت کە قاڵ بووبێتەوە لەکتێبە پەڕە زەردەکانی (صرف و نحو)ی زەمانی قالوبەلایێ، پێم گەیشتووە، کە ئەندامێکی هەرە چالاکی حیزب لە رۆژنامەکاندا دانانی من و عەبدولرەزاق موحیەدین بە خەبیر خوێندن بۆوە گوتبووی جەریدەمان سەلامەت دەرچوو.

لە کۆبوونەوەکەدا کە د. عەبدولرەزاق بەبەهانەی پیاسە نەختێکی دوور خستمەوە گوتی: د. مستەفا جەواد چی من و تۆ پەسندی بکەین پێی رازییە چونکە تێکەڵ بەبێتەو بەرەی سیاسەت و تێکچوونی نێوان حکومەت و حیزبەکان نەبووە، هەروا بەدەم قسەکانەوە و لەو پەڕی خاوێنییەوە گوتی خۆت دەزانی من بیرباوەڕم بەرامبەر حکومەتی عەبدولکەریم قاسم چیە و چۆنە. بەڵام مەسەلەی خەبیری ئەمانەتە.. راستیەکەی من قسەم پێ بڕیبەوەو گوتم فلان ئەو خەڵقەی چاوی بڕیەوەتە بڕیاری ئێمە بەتەمانییە لەڕێی فەلسەفەی رووتەوە بۆ هەڵسەنگاندنی هەڵوێستمان بچێت. کە هاتین بڕیاری تاوانبارکردنی جەریدەمان دا یەکسەر بێ دوو دڵی دەڵێن ئەم دوو کەسە (واتە عەبدولرەزاق و من) تۆڵەی خۆیان لە جەریدە دەسێننەوە و حکومەتی پێ رازی دەکەن، دەرحاڵ قسەکانی چووە دڵەوە بڕیاردان بریتی بوو لە دوو دێڕی کورت بەپەراندنەوەی جەریدە لە تۆمەت)

بەرلەوەی توانج گرتن لە ئەنجامی بەراورد کردنی رایە جیاوازەکان، دەرگای لایەنێکی تری دادگایی کردنەکەم لەسەر بکاتەوەو سەرەتاو کۆتایی بابەتەکەشم پێ بزر بکات، بەچاکی دەزانم هەر بەوەندە وازی لێ بهێنم و لایەنەکانی تری بۆ بەشێکی تر لێ بگەڕێم.

## سەرچاوەو پەراوێز:

ئەو بابەتە وەک گفتم دابوو دەبا لە ژمارە(١)ی گۆڤاری (رۆژنامەڤانی)بڵاوبکرێتەوە، بەڵام کاتێ کەوتمە سەر پاکنووسی ئەوەم بەبیرهاتەوە.

کەواساڵیادی ١٠٢ ساڵەی رۆژنامەنووسیی نزیکە و گۆڤارەکەش بۆ ئەو یادە بڵاودەکرێتەوە، هەر لەو کاتەشەوە دیار بوو ساڵیادی رۆژنامەی (برایەتی)ش نزیک دەبووەوە.

بۆیە باسی (دەبێ رۆژی ١٩٦٧/٤/٢٩ نەک ١٩٦٧/٥/٦ ساڵیادی رۆژنامەی برایەتی بێ)م پێش خست و ئەو باسەیان کەوتە ئەو ژمارەیە.

ـ هەر سەرچاوەو پەراوێزێک پێویست بوو لە بەشەکانی داهاتووی ئەم باسەدا ناویان دێت، بەڵام ئەو ئاماژانەی بەناوی بەڕێزان( مەسعود محەمەدو جەرجیس فەتحوڵلا و جەلال تاڵەبانی) لەم بەشەدا باسیان لێوە کراوە ئەوە وەک خۆیان لە (هەردوو کتێبی ـ گەشتی ژیانم ـ و ـ العراق فی عهد قاسم/بەشی دووەم ـ و ژمارە ١٩٣٠ رێکەوتی ١٩٩٩/٨/٢٢ی رۆژنامەی کوردستانی نوێ) وەرگیراون.

# محاكمة خەبات أول صحيفة سياسية يومية كردية

## القسم الأول

يشير الكاتب إلى قدسية اسم خەبات التي أصبحت لسان حال الحزب الديمقراطي الكردستاني وهي صدرت فيما بعد بصورة سرية. ويذكر الكاتب حادثة مفادها: أنه شاهد لأول مرة صحيفة خەبات السرية بيد أحد معارفه في اواسط الستينات وكيف أنه لما طلب قراءتها نصحه هو بألا يدع أحداً يراها في يده.

ثم يشير إلى ظروف صدورها أيام ثورة أيلول، وكيف كانت الأيدي تتلقفها بلهفة و يقرأها محبوها. يعيدنا الكاتب إلى بداية ثورة ١٤ تموز ١٩٥٨ وظروف صدور جريدة خەبات بصورة علنية مجازة من قبل حكومة الثورة وكيف أنها كانت تصدر في البداية باللغة الكردية وأخيراً باللغة العربية.

يستعرض الكاتب المقالات المنشورة فيها عدداً عدداً ويشير إلى أهمها، وخاصة عودة البارزاني الخالد، ثم عودة البارزانين كلهم إلى أرض الوطن بعد غربة دامت حوالى اثنتى عشر عاماً، كما يشير إلى ظروف التغيرات التي طرأت على قيادة الحزب الديمقراطي الكردستاني إبان اشتداد الصراع بين جناحين مختلفين في التفكير أنذاك.

ومن خلال استعراضه لمحتويات الأعداد التي أشار إليها الكاتب، يبرز عدداً من الأحداث الهامة الجديرة بالألتفات إليها.. ولعل أبرزها هي مع الأجازة للحزب الديمقراطي الكردستاني للعمل بصورة علنية وفق قانون الأحزاب والجمعيات، كما يشير إلى فرحة أبناء الشعب الكردي بأجازة الحزب.

وبعد جولة متأنية من الكاتب من خلال صفحات أعداد خەبات، يبرز مرة ثانية عدداً من الأحداث، وخاصة تململ الرجعية واستعادتها لوعيها التي كانت فقدته إثر الضربة التي وجهتها إليها ثورة ١٤ تموز ١٩٥٨ وتكالب بعض الرموز الرجعية للتحرش بمنطقة بارزان وخلق المشاكل لها.

ومن خلال استعراضه أحداث تلك الفترة، يشير الكاتب إلى انعقاد مؤتمر الطلبة العالمي و حضور ممثلين لجمعية الطلبة الأكراد المؤسس في اوربا إلى بغداد ومساعي اتحاد الطلبة العام في العراق للحيلولة دون قبول الجمعية في اتحاد الطلبة العالمي.

وضمن جولته التي يقوم بها متصفحاً صحيفة خەبات، يركز الكاتب على المناقشة الحامية التي جرت لتحليل المادتين الثانية والثالثة من الدستور الموقت. إذ تؤكد صحيفة خەبات بكل جرأة وإقدام على لامعقولية أن يكون العراق جزء من الأمة العربية ويكون هذا العراق في نفس الوقت شراكة بين العرب والأكراد. إن هذا النقاش كان رداً على بعض ماكان يردده بعض الشوفينين الذين أخذوا ينالون الحظوة وأرادت الصحيفة من ورائه تثبيت حق الكورد في الدستور الدائم الذي أخذت المناداة به يزداد يوماً بعد يوم لانهاء الفترة الانتقالية.

والحدث الأهم الذي يشير إليه الكاتب تقديم صحيفة خەبات في شخص رئيس تحريره الأستاذ ابراهيم احمد(المرحوم) إلى المحكمة العرفية متهماً بأثارته التفرقة بكتابة مقال حول حقوق الكرد والدستور الدائم، ويشير باسهاب إلى مجريات الأحداث وتسارعها نحو ما يهدد التآخي العربي الكردي والمبادىء التي نادت بها الثورة وحجب الحريات العامة، واعاقة حرية الصحافة على وجه الخصوص. ثم يتابع الكاتب هذا الحدث ويشير إلى تطوع عدد من المحامين العرب والكرد للدفاع عن الأستاذ ابراهيم، ثم صدور حكم المحكمة العرفية الثانية بالأفراج عن صحيفة خەبات، وبعد ذلك يستعرض الكاتب ظروف الأفراج وآراء الخبراء الذين عينتهم المحكمة للبت في المقال المذكور والذي تقدم الأستاذ ابراهيم احمد من جرائه للمحاكمة ومن بينهم الأستاذ مسعود محمد الذي يروى ذكرياته حول الموضوع بالأضافة إلى الأستاذ جرجيس فتح الله المحامي حيث كانت المعركة سجالاً بينهما فيما سبق حول بعض القضايا إذ كان الأول يكتب في صحيفة الحرية باسمه المستعار (هوشيار) وكان الثاني يرد عليه في صحيفة خەبات باسم (تقدمي).

وأخيرا يشير الكاتب بأنه الآن بصدد كتابة القسم الثاني من بحثه لانارة بعض الجوانب الأخرى من تاريخ الصحيفة، ويطلب من قرائه ممن لديهم معلومات في ذاكرتهم الكتابة حول الموضوع ونقده وتصحيح اخطاء الكاتب ان وجد.



# رۆژنامەگەریی ئاشووری

# شارەزایی (١٥٠) سال

نووسینی: یوناو بنیامین

وەرگێرانی بەدەستکاری لە ئینگلیزییەوە: سۆزان خۆشابا

بەشی دووەم

ورمێ لە رۆژگارێکدا مەڵبەندی چالاکیی رۆژنامەوانی و ئەدەبی ئاشووری بوو، بەڵام ئەمڕۆ مەڵبەندێکی ئاشکراو روونی دیکە بەدی ناکرێت، چونکە نزیکەی سێ یەکی گەلی ئاشووری(بەپێی هەندێک ئامار زۆر لەوەش زیاتر) بەهەموو لایەکی جیهاندا بلاو بونەتەوە و زۆربەیان لە باکووری ئەمەریکا و ئەوروپای رۆژئاوادا پەرت و بلاوبوونەتەوە، لە کاتێکدا هەندێکی دیکەیان لە ئوستراليا و نیوزیلەندەدا جێگیر بوون و گیرساونەتەوە.

بەشی زۆری ئەو کۆچکەرانە لەبەر سیاسەتی سەرکوتکەرانەی حکومەتی ئێران، عێراق، تورکیاو سووریا هەڵاتوون و رایان کردووەو گەیشتنی ئەو کۆچکەرانە بەکۆمەڵگای ئەوتۆ کەسەربەستی و ئازادییەکی بێ سنووریان بۆ دابین بکەن، چەکێکی دووتیخ یان دووسەر بوو، جارێ رۆشنبیریی رۆژئاوا کاریگەرییەکی داخورانی تەواوی لەسەر بیری رەگەزایەتی هەبوو، و ئەو کۆمەڵە رۆشنبیرییانەی لەو ناوچانەش دروست بوون کە ئاشوورییان تێدایە، تەنیا کاریگەرییەکی زۆر کەمیان هەبوو لەبەرانبەر ئەو شەپۆلە رامالەرەی توانەوەدا و چەند کۆمەڵە چاپەمەنییەکیش لێرەو لەوێ دەرکەوتن وەک ئەرکێکی دیکە بۆ بەردەوام بوون و زیندوو هێشتنەوەی زمانی دایک و دەرخستنی هەندێک کاری ئەدەبی، یان بۆ ئامانجی دیکە کە پشتگیری ئاشوورییان دەکات بەگشتی.

رێچکەی کۆچی ئاشوورییان لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە ساڵانی حەفتاکان و هەشتاکاندا گەیشتە ئەو پەڕی. هۆی سەرەکیی ئەو کۆچ کردنەش دەگەڕێتەوە بۆ پێک هاتنی کۆماری ئیسلامی لە ئێران و زەحمەتی ژیان لەسایەی حوکمی سەدام حوسێندا روو لە زیادیدابوو، بەتایبەتیش لە کاتی کارەساتەکەی جەنگی کەنداوو ئەو رووداوانەی بەدوایدا هاتن، جا بۆ دەردنجامی ئەوە، چەند یانەیەکی کۆمەلایەتی برایانە دامەزران بۆ خزمەت کردنی ئەو کۆمەڵگا تازەیە روو لە زیادییە لە وڵاتی کۆچ بۆ کراو (تاراوگە). وا دەزانرا کە ئەو رێکخراوانە، نەک هەر تەنها دیدوبۆچوونی ئاشوورییەکان روون دەکەنەوە، بەڵکو دەبنە دەسپەلی هاندان بۆ رێککاری و یەکێتی. بەڵام بەداخەوەو بۆ بەدبەختی، ئەمە رووی نەداو لەجیاتی ئەوەی تێکەڵ بە یەکتربن بۆ وەدی هێنانی ئامانجە هاوبەشەکان، زۆربەی ئەو کۆمەڵانە لێک ترازان و لێک جیابوونەوە بۆ رەگەزایەتی کۆمەڵایەتی و سیاسی بچووکتر، ئەمەش لەو پشتگیرییە چاوەڕوان کراوەی بێ بەش کردن کە پێویست بوو بۆ کارکردنیان.

ئەو چاپەمەنییانەش کە لەو ماوەیەدا دەرچوون، بەشێوەیەکی زۆر روون و ئاشکرا ئەو لێک ترازان

و جیابوونەوەیان رەنگ پێ دایەوە، تێکرای ئەو چاپەمەنییانەش تارادەیەک سنووردارو کەم بوو و زۆر جاریش دوای یەک ژمارە، یان دوو ژمارە دەوەستاو بەگشتیش هەندێ دەقی ئاشوورییان لەگەڵ زمانی خەڵکی وڵاتە خانە خوێیەکە، تێدا بوو و زۆر کەمیان وتاریان بەزمانی عەرەبی و (لەمەش کەمتر بەفارسی) تێدابوو، لە زۆر حاڵەتدا، ئامێری چاپ کردن (تایپ راستەر) گۆڕرا بۆ کۆمپیوتەر و جۆری ناوەڕۆکی هەریەکێک لەو چاپکراوانە، لەگەڵ ئەوەی دیکە جیابوو و بەتێکڕاییش خوێنەرە ئاشوورییەکان زۆر روو لە کەمی بوون، ئەمەش دەگەڕێتەوە، یان بۆ ئەوەی کە ئەوانەی تازە دەهاتن خوێندەوارییەکەیان کەم بوو، یان ئەوەندە خوێندەوار نەبوون، یان جەختیان لەسەر لایەنە ماددییەکە، واتە پارە دەکردەوە بۆ ژیانی خۆیان.

## باکووری ئەمەریکا

لەوانەیە (کخوا ئاتورایا ـ ئەستێرەی ئاشووری) کۆنترین خولنامەی تازە بێت و ئەویش لەبەرهەمی یەکگرتنی نەتەوەیی ئاشووری ئەمەریکییە (AANF) و لە ساڵی ١٩٥٢ دەرچوو. گەشترین و چاکترین رۆژانی ئەو چاپەمەنییە، ئەو کاتە بوو کە (یوسف درنا) سەرۆکایەتیی نووسینی دەکرد و لەو ماوەیەدا بۆ ناوبانگی چاکی خۆی، پشتی بە بەشداربکردنی باشترین نووسەر بەست لەوانەش دیڤید بیرلی.ی خاوەن بەهرە کە پیاوێکی خاوەن چێژێکی ئەدەبی بەرزبوو.

دوای ئەو چەرخە زێڕینەی، ئەستێرەی ئاشووری دووچاری سەر لێ شێوان هات و بەڕێوەبردنەکەی کەوتە دەست چەند کەسێکەوە. لە راستیشدا، ئەگەر جڵەوی بەڕێوەبردن و نووسین ئەوەندە گۆڕانەی بەسەر داهات و هەموو ساڵێک گۆڕا، ئەوا پارێزگاری کردن لە جۆرو کەسایەتی هەر چاپەمەنییەک، دەبێتە شتێکی سەخت و دژوار، ئێستاش ئەو گۆڤارە لە شیکاگۆ دەردەچێت و هەواڵ و دەنگوباسی ناوخۆیی بڵاودەکاتەوە (لەوانەش دەنگوباسی کڵێسا) و چالاکییەکانی (AANF) بەزمانی ئینگلیزی و ئاشووری (١٩) و بەزۆریش هەواڵەکانی ئەو گۆڤارە وا وەسف دەکرێت کە شتی نوێی تێدا نییەو هیچ سەرنجێک راناکێشێ، ئەوەی ئاشکراشە ئەوەیە کە ئەو گۆڤارە وتاری خولنامەکانی دیکە بڵاودەکاتەوە بێ ئەوەی ئەو چاپەمەنییانە ئاگاداربکاتەوە.

### (قالا داتورایی ــ دەنگی ئاشوورییان):

رۆژنامەیەکی مانگانەیە لەماوەی (١٩٦٩ ــ ١٩٩١) بە ئینگلیزی و عەرەبی و ئاشووری لە سکۆکی لە ئەلینۆی دەرچوو بە زۆریش بەشێوەیەکی راستەوخۆ بەبێ شی کردنەوەو رەخنە، هەواڵی رۆژنامەکانی عیراقی وەردەگرت و بڵاوی دەکردنەوە و پروپاگەندەی بەعسییەکانی دووبارە دەکردەوەو دەیگوتەوە. لەبەر ئەوە شتێکی سەیر




(بهرا) الجريدة المركزية للحركة الديمقراطية الاثورية، عدد ١، سنة١، ١٦٧٣٢/حزيران/١٩٨٢

نەبوو کە ئەو رۆژنامەیە سنووری بلاوبوونەوەی کەم و بەرتەسک بێت و بەرۆژنامەیەکی باوەڕ پێ نەکراو سەیر بکرێت و لە قەڵەم بدرێت، بەلام لایەنە سەرسوڕهێنەکە لەوەدایە کە یەکێکی وەکو شەمماشە گۆرکیس بنیامین، کە نووسەرێکی بەهرەدارەو کارە ئەدەبییەکانی پایەیەکی بەرزیان هەیە، دەوری لەو رۆژنامەیەدا هەبێت، بەوەی کە بەرپرسایەتی بەشە ئاشوورییەکەی گرتبووە ئەستۆ، و نووسینەکانی بەرەو ئەوە دەچوون کە بۆ فێرکردن بن و بە گشتی پشتگیریی لە راوبۆچوونی رۆژنامەکە دەکرد.

تاکە رۆژنامە کە ئەمرۆ هەبێت، رۆژنامەی (پاسەوانی ئاشووری)یە، رۆژنامەیەکی (١٢) لاپەرەیی ١١×١٧ ئینچەو لە ساڵی ١٩٨٤ەوە دەردەچێت، بن دانیال، کە ئاشوورییەکی خوێندەوارە لە شیکاگۆ، سەرۆکایەتیی نووسینی دەکات و بەزۆریش ئاگاداری (اعلانات) دەخزێنرێتە نێو وتارو نووسینەکانەوە. ئەو رۆژنامەیە کە مانگانەیە، بە زۆری بەزمانی ئینگلیزی دەردەچێت، بەلام چەند ستوونێکی تایبەتیش بە عەرەبی یان ئاشووری بلاودەکاتەوە، ئەو رۆژنامەیە چەق بەستی لەسەر ئەو هەواڵە ناوخۆیی و نێودەوڵەتییانە دەکات کە لە خولنامە ناوخۆیی و بیگانەکان وەریان دەگرێت و هەندێ جار وتاری سیاسیی توندوتیژیش بلاودەکاتەوە.

گۆڤاری کۆمەڵەی ئەکادیمی ئاشووری (JAAS) بە ئاشووری و ئینگلیزی وتار بلاودەکاتەوە و سەرنووسەرەکەی ئێستای (د. رۆبەرت پۆلیسیان)ە کە کە پزیشکێک و زانایەکی ئاشوورییە، دوای سێ ژمارەی یەکەمی کە بەنارێکی دەرچوو ، (JAAS) لە پاییزی ساڵی ١٩٩٠ەوە هەرشەش مانگ جارێک بەشێوەیەکی رێک و پێک دەستی بە دەرچوون کرد. ئەو گۆڤارە جۆرە وتارێک بلاودەکاتەوە کە پشت بە تۆژینەوەی وردو راست دەبەستێت. دانیال بنیامین-ی نووسەری بەشی ئاشووری شارەزاییەکی زۆری لە بلاوکراوەی دیکەی لەمەوپێشدا هەیە و لە بەشەکەی خۆیدا چەند لاپەرەیەک بۆ وتاری هەڵبژاردە تەرخان دەکات، وەک چیرۆک و شیعری ئاشوورییە بەناوبانگ و دیارەکان، بەشە ئینگلیزییەکەشی بەسەرۆکایەتیی فرانسز سەرکیسەو وتاری (فکری) سەبارەت بەو شتانە بلاودەکاتەوە کە پەیوەندییان بە گەلی ئاشوورییەوە هەیە کە لەلایەن نووسەرە ئاشوورییەکان و خەڵکی دیکەوە دەنووسرێن.




گۆڤارێکی دیکە هەیە کە لە وتارەکانیدا، لەوەی پێشوو کەم نرختر نییە، بەلام لەرووی بیرەوە وەکو ئەو ورد نییە، ئەویش گۆڤاری (وەرزنامەی نەینەوا)یە کە یەکێتیی ئاشووری لە ئەمەریکا لە (بێرکلی ـ کالیفۆرنیا) دەری دەکات. لە ساڵی ١٩٧٧ بۆ یەکەم جار وەک نامەهەواڵێکی مانگانە بەناوی (نەینەوای رۆژئاوا) دەرچوو، و بۆ ماوەی کەم کەم هەریەک لە یوئیل ا. بابا، سەرگۆن میخائیل، جۆرج بیث شلیمۆن و نینۆس داود سەرۆکایەتیی نووسینییان کردووە.

ئەو گۆڤارە بە بەڕێوەبەرایەتیی جۆلیاس شاباس و (جویل ئەلیاسی) یارمەتیدەرە بەتواناکەی لە

کۆتایی سالی ١٩٨٥دا گەیشتە چلە پۆپەی. تۆبیاس گۆرگیس بە بەرپرسی ئەو وتارانە دادەنرێت کە بە ئاشووری دەنووسرێن.

زۆر جار وتارەکانی ئەو گۆڤارە وێنەشیان لەگەڵە و هیچ وتارێکی حزبی سیاسی بڵاوناکاتەوە و تۆڕی دابەشکردنی بۆ دەرەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکان درێژ دەبێتەوە تا دەگاتە کەنەدا، ئەوروپا، ئوستراليا، روسيا، کۆمارەکانی سۆڤیەتی پێشوو، ئێران و رۆژهەڵاتی ناوەڕاست.

چەندان بڵاوکراوەی بایەخداری دیکە هەن کە تێکڕای دابەش کردنیان تا رادەیەک سنووردارە، واتە رادەی بڵاوکردنەوەیان کەمە.. ئەمەش هەوڵ دانێکە بۆ وەسف کردنی هەندێکیان، هەرچەندە دانانی لیستێکی ورد و تەواو بۆ ئەو بڵاوکراوانە، تارادەیەک زەحمەتە:

بیث نهرین: بۆ یەکەم جار لە سالی ١٩٧٤دا سەری هەڵدا و گۆڤارێکی سیسیۆ- سیاسییە بەزمانی ئینگلیزی و ئاشووری لە لایەن یەکگرتنی بیث نهرین بەسەرۆکایەتیی نووسینی (سەرگۆن دادیشۆ) لە مۆدیستۆ، دەردەچێت.

ئەو گۆڤارە دوو مانگ جارێک دەردەچێت و هەوڵی ئەوە دەدات کە کاروباری هاوچەرخی ئاشوورییان بگرێتەوەو ئەو گۆڤارە یەکێکە لەو چاپەمەنییانەی داوای دەوڵەتێکی ئاشووریی سەربەخۆ دەکات و یەکێکە لەو گۆڤارانەی بەشێوەیەکی چاک دەردەهێنرێت.

***(ڤالا اثورايا دامريكا ـــ دەنگی ئاشووریی ئەمەریکایی):**

گۆڤارێکی رۆشنبیرییە بۆ جاری یەکەم لە سالی ١٩٩٠ لەلایەن یانەی شارستانیی ئاشووریی ئەمەریکاییەوە لە تورلوک (AACOT) دەرچوو و بن ملکۆ سەرۆکی نووسینی بوو، لەگەڵ هەر ژمارەیەکدا، نەخشەو جۆری گۆڤارەکە باشتر دەبێت. ئەو گۆڤارە هەر دوو مانگ جارێک بەزمانی ئاشووری و ئینگلیزی دەردەچێت و هەواڵ و شی کردنەوەی سەبارەت بە گۆڕانکارییەکانی باکووری عێراق تێدایە (مەبەستی کوردستانەو).

*رۆژنامەی BNDP عێراق.. ئەمە هەواڵە رۆژنامەیەکە بەزمانی ئینگلیزی لەلایەن حزبی بێث نهرینی دیمکراتی/ عێراق دەردەچێت وبن ملکۆ سەرۆکایەتی نووسینی دەکات. ئەو رۆژنامەیە نزیکەی (٣) هەزار دانەی لە



ژمارە یەك لە (زهريري دبهرا) ١٨٤٩/١١/١

کالیفۆرنیا و ویلایەتەکانی دیکە لێ بلاودەکرێتەوە.

*(ئاغونا ـ خەبات):

بۆ جاری یەکەم لە ساڵی ١٩٩٣ دەرچووە. ئەمە چاپکراوێکی سیاسی دیکەیە کە مانگانە لە سانفرانسیسکۆ بە ئینگلیزی و ئاشوری دەردەچێت و زمان حاڵ(ئۆرگان)ی بزووتنەوەی دیموکراتی ئاشوورییە(زوعا) لە ویلایەتە یەکگرتووەکان و کەنەدا، ڕووداو و گێڕانەوەی ڕاستەو دروستی لەبارەی ژیانی ئاشوورییە هاوچەرخەکان لەسەر خاکی وڵات، بلاودەکاتەوە، هەروەها دەنگوباسی سیاسی لەبارەی ئەو بابەتە سیاسییانە بلاودەکاتەوە کەبەلای ئاشوورییانەوە گرنگن و بایەخیان پێ دەدەن. هەڵبژاردنی بابەتەکانی ئەنجامی ڕەنگ دانەوەی ڕایەکی وردو لێ تۆژراوەوەن، ئەم ڕۆژنامەیە لە زۆربەی چاپەمەنیەکانی دیکە زیرەکانە تر دەنووسێت.

*نامە هەواڵی یەکێتی AUA لە تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٩٠ دەرچووە. ئەم ڕۆژنامەیە کەلە شیکاگۆ دەردەچێت و هۆمەر ئاشووریان سەرۆکایەتی نووسینی دەکات وتارە هەواڵی کورت بلاودەکاتەوە و ئەو ڕووداوە کۆمەلایەتی و ڕۆشنبیرییانەش بلاودەکاتەوە کە ئەو یەکێتییە خۆی چاودێرییان دەکات و بەخۆرایش دابەش دەکرێت. لە ڕووی دابەش کردنیشەوە(سێ هەزار دانە زیاتری لێ چاپ دەکرێت) لە گەلێک لە چاپەمەنییە هاوشێوەکانی خۆی بالاترە، بەلام خالی لاوازی سەرەکی ئەو ڕۆژنامەیە ئەوەیە کەبە ڕێک و پێکی دەرناچێت.

*دەنگێک لە خۆرهەلاتەوە: گۆڤارێکە لەلایەن کلێسەی خۆرهەلاتی ئاشوورییەوە، هەر دوو مانگ جارێک بەسەرۆکایەتی نووسینی(ئیختیار مۆشی) دەردەچێت و پەتریرک ماردنخای چوارەم لە ساڵی ١٩٨٢ دایمەزراندووە. مەبەست لە دەرچوونی ئەو گۆڤارە چەقبەستییە لەسەر بلاوکردنەوەی چالاکییەکانی ئەبرەشییە جیاجیاکان و ئەو وتارانەش کە ناوبەناو تیا بلاودەکرێنەوە، بەشداری ڕاستەو خۆی نووسەرەکان نین، بەلکو هەلبژاردەن لەو کارانەی کەلە مەوپێش بلاوکراونەتەوە.

*نامە هەواڵێکی دیکەی کلێسایی (تێکڕای دابەش‌کردنی کەمترە) ئەبرەشییەی تۆرنتۆ لە کەنەدا بلاوی دەکاتەوە و قەشە مار عمانوئیل سەرۆکایەتی نووسینی دەکات.

*(ئەزکدا ـ بالیۆز):

نامە هەواڵێکی مانگانەیە، لە لایەن ئەبرەشییەی کلێسای خۆرهەلاتەوە لەڕۆژئاوای ئەمەریکا لە سان هۆزیە لە کالیفۆرنیا دەردەچێت، (مار باوی سورو) بلاوی‌دەکاتەوەو نووسەرە، یارمەتیدەرەکانیش پێک هاتوون لە باوە میخائیل بیرنی(زمانی ئینگلیزی)و باوە سامویێل دنخا(زمانی ئاشووری)و دەنگوباسی ئەبرەشییەکان لە کالیفۆرنیا بلاودەکاتەوەو بابەتەکان هەموو بیروبڕوای مەسیحی‌و بڕوا کلێساییەکانیان تێدایە. ئەم نامە هەوالە لەڕووی جۆربەجۆری ناوەڕۆک و نەخشەو دەرهێنانە سەرنج ڕاکێشەکەی مژدەی ئەوە دەدات کە دوا ڕۆژێکی ڕوون و گەشی هەبێت.

*نامە هەوالی ANCI، نیوە مانگانەیە و بۆ جاری یەکەم لە ساڵی ١٩٨٧ لەلایەن ئەنجوومەنی ئاشووری نەتەوەیی یەوە لە ئەلینۆی دەرچووە. ئەم بلاوکراوەیە هەواڵی کۆمەلگاو چالاکیەکانی ئەنجوومەن بە ئینگلیزی و ئاشووری بلاودەکاتەوە و پیبر شەمعون سەرۆکایەتی نووسینی دەکات.

*دیدی سیاسی ئاشووری APR، وەرزنامەیەکە، لەلایەن یەکێتی APR وە کەسیمۆن نوری سەرۆکایەتی دەکات، تەنیا بەئینگلیزی لە واشنتۆنی پایتەخت دەردەچێت و ئەرکی سەرشانیشی، وەکو خۆی وەسفی خۆی دەکات، (وتووێژکردن و شی‌کردنەوەی دۆزی ئاشوورییەکانی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستە). پارێزەرێکی لاو سەرۆکایەتی نووسینی دەکات ناوی(ئەدوین جانیا)یە ژمارەکانی بەرایی ئەم وەرزنامەیە، وێڕای پێشکەش کردنی ئەو کتێبانەی تازە دەرچوون

بەشێوەیەکی دوورو درێژ چەندان بابەتی دیکەی گرتبووە خۆ.

★(شۆتۆیا ت کۆمەلە) ئەمەیان زمانی ئەدەبی یەکێتیی ئاشووری ئەمەریکای لە باشووری کالیفۆرنیا، لە سالی ١٩٨٧ دامەزرا و (وەلتەر بیکار) سەرۆکایەتی نووسینی دەکرد و لەسالی ١٩٩٢ لەچاو ونبوون خۆی شاردەوە.

★لشانا و سبرایۆتا ــ زامسان و ئەدەبی ئاشووری: نیوە مانگانەیە لە سالی ١٩٩٠ سەرهی هەلدا. ئوراهام یەلدا سەرۆکایەتی نووسینی دەکرد. زۆر بە توندی جەختی لەسەر پەرەسەندنی ئەدەبی ئاشووری دەکردو هەر بەزمانی ئاشووریش دەردەچوو. کەمی دابەشکردن و بلابوونەوەی، بووە هۆی وەستانی لە سالی ١٩٩٢.

## روسیا

یەکەم دوو رۆژنامە کە لەو ولاتە دەرچووبن، رۆژنامەی (مدنخا ـ رۆژهەلات)ی قەشە گۆرگیس و (ناقوشا ـ زەنگ)ی بنیامین ئەرسانسە[21].

چاپکراوێکی دیکە شایانی تێبینییە کەسەرکەوتنێکی باشی بەدی هێنا و تەمەنێکی درێژی هەبوو، ئەویش (کخوا مدنخا ـ ئەستێرەی رۆژهەلات)ە کە لە سالی (١٩٢٥ ـ ١٩٣٨)لە تفلیس لەلایەن شلیمۆن ئاشوورەوە بە یارمەتی ئەلیکساندەر تمرز و سامۆئیل لازار، دەرچوو. کاتێک کەنووسەرەکانی شان بەشانی بیریارە ئاشوورییەکانی دیکە گیران، یان کوژران، لە دەرچوون وەستا.

دوای چەند سالێک پەردەکێشان وتاریک داهێنانی جۆرایەتیی رۆشنبیری و بۆ یەکەم جار لەماوەی پێش جەنگی دووەمی جیهانییەوە، پیرۆسترۆیکا، کوت و بەندی لەسەر زمانی ئاشووری لابردو گۆڤارێک لەروسیا دەرچوو کەچەقی لەسەر ژیان و رۆشنبیریی ئاشوورییان دەبەست و ئەو رۆژنامەیەش رۆژنامەی(ئەترا ــ نیشتمان) بوو کەلە سالی ١٩٩١ ەوە لە شاری سان پیترزبرگ لە روسیا بەسەرپەرشتی یەکێتی ئاشووریی چالاک چاوی هەلێنا. ئەم رۆنامەیە ڤاسیلی بیت شەمعوون کە زمانزانێکی خاوەن ناوبانگێکی بەرێزە، سەرۆکی نووسینی بوو. ژمارەیەک لە نووسەری بەهرەداری ناوخۆ بەشداری لە گۆڤارەکەدا دەکەن و بەزمانی روسی و ئاشووری دەردەچێت. دەلێن دەوروبەری پێنج هەزار دانە لەروسیاو چەند کۆمارێکی سۆڤیەتی پێشوو دابەش دەکات. ئەو گۆڤارە کە هەر شەش مانگێک جارێک دەردەچێت، (١٠٠) لاپەرەیە بەشێوەیەکی جوان و دلگیر دەردەهێنرێت.

بەپێی قسەی ئیلیا فارتانۆڤ، کەرۆژنامەنوسێکی ئاشوورییەو لە روسیا لە دایک بووە و ئێستا نیشتەجێی شیکاگۆیە، ئاشوورییەکان لەروسیا لە ململانێدان بۆ پارێزگاریکردنی دابونەریت و عورفە دێرین و نەتەوەییەکانی خۆیان. کەلە بارەی (ئەترا)شەوە پرسیاریان لێکرد، ئەوا فارتانۆڤ ستایشێکی زۆری نووسەرەکانی کرد.

## ئەورووپای رۆژئاوا

لەنێوان چاپەمەنییە زۆرەکانی ئەورووپای رۆژئاوا، ئەم چاپەمەنییانەی خوارەوە کەمانگانە دەردەچن، وتاری ئەوتۆ لەبارەی بابەتی پەروەردی کۆمەلایەتی بلاودەکەنەوە کە شایەنی باسکردنن.

★(بهرا سوریایا ــ رووناکی ئاشووری): لە سالی ١٩٧٩ وە لەلایەن یەکێتیی یانە ئاشوورییەکانەوە بەزمانی ئاشووری و عەرەبی و تورکی و سویدی دەردەچێت.

★(دربا ــ رێگا) لە سالی ١٩٨٣ لەلایەن یەکێتی دیموکراتی ئاشووری بەزمانی عەرەبی و تورکی لەسوید دەرچووە.

★ئارام(٢٢) لە سالی ١٩٩١ەوە لەلایەن یەکێتی ئەکادیمییە سریانییەکانەوە بە زمانی عەرەبی و سریانی و ئینگلیزی و سویدی دەردەچێت.

*(قالاسوریایا ـ دەنگی ئاشووری) لە سالی ١٩٧٨ەوە لەلایەن کلێسای سریانیی ئەرتۆدۆکسی بەزمانی ئەلمانی و ئینگلیزی و سریانی و تورکی لە هۆ لەندە دەردەچێت.

*(شمشا ـ خۆر): لەلایەن یەکێتی تۆر عابدین بە ئەلمانی و تورکی و عەرەبی و سریانی لە هۆلەندە دەردەچێت.

*(ئەغرتا ـ نامە) لەسالی ١٩٧٧ لەلایەن ڕێکخراوە ئاشوورییەکانەوە لە بەرلین دامەزرێنرا و بەزمانی ئەلمانی و تورکی و عەرەبی و سریانیی کلاسیکی و ئاشووریی تازە دەردەچێت.

*(بخرانا ئاتورایا ـ چاودێری ئاشووری):لە سالی ١٩٧٨ەوە دەردەچێت.. وەرزنامەیەکە ئەندریۆس ماما جوتیار بەئینگلیزی و ئاشووری دەری دەکات.

*( ئاتورایا ـ ئاشووری): وەرزنامەیەکە لە سالی ١٩٨٤ەوە لەلایەن کۆمەڵەی ئاشوورییەوە لە ئینگلستان دەردەچێت.

بەلام هیچ یەکێک لەو گۆڤارانەی لە ئەورووپا دەردەچن ناکرێ لەگەڵ (حۆیۆدۆ ـ یەکێتی) بەراورد بکرێت.ئەو گۆڤارە مانگانەیە لە سالی ١٩٧٨ەوە دامەزراوە یەکێتی ئاشووری لە سوید دەریدەکات. هەنووکە جۆرجیۆ کەنووسەری دیارو ناسراوە سەرۆکایەتیی نووسینی دەکات و چەند یاریدەدەرێکی زۆر بەتواناش یارمەتی دەدەن.

لەبەر ناوبانگە باشەکەی، حۆیۆدۆ، ئەمڕۆ لە هەموو گۆڤارەکانی دیکە لەڕووی دابەشکردنەوە، بەبرەو ترە، ئەو گۆڤارە بە وتارە نەتەوەییەکانی و سەروتارە روون و ئاشکراکانی و وتارە ئەدەبی و مێژوویی و شێوە ئاستە بەرزەکانی ناسراوەو ناوبانگی دەرکردووە. جگە لەمانەش هەندێ رووبەری گۆڤارەکە بۆ ژنهێنان و شووکردن و لەدایک بوون و مردن تەرخان کراوە و بەدەگمەن وتاری ئایینی بلاودەکاتەوە.

حۆیۆدۆ بەپێنج زمان دەردەچێت کە ئەوانیش:سویدی و تورکی و عەرەبی و سریانیی کلاسیکی و ئاشووری تازەن.بەشداری کردنەکانی سریانیی کلاسیکی زۆر باشن. شتێکی ئاشکرایە کەزۆر لەوسریانییە کلاسیکانە باشترە کە چاپەمەنییەکانی دیکە بلاوی دەکەنەوەو تەنانەت لە ئاشوورییە تازەکەی حۆیۆدۆش خۆی چاکترە.

بەشەکانی کات بەسەربردن(ترفیهی) لە گۆڤاری حۆیۆدۆ، تەنیا لەبەشە عەرەبییەکەیدا هەیە، لاپەڕەی پێشەوەو دواوەی زۆر بەچاکی نەخشە کێشراون وبەکارهێنانی کۆمپیوتەر وشێوەی چاپکردنەکەی رواڵەتێکی زۆر جوان و چاکیان بەگۆڤارەکە بەخشیوە.

## ئوستراليا

ئەو چاپەمەنییانەی لە ئوستراليا دا هەن ئەمانەن:

(نغهیا ـ گزنگ): وەرزنامەیەکە لەسالی ١٩٧٤ەوە لەلایەن یەکێتیی جیهانیی ئاشووری بە عەرەبی ئاشووری و ئینگلیزی دەردەچێت.

(ئەترا ـ نیشتمان): وەرزنامەیەکە بەشی زۆری بەعەرەبییەو لەلایەن حزبی دیموکراتی ئاشوورییەوە دەردەچێت وئادەم هومی سەرۆکایەتی نووسینی دەکات.

## دەرەنجام

رۆژنامەگەری ئاشووری بۆ ماوەی زیاتر لەنیو سەدە هۆیەکی گرنگی دەربڕینی کەسایەتیی ئاشووری بوو. ئەو رۆژنامەگەرییە هەلچوون و داچوونی دانیشتوانی ئاشووری لەولاتەکەی خۆیان و تارادەیەکیش لە تاراوگە(مهجر) نیشان داوەو خستۆتە روو.

ئەمەی پێشەوە خوێندنەوەیەک بوو سەبارەت بە قۆناغەکانی رۆژنامەگەریی ئاشووریمان لە سەرەتای یەکەمی تائەمڕۆ پێیدا تێپەڕیوە. سەرەڕای ئەمانەش، ئەم نووسینانە باسیان لە گرنگترین ئەو رۆژنامەو گۆڤارو چاپەمەنیانە کردووە کەلە نێو ولات و بەشە جیاجیاکانی جیهان دەرچوون و

ژمارەیەکی زۆری دیکەش ماون کەباسیان لێوە نەکراوە وناویان نەهاتووە.

## پەراوێزەکان

١ـ بۆ زانیاریی زیاتر سەیرێکی کتێبەکەی ئەبراهام یوحەننان (مردنی میللەتێک) بکە ١١٢،١٠٤/ و کتێبەکەی جۆرج بێرسی بادجر (نستۆرییەکان و (طقوس)ە کانیان) ل ٢٥٧/ کتێبەکەی هێنری لیارد (نەینەوا شوێنەوارەکان) ل ٢١٦،٢١٥/کتێبەکەی قەشە تۆماس لۆری(د.گرانت و نەستۆرییە چیاییەکان ل ٤٣) کتێبەکەی رفائیا بابو ئیسحاق (مێژووی عێراقییە مەسیحییەکان) بەعەرەبی ل ١٢٢،١١٦/ کتێبەکەی ئەرشەر ماکلاین(رێزمانی شێوەکانی زمانی گشتیی سریانی) ل ١١/ کتێبەکەی جۆن جۆزێف(نەستوورییەکان و دراوسێ موسلمانەکانیان) ل ٢٣.

٢ـ گەلێک کۆمەلەی ئەدەبی لەبارەی کوشتاری ئاشوورییانەوە هەیە.. سەیرێکی کتێبی (پەشێوییە پڕئازارەکانی ئاشوورییە مەسیحیەکان لە فارس و کوردستان) کراون ل ٥٢،١٤/ هەروەها ئەو دیکۆمێنتانەی پێشکەش بە نیکۆنت گرای وەزیری دەولەت بۆ کاروباری دەرەوە، نیکۆنت برایس، (سەوداو ساختی ئەرمەنەکان لەگەل حکومەتی عوسمانی) ل ١٩٢،١٦٤.

٣ـ دەکرێ بگەڕێتیەوە بۆ کتێبەکەی نینا بیکولوفیسکایا(رۆشنبیری ئاشووری لە چەرخەکانی ناوەڕاستدا) لە بارەی بارودۆخی رۆشنبیریی ئاشووریان، و کتێبەکەی ئەگناتیۆس ئەفرامی یەکەم بەرسوم(مێژووی زانست و ئەدەبی سریانی).

٤ـ سەیرێکی کتێبەکەی رابی موشی دانیال (فارسی نوێ) ل ١٩١ بکە.

٥ـ ئەم ژمارەیە لەوتارێکی هۆمەر ئاشوورییان لە بارەی ئەدەبی ئاشوورییەوە لە نووسینێکی موشی یوخەننان، ئەستێرە (ورمێ ١٩٠٧) وەرگیراوە، هەروەها رابی موشی دانیال لە لاپەڕەی ٢١١ی کتێبەکەیدا دەلێت: مژدە هێنەکان لەسالی ١٨٩٨دا ١١٣ قوتابخانەیان بەڕێوەدەبرد کە ژمارەی مامۆستایەکانیان ١١٦ مامۆستا بوو/ ١٨٢١ کورو ٧٠٢ کچیان تێدا بوو.

٦ـ چاپخانەکە لە سالی ١٨٤١دا دەستی بەکار کرد.

٧ـ هەرچەندە مێژووی چاپ کردن ئاماژە بۆ ١٨٤٦ دەکات (بەپێی لاپەڕەی یەکەمی کتێبەکە)، بەلام زۆربەی نووسەرەکانی دوای ئەوە هاتوون باس لە بەرواری ١٨٥٢ دەکەن.

٨ـ نێرراوە ئینگلیکانییەکان لە ورمێ سالی ١٨٩٠ و نێرراوە رووسە ئەرتۆدۆکسییەکان لە سالی ١٨٩٦دا دەستیان بەکار کرد. لازەرییە فەرەنسیەکانیش سالی ١٨٤١ نێرراوی گەورەیان لەورمێ سلامس دانا کە هەربەکان چاپخانەی تایبەتیی خۆی هەبوو.

٩ـ لەبەر هەلەیەکی چاپ، گابریل یونان ئاماژەی بۆ بەرواردەکە کردووە کە ١٨٩٤ەو. ئەکەدیش لە خشتەبەندی کردنەکەیدا بۆ رۆژنامە



ئاشوورییەکان کەتۆتە هەمان هەلەوە.

١٠ـ سەیری کتێبی مێژووی ئەدەبی ئاشووریی دکتۆر پیرا سرمس ج یەکەم ٢٢،١٦٢ بکە.

١١ـ ماکلاین ئەمڕۆ وەک فەرهەنگ نووسێک و ڕێزمان زانێک ناسراوەو کتێبێکی لە بارەی ڕێزمانی ئاشووری داناوە.

١٢ـ مۆشێ دوای ئەوەی لە زانکۆی کۆلگێت لە نیویۆرک دەرچوو، گەڕایەوە بۆ ورمێ و دەستی کرد بە فێرکردنی سریانی و زمان لە کۆلێجی ئەمەریکی لە ورمێ و دەسەلاتێکی کاریگەری لە نێو بزووتنەوەی کۆمەلایەتی و هزریی ئاشووری هەبوو؛ و ڕێزمانی تازەی ئاشووری داناوە کەلە ساڵی ١٩١٢ لەورمێ لە ئێران بلاوبۆتەوە و ساڵی ١٩٢٨ هەر لەورمێ چاپکراوەتەوە و جارێکی دیکەش لە ساڵی ١٩٨٢ چاپکراوەتەوە.

١٣ـ لە کاتی خۆیدا مارتوما بە بلیمەت دادەنرا لە فیقهی مێژوویی زمانداو(تۆدۆ)ش ئەو بنەمایەی ڕێزمانی زمانی ئاشوورییەی دانا کەئەمڕۆ ئێمە دەیزانین و هەر ئەویش فەرهەنگی سریانیی بەناوبانگی داناوە بە دوو(جلد) کەلەساڵی ١٨٩٧ لە موسل چاپ کراوە و یەک (جلد) بەناوی(فەرهەنگی ئاشووری لە ساڵی ١٩٧٨ چاپکراوەتەوە).

١٤ـ زۆربەی، نەک هەموو، ئەو نووسەرە ئاشوورییانەی تازە هاتبوونە ئەمەریکا، لە ئێرانەوە هاتبوون، جگە لە چەند کەسێک کە زۆر دیاربوون، وەک نەعووم فائق، سەنحاریب بالی، یوسف درنا، دیڤید بیرلی، ئەوانە لە ترسی خۆیان، تورکیایان جێ هێشتبوو.

١٥ـ نووسەر چەند دانەیەکی ئەسلی هەربەک لەو دوو ڕۆژنامەیەی هەیە، کەهەر ژمارەیەک لە چوار لاپەڕەو هەندێ لە هەشت لاپەڕە پێک دێت دروشمێک بەسەر لاپەڕەی یەکەمییانەوە هەیە. ئەو ناو نیشانانە بەسەر لاپەڕەی یەکەمی ڕۆژنامەی هیدالدەوە هەیە: ((یەکەم ڕۆژنامەی هەفتانەی ئاشووری لە جیهاندا)) و ((یەکەم ڕۆژنامەی ئاشووری لە ئەمەریکا بلاودەبێتەوە)).

١٦ـ بۆ ئەوانەی بایەخ بە جۆرایەتی گۆڤارەکە دەدەن، دەتوانن بگەڕێنەوە بۆ(مجلد)ی تازەی گلگامێش(١٩٩٣)، ئەو (مجلدە) لە هەزار لاپەرە پێک دێت و (تەنیا بە ئاشووریشە)و زۆربەی زۆری ئەو ئەوەی خولنامەیە لەکاتی دەرچوونیدا بلاوی کردۆتەوە، دووبارە چاپی کردووەتەوە.

١٧ـ کەسایەتییەکی سیاسی ئاشوورییە لە ساڵی(١٩٦٧ ــ ١٩٧٥) ئەندامی پێشووی ئەنجوومەنی ئێران بووە.

١٨ـ یەکێکە لە شاعیرە ئاشوورییە زۆر چاکەکان ویەکێکە لە دیارترین ڕووە ئەدەبییەکانی هاوچەرخی ئاشووری. بەشداری لە ژمارەیەک خولنامەی ئاشوورییدا کردووە ونووسەریان بووە، (نسێبین و شلاما- نەینەوا) باشترین دوو چامەی ئەو شاعیرەن و ئێستا قەشیشۆ لە دەربەدەری لە سوید دەژی.

١٩ـ گۆڤاری ئەستێرەی ئاشووری ناوبەناو بەرگەکەی بە یەکێک لە گەورە پیاوانی ئاینیی دەرازێنێتەوە.

٢٠ـ یەکەم ژمارەی JAAS بەرواری ١٩٨٥ ـ ١٩٨٦و دووەمیان بەرواری ١٩٨٨و سێیەمیان ١٩٨٩ی لەسەرە.

٢١ـ (خۆر هەلات) یەکەم جار لە ساڵی ١٩١٤دا سەری هەلدا، (زەنگ) لە ساڵی ١٩١٥و هەردووکیان لە تفلیس دەرچوون و ئەو سەرچاوانەی بەردەستیشن ساڵانی وەستانی دەرناخەن.

٢٢ـ ئەو چاپەمەنییە جیایە لەو چاپەمەنییەی هەمان ناوی هەلگرتووە و ئەوە چاپکراوێکی نیو ساڵییە(شەش مانگییە) زانکۆی ئۆکسفۆرد لە ئینگلستان دەری دەکات.

---

* ئەم وتارە کورتەی عەرەبی لەگەلدا نییە لەبەر ئەوەی لە عەرەبییەوە وەرگێڕدراوە

**بەدواداچوون:**

# ئێمە و ڕۆژی ڕۆژنامەنووسیی جیهانی



زیرەک کەمال

کۆمەڵگای مرۆیی لەسەرانسەری جیهان چ ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ لەسەر هەموو ئاستێکی ئابووری و سیاسی و زانستی .. جۆرە پەیوەندییەکی جەدەلییانەی بەیەکەوە هەیە. دیارە ڕایەڵی ئەو پەیوەندییانەش لە کۆمەڵگایەکەوە بۆ کۆمەڵگایەکی ترو لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی تر جیاوازییان هەیە. چونکە تێڕوانینی فیکری و ئایدیۆلۆژی و بەرژەوەندی ئابووری و سیاسی، ڕایەڵەکانی ئەم پەیوەندییە دیاری دەکەن و بەشێوەیەکی گشتیی جۆری دەسەڵات و سیستەمی سیاسی وڵاتان ڕۆڵێکی بنچینەیی دەبینێ، هەم لە پتەوی و هەم لە سستی ڕایەڵی ئەم پەیوەندییانە. هەموومان ئەم ڕاستییە باش دەزانین کە شۆڕشی گەورەی فەڕەنساو شۆڕشی ئۆکتۆبەر چ کار کردەیەکی مەعنەوی و ئیجابییان هەبوو هەم لە پەردە هەڵماڵین لەسەر ڕوخساری سیستەم و قۆناغی دواکەوتنی دەرەبەگایەتی و هەم لە پتەوکردن و زیاتر گەشەپێدانی خەبات و تێکۆشانی گەلانی ژێردەستەی جیهان لە پێناوی ئازادی و بەختەوەری و یەکسانی و دادپەروەری کۆمەڵایەتیدا. جا کە کۆمەڵگای مرۆیی بەشێوەیەکی گشتی و لەسەر بنەمایەکی جەدەلیانەو لە چوارچێوەی ئۆرگانێکی پتەو پەیوەندی بەیەکەوە هەبێت، دەبێت بزاڤی ڕۆژنامەگەری لەم ڕووەوە چ ڕۆڵێکی هەبێت؟ دەبێت ڕۆڵی ئەم بزاڤە هەم لە پتەوکردن و هەم لە زیاتر بەیەکەوە گرێدانی ڕایەڵی پەیوەندییەکان چی بێت؟ ئەگەر بزاڤی ڕۆژنامەگەری بەشێوەیەکی گشتی بریتی بێت لە وروژاندن و دروست کردنی ڕای گشتی و بریتی بێت لە زامنی پاراستنی پەیوەندی تاکەکانی مرۆڤ و دروست کردنی پردی پەیوەندی لە نێوان دامەزراوە مەدەنی و ئیداری و حکومی یەکان و جەماوەردا ڕۆڵی ئەم بزاڤە لە بەیەکەوە بەستنی هەموو کۆمەڵگای مرۆڤدا دەبێت چی بێت؟ زۆر دەمێکە ئەم ڕاستییە ڕوون بۆتەوەو بە کردەیش سەلمێنراوە کە ڕۆژنامەگەری شان بەشانی هەرسێ دەسەڵاتە سەرەکییەکە (یاسا دانان و جێبەجێ کردن و دادوەری دەسەڵاتی چوارەم پێک دەهێنێت دیارە ئەمەش لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی جیاوازی هەیەو لە هەر وڵاتێک ڕۆژنامەگەری بەپێی جۆری دەسەڵاتی سیاسی و تایبەتمەندی حوکمڕانی دەتوانێت ڕۆڵی خۆی بنوێنێت. بۆ نمونە ئەگەر لە وڵاتێک دەسەڵات و سیستەمی حوکم دکتاتۆریانە بێت ئەوا ڕۆژنامەگەریش لەوێ جگە لە بوقێکی ترسنۆک و چەواشەکارییانە جگە لە ئامرازێک بۆ شێواندنی ڕای گشتی و بە پاشکۆکردنی جەماوەر بۆ حزب و دەسەڵاتی سیاسی هیچی تر نابێت و ئەو کاتەش ڕۆژنامەگەری پەیامی پیرۆزی خۆی لەدەست دەدات. هەروەها ئەگەر لە وڵاتێکیش دەسەڵات و سیستەمی حوکمڕانی دیموکراسیانە بوو، وسەرجەم دامەزراوە مەدەنی و ئیداری و یاساییەکان لە خودی ئیرادەی تاکەکانی کۆمەڵ هەڵقولا بن واتا ئەم دامەزراوانە لەسەرووی ئیرادەی ئەوانەوە دروست نەکرابن ئەوا لەوێ ڕۆژنامەگەریی بە عەمەلی دەبێتە دەسەڵاتی چوارەم و دەبێتە چاودێرێکی کارامە بەسەر هەموو چالاکی و جموجۆڵێکی سیاسی و ئیداری و

حوکمیدا. بەش بە حالی ئێمەی کورد هەتا ماوین دەبێت قەرزاری چاوی کامێرای ئەو ڕۆژنامەنووسانە بین کە لە نێو ئاپۆرەی کۆرەوی نەتەوەکەماندا هەزاران وێنەی تراژیدی و کارەسات و دیمەنی پڕ لە مەرگ و ناسۆرییان دەگواستەوە بۆ سەر شاشەی تەلەفزیۆنی کەنالە ئاسمانییەکان. لە نێو ئاپۆرەی جەماوەرو ڕەهێلە بارانی گوللە تۆپ و هاوەنی ڕژێمی عێراقدا لەسەر کێوو بناری کۆسارو دۆلەکاندا و لە نێو دیمەنی مرۆڤ هەژێندا وتاری ئاگرینیان دەنووسی و لەوێوە هەموو جیهانیان لە مەرگی میللەتێک لە چۆڵ کردنی نیشتمانێک ئاگادار دەکردەوە هەر ئەوەش بوو بە مایەی دەرچوونی بڕیاری (٦٨٨) کە تاکو ئێستاشی لەگەڵ دابێت تاکە زەمانەتێکی نێودەولەتییە بۆ پاراستنی کوردو ئەزموونەکەی و بۆ دووبارە نەبوونەوەی کارەساتی ئەنفال و کۆرەو. ڕاستە گۆڕانکاری لە هاو کێشە سیاسییەکان و پێ داگرتنی فەرەنسا لەسەر دەرکردنی بڕیارەکە کاریگەری خۆیان هەبوو بەڵام دیسان ئەوانیش هەر لەڕێگای زومی کامیرای ڕۆژنامەنووسان لەم کارەساتە ئاگادار بوونەوە. دیارە ئەگەر باسی ڕۆڵی ڕۆژنامەگەری بەتایبەتی و ڕاگەیاندن بە گشتی بکرێت لە ژیانی مرۆڤدا باس و خواسێکی زۆر هەلدەگرێت چونکە گرنگی ئەم بوارە بۆتە پێداویستی و زەروورەتێکی مێژوویی گرنگ، دیارە هەر ئەو زەروورەتەش وای کردووە کە نێوەندێکی جیهانی تایبەت بە ڕۆل و ئەهمیەتی بزاڤی ڕۆژنامەگەری دابمەزرێت. بەڵام لێرەدا ئەوەی من دەمەوێت بیلێم ئەوەیە کە ئێمەی ڕۆژنامەنووسانی کوردستان بە گشتی و سەندیکای ڕۆژنامەنوسانی کوردستان بەتایبەتی تا چەند توانیومانە پردێک لە نێوان خۆمان و ئەو نێوەندە ڕۆژنامەنووسییە جیهانییە دروست بکەین؟ تا چەند توانیومانە خەمە ڕۆژنامەنووسییەکانی خۆمان بگەیەنینە لای ئەوان؟ تا چەند توانیومانە چ لەڕێگای نووسین و چ لە ڕێکخستنی شاندی ڕۆژنامەنووسی سەردانیان بکەین و بتوانین زیاتر لەوەی کە هەیە هەست و سۆزو قەلەم و زوومی کامێرای ئەوان پەلکێش بکەین بۆ سەر زەمینەی واقیع و کێشەی ڕەوای گەلەکەمانیان زیاتر پێ بناسێنین؟ هەروەها تا چەند توانیومانە ئەم نێوەندە ڕۆژنامەگەرییە جیهانییە بەنێوەندی ڕۆژنامەنووسانی کورد بناسێنین و لە چۆنیەتی دروست بوون و ئامانجی ئەم نێوەندە ئاگاداریان بکەینەوە. من پێم وایە لە بەرامبەر هەموو ئەمانەدا ئێمەی ڕۆژنامەنوسانی کورد نەمانتوانیوە بەپێی پێویست ڕاپەڕموین و ئەو ئەرکانەی قۆناغی سیاسی ئەمڕۆی کوردستان دەیخاتە ئەستۆی ڕۆژنامەنووسان جێبەجێی بکەین. نەمانتوانیوە وەک چۆن ئەزموونەکەمان و کێشە سیاسی و نەتەوایەتییە ڕەواکەمان لەسەر ئاستی جیهان قورسایی و سەداو دەنگی خۆی پەیدا کردووە ئێمەی ڕۆژنامەنووسیش بەیانی پەیامی



لە ڕۆژنامەی (الشرق الاوسط)ەوە.



(مجلة المشاهد السياسي) ژماره ۲۰۲

رۆژنامەنووسی خۆمان بەرووی میدیای دەرەوەدا بکەین. دیارە ئەوەش بەشێکی دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی گوتارێکی سیاسی هاوبەش لەرووی موخاتەبەکردنمان لەگەڵ دنیای دەرەوە. بەشێکی دەگەڕێتەوە بۆ دان نەنانی کۆمەلگای نێو دەولەتی بە ئەزموونەکەمان کە دیارە ئەمەش چ راستەوخۆ چ ناڕاستەوخۆ کاریگەری بەسەر رۆژنامەنوسی کوردییشەوە دەبێت و هەر ئەوەش رێگروکۆسپە لەبەردەم نەگەیشتن و نەناساندنی رۆژنامەنووسی کوردی وەکو نوێنەرو پەیامبەری نەتەوەیەکی ژێردەست. دیارە لەوەلامی پرسیاری ئەوەی تا چەند توانیومانە ئەو نێوەندە رۆژنامەنوسییە جیهانییە بەخۆمان ئاشنا بکەین ئەوا بێگومان لەم رووەشەوە جۆرە کەم تەرخەمییەکمان هەیە بۆ نموونە (۵/۳)ی هەموو سالێک سالیادی رۆژنامەنووسانی جیهانە من ئەو یادەم لەسەر روپەڕی ئەدەبیات و بزاقی رۆژنامەگەری کوردی زۆر بە کزی و ساردی هەست پێ کرد. بۆ نموونە دەبوا چەندین کۆڕو سیمینار ببەسترێت. هەروەها ئەم یادە بکرێتە زیاتر پێناسەکردن و دیارخستنی پایەو رۆلی رۆژنامەگەری لە ژیانی کۆمەل دیارە نەک ئەمە نەکرا بەلکو لە چەند ستون و بابەتێکی کورت زیاتر هیچی تری بۆ نەکراو ئەوەی من بینیبێتم یاخود ئەو رۆژنامەو بلاوکراوانەی بەبۆنەی (۵/۳) رۆژی رۆژنامەگەری جیهانی بابەتیان نوسیبێت ئەمانەی خوارەوە بوون.

١ـ رۆژنامەی برایەتی ژمارە ۳۰۸۳ گۆشەی پرۆفایل ـ شێرزاد عەبدولرەحمان.

۲ـ برایەتی ژمارە ۳۰۸۲ ستوونی روناهی.

۳ـ سلاو لە رۆژی ئازادی رۆژنامەنوووسی ــ رێگای کوردستان (۵/۵).

٤ـ رۆژی رۆژنامەنووسی جیهانی ــ کاوە محەمەد ـ کوردستانی نوێ (۵/۱۱).

۵ـ (۳)ی ئایارو خەمەکانی رۆژنامەگەری کوردی ــ گولان ــ ژمارە ۲۷۷ ــ بێوار عەبدولرەحمان.

٦ـ ئازادی رۆژنامەوانی هۆکارێکی گرنگە بۆ چەسپاندنی دیموکراتی ـ برایەتی ـ ژمارە ۳۰۸۲.

بەهیوام سالیادی رۆژی رۆژنامەنوسی جیهانی لە سالی داهاتوودا بەبایەخەوە گرنگی پێ بدرێت و رۆژێکی ئاوا پڕ شکۆ وەک ئەو مەزنی و قورساییەی کە هەیەتی پێشوازی لێ بکرێت و ئاواتە خوازیشم سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان ئەم ئەرکە بگرێتە ئەستۆی خۆی و گۆڤاری (رۆژنامەڤانی) تاقانەش ژمارەیەکی تایبەتی بەم بۆنەیەوە بلاوبکاتەوە.

هەگبەی

## دەنگوباس و چالاکییەکانی

# سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان

پاش گرێدانی کۆنگرەی دامەزراندن (کۆنگرەی یەکەم)، سەندیکا بە پێی تواناو دەرفەت، بەتایبەتی پاش کردنەوەی بارەگای سەندیکا، لەسەرەتای مانگی ئابی ١٩٩٩، تا ئەمرۆکە ژمارەیەک چالاکی ئەنجامداوە، هاوکات هاوبەشی ژیانی رۆشنبیری و شارستانیشی کردووە.

جارێ پێشەکی، دامەزراندنی بارەگاو دروست کردنی کارگێڕی و دارایی، دەرکردنی ناسنامەو بەڕێوەبردنی کاروباری رۆژانەی سەندیکا، لە دەست پێکی کەم ئەزموونداو، واتە سەندیکا پاشخانی نەبووە، وەکو رێکخراوە رۆشنبیری و پیشەیی یەکانی دیکە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لە ماوەیەکی ئێجگار کورتدا، کەسایەتیی خۆی سەپاند.. بەتایبەتی لە یادی ٢٢ی نیساندا، بیرەوەری دەرچوونی یەکەم رۆژنامەی کوردی کە نۆبەرەکەی دەسکەوتێکی گەورەی رۆشنبیری بوو، ئەویش بۆ یەکەم جار دەرکردنی گۆڤارێکی تایبە تمەند بە کلتووری رۆژنامەنووسی لەسەر ئاستی هەموو کوردستان بوو.. هاوکات زێدە بەگەرمی یادی جەژنی رۆژنامەنووسی کرایەوە، ئەوی رۆژێ، بارەگای سەندیکا دیوەخانی گەرمی رۆشنبیران و رۆژنامەنووسان و زۆربەی زۆری کاربەدەستە گەورەکانی کوردستان بوو.. دیارە لە گەرمەی ئەو یادە پیرۆزەوە، ناوی دوو سەدو پەنجا ئەندامی سەندیکا ئاشکراکرا، واتە ئەوانەی زوویان بەرکەوتبوو.. لە پاش ٢٢ی نیسان تا دەرچوونی ژمارە دووی گۆڤاری رۆژنامەڤانی ژمارەیەک چالاکی نواندراوە، لەوانە، ریسواکردنی کاری تیرۆرو تیرۆریستان، لەم رووەوە دوو بەیاننامەی گرنگ بڵاوکراونەتەوە، یەکەمیان رێکەوتی ٦ی/٢ی/٢٠٠٠، دووەمیان لەبارەی شەهیدبوونی سەرنووسەری رۆژنامەی میدیا، کە دەقی هەردوو بەیاننامەکە لێرەدا بڵاوکراونەتەوە.. هەروەها لە چلەی سەربەست مەحموودی شەهید، سەندیکا بە ئامادەبوونی شاندێک و وتار خوێندنەوە بەشداری کردو وتارەکەش کە لەلایەن سکرتێری سەندیکاوە پێشکەش کرا، کە دەقەکەی لێرەدا بڵاوکراوەتەوە.. هەروەها لە یادی چوار ساڵەی گۆڤاری رامان ئەندامانی ئەنجومەنی سەندیکا هاوبەشییەکی گەرم و بەرچاوی کرد لەگەڵ پێشکەش کردنی وتاری سەندیکا لە رۆژی کردنەوەی ئاهەنگی گۆڤاری رامان کە لەلایەن بەڕێز کاک فەرهاد عەونی نەقیبی رۆژنامەنووسانەوە خوێندرایەوە، دەقەکەی هەمدیسان لێرەدا دەخوێننەوە. جێی خۆیەتی باسی ئەوەش بکەین کە بەر لە دوو مانگ،

پرۆژەی یاسای خانەنشینی رۆژنامەنووسان لە ریگای وەزارەتی رۆشنبیری لە ٩ی/٣ی/٢٠٠٠ پێشکەش بەسەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانی کوردستان کرا، کە بۆ پەرلەمانی بنێرێ و تاکو لەسەرەتای خولی پاییزدا پەسندی بکات.

لێرەدا دەمانەوێ سوپاسی ئەو بەرێزانە بکەین، کە هەمیشە سەندیکایان لەبەر چاوە، وەك پیرۆزبایی کردن و هاوبەشی کردنیان بەبۆنەی جەژنی رۆژنامەنووسان سەردانیان کردووین، یان برووسکەی پیرۆزباییان بۆ ناردووین، لەسەرووی هەمووشیانەوە رێزدار کاك مەسعود بارزانی کە بەبروسکەیەکی ناسك بەسەری کردینەوەو هاوبەشی کردین لەو جەژنەدا.. هەروەها بەبۆنەی دەرچوونی گۆڤاری رۆژنامەڤانی - ش چەند نامەو سوپاسنامەیەکمان بەدەست گەیشتووە، ئەوانیش بەسوپاسەوە لێرەدا بڵاودەکەینەوە.

دووبارە سوپاس و پێزانینمان بە هەموو لایەك رادەگەیەنین..



## سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان
## تیرۆرکردنی (سەربەست مەحمود) مەحکوم دەکات

رۆژنامەنووسانی کوردستان..

بەغەم و پەژارەیەکی زۆرەوە، هەواڵی تیرۆرکردنی رۆژنامەنوس (سەربەست مەحمود)مان پێگەیشت، کە ئێواردی ٢٠٠٠/٥/٣١ بەشێوەیەکی درندانە تیرۆر کرا.

(سەربەست مەحمود) سەرنوسەری رۆژنامەی میدیاو ئەندامی کارای سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان بوو، لاوێکی چەپووک و نووسەرێکی کارامەی بواری رۆژنامەنوسیی بوو، ئێمە وەک سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان، ئەو کارە چەپەڵە و هەموو جۆرە تیرۆرێک مەحکوم دەکەین کە بەهەر بڕو بیانوویەک دژ بە ئەزموونەکەمان و هێمنی و ئاسایشی هەرێم ئەنجام دەدرێت..

داواکارین لە حکومەتی کوردستان و لایەنە پەیوەندارەکان بکوژانی (سەربەست مەحمود) دەستگیر بکەن و بدرێنە دادگا.

ئێمە وەک سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان کە بە مافێکی رەوای خۆمان زانیوەو خەبات لە پێناو ئازادی نووسین و رادەربڕین و پاراستنی ئەزموونی حکومەتی هەرێم بکەین، پێمان وایە پاراستنی دەستکەوتەکانی راپەڕین لەوانیشەوە ئازادی رادەربڕین و مافەکانی رۆژنامەنووسان و بەرگری کردن لێیان ئەرکێکی جددی سەندیکایە.. بۆیە جارێکی دیکە تیرۆرکردنی رۆژنامەنوس (سەربەست مەحمود) مەحکوم دەکەین و نەفرەتیش لە تیرۆرستان و ناحەزانی ئازادی و دیموکراتی دەکەین.

ئەنجومەنی سەندیکای
رۆژنامەنووسانی کوردستان ـ هەولێر
٢٠٠٠/٦/٣

یەکگرتووی قوتابیانی ئیسلامیی کوردستان
مەکتەبی سکرتاریەت
ژمارە/
بەروار ٣٠/٤/٢٠٠٠ز

KURDISTAN ISLAMIC STUDENTS UNION

نوسینگەی بڵاوکراوەی
داهێنان
١٦/ محرم/ ١٤٢٠ك

## بۆ بەڕێز/ سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان- گۆڤاری رۆژنامەڤانی

### ب/ سوپاس و دەستخۆشی

ژمارە (یەک)ی گۆڤاری (رۆژنامەڤانی)مان بەدەست گەیشت، زۆر سوپاستان دەکەین و دەستخۆشی خۆمان رادەگەیەنین بۆ ئەو هەوڵە گەورەو گرنگەی بواری رۆژنامەگەری و خزمەت بە رۆژنامەنوسان..

ئێمە لە (داهێنان) خۆشحاڵی تەواوی خۆمان دەردەبڕین بۆ پڕکردنەوەی ئەو کەلێنە لە ڕێگەی رۆژنامەڤانییەوەو هیوای سەرکەوتن و بەردەوامی و گەشەو باشتر بوونی بۆ دەخوازین..

بەر هەنگاوەیت ئاڵای رۆژنامەگەری کوردی..

نوسینگەی بڵاوکراوەی
داهێنان
١٤/٤/٢٠٠٠

---

پارتی دیموکراتی کوردستان
فەرماندەی لەشکری کوردستان
مەکتەبی ڕێکخستنی پێشمەرگە

ژمارە:
بەروار:

## بۆ/ سەندیکای رۆژنامە نووسانی کوردستان / بەڕێز

### سڵاوێکی شۆرشگێرانە

هاوپێچی نوسراوتان ژمارە (٤٠) لە ١٥/٤/٢٠٠٠ دانەیەک لە گۆڤاری رۆژنامەڤانیمان پێ گەیشت. دەست خۆشیتان لێ دەکەین بۆ دەرکردنی گۆڤارێکی خنجیلانەی لەم چەشنە کە دەبێتە مینبەر و تۆرگانی ئازادی هەموو رۆژنامە نووسانی کوردستان بێگومان لە هارکاری کردنتان دریغی ناکەین. لەگەڵ ریزماندا.

ئەو بۆ پێشەوە........

---

# أربيل تكرم 250 صحافياً كردياً

أربيل - كمال عقراوي

احتفلت كردستان بالعيد السنوي للصحفيين الكرد، والذكرى 102 لتأسيس الصحافة الكردية الحديثة التي ولدت على يد المثقف والشخصية السياسية الكردية البارزة الامير مقداد مدحت بدرخان، وكان بدرخان اصدر أول صحيفة كردية باسم (كردستان) في العاصمة المصرية القاهرة عام 1898.

وصدر العدد الاول من هذه الصحيفة في الثاني والعشرين من نيسان (ابريل) وهو اليوم الذي عده الكتاب والصحفيون الكرد عيدا لهم.

ومنذ عام 1991 اخذ الاحتفال بهذه المناسبة منحى جديدا، حيث تقام المحاضرات والندوات عن مراحل تطور الصحافة الكردية.

وفي الثاني والعشرين من الشهر الحالي اقيم احتفال في اربيل حضره نائب رئيس حكومة الاقليم وعدد من الشخصيات السياسية والثقافية، وتم خلاله تكريم 250 صحفيا من اعضاء المؤتمر التاسيسي لنقابة صحفيي كردستان، بمنحهم قطع اراض سكنية.

من جهة اخرى، نشرت صحيفة (ريگاي كردستان) طريق كردستان (لسان حال الحزب الشيوعي الكردستاني) بعددها 398 الصادر في التاسع عشر من الشهر الحالي خبرا عن ايقاف مجلة ((NVAR من الصدور في السليمانية، وهي مجلة فكرية وثقافية عامة.

وجاء في سياق الخبر، انه وبعد ايام قليلة من صدور عدد المجلة المذكورة الثامن في الشهر الماضي، تقدم الاتحاد الاسلامي بشكوى ضدها بسبب موضوع نشرته المجلة في العدد المذكور عن الدين الاسلامي، الشكوى التي رفعها المكتب السياسي للاتحاد الاسلامي قدمت لجلال الطالباني سكرتير الاتحاد الوطني ...

وفي اليوم ذاته اقتحمت عناصر من امن (اسايش) السليمانية بجمع مجلة ((NVAR من المكتبات ومصادرتها وصدور امر بايقاف المجلة عن الصدور، واعقبه ذلك دعوى تقدم بها رئيس اتحاد علماء الدين الاسلامي بالسليمانية ملا محمد امين عبد الله للمحكمة ضد صاحب امتياز المجلة ورئيسة التحرير وكاتب الموضوع، الدعوى قدمت وفق الفقرة الثانية من المادة 200 من قانون العقوبات العراقي الصادر عام 1969 والتي تقول (يعاقب بالسجن مدة لا تزيد على عشر سنين من اهان باحدى الطرق العلانية الامة العربية او الشعب العراقي او فئة من سكان العراق او العلم الوطني او شعار الدولة).

احد اعضاء هيئة تحرير المجلة المذكورة كان قد اشار وتعليقا على هذه الدعوى، ببطلانها، لانها استندت على مادة من القانون لا صلة لها بمجال الطباعة والنشر. وبانتظار ان تعقد المحكمة في المدينة جلسة تنظر في الدعوى المذكورة، يقوم مثقفون في السليمانية بحملة جمع تواقيع مؤيدة لمجلة ((NVAR ورئيسة تحريرها وهي الكاتبة كازيوه صالح.

من جانب اخر، نقضت محكمة تمييز اربيل قرار التشهير الصادر بحق مجلة (ملامشهور) الكاريكاتيرية الساخرة المستقلة من محكمة الجنح، اثر الدعوى التي كانت مجلة (زاكروس) الصادرة عن وزارة الثقافة بحكومة الاقليم قد تقدمت بها ضدها، وكانت محكمة جنح اربيل قد اصدرت في 29/12/1999 حكما يقضي بتغريم صاحب امتياز (ملامشهور) وسكرتير تحريرها مبلغا قدره 100 دينار اول مفهوما او الحبس مدة ثلاثة اشهر في حال الامتناع عن الدفع، بسبب قيام المجلة الساخرة بتشبيه (زاكروس) الصادرة عن وزارة الثقافة ...

---

بە ناوی خوای بە خشندە و میهرەبان

هەرێمی کوردستانی عیراق
سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران
سەرۆکایەتی زانکۆی سەلاحەددین
ڕاگەیاندن

Kurdistan region – Iraq
Ministerial Council
University of Salahaddin

ژمارە: ٣٥/٢/٤
ڕێکەوت: ٢١/٥/٢٠٠٠

بۆ / سەندیکای رۆژنامە نووسانی کوردستان
بە / گۆڤاری رۆژنامە ڤانی

سڵاوی زانکۆ///

بە سوپاسەوە گۆڤارە نایابەکەتانمان بە دەست گە یشت سوپاستان دەکەین، هیواداریین هەمیشە سەرکەوتووبن و بەردەوام بن لە هاوکاری کردنمان.

لەگەڵ ڕێزماندا..

مخلص سليم مراد
ل. سەرۆکی زانکۆ

وێنە بۆ //
- نووسینگەی سەرۆکی زانکۆ.
- نووسینگەی یاریدەدەری سەرۆکی زانکۆ / بۆ کاروباری کارگێری و دارایی بفەرموون بۆ زانین لەگەڵ ڕێزمان.
- ڕاگەیاندن.
- ادرجوی.

حزبی شیوعی کوردستان - عیراق
کۆمیتەی پارێزگای سلێمانی

ژمارە/ تایبەت
رۆژ: ٢/٤/ ٢٠٠٠

بۆ/ بەڕێزان بەڕێوەبەرانی گۆڤاری رۆژنامەڤانی

بابەت/سوپاسنامە

بە سوپاسێکی زۆرەوە (٢) دانە لە گۆڤارەکەتانمان پێ گەیشت هیوای بەرەو پێشچوون و سەرکەوتنتان بۆ ئەخوازین لە کارەکەتاندا لە پێناو خزمەتکردنی زیاتری وەعەی رەسەنی کوردی ٠
دووبارە سوپاستان ئەکەین٠٠

کۆمیتەی پارێزگای سلێمانی

وێنەیەك بـۆ /:
کتێبخانەی ئازادی
ارشیف

---

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان

یەکێتی زانایانی ئاینی ئیسلامی کوردستان
مەکتەبی تەنفیزی

ژمارە: ١٦٨
بەروار: ٢٢/٤/ ٢٠٠٠

بۆ/ سەندیکای رۆژنامەنوسانی کوردستان / بەڕێز

سلاو ورێزمان

بەناوی خۆمان وهەموو زانایانی ئاینی ئیسلامی کوردستان
گەرمترین پیرۆزبایتان لێدەکەین بەبۆنەی یادی تێپەڕبونی ١٠٢ ساڵ بەسەر دەرچونی یەکەم رۆژنامەی کوردی ٠
وئومێدەوارین هەموو ساڵێك ئەو یادەپیرۆزە بکەینەوە لەژێر سایەی کوردستانی ئازادوسەربەخۆ ووڵات ورۆژنامەنوسان زیاتروزیاتر خزمەت بکەن بەبوژانەوەی کوردی وپاراستنی ئەو ئەزمونەی گەلەکەمان ٠

دووبارە پیرۆزبایمان بۆ یەکەیەکەتان ٠

سەرۆکی یەکێتی
زانایانی ئاینی ئیسلامی کوردستان
٢٩/٤/ ٢٠٠٠

---

یەکێتی ماف پەروەرانی کوردستان
دەستەی باڵا
ژمارە: ٥٩
رۆژ: ٢٢/٤/ ٢٠٠٠

اتحاد حقوقيي كوردستان
الهيئة العليا
KURDISTAN
JURISTS UNION

بۆ/ سەندیکای رۆژنامە نوسانی کوردستان
بابەت/ سوپاس و وەرگرتن

نووسراوتان ژمارە (٤٠) لە ١٥/٤/٢٠٠٠
بەخۆشحالیەوە گۆڤاری (رۆژنامەڤانی) تان بەدەستمان گەیشت زۆر سوپاستان دەکەین هیوادارین هەرسەرکەوتووبن.

لەگەڵ رێزمندا

شێروان حەیدەری
سەرۆکی یەکێتی مافپەروەرانی کوردستان

K. J. U.

---

هەرێمی کوردستانی عێراق
سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران
سەرۆکایەتی زانکۆی سەلاحەددین
نووسینگەی سەرۆکی زانکۆ

ژمارە: ١/١/٢٥٦
ریکەوت: ١٩/٤/٢٠٠٠

بۆ/ سەندیکای رۆژنامە نووسانی کوردستان / ئەنجومەنی سەندیکا
ب/ سوپاس وپێزانین

سلاوورێز٠٠٠٠

ئاماژە بە نوسراوتان ژمارە ٤٠ لە ١٥/٤/٢٠٠٠ سوپاس و پێزانینی خۆمانتان ئاراستە ئەکەین بە وەرگرتنی یەك دانە لە گۆڤاری رۆژنامەڤانی هیواداریین هەردەم سەرکەوتووبن٠

لەگەڵ رێزماندا

کاروان مومتاز حەیدەری
ل٠ سەرۆکی زانکۆ

وێنەیەك بۆ٠
نووسینگەی سەرۆکی زانکۆ٠
دەرکردە٠

رقیە/١٩ی/ نیسان/٢٠٠٠

---

پارتی دیموکراتی کوردستان
مەکتەبی سیاسی
مەکتەبی ئۆرگانی رێکخراوە جەماوەری و پیشەییەکان

ژمارە:
بەروار: ١٨/٤/ ٢٠٠٠

بۆ/ هەڤاڵان لە سەندیکای رۆژنامەنوسانی کوردستان
هەڤاڵانی ئەنجومەنی سەندیکا

سلاوێکی گەرم

بە سوپاسەوە گۆڤارەکەتانم پێ گەیشت، دەست خۆشیتان لێ دەکەم.
ئومێدەوارم سەرکەوتوو بن بۆ زیاتر خزمەت کردنی گەلەکەمان. سلاوم بۆ هەموو لایەکتان .

هەربژین.

هەڤاڵتان
عارف تەیفور

هەرێمی کوردستانی عێراق
ئەنجومەنی وەزیران
زانکۆی سەلاحەددین - هەولێر
کۆلێژی ئاداب/کتێبخانە

Kurdistan Region Iraq
Ministerial Council
University of Salahaddin - Erbil
College of Arts

ژمارە: ٤ / ٢ / ٧٥٦
ڕێکەوت ٢٤/ ٤/ ٢٠٠٠

No :
Date :

بۆ / سەندیکای ڕۆژنامە نووسانی کوردستان/ئەنجومەنی سەندیکا

ب/پشتگیری وەرگرتن

سڵاو ڕێز...

نووسراوتان ژمارە (٤٠) لە بەرواری ٢٠٠٠/٤/١٥ بە سوپاسێکی بێ پایانەوە (٢) دانە لە گۆڤاری (ڕۆژنامەڤانی) مان وەرگرت بۆ ئاگاداریتان لە گەڵ ڕێزماندا .

پ. د. ئیسماعیل ئەشقی قەرەداغی
عەمید
٢٠٠٠/٤/٢٣

---

گۆڤاری
مجلة
پاسەوانی یاسا
خاوەن ئیمتیاز
ماف پەروەر مسعود مصطفى حسن
29812
سەرنووسەر
طارق محمد سعید جامباز
22761
Law Protection
Kurdish Legal Magazine

بۆ:
٢٠٠٠ / ٤ / ٢٥

بۆ سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان
ب/ سوپاس نامە

بەناوی دەستەی نووسەرانی گۆڤاری یاساپارێزی دەست خۆشیتان لێدەکەین بۆ ئەو دەسکەوتەی کە پێشکەش بەرۆژنامەنووسانتان کرد بەدابەش کردنی (٢٥٠) پارچە زەوی بەسەر ئەندامانی سەندیکا بۆیە جێگەی ڕێزو سوپاسن .

سەرنووسەر
پارێزەر/ طارق جامباز

خاوەنی ئیمتیاز
مافپەروەر/ مسعود مصطفى

---

هەرێمی کوردستانی عێراق
سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران
ئەنجومەنی فێرکردنی باڵا
دەستەی پەیمانگە تەکنیکیەکان
پەیمانگەی تەکنیکی هەولێر

IRAQ - KURDISTAN REGION
PRESIDENCY OF THE COUNCIL OF MINISTERS
COUNCIL OF HIGHER EDUCATION
FOUNDATION OF TECHNICAL INSTITUTES
ERBIL TECHNICAL INST.

اقليم كوردستان - العراق / رئاسة مجلس الوزراء / مجلس التعليم العالي / هيئة المعاهد الفنية / المعهد الفني - اربيل

بەش: Part:
ژمارە: ٧٦٧ No:
ڕێکەوت: ٢٠٠٠ Date:

بۆ/ ئەنجومەنی سەندیکای ڕۆژنامە نووسانی کوردستان
بابەت/ وەرگرتنی گۆڤاری ڕۆژنامەڤانی

سڵاو ڕێز

نووسراوتان ژمارە ٤٠ لە ٢٠٠٠/٤/١٥
بەسوپاسەوە (٢) دانەمان لە گۆڤاری ڕۆژنامە ڤانیتانمان بۆ کتێبخانەی پەیمانگە وەرگرت. هیوای سەرکەوتنتان بۆ دەخوازین لە کارەکانتان بۆ زیاتر خزمەت کردنی کوردستانی خۆشەویست لەگەڵ ڕێزماندا..

فاضل نبی عثمان
عەمیدی پەیمانگە
٢٠٠٠/٤/٢٢

---

سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان
ئەنجوومەنی سەندیکا
Kurdistan Journalists' Union

ڕۆژ:
ژمارە:

## بانگەواز

سڵاوێکی گەرم..

پاش ئەوەی ژمارە (١)ی گۆڤاری ڕۆژنامەڤانیتان خوێندەوە، حەز دەکەین، بۆ ئەوەی زیاتر دەور و ئەرک و پەیامی ڕۆشنبیری - شارستانی خۆی لە مەیدانی مێژوو و ژیانی ڕاگەیاندن بە گشتیی ڕۆژنامەنووسی - هەموو لایەنەکانی - بەتایبەتی ڕابەرێتی، تکایە بە بابەتی شیاو - لێکۆڵینەوە - هاوکاریمان بکەن.

پێشەکی مایەی سوپاس و پێزانین

بابەتەکان:

١. لە بارەی مێژووی ڕۆژنامەنووسیی کوردییەوە.
٢. ئەسەر خودی ڕۆژنامەو گۆڤارە ناودارەکان.
٣. لە بارەی ئەزموونی ڕۆژنامەنووسیی هەرێمایەتی و جیهانی.
٤. دوێنێ و ئەمڕۆی ژیانی ڕۆژنامەنووسی کوردستان و جیهان.
٥. لە بارەی دەرشێتانی هونەری و تەکنیکی ڕۆژنامەنووسییەوە.
٦. هەر بابەتێک پەیوەندی بەدوێنێ و ئەمڕۆی ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەنووسییەوە هەبێ.

تێبینی:

١. تکایە بە خەتێکی خۆش و شاش بێ.
٢. دوا کات بۆ وەرگرتن، بابەت کۆتایی مانگی حوزەیرانە.

گۆڤاری ڕۆژنامەڤانی
سەرەتای ئایار/٢٠٠٠

**بەڕێزان:**

**خاوەن ئیمتیازو دەستەی نووسەرانی رۆژنامەی میدیا**

**بەڕێزان ئامادەبووانی چلەی ماتەمینی شەهید (سەربەست مەحمود) سەرنووسەری رۆژنامەی میدیا..**

**رۆژنامەنووسانی کوردستان**

**سلاوێکی گەرم**

ئەنجومەنی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان لە دڵەوە دووبارە هاوبەشی خەم و پەژارەی خۆی لەمەر تیرۆرکردنی، سەرنووسەری رۆژنامەی میدیا ئۆرگانی ناوەندی(یندك) شەهید سەربەست مەحمود دەکاتەوە.هاوکات جارێکی دیکەش مەسەلەی کاری تیرۆر و تیرۆرستان بەگشتی و تیرۆرکردنی خاوەن فیکرو قەڵەمەکان بە تایبەتی، بە توندی ریسوا دەکات.

چونکە مەسەلەی کاری تیرۆری بەهەر شێوەیەك بکرێ، (کۆمەڵگەی شارستانی)، بە کارێکی درندانە دەژمێرێ و بگرە بە نیشانەی لاوازی و ئیفلاسی فیکری و سیاسی دەزانێ.

لەوەش رۆشنتر، ئێمە هەروەك لە بەیاننامەی سەندیکاکەمان، کەلە رۆژی ٣ی/٦ی/ ٢٠٠٠ بە بۆنەی شەهیدکردنی ئەندامی سەندیکا، سەربەست مەحمود سەرنووسەری رۆژنامەی میدیا بلاّومان کردەوە، لەوێ گوتوومانە:

ئێمە وەك سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان کە بە مافێکی رەوای خۆمان زانیوەو خەبات لە پێناو ئازادی نووسین و رادەربرین و پاراستنی ئەزموونی حکومەتی کوردستان بکەین، پێمان وایە پاراستنی دەستکەوتەکانی راپەرین لەوانەشەوە ئازادی رادەربرین و مافەکانی رۆژنامەنووسان و بەرگری کردن لێیان ئەرکێکی جددی سەندیکایە.. بۆیە جارێکی دیکە تیرۆرکردنی رۆژنامەنووس (سەربەست مەحمود) مەحکوم دەکەین و نەفرەتیش لە تیرۆرستان و ناحەزانی ئازادی و دیموکراتی دەکەین.

هەڵبەت، شەهید سەربەست مەحموود، وەك خاوەن فیکرو قەڵەمێك لە پێناو سەرکەوتنی راستی و خەبات گیانی بەخت کرد.

لە کۆتاییدا بەراشکاوی رایدەگەیەنین هەر کەسێ، یان تاقم و دەستەڵاتێکی سیاسی هەر جۆرە دەستەڵاتێك بێ کە پەنا دەباتە بەر کاری تیرۆریستی چاك بزانن، هیچ ئان و زەمانێك لە هەر شوێنێك بێت، گۆڕی نەمانی خۆیان لێدەدەن.. چونکە فیکرو قەڵەم گرەوی دوا رۆژ دەباتەوە.

جارێکی دیکەش بەتایبەتی هاوبەشی خەمی دەستەی نووسەرانی رۆژنامەی میدیاو بەگشتی سەرکردایەتیی یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستانین.

**کاری تیرۆر و تیرۆستان هەردەم ریسوا بێ**

**سوپاس**


بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان
سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان

من (شوان عومەر عەلی سەرابی) رۆژنامەنووس و پەیامنێر

شوان سەرابی ـ ئەندامی کارای
سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان
٢٢/٧/٢٠٠٠ ـ هەولێر

# بەڕێز کاك نێچیرڤان بارزانی

## سەرۆکی حکومەتی کوردستان

### میوانە خۆشەویستەکان



**ئامادەبووانی بەڕێز**

لە گەشتێکی ولاّتی سوریادا کەچەند رۆژێک لە شاری حەلەب گیرسابوومەوە بەرێکەوت لەگەڵ دۆستێکی کوردی کورد پەروەری حەلەبیدا سەردانی ناوچەی عفرین‌مان کرد کەیەک پارچە بەداری پیرۆزی زەیتوون داپۆشراوە وە لە گوندێکی ئەم دەڤەرە کە تارادەیەکی گەورە دڵگیر و هێمنی بە مرۆڤ دەبەخشی لە بنەڕەتیشدا گوندەکە هەوارگەی هاوینانی ماڵە دۆستە حەلەبیەکەم بوو دیسان بەرێکەوت کاتی بەناو باخە دڵرفێنە زەیتوناویەکاندا دەگەراین توشمان بە تووشی پیاوێکی تەمەن پەنجا ساڵەی سەروسیما کوردانە بوو کەدیار بوو بەدالغەیەکی قووڵەوە بیری لە شتێک دەکردەوە تا ئەو کاتەی بەلایە تێپەرین بەهیچ شێوەیەک ئاگای لەئێمە نەبوو بەلاّم کاتێ بەدەنگێکی تۆزێ بەرز سلاّومان لێکرد کابرا هاتەوە سەرباری سروشتی خۆی و وەلاّمی سەلامی داینەوەو برادەرە کوردە حەلەبیەکەم بەزوبانی کوردی لێی پرسی:

رامان لەچەتکەی، پیاوە عەفرینیە کوردەکەش گوتی:

بسەری عەبدو یەک سەعاتە از مشغولی نافەک‌م بۆ بچوکا خۆ.

لە سەرو بەندی گفتوگۆی هەردولا وشەی رامانم هاتەوە بەرگوێ بۆیە پێش ئەوەی قسەکانیان تەواو بکەن لە برادەرەکەم پرسی وشەی رامان لێرە مانای چیە و بۆچی بەکاری دێنن ئەویش لە وەلاّمدا هەمان مانای بۆ لێکدامەوە کە ووشەی رامان بەهەمان مانای وشەی (تأمل)ە عەرەبیەکە دبت، بۆیە منیش یەکسەر بەبیرما هات کەپێشنیاری ناوی رامانی بۆ بکەم بۆ ئەوەی ئەم ناوە لە منداڵەکەی بنێ بۆیە کاتێک ناوەکەم بۆ پێشنیار کرد پاش ئەوەش نەختێک لەسەر گۆڤاری رامان قسەم بۆ کرد کەئەو کاتە (٣٠) ژمارەی لێ دەرچووبوو کوردە عەفرینیەکە بەو پەری خۆشحاڵیەوە ناوەکەی لێ قبوڵ کردم و بریاری‌دا ناوی منداڵەکەی بنێ رامان.

**ئامادەبووانی بەڕێز:**

لێرەدا نامەوێ باس لەو گۆڤارە بکەم کەتاکو ئەمرۆ(٤٩) ژمارەی لێ دەرچووەو وەکو گۆڤارێکی زێدە بەپێزی رۆشنبیری گشتی کە دەزگای رۆشنبیری و راگەیاندنی گوڵان دەری دەکات بەڵکو ئەوە بۆ دانیشتنەکانی پاشتر بەجێ دەهێڵین کەتێیدا رۆشنبیران بەو پەری ئازادییەوە دەتوانن سەراپای ژمارەکانی رامان هەڵبسەنگێنن بەلاّم ئەوەی لێرەدا مەبەستە هەڵسەنگاندنی ئەو بارو دۆخەیە کە تێیدا رامانو ئەو چەپکە رۆژنامەو گۆڤارە هەمەرەنگانەن کەئێستا لەناو گوڵزاری چاپەمەنی کوردیو کوردستانیو بەرەنگی جیاو بۆچوونی جیا و لێکدانەوەی جیا پەیامی رۆشنبیری نەتەوەی ستەمدیدەی ئێمە بەرەو پێشەوە دەبەن کەدەمێک ساڵبوو رۆشنبیرو روناکبیرو نووسەرانی ئەم دەڤەرە



خەونیان پێوە دەدیت کەئێستا کەلە سایەی ڕاپەڕینە شکۆدارەکەی بەهاری ساڵی ١٩٩١ کە تێیدا پەرلـەمانی هەڵبژێردراو حکومەتی کوردستانی لێ هاتەکایەوە کە تێدا خەریکە چاپەمەنی کوردی بگاتە قۆناغی زێرینی خۆی کەئەمەشیان هۆکارێکی سەرەکی دروستبوونی ئەم چوارچێوەیەش بوو کە ڕۆژنامەنووسانی کوردستان لـەژێریا کۆبینەوەو بۆ یەکەم جار لە مێژووی کوردستاندا سەندیکایەک لە دایک بێت بەنێوی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان کە ئێستا ژمارەی ئەندامانی کارای گەیشتۆتە نزیکەی ٧٥٠ ڕۆژنامـەنووس سـەرەڕای ئـەندامانی مەشقکارو بەشدار کە هەر هەمویان خۆیان لـەژێر سایەی ئـەو دروشمە پیادەی ئەرکە ڕۆژانەکانیان دەکەن کە لەکۆنگرەی دامەزرانیدا کاتێ لەهەولێری پایتەختی کوردستاندا بەر لەساڵ نیوێک ئەنجام دراو کەتێیدا دروشمی (لە پێناو چەسپاندنی ئازادی ڕۆژنامەنووسی‌و دابین کردنی مافی ڕۆژنامەنووسان) بۆتە ئەرکی سەرەکی ئەو سەندیکایەی کەهەمیشە لەو پێناوەدا کاردەکات بۆ ئەوەی ئەو ئەزموونەی کەلە پێناویدا قوربانیەکی بێ شومارو سالآنێکی دورو درێژی پڕ لە قوربانی بۆ دراوە بۆ ئەوەی بگاتە ئەو قۆناغەی کەدەمێکە خەونی دێرینی ڕۆلـەکانی ئەم نەتەوەیەن بە تایبەتیش ڕەوشەنبیران‌و نووسەرانی خەم خۆری کەبەیەکریزی لەگەڵ سیاسەتمەداران‌و پێشمەرگەی پاسەوان‌و گیان لەسەر دەست لە خەباتدابوون بۆ ئەوەی کۆتایی بەداستانی تراژیدیای نەتەوەکەمان بهێنین.

**لەگەڵ هیوای سەرکەوتن و بەرەوپێشەوە چوونی گۆڤاری ڕامانی خۆشەویست و هەموو گۆڤارو ڕۆژنامەکانی کوردستان و نووسەرە بەرێزەکانیان.**



## لە ئەرشیفی مامۆستا عیزەددین فەیزی یەوە:

د. شۆ کاتی خۆی بەبۆنەی دەرچوونی رۆژنامەی هەولێرەوە ئەم شیعرەی بۆ رۆژنامەی هەولێر ناردووە، مامۆستا عیزەددین فەیزی پاراستوویەتی و کاک سۆران یش پێشکەشی رۆژنامەڤانی کردووە.

لە ساڵی ٩٥٠ دا ئەم پیرۆزبایییەم نارد بۆ ڕۆژنامەی [هەولێر] کە لە هەولێر مامۆستایان دەریان دەکرد بە کوردی و عەرەبی

لە کاتێکو [گەلاوێژ] دا خزاوە — دڵم گیراوە شەوقی لێ بڕاوە ؟
کە گۆڤاری هەبوو دەرچێ بە کوردی — لەبەر ڕقی خاوەنی واکە وتە لاوە !!
کە دیتم ڕۆژنامەی شاری هەولێر — لە هەولێر دێتە دەر هەولێری ناوە
دڵی بەندیم نەجاتی بوو بە جاری — لە سەر ڕێی بەی دڵمدا خەم نەماوە
لەوە خۆشتر کە بینومە بە چاوان — تەمی چاوم بە ڕووناکی گەڕاوە
تەماشام کرد بە هۆی هۆزی مەعارف — لە چاپ ئەدەن [illegible] بژین ئەو پیر و لاوە
عەرەبییە کوردییە بەم دوو زمانە — پێش هێنی عەدالەت بەش کراوە
عەرەب با فێری کوردی بێ بە هەولێر — عەرەب لێی فێر دەبێ چی کوردی ناوە
زمانی یەکتری چاکە بزانن — دیاری وابوو بیتان تەواوە
هیوام وایە کە مامۆستای هەموو لا — ئەوانیش دەرس دەڵێن وابێنێنە ناوە

سه‌شه‌مه ١٠ شباط ١٩٥٣ — ژماره:

# هه‌ولێر

خاوه‌نی : كۆمه‌ڵه‌ی مامۆستایانی لیوای هه‌ولێر

مدیري مسؤول : جمیل رشید

ده‌سته‌ی نووسه‌ران: حسین الرشواني، عزالدین فیضي، ئه‌سنیر سعید

رۆژنامه‌یه‌كی زانستی و بژیشی هه‌فته‌یییه

اعلانات گری به ٢٥٠ فلسه

مدیري ادارة: جمال جبل



ماموستا عیزەددین فەیزی



دکتۆر شۆ

شیرین ئەی کۆمەڵی دانا و زانا ... گەوا خزمەت گوزار ڕێیان بەلاوە

بە چەشنی فەرزەنە گەرچی زیادڵ فەرزە ... ئەوی خزمەت نەکا کەی ناو براوە ؟

وەکو فەرموویە پێغەمبەر وەهایە ... کەسێ خزمەت بکات خزمەت کراوە

بە عاریف ئێوە دەزانن نەزانین ... لە شارەدێ بەدەرکەن هەرچی ماوە

بە چەشنی توولی بەرلێی بەرشتی دەن ... هەتابیری واتوو زانین بێتە ناوە

لەوە لاتریچی باگۆڕی گوم بێ ... بە زانین سەیری چۆن ئابڕوی براوە !

نەبەسراوەتە قاچی عیلم عیرفان ... کەسێ تێکۆشێ کەی بۆ پێش کراوە ؟

ئەگەر سەعی و خەباتی تۆ نەکا گەل ... مرادی بێمرادە و بەشی خوراوە !

دیارە کۆمەڵی هۆزی پیر و پووچ ... هەمیشە کاروباری ناتەواوە

نەزانین داسەری تیاچوو دیارە ... لە سەرتاپێی لە لیتە و قوڕچەقاوە

منیش با [شوکری] یەزدان کەم کە بڵێنیم

کوڕ و کچ تۆ قوتابخانە براوە

# بابەتەکانی ژمارە دوو


| | | |
|---|---|---|
| بروسکەی پیرۆزبایی بۆ ڕێزدار مەسعود بارزانی | ...ئەنجومەنی سەندیکا | (٢) |
| بروسکەی پیرۆزبایی بۆ سەندیکا | ..مەسعود بارزانی | .. (٣) |
| وەڵام بۆ بەڕێز کاك مەسعود بارزانی .. ... | ئەنجومەنی سەندیکا | .. (٤) |
| یۆبیلی زێڕینی گۆڤاری نزار ... | .د. جەمشید حەیدەری | .. (٥) |
| چاوگێڕانێك بە مێژووی رۆژنامەگەریی | .. جلال دەباغ. | (٥٨) |
| ڕۆژنامەنووسیی منداڵان لە کوردستان | . حەمە ساڵح فەرهادی | ..(٧٠) |
| شێوازەکانی سیستەمی رادیۆیی | . کامەران محەمەد عومەر... | (٧٥) |
| ڕەتدانەوەی ڕۆژنامەوانی | .. سۆران عیزەددین فەیزی.. | (٨٤) |
| لەبارەی گۆڤاری (هەنگ)ی منداڵانەوە | ..رۆستەم باجەلان... | .. (١٠١) |
| ڕۆڵی کۆمپیوتەر و تۆڕی ئەنتەرنێت | لوقمان قادر رواندزی | . (١٢١) |
| دادگایی کردنی خەبات | عەبدوڵڵا زەنگەنە | .(١٢٩) |
| ڕۆژنامەگەریی ئاشووری | . سۆزان خۆشابا.. | (١٦٦) |
| ئێمەو ڕۆژی ڕۆژنامەنووسیی جیهانی | .. زیرەك کەمال | . (١٧٥) |
| هەگبەی دەنگوباس و چالاکییەکان | .. .ڕۆژنامەڤانی | ...(١٧٨) |
| لە ئەرشیفی مامۆستا عیزەددین فەیزی یەوە | .... | (١٨٦) |


نووسەر لە ناوەڕۆکی نووسینەکەی خۆی بەرپرسە !

# بەپەلە لە بارەی کۆمەڵگەی شارستانی یەوە..!



مومتاز حەیدەری

لەم چەند ساڵانەی دواییدا، بەتایبەتی لەگەڵ تەواو بوونی سەدەی بیست، سەدەی یاخی بوونی چەوساوان و راپەڕینی گەلانی ژێر دەستەو، شۆرشی تەکنەلۆژیا، مەسەلەی مافی مرۆڤ و دروست کردنی کۆمەڵگەی شارستانی، بەشێوەیەکی بەر فراوان و بەرچاو باس دەکرێ، بەتایبەتیش زیاتر لەگەڵ پەیڕەوکردنی سیستەمی نوێی ئابووری و سیاسی جیهانی(العولمە)، کەلەم ڕووەوە لە وڵات و کۆمەڵگە دواکەوتوو و بێ قەوارەکان زیاتر دەورژێندرێ، کەچی مەسەلەکە لە گەوهەردا، پرۆسەیەکی کۆمەڵایەتی مێژوویی درێژخایەنی هەمە لایەنی زێدە ئاڵۆزە..! لەگەڵ ئەو راستییانەشدا، کراوەتە کارتێکی سیاسی و پروپاگەندەی راگەیاندن..!.

ـ هەر چەند راگەیاندن، راگەیاندنی ئازاد، بە هەموو کەناڵەکانیەوە دەورێکی گرنگ لە گەڵاڵە کردنیدا دەگێڕێ بەڵام کردەوەکان تارادەیەک لەگەل قسەکان یەکتر ناگرنەوە. لە وڵاتی ئێمەدا(ئەو بەشەی ئازادە) ئەوەی هەستی پێ دەکرێ، هەندێ دام و دەزگای رەسمی و راگەیاندن، وای بۆ دەچن، کە مەسەلەکە ـ زۆر ئاسانە ـ تەنیا بە قسە لێکردن و چەند دیمانەیەکی رۆژنامەنووسی و تەلەفزیۆنی، یان وتاری هەندێ بەرپرسی سیاسی و رەسمی لە چوار چێوەی چەند وشەو دەستەواژەیەکی جوان و بریقەداردا کارەکە جێبەجێ دەکرێ.

بەر لە هەموو شتێکیش، لە کۆمەلگایەکی دواکەوتووی نەخوێندەواری چەوسێنراوی فرە عەشیرەت و تیرە و بنەماڵە و هەندێ رەوشی سەختگیری ئایینی وەکو کۆمەلگای کوردەواری کە سەدان ساڵە کوردستانی نیشتمانی داگیرکراوە، وێڕای نزمیی ئاستی رۆشنبیریی گشتی، مەسەلەکە ئەوەندە سووک و ئاسان نییە، بەڵکو تارادەیەکی زۆر بەندە بە گەشەکردنی ئەقڵی شارستانی، واتە ئەقڵی مرۆڤپەروەرانە، ئەقڵی دیموکراتخوازانە، ئەقڵی زمانی شیرین و وتوویژی دوور لە توندوتیژی و شەڕو کوشتار، دیارە ئەو جۆرە(ئەقڵانە)ش گەلێک فاکتەری هەمە جۆری سەرەکی و ناسەرەکی کۆمەڵایەتی و، مێژوویی و رۆشنبیری لە ڕەوتێکی پرکێشەو ناکۆکیدا، دروستی دەکەن.

راستە ئەمڕۆکە بە گشتی تا رادەیەک لە کۆمەڵی کوردەواریدا، بەتایبەتی لەو بەشەی ئازادی سیاسیی گشتی لە ئەنجامی راپەڕین وەدەستی هێناوە، کە چەندان دەسکەوتی گەورەی هەمە جۆری وەدی هێناوە، واتە رێگا خۆشکەرن، بۆ ئەوەی بنەمای کۆمەڵگەی مەدەنی دروست بێ. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا رێگاکە دژوارەو، هێشتا زۆری ماوە..!؟.

زێدە بە کورتی، کەی میللەت توانی، بەتایبەتی لە رێگای رێکخراوە پیشەیی و رۆشنبیری و کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانەوە، هەروەها لە رێگای ئازادیی هەڵبژاردن و راگەیاندنی ئازاد لە دروست کردنی بڕیاری سیاسیدا هاوبەش بوون.

واتە ئەمانە هەموویان، دەبنە سانسۆر بەسەر دەستەڵاتی سیاسی یەوە. بە کورتی کەی هەر سی( ٣٠ ) بەندەکەی جاڕی گەردوونی مافی مرۆڤ بووە دەستورێکی رۆژانەی ویژدانی دەستەڵاتی سیاسی و کۆمەڵایەتی، یان بە واتایەکی وردتر، پرۆژەیەکی رۆژانەی رەوشت و رۆشنبیری سەر تاسەریی کۆمەڵ، ئەوسا دەکرێ بڵێین:

بژی کۆمەڵگەی مەدەنی
ئەگەر نا دەهۆڵ کوتانێکی دوورە دەنگە..!؟!

# Journalism

*Aperiodical magazine specialized in press.*
*Issued by Kurdistan Journalists Union.*


Owner & Founder
**FARHAD AWNI**

Editor-in-Chief
**MUMTAZ HAIDARI**











The First Issue. August,2000, No.:2 Year:1

Hawler - Kurdistan